
ڕامان
١٠٣


A Monthly General Cultural Magazine
Issued by Raman Information directorate
December.2005

- خاوەنی ئیمتیاز

**شەوکەت شێخ یەزدین**

- سەرنووسەر

**ئازاد عەبدولواحید**

- بەڕێوەبەری هونەری


**سەرکەوت وەلی**

- مۆتیڤ و پۆرتریت

**قەرەنی جەمیل**

- لۆگۆ و بەرگ

**ئاسۆ مامزادە**

# ١٠٣

## مانگانەیەکی ڕۆشنبیریی گشتییە


بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیریی ڕامان دەری دەکات

**خولی سێیەم/ ساڵی دەیەم/ کانوونی یەکەم ٢٠٠٥**


---


**ناونیشان/ هەولێر ـ تەنیشت سینەما سەلاحەدین**
**ئەدرێسی ئەلیکترۆنی /** www.raman-media.net
**فاکس /** 00448701358681
**تەلەفۆن / ٢٢٣٠٥٨٢**
**تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر / ٤٤٩٤٦٦٢ ـ ٢٢٢٨٥٠٦**



**چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە/ هەولێر**
**نرخ ٧٥٠ دینار**

# ناوەڕۆکی

● **سەروتار**

– دەزگایەکی کارا بۆ دابەشکردنی چاپەمەنی... سەرنووسەر 3


● **دەق**

– ئەوان کە گێڕایانەوە گریان.. کەریم دەشتی 4
– زمان و دڵی مانگ.. سەباح ڕەنجدەر 6
– باڵە درەوشاوەکان.. هەندرێن 8
– ئوغەرەکا گرێکەدار ل بەر بەزا.. ئاشتی گەرماڤی 11
– مەملەکەتی سێبەر.. لە ئەڵمانییەوە: د. سەروەر عەبدوڵڵا 12
– نەنە تووبا.. ژوان ئاوارە 15
– پایزە عەشقێکی.... هیدایەت جان 18
– سێ ژەم خۆر.. بەکر دەروێش 20
– بەردەنووس.. حوسێن شێربەگی 22
– تاریکخانە.. لە فارسییەوە: کەریم سۆفی 28
– خوڕەی ئاو.. تەها ئەحمەد ڕەسووڵ 33


● **هەڤپەیڤین**

– هەڤپەیڤینێکی فراوان لەگەڵ (دڵشاد عەبدوڵڵا)ی شاعیر.. ئا: ئازاد عەبدولواحید 37
– دیانەیەک لەگەڵ هەڵگری خەڵاتی نۆبڵی ئەمساڵ (هارۆڵد پینتەر).. لە ئینگلیزییەوە: د. فازیل جاف 48


● **لێکۆڵینەوە و ڕەخنە**

– قوتابخانەی زمانناسی بونیادگەری ئەمریکی.. سەلام ناوخۆش 57
– سەنتوورەکەم بدرێت بە سەرۆک.. هاشم سەڕاج 66
– سەلمان شوشی شاعیرێکی میللی ناودار.. د. شوکریە ڕەسووڵ 73
– ژن و ئەدەبی چیرۆک.. لە فارسییەوە: ئارەزوو مەحموودی 82


● **تیۆری ئەدەبی**

– بەرکولێک بۆ تۆژینەوەی تیۆریی ئەدەبی.. لە ئینگلیزییەوە: عەبدولخالق یەعقووبی 88


● **وتار**

– توخیب تا چەندەکێ پێتر دەرباس نابیت.. سەبیح محەمەد حەسەن 96
– لە مۆدێرنیتەوە بۆ پۆست مۆدێرنیزم.. لە فارسییەوە: ئیسماعیل ئیسماعیل زادە 99
– ڕۆمانی نوێ لە فەرەنسا.. لە عەرەبییەوە: تاهیر عوسمان 104


● **هزر و فەلسەفە**

– فەلسەفە لە چوارچێوەی ڕێبازی ڕۆمانتیکدا.. د. حەمید عەزیز 110
– بەربەرییەتی نادیار و کاراکتەری فەناکراو.. دیار عەزیز شەریف 120
– ڕاڤەی ئەدلەر بۆ سەرکەوتن و هەستی خۆ بە کەم زانین.. لە عەرەبییەوە: شوکور سلێمان 125
– تیۆرەکانی کردەی کۆمەڵایەتی.. لە عەرەبییەوە: ڕێبین ڕەسووڵ ئیسماعیل 134


● **مێژوو - کەلەپوور**

– هۆزەکانی ناوەندی ئێران.. عەباس سلێمان سمایل 144
– پەندی پێشینانمان قۆناغی هەرزەکاری شی دەکەنەوە.. زەیتۆ شێخانی 152


● **زمانزانی**

– دەروازەکانی زمان.. لە ئینگلیزییەوە: ئازاد خدر 156
– سەرووی واتا: بلانشۆ.. لە فارسییەوە: سیروان زەندی 161


● **هونەر**

– نیگارکێشان بە ڕەنگی مۆمی.. وەهبی ڕەسووڵ 164
– خودادادە عەلی.. باکووری 169
– بینینی هاوبەش لە گواستنەوەی شانۆییدا.. موحسین محەمەد 171
– سینەمای ئێران، ئەزموونێکی دەوڵەمەند.. عیرفان ئەحمەد محەمەد 181


● **خوێندنەوەی کتێب**

– داستانی سەفەر.. لێدوانی: زانا خەلیل 192
– چاوگێڕانێکی تر بە مێژووی کورددا.. لێدوانی: جەبار سابیر 196
– فەلسەفەی کیشوەری یان ئەورووپی لە سەدەی بیستەمدا.. و/ لێدوان: جەمال پیرە 201
– ئەلفبێیەکی موزیک.. لێدوانی: زۆزگ قەرەداغی 205


● **نامە - یادکردنەوە**

– لە چلەی کۆچی هونەرمەند (ئازاد شەوقی)دا.. ئەحمەد دڵزار 206


● **ئێستێک**

– ئەدەب و فرە مانایی.. نەجات حەمید ئەحمەد 208

**سەروتار**

**لە پەراوێزی کولتوورەوە**

# دەزگایەکی کارا بۆ دابەشکردنی چاپەمەنی

**سەرنووسەر**

* ئەمڕۆ لە کوردستاندا چەندین داوودەزگای چاپ و بەرهەمهێنانی کتێب هەن، کەچی خانەیەک، بەڕێوەبەراتییەک، دەزگایەک نییە شانبەشانی ئەو دەزگایانە کتێب و چاپەمەنییەکان لە سەرانسەری کوردستانی خۆمان و پارچەکانی دیکە بە ڕێکوپێکی بڵاوبکاتەوە و ئالیەتێکی چالاکی هەبێ تا گەرماوگەرم بە هەموو لایەکدا دابەشیان بکات، هەر لەبەر بوونی ئەو بۆشاییە کتێبخانە ئەهلییەکان ئەم ئەرکەیان لە ئەستۆ گرتووە و ئەوانیش بەپێی میزاج و بەرژەوەندیی خۆیان کارەکە هەڵدەسوڕێنن کە قەتیش بە چاکی پێیان هەڵنەسوڕاوە.

* گومان لەوەدا نییە بازاڕی ساغکردنەوەی کتێب و گەیاندنی بە دەستی خوێنەرەکانی کارێکی تەواوکەری چاپ و بەرهەمهێنانی کتێبە، ئەگەر ئەو بازاڕە شپرزەو بێ سەروبەر بوو، ئەوە پەیامی چاپکردنی کتێب و گەیاندنی بە دەستی خوێنەرەکانی ناگات، بۆیە دۆزینەوەی ئەو بازاڕە و گەیاندنی بەرهەمی نووسەران بە هەموو سووچ و قوژبنێکی ئەو وڵاتەدا لە ڕێگەی دروستکردنی دەزگایەکی ئەکتیڤی **(دابەشکردن و بڵاوکردنەوە)**وە کارێکی زۆر گرنگ و پێویستە، تا بتوانرێ کەسانی شارەزا و دڵسۆزیان بۆ دابنرێ کە لە خەمی کارەکەیاندابن و قازانج ئامانجی سەرەکییان نەبێ، چونکە ئەو بوارە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە دوو توێژی گرنگەوە هەیە کە (نووسەران) و (خوێنەران)ن.

* زۆرجار نووسەر ئەوەندەی بە دانانی کتێبێکەوە ماندوو دەبێ و چاپی دەکات، نیو ئەوەندە بە بڵاوکردنەوە و دابەشکردنی کتێبەکەیەوە ماندوو نابێ، کە چۆن بیگەیەنێتە دەستی خوێنەرانەوە، یان کاتێ موغامەرەی چاپی کتێبێکی خۆی لە ئەستۆ دەگرێ نازانێ چۆن داهاتەکەی کۆبکاتەوە، بۆیە ڕیشی خۆی دەداتە دەستی کەسانێکی چاوچنۆک کە بێجگە لە دەسکەوتی خۆیان شتێکی دیکەیان لەبەرچاو نییە و دانەری کتێبیش مەسرەفەکەی دەبێتە ئاردی ناو دڕکان.

* ئەوانە کە بە ڕێکەوت کەوتوونەتە ناو ئەو بازاڕەوە تا ئێستا هیچ یاسایەک، ڕێنماییەک نییە کارەکەیانی ڕێکخستبێ، بۆیە کاتێ سەرپێچی دەکەن و لە ئەرکەکەیان لادەدەن، یان کە دەکەونە چەوسانەوەی نووسەرێک و مافەکانی دەخۆن زۆر بێباکن، چونکە دڵنیان لەوەی نووسەر دەستوپێ سپییە، لە کاتێکدا ئەوانە پێوەندییەکەیان بەکتێب و دنیای ڕۆشنبیرییەوە تەنیا گیرفان و قازانجی خۆیانە، ئینجا بە هەر شێوە و نرخێک بێ، دیارە لەناو ئەو بازاڕەشدا کەسانی شایان بەو کارە و بەڕێزیشی تێدایە.

* ئەو تاقمە کە لەسەر حیسابی شەونخوونی و ڕەنج و تەقالای نووسەری کورد دەوڵەمەند دەبن و نووسەریش لەنێوان بەرداشی میزاجی دەزگاکانی چاپکردن و مافیاکانی کتێبفرۆشی ناوێرێ موغامەرەی چاپی کتێبەکەی لە ئەستۆ بگرێ. واتە لەو کاتەدا کە پێویستە ئەو نووسەرە بەری ڕەنجی خۆی بدورێتەوە، کەچی کەسانی دیکە بەروبوومی ئەو ماندووبوونەی هەڵدەلووشن و مافی دانەر دەخرێتە ژێر لێوەوە و کتێبەکەشی بە تەواوی ناگاتە دەستی خوێنەرانەوە.

* بەشێکی زۆری ئەو خاوەن کتێبخانانە خۆیان بە خاوەنی ئەو کتێبانە دەزانن کە دابەشی دەکەن، یان دەیانفرۆشن، چۆنیان ویست ئاوای دەفرۆشن و خۆشیان نرخی لەسەر دادەنێن تا زۆرترین دانەی لێ بفرۆشن، چونکە نیازیان نییە داهاتی فرۆشتنی کتێبەکە بۆ نووسەرەکەی بگێڕنەوە، ئێستا کتێب فرۆشەکان خۆشیان دەوری دەزگای چاپەمەنی دەبینن و بازاڕەکەیان هەڵسەنگاندووە کە چ کتێبێ ڕەواجی هەیە بۆیە کەوتوونەتە سەرلەنوێ چاپکردنەوەی ئەو کتێبانەی فرۆتەنییان زۆرە و دەسکەوت و داهاتی مسۆگەریان بەدواوەیە.

* ئەم پەت پەتێن و یاری پشیلە و مشکەی ئەوانە بە نووسەر و خوێنەری کوردی دەکەن، سا نووسەرەکە دەزگایەک کتێبەکەی بۆ لە چاپ دابێ، یان لەسەر گیرفانی خۆی چاپی کردبێ، ئەگەرچی بیری لە قازانج و داهاتی کتێبەکەشی نەکردبێتەوە، بەڵام زۆر مەبەستیەتی بگاتە دەستی خوێنەرانەوە، کەچی بە باشی دابەش ناکرێ و بازاڕی کتێبەکەشی لێ دەمرێنن، خۆ ئەگەر ئەوانە پێوەندییەکیان بە دەزگایەکانی چاپەمەنیشەوە بمێنێ هۆیەکەی ئەوەیە نایانەوێ قازانجی کتێبەکانی داهاتووی دەزگاکەیان لە کیس بچێ، بۆیە لەگەڵیان نایگەیەننە مریشکەڕەشە.

* لێرەوە دەڵێم وەزارەتی ڕۆشنبیری لە هەر داوودەزگایەکی دی لە پێشترە تا خوێنەر و نووسەری کورد لە چنگی ئەو بارە ناهەموارە ڕزگار بکا. هەر ئەویش دەتوانێ **[خانەی نیشتمانیی بۆ دابەشکردن و بڵاوکردنەوە]** دابمەزرێنێ تا بەشێوەیەکی ڕاست و دروست و لە بەرژەوەندیی خوێنەر و نووسەرانی کورد بیخاتە کار و ببێتە بەدیلێکی باشی دابەشکردن و گەیاندنی کتێب و چاپەمەنی بە شوێنە دوورە دەستەکان و دەستی خوێنەری خۆی و لە کاتی پێویستدا لێپێچانەوەیان لەگەڵدا بکا، بە تایبەتی ساڵانە لە کاتی نوێکردنەوەی مۆڵەتی کتێبخانەکان ئەو جۆرە کەسانە لە دنیای پاک و بێگەردی چاپەمەنی فرۆشتن و نووسەران دوور بخاتەوە.



# ئەوان کە گێڕایانەوە گریان

کەریم دەشتی

مەریەم هەمیشە و بێ وچان ئەڤینی کەنارە دوورەکان
شێتی دەکا
خۆی لە نووری لیم وەردەدا
جاروبار یاری بە کەزییەکانی دەکا
پەنجە لەسەر گۆی مەمکەکانی دادەنێ
شیری حەسرەت بەبا دەکا
گەڵا دڵی خۆی دەداتێ و رووبار شەپۆلی لە مل دەکا
مەریەم کە ئەڤین دایدەگرێ... چاوی پڕ دەبێ لە ساماڵ
نە مەجدەل دەناسێتەوە و نە ئاورِی لێ دەداتەوە
مەریەم لە گێڕانەوە ڕاستی نەدرکاند
هەمووی لە سەرسامی کوشتێن
پەرِشی ناو دۆڵ و ڕێگا خەوناوییەکانی کردین
کەسمان کەسی نەدەناسییەوە..
باش بێرەحمانە گوزەری کرد
ئەوەی بینیبووی بە زمان نەدەگوترا
بە قەڵەم نەدەنووسرا
بەچاو نەدەبینرا
کە ئەوان هاتن
زانیم مەریەم و جوانییەکانی... لە دوور دوورەوە دێن
باڵیان شلە
چاویان کولە
کرێوە دیلی کردبوون
زۆرانیش وەسیەتەکانی خۆیان دابووە مەریەم
مەریەمیش بێ پەروا وەک بخوور دایگیرساندبوون
باش بێرەحمانە گوزەری کرد هیچی بۆ نەگێڕاینەوە...

هاوارمان کرد ئەی مەریەم... مەریەم
شەومان بە سەردا هات....
ساتێ بۆ شەو زۆرە لە خۆیمان بشارێتەوە..
زەمانێک بۆ ڕۆژ کەمە ئاشکرامان بکات
ئەوسا بەیەکەوە لە میانی گەلا وەریوەکانی مەجدەل
خۆمان بە درەختەکانەوە هەڵدەواسی
تا سەیری ئەو دڵۆپە ئاوانە بکەین
کە هەمیشە وەک خوداپەرستێ هەڵدەڕژێنە سەر
تاوێرەکانەوە
تا سەیری ئەو لێوارانە بکەین
کە هەمیشە و بێ وچان ئاو هەڵیاندەگرێ
بەناو دونیایان دەسووڕێنێتەوە
ئێمە پێویستمان بە وچانێ هەیە مەریەم وچان
وچانێ کورت بەیەکەوە ڕازێ بدرکێنین
پێویستیمان بەسەدەیێ هەیە مەریەم سەدەیێ
بەیەکەوە پرتەقاڵێ سپی بکەین
دیشلەمەیێ بخۆینەوە
بەلام ڕەشایی شەو هەمیشە دەمانشارێتەوە و
ڕوناهی ڕۆژیش هەمیشە ئاشکرامان دەکات
پێویستیمان بە چەپکێ بای خێرا هەیە مەریەم با
هەڵمانگرێ
وەک لیماوی کەنار بەناو باخەکانی دنیا
بمانسووڕێنێتەوە
پێویستیمان بە کتێبێ هەیە مەریەم بیکەینەوە
لەناو دێڕەکانیا ون بین
ون بوون هەمیشە ون بوون لە تەمی کتێب
ون بوون هەمیشە ون بوون لە باوەشی بادا
ون بوون هەمیشە ون بوون لە ساتێ ڕاماندا
ون بوون هەمیشە ون بوون لە شەوقێکی نووردا
ون بوون هەمیشە ون بوون لە ناو قاقاێکی دووردا
مەریەم ئەودەم بەسەر کەشتییەکەی ڕامبۆدا
سەرخۆش بە گوڵە پوونگ و دڵنیا بە ڕەونەقی ئەشق
ئێوارەی ناو باخە خەمگینەکانی مەجدەلییەی تەی کرد

شوێن پێکانی نووریان لێ هەڵدەستا
ئەوە مەریەم نەبوو، کزەباێکی بۆنخۆش بوو لە
بەهەشتەوە دەهات
قومە ئاوێکی جاویدانی بوو لە ڕووباری گنسارت
گوێی لەو دەنگانە ڕادەگرت کەس نەیدەزانی لە کوێوە
دەهات...
قسەی بۆ ئەو تاوێرانە دەکرد
کەس نەیدەزانی بە چ چپەیەکەوە دەدوێن
گۆرانی بۆ سوارێ دەچڕی لەناو بەڕپای پڕ تەمتومان
کەس نەیدەزانی لە کام لا دێ هەڵیدەگرێ و دەیباتەوە
کەی بە تەکیا ڕادەبوورێ و کلیلی زمانی لە دەم دەنێ
ئەشقیش وەک ڕووبارە تیژەکانی حەبەشە
بەناو پەراسووەکانی هەڵدەڕژا
هەنار ئاسا شەقی دەبرد بەسەر ڕوخساریا دەپژا..
خۆی و تاقە چراێک دەچووە سەر بەردێکی دێ
چاوەڕوانی سوارە ئەفسووناویەکەی خۆی دەکرد
لە بەرزاییەکانی تەبەرییە و کۆلانە تەسکەکانی سەراییل
کە ئێستا نا ئێستاکە دێ
هەڵیدەگرێ و دەیهاوێتە سەر پشتی زین
دوور دوور... دوورتر لە بۆراقی دەبات
بەیانیان خۆی و باقەیێ گوڵەگەنم
دەچووە سەر تاقە گردی دێ
چاوەڕوانی میوانێکی دەکرد.. میوانێ لە کەس ناچێ
کە لەگەڵ تیشکی نیوەڕۆی کەمڕەنگی زەیتوونستان
بگاتە جێ...
باقە گوڵەگەنمەکەی پێ بدا و بکەونە ڕێ
زاکیرەی پڕ بێ لە مەستی
هەر مەل بوون تاڵە تیشکی ناو چاوی مەریەمیان دەبرد
دەیانبەشییەوە درەختان
مەریەمیش وەک هەمیشە
تیشکی مانگی لە شەپۆلان دەردەهێناو
نووری خودای دەبەشییەوە



# زمان و دڵی مانگ

سەباح ڕەنجدەر

بۆ هاوڕێی شاعیرم ئاراس عەزیز عەبدوڵڵا

پێویستییەکانی ڕۆژ هەمووی جوانین
کاتژمێری قورمیشدار
ئامادەت دەکات بۆ بێدارکردنەوەی پەردە
تیشک بەشی خۆی دەداتێ
نەیی قۆریە کە بەناو دڵی هەڵوەدا ڕەتدەبێ
باوەشی ماڵ پڕ دەکات لە شیرینی
کرۆسک و ددانی شیری تێیدا گەشە دەکەن
داوەڵی بێستان
پشووی بێستانەوانە
مەیموون و کەروێشک
خەیاڵیان دەمرێ و بارکەوتوو دەبن
نامەی جەنگاوەرێک
لەناو دەست و پەنجەی پۆستەچی شار
بانگی کەڵەبابە
ئەستێرەی تاریک و ڕوونی بزرکردووە
ئەشقی نەزاو
گیان و لێکدانەوە دەداتە گرشە گرشی ئەستێرە
پێچکەی گالیسکە
لەناو فریز پەڵەکانی جەستەی
بەخوناوی شادومانی لادەدا
سەرنشینەکانی نقێمی ئەنگوستیلەیان
چاون لەکاتی ڕوانیندا
پەرژینی دارین
لەناویدا گوڵە جۆ و گەنم

لەناوچەوانی کارو بەرخ شەپۆل دەدا
ناز و فیزی شێر
کە تەرمی نێچیر لەناو دەستەکانی دەشێلێ
تەنیا مرۆڤ پێویستی بە ئاسوودەیی ناو ئاوێنەیە
دەزانێ کە ناشیرین بوو
ئیدی تەواو
ژیانیش بەردەوام خوان پڕ خواردن دەکات
بوێری باڵندەش بەرز دەکاتەوە
ئەوانیش لە مەستی فڕینێکدا
ئاسمان خاڵی دەکەن لە برووسک و پاشماوەی
نەرم نەرم لە ئاسۆی پڕی سپێدە دێنە خوارێ
بەسەر کۆچانی پیرەکان دەنیشنەوە
پیرەکانیش ترپەی لێدانی دڵی خۆیان
گرێ دەدەن بە باڵیانەوە
باڵ ئەی پشت و پەناو تاقە کەسی من
ڕەوانبێژ و سەروا و کێشدارەکە
بەتکای گوڵەباخ لە دەست
خەریکە ڕووناکی لە چاوانم کۆنابێتەوە
ئەلف و بێی ژیانی خۆم دانا
ڕەشنووسی بەخت و ناوچەوانیشم دوور فڕێدا
ئەی دەریای نوستووی خەونی خۆ ئاشکرا کردوو
بەرپابووە زەبرو زەنگ و جەنگی جودایی
دەستە و دامەن و فریا
جامی ئەفسووناوی گیانم پڕکە لە ئەڤینی خودایی
مانگی لەدەست مەرگ هەڵاتوو
شانمی بە قەڵا و مۆزەخانە هاتە بەرهەستەکان
زمان و دڵی لەسەر پەروەردە بکا
تریفەیەک لەناو جامی ئەفسووناوی خوا
برژانگی چاوە گەورەکانی کردنەوە
بە وریاییەوە دوا
دوای چەند چرکەیەکی خوماری
گەشت و گوزار و غەزەلی ئەسپ
لەسەر زەوی دەگۆڕێن

هەندێک زمان و دڵ پەیدا دەبن
سێبەریان ڕوونە
ئەرێ ڕوونی زەبرو زەنگەکانی داهاتوو
لەپێناو چیدا دەبن بە جەنگ
کوکوختی ماڵی
لە وشەی هەڵکەندراوی ناوچەوانی
خانووی باپیران دێنە دەرێ
لەناو فەخفووری ماستی منداڵەکانمان
لە هەوای بێباکی نقووم دەبن
دەست بەسەری بەرزاییەکان
دادەهێنن و گەرمایی دەبەخشنەوە
بە ئەشق و پێوەندییە هەستییەکان
پاشان لەسەر ئاڵای داگیراو پاشەڕۆ دەرێژن

تشرینی دووەمی ٢٠٠٥ هەولێر



# باڵە درەوشاوەکان

هەندرێن
(سوێد)

١

بە ڕامان، لە دەنگ و جەنگەکان.
زایەڵەی کێوەکان دەجمێن.
ئەوەتا بە ویستی نامۆیی باڵ دەگرم و
بۆشاییم تەنییەوە و
بە پیتی ئەزموونێک لە خوڕە،
لە چاوی ئاسۆیەک تاراوگەی نەبینراو دەنووسێتەوە.

٢

کۆچ بە ئاماژە شەبەنگییەکانی،
ڕێچکەیەک لە بناری «کارۆخ» و
تیرێژێک لە داستانی «قەوزەی ناو کانییەکەی مەلەکان»،
لە ماڵی یادەوەری دەڕوانێ.
لێرەرا، ڕۆشناییەک لە ڕوانگەو
هزرێکی تێنووش، لە گوتندا هانکە هانک ڕادەپسکێ.
بۆ زەردەواڵەکان دەروازەکەت واڵا بکە.
ئەی ئایندە!

٣

بە نهێنی شەو کۆچ و
ئەستێرەی ڕاماوی سەر لووتکە،
شەو بایەک لەوێوە بۆنی چیا هەڵدەگرێ،
تەنیایی ئێوارەی یەکشەممە و بۆشایی باغچەکەم
بە ئاوڕشێنێک دادەگرێ.
ئاوڕێک، بۆ دەستنووسی سەر هەنییەت دەڕوانێ:

ژیاننامەیەک لە باڵی بێماڵی،
تاراوگەش تاقیکردنەوەی نادیار.

٤

لە ئاوەڵا بوون، لە هەنگاو،
لە گەڕانەوە و لە دۆشداماندا
کردەی هەڵکاڵینێکە:
دەنگدانەوەی وشە.

٥

بەدەم گەڕیدەی بۆشایی،
بەنێو چۆڕانەوەی چۆڵایی،
لەبەر چاوان و بەدەست ئاوابوونی ئاگایی،
بە جێنشین بوونت لە فەرامۆشی،
سێبەرێک شەق دەکەی.
لە جێگۆڕکێی کات و لە شوێنە کاڵبۆوەکاندا،
باڵەفڕە و ڕەوکردنێکە:
سوورگەی باڵە سرتە هەڵگرتووەکانی،
شەبەنگی زمانی من.

٦

لە گەڕاندایە مانایەک؛
لە مانا و لە یادتدایە کۆچەکەت.
باڵێک لە ڕابردوو و
ڕۆچوونێک لە دڵی داهاتوو:
جووتە باڵێکە هەبوونی پەیڤی من، ئاسۆکەم.

٧

ئازارێک لە چریکەی جەستەوە
نمایشێک لە یادی شەڕەکان،
لێرەوە بۆ ئەوێ،
لە خەودا ڕادەبێ:
نە لێرە و نە لەوێی.
لە نێوان دوو ماوە؛ دوو وڵاتی نامۆدا،
خەونێکە پەرت و بڵاو دەجمێ، دەپەیڤێ:
ئەم منە!

٨

ڕاسانێک، کۆڕەوێک، لە دەنگی خێڵێکدا ئاوارە دەبێ و
چڕنووکێک لە ناوەکیدا بیرهاتنەوەکان دەئەنجنێ.
مانایەک لە زاردا هەڵدەگەڕێتەوە و
نەوەیەک لە زمان غەوارە دەبێ،
شوێن پێیەک لە شۆڕش، لە یەکاتییەکی ڕماودا،
هەڕاجی ڕادەگەیەنێ.
مێژوویەک بە دەست دێوجامەی سەروەری بێسەردا،
ئیرادەی زڕاوە.

٩

لەمدیو تەنوورەی سوورتەوە،
سەمای ختۆکە و شەبەنگی هەوەسە،
شەپۆلی مەمکی تۆ.
دەنگیشت جۆلانەی بارانە و
لە خاوی بوون دەچێ،
خورپەی شیلەی تۆ.
بە ژنێتیت تەڕ بوونی دەنوێنێ،
ئێوارە.
کێشوەری مەیل دەچڕێ،
ئاهەنگی باڵندەی ڕژانت.
جەستەیەک لە یەکەی لەشێکدا دەپشکوێ و
بەدەم ئاوازی ڕاماندا،
دوو ڕووبار نقومی یەک دەبن.
لە چاو، لە دەم و بۆنی ڕۆحەوە،
هاڵاوی توانەوەین،
ئاوازێک دەلاوێنینەوە. بارانێک دەنووسینەوە.

١٠

بەسەر شەپۆلی شوێنەوە،
لە جەنگی کەڵکەڵەی کاتێکی بێخاڵدا.
بە بینایەک لە فەرامۆشی زەریا،
جەستەی بە خەون گەمارۆدراوم
ڕووت دەکاتەوە؛ بێدارم دەکاتەوە:
ئەم کێژە.

١١

تەقینەوەیەک لە گومان
فڕینێک بە باڵەکانی بێدەنگی،
هێوارانە زەمانم پڕ دەکا لە جووڵە.
شەبەنگێک لە بزەی هەقیقەتە،
ئەم خودە.

١٢

تاراوگەش تۆڕێکە لە سرتەی دیاردەی من دەفراژێ،
تەکانێک لە قوڕگی عەدەمدا ڕوانگەکەت تەی دەکا.
وەک جەنگێک پانتایی هەقیقەت دادەگری،
پەرتەوازەیەک لە ڕوخسارتدا دەتکێ و
لە هەڵکاڵینەوەتدا دابڕانێک لە ماک ڕادەگەیەنی.
لە پیت و لە سەرەوای گوتندا تێهەڵدەچیتەوە؛
دەلەرێتەوە،
سوورگومی خەونە،
ئەم گێڕانەوەی من.

١٣

لەنێوان سێبەر و شەقی هەناردا،
بەدەم لەرزەوە شەبەنگی دەنوێنی.
پاییزیش لەمدیوی ئاگایی گەڵاوە دەڕژێتە ناو جەستەت.
لە خاوبوونەوەدا خەو دەیگرێ.
دەنگی تۆ.
لە ناو جۆلانەی گەرمیدا،
خپ دەبێ مەمکی تۆ.
دەنووشتێمەوە،
دەگەشێتەوە، گینگڵ دەدا نازی بۆن.
بە شلبوونەوەیەک لە دوای تامی هەنار
گوڵدانێک شیلەی لێدەڕژێ،
شکۆفەیەک لە ئاوی مۆردا خپ دەبێ،
هەنسکێک بۆنی لێدەشنێ و
گوڵەناریش بە چرپە ڕازی لێدەچۆڕێ.
سەر زەوی بە لەرزەی دەنگەوە لێوان لێو دەبێ،
سەر لەنوێ بە خۆمان دەگرێت:
عەدەمێک.

١٤

ئاراستەی جیاوازی وشەکان دەبینی؟
خواستنێک لە یەکایەتی گوتنگەل،
لە ناوەکیترا دەتخوازێت.
بە ئاوێنە نابێتەوە/ ناکاتەوە،
زمانی دەرەکیەت.
بیرڕۆیی تاو دەدا و
مەلەیەک لە فەرامۆشی ڕووگەی گەڕانتە.
کۆتاییەکی نییە:
ئاپۆرەی بێدەنگییەکەت.

١٥

لە دیمانەیەک نەکرا بڵێم:
هەروا پەیوەندی وشەکان لە گەمەی شوێن پێیە و
خێڵی دەق لای ئێمە بێ کایەن... هەروا...
مخابن... ببوورە، ئەی سەرۆک!
نابیسترێی؛ نابینرێی،
ئەی دەڤەری جڵەوکراو؛ دەمبەستکراو!
ئاخر چۆن ڕامانێک هەنگاومان پێبەخشێ؟
لە ژاندا، لە شەهوەتدا، لە شاگەشکە بووندا،
بیرهاتنەوەیەکین لە قەدەردا:
دەلەرینەوە؛ لە یاددا دەچینەوە.

١٦

شتەکان بە دوای ناو ورووژان،
مەیلاندن لە باڵەکاندا بە نەوا ئاوەڵا کرا.
ژوورەکەم پڕ بووە لە ترپەی «گفتوگۆ»ی مەحویەکی گەڕیدە و
پرسیاری خەڵوەتی دایگرتووم.
تاراوگەش لەبەر «جەست و جۆی» مانگەشەو،
بۆ چۆڵەکانی بەربەیان،
وەسوەسەی ماڵەوە دەگێڕێتەوە...

# ئوغەرەكا گرێكەدار ل بەر بەزا تەنگا تورێ

ئاشتی گەرماڤی
(دهۆک)



ژبای من گول بەزا روحا تەیە دگەل گومان و هێما
ئەشقێ یا وەندابووی
دویر ژ رەنگێ تە
دویر ژ دەنگێ تە
برینێن من گوهدرێژن هیربینەیێن دورهێلی نە
گول بو دبن خەم
گولێن پرسێ
گولێن ترسێ
ل سەر دووانگەها سرا ئەشقێ و سنجا شعرێ بۆ دبن
خەم
لێ دەمێ ژ ڤێ هەوارێ و مەودایا یادا تەیا نامۆی
لەشێ من و رۆندكێن چاڤێن تەیێن ئەمیبایی
دگەهنەئێک
رۆندکێن مە دبن دو پارچەیێن ئەڤیندار
ل ناڤ نوکەندێن دەریان بودبین خەون و خەم
ئەزێ دبینم تویا دهێی
بهار
بهار
فوهێ درێژییە ل سەر گولێن ڤیانێ
کولان
کولان
خوهێ درێژیە ل سەر مێرگێن ژیانێ و
چاڤێن گومانێ دڤەکرینە
ل ناڤ بەزا تەنگا تورێ
من دبینن
تەدبنین
مەهەمیا دبینن
ئەی کولانیا ماسوشی نێ– کولان دکوخن– تو یا ژمن دبۆری
ل بەر دەروازێن رۆژ و هەتاڤی نێ دەرزێن سنگێ تە چەند دزل هێزن
هەمی چامەنووس چامەیێن خۆ ب تە دبێژن
ل بەرگوهێن تە درێژ رێزن
سەحكێ...!
ئەڤە دەرزێن سەرێ تەنە یێ ل هەردوو هەرێما وێنە دکەم
سەحكێ...!
ئەزێ کۆمێن زەریا
ئەوێن لبن کەفشێن نەهنگا
کت
کت
جولەیێن ئاساوارێن ئەشقا من وتە
راستەرێ دکەم
ئەی جوانیا هەیڤێ و سحارێ
د هەبوونا تە دا
ئەڤە چەندین هێلکارییێن ب نڤێژن
ئەوێن دگەل چیرۆکێن مە ل سەرئێک کۆمبووین
یێ من ددەنەرێ
یێ تە ددەنەرێ
تۆ مینا نوڤارێ
ئەوا بلند تر ژ چیا دگەل هەبوونا تارییێ خویا دبی
وەرە دا ئەزو تو هیبینە یارییێن ئارامیێ
وەرە دا دەنگ و نە ئارامیا ئەوران بکەینە باران و
دگەل زارۆکیا خۆ ب ئەزمان بکەڤین.

٢٠٠٥/٣/١٠

# مەملەکەتی سێبەر

هانس ماگنۆس ئێنچێسبێرگر
لە ئەڵمانییەوە: د. سەروەر عەبدوڵڵا
(ئەڵمانیا)



### هەڵبژارکردن بۆ شاعیرێک
### Optionen Fur enen Dichter

بە هەندێ وشەی دیکە،
هەمان شت دەڵێی
هەمیشە
هەمان شت.
هەمیشە بە هەمان ئەم وشانە،
هەندێ شتی تەواو جیا دەڵێی
یان هەمان شتی تەواو جیا.
زۆر شت ناڵێیت
یان بە وشە نەگوتراوەکان
زۆر شت دەڵێی
یان زۆر گوتراوەکان حەشار دەدەیتەوە

### ئاڵووێری پێناساندنێکی فەرمی

ئەمە دانتێ نییە
ئەمە وێنەیەکی فۆتۆگرافی دانتێیە
ئەمە فیلمێکە، کە تیایدا ئەکتەرێک بەدیار دەکەوێت
ئیدعای
ئەوە دەکات کە دانتێیە
ئەمە فیلمێکە، کە تیایدا دانتێ ڕۆڵی دانتێ دەگێڕێ
ئەمە پیاوێکە خەون بە دانتێوە دەبینێ

ئەمە پیاوێکە، ناوی دانتێیە، بەڵام دانتێش نییە.
ئەمە پیاوێکە، لاسایی دانتێ دەکاتەوە
ئەمە پیاوێکە، خۆی بە دانتێ بەخشیوە
ئەمە پیاوێکە، خەون بەوەوە دەبینێ، ببێ بە دانتێ
ئەمە پیاوێکە، نزیکە لەوەی بە دانتێ بناسرێتەوە
ئەمە بەرگگۆڕێکە، جمکێکە، هاوسیماییێکە
ئەمە پیاوێکە، خۆی بۆ دانتێ گرتووە
ئەمە پیاوێکە، هەموو ئەو کەسانەن خۆیان بۆ دانتێ
هەڵگرتووە، تەنها دانتێ نەبێ.
ئەمە پیاوێکە، هەموو ئەو کەسانەیە خۆیان بۆ دانتێ
هەڵگرتووە، تەنها ئەویان لە نێو نییە
ئەمە پیاوێکە، هەموو ئەو کەسانە نییە کە خۆیان
بۆ دانتێ هەڵگرتووە دانتێ نەبێ
ئەمە دانتێیە.

**ئەو هۆیانەی دیکە کە وا دەکات شاعیر**
**ڕوو لە درۆکردن بکات**

چونکە ئەو چرکەیەی
پەیڤی شادی تیایدا دەردکێندرێ
چ جارێک چرکەیەکی خۆش نابێ
چونکە لە تینا مردوو شتێ بە لێوەکانییەوە
ناچرپێنێ سەبارەت بە تینوویەتی خۆیەوە.
چونکە لە دەمی چینی کرێکار
دەستەواژەی چینی کرێکار ناچرپێندرێ
چونکە ئەو کەسەی تووشی کڵۆڵی بووە،
ئارەزووی نییە بڵێ
من کڵۆڵێکم.

چونکە هیچ ئۆرگازمۆزێک بە
ئۆرگازمۆزێکی دیکەوە هاوتا نابێ.
چونکە ئەو مرۆڤەی کە لە سەرەمەرگدایە
لە جیاتی ئەوەی بڵێت «ئەوا من ئێستا دەمرم»
ئاهێکی ناڵە ئامێز هەڵدەدا و ئێمە لێی تێناگەین.
چونکە زیندووەکانن گوێی مردووەکان
دەئاخنن بە هەوا ڵە دڵتۆقێنەرەکان
چونکە پەیڤەکان زۆر درەنگ دەگەن
یان زۆر زوو...
چونکە ئەوەی ئا لێرەدا قسە دەکات
یەکێکی دیکەیە،
هەمیشە یەکێکی دیکەیە و
چونکە پەیڤینیش لێرەدا سەبارەت بە ئەوەوەیە
هەر بۆیەش کڕ و بێدەنگ دەبێت

**ئاییندە**

ئەوەی لە لایەن ئێمەوە نەدەکرا
چاوەڕوانکراو بێت، ئەوا پەندی لێوەردەگرین

ئەو دەبریسکێتەوە، ئەو دوورەو دیارنییە
ئەوانەی لێگەڕان ئێمە بەرەو خۆمان بێین
ئەوا چاوەڕێی ئێمە نەبوون
بەرەو ئێمە نەهاتن
بەرەو ئێمە نەگەڕانەوە، لەوێ
لە چاوەڕێماندا بوەستن.

ئەو هیچ پێوەندییێکی بە ئێمەوە نییە

پرسیاری ئێمەی نەکردووە.
چونکە چ شتێکی سەبارەت بە ئێمەوە نەدەزانی
هیچ شتێکی لە ئێمە نەپرسی و
ڕووی لە ئێمەش نەکرد

هیچ شتێ لەوێ نەبوو
بۆ ئێمە لەوێ نەبوو
کەس لێرە نەبوو
لێرە شتێ نییە
نا نییە

ئەو و ئەو
ئەمەو ئەمەیان گوت

أ: تۆ گوتت:
«ئەم دێڕە بێ مانایە»
ب: بەڵام تەنها لەم شیعرەدا
أ: تۆ زیاترت گوت
«ئەو دێڕە «ئەم دێڕە بێ مانایە» بێ مانا نییە»
ب: بەم وتەیەم مەبەستم ئەمەی خوارەوەیە:
یان ئەوەتانێ ئەم دێڕە
«ئەم دێڕە بێ مانایە» ڕاستە.
بەم شێوەیەش ئەم دێڕە
«ئەو دێڕە «ئەم دێڕە بێ مانایە» بێ مانایە» هەڵەیە
یان بە پێچەوانەوە.
أ : ئەمە هەڵەیە بە پێچەوانەوە بڵێیت:
«ئەمە هەڵەیە بڵێیت: ئەمە (هەڵەیە..)»، ئا بەم شێوەیە
ب: تۆ خۆت ئاماژە بەخۆت دەکەیت.
أ: من خۆم ئاماژە بەخۆم دەکەم
بەم پەیڤانە «من خۆم ئاماژە بەخۆم
دەکەم» بەم پەیڤانە (من خۆم ئاماژە...) » هەتا دوایی.
ب: ئا ئەتۆ ئەمەت گوت.
أ: هەڵەیە. وشەی گوت لەم شیعرەدا
بەهیچ وشەیەک نەمگوت
ب: تۆ خۆت گوتت
هەڵە دەبێت بگوترێت
«ئەمە هەڵەیە...» هەتا دوایی.
أ: بەڵام هەر تەنها لەم شیعرەدا.


سەرچاوەکان:
1- Leichter als Luft- Moralische Gedichte Surkamp Frankfurt-1999.
2- Der Untergong der Titanic Suhrkamp Verlag (1978).
3- Zukunftsmusik Suhrkamp- 1991- Frankfurt am main.

# نەنەتووبا

ژوان ئاوارە
(فەڕەنسا)



بەداخەوە من دواهەمین فرزەندی وەرەسەتێک بووم لە دوای مردنی ئەوەوە ئەم حیکایەتەم نووسیەوە.. نا.. بڕوا ناکەم هیچ یەک لەوان بۆ تەنها ڕۆژێکیش بووبێت لە دالغەی ئەوەدا بووبێتن لەسەر مردنەکەی ئەو قسە بکەن..

ئەزانم کەسیان لە نووسینەوەی ئەم حیکایەتە خۆش نابن و بگرە سڵیش لە دالغەیەک ئەکەنەوە کە چەندەها جار لەسەر لێوەکانی خەیاڵم هەڵبوون و کوژاندوومنەتەوە.. بەڵام ئەمڕۆ کە ئەم قوتبی باکوورەم گرتووە لەم سەهۆڵ بەندانی ڕۆح و جەستەیەدا ئەمەوێت بنووسم و خۆم لە گوناهێک پاک بکەمەوە چواردە ساڵە وەک چڵێسترین ئەژدیها لەسەر شانەکانم دانیشتووە..

بەلا چی... مەزەندە ئەکەم لە یەکەمین دێڕەوە ڕژدێک ئەمکرۆژێت دەمخاتەوە سەر ئێسک و پرووسک پەیتا پەیتا ئەمکرێنێتەوە بۆنی تاریکی و ساردابیەک گەمارۆم ئەدات، ئەمەوێت وەک سەدەها جاری تر پەرەگرافەکان بدڕێنم و لە تەنەکەی خۆڵەکەدا ستاری پێبگرم، وەک ئەوەی نە ژیانێک ژیابێتم و نەدالغەیەکم لێ دابێت، بەڵام نا ئەم ڕاڕاییە تا دێت زیاتر تەنگم پێ هەڵدەچنێت.. چواردە ساڵە من تەنها شەوێکی ئارامم لەو هەمووە شەوە زەوەندانەی خۆمدا نەدیوە، لە تەواوی چرکە ساتەکانمدا هەرگیز دەستبەرداری مردنەکەی ئەو نەبووم..

چواردە ساڵە نەنە تووبای من ئەو ژنەی کە هەر لە منالییەوە وەک پوورە هاجەر ئەیگێڕایەوە تیشکێک بە نێو چاوانیەوە درەوشاوەتەوە. جەفایی شاعیر کە دەکاتەوە باوک نەنەتووبای من لە دێڕە شیعرێکدا باسی لە شەرمەزاری فریشتەکان کردووە لە پاکیەتی ئەو...

بەڵام من هەمیشە ئەموت گومانەکەم نەنەتووبام لۆ تەنها ڕۆژێکیش بێت فریشتەکانی شەرمەزار کردبێت، ئەگینا چی ڕێی ئەخستە ئەو کۆخە تەریک و تەنها و بۆگەنەی باوە گەورەم کە دایکم وەختێک ڕووی لە

گەورەکە ئەناو پشتی ئەکردەوە باوکم ئەیگوت:

«ئەو زنجەی کە نەک خوداو ئینسان و فریشتەکان تەوەلا بوون لێی، بەڵکو توتکە سەگ و بێچوە مشک و شەو گردەکانیش نەیاندەتوانی بۆ تەنها شەوێک توتکەی تیا بکەن..»

من هەمیشە خانە گومان بووم لەو قسەیەی دایکم کە دەیگوت:

«نەنە توبای تۆ عاشقی باوە گەورەت بووە بەرە بەیان لەسەر پاشکۆی ئەسپێکی یاڵ ڕەشی نارەسەندا هاتۆتە ئێرە، ئەرێ ئەم کاول بووە، جەفایی شاعیر لە حەژمەت و شەرمەندەیی ئەم حەشەرییە شیعری وتووە»

بەڵام نا.. من ئەمڕۆ بۆ نووسینەوەی ئەم چیرۆکە پێویستم بە گلەیی و بناشتە بێ سەرەو بەرەکانی و گومانە قووڵەکانی دایکم نییە لە نەنە تووبام، من ئەبێت لە دوا نامەکەی ئەحمەدی خوێنەوارەوە بۆ بووکی شای پەرییان دەست پێبکەم، لە جامەکەی شا کاوسەوە بۆ جەختی بێژەن، لە سنگدانە بەر تریفەی مانگە شەو و دەردە دڵ کردنی مەنیجەوە بۆ ئەستێرەکان پەنجە بخەمەوە سەر ئەو تاریکیەی کە لە قووڵاییەکانی نەنە توبام-دا شەپۆلی ئەدا.. ئەو ژنەی هەریەکە لە من و کوڕەکانی مامە فلاَمەرزو کچ ڕشکنەکانی پوورە هاجەرو خوشک و برا چکۆلەکانمان دەمان خلاَفاند چنگمان بە تەنەکە پسکیتەکەیا ئەکردو ئەمانخوارد، چاویلکەکەم دەشاردەوە و پڕمان بە کاکڵە گوێزەکانیان ئەکرد..

من ئەمەم چەندەها جار بە دایکم گوتبوو ئەو کاتانەی ڕۆژ تا ڕۆژ لاوازتر و سیسەڵەتر و ڕەنگ زەردتر دەردەکەوتم.. بە خەسووشم وت بەڵام مردنەکەی نەنەتووبام دەمکوژێت..

دایکم دەیوت: دە پتروکێیت ڕیزاڵە ئەبی تەنها سوقانەکەت دەمێنێتەوە، دەبێ بەم دەساو دەسا بتهێننە دەرێ لە تاو ئەوگەنە کرمانای کەتێت ئەدەن...

پوورە هاجەر بە مێردەکەمی دەوت:

«چاوێک لەسەر گیرفانەکانت دانێ هیچ دەروونناسێک ناتوانێت کلۆکۆی ئەو ڕاڕاییەی نێو ناخی ئەو دامرکێنێتەوە، مێردەکەم سەرمی ئەنا بە سینەی خۆییەوە لەژێر دار هەنارەکانمدا بەدەم چەندەها حەسرەتی قووڵەوە مژی لە جگەرەکەی ئەداو ئەیوت:

«نا... مردنی نەنە تووبام کە هەرگیز گومان نییە.. ئاخر خۆ ئەمە کرۆکی دڵنیاییە»

ئەویش وەک نیگەرانی ئەو هەموو ساردی و تاریکی و تەنهاییەی من بووبێت هاواری ئەکرد:

«لەنێو ئاپۆرەی فرزەندانا مەگەر بەتەنێ تۆ بۆ، منیش نیگام ئەبرییە عەردەکەو وەک لەبەر چاوەکانمدا بێت بەو کەواو سەڵتە یەک لەسەر یەک و فەقیانەو پارلێمە چرچ و هەڵچووەوە، بەو هەمووە درزیلە بچووک و گەورەو گەورەترەوە، بەو هەموو نوشتەو لاگیرەو تۆپە شقارتەوە، بە لوولەی ئەو کلاَنانەی کە دەیگوت کاتێک بووکی شای پەرییان داوا لە ئەحمەدی خوێنەوار ئەکات ئەگەر بەڕاست عاشقی ئەوە بە دلۆپە دلۆپەی خوێنی خۆی نامەی بۆ بنووسێت، ئەحمەدی خوێنەوار دوای تەواو بوونی نامەکەی لەتر ئەداو لەسەر ڕەخشەکەی ئەکەوێتە خوار، نەنەتووبام ئەیوت دانە دانە لە کراسەکەیم کردۆتەوە چەندەها جار لە ترسی باوە گەورەتان لەبن دار مێوەکاندا چاڵم بۆ هەڵکەندووە و دەرم هێناوەتەوە..

بەو پێلاَوە لاستیکە ڕەشەی کە بە دەزووی سپی لەهەر چوار لاوە دوورابوونەوە ئەم دەسەو دەسی پێ ئەکەن لەبەر چاوانمە بە ژوور سەرییەوە وەستاون و ئەو چاوە گێڕێ ئەزانم هاوارێکی حەزین حەزینتر لە چواردە ساڵی تەمەنی من لە گەروویدا هەڵواسراوە، ئەزانم چەندەها ڕستەی نەوتراو لە گلێنەکانیدا پیاسە ئەکات هەردوو ڕومەتی چرچۆڵ و وشکەوەبووی نەرمە ئارەقێک دەردەکات زمانی قورس قورس، پەنجەکانی جار جارە جووت ئەبن و جار جارە لە یەکتر هەڵدێن ئەزانم کەڵکەڵەی چ قسەیەک لە زاری دایە بەڵام نەبوو وەلید ڕێگە نایاو ئەنەرێنێ:

«ئەگەر ترس و هاواری تانک و تۆپەکانی ئەو بەرازە پیرە نەبێت چی من لە جوانترین بەهەشتەکەی کفری هەڵدەگرێت و بۆ ژوورەکەی تۆ کولانەی قرخ و میزهەڵدانەکان.. نەنە تووبام کەسکونتر ئەیەوێت قسەیەک بکات هاوارێک، زمانی بە ئەستەم ئەگەڕێ و چاو ئەگێڕێ و وەک ئەوەی بیەوێ یەکێک دنەی بات و دواوەسیەتی لێ وەربگرێ، ئەبو وەلید ئەکێشێ بە دەمیا و ئەڵێ بەسە....

نەنە تووبام کزۆڵە تر ئەڕوانێ... نا... نە مامە فلاَمەرز... نە پوورە هاجەر... نە باوکم... مەشەجەری وەرەسەتێک.. مە ئاپۆڕەی ئەو مناڵە گڕۆزانەی لە دەوری دا ئەنیشتن و ئەحمەدی خوێنەواری بۆ ئەگێڕانەوە....

نەنە تووبام چاو لەسەر یەک بەیەکی ئەو ڕێبوارانە ڕائەگرێ کە لە پارلێمی کراسەکەی هەڵدەکەون و دەڵێن «وااای» نیگای بۆ هەریەک لەو ڕێبوارانە هەڵەیە کە پڕتاو لێکدا لێکدا ئەڕۆن.. ئەڕوانێتە ئەو پیرەژنە پشت کۆمەی کە هەر دوو قاچەکانی بەسەر شان و ملی کوڕێکی سەرو سی و پێنج ساڵیدا شۆڕ کردۆتەوە ئایەتول کورسی ئەخوێنێ...

«بەڵخە» جمەی دێ وەک شارە مێروولەیەکی ورووژاو جێ پێیەکت بۆ نادۆزرێتەوە...

ئەبو وەلیدو براکانی نەنە توبام بەرز دەکەنەوە لە جەستەی بۆگەن کردووی ئەنەون نەنە تووبام ئەیەوێت هاوار بکات کوێوە چووە فرزەندەکانی من؟

مەحموودی برا بچکۆلەی ئەبو وەلید تفێک ڕۆئەکات و لەبەر خۆوە ئەڵێ:

گەماڵەکانی تۆ...

نەنەتووبام ئەیەوێت بڵێت:

«بۆچی بەجێیان هێشتووم؟ مەگەر هاجەر ئەتوانێت ئاسەواری تەفرو تونابوونی من ببینێ، بانگ ئەکات فلامەرز... بیری ئەچێتەوە هەفتەیەک بەر لە ئەمڕۆ ماشێنەکەی ڕاگرت و لەسەر ئەمری خانمە لرپنەکەی ژنی گەڕاندیەوە ماڵەوە.. ئەیەوێت هاوار لە باوکم بکات»

واااي لە باوکم بە خۆیی و دوو مانگای فرێزییەوە لەبەر شەقی ئەو پازدارانە هەڵئەسێتەوەو هاواری ئەو خەڵکە دای ناچڵەکێنێت:

مەردوم خۆی ڕێ ناکات چ جای گیانلەبەر

نەنە تووبام چین چین ئارەق دەرئەکاو هەردوو چاوەکانی لێک ئەنێ لوولەی کلاَنەکانیش لە گیرفانی سەڵتەکەیدا هەڵئاوساوە تا دێت زیاترو زیاتر ئارەق ئەکاتەوە ئەوەی بەبیریدا نایەت منم.. من دواهەمین فرزەندی وەرەسەتەکەی ئەو کەسێک کە مردنی ئەوی وەک کوشندەترین تەوق لە گەردنی کردووەو ئەیگێڕێ...

وا دای ئەیەڵنە قەبرەکەوە بێ کفن و دفن و بێ تەڵقین گاشەبەردێک قورستر لەو گاشە بەردەی کە ئێستا لەسەر دڵی منە لەبەر لووتی دەنێن خۆڵەکە ئەکەنەوە بەسەریاو بەڵام نایکوتنەوە..

پەیکانەکە ئەخەنەوە ئیش ئەڕۆن و بە پێچەوانەی هەموو مردوانێکەوە نەنەتوبای من هاوار ناکات.. نا.. لە هیچ کەس نە لە من نە لە باوکم نە لە پوورە هاجەر نە لە مامە فلامەرز نە مامەسۆفی دراوسێ، نە دەروێش ڕەسووڵ نە گوڵە سووری تاقانە نە حەیدەری چکۆلەو نە مامە شێرۆ...

باوکم خۆی بەسەر گاچۆنە کوێتیکەیدا لار کردۆتەوەو پاژنەی پێی ڕاستی لەسەر خڕەبەردێکی کەنار ئاوەکە دائەنێ، دایکم کە هەستم ئەکرد بە پێچەوانەی ئەو هەمووە جەنگانەی نەنەتووبام پێی ئەگێڕا لە دڵەوە عاجزە دەست ئەبات گلاسێ ئاو لە تەرمۆزەکە دائەکات ئەڵێ:

«وەیش....»

حەیدەری چکۆلە دوای تۆپێک کەوتووە هەر ئەیباو هەر ئەیباو هەر ئەیبا...

گوڵە سووری تاقانەش قژی بووکەکەی دادەهێنێ و هەلوربلور تەکامەی بۆ ئەکا..

مامە شێرۆش بە خەڵووزێکی چکۆلە لەسەر مقەبای خورماکە شتێک ئەکات لە دڵی خۆما ئەڵێم بەرواری مردنەکەی نەنەتووبام ئەنووسێتەوە، بەڵام ئەو وێنەی کۆترێکی چوار پەل شکاوی سەر لقێکی لارەوە بوو کە بە ئەستەم ئەگمێنێ ئەکێشێ..

پوورە هاجەر سیگارەکەی ئەپێچێتەوە و سەری زمانی پیا ئەهێنێ و پەنجەی شەهادەو گەورۆنەی لەسەر پێڵووەکانی ڕائەگەرێ مەزەندە ئەکەم هەرە ئازیزترین نۆبەرەکەی نەنەتووبام لە ناوەوەی خۆیدا جێگەی نەبێتەوە بەڵام ئەو بە باوکم ئەڵێ:

«با بگەڕێینەوە فلامەرز گەنجینەکان ئەشکێنێ. لرپەی ژنی هیزە کەرەو لاگیرەو نقێمە ئەرمەنیەکان ئەبات...»

باوکم بێدەنگ و بێدەنگتر... بە پەنا پسکێ ئەچمە ژێر کەواکەی دایکمەوە کەپووم ئەنێم بەو چەپکە مێخەکەی کەلەسەرووی مەمکەی چەپیەوە شۆڕ بوونەتەوە بە چپە ئەڵێم:

«باوکە بیر لەچی ئەکاتەوە؟»

ئەو ئەڵێ:

«ماتڵی ئەو تاجیرە هەمەدانیەیە کە قەرارە مانگا فرێزیەکان بەرێت...»

من بەردێک و دوان و دە فڕێ دەدەمە ئاوەکەوە، دەو دوان و هەزار گاشە بەرد تل ئەدەمە خوارەوە، بە ئەنقەست تەرمۆزەکە لە شانم بەردەدەمەوە، هەڵئەکەوم لە مەنجەڵە فاسۆلیاکەو ئەیرێژم، بێخی خێوەتەکە ڕائەکێشم و ئەکەوێت بەسەر تاجیرە هەمەدانیەکەیا..

باوکم گاچۆنەکەی بەرزتر ئەکاتەوەو ئەڕوانێتە پرچە سپیەکانی دایکم و ئەڵێ:

«ئەم سازنە چی ئەوێت؟؟»

منیش سەر دا ئەخەم و وەک عاجزترین و مەلوولترین بوونەوەر لە دڵی خۆما ئەڵێم:

«ئەمەوێت هەموو ڕەنگەکان لە ڕەنگی مردنەکەی ئەوە بگۆڕێن...»

بەڵام نا دەریا وەک خۆی لێدێتەوە و ئەڵێ هەرگیز دانەچڵکیوە، دایکم مەنجەڵە فاسۆلیاکە سەر ئەخاتەوە و، تاجیرە هەمەدانیەکەش دوو مانگا فرێزیەکە پێش خۆی ئەداو ئەڕوات..

باوکم دەستێک بەسەر و ڕیشە بەفرییەکەیدا ئەهێنێ و پوورە هاجەری هەمیشە پرژو بلاو ئەڵێ:

«ئۆخەی...»

من دڵم زیاتر و زیاتر ئەگوشرێت گوڵە سووری تاقانە ئەو کچەی کە هەموو کات بە چوار پسکیتی کرێمدار گۆرانی بۆ نەنەتووبام ئەوت پێم ئەڵێت:

«بەتاڵیت بیر لە خۆشترین گۆرانی بکەرەوە..»

پوورە هاجەریش ئەڵێت:

«هیچ شتێک لەوە باشتر نییە زایفە لە ماڵ و مێردی خۆیدا بێت»

دایکم تاو نا تاوێک ئەڵێ:

«حیکایەت... حیکایەت.. هەموومان ئەمرین...»

مێردەکەم جگەرەیەکی تر دائەگیرسێنێ و پێم ئەڵێت:

«ماریا... هیچ لەوە جوانتر نیە بگەیتە کۆتایی حیکایەتێک...»

بەڵام من وەک پیشەی هەمیشەییم چاو لە عەردەکە ئەبڕم و وەک ئەوەی بۆنی دوا وەسیەتە نەوتراوەکەی ئەو بکەم ئەڵێم:

«هێشتا سەرەتایەتی...»

٢٠٠٤/٧/١٧



# پایزە عەشقێکی...

هیدایەت جان

بە ژێر چاویلکە بنە ئیستیکانییەکانیدا خێسێکی دایە و پاڵی وە پاڵپشتیە گوڵگوڵییەکە دا و خەریکی هەڵبەستنی پەڕ و توتنەکەی بۆوە. تۆش خێرا ڕات کرد و لە چادانەکە چایەکی زەردی ڕەنگ بزرکاوت بۆ لە ئیستیکانە چووکەکە کرد. چرکەکان لەگەڵ دەستەکانی تۆ خۆیان ڕێک دەکرد و بە پەلە دەچوونە پێش.

کاتژمێر دەهات لە چوار ونیو لابدات. ئەویش بەری دەرگاکەی لێ گرتبووی و پاڵی لێدابۆوە. هەر بە گەرمی چایەکەی پێدا کرد و دەسحێبەکەی لەبەر پشتێندی دەرهێنا و لە پەنجەی لاقی هاڵاند. دەگەڵ تەقە تەقی دەسحێبەکە سەرنجت دایە سەر دەموچاوی و لە پێستە چرچ و داچۆڕاوەکەی ژێر چاویلکەکانی خورد بوویەوە، ڕدێنێکی سپی لەژێر ئەم پێستە ئەستوورە بەحاڵ سەری وەدەر نابوو. دەستە سیس و بێهێزەکانی لەبەر پشتێنی ناو بە لەرزە لەرز دەسرەیەکی شینی گوڵ سووری دەرهێنا و خەریکی سڕینەوەی چاویلکەکانی بوو. خێرا ئیستکانەکەت پڕ کرد و هێناتە بەر دەمی. تێر خواردنەوەی نەبوو! لە هەمووی سەیرتر ئەوەی کە بە ئیستکانی چکۆلە چای دەخواردەوە. کە چاوت بە کاتژمێر کەوت ئیتر خۆت پێ ڕانەوەستا و بەسەریدا هەنگاوت هەڵێناوە و ڕۆییشتییە دەرێ. بەڵام ئەوە لە کاتێکدا بوو کە پیرە پیاوە خەوی لێکەوتبوو. تەمات گرت بە هەر بیانوویەک بێ خۆت لەم ژوورە دەرباز بکەی. بەڵام بەر لەوەی قسەیەک بکەی شەرم چاوەکانی دادەگرتی و زمانی دەشکاندی. تەنیا پێت دەگوت «با ئەو چایەشت بۆ بێنم». زۆر جار کە تووڕە دەبووی دەتویست بە پێچەوانەی دڵ و باوەڕەکانت هەڵوێست بگری. بەڵام تۆ باوەڕت لەوە قایمتر بوو کە نەتوانی بەسەر دەروونی

ئالۆزتدا دەست داگری. زۆرجاریش دەتویست بڕۆی و بۆ هەمیشە جێی بهێڵی. پیرەپیاوێکی پەککەوتە لەناو ماڵێکی چۆڵ و تەنیادا!... ئەو کارەش لە دەست تۆی دڵناسک نەدەهات. هەر بیـر لێکدانەوەی ڕۆحی ئازار دەدای و بۆ ماوەیەک تووشی عـەزاب دەبووی. ئەوسا چاوە کەم حوکمەکانت پڕ دەبوون لە ئاو و ئیتر سەرت بە هەنسکەوە هەڵنەدەهات. حەزت نەدەکـرد پیـرەپیاوەی بڕەنجێنی. هەر بۆیەش لێچەکەکەت وەبەر دەمت دەدا و فرمێسکەکانت خێرا خێرا پێ دەسڕییەوە. چ تەمەنێک و پێکەوە ڕابوارد؟ چیها کوێرەوەریتان کێشا؟ ئەگەر لە نووکەوە بیگێڕمەوە لە ژیانی هەمینێت سەختتر لێگوزەراوە. کاتێک کە چاوت بە چاویلکە چڵکنەکانی بایز دەکەوێ دەگەڕییەوە بۆ یەکەم دیدارت. گەڕانەوە بۆ ڕابردوویەکی دوور... ئەوکاتی کە لە میـوانییـەکە دانیشتبوون (میوانی ماڵی مام دەروێش) ئەو دەم وا لەرز و پەککەوتە نەبوون. وەبیـرم دێ کـە لەناو کچە جەحێڵەکانی گەڕەک و تەنانەت تایفەش لە هەمووان جوانتر و بەتین و گورتر بووی. هەموو جارێ دایکی خوالێخۆشبووت پێی دەگوتی «وەڵڵاهی ڕۆڵە تۆ قەت بەیەک و دووان دانامـرکێی» تۆش ئەگەرچی لە بنەوە شـاییت لە دڵی دەگـەڕا بەڵام بە ڕواڵەت نێوچاوانت تێکدەنا و تا ماوەیەک قسەت دەگەڵ کەس نەدەکرد.

زۆر جار داخت دەهات لەوەی کە تەواوی ئەم شـارە کەسێکی وای تێدا نییە ئامێزی تۆی لێ حەرام نەبێ.

ئاخر جوانییەکەی تۆ تا ئەم ڕادەیە بوو کە نەتدەتوانی بەهەر کوڕێک قایل بی. جوانییـەکی بێ سنوور... ئەو دڵەڕاوکێیـە تا ئەوێ ڕۆژی میوانییـەکەی ماڵی مام دەروێش درێژەی هەبوو. تۆ لە قـولینچکی خـوارووی دیوەکـە دانیـشـبـووی و دەسـتت لە مـێـخـەکـەی بەر دەسماڵەکەت وەردەدا. بۆنی مێخەک لەو سەری دیوەخان پێچی دەخواردەوە. بۆنێکی غەریب، بۆنێکی یەک جار غەریب... ئەم جار کە سەرت هەڵێنا سەرنجت بۆ لای دوو چاوی نەوسن و پڕ لە شەرم ڕاکێشرا. کوڕە لاوێکی کاڵ و ناسک. ماوەیەک شـێـوای. بەڵام کاتێ وەخـۆ هاتیەوە تەواوی لەشت مچوڕکی پێداهات و دڵت خێرا خێرا لێی دەدا. ئەوسا دوور لە چاوی هەموو میوانەکان هەر دوو بڕۆی لێ هەڵتەکاندی تۆش خێرا هەستای و چووی بۆ لای حەوشەکە. ئەو کاتی کە لە دەرکەکە

چوویەدەر لە خۆشیان قاقایەکت لێدا. بەم کارە هەموو میوانەکانت لە خۆ گەیاند. ماوەیەکی زۆر لە حەوشە چاوەڕوان بووی. ئیتر وات بیر دەکردەوە لەم جیهانەدا هیچ خەمێکت نەماوە. وا ڕۆیشتبووی کە تا لەسەر شانی نەدای وەخۆ نەهاتیەوە. تەنیا توانیت سڵاو بکەی و ئیتر زمانت شکا و چی ترت پێ نەگوترا. بەڵام چاوەکانت هەموو شتێکیان بۆ باس کرد. تەنانەت ئەوەشیان بۆ گێڕاوە کە چەند وەختە چاوەڕوانی وەها ڕۆژێکی. گوێت لە ترپە ترپی دڵی بوو. دەستەکانی گرتی و توند بە سینگییەوە کوشی.

تەواو هەستت بە تینی لەشی دەکرد. ئەم تینەی کـە لەمێژساڵێک بوو بە ئاواتی بووی. پاشان دەستێکی بە زوڵفتدا هێنا و گوتی «ئازیزەکەم کاتژمێر چوار و نیوی ئێوارێ چاوەڕێتم». ئەوە یەکەم ژوان بوو کە بە دڵی خۆت دەکرد. هەر بۆیەش لە شەوێوە خۆت بۆ ساز دەکرد. هەر دەمێ و کراسێکت لەبەر دەکرد، بەم جۆرە کە کاتژمێر ٤/٥ داهات هیچ کـراسـێکت نەبوو لەبەری بکەی. کاتێک گەیشتییە شوێنی داریکراو ئەویش تازە لە کلیسەی سەری کۆڵانەکە وەدیار دەکەوت. کاتێ گەیشتە لات ئیزنی وەت پێ نەدا تەنانەت قسەیەکیش بکات توند لە ئامێزت گرت و خێرا لە خیزەکەت گەوزاند. ڕیشۆڵە داماوەکانی ئاسمان داگیرکەر بە حەسرەتەوە سەیریان دەکردن و ئەوساڵە خۆشیان یەکە یەکەو بەپۆل لە ئاسمانەوە خۆیان دەخستە سەر عەرز. هەستو بەم لافاوە خوێنە نەدەکرد کە لە تەرمی ڕەشیشە داماوەکان هەستابوو. ئەوە یەکەم ژوانی خۆشەویستی بوو. تا ئەمڕۆ بەردەوام ئەم ژوانە لە لات زیندوو ڕاگیراوەو بۆتە هەوێنی هەموو خۆشیەکانی ژیانت. کاتژمێر ئێستێ دەیهەوێ لە چوارونیو لابدات. بایزیش بەری دەرکەکەی لێی گرتووی و دڵیش بڕوایی نادا بەتەنیا لە ماڵێ جێی بهێڵی. لێی نزیک دەبییەوەو چاوت لە چاوەکانی دەبڕی. هەست بە گەرمایی لەشت دەکەی. ئەو گەرمایەی وا ساڵانێکە بەلاتەوە نەهاتووە. پەنجەکانیت لە ناو دەستە سیس و لەرزۆکەکانتدا هەڵگلۆفی و لێوت لە لێوەکانی نزیک کردەوە. لە کاتێکدا کە فرمێسک لە چاوەکانیدا کۆ ببۆوە دەستێکی بە ڕانتدا هێنا و بە ئەوکێکی پڕەوە گوتی: «تووخواکەی هەمینێ ئەگەر ماوە چایەکی دیکەشم بۆ بێنە».

# سێ ژەم خۆر

بەکر دەروێش
(دووز خورماتو)

کابرا بەلەباریکێکی مل درێژ بوو، باخەڵی وا داچۆڕابوو، دەتگوت پڕە لە خڕک. کە هەنگاویشی دەنا بەسەر هەنگەڵی خۆیا کوورِ دەبووەوە، ئەو کابرا نامۆیە تەمەنی دەوروبەری پەنجا ساڵێک دەبوو، بیلبیلەی چاوەکانی وەک زەردێنەی هێلکە زەرد هەڵگەڕابوون، لێوەکانیشی وەک زەویەکی تینوو شەقار شەقار ببوونەوە.

کە لە عیادەی دکتۆرەکە هاتەدەر. بە هەر چوار لادا ملێکی بادا ئینجا سەیرێکی پارچە قاقەزەکەی دەستی کرد و لە چاوە زەردەکانی نزیک کردەوە، ئینجا دووری خستەوە. دووبارە نزیکی کردەوە، لاملێکی خۆی خوراند. سەیرێکی ئەملاو ئەولای خۆی کرد: سێ ژەم خۆر، هەبێ و نەبێ ئەم دکتۆرە گاڵتەی پێکردووم، ئاخر شتی واچۆن ئەبێ، سێ ژەم خۆر یانی چی؟

لەسەر شۆستەکە وەستا، پشتی دا بە ئەپارتمانە دوونهۆمییەکەوە. سەرێکی هەڵبڕی وەک بڵێی بەدوای خۆرەکەدا بگەڕێ. هیچی نەبینی سەری داگرت، دیسان سەیرێکی قاقەزەکەی کرد: سێ ژەم خۆر..؟ بزەیەک گرتی.. سەرێکی ڕاوەشاند، دەستێکی هێنا بە سمێڵە قیتەکەیدا. لە ئاستی دووکانەکەی منەوە بەرەو خوار داگەڕا، چاوم لێبوو هەنگاوێکی دەنا و سەیرێکی قاقەزەکەی دەستی دەکرد: سێ ژەم خۆر، بەخوا دکتۆرێکی سەیرە، ئەمە چ دەرمانێکە بۆی نووسیوم؟ کوڕە من تەنیا تۆزێ بێتاقەتم ئەگینا چیمە؟ تۆ سەیر، ئەم دەرمانە سەیرە؟ بەخوا کاکە گاڵتەی پێکردووم.

خۆی کرد بە عیادەی دکتۆرێکی تردا. کە هاتە دەرەوە ئارەقەی زەرد و شینی هەڵدابوو، دڵۆپ دڵۆپ بە

چناگەیدا دەهاتە خوار، سەیرێکی قاقەزە تازەکەی کرد، سێ ژەم خۆر..؟ لەوەکەی نزیک کردەوە هەمان شت نووسرابوو، دە ئەوەندەی دیکە حەپەسا، دیسانەوە وەک میزراح بەچوار دەوری خۆیدا خولایەوە: ئە، مامۆستا زەحمەت نەبێ بزانە ئەم قاقەزە چی تیا نووسراوە.


– کاکە نووسراوە سێ ژەم خۆر.

– مامۆستا دڵنیایت وا نووسراوە؟

– بەڵێ کاکە دڵنیام.

– کوڕە کاکە بۆ خاتری خوا چۆن شتی وا دەبێ؟

خۆی کرد بە عیادەی دکتۆرێکی دیکەدا، دکتۆرەکە هەر لەبەر دەرگاکەوە پێش لەوەی بهێڵێ قسە بکا قاقەزەکەی لەدەستی هەڵبزڕکاند و بەخەتێکی شاش و پاش نووسی: سێ ژەم خۆر..؟!



بە بێدەنگی لە عیادەکە هاتە دەر، هەر سێ قاقەزەکەی بەڕیزی یەکتر دانا، داچەمایەوە بەسەریانا، هێندە چاوی لێیان نزیک کردەوە بە حاڵ خەتەکانی دەبینی، هەستایەوە. دیسان داچەمایەوە هەڵیانی گرت:

– سێ ژەم خۆر..؟

بەنێو خەڵکەکەدا دەهات و دەچوو، نەیدەزانی چ بکات، قەراری لێ بڕابوو، هەر ئەوە نەبوو شێت و هار بێ؟

خۆی کرد بە دەرمانخانەکەی نزیکیدا، هەر سێ قاقەزەکەی لەبەردەم دکتۆرەکەدا دانا سێ ژەم خۆر بەداخەوە لێرە دەست ناکەوێ؟ ماندوو و شەکەت توانای بیرکردنەوەی نەمابوو، هێزی زرانیەکانی شلۆق ببوون، لەسەر شۆستەکە دانیشت، هەستایە سەر پێ، تا توانی قاقەزەکانی هەڵدا بە ئاسمانا، قاقەزەکان وەک سێ گەڵای وەریو هێواش هێواش بەدوای یەکتردا کەوتنە خوارەوە و لە ئاوی زێرابەکەدا نوقم بوون، کابراش ملی کۆڵانێکی ناهەمواری گرت و کەوتە لۆقە کردن و بازدان، بەدەم قاقای پێکەنینەوە تا لە چاو ون بوو هەر دەیگوت:

– سێ ژەم خۆر، سێ ژەم خۆر... سێ.. ژ.. ە..م ..خ.. ۆ..ر.. بێ ئەوەی بزانێ دەرمانەکەی ئەوە زیاتر لە سەد ساڵە لە کونجی زینداندایە.



# بەردەنووس

**حوسێن شێربەگی**
**(بۆکان)**

**دەڵێم:** نازانم لە کوێوە دەست پێ بکەم!.. با لە پێشدا ئەوەم وتووبێ، من کە ئەم نەقڵە دەگێڕمەوە کوێخای ئەم گوندەم، تەمەنم لە پەنجا ساڵ تێپەڕیوە و بەرەو شەست ساڵان دەچم، دەیجا خۆ خوا نەخواستە، بە ڕیشی سپییەوە درۆتان بۆ ناکەم... مەرج بێ بە مەرجی پیاوان درۆم بە زماندا نەیەت. ئێوە پرسیاری سۆی عەزیزتان کرد و منیش باسی ئەوتان بۆ دەکەم.

**ئەوا دەڵێم:** ئەو ڕۆژەی ژنە قەرەجێکی ڕەش ئەسمەری ڕەزاسووکی خوێن شیرینی بەژن و باڵا دەستەی فاڵگر هاتە گوندەکەمان و وەکو کوڕە جەحێڵەیەکی دەنگ خۆشی لەخۆبایی. دەنگی لێ هەڵبڕی و هەتا هێز و توانای بوو تێی چریکاند: «فاڵگرم فاڵان دەگرمەوە، سەربووردان دەخوێنمەوە، سەرگورەشتان دەگێڕمەوە، چارەنووسان پێشبینین دەکەم».

لەگەڵ گۆ و زایەڵەی دەنگی ژنە، بەر مزگەوت و نێو گوندی شڵەقاند، زۆری پێ نەچوو چاوم بەسۆی عەزیزی میرەماڵی بەساڵاچووی پیاو ماقووڵی گوندەکەمان کەوت کە چۆن بە ڕاکردن و هەڵەداوان خۆی گەیاندە بەردەستی ژنە قەرەج و نووزاندی و لاڵاوە: «کچێ خاتوون وەرە تۆ بێ و تۆ جوانیت، تۆ دین و ئیمانت، تۆ بی و تۆ خواکەت و تۆ مەرگی ئازیز و خۆشەویستت، لە بەری دەست و نێو چاوانم بڕوانە. جوان ئەو خەت و مەتەی بخوێنەوە. جوان سەربوورده و چارەنووسم لێک بدەوە و بزانە بەردەنووسەکە دەدۆزمەوە؟ ئەو بەردە نووسەی بیست سی ساڵ لەوە پێش ژنە قەرەجێکی زانا پێیی وتم دەبێ بە شوێنیدا بگەڕێم و دەستبەردار نەبم، تاکو دەیدۆزمەوە»

وەڵڵا لە گەڵکو سۆی عەزیزم ئاوا شێت و شەیدا و بێ قەراربیبنی، بۆم دەرکەوت چما قسەی ئەم ژنە جوانکەیە بۆ هەموو کەس لاف و گاف و شات و شووت بێ، بۆ ئەم سۆی عەزیزە کەلامی کتێبی پیرۆزە، بەڵام کارەساتێک بۆ ئەم پیرەمێردە میرەماڵەی گوندەکەمان دەخوڵقێنێ و دووچاری ڕووداوێکی ئەفسووناوی دەکات کە گشت ژیانی دەکاتە تەختەی سەر ئاو و کارەسات و هۆکارەکەی نە لە مرۆداو نە لە سبەیدا و نە دواتریش بۆ کەس لێک نادرێتەوە.

**ئەوا دەڵێم:** ئەو ڕۆژە تا ئێواری ژنە قەرەجی بەباڵا دەستەی، بە ڕەنگ و ڕوو ئەسمەری، بە خوڵق و خوو خوێن شیرینی ڕەزا سووک لەنێو مەیانی بەر مزگەوت و لە کووچە و کۆڵاندا فاڵی گرتەوە و نووشتەی نووسی و سەربووردانی گێڕاوە و چارەنووسانی پێشبینێن کرد و قول قول پووڵ و پارەی لە قوونی خەڵک دەرهێنا و خنیە نێو باخەڵ و نێو سنگ و مەمکۆڵانیەوە، من دەڵێم مەمکۆڵان و تۆ شتێک دەبیسی، بەڵام مەمکۆڵان چ مەمکۆڵانێک بوو، ئەو جووتە زەردە بەیەی لە سێوی لوبنانی ئاماڵ زەردتر بوون و لە بنەتووی سەرەتای پاییز سپی و سفت و توند و تورتتر بوون و ئەو ڕۆژە کاری منیان کردبووە ئەوەی لەملاو ئەولا، لەبەر مەیان و لە کووچە و کۆڵاندا یان وەشوێن ژنە قەرەج کەوم یان لە شانی دانیشم و تکا و ڕجای لێ بکەم هەموو جارێ کە پووڵیان تێ داوێ کەمێک یەخە و بەرۆکی زیاتر ئاواڵە کات و جوانتر مەمکۆڵانی بەر سەیران و سەیاحەتی چاوان بخات و جار و بارە چەند سکەیەکی قەرە پووڵم لە قوونێ دەربێنێ.

**دەڵێم:** باوەکو سوور سوور دەمزانی ئەو سەربوورده و چارەنووسەی باسی لێ دەکات هەمووی فڕ و فیشاڵ و جەفەنگێکی لەخۆڕایی مایە پووچ و بێ بناغەیە کە لە زاری ژنە قەرەجێکی ڕەزا سووکی، خوێن شیرینی ڕەش ئەسمەری، بەژن و باڵا دەستەی برێک سووک و چرووک دێتە دەرێ، بەڵام بە هیچ زمانێک ئەو خەڵکەم بۆ حاڵی نەدەکرا کە پووڵ و پارەی خۆیان نەکەنە کوتە کاغەزێکی بێ بایەخ و نەیبارێنن بەسەر ژنە قەرەجدا، ئەوەم بۆ نەدەکرا هیچ، چونکە گیرۆدە و ئاڵوەدای سنگ و بەرۆک و بەرگەردن و مەمکۆڵانی ژنە قەرەج بووم و بەتەما بووم جارە و بارە برێک زیاترم بۆ وەدەرخا و نیشانم بدات دەیجا هاکا چاوم بە کەسێک دەکەوت کە لە دوورەوە بەرەو ژنە دەهات فاڵی پێ بگرێتەوە. ژنەم حاڵی دەکرد و بەپەلە پەل برێک لە سەربووردەیم بۆ ژنە دەگێڕاوە تا قسەکانی لە ڕاست بچێت و بۆ خۆشم لەلای شیرین بم.

**ئەوا دەڵێم:** لەلایەکی دیکەوە جاروبارەش کە ژنە قەرەج لەبەری دەست و نێو چاوانی ئەم و ئەو خورد دەبووەوە تاکو لەو خەت و مەتە خێچ و خوارەدا سەرەندەری نەهێنیی ژیانیان بکات و بۆیانی باس بکات ئەوەندەی بە سەر و دەست و چاو و برۆ بە خەڵکەکەم دەوت نەکەن، نەکەن، پووڵ و ماڵی خۆتان مەکەنە کۆش و باخەڵ و گیرفانی ئەم ژنە درۆزن و دەست و گوێ برەوە، بەڵام چما بۆم حاڵی دەبوون و چما کەس بە قسەی دەکردم؟!

هەیهۆ، هەیهۆ، من دەموت نێرە و خەڵک دەیانوت دەیدۆشین، من چیم دەوت و خەڵک چیان دەکرد بە فاڵگرتنەوە و پووڵ وەشانکردنی ئەم ژنە. دیسانەکە ئەمانە هەمووی لەلایەک و شێت و شەیدابوونی سۆی عەزیزی پیری میرەماڵی ئاخر شەڕی فلان فلان شودە لەلایەکی دیکە.

**دەڵێم:** نازانم بڵێم چی! نەحلەت لە شەیتان، هەر ئەوەندەت دەدیت لەو لاوە دەهات و نیو ساعەت لە بەرامبەر ژنە ڕادەوەستا، سەرنجی ژنە و هەموو ئەو کەسانەی دەدا کە دەهاتن و فاڵ و تاڵحەیان دەگرتەوە، بگرە بتوانم بڵێم برێکیش سەری لەم فڕ و فێڵ و درۆو دەلەسانە دەرهێنابوو. تەنانەت لەوەش ئاگادار ببوو کە ئەوا لە نێوان من و ژنە قەرەجی ڕەزا سووکی خوێن شیرینی بەژن و باڵا دەستەی ڕەش ئەسمەری برێ سووک و چرووکدا کەینە و بەینەیەک هەیە و سەبارەت بە مشتەری شتێکی بۆ دەدرکێنم و ئەویش هەموو جارێ گەردن و سنگ و مەمکۆڵانیم بە بەرچاودا دەخشێنێ و سەمایەک بە مەمکۆڵانی دەکات و برێ جار سکەیەک دووانیشم لە قوونێ دەردێنێ.

**دەڵێم:** با وەکو دەبایە زۆر پیرانە و ژیرانە هەموو ئەم گاڵتە و گەپ و گەپجارە لەلای بەزمە ساتێک بێ و بەرابەر کلکی خۆی بە تەپکە و تەڵەوە نەدات، کەچی لەگەڵ کو برێک دەوروبەری ژنە چۆڵ دەبوو، سۆی عەزیزی بە ساڵاچووی خەرەفاوی پیری ئاخر شەڕی فلان فلان شوودە، زۆر شێت و شوورانە دەهاتە پێشێ. ئەسکیناسێکی شینی شەقی دەنایە مشتی ژنە قەرەجەوە

و دیسانەکە وەک هەتیوی باوک مردوو دەستی دەکرد بە تکا و ڕەجا و لالانەوە و پاڕانەوە: «کچێ خانم تۆ بیت و تۆ ئەو جـوانیـیـەت، تۆ بیت و تۆ گـیـانی ئازیز و خۆشەویستت، تۆ بیت و تو خوا و پێغەمبەر و دین و ئیمانت، جوان لەنێو چاوانم بڕوانە و لە خەت و مەتی بەری دەستم خورد بەوە و شتێکم لێ ڕوون کەوە، تۆغا بزانە ئەو بەردە نووسە دەدۆزمەوە کە بیست سی ساڵ لەمەوبەر ژنەقەرەجێکی زانا پێمی وت دەبێ بەشوێنیدا بگەڕێم و ماندوو نەبم و سارد نەبمەوە چونکە لەنێو چاوانم نووسراوە دەیدۆزمەوە و بۆ خۆم و حەوت پشتم و تڕ و تەوێڵەم پێی خەنی دەبین. خاتوون وەرە و تۆ گیانی خۆت و گیانی ئازیز و خۆشەویستت بزانە دەتوانی جێ و شوێنی ئەم بەردەنووسەم بە گوێدا بچرپێنی، تا لەمە زیاتر وەیلان و سەرگەردان نەبم».

**دەڵـێـم**: ئای چ پێکەنینێک گـرتبـوومی و چ بەزمەساتێک لەنێو دڵ و دەروونمدا ساز ببوو! کوڕە ئاخر پیری خەرەفاوی ئاخرشەڕی فلان شودە، دایکت چاک باوکت چاک چما ئەم ژنە قەرەجە ڕەش ئەسمەرە خوێن شیرینە سووک و چرووکە بزانێ خەزێنە و گەنج و ژێر خـاکی و بەردەنووس لە کوێدایە بۆچی بۆ خـۆی نایدۆزێتەوە و خـۆی لەم سـووک و چرووکی و سـڕ و سـواڵکەری وەدەرکـا و دەرککردنە ڕزگـار ناکـات، کـە ئەوەتانێ سەعاتی سێ چوار جار بۆ سکەیەکی قەرەپووڵ سنگ و مەمکۆڵانیم بە بەرچاودا دەگێڕێ و سەمایان پێ دەکات، بۆچی بە تۆی دەڵێ تاکو حەوت پشتت و تڕ و تەوێڵەت پێی خەنی بن؟!

**دەڵێم**: هاکا سۆی عەزیز ئاوا شێت و شوورانە دەپاڕاوە و دەلالاوە و داوای یارمەتی و ڕێنوێنی لە ژنە قـەرەج دەکرد، هێندەم قین و ڕق هەستابوو لەوانەیە بڵێم شیری زولفەقـاریش نەیدەتوانی دڵۆپە خـوێنێک لە لەشم داچۆڕێنێ و هاکـا بەمـۆڕە و خـێـسـە و چاو و برۆ هەڵتەکاندن نەمتوانی پیری خەرەفاوی ئاخرشەڕ حاڵی کـەم، لە داخـانا دراوێکی ڕەشی ئاسنینی بێ بایەخی دیکەم لەبەرچاوی سۆی عەزیز هاویشتە کۆشی ژنەوە و داوام لێ کرد مەمکۆڵانی تەواو لە مەمکبەند دەربێنێ و جارێکی دیکەش بە بەرچاوانمدا سەمایەکیان پێ بکات، زیاتریش مەبەستم ئەوەبوو کابرای بە سالاچووی ئاخر شەڕ بە چاوی خۆی ئەم بەزمەسات و کەین و بەینەی نێوان ئێمە ببینێ و بۆی دەرکەوێ کە ئەم فاڵگرە گەڕیدەیە قەرەجێکی سووک و چرووک زیاتر نییە و کەشف و کەراماتی نییە و ناتوانێ جێ و شوێنی خەزێنە و بەردەنووس بۆ ئەو ئاشکرا کات.

**دەڵـێـم**: باوەکو ژنە قەرەجی ڕەش ئەسمەری بەژن و بالادەستەی خوێن شیرینی ڕەزا سووکی گەڕیدە بۆ تاقە قەرەپووڵێکی بێ بایەخ سنگ و مەمکۆڵانی لە هەمـوو کـەرەتێ زیاتر و دلاواتر بۆم ئاواڵە کـرد و لە هەمـوو کـەرەتێ زیاتر بە بەرچاوە چنۆک و برسـیـیـەکـان و بە بەردەوام لێوە ئاوە تێ زاوەکـانمدا سـەمـای پێ کـردن و وەئامان لەرزانەی خستن و تەنانەت دەستەمۆ بوونی خۆی بۆم دەربڕی، بەلام سۆی عەزیزی میرەماڵی خەرەفاوی پیری ئاخر شەڕی فلان فلان شودە هەر لە جیهانی خەون و خـەیاڵەکـانی خـۆیدا بوو و لەوە خـەرەفـاوتر بوو سەرەندەری ڕاستی کاری من و خۆی و ژنە بکات و هەر ولامی پرسیارەکەی خۆی دەویست.

**دەڵـێـم**: ژنە قـەرەجی گـورگی باران دیدەش نەیکردە نامەردی و دوو سێ جار ئەسکیناسەکەی پێ زیاد کرد و لە پاشان زۆر ئاسایی دەستی بەرەو تەپۆڵکە توورەکە ڕێژەکەی شانی گوندەکەی خۆمان ڕاداشت و وتی: «ئەی پیری میرەماڵی جیهان دیدەی فرەزان، من کەس نیم و هیچ نیم و هیچ نازانم، بەلام بەم دەم و زارەوە لەلایان سۆمـای گلێنان و بینای چاوانەوە پێت ڕادەگەیەنم: تۆ هەڵبژاردراوی بۆ ئەوەی بە پلە و پایەی بالابگەی و ماڵ و سامـانی بێ ئەندازەت دەس کـەوێ، دەسا دەبێ هەمـوو شەوان لەپاش ماڵ خەوتنان لە هۆو تەپکە توورەکە ڕێژەدا پیاسە بکەی و لاق بە عەرزیدا بکوتی و هەست ڕاگری، هەر کـوێت پێ بۆشـایی و ڕەهەندە و ڕەهۆڵە بوو بیکۆڵیەوە و خاترجەم بە، بە مەبەستی خۆت دەگەی و خەزێنە و بەردەنووسی خۆت دەدۆزیەوە و خۆت و ماڵ و منداڵ و نەوە و نەتیجە و تەنانەت حەوت پشت پێی خەنی دەبن. جا پیاوم دەوێ ناهومێد و ماندوو نەبێ، بابزانین چۆن بە مرادان ناگات...».

**منیش دەڵـێم**: جـا پیـاوم دەوێ لەوێ بایە و سـۆی عـەزیزی دیبـایە کـە چۆن وەکـو شـێت و شـووران، بە هەڵەداوان و ڕاکـردن بەرەو تەپۆڵکە توورەکـە ڕێژەکـە ڕایکرد، هەتا بۆ دۆزینەوەی خەزێنە و بەردەنووسی شانس و بەختانی خۆی تاقە ساتێکیشی کات بە فیڕۆ نەدابێ.

**ئــەوا دەڵــێــم:** نیشــانم بەو نیشــانەی، هاکا پیری خەرەفاوی ئاخر شەڕ ڕایکرد و تەماشام کرد کەس بە دەوروبەری ژنە قەرەجی بەژن و باڵا دەستەی، بە ڕەنگ و ڕوو ئەسمەری، بە خوڵک و خوو ڕەزا سووک و خوێن شرینی بڕێ سەڵیتەوە نەماوە و لەکۆڵانە تەنگەبەرە چۆڵ و هۆڵەکەی ماڵە خۆماندایین، زۆر بەدڵ ئاواییەوە ئەسکیناسێکی شینی شەقم پێ نیشان دا و پێموت: «هۆ کیژە قەرەجی بەژن و باڵاو باڵا دەستەی خوێن شرینی ڕەش ئەسمەری ڕەزا سووک، کیژێ وەرە و لەبەر جوانی و کولم و لێوان و گەردن و مەمکۆڵانت مرم، ساڵە وەختێکە ژن مردووم و بێوە مێردم ئا ئەم دەرکە زەلامە ماڵە خۆتە، خانم و خاتوون بە و لەگەڵمدا وەرە با بڕۆینە ژوورەوە و ئەمشەو میوانی ئەم ئەویندارە بریندارەی خۆت بە، مەرجم بەو مەرجەی لە گۆشت و پلاوت گرم و بە پووڵ هەڵتکێشم. پێشت خۆش بوو کفتە و شۆرباوێکی چەور سازدەکەین، شۆرباوەکەی هەڵ دەقوڕێنین و کفتەکەی لێک ڕادەکێشین! مەرجمان بەو مەرجەی تا ڕۆژی ڕوون لە بری هەر گورز و گەڵایەکی شینی شەق شاباشی سمت و ساتان و گەڵ و گوانان و سنگ و مەمکۆڵانت کەم.»

**ئــەوا دەڵــێــم:** ئای مەخابن جا چ فایدە و کەڵک و قازانجی، خۆ سۆی عەزیز تاقە ئاورێکی نەداوە هەتا چاوی پێ بکەوێ و بۆی دەرکەوێ چۆن ژنە فاڵگری گەڕیدەی سەڵیتە لە خۆشی ئەو گەڵا شینانە لیکاو لەدەم و زاریەوە شۆڕ بووەوە هەر گرشە و ورشەی چاوانی دەهات و بە لەنجەی کۆتر و بە ڕەوتی کەوی خۆی لە دەستم ڕاپسکاند و بە ڕاکردن و هەڵەداوان خۆی کرد بە حەسارەکەمدا و بەوەندەی یەک و دوو خۆی گەیاندە دیوەخان و خەریکی سەماوەر هەڵکردن و سازکردنی دامودەزگای شێو و بەزمی شەوێ بوو.

**دەڵێم**: کە ڕێنوێنی ژنە قەرەجم کرد تا چی بکا و چی نەکا و جێ و شوێنی هەموو شتێکم بۆ دیاری کرد بۆ خۆم گەڕامەوە مەیانی بەر مزگەوتی نێو دێ و لەگەڵ پیاواندا وەکو ڕۆژان کردمە جەفەنگ و قسە و باس و پاش سەعاتێک و لە دوای ئەوەی نوێژی شێوانم لەگەڵ دەر و دراوسێ و مەلا و سۆفیدا بە جەماعەت ئەدا کرد، زۆر ئاسایی و وەکو هەموو ڕۆژێکی دیکە بەرەو ماڵ بوومەوە.

دیسان دەڵێم نیشانمان بەو نیشانەی ئەو شەوە تا ڕۆژی ڕوون خەو لە چاوم نەگەڕاوە و هەتا توانیم سمت و ساتانی ژنە قەرەجم هەڵگلۆفی و مەمکۆڵانیم هەڵگوشی و لێو و کولمان و بەر گەردنیم ڕامووسی و پێنج شەش چەلانم بە نێو گەڵی سەڵیتەی گەڕیدەدا کرد و دەمە و بەیانی زۆر زوو لەپاش ئەوەی تاقە دوو گەڵای شینم دایە دەستی، تا پشت ئاوایی بەڕێم کرد و ڕێگەی ئاوایی ژووروووم پێ نیشان دا و بۆ خۆم بە ئەستەغفوروڵڵا، ئەستەغفوروڵڵا ڕووم کردەوە حەوز و ئاوی بەر مزگەوت و خۆم لە ئاو هەڵکێشا و غوسڵی ناپاکیم لەخۆم دەرکرد، هەتاکو نوێژی بەیانیم قەزا نەبێ و لەپاش ئەم گشتە بەزم و ڕەزمە بەرەو ماڵ بوومەوە تاکو سەرخەوێک بشکێنم.

**دەڵــێــم**: ئەو ڕۆژەی ژنە فاڵگری گەڕیدەی سووک و چرووکی سەڵیتە هاتە گوندەکەمان و وەکو کوڕە جەحێڵەیەکی دەنگ خۆشی لەخۆبایی، دەنگی لێ هەڵبڕی و تێی چریکاند: «ئای فاڵگرم، فالان دەگرمەوە، سەربووردان دەخوێنمەوە، سەرگورەشتان دەگێڕمەوە، چارەنووسان پێشبینین دەکەم..»

چما ئەم قسە لە بۆ هەموو کەس فڕ و فیشاڵ و درۆ و دەلەسان و گەپجاڕ بوو، بەڵام بۆ سۆی عەزیزی بە ساڵاچووی میرەماڵی هەناسە ساردی چارەڕەش کەلیمەی کتێبی پیرۆز و وتەی زانایان و فرەزانان بوو و سۆی عەزیزی پیری ئاخر شەڕی فلان فلان شودە هێندە شێت و شوورانە بە بێ قەرار پووڵ و پارەی کردە کۆشی سەڵیتەی گەڕیدەوە و تکا و ڕەجای لێکرد تەڵحەی لە بۆ بگرێتەوە، چما کەس بۆی نەچوو و نەیزانی ئەم وتەیە چی بەو کابرایە دەکا؟ من سوور سوور وەکو ڕۆژی ڕوون لام ئاشکرا بوو ئەم کابرا خەرەفاوە لە خۆشی ئەم قسانە چی بەسەر خۆی دێنێ..

**ئەوا من دەڵێم:** سێ شەو دواتر، لەنیوەی شەوێدا، یان بگرە بتوانم بڵێم شتێک بەر لە تاریک و ڕوونی بەیانیدا سۆی عەزیز یەک بە خۆی نەڕاندی و لەنێو گریان و گابۆڕ و پاڕانەوەدا، زایەڵەی شین و گابۆڕەکەی بە جاری گوندەکەی وەک گۆمێکی بۆمبای ئەتۆمی تێ بهاوێی، شڵەژاند و شڵەقاند و لە هەموو ماڵانەوە گوێیان لە دەنگی بوو:

«ئەی داد، ئەی بێداد، تۆغا دا وەرن خزمینە، برادەرینە، ئای لە من، ئای لە من، ئای لە منی ڕەنج بەبادی، ڕەنج بە خەساری، پیری پشت شکاوی لێ

قەوماو! تۆغا خزمینە و برادەرینە بگەنە هانام. قەت بووە لە ماڵە خۆتدا، لە نێو جێ و بانی خەوێدا، مار بە کوڕتەوە بدات و کوڕی مارانگازت لەبەرچاوی خۆت، بەژن و باڵای جوانی سارد بێتەوە و چیت لە دەست نەیە. دا تۆغا برادەرینە، خزمینە بگەنە هانام و یارمەتیم بدەن تۆغا ئێوە بڵێن چی بکەم و چ کەردەن بم؟..»

**مـن دەڵـێم:** بەڵام ئەوە هەر من بووم کە سوور سوور دەمزانی ئەوەی پیری ئاخر شەڕی خەرەفاوی فلان فلان شوودە دەیڵێ و ئەم قسەیەی بۆ خەڵکی گوندەکەی دەگێڕێتەوە. وانییە و هەمووی درۆ و دەلەسەیە و ئەو گەنجە باڵابەرزە جوانچاکە قارەمانە بەهەر دەردێک چووبێ و لە هەر کوێیەک گیانی پاکی لە کوولەکەی ڕۆحی دەرچووبێ لە ماڵی خۆیاندا نەبووە و قسەکە وا نییە..

**دیسـانەکەش دەڵێم:** هاکا سێ چوار شەو لە دوای مەرگی یەکەم کوڕی سۆی عەزیزی میرەماڵی بەساڵاچووی چارە ڕەشی هەناسە سارد، هەمیسان لە نیوەشەودا یان شتێک بەر لە تاریک و ڕوونی بەرە بەیاندا زایەڵەی دەنگی پیری خەرەفاوی ئاخر شەڕ بۆ لە جاڕدانی مەرگی دووەم کوڕی خۆی بەرز بۆوە، هەر لەوکاتەدا کە سۆی عەزیز بەیت و حەیران و بالۆرەی تێکەڵ دەکرد و نەیدەزانی چۆن و بە چ زمانێک بەسەر کوڕە ئازیز و خۆشەویست و جوانەمەرگەکەیدا هەڵبڵێ و هەموو خەڵکی گوندەکەش وێڕای ئەو شین و گابۆڕ و قوڕ پێوانیان بوو، سوور سوور وەکو ڕۆژی ڕوون دەمزانی ئەم قسە وانییە و کوڕی سۆی عەزیز بە هەر دەردێک چووبێ لادیواری بەسەردا نەڕووخاوە و بەم دەردە نەچووە.

**دەڵـێم**: دەبێ تاوانی ژنە قەرەجێکی ڕەش ئەسمەری بەژن و باڵا دەستەی خوێن شیرینی ڕەزا سووک بێ کە وەکو فاڵگرێکی گەڕیدە دەکەوێتە جەولە و شار بەشار و گوند بە گوند فاڵان دەگرێتەوە و سەربووردان دەگێڕێتەوە و چارەنووسان پێشبینین دەکا و خولیا و خەونی ڕەنگاوڕەنگ لە دڵ و دەروونی زۆر کەساندا پێک دێنێ و دەیان و سەدان زەلامی وەکو سۆی عەزیزی بە ساڵاچووی میرەماڵی پیاو ماقووڵی گوندەکەی ئێمە شێت و شەیدای دۆزینەوەی بەردە نووسێک دەکات کە بە خەیاڵ بایەخ و پووڵ و پارەی فرۆشەکەی خۆی و ماڵ و منداڵ و تەنانەت پشتا و پشتی خەنی دەکات و لەبۆ بەدیهێنانی ئەم خەون و خولیایە ئاوا بەسەر خۆی دێنێ و دەبێتە سۆی عەزیزی پیری خەرەفاوی ئاخر شەڕی فلان فلان شوودە و تەنانەت لە پاش ئەوەی دوو کوڕی لاوی لێهاتووی، خۆی وتەنی: (مەل و مەلایکە و قارەمان) بە گوللەوە دەنێ، دیسانیش و هەمیسان لەپاش مەرگی دووەم کوڕی دەستبەردار نابێ و جارێکی دیکەش لەنیوەشەودا یان شتێک بەر لەتاریک و ڕوونی بەرە بەیاندا خۆی دەگەیەنێتە پشت بڵێندگۆی مزگەوت و ئاوا لە بانگ و سەڵا دەدا:

«ئەی داد، ئەی داد، ئەی بێداد، هەی وەی لە منی پیری لێقەوماوی هەناسە ساردی چارەڕەش، چۆن بوومە پیری ئاخر شەڕی بکوژی سێ کوڕانم و چۆن نەیامەت و نەهات و قۆرت و کەند و کۆسپان دەرکیان پێ گرتووم و کارەسات لە پشت کارەسات و نەهات و نەیامەت و قۆرت لەپاش نەهات و نەیامەت و قۆرتان بەسەرمدا دەبارن، ئەرێ تۆغا خزمینە، برادەرینە پێم بڵێن چی بکەم لەسەر ئەم داری دونیایە؟ قەت بووە لەپاش مەرگی دوو مەل و دوو مەلایکە و دوو قارەمانم. شەوێ لەنیوە شەودا سێیەم کوڕم لەناکاو خۆ بکا بەماڵێدا و من لەتاریکاندا وابزانم ئەمە خراپکارە و لەبۆ خراپە هاتووە، دەیجا هەڵکێشمە خەنجەرێکی دەبانێ کە دەمەکەی جەوهەری لێ دەبارێ و لە چاو چووقانێکدا دڵ و دەروونی شەقار شەقار کەم و هیچ تاقە ئاهێکی بۆ هەڵ نەکێشرێ.

هەی داد، هەی داد، هەی بێداد، وەی لە منی پیری پشت شکاوی ئاخر شەڕی لێقەوماو.. سێ مەل و سێ مەلایکە و سێ قارەمانم ڕۆ. قەت بووە سێ کوڕانم لەبەرچاوم لەخوێندا بگەوزێن و لەشیان ساردبێتەوە و نەتوانم تاقە کەلامێکیان لەگەڵدا بدوێم و هەر لەبەر چاوی خۆم لە باوشی خۆمدا گیانیان دەرچێ. ئەی داد، ئەی داد، ئەی بێداد، وەی لە منی ڕەنج بە بادی ڕەنج بە خەساری پیری پەککەوتەی ئاخر شەڕی لێقەوماو... وەی، وەی وەی...»

**ئەوا دەڵێم:** خەتی خوار هەر لەژێر سەری گای پیردایە، خۆ من ئەوەم نەوتووە، قسەی ئەمڕۆ و دوێنێ و پارو پێراریش نییە و زۆر لە قەدیمەوە ئەمەیان وتووە، ئاخە چما سۆی عەزیزی میرەماڵی بە ساڵاچووی پیاوماقووڵی ئەم گوندە بەسەری پیری لەونی لێ گۆڕابوو و ببووە پیرێکی خەرەفاوی ئاخر شەڕی هەناسە ساردی چارەڕەش،

دەیجا خۆ ئەم هەموو کەیخودا و ڕیش سپی و پیاو ماقووڵی ئەم گوندە شێت نەببوون و عەقڵیان نەگۆڕابوو و ڕیشیان لە ئاشی سپی نەکردبوو، ئەی بۆچی لەپاش ئەوەی دوو کوڕە لاوی کاکۆڵ زێڕینی بەم چەشنە و لەسەر هیچ و پووچ و بە چەشنێکی جێی گومان تێدا چوون، ئەی لەبەرچی کەیخودایەکی پیاو ماقووڵی ڕیش سپی ئەم گوندە نەچوو یەخەی سۆی عەزیز بگرێ و پێی بڵێ: «کوڕە بابم سۆی عەزیز، خۆ وا نابێ، ئەم گەنجە بە بێ تاوانانە بۆ دەنێیی بە گوللەوە؟ ئەرێ سۆی عەزیز بۆچی بە شوێن پڕ و پووچ و نەیدە و نەشنفتە کەوتووی و ئەم تفلانە بۆچی یەک بەدوای یەکدا دەکەیە قۆچی قوربان؟ بەکام گوناە و بەکام سەزاو و بە کام تاوان؟ کوڕە ماڵ کاول عەقڵداری گوندەکە دەزانن وەکو تۆ دەڵێیی وا نییە و ئەم تفلە مەل و مەلایکانە یەکیان وەژێر دیوار نەکەوتووە و ئەوەی دیکەشیان مارانگاز بووبێ...»

**دەڵێم**: جا کە ئەمەیان بە سۆی عەزیز نەوتووە، ئەی لەبەرچی لانی کەم ئەو تاقە کوڕەش کە مابوو، کەس ئامۆژگاری نەکرد و لەو مەترسییەی چاوەڕوانی بوو ئاگاداری نەکردەوە؟ ئەی بۆچی و لەبەرچی؟ ڕەنگە لەبەر ئەوە بێ کە ئەوە تا دنیایە هەرکەس دزی گای خۆیەتی و کەس لە خەمی کەسدا نییە، ئەی کەس لەم ئاوەدانییەدا نەبووە کە پێشبینینی ئەم نەیامەتیانەی کردبێ؟

**دەڵێم**: پیاو نازانێ بڵێ چی! بێت و بچی و بەسۆی عەزیزی پیری پەککەوتەی خەرەفاوی ئاخر شەڕ بڵێ ئەرێ کابرا نهێنی و ڕاستی مەرگی ئەم تفلانە چۆن بوو؟ بۆ خۆی هیچ، زۆربەی پیاوانی خێڵ و عەشیرەت و گوندەکە بە گژتدا دێن و تف و نەحلەتت دەکەن و بەسەنگی سیات هەڵدێنن، بەڵام خۆ منیش وەکو ئەم چەند ئەقڵدارەی نێو گوندەکە هەرگیز وتەی سۆی عەزیزم وەکو خۆی دەڵێ نەسەلماندووە و باوەکو کارەساتەکە دڵ و دەروونمی ڕیشاڵ ڕیشاڵ کردووە، بەڵام وای بۆ دەچم، سۆی عەزیز بۆ دۆزینەوەی ئەم بەردەنووسە هەر شەوێ یەکێ لەم تفلانەی لەگەڵ خۆیدا بردووبێ.

**وا من دەڵێم:** ڕەنگە گۆڕە کۆنێکی دۆزیبێتەوە و هەڵیانکۆڵیبێ و لەوەدا یەکەم کوڕی مار گەزیبێتی. ڕەنگە ڕەهۆڵە و ئەشکەوتێکی دۆزیبێتەوە و هەڵیکۆڵیبێ و لایەکی بەسەر دووەم کوڕیدا ڕووخابێ، ڕەنگە لەنێو گۆڕ و ڕەهۆڵە و ئەشکەوتێکدا بەردێک، کووپەیەک، شتێکی دۆزیبێتەوە و لەوەدا، لەسەر ئەم شتە لەگەڵ سێیەم کوڕدا لێی بووبێتە شەڕ و چەقۆیەکی بەزگیدا کردبێ، یان نا، سێیەم کوڕ لەسەر مەرگی براکانی لەگەڵ سۆی عەزیز دایبەستبێ و ئەویش چەقۆیەکی بەزگیدا کردبێ، دەڵێن: نا هەر لە نووکەوە یەکەم کوڕ ڕێگەی لەگەڵ سۆی عەزیز بۆ ئەم گەڕان و دۆزینەوەیە دانەگرتووە و ئەویش لە داخانا دەرماندراوی کردووە، دەشڵێن: ئەم سەردەرانە دەرگا و لادیوارە ڕووخاوەی سۆی عەزیز دەڵێ بەسەر دووەم کوڕیدا ڕووخاوە، ناتوانێ ببێتە هۆی کوشتن و لەنێوبردنی گەنجێک و سۆی عەزیز بە هەر هۆیەک و لەسەر هەرچی بێ بۆ خۆی بەردەپووتێکی بەسەریدا داوە و کوشتوویە و دوایە سەردەرانە و لادیوارەکەی بەسەردا ڕووخاندووە.

وتوویانە سێیەم کوڕ لە پشتەوە زامار بووە، یەکەم زەبری لە پشتەوەڕا خواردووە و ئەو زامەی پشتەوەی قووڵ و کاری بووە و ئەگینا زامەکانی قەبرغە و سەر زگ و سنگی شتێکی وا نەبوون.

لە بەینی خۆماندا بێ شتێکی دیکەش دەڵێن. دەڵێن سۆی عەزیز بۆ بەدیهێنانی مەبەستێکی بەرز کوڕەکانی یەک لەدوای یەک بەڕێی پشت گوند و نێو شاخ و چیایە دەکرد و هەرسێکیان لەپێناوی بەدیهێنانی ئەو مەبەستە نهێنییەی سۆی عەزیزدا گیانی پاکیان لەدەست داوە!

**دەڵێم**: نازانم بڵێم چی؟ ڕەنگە ئەو قسانە هەر هەمووی ڕاست بن و هەر کامەی بەسەر کەسێک هاتبێتن! ڕەنگە هەرهیچی وا نەبن و شتی وا نەبووبێ و نەقەومابێ و هەمووی فڕ و فیشاڵ و قسەی خەڵک بن.

بەڵام لەپاش هەمووی ئەمانە قەت بووە قسەی ژنە قەرەجێکی ڕەش ئەسمەری بەژن و باڵا دەستەی خوێن شیرینی ڕەزا سووکی گەڕیدە و سەڵیتە وا بکات کە سۆی عەزیزی بەساڵاچووی میرەماڵی پیاو ماقووڵ بکاتە پیرێکی پەککەوتووی خەرەفاوی ئاخر شەڕی فلان فلان شودە کە کەس نەزانێ چۆن و لەبەرچی سێ کوڕی خۆی بە گوللەوە نابێ!!

# تاریکخانە

سادق هیدایەت
لە فارسییەوە: کەریم سۆفی

ئەو پیاوەی شەوانە لەسەر ڕێی (خونسار) سواری ئۆتۆمبیلەکەی ئێمە دەبوو، بەباشی خۆی لە پاڵتۆ زستانییە سورمەییەکەی وەرپێچابوو، شەپقەکەی تا سەرچاوانی لارکردبووەوە، وەک ئەوەی بیەوێ لە ڕووداوەکانی دنیای دەرەوە و تێکەڵبوون لەگەڵ خەڵکی بەدوورو پارێزراوبێت، پریاسکەیەکی وەرپێچراوی لەبن کەوشی بوو، لەنێو ئۆتۆمبێلەکەدا بەتوندی دەستی پێوە گرتبوو. لەماوەی ئەو نیو سەعاتەی کە پێکەوە لەنێو ئۆتۆمبێلەکەدا بووین، بەهیچ شێوەیەک تێکەڵ قسەی شوفێرەکەو سواربووەکان نەبوو! خۆی خستبووە ژێر بیرکردنەوەیەکی توندودژوار. هەرکاتێ گلۆپی ئۆتۆمبێلێک، یان ڕووناکاییەکی دەرەوە، ناو ئۆتومبێلەکەمانی ڕووناک دەکردەوە، من بەدزییەوە سەیرێکی دەم و چاویم دەکرد؛ سەروسیمایەکی سپی و ڕەنگ هەڵبزڕکاو، لووتێکی بچکۆلەی قەڵەمی و پێڵووەکانی بەهیلاکی هاتبوونە خوارەوە، قۆرتی خڕی دەوری لێوەکانی، بەتوانایی و بڕیادەری و ئیرادەی ئەویان دەگەیاند. وەک ئەوەی کەللە سەرێکی لەبەرد داتاشراوبێت! تەنیا هەندێک جار لازمانێکی بەلالێوەکانی دادێناو ئیدی لە فیکران ڕادەچوو! ئۆتۆمبێلەکەمان لە (خونسار) لەبەردەم گەراجی شار وەستا، ئەگەرچی بڕیار وابوو بەدرێژایی شەوەکە ڕانەوەستین، بەڵام شوفێرو هەموو ڕێبوارەکانی دیکە هاتنە خوارەوە، من تەماشایەکی دەرودیواری گەراج و قاوەخانەکەم کرد، بینیم ئەوەندە میوان ڕاگر نەدەهاتنە بەرچاو، پاشان چوومە نزیک ئۆتۆمبێلەکەو بۆ بڕاندنەوەی بیانووەکانم بەشوفێرەکەم وت: «بەدڵنیاییەوە دەبێ ئەم شەو لێرە بمێنینەوە؟»



«بەڵێ، ڕێگاکە ناخۆشە، ئەم شەو دەمێنینەوە، سبەی لەگەڵ گەردی بەیانی دەکەوینەڕێ.» یەکسەر بینیم ئەوکەسە هاتە لام کە پاڵتۆکەی لەخۆ وەرپێچابوو، بە دەنگێکی هێمن و لەسەرخۆ وتی: «ئێرە شوێنێکی لەبارو گونجاو نییە! ئەگەر ناسیاوێک، یان شوێنێکت بۆ خۆت ڕەچاو نەکردووە، دەکرێ بفەرموونەماڵی من.»

– زۆر سوپاس! نامەوێ ببمە مایەی زەحمەتیتان.

– من حەز بە یەکترناسین ناکەم، من نە تۆ دەناسم و نەدەشمەوێ بتناسم تا منەتت بێخەسەر، بەڵام لەوکاتەی کە ژوورێکم بە ئارەزووی خۆم بۆ خۆم دروست کردووە، ژوورەکەی پێشترم بەچۆڵی ماوەتەوە، واشی بۆ دەچم کە لەم قاوەخانەیە ئیسراحەتترە.

شێوازی قسە سادەو ساویلکەو بێ سەروبەرەکەی و یەکتر ناسین و تەکلیف کردنەکەی کاری تێکردم و تێگەیشتم کەوا من لەگەڵ کابرایەکی ئاساییدا سەروکارم پەیدا نەکردووە، بۆیە وتم: «زۆرباشە، ئامادەم..!» بێ دوو دڵی، وە دوای کەوتم! لایتەکەی دەستی لەگیرفانی دەرهێناو ڕۆشناییەکی ڕاست و ڕەوانی توند کەوتە بەر پێمان، چەند کۆڵانێکی بەرزونزمی دیوار قوڕمان تێپەڕاند، دنیا کڕوبێدەنگ بوو، بە ڕادەیەک کشومات بوو، مرۆ سامی لێ دەنیشت. شوڕە شوڕی ئاو دەهات و کزەبایەکی فێنک لەسەرووی درەختەکانەوە هەڵیدەکردو دەپرژایە سەر ڕوخسارمان. تروسکەی چرای دووسێ ماڵ لە دوورەوە بەدی دەکرا! ماوەیەک تێپەڕی لەنێو بێدەنگی و کپیدا دەڕۆیشتین، من بۆ ئەوەی هاوڕێیە نەناسیاوەکەم بێنمە قسە، وتم: «دەبێ ئێرە شارێکی جوان بێت!»

وەک ئەوەی بەقسەکەی من سەرسام بێت، دوای کەمێ وردبوونەوە، زۆر لەسەرەخۆ وتی: لەنێوان ئەو شارانەی کە من لە ئێراندا بینیومن، خونسارم پەسندکردووە، نەک لەبەر ئەوەی کشت و کاڵ و دارو درەختی بەردارو ئاوی زۆر، بەڵکو زیاتر لەبەر ئەوەی تاکو ئێستاش حاڵەت و کەش و هەوای دێرینی خۆی پاراستووە، چونکە هێشتا حاڵەتی کۆڵان بەدوای کۆڵان، نێوان سەکۆو پایەی ئەم خانووە قوڕانەو دارودرەختە بەرزە کڕەکانیان لەنێو کەش و هەوای جاران ماون و دەکرێ بۆن بکرێن و حاڵەتی میوانداریکردنی خۆمانەیان لەدەست نەداوە، یان لێرەدا زیاتر لێک ترازاوو پەرتن، هەمان حاڵەت کە زیاتر شاعیرانە خۆیان دەنوێنن، ڕۆژنامە، ئۆتۆمبێل، فڕۆکەو هێڵی شەمەندەفەر لە بەڵایەکانی ئەم سەدەیەن!! بەتایبەتی ئوتۆمبێل بەخۆوو بەم هۆڕنەو گڕوهۆڕە، ورەی سەکن و شوفێر تا دوورترین کوێرە گوند دەبات، بیروڕای تازە گەیشتووی ناخ و ناوەوە، سەلیقەی خوار و خێچ و لاسایی گەوجانە لە هەموو کون و کەلەبەریکەوە دەچەپێنێ! ڕۆشنایی لایتەکەی دەستی، لە پەنجەرەی ماڵەکان دەداو دەیوت: «تەماشاکە، پەنجەرە نەخشێنراوەکان، خانووە لێک جیاکان هەیانە، مرۆڤ هەست بەبۆنی خاک دەکات، بۆنی یۆنجەی درواوە، بۆنی پیسی ژیان، دەنگی شێرە کلۆو تەیرو تواری بچووک... خەڵکی بەساڵاچوو و سادەو ئازار چەشتوو، ئەمانە هەموویان دنیای لەبیرکراوی کۆن دەخەنەوە یادو مرۆڤ لە مقۆمقۆی دنیای تازە دوور دەکەنەوە..» پاشان یەکسەر وەک ئەوەی بەخۆ بێتەوە کە منی داوەت کردووە، پرسی: «نانی ئێوارەت خواردووە؟»

– بەڵێ، لە گوڵپایگان نانی ئێوارەم خواردووە.

چەند دەو ڕووبارێکمان جێهێشت، لە کۆتاییدا لە نزیک چیایەک، دەرگای باغچەیەکی کردەوەو هەردووکمان چووینە ژوورەوە، گەیشتینە بەردەم بینایەکی تازە دروستکراو، چووینە ناو ژوورێکی بچووک کە یەک قەرەوێڵەی سەفەری و مێزێک و دوو کورسی پشوودانی تێدا بوو، چرا نەوتییەکەی داگیرساند، چووە ژوورێکی دی، پاش چەند خولەکێک بە بێجامەیەکی گوڵداری ڕەنگ گۆشتی هاتەوەو چرایەکی دیکەی هێناو دایگیرساند، پاشان ئەو پریاسکەیەی لە ڕێ لەلای بوو، هێناو کردیەوەو ئابا ژۆرێکی(*) سووری لەشێوەی ڕەحەتی دەرهێناو خستیە سەر چراکە، دوای کەمێک ڕامان، وەک ئەوەی لە کارێکدا دوودڵ بێت! وتی: دەفەرموون، بچینە ژووری تایبەتی خۆم!

چرا کڵاودارەکەی هەڵگرت و بە داڵانێکی تەسک و تاریکی تاقداری هاوچەشنە تێپەڕین کە لەشێوەی لوولەیی دروست کرابوون، تاق و دیوارەکانی بە قوڕە سۆر سواغ درابوون و ناوەوەش بە بەڕەوکلیمی سوور داپۆشرابوون، دەرگایەکی دیکەی کردەوە، چووینە حەوشەیەک لەشێوەی ژوورێکی هێلکەیی بوو، وەک دیاربوو، هیچ کون و کولانکەیەکی بۆ دەرەوە نەبوو جگە لە دەرگایەک کە بەرەو داڵانەکە دەکرایەوە، بەبێ قوڕنەو بەبێ هێڵی ئەندازەیی دروستکرابوو و تەواوی دارو دیوارو بنمیچ و ناوەوەی بە مەخمەری سوور داپۆشرابوو، لەو بۆن و بەرامە قورسەی کە لە هەوادا پەرش و بڵاو بوو، پشیم ڕۆیشت، چرا سوورەکەی لەسەر مێز داناو خۆیشی لەسەر قەرەوێڵەکە دانیشت کەلە ناوەڕاستی ژوورەکەدا بوو، ئاماژەی بۆمن کرد لە ڕۆخ مێزەکە لەسەر کورسییەک دانیشتم، پەرداخێک و گۆزەیەک دۆی لەسەر

مێزەکە دانابوو، من بەسەرسامی و حەیرمانەوە تەماشای دەرودیوارم دەکردو لەبەرەخۆمەوە، وام زەن دەکرد؛ بە دڵنیاییەوە کەوتوومەتە داوی یەکێک لەو نەخۆشە شێتانەی کە ئەمە ژووری ئەشکەنجەدانی ئەوەو بە ڕەنگی خوێنی دروست کردووە تا تاوانەکانی ئاشکرا نەبێت و هیچ کون و دەروازەیەکی بۆ دەرەوە نەبوو کە فریای مرۆڤ بکەوێت! چاوەڕوانی ئەوەبووم کە لە هیکەوە خوترمەیەکم بە تەوقی سەری بکەوێ! یان دەرگاکە دابخرێ و ئەم کەسە بەخۆو بەکێردێک، یان تەورێک هێرشم بکاتە سەر، بەڵام ئەو بەهەمان شێوازە لەسەر خۆیەکەی پرسی: «ژوورەکەی منت چۆن دێتە بەرچاو!؟»

– ژوور؟ ببەخشن، من وا هەست دەکەم لەنێو کیسەیەکی نایلۆن دانیشتووم.....!

ئەو بەبێ ئەوەی بایەخ بەقسەکەی من بدات، دووبارە وتی: «خواردنی من شیرە، تۆش دەیخۆی..؟

– سوپاس، من نانی ئیوارەم خواردووە..

«پەرداخە شیرێک خراپ نییە!»

گۆزەو پەرداخەکەی لەبەردەمی من دانا، ئەگەرچی حەزم لێ نەبوو، بەڵام بتەوێ و نەتەوێ، پەرداخە شیرێکم بەسەرداکرت و خواردمەوە. پاشان خۆیشی شیرەکەی دی لە پەرداخ کرد، زۆر لەسەرەخۆ قومی لێ دەداو بە زمان دەوری لێوەکانی خۆی دەلێستەوە، لێوەکانی دەبریقانەوە، پێڵووی چاوەکانی بەشێوەکی خەفەتبار داکەتبوون، وەک ئەوەی یادەوەرییەک بەسەر بکاتەوە، ڕوخساری ڕەنگ پەڕیوی گەنجەکە، لووتە کورت و بێگەردەکانی، لێوی گۆشتنی، لەبەردەم ڕۆشنایی سوور، حاڵەتێکی هەوەست بزوێنی بەخۆوە گرتبوو، نێوچەوانێکی پانی هەبوو کە دەمارێکی شینی ئەستووری تێدا دەبیندرا، پرچە خورماییەکەی هاتبووە سەرشانی، وەک ئەوەی لەگەڵ خۆیدا قسە بکات وتی: «من هیچ وەختێ هاوبەشی کەیف و سەیفی کەسانی دیکەم نەکردووە، هەمیشە هەستێکی سەخت، یان هەستێکی بەدبەختی، پێشی لەمن گرتووە، دەردی ژیان، گرفتی ژیان، بەڵام لە هەموو ئەو گرفتانە گرنگتر، تێکگیران و شەڕکردنە لەگەڵ خەڵکی، شەڕی کۆمەڵگەی بۆگەن، شەڕی خۆراک و پۆشاک، هەموو ئەوانە هەمیشە بەرایی لە بێداربوونەوەی ڕاستەقینەی ئێمە دەگرن، سەردەمێک بوو، چوومە ناو ئەوانەوە، ویستم وەک خەڵکانی دیکە ڕەفتار بکەم، تەماشام کرد، گاڵتەم بەخۆم کردووە، ئەوەی کەوا زەن دەکرێت خۆشی و چێژە، هەموویم تاقی کردەوە، بینیم کەیف و سەیفی خەڵکانی تر بەکەڵکی من نایەت، وام هەست دەکرد کە هەمیشەو لە هەموو شوێنێکدا بیانیم و غەریبم و هیچ پێوەندییەکم بەخەڵکانی دیکەوە نەبوو، من نەمدەتوانی خۆم لەگەڵ ژیانی خەڵکانی دی بگونجێنم.

هەمیشە بەخۆمم دەوت: ڕۆژێک دێ لە کۆمەڵگا هەڵدێم و لە گوندێک، یان شوێنێک گۆشەگیر دەبم. شوێنێک کە لەناخی خۆمدابم، شوێنێک کە فیکرەکانم تێیدا پەرتوبڵاو نەبن... من هەر لە بنەڕەتەوە بە تەمبەڵی خولقاوم، کاروهەوڵدان ئیشی مرۆڤی ناخ بەتاڵە، بەم هۆکارەوە دەیانەوێ ئەو چاڵەیە پڕ بکەنەوە کە لەناو خۆیاندایە، ئیشی کەسانێکی چاوبرسییە کە لەبن پنچکان سەریان دەرکردووە، بەڵام باب و باپیرانی من کە ناخ بەتاڵ و ڕووت و ڕەجاڵ بوونە، کارێکی زۆریان کردووەو ڕەنجێکی زۆریان کێشاوەو بیریان کردووەتەوەو بینیویانە وردو دروشتی تەمبەڵییان تێپەڕاندووە.

ئەم چاڵەیەی ناو ئەوان پڕببوو، هەموو میراتی تەمبەڵی خۆیان بۆ من بەجێ هێشتووە! من شانازی بە باب و باپیرانم ناکەم، وێڕای ئەمە لەم وڵاتەدا، وەکو شوێنانی دیکە چینەکان بوونیان نییە، هەر یەکێک لەو وڵاتانەو دەسەڵاتانە، ئەگەر بەباشی کون و کەلێنەکانیان بپشکنی، دووسێ پشت بەر لەوان، دز، ڕێگر، دەرۆزەکەری دەربار، یان پارەدار بوونە، خۆ ئەگەر زیاتریش پێ لەسەر باب و باپیرانم دابگرم، ئەوە باپیرە گەورەی هەموو کەسێ، دەگاتەوە سەر گوریللاو شەمپانزە، بەڵام لێرەدا شتێک هەیە، من بۆ کارکردن نەخولقاوم، تەنیا کەسانی تازە پێگەیشتوو لەم ناوەدا دەتوانن بەقسەی خۆیان لەنێو ئەم ژینگەیەدا توانای خۆیان بخەنە ڕوو، کۆمەڵگەیەکیان بەپێی هەوەست و هەڵپەو ئارەزووی خۆیان دروست کردووەو لە بچووکترین ئەرکەکانی ژیاندا، دەبێ یاسا بە زۆرەملێ و کۆیلە ئاسا وەکو کەبسوول قووت بدەن، ئەم کۆیلەتییەی کەناویان لێناوە کارو هەموو کەسێکیش بۆ مافی ژیانی خۆیان، دەبێ دەرۆزە لەوان بکەن، لەنێو ئەم ژینگەیەدا، تەنیا کۆمەڵە دزێک، گەوج و بێ شەرم و نەخۆش، مافی ژیانیان هەیە، خۆ ئەگەر کەسێک دزو دەروون نزم و کاسە لێس و کوسکێش نەبێ، دەڵێن (شایانی ژیان نییە!) ئەو دەردانەی کە من هەمە، ئەو بارە مێراتیەی کە لە ژێریدا چەماببوومەوە، ئەوان ناتوانن تێی بگەن! ماندووبوون و هیلاکی باب و باپیرانم لەنێو مندا مابووەوەو نوستالیژیای ئەم ڕابردووەم لەخۆمدا هەست پێکرد.

«دەمویست وەکو زیندەوەرانی زستانی، بچمەوە ناو

کونێک، لەنێو تاریکی خۆمدا نقووم بم و لەنێو خۆمدا هێز پەیدا بکەم، هەروەکو چۆن لەنێو تاریکخانەدا وێنەی سەر ڕووی جام دەردەکەوێ، ئەو شتانەی کە لەنێو ئادەمیزاددا ناسک و شاراوەن، بەهۆی ڕاکەڕاکەو هەراو هۆریاو ڕۆشنایی دەخنکێن و دەمرن، تەنیا لەنێو تاریکی و کپیدایە کە بۆ ئادەمیزاد دەدرەوشێنەوە، ئەم تاریکییە لەنێو خۆمدا بوو، بێ مەبەست هەوڵم دا ئەوان بەرز بکەمەوە..... ئەو داخەی کە هەمە ئەوەیە کە بۆچی بێئاگا لەخۆم، بۆ ماوەیەک پەیڕەوی خەڵکانی دیکەم کرد! ئێستا تێگەیشتم کە پڕ بایەخترین بەش لەمندا، هەمان تاریکی و هەمان بێدەنگی بووە! ئەم تاریکییە لەنێو مۆخی هەموو تەکاندەرێکدا هەیە، تەنیا لەکاتی گۆشەگیری و گەڕانەوە بەرەو خودی خۆمان، ئەوکاتەی کە لە دنیای دیاردەدا دوور دەکەوینەوە، لامان دەردەکەوێ، بەڵام هەمیشە خەڵکی هەوڵ دەدەن لەو تاریکییەو گۆشەگیریەدا ڕاکەن! گوێچکەی خۆیان لە بەرامبەر زەنگی مەرگدا دابخەن، کەسایەتی خۆیان لەنێو دادوبێدادو هەراو هۆریای ژیاندا بسڕنەوەو لەناو ببەن! وەک سۆفییەکانیش وتەنی، نامەوێ «نووری هەقیقەت لەمندا بدرەوشێتەوە!» بەپێچەوانەوە، لە چاوەڕوانی هاتنی ئەهریمەنم، دەمەوێ بەوجۆرەی کە لەنێو خۆمدا هەم، بێدار ببمەوە! من حەزم لە ڕستەی بریقەدارو ناواخن پووچەڵەکانی ڕووناکبیران نییەو ناشمەوێ لە پێناو پێداویستییە چەپەڵەکانی ئەم ژیانەشدا، کەسایەتی خۆم بدۆڕێنم کە بە گوێرەی هەواو ماشای دزان و قاچاغچیان و پارە پەرستانی گەوج و گێل فەراهەم بووەو بەڕێوە چووە.

«تەنیا لەنێو ئەم ژوورەدایە کە دەتوانم لەناو خۆمدا بژیم و هێزو توانام بەلاش و خۆڕایی نەڕوات، ئەم تاریکی و ڕووناکییە سوورە بۆمن پێویستە، ناتوانم لەنێو ژوورێکدا دانیشم کە پەنجەرەی لە پشت سەرەوە بێت، وەک بڵێی بیرۆکەکانم پەرتوبڵاو دەبن!

کەیفم بە ڕووناکایی نایێ، لەبەردەم ڕووناکاییدا هەموو شتێک بەڕەونەق و لووس و ئاسایی دێتە بەرچاو، ترس و تاریکایی، سەروچاوەی جوانناسین! پشیلەیەک بەڕۆژ، ئاژەڵێکی ئاساییە، بەڵام بەشەو لەنێو تاریکاییدا، چاوەکانی دەدرەوشێتەوەو تووکی لەشی دەترووسکێتەوەو جووڵانەوەکەی پەنهان و ڕەمزدار دەبن، بنەگوڵێک کە بەڕۆژ کزو مەلوولەو تەونی جاڵجاڵۆکە دایپۆشیوە، شەو وەک ئەوە وایە کە چەندان نهێنی لە دەوریدا شەپۆل دەدەن و واتایەکی تایبەتی بەخۆی دەبەخشێت، ڕووناکایی هەموو جووڵێنەرەکان بێدارو ئاگادار دەکاتەوە، لە تاریکایی شەودایە کە هەموو ژیان، هەموو شتێکی ئاسایی، حاڵەتێکی ڕەمز ئاسا بەخۆوە دەگرن، تەواوی ترسە بزر بووەکان، بێدار دەبنەوە، لە تاریکاییدا ئادەمیزاد دەخەوێت، بەڵام دەبیسێت. خودی کەسەکە بێدارەو ژیانی ڕاستەقینەش ئەوکات دەست پێدەکات، ئادەمیزاد لە پێداویستییە هیچ و پووچەکانی ژیان بە دوورەو پێویستی پێیان نییەو بەناو دنیاکانی مەعنەویدا ڕێ دەکات، ئەو شتانەی دێتەوە بیر کە هەرگیز پەی پێ نەبردوون...»

دوای ئەم گوتارە چڕوپڕە، یەکسەر بێدەنگ بوو، وەک ئەوەی مەبەستی لەم هەموو قسەکردنەدا، پاکانەکردن بێت بۆ خۆی! ئایا ئەو کەسە، منداڵی خانەوادەیەکی شەکەت و ماندوو و بێزار لە ژیان بوو، یان نەخۆشییەکی سەیرو غەریبی هەبوو! بەهەرحاڵ وەکو خەڵکی ئاسایی بیری نەدەکردەوە! من نەمدەزانی چ وەڵامێکی بدەمەوە! سەروسیمای حاڵەتێکی تایبەتی بەخۆوە گرتبوو. ئەو هێڵەی کە بە ڕۆخ لێوییەوە تێدەپەڕی قووڵترو تۆختربوو، دەمارێکی شین لە نێوچەوانیدا ڕەپ ببوو، وەختێ قسەی دەکرد، لاپەڕی کەپووەکانی وەلەرزە دەکەوتن، ڕەنگ پەڕیوییەکەی لەبەردەم ڕۆشنایی سووردا، حاڵەتێکی هیلاکی و خەمباری بەسەروسیمای دەبەخشی. لە کەللە سەرێک دەچوو کە لە شەمێ دروستیان کردبێت و ئەو حاڵەتەشی کەلەنێو ئوتومبێلەکەدا بینیبووم. وەکو دژوپێچەوانە دەهاتە بەرچاو، کاتێ سەری لەبەرەخۆ دەنا، بزەخەنەیەکی سەرپێی لەسەر لێوەکانی نەخش دەبوو، پاشان وەک ئەوەی کە لە هیکڕا زەینی دابیتێ کە بە نیگایەکی توندو گاڵتەئامێز سەیری ناکەم وتی: «تۆ ڕێبواری و ماندووی، من ئەو قسانەم هەمووی لەبارەی خۆمەوە بوو...! هەر کەسێک هەرچی دەیڵێت لەبارەی خۆیەوەیتی، تەنیا ڕاستییەک کەلای هەموو کەسێک هەیە، خودی هەمان کەسە، هەموومان بێ ویستی خۆمان لەمەڕ خۆمان قسە دەکەین، هەتا لە بابەتەکانی دەرەوەشدا، هەستەکان و بینینەکانی خۆمان بە زمانی کەسانی دیکە دەگێڕینەوە، گرفتارترین کارەکان ئەوەیە کەوا کەسێک بتوانێت هەقیقەتی خۆی چۆنە، ئاوای بڵێت..»

لە وەڵامدانەوەکەی خۆم پەشیمان بوومەوە، چونکە زۆر بێ جێ وڕێ و بێ مانابوو. لام دیارنەبوو کەوا دەمەوێ چی بڵێم. گوایە تەنیا مەبەستم خۆ ڕەپێشکردنێکی ناڕاستەوخۆبوو سەبارەت بە میوانداریکردنەکەی، بەڵام

ئەو بێ ئەوەی هیچ بایەخێک بە قسەکەی من بدات، بە خەمباریەوە چەند ساتێک تێم ڕاما، دووبارە پێڵووەکانی لێک نا... زمانی بەلالێوەکانی دادەهێنا وەک ئەوەی هەر ئاگای لەمن نەبێت و لە دنیایەکی دیکەدا گەشت بکات، وتی: «من هەمیشە بەو ئاواتە بووم کە شوێنێکی ڕاحەت، بەهەواو ماشای خۆم ڕێک بخەم، چونکە ئەو ژوورەو شوێنەی کە خەڵکانی دی دروستیان کردبوو، بەکەڵکی من نەدەهاتن! من دەمویست لەناو خۆمدا و لەگەڵ خۆمدا بم، بۆ ئەم کارەش پوول و پارەی خۆم کۆکردەوە، هاتمە ئەو شوێنەو ئەم ژوورەیەم بەپێی خواست و ئارەزووی خۆم دروست کرد. تەواوی پەردە مەخمەرییەکانم لەگەڵ خۆم هێنا، لە وردو درشتی ئەم ژوورەیەم کۆڵییەوە... تەنیا کڵاوە سوورەکەم لەبیرکردبوو. دوای ئەوەی نەخشەو ئەندازەکەم ڕێک خست، بڕیارم دا کە لە تاران دروست بکرێت. ئەمڕۆکە پێم گەیشت، ئەگەرنا هیچ حەزناکەم لەو ژوورەی خۆم بچمە دەرەوە، یان تێکەڵی کەس بم، هەتا خۆراکی ڕۆژانەی خۆمم تایبەت کردووە بەشیر، بۆ ئەوەی لە هەر حاڵەتێکدابم، بەپاڵکەوتن بێ، یان دانیشتن... بتوانم بەسانایی بیخۆمەوەو پێویستیم بە ئامادەکردنی نەبێت، بەڵام بەڵێنم بەخۆم داوە هەر ڕۆژێک کیسەکەم بەتاڵ بوو، یان موحتاجی کەسێک بووم، ئیدی کۆتایی بەژیانی خۆم بهێنم، ئەم شەو، یەکەمین شەوە کە لە ژوورەکەی خۆمدا دەخەوم، من کابرایەکی بەختەوەرم کە بە ئاوات و ئارەزووی خۆم گەیشتووم. دیارە بەر جەستەکردنی کابرایەکی بەختەوەر، چەندە گرفتە، من هیچ کاتێک نەمتوانیوە وێنای بکەم، بەڵام ئێستا من کابرایەکی بەختەوەرم!

دووبارە بێ دەنگ بوو، من بۆ ئەوەی تەوقی ئەو بێ دەنگییە بشکێنم، وتم: «ئەو حاڵەتەی کە تۆ بەدوایدا عەودالی، حاڵەتی ئەو مەلۆتکەیەیە کە لەنێو منداڵدانی دایکیدایەو بێ ڕاکەو ڕکێش پڕکێش و مەراییکردن، لەنێوان دیوارە سوورو گەرم و نەرمەکەیدا لێی پاڵ کەوتووەو لەسەرەخۆ خوێنی دایکی دەمژێ و هەموو خواست و پێداویستییەکانی، خۆی لەخۆیدا جێبەجێ دەبێت! ئەمەش هەمان نۆستالیژیای بەهەشتی ونبووە کە لە ناخی هەموو مرۆڤێکدا هەیەو ئادەمیزاد خۆی و لە ناخی خۆیدا دەژیت، ڕەنگە ئەمەش جۆرێک لە مەرگی خوازراو و هەڵبژاردەبێت.»

وەک ئەوەی چاوەڕێی ئەوە نەکات کەوا هیچ کەس خۆی لەو قسانەی هەڵقورتێنێ کە لەبەرە خۆیەوە دەیکات، بەگاڵتە جارییەوە تەماشایەکی منی کردو وتی: «تۆ ڕێبوارو ماندووی، فەرموون بخەون!»

چراکەی دەست دایێ و تابەر داڵانەکە بەڕێی کردم و ئەو ژوورەی پیشان دام کە یەکەمین جار چووبووینە ناوی، شەو ڕاشکابوو، من هەناسەیەکی پڕ بەسییەکانم لەنێو هەوایەکی ئازاددا هەڵمژی. وەک ئەوەی لەنێو ژێر زەمینێکی تەنگ و ناخۆش هاتبمە دەرەوە، ئەستێرەکان لەبەرزایی ئاسماندا دەدرەوشانەوە، لەبەر خۆمەوە وتم: ئایا من لەگەڵ کابرایەکی شێت و ڕاڕاو دوو دڵ، یان لەگەڵ کابرایەکی سۆپرمان و زۆر ئاسایی سەروکارم پەیدا کردووە؟ بۆ بەیانی بەر لە نیوەڕۆ بە دوو کاتژمێر بە ئاگا هاتم، بۆ خواحافیزی لە خانە خۆیەکەم، وەکو کابرایەکی نامەحرەم، هێدی پێم خستبێتە ناو پەرستگایەکی پیرۆز، لەسەرەخۆ چوومە بەردەمی داڵانەکەو بە پارێزەوە لەدەرگام دا! داڵانەکە تاریک و کش و مات بوو، هێدی هێدی چوومە ناو ژوورە تایبەتییەکەی، چرای سەرمێزەکە داگیرسابوو، بینیم خانە خۆیەکە بە هەمان بێجامە گوڵدارەکەیەوە، دەستەکانی بەسەرو چاوی خۆیەوە گرتبوو، چۆکەکانی خۆی بەرەو لای سنگی وێک هێنابووەوە، بەشێوەو شکلی مەلۆتکەیەکی ناو منداڵدانی دایکی، لەسەر قەرەوێڵەکەی کەوتبوو، لێی چوومە پێش، شانیم گرت و ڕام تەکاند، بەڵام ئەو بەهەمان حاڵەت لەجێی خۆی ساردببووەوە! بە ترس و هەراسانییەوە لە ژوورەکە هاتمە دەرەوەو بەرەو گەراج ملی ڕێم گرت، چونکە نەمدەویست ئوتومبێلەکەم لەدەست بچێت.

ئایا خۆی گوتەنی: کیسەکەی بەتاڵ ببوو؟! یان لەوتەنیاییە ترسابوو کە ستایشی دەکردو حەزی دەکرد شەوی پاشتر بەلای کەمی، کەسێک لە نزیکیەوە بێت؟ دوای هەموو ئەو حاڵەتانە، ڕەنگە ئەم کەسە، کەسێکی بەختەوەری ڕاستەقینە بووبێت و ویستبێتی ئەم بەختەوەرییە هەمیشە بۆ خۆی بپارێزێت و ئەم ژوورەش، ژووری نموونەیی ئەو بێت.!

*** ئاباژۆر: کڵاوەیەکە دەخرێتە سەر گلۆپ و چرا تا ڕۆشناییەکەی پەرش و بڵاو نەبێت و بەرەو ژێرەوەی ئاراستە بێت. (و)**

**سەرچاوە:**
**کۆمەڵە چیرۆکی (سگ ولگرد)، صادق هدایت، چاپ نهم، ١٣٤٧ هەتاوی، ل١٩١-٢١١.**

# خوڕەی ئاو

**تەها ئەحمەد ڕەسووڵ**
**(سلێمانی)**

**کاراکتەرەکان:**
**پیاو**
**ژن**

(سەر ڕۆخی ڕووبارێکە لە زەردەپەڕی ئێوارەیەکدا، پیاو لەسەر بەردێک دانیشتووەو دەڕوانێتە ئاوەکە، دەنگی خوڕەی ئاو لەگەڵ دەنگی بەرزو پڕ هاوار و تریقانەوەی چەند کوڕوکاڵێکدا تێکەڵە کە لە پەڕێکی نادیارەوە دێنە بەر گوێ، دەنگە دەنگ نامێنێ و جار جارە خوڕەی ئاو دەبیسترێ)

**پیاو:** (دەڕوانێتە ئەملاو لای) هەموو ئەو قسانە پڕوپووچ بوون، هەمیشە لەسەرەتادا خەڵکی خۆیان دەنوێنن، وا خۆیان پیشان دەدەن کە هەرچی پاکیزەیی و بێگەردییە لەواندایەو خاوەنی ناخێکن پێشتر نەبووە، هەموو ئەوەش جگە لە چەکێک شتێکی تر نییەو یەکتری پێ فریو دەدەن، من وا نەبووم، لەگەڵ هیچ کەسێکدا ئەو ڕەفتارەم نەنواندووە. (وەستانێک. تەنها دەنگی خوڕەی ئاو دێت) ئەوەی کە بووم هەروا خۆم پیشان داوەو پێویستیم بە خۆ نمایشکردن نەبووە، بەڵکو من هەرگیز خۆشم پیشان نەداوە. بەڵکو ئاسایی بووم و ئەوەی لە دڵما بووە هەمیشە لەسەر لەپم بووە. ئاوا... (ڕووەو ئاوەکە دەستی درێژ دەکاو لەپی دەکاتەوە) ئەوانیش بە درۆوە ئەوە دەڵێن و لە ناوەوەشیاندا کەسێکی ترن.

(دەنگی نەرمە پێ دێتە بەرگوێ، پیاوەکە لەسەر بەردەکە هەڵدەستێ و چەند هەنگاوێک دەڕوات. پشتی لە شانۆیە و لە جێیەک ڕادەوەستێت)

**پیاو:** خۆشەویستی!! (برێک پێدەکەنێت) تەنها خۆ ویستن و بەکارهێنانی بەرامبەر بۆ حەزێکی تایبەتی! هەروەک ئامرازێک، منیش جگە لە ئامرازێکی

بەکارهاتوو و لە کەڵک کەوتوو چیتر نەبووم، کەسێک کە ئیتر ژەنگ لێی دابێ و کوژابێتەوە، خۆری لێ ئاوابووبێ و.... (دەنگی نەرمە پێ دێتەوەو شانبەشانی ژنێک دەردەکەوێت، ڕووەو پیاوەکە دەڕواو لە پشتیەوە ڕادەوەستێت)

**ژن:** ئیتر تاریک بووە، لە کەیەوە من چاوەڕێتم، بۆ ئێواران ئەوەندە لەسەر ئەم ڕووبارەیت؟ لەکاتی تاریکبووندا گوێ ئاو زۆر سامناکە.. (وەستان) ئەو بێدەنگییە دەمترسێنێت.

**پیاو:** شتێکی باشە هەست بە ترس بکەیت.

**ژن:** بێدەنگییەکی سەیرو پڕ مەترسی!

**پیاو:** (دوو هەنگاوێک لێی دوور دەکەوێتەوە) خۆشترین بێدەنگی، دەڵێی بێدەنگی بەر لە مێژووە، بەر لەوەی مرۆڤ پێ بخاتە ناو سروشتەوەو پۆخڵی بکات، بە ناخە ئاڵۆزە پیسەکەی، بە مەیل و ئارەزووە نەبڕاوەکانی و بەخیانەتی.

**ژن:** خیانەت!

**پیاو:** (تەماشای دەکات) بەڵێ بەخیانەت.

**ژن:** باشتر وایە لێرە بڕۆین، ئەم هەستەت هی ئەو کشوماتییەیە، ئەو تاریکبوونەی دنیا بەرەو کوژانەوە دەبات.

**پیاو:** (دەکەوێتە هاتوچۆکردن) هەمیشە تۆ هەر شیعرەکانی خۆت بڵێ، قسەی بە بریق و باق و ڕازاوە، لە پشت هەموو وشەیەکیشەوە حەزێکی شاراوە بۆ مەیلە تایبەتییەکان. دنیات لێ بووەتە شیعرو وا دەزانیت کەس لە نهێنی وشەکانت ناگات.

**ژن:** ( دەست دەخاتە سەر شانی) من لەگەڵ ئەوەدا ڕاهاتووم، حەزیش ناکەم بیر لەو مەسەلەیە بکەیتەوە، من تۆم دەوێ و هیچی تر. بە تەنها تۆ.

**پیاو:** بۆیە کە زانیت مناڵ نەبوونەکە لە منەوەیە دەستبەجێ گۆڕایت، بە تەنها تۆ بووە دووکەڵی جگەرەیەک و هەر قسە بوو، ژیانمان تەنها قسەیە.

**ژن:** بۆ وا بیر دەکەیتەوە؟ (وەستان) ئێمە هێشتاکە ئەوەندە بە تەمەن نین هەموو دەرگاکان لە ڕوومانداخرابن. چارەسەر هەیە و پێویستە بڕوامان هەبێت.

**پیاو:** کام چارە؟ من باوەڕم بەهیچ شتێک نەماوە.

**ژن:** دەڵێیم نزیکبوونەوە لەم ڕووبارە لە ئێواراندا شتێکی خراپە، هەر ئەوەشە وای لێکردوویت بێ باوەڕ بیت، ئێمە هێشتا گەنجین، کوا قسەکانی جارانت؟! من هێشتاکە وەکو خۆمم و لەلام هیچ شتێک نەگۆڕاوە، مناڵ هەبێت یان نا.. ئەوە بەشی ئێمە بوو، لە چارەماندا نووسراوە کە وابین، کێ دەشزانێ سبەی چی دەبێت.

**پیاو:** سبەینێ بوونی نییە، بەتایبەتی بۆ تۆ، تۆ هەرگیز نایبینیت.

**ژن:** (بەترسەوە) بۆ نایبینم؟

**پیاو:** (دەچێتە سەر ڕۆخەکە) من ئەمڕۆم لێ کوژاوەتەوە، ئیتر سبەی چۆن دێت؟ کەسێک ئەمڕۆی نەبێ بێ سبەینێشە.

**ژن:** ئەوە لای تۆ وایە، من باوەڕم بە ئێستایە و بەسبەینێش، ڕابردوو تەواو بووە و لە یادەوەریماندایە، ئای کە خۆش بوو! بۆ ئەوەی ئێستاو داهاتوومان هەبێت پێویستە درێژە بە کاتەکانی ڕابردوومان بدەین، دەبێ بەردەوام بین.

**پیاو:** (بە پەستییەوە) من ئەو بەردەوامییەم ناوێت، درۆ لە درۆدا، هەست دەکەم سێبەرەکەم هی خۆم نییەو سێبەری کەسێکی ترە.

**ژن:** لەم قسانە دەترسم، هەستە با بڕۆین ئێرە زۆر سامناک بووە. (قۆڵ دەکات بە قۆڵیدا)

**پیاو:** (خۆی لێ دەرباز دەکات) تۆ هەرگیز نەترساویت، ئەگەر بترسایتایە! ئەگەر ترست لە دڵدا بووایە (وەستان) تۆ دڵپاکی و ساویلکەیی منت بە هەل زانی (دەنگی خوڕەی ئاو و شەپۆل تاوێک دەخایەنێت) تۆ هەرگیز سڵت لە من نەکردۆتەوە.. وەک فەرشێکی ڕاخراو بەسەرمدا پەڕیتەوە، من کە ڕاستی نەخۆشییەکەمم بۆ دەرخستیت ئیتر باکت نەما، ئیتر منت کردە قوربانی...

**ژن:** ئەوە بۆ چەندەمین جارە ئەو قەوانە لێدەدەیتەوە و دەشزانیت هەمووی بەتاڵە، تەنها لە مێشکی خۆتدا شت دروست دەکەیت و گەورەی دەکەیت.

**پیاو:** (بە ڕەقییەوە) ئەگەر تەنها یەک جار ئێوەم ببینیایە بەشتێکی ئاسایی وەرمدەگرت، بەڵام دووبارە بۆوە.. ئەی نەمبینیت لە کۆڵانەکەدا پێکەوە بوون، من چاوی ئێوەم خوێندەوە، دەشزانیت کە حەز بە بینینی ناکەم.

**ژن:** (بە کەمتەرخەمییەوە) ئێمە پێشتریش یەکترمان دەناسی، لەگەڵ خوشکەکەیدا هاوڕێ بووین، ئەوەی کە بینیت تەنها سڵاوکردنێکی ئاسایی بوو و هەواڵی ماڵی ئێمەی پرسی و منیش هەروەها.

**پیـــاو:** ئیـتر لە دوای ئەو ڕۆژەوە هەست بە گـۆڕانت دەکەم، بەڵێ تۆ زۆر گۆڕاویت، دەترسم سبەینێ منالێک پەیدا ببێ و بڵـێی ئەمە کوڕ یان کچی تۆیە، بە بڕواو ئومـێـد دەسـتـخـەڕۆشم بکەیت، ئای لەو دیمەنە ئاڵۆزە (سـەری خـۆی دەگـرێت) ئەو وەختـە چ پاسـاوێک دەهێنیتەوە کە سەر لەنوێ بچمەوە بۆ عیادەی دکتۆرەکە! پێم ناڵێی چ پاساوێک؟ ئیتر کە بۆم ڕوون بێتەوە چاک نەبووم و هەروەکو خۆمم.

**ژن:** (دوورکەوتۆتەوە)

**پیاو:** ئاوا هەمیشە لەکاتی ڕاستی و شلۆقیدا وا خۆت دەردەخەیت کە گوێت لە هیچ نەبووە، نەک بەقسەی من، بەڵکو گوێ نادەیتە قسـەی خەڵکیش کە بڕانەوەی بۆ نییە.

**ژن:** (دەگـەڕێتـەوەو شـەوقـێکی سـپی ڕووناکـیـان دەکاتەوە) ئەوا مـانگ هەڵهـات، چەند دیمەنێکی جوانی هەیە.

**پیاو:** بڕۆرەوە نقوم بەرەوە لە ناو شیعرو هۆنراوەکانتا، وەک چۆن بۆ من شـــتی خـــەیاڵی و درۆ و بیـــانوو دەهۆنیتەوە.

**ژن:** بیـرتە ئێـواران پێکەوە دەمـانڕوانییـە مـانگ و هێشـتـا نیـشـانە کرابووین، وەرە دەسـتگیـرانەکـەم، من ئێـسـتـاش هەروەکـو جـارانم، تۆم خـۆشـدەوێت، بەڵام سـاڵانێکە لە دەمی تۆوە ئەو وتەیەم نەبیـسـتـووە، من گـۆڕاوم یان تۆ! ، ئەوە تۆیت دنیـات لێ هاتۆتەوە یەک، بیـسـتـوومـە خـەڵکی بەچوونە سـەر ڕووبار و دەریا خەمـەکـانیـان بە با دەکەن، دەیدەن بەدەم ئاوەوە. کـەچی تۆ.. ڕۆژ بە ڕۆژ خـراپتـر دەبیت، دەڵێی ئێـواران لە گۆڕستانەکەیت.. وەرە با بڕۆین، من و تۆ کێمان هەیە لە ژیاندا؟ لەم شارۆچکەیەدا هەمـوو ژیانمان بەسـەر دەبەین، وەرە با بەردەوامی بدەینە ژیانمان، سـبـەینێ دەرگـای ئومێدمان لێدەکرێتەوە.

**پیاو:** (بە شپرزەییەوە) سبەی، سبەی!.. چەند دڵت بە سبەینێ خۆشە، ڕەنگە سبەینێکان بۆ تۆ هەموو ژوان بن، هەر چاوە چاوی سبەینێتە!

**ژن:** (لێی نزیک دەبێـتـەوە) مـرۆڤ بەهیـواوە دەژی، ئەگـەر بـاوەڕمـان بە سـبـەی نەبێت نازانم بۆچی دەژین، بەخۆتدا بچۆرەوە، بگەڕێرەوە بۆ یادگارییـەکانت، مرۆڤ بێ یادگاری هەڵناکات، مرۆڤ مێژووە، چرکەساتەکانی یەکـتر بینینمان بهێنەرەوە یادت، چەند کورت خایەن و دانسقە بوون، پێویستە هەر بەو یادەوە بژین، بژین و ئەو یادە زیندوو بکەینەوە.

**پیاو:** ژن هەر خۆشەویستی دەزانێت، بەڵام لە ڕاستیدا هەر خـۆی دەوێت، خۆشـیـیـەکـان تەنهـا بۆ خـۆیان و... (وەستان.. دەنگی خوڕەی ئاو) پێشتـر هەمیـشە هەستم دەکـرد ئـافـرەت نیـشـتـمـانە، پیـاوان بێ ژنان هیچ نین و کۆچەری و ڕەوەندین، بەڵام ژنان نیشتمانێکن هەر ڕۆژەی دەسەڵاتێک فەرمانڕەواییان دەکات.

**ژن:** ئەم قسە بێ سەروبەرانە کۆتایی پێ بێنە.

**پیاو:** بۆچی؟

**ژن:** سـوودی نیـیـە. هیچ مـەڵێ و کـۆتایی بەو قـسـانە بهێنە.

**پیـــــاو:** کـۆتایی بە قـسـەکـانم یاخـود خـۆم!! (بە تووڕەییەوە) تۆ ئیـتر ناتەوێت گوێت لە دەنگی من بێت، تۆ دەتەوێت ئیـتـر بۆ هەتایە بێـدەنگ بم و... (بەرەو ئاوەکە دەڕوات) دەنگم بخنکێنیت.. تۆ دەتەوێت ئەوەی دەیبینم لەبیر خۆمی بەرمەوەو چاوی خۆم بەدرۆ بخەمەوە، نەتوانم ئیـتـر چ وشـەیەک بڵـێم و بۆ هەتایە سـەرکـزو بێدەنگ بمێنمەوە.

**ژن:** (بەرەو لای دەڕوات و خـوڕەی ئاو و هاژە دێتـە بەرگوێ) وەرە بابڕۆینەوەو وەختی چوونە ناو ئاو نییە، با لاپەڕەیەکی نوێ هەڵبدەینەوە.

**پیـاو:** (پەشۆکاوە) گەر دەتەوێت کۆتایی بە قسەکانم بهێنم، لێرە دەیبڕێنمەوە، ئیتر با بۆ جارێکی تر گوێت لە دەنگی من نەبێت. (چەند هەنگاوێک دەڕوات)

**ژن:** (بەدوایدا دەڕوات و لە پشـتـەوە قـۆڵی دەگـرێت) نا، دەمـەوێت گـوێم لێت بێت، وەرە بزانم چیت مـاوە بیڵێیت، گوێم لێتە.

**پیاو:** (هەر دەڕوات و بێدەنگە)

**ژن:** (بەهەنسکەوە) وەرە.. ژیـانمان بـۆ وا تـاڵ بـووە!! ئای خـوایە! جگە لە تۆ بیـرم لە کـەسی تر نەکـردەوە،

مانگی جارێکیش سەردانی ماڵی باوکم ناکەمەوە هەر لەبەر تۆ، تۆش بەو شێوەیە پشتم تێدەکەیت و لە خەیاڵاتی خۆتدا دەژیت.

**پیاو:** (ڕادەوەستێ و ئاوڕی لێدەداتەوە، بەشێوەیەک لە ترسەوە) خەیاڵات؟! ئەوەی من بیری لێدەکەمەوە خەیاڵاتەو خۆم دروستم کردووە، ئەی پێکەوە نەمبینین قسەتان دەکرد؟

دووجار ئێوەم نەبینی؟!

**ژن:** (بە پاڕانەوەوە) هەر ئەو دوو جارە بوو و تەواو، ئێستا ئەو ڕۆیشتووە.

**پیاو:** (بە تووڕەییەوە) بۆ کوێ؟

**ژن:** سەفەری کردووە. چەند مانگێکە ڕۆیشتووە.

**پیاو:** (بە دەنگی بەرزەوە) ئەها چۆن دەنگوباسی ئەو دەزانیت!! دەشزانیت کە چەند مانگێکە ڕۆیشتووە، ئیتر دڵم لێت کرمێ بووە، لە ژێرەوە هەموو شتێکی ئەو دەزانیت و خۆت دەرناخەیت، تۆ خیانەتم لێدەکەیت، تێگەیشتی؟ وانەزانیت من خەوتووم و ئاگام لە هیچ شتێک نییە، تۆ جگە لە داوێن پیسێک چیدیکە نیت.

**ژن:** (بەگریانەوە) بمکوژە بەڵام ئەوەم پێ مەڵێ.. من تەنها تۆم خۆشدەوێ و بەڵام جارێک، تەنها بۆ جارێکیش بێت لە دەمی تۆوە گوێم لە وشەی خۆشەویستی نەبووە.

(قوڵی دەگرێت و دەنووزێتەوە)

**پیاو:** ناتوانم وەکو جاران بتبینم، تۆ گۆڕاویت و ئیتر منیش گۆڕاوم.

**ژن:** چی دەڵێیت بیڵێ، بەڵام هەرگیز کەسم خۆشنەویستووە لە تۆ زیاتر، من خیانەتم لێ نەکردوویت، بمکوژە بەڵام ئەوە مەڵێ.

**پیاو:** پێویستە بکوژرییت (پری پێدا دەکات)

**ژن:** پێم خۆشە بمکوژیت بەڵام پێم نەڵێی داوێن پیس. (دەگری)

**پیاو:** هەر بەگریان فریوم بدە، هەر درۆم لەگەڵدا بکە، ئیتر ناشتەوێت گوێت لە دەنگم بێت، دەتەوێت هەست بەهەموو ئەو شتانە بکەم و هەر بێدەنگیش بم، ئیتر بێدەنگ دەبم.

ئیتر گوێت لە دەنگی من نابێتەوە هەرگیز (دەیخاتە ئاوەکەوەو سەری نقوم دەکات، ژنەکە پەلەقاژە دەکاو دەنگی خوڕە تاوێکی شیاو دەخایەنێت، لە پڕێکدا بێدەنگی..

(جەستەی ژنەکە سەر ئاو کەوتووەو پیاوەکەش هێشتاکە دەستی لێ بەرنەداوە) هەرگیز.. هەرگیز (دەلەنگێتەوەو دەنگی دەبێتە نووزەو گریان) ئیتر.. گوێت.. لە دەنگی من نابێتەوە، ئیتر سبەینێ نابینیت (تەواو دەلەنگێ و دەست بەرز دەکاتەوە) نایبینیت، ئیتر هەموو شتێک تەواو بوو (دەگری و خۆی ڕاست دەکاتەوە.. دەنگی خوڕەی ئاو بەرز دەبێتەوە.. لە پەرێکی شانۆوە ژنەکە دێتەوە سەر شانۆو لە نزیک ڕۆخەکەوە ڕادەوەستێت)

**ژن:** شوێن نەما بە دواتا نەگەڕێم، بەم ئێوارە وەختە بۆ چوویتەتە ناو ئاوەکەوە؟

**پیاو:** بۆ ئەوەی کۆتایی پێ بهێنم! هەموو شتێک تەواو بێت.

**ژن:** (بە پەشۆکاوییەوە) کۆتایی بەچی؟ (بە پەلە بۆ ناو ئاوەکە دەڕوات و قوڵی پیاوەکە دەگرێت) وەرە ئیتر درەنگ بووە، ئەم ماوەیە ئەوە چیە سواری کۆڵت بووە؟ تۆ کەی وابوویت؟

**پیاو:** (بەشپرزەییەوە) ها؟! (ئاوڕ بۆ ئاوەکە دەداتەوە) هەمووی خەیاڵ بوو؟!

ئای خوایە دەڵێی سەرخۆشم! تۆ کەی هاتیت؟

**ژن:** (چووەتە بن باڵی) ئەی ناڵێم بەدواتا دەگەڕام! بەم ئێوارەیە بۆ چوویتە ناو ئەو ئاوە ساردەوە! خێرا با بڕۆینەوە، لەبەر ئەو کزە ساردەدا نەخۆش نەکەویت.

**پیاو:** (وەک ئەوەی لە خەوێک ڕابووبێت) باشە، سەرمامە.. بەڵام، بەڵام خەون و ڕاستی چ جیاوازییەکیان هەیە؟ من چۆن چوومە ئاوەکەوە؟!

**ژن:** باش بوو هاتم، لەو ئاوە ساردەدا وڕێنەت دەکرد، ئەها وا چۆقە چۆقت پێکەوتووە.

**پیاو:** (ئاوڕ بۆ دواوە دەداتەوە) بەڵام ئەو هەموو دەنگە، ئەو هەموو جووڵەیە چییە.

**ژن:** هیچ نییە، خوڕەی ئاوەکەیە، گوێت لە دەنگیەتی؟


**پیاو:** ئا.

**ژن:** با بڕۆین گەرم بیتەوە.. ئێواران خوڕەی ئاوەکە لە دەنگی بنیادەم دەچێت.

**(تاریکی)**

دڵشاد عەبدوڵڵا یەکێکە لەو شاعیرە بەرچاوانەی لە ساڵانی حەفتایەکانەوە دەینووسی، بەڵام لە هەشتایەکاندا ناسرا، هەرچەندە تا ئێستا چەندین کۆمەڵە شیعری خۆی بە چاپ گەیاندووە، ئەگەرچی ڕەخنە و لێکۆڵینەوە بەپێی پێویست کاری لەسەر دەقەکانی نەکردووە، بەڵام لەناو نەوەی شیعری خۆیدا شاعیرێکە تایبەتمەندیی خۆی هەیە.

بێجگە لە شیعر وەک نووسین لە زۆر بواری دیکەشدا کاری کردووە و خۆی تاقیکردووەتەوە. لەوانەش: ڕەخنە و بیروڕا دەربڕین و گۆشەنووسین و ڕۆژنامەگەری. گۆڤاری (ڕامان) ئەم شاعیرەی بەسەر کردەوە و سەبارەت بە شیعری شاعیرانی حەفتایەکان و وەچەی خۆی و زۆر باسوخواسی ئەمڕۆی ڕۆشنبیریی کوردی دواندمان و ئەنجام ئەم گفتوگۆیەی لێکەوتەوە.



# دڵشاد عەبدوڵڵا:
# شیعر بوونەوەرێکی کێوی نییە..
# بیرکردنەوەش بە ڕیتمی سیاسی کارەساتە

**هەڤپەیڤین:**
**ئازاد عەبدولواحید**

**رامـــــان:** چۆن خۆت لە جیـهـانی نووسین و شـیـعـردا دۆزییەوە، هەر ڕێکەوت بوو، یان؟

**دڵشـاد عـەبدوڵڵا:** ئەوەندەی من زانیبێتم و تا ئێستا بۆم ڕوون بۆتەوە، شتـێکی ئەوتۆ لە ناو خێزانەکـەمـاندا نەبوو یارمەتیدەربێ بۆ خوێندنەوە و نووسین. خێزانێکی هەژاری نەخوێندەوار، ئەگەرچی باوکم و دایکم خـەڵکی هەولێـرن، بەڵام هەردووکیـان لە بنەماڵەی جوتیـاربوون، باوکم تا ئەو سـاڵانەی دوایی خـەریکی کـشـتـوکـاڵ و شینایی بوو، دایکیشم کچی پیاوێکی باخچەوان بوو. هەردووکیـان نەچوونەتە قوتابخانە، باوکم بەخۆی خۆی فـێـرە حـەرفـەکـان کـردبوو، بە حـونجـە هەندێک وشـەی دەخوێندەوە و بەس، بەڵام لەناو بنەماڵەکەماندا کەسێکی ئازا و قـسـەزان و بەڕێز بوو. دوو کـەسـی گـرنـگ هەن لە ژیانی مندا کـە ڕەنگە ئەو بەهرەیەی منیـان لە سـەرەتاوە خـرۆشـانـدبێ، ئەوانیش داپیـرم- دایکی باوکم- کـە ژمـارەیەکی ئێـجگار زۆر شیـعـری مـیللی و گـۆرانی لەبەربـوو، هەمـوو جـارێـک گـوێی بەو ئاوازانە ئاوەدەدام و هەر قـســەیەکم بکردبا، ئەو دەیکردە شـیــعــر و چەند ڕستەیەکی دەوت، کاتێک ویستم بنووسم زۆرجاران ئەو ڕستانەی ئەوم دەهاتەوە یاد و لە گـوێمـدا دەزرینگانەوە. ئەوەی تریان کـارەکـتـەری سـۆفی خـدری باپیـرم- بابی دایکم- بوو کـــە پیـــاوێکی ڕۆحـــانی ئێـــجگار نیـشـتـمـانپـەروەر بوو، بەدەلیلی ئەوەی یـەکـەم کوڕی لە تەمـەنی کـەمـتـر لە ١٨ سـاڵیـدا نارده شاخ و کـردی بە پێشمەرگە و تا حەفتاکانیش یەکێک بوو لە پێشمەرگە پارتیـزانەکـان. سـۆفی خدر فـێـری شـتـێکی زۆر سـەیری کردم، ئەویش ئەوەیە کە مەرج نییـە هەمـوو ئەو شـتـانەی هەن ببـینـرێن، چاو تواناییەکی دیاریکراوی هەیە بۆ دیتن. ئەوەی بە چـاوی دڵ دەبینـرێ ســـەیرو ســـەمـــەرەتـرە و باشـتـریش دەمـێنێـتـەوە و کـاریگەریشی زیاترە. یەک لە قسە پڕ حیکمەتەکانی ئەو هەموو جارێ کە پێیان دەوت، سۆفی بۆ ناچیتە حەج. دەیوت، حەج دێتە لای من. ئەو زۆر شەو قسە و باسی ئەو تارمایی و هێزانەی بۆ دەکردم کـە لەودیو بینراوەکـانەوە دێن و دەیانەوێ زەفـەری پێ ببـەن، بەڵام چونکە نووری خــوا دڵـی ڕوون کــردۆتەوە هیـچیـان پێ ناکـرێ لەگـەڵی و هەردەم بەسـەریاندا زاڵ دەبێ. ئەو دووکەسە بە جۆرێک لە جۆرەکان بەدنیای ڕۆح ئاشنایان کردم، بەڵام کەی دەستم بەنووسین کرد.

لە خوێندن لە قۆناغی ناوەندی بووم، کە هەستم دەکرد شـتـێک هەیە لە ناخـمـدا پەنگ دەخواتەوە، نە خـوێندن دەتوانێ وەڵامی بداتەوە، نە قسـەکانی مـامۆسـتاکـان...



**دڵشاد عەبدوڵڵا - ١٩٦٠ - هەولێر**

هەستم کرد لەناو وانەکاندا دەرسێک هەیە نەمخوێندووە، کـتـێبـێک هەیە لەناو کـتـێبـەکانی قـوتابخانەدا نیـمـە. جارێکیان بە ڕێکەوت دەفتەری ڕەشنووسی شاعیرێکیان دامێ کە خوێندمەوە، ویستم لاسایی بکەمەوە، نەمکرد چونکە ئەوانەی ئەو زۆر سادەبوون. مـاوەیەک کـەوتبـوومـە خـوێندنەوەی دیوانی شـاعـیـرانی کـلاسـیکی (نالی) و (حـاجی قـادری کـۆیی) و پاشـان (کـامـەران مـوکـری) و (جەمال شارباژێڕی) جگەلەوانە مەولودنامە و هەندێک نامـیلکـەی تریشم خوێندبووەوە و قـورئانیـشم ختم کـردبوو لای مـەلا شـەریف لە مـزگـەوتی شـێخ مـسـتـەفـا و بیستبووشم کە شێخ وتوویەتی، جۆرێک لە شیعرییەت لە قورئاندا هەیە. کەوا شیعر نووسین شتێکی ئاسان نییە، ئەوەی لەو دەفتەرەدا خوێندمەوە ئەوە نەبوون کە مەبەستی من بپـێکێ و ئەو هێـزی شـیـعـرەی لە قـورئانیـشـدایە هێزێکی لە ڕادەبەدەرە، بۆیە لە سەرەتادا لە ئاست شیعر نووسیندا تووشی ترس و دڵەڕاوکێیەک بووم.

ئەو قـۆناغـە هەسـتی خۆشـەویسـتی لە دڵ و دەروونمدا جۆشی دەخوارد، چەند کچێک لە گەڕەک و ناسیاو ببوونە مـایەی جووڵاندنی ئەو هەسـتـە، کـەچی لە بەرانبـەریاندا تووشی دڵەڕاوکێ ببووم. ئایا شەرم تووشی ئەو حاڵەتەی کـردبووم. تا شـەوێکیـان لە نـاو دەفـتـەری خـوێندندا و لە

دوا لاپەڕەدا شــــتــــێکم نووسی، ئێستاش نازانم چۆن جورئەتم کرد و ئەو ترسەم شکاند.

**رامـــان:** تۆ وەک شاعیرێک لە قۆناغەکانی نووسینی شیعرتدا، خۆت بە قەرزارباری کێ دەزانی؟ کێ تۆی هانداوە و دەستگیرۆیی کردووی؟

**دڵشاد عەبدوڵڵا:** لە هەولێر، ئەوکاتەی دەستم پێکرد، چەند شاعیرێک هەبوون، دیارترینیان (عەبدوڵڵا پەشێو) بوو، بەڵام هەمیشە ئەو نەوەیەی ئێمە گلەیی ئەوەمان هەبووە کە ئەوانەی بەر لە ئێمە هیچ شتێکی ئەوتۆیان بۆ جێ نەهێشتووین و بەهیچ شێوەیەکیش هانی ئێمەیان نەداوە. بە پێچەوانەوە کەمتەرخەم بوون لە ئاست نەوەی دوای خۆیاندا. ئەوان نەک کولتوورێکی شیعریی باشیان بۆ جێ نەهێشتین، بگرە ئەوەی هەشبووە شێواندوویانە. لە هەولێر کولتوورێکی دەوڵەمەند هەبووە، بەڵام بە کوردی نەبووە، ئەوان لە بری ئەوەی کۆی بکەنەوە و خوێندنەوەی خۆیان هەبێ دەربارەیان تووڕیان هەڵداوە و ڕوویان کردۆتە جۆرە کولتوورێکی تر. جگە لە (پەشێو) هەموو ئەوانەی تر کە لە هەولێر شیعریان دەنووسی نەیانتوانی ببنە جێگەی سەرنج، پەشێویش لەبەر ئەوەی ئەزموونە شیعرییەکەی سنووردارە، ئەویش بۆ ماوەیەک فریام کەوت، بەڵام خۆی ئەگەر برادەرایەتیمان نەبووایە، ئامادەنەبوو بەدوای دەنگێکدا بگەڕێ لەناو نەوەی دوای خۆیدا. لەدوای نەوەد و هەشتەوە کە لەگەڵ (شێرکۆ بێکەس) لە یەک دەزگادا کارمان دەکرد، سوودم لە هەندێک شەخسیەتی شیعریی ئەو دیوە. تاکە شتێک کە پێم وایە لە هەموو شتەکانی تری شێرکۆ جوانترە ئەو سووتانە بەردەوامەیەتی بۆ شیعر، بۆیە زۆر بە داخەوە لەناو کورددا کەمتەرخەمییەک لە پێوەندی نێوان نەوەکان هەیە. من ئەگەرچی ئەزموونێکی ئەوەندە دەوڵەمەندم نییە تا بتوانم شتێکی ئەوتۆ بۆ ئەوانەی دوای ئێمە دەستیان بە نووسین کردووە بکەم، بەڵام تا ئێستا لە هەر شوێنێکدا بۆم لوابێ دەستی چەندانیانم گرتووە و هاوکاریم کردوون. ئەگەر لەناو کورددا دە شاعیری گەورە هەبێ بۆ من باشترە لەوەی دوو سێ شاعیر هەبێ، ئەوکات منیش کە ویستم بنووسم سانسۆری ئەو دە شاعیرە بەسەرمەوە دەبێ و لەجیاتی دوو ئەزموون سوود لە ئەزموونی دە شاعیر وەردەگرم.

**رامان:** ئەدەب و داهێنانی ئێمە لە ئاستی میللەتێکدا

## نەوەی شیعری پێش ئێمە کولتوورێکی باشیان بۆ جێ نەهێشتین

نییە و زۆر سست و لاوازە، هەن پێیان وایە ئەم سستییە پێوەندی بە پەککەوتەیی و ئیفلیجی بونیادی کۆمەڵگەی کوردییەوە هەیە. تۆ پێت وایە کە هەر دەبێ ئەدەب و داهێنان ڕەنگدانەوەی ئەم دواکەوتووییە بن، یان تەکانی خۆی بدات؟

**دڵشاد عەبدوڵڵا:** ئەم پرسیارە فرە لایەنە، هەندێکیان پێوەندییان بەو واقیعەوە هەیە کە میللەتەکەمان تێیدا ژیاوە. شەڕ و بەرگری لەخۆکردن چەند قازانجی هەبووە کە نەیهێشتووە کورد لە فەوتان ڕزگاری بێ، ئەوەندە و زیاتریش زەرەری لێداوە. نائارامی و ناجێگیریی سیاسی کۆسپی گەورەی خستۆتە بەردەم گەشەسەندنی کولتوور و ئەدەب و هونەر، بەڵام ئەوانە بیانوو نین بۆ سستی و لاوازی ئەدەب و داهێنان. بەشێکی ئەو واقیعەتە پێوەندی بەجۆری تێگەیشتن لە ئەدەبیشەوە هەیە کە ماوەیەکی زۆر وەکی پاشکۆی ئایدیۆلۆجیا و سیاسەت تەماشا کراوە و کاتێک ئەو دووانە هورووژمیان هێناوە هەندێک لە ئەدیبان تەواو دەستبەرداری ئەدەبەکەیان بوون و بە تەواوی تەرخان بوون بۆ بواری سیاسی، کەچی نەئەمیان ماوە و نە بەتەواوی ئەویشیان بووە وەکی (ئیبراهیم ئەحمەد و ئەحمەد هەردی) کە دوو قەڵەمی زۆر گەورە بوون لە ئەدەبی کوردیدا، کەچی چوونە ناو دنیای کاری سیاسییەوە و ئەنجامەکەشمان لەبەرچاوە.

**رامـــان:** کەواتە، پێت وانییە شیعر و شیعرییەت بەکەڵکی سیاسەت بێ، ئەی سیاسەت چەند ئاسۆی بەردەمی شاعیر بەرفراوان دەکا؟

**دڵشـــاد عـــەبدوڵڵا:** سیاسەت دوور نییە لە ژیانی هەموومان، هەر لە کۆنەوە لە سەردەمی گریک و ڕۆمانەکانەوە، لێرەش لەسەردەمی دەسەڵاتی سەفەوی و عوسمانلی و ئیمارەتە کوردییەکان سیاسەت هەبووە، خەڵکیش کەم تا زۆر بەشدارییان تێدا کردووە. ئێستاش سیاسەت پێوەندی بە ژیانی ڕۆژانەی هەموو خەڵکەوە هەیە، بەڵام بیرکردنەوە بە ڕیتم و سیستەمی سیاسی بۆ ئەدیبێک کارەساتە، لەوەش کارەساتتر ئەوەیە شاعیرێک کە سێبەری خواوەندە لەسەر زەویدا بە پێوانەی سیاسەت، واتە دابەشکردن و لەتکردن مرۆڤ بپێوێ. پێوانەی شاعیر بۆ مرۆڤ خۆشەویستییە نەک ئینتیمای سیاسی.

**رامـــان:** پێتان وایە خوێنەر بەشێک بێ لە پرۆسەی داهێنان. ئایا لەکاتی نووسینی قەسیدەیەک خوێنەر چەند ئامادەگی لەلات هەیە؟



**لە ڕاستەوە دووەمیان: دڵشاد عەبدوڵلا - ١٩٦٥ - هەولێر**

**دڵشاد عەبدوڵلا:** کاری هاوبەش نییە، خەونی هاوبەش هەیە. جارێ من پێم وایە خوێندنەوە و خوێنەر شتێکە و ڕەخنە و ڕەخنەگر شتێکی ترە، دوو حاڵەتی جیاوازن. من زۆر بایەخ بە خوێنەر دەدەم تا ئەو ئاستەی خۆشم خوێنەری دەقی کەسانی ترم و بە چاوێکی پڕ بایەخ تەماشای بەرهەمی ئەوان دەکەم، پاشان من و خوێنەر زەمەن هەردووکمان دەگۆڕێ، لەیەک باردا نامێنینەوە. هەمیشە خوێنەر لە زیادبووندایە و زەمەنی خوێندنەوەش لەگەڵ هەڵکشانی زەمەنی داهێناندا فراوانتر دەبێ. ئێستا ئەوەی (نالی) دەخوێنێتەوە سەد قات لە جاران زیاترە، فرە خوێندنەوەش بۆ نالی هەیە، کەچی جاران لەنێوان ژمارەیەکی زۆرکەمی خوێنەران قەتیس مابوو، بەڵام ڕەخنە پێوەندی بە شار و بە وەعی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبییەوە هەیە. خوێنەری باش لە کوێرە گوندێکیش هەڵدەکەوێ، کەچی ڕەخنەگری باشی تێدا هەڵناکەوێ.

من کە دەنووسم بیر لە خوێنەر ناکەمەوە، بەڵام دڵنیام کە خوێنەری زیرەک لەشوێنێکی دەقدا ئامادەیە و شتی جودای لێ هەڵدەکرێنێ و ئەنجام دەق دەکاتە دەقێکی جیهانی.

**ڕامان:** لەناو شیعردا (زمان) سووری ژیانی خۆی هەیە، هەر لەوێوە زمان لەناو شیعردا نوێ دەبێتەوە، زمان لە شیعری تۆدا چۆن مامەڵەی لە تەکدا کراوە؟

**دڵشاد عەبدوڵلا:** پێم وایە زمانی شاعیر هەمیشە لە بورکان نزیکترە، لە هەناوی زەوییەوە دێتە دەرێ، وەکی هەور نییە بەسەر زەویدا بکشێ. زمانی شیعری تازەش جیاوازە لە زمانی کۆنی شیعر، ئەو زمانی گێڕانە و خیتابی بەسەردا زاڵبوو، کەچی زمانی شیعری تازە زمانی سووتانە، زمانی وردبوونەوە و ڕانانە، هێزی ئیحابەخشی تێدایە بۆ پاکبوونەوە. دوو قۆناغیش لە پاکبوونەوەی زمانی کوردییدا هەیە، یەکیان لە چلەکاندا کە هەوڵی پاککردنەوەی زمان درا لە دەرێ، ئەوکاتەی لە وشەی بێگانە پاک کرایەوە، هەوڵی دووەم لە هەشتاکاندا لە ڕێی دۆزینەوەی زمانی ناوەوە بوو، زمانی خەون و بێئاگایی و تخووب تێپەڕاندن، زمانێک کە پێشتر بەو شێوەیە نەنووسراوە. ئەوەی زمان ئەنجامی دەدا لە پرۆسەی خولقاندندا جیاوازە لەوەی کە هەبووە، چونکە ئەگەر فۆتۆی هەمان ئەو شتانە بکات کە هەیە ئەوە جووینەوەیە، دوای ئەو هەموو مێژووەی داهێنان ئەگەر تەماشا بکەین ڕۆژ بە ڕۆژ کارەکە قورستر دەبێ. بەر لەوانیش ئەگەر شاعیرێک بینبووسیبا ئاسانتر بوو لەوەی دوای ئەو دەنووسێ.

**ڕامان:** باشە تۆ خۆت بەرانبەر زمان گرفتت هەیە. ئایا هەست دەکەی زمانی کوردی توانای هەبێ ئەوەی دەتەوێ بیڵێی؟

**دڵشاد عەبدوڵلا:** زۆرجار بۆ خۆم بیرم لەوە کردۆتەوە، جارێ زمان بەرهەمێکی گەردوونییە، هەر تەنیا مرۆڤ لە دروستکردنیدا بەشدار نییە، ئەگەر ئەو وشەیە خورد بکەمەوە، دەبینی زمانی شەو جیاوازە لە هی ڕۆژ، هی ناوچە ساردەکان جیاوازە لەهی ناوچە گەرمەکان، زمانی قۆناغی منداڵی و گەورەییش.. زمانی شار و لادێ.. کەسێک کە لە ئەستێرەیەکی ترەوە بێ بە هەمان زمان لەگەڵمان نادوێ کە ئێمە لەسەر زەویدا پێی دەدوێین. دەتوانین زۆر وردەکاری لەو شێوەیە باس بکەین. لە بەرانبەر ئەوەشدا زمانی حاڵەتە نادیارەکان و کەشفکردنی مەجهولیش هەیە کە زۆرجاران لە شیعرەکانی (نالی)دا تەواو بەرجەستە بووە.

**لە دەوری تۆیە ئەی خورشیدی پرتەو بەخشی شەو گەردان**
**کە نالی وا لە حاڵاتی میحاقی ماهی نەو دایە**

مەسعوود محەمەد (لە دەوری) پێ ڕاستترە کەچی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس (لە دووری) نووسیوە، دەورەکە

مانا و دەلالەتی گەورەتر دەدا، ئەوەم مەبەستە لە زماندا و گرفتی شاعیر لەگەڵ زماندا گرفتێکی ئەزەلییە، چونکە تاکە بەربەست لەبەردەمیدا لە حاڵەتی وتن و نەوتندا زمانە.

زمان پشت بە کۆمەڵێک پێوەندی دەبەستێ، ئەو پێوەندییانە لای شاعیر هەردەم لەتازە بوونەوەدایە. کاتی خۆی لەبەردەم پەنجەرەی ژوورەکەمدا لە سلێمانی، دار هەنارێک هەبوو، کاتی گوڵکردن، یان پایزان دیمەنێکی هێندە جوانی دەنوواند کە دڵی دەکردە دەنکە شیرینەکانی، هەرچەندە ویستم ئەو دیمەنە بگوازمەوە ناو شیعرم نەمتوانی، چونکە لە شیعردا ئەو دار هەنارە نامێنێ و تێکەڵ بە ژمارەیەک پێوەندی تر دەبێ، بۆ نموونە ڕەنگە ببێتە نامەیەکی پێچراوە کە سروشت بۆی خستوومەتە پۆستی وەرزەکانی، تا کە خوێندمەوە سەرلەنوێ بەجوانی خۆی وابەستەم بکاتەوە، یان هەر شتێکی لەو چەشنە، گرنگ ئەوەیە هەمان دار هەناری ناو سروشت و لە هەمان حاڵەتدا و لەناو تۆڕی ئەو پێوەندانەدا نامێنێ کە لە سروشتدا هەیە.

## کە دەنووسم بیر لە خوێنەر ناکەمەوە، بەڵام دڵنیام خوێنەری زیرەک لە شوێنێکی دەقدا ئامادەیە

لەوەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە زمان بە شیعردا یەک ئاراستەی نییە و یەک دیوبشی نییە، وشەکان ئاوێنە نین، ئەویش بن، یان کۆماوەن، یان قۆر ئەوەی دەینوێنن هەر ئەوە نییە کە هەیە، لێرە قسەیەکی ڤالێریم دێتەوە یاد کە دەڵێ، ماسی دەسکردی سروشتە، بەڵام «حۆری دەریا» کە نیوەی کچە و نیوەی ماسی دەسکردی خەیاڵی مرۆیە. لێرەدا نابێ بایەخی ئاوازی ناو شیعر لەبیربکەین کە زۆرجاران ئەو دەبێتە مایەی دروستکردنی جۆرە پێوەندییەک کە هەرگیز بێ ئەو دروست نابێ.

زمانی کوردی نزیکە لە سروشت، بۆیە دەبینین وەکی ئەو یەک ڕەهەندی تێدا زاڵە، بە ڕاستی من لەناو ئەو فەرهەنگە یەک ڕیتم و یەک ڕەهەندیەدا هەست بەنامۆ بوون دەکەم، بۆیە یەکەم هەوڵی تازەبوونەوە بە ڕزگاربوون لەو حاڵەتە دەست پێدەکا، بەو نامۆییە دەست پێدەکا. پێشتر لە شوێنێکی تر نووسیومە: ئەو چەقۆیەی سێوێکی پێ قاش دەکرێ هەمان چەقۆ نییە کە بەدەست قەسابێکەوەیە ئەویش هەمان چەقۆی دەست دکتۆرێک نییە. چەقۆی ناو جامخانەی دوکانێک ئەو چەقۆیە نییە کە لە شەوی تاریکدا بەدەست بازوو تووندێکەوە دەبریسکێتەوە، ئەویش ئەو چەقۆیەی دەست بازوو بلووریەک نییە کە لە چێشتخانەدا ئارووی پێ قاش دەکا... ئەو لە هەر شوێنێکدا لە پێوەندیدایە لەگەڵ ژمارەیەک کەرەستە و کەسی ترەوە، لەگەڵ چەنگاڵ و کەوچک و قاپ و سفرەوە جیاوازە لەوەی بە تەنیا و لە شوێنێکی تردا بە تەنیا و پڕ وەحشەتە. لە شیعری کوردیدا چەقۆ بەکارنەهاتووە، ئەگەریش بەکارهاتبێ بەسەر ملی ئیسماعیل پێغەمبەرەوە بووە، یان بەسەر ملی قوربانییەوە، واتە هەر بەدەست زاڵم و دەسەڵاتدارەوە بووە وەکی ئەوەی دیمان بەدەست شێخ زاناوە، ئەی کە ژنێکی نازەنین سەری هەوری پیاز و ئاسمانی سووری تەماتەی پێ شەق دەکا و شەوی باینجانی پێ ئەنجن دەکا؟

**ڕامان:** ئێوە لەو شاعیرەن کە زۆرتر لەناو (مانا)، بەواتایەکی دیکە بڵێین لەناو مێژوودا، کاردەکەن، ئەو جۆرە کارکردنە چەندی لەگەڵ ئەو ڕایە یەکدەگرێتەوە کە شیعر نووسین زیاتر ئاگر کردنەوەیەک بێ لەناو زماندا؟

**دڵشاد عەبدوڵلا:** ئەو جۆرە سەرنجانە ڕەنگە لە دیوانی «حەج»ەوە دروست بووبێ، کە من پێم وایە ئەوەش وانییە. دیوانی حەج هیچ پێوەندی بە مێژووەوە نییە. نووسینەوەی سەرلەنوێی داهێنانە لەرێی دروستکردنی پێوەندییەوە. بەکارهێنانی تەکنیکێکە بۆ ڕزگاربوون لە هەندێک جۆرە دووبارەبوونەوە. با هەندێک لەو حاڵەتانە ڕوونتر بکەمەوە، من کە قەسیدەی حەجم نووسی، کە یەکێکە لە شیعرەکانی ناو دیوانەکە، سەرەتا هیچ بیرۆکە و مانایەکم لا نەبوو جگە لە وشەی (حەج) خۆی. لەسەر کاغەزێکی سپی نووسیم بەبێ ئەوەی نیازی شیعر نووسینم هەبێ، هەندێک جار بۆ خۆم وشە دەنووسمەوە و لێی ورد دەبمەوە، شیعرییەت لە کوێدایە. دەشێ ببێتە شیعر. هەر لەخۆمەوە کەوتمە نووسینی ڕستەی یەکەم (سڵاو لە بەردێک، بەردێک کە ڕەنگی شەوێکی درێژی، بیابانی خرکردۆتەوە لەخۆیدا....) ئیتر ڕستەی تری بەدوای خۆی ڕاکێشا. کاتێک زانیم تووشی حاڵەتێکی نائاسایی هاتووم و خەریکە وەسفی کەعبە بکەم، زانیم بە هەڵەدا چوونێک لە ئارادایە، چۆن ڕزگاربم. پێویستیم بە هێزێکی وا هەبوو کە مەنتیقێک بداتە دەرچوونم، وەکی چەخماخە (نالی) هات و ڕزگاری کردم، ئەوەیە وەفای داهێنەران کە ناهێڵن پشتمان بکەوێتە زەوی زوو فریامان دەکەون و بەرزمان دەکەنەوە. ئەوجا دەمێنێتەوە،



**لە ڕاستەوە: عەبدوڵڵا زەنگنە، دڵشاد عەبدوڵڵا**
**١٩٧٤ - چۆمان**

ئایا من لەوەعیەوە ئەوکارەم کردووە، نەخێر نیوە وەعی و نیوە بە نائاگایی، هەر هێندە وەعییەم هەبووە کە نالی ماوەیەک لە چیای عەرەفە ژیاوە و دوورکەوتۆتەوە لە زێد و کەسوکار و باقی ئامادەبوونی ژنە شارەزوورییەکە حاڵەتی هاوبەشی نێوان من و نالی-یە. ئایا ئەوە چ پێوەندی بەمێژووەوە هەیە. ئەوەی دڵدار و حاجری و مەولەوی و خەیامیش هەروا. ئەوە سەرلەنوێ خوێندنەوەی عەشقی ئەوانە، نووسینەوەی ئایینێکی تازەیە لە ئەشکەوتی عەشقی ئەواندا کە دواجار عەشقی هەمووانە. بۆ ئەو ڕایەی بەڕێزتان کە من لەناو مانا کاردەکەم، ڕەنگە ئەوە ڕاستییەکی تێدابێ، لەو سەردەمی بێ مانایییەدا دۆزینەوەی مانا کارێکی زەحمەت و دژوارە. (ئەنوەر مەسیفی) زۆر شتی نووسی و بەبێ مانا حیساب دەکرا، دواجار مردن مانای بەخشی بەو هەموو بێ مانابییە. دڵنیام جۆرەها مانا خۆیان مەڵاس داوە لە بن داروبەردی ڕۆژەکانماندا چەندی بگەڕێین زیاتریان دەدۆزینەوە.

پاشان من لە گەڕان و پشکنینمدا بەدوای ماسک و دەمامکێک دەگەڕێم بۆ خۆم بەکاری بێنم بۆ ئەوەی تووشی دووبارەکردنەوەی خۆم نەبم، زۆر لەو حاڵەتی خۆ جووینەوەیە دەترسم. ئەوەی لاشم ڕوونە ئەوەیە کە مانا نابێتە شیعر. ئەگەر شاعیر نەتوانێ لە پرۆسەیەکی شیعریدا بەرهەمی نەهێنێ، واتە لە دەرەوەی شیعرەکەدا بوونێکی بەو چەشنەی نەبووە. با پێشت بڵێم، من ئەو جۆرە شێوەکارکردنەم لە چییەوە هەڵێنجاوە، ڕێک سوودم لە شێوازی تازەی کارکردنی شێوەکاران وەرگرتووە. من خۆم زۆر سەیری تابلۆی هونەرمەندانی ئەوروپا و دنیادەکەم، لە هونەری تازەی ئەوروپادا جۆرە شێوازێک هەیە کە کەرەستەکانی ناو ژیانی مرۆڤ وەکی کورسی و ساردکەرەوە و پانکە و تەلەفزیۆن و چی و چی دەکاتە کەرەستە و بەشێوەیەکی تر دایاندەنێ، یان دەیانگۆڕێ و دەیانخاتە حاڵەتێکی ترەوە بۆ ئەوەی مانا و دەلالەتێکی تر ببەخشن.

**ڕامان:** بۆ ئەوانەی کە ناحەزی شیعری نەوەی ئێوەن چی دەڵێن، کە پێیان وایە زمانەکەتان کە شیعری پێ دەنووسن سەقەتە؟

**دڵشاد عەبدوڵڵا:** لەکوێ وایان وتووە. ئەگەر مەبەست نووسینە، من شتێکی جیدییانم نەخوێندۆتەوە. جگە لە هەندێک بوختان کە دوژمنانی تازەگەری لە هەشتاکانەوە دەینووسن. ئەوان هەر بە تەنیا پەلاماری زمانی ئێمەیان نەداوە، بەڵکو خوێنیشیان حەڵاڵ کردبووین، کاتێک کە دەیانوت ئێمە دژی کولتوور و زمان و ئایین و نەتەوە و چی و چین. ئەوانەی ئەو جۆرە قسانەیان لە ختوخۆڕایی هەڵدەبەست بەشێکی هەرە زۆریان لە دامودەزگاکانی بەعسدا کاریان دەکرد، یان کۆنەپەرستە پووچەکان بوون، ئەوانەی خۆیان هیچیان پێ نەبوو، ئەگینا ئێمە هیچ کاتێک دژی کۆن نەبووین، بەڵکو دژی کۆنەپەرستی بووین. یەکەم بەرهەمی (من و جەلال بەرزنجی و عەباس عەبدوڵڵا یووسف) کە دامانە مدیریەتی ڕەقابەی عیراق تا موافەقەت لەسەر بڵاوکردنەوەی بکەن لە ١٩٧٨ کە ئەوکات وابوو، نووسراوێک و دەقەکانمان ناردبوو بەناوی ژمارە (٣) کە وەڵامیان داینەوە نووسیبوویان: ئەوە کارێکی تخریبی تدمیرییە!! کێ خوێندبوویەوە؟ بە دڵنیاییەوە ئەو ئەدیبە کوردانەی چاوساغییان بۆ بەعس دەکرد. بەبێ ئەوەی پێ بزانین فایلێکی ڕەشیان بۆ ئامادەکردبووین. ئێمە دیوێکی تریشمان هەبوو کە لەناو هێزە سیاسییەکانی کوردستانیش بایەخێکی ئەوتۆمان پێنەدەدرا، چونکە بانگەشەی ئەوەمان دەکرد کە نابێ ئەدەب پاشکۆی سیاسەت بێ و بچێتە سێبەری چەکەوە، ئێمە دەمانویست شیعر لە جۆرە وابەستە بوونێک ڕزگار بکەین کە بەدرێژایی نیو سەدە گرفتار بوو پێیەوە. ئەویش بینین بە چاوی سیاسەتەوە، نەء چاوی شاعیر شتێک دەبینێ کە زەحمەتە چاوێکی تر ببینێ، بەڵام ئێمە دژی سیاسەت نەبووین، دژی فاشییەت بووین

لەبیرکردنەوە و کەلتوور و ڕەوشتدا. کەسمان ئامادە نەبووین بەهیچ جۆرێک مساوەمە لەگەڵ بەعسی بکەین. بەو ئەندازەیەی ئێستاش (خەزعەل ئەلماجدی) ماوە کە یەکێتی نووسەرانی بەغدا ویستیان کۆڕێکمان بۆ ببەستن و لە هەمان ڕۆژدا یادێکی تایبەت بە فەلەستین هەبوو، ئەوکات حەمید سەعید سەرۆکی یەکێتی نووسەرانی عیراق بوو، لە ڕێی خەزعەلەوە داوامان کرد کە ئەو لافیتەیەش هەڵبگیرێ کە پێوەندی بەویادەوە هەیە، ئەگەرچی ئێمە ڕێز لە بۆنەی میللەتێک دەگرین، بەڵام شیعری خۆمان ناخەینە ناو چوارچێوەی هیچ بۆنەیەکەوە، شاعیرەکان جەلال بەرزنجی و هاشم سەراج و باوەکرو من بووین و ئازاد مەولوود و مەحموود زامداریش هەریەکە شتێکیان دەربارەی ئەزموونی ئێمە نووسیبوو. کەچی بەسوپاسەوە سەرۆکی یەکێتی نووسەران ڕێزی لە داواکەمان گرت و کۆڕی بۆنەکەی خستە کاتێکی ترەوە.

**ڕامان:** ڕەنگە لەگەڵمدا هاوڕا بیت کە شیعر وەک هونەرێک لەو سەردەمەدا بە تەنیا و دوورە پەرێز لە هونەرەکانی دیکە ناژی. ئایا وەک شاعیرێک چەند سوودت لە هونەری شێوەکاری وەرگرتووە؟

**دڵشاد عەبدوڵلا:** سەردەمی تازە سەردەمی تێکەڵاوبوونە، هەموو هونەرەکان لە گەڕان و پشکنین و دۆزینەوەی تەکنیک و دەربڕینی تازەدا شیعریان دۆزیوەتەوە بۆ نزیکبوونەوەی زیاتر لە مرۆ و فراوانکردنی ئاستی دەربڕینی و وێناکردنی حاڵەتە چەخماخییەکان کە تەنیا شیعر فریای وێنا کردنیان دەکەوێ. شیعریش سوودی لەتواناکانی ناو ژانرەکانی تر وەرگرتووە، بۆ نموونە شیعر سوودی لە شێوە دەربڕینەکانی دراما وەرگرتووە بۆ دەرخستنی سیمای کەسایەتییە شیعرییەکان و بەکارهێنانی وزە و توانای دەنگەکان لەڕێی دیالۆگ و گفتوگۆی ناوەوە، هەروەها لە کۆنەوە شیعر سوودی لەمۆسیقا وەرگرتووە بۆ داڕشتنی سۆناتا و سوودیشی لە سینەما بینیوە بۆ وێناکردنی حاڵەتە شیعرییەکان و سوودی لە تابلۆ و شێوەکاریش وەرگرتووە بۆ چۆنیەتی دەرخستنی تۆنەکانی ڕەنگ و دۆزینەوەی ڕووبەری ڕەنگدانەوەکانی ڕۆح و دۆزینەوەی زمانی موجەڕەد و لە چەشنی ئەوانەی کاندنسکی دەیکا لە بەکارهێنانی ڕەنگدا.

من خۆم حەزم لە شێوەکارییە و ئێستاش زۆرجاران کە تەنیا دەبم لەگەڵ خۆمدا تەماشای ئەلبوومی شێوەکارەکان دەکەم و زۆریش حەزم لە هونەری تەعبیرییە، بە تایبەتی گۆگان و حەزم لە تابلۆ خەون ئامێزەکانی شاگالە، ئەو دوو هونەرمەندە یەکیان فێری ڕستەی بازوو ئەستووری بەر گەرمای جوانی کردووم وەکی چۆن خۆی لە ژنەکانی تاهیتیدا ئەو جۆرە سیحرەی دۆزیبیەوە. شاگالیش هەمیشە خەونی گەڕانەوەیە، ئەو بۆ وڵات و من بۆ منداڵی. لەناو پەیکەرتاشەکانیشدا حەزم لە تابلۆ باریکە درێژەکانی (جیا کومیتیە) و لە هونەری کوردیشدا بەشێک لەتابلۆکانی (ئیسماعیل خەیات و جەزا بەکر و قەرەنی جەمیل و هیممەت کاکەیی). پێوەندیم لەگەڵ ئەواندا خۆشە، لەناویاندا (مەدحەت کاکەیی) زۆر نزیکە لێمەوە و هەر جارەی کە دێتەوە وڵات کاتێکی زۆری لای منە. مەدحەت گەنجینەیەکی دەوڵەمەندی توانا و ئەزموون و شارەزاییە.

**ڕامان:** هەن پێیان وایە ئێوە لە تەنزیرکردن بۆ شیعر نوێخوازترن وەک لە تێکستی شیعرەکانتان، ئێوە چی دەڵێن؟

**دڵشاد عەبدوڵلا:** بەشێکی یەکەمی وەڵامی ئەم پرسیارە بۆ خوێنەران بەجێ دێڵم، پێم وایە ئەگەر شیعرەکانم زۆر لە پێش تەنزیرەکان دا نەبن هیچم بەهیچ نەکردووە، چونکە لە بنەڕەتدا من خۆم وەکی شاعیر دەبینم نەک تەنزیرکردن بۆ شیعر.

**ڕامان:** ڕاستە ئەو نەوەیەی ئێوە کە هاوتەمەنی شیعری تۆن زۆر لەبارەی مۆدێرنیزم و پۆست مۆدێرنیزم قسە دەکەن، بەڵام تا ئێستا دەقێکی سەربە پۆست مۆدێرنیزمتان نەنووسیبووە؟

**دڵشاد عەبدوڵلا:** بەشی زۆری شیعرەکانی (بەختیار عەلی و کەریم دەشتی و هاشم سەراج) پۆست مۆدێرنیزمن ئەگەر بەو پێوانەیە بیانپێوی، بەشی هەرە زۆری شیعرەکانی گرووپی هەولێر لە هەشتاکاندا شیعری مۆدێرێزمن، بەڵام شیعر بەو پێوانەیە ناپێورێ، ئەوە کاریگەری ئەدەبی فارسە پەڕیوەتەوە ئێرە تاکە پێوانەی زیندووی شیعر شیعرییەتە نەک هیچ شتێکی دی.

**ڕامان:** «ڕوانگە» تەوژمێکی ئەدەبی بوو، وەک خۆیان دەڵێن یارو نەیاری زۆر بوو، هەن پێیان وایە لەجووڵاندنی گۆمی ئەدەبی کوردی کاریگەری خۆی هەبووە و هەیانە زیاتر بە گوتارێکی سیاسی دەزانن وەک لەوەی گوتارێکی ئەدەبی بێ، ئێوە چی دەڵێن؟

**موغامەرەی (ڕوانگە) گەیشتە شوێنێکی داخراو**

**دڵشاد عەبدوڵلا:** موغامەرەی

«ڕوانگە» گەیشتە شوێنێکی داخراو، چونکە لە بنەڕەتەوە دیدێکی ئەدەبی هاوبەشی نەبوو، بەڵکو بێزاربوونێکی هاوبەش هەبوو لە بەرانبەر هەندێک بیروبۆچوونی وەستاو. بەیانی ڕوانگە لە ڕووی ئەدەبییەوە زۆر لاواز بوو، دواتر دوای ساڵێک جۆرێک لەمێزگرد توانییان لەوێ بەشێک لەبۆچوونی ئەدەبی خۆیان بەیان بکەن، بەڵام بە ڕاستی «ڕوانگە» گۆمەکەی هەژاند و جموجۆڵێکی ئەدەبی دروست کرد. داینەمۆی جووڵانەوەکە (شێرکۆ بێکەس و حوسێن عارف) بوون. ئەوانەی دژی بوون کۆنەپارێز و هەموو ئەوانەبوون کە پێیان وابوو ئەدەبی کوردی دەبێ لە ئاشی واقیعیەتی سوشیالیستی بکات، ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە زیانێکی زۆری لە ئەدەبی کوردی دا. ڕوانگە جیهانبینییەکی تازەی لە پشتەوە نەبوو، ئەوانەی باسی ڕەهەندی سیاسی دەکەن لەو تەوژمەدا ئەگەر مەبەستیان ئەوەبێ کە ئەوانەی بەیانەکەیان ئیمزا کردووە تەسەوری سیاسییان هەیە ئەوە ڕاستە و عەیبەیش نییە، بەڵام ئەگەر مەبەستیان گومان دروستکردن بووبێ ڕاست نییە، چونکە ئەوانە ئەمڕۆش لە ڕووی سیاسییەوە ئەدیبانی سەر بەمیللەتی خۆیانن و لەم ڕووەوە هیچ لەکەیەک لە ژیانیاندا نییە.

**ڕامان:** قۆناغی شاعیرانی سەردەمی گۆران بۆ خۆیان خاسیەت و جیاکەرەوەیەکیان لە شیعری خۆیان بەجێ هێشتووە، سەردەمی ڕوانگە و ساڵانی حەفتا خۆیان لە قۆناغی گۆران بە جیاواز دەزانن، دەکرێ بزانین بەشێوەیەکی گشتی خاسییەتی جیاکەرەوەی شیعری ئێوە دوای ئەوان لە چیدا دەبینین؟

**دڵشاد عەبدوڵڵا:** جارێ دەبێ ڕستەکە بخەمە باری تاکەوە، چونکە ئێمە ناوی گرووپمان لێ نرا، بەڵام گرووپ نەبووین، کۆمەڵە شاعیرێک بووین جیهانبینیمان لە یەک نزیک بوو، خۆ ئەگەر وانەبوایە ئەو بەیانەی بڕیاربوو بینووسین دەمواننووسی. ئەوکات لە هەشتاکاندا پێم وابوو کە داهێنان کارێکی فەردییە و بەکۆ ئەنجام نادرێ، بەتایبەتی شیعر. لە هەشتاکاندا وەرچەرخانێک لە زمان و تێگەیشتن لە شیعر ڕوویدا، کاتێک ئەورووپا لەلایەن ژمارەیەک شاعیرەوە دۆزرایەوە وەکی کیشوەرێکی گەورەی داهێنان نەک وەکی هێزێکی سیاسی و ئابووری. یەکەم قۆناغی تازەگەری سەردەمی (گۆران) لەژێر کاریگەری ئەدەبی عوسمانی بوو، تەوژمی دووەمی تازەگەری لەسەردەمی ڕوانگە لەژێر کاریگەری تەوژمی تازەی شیعری عەرەبیدا بوو، ئەوەی هەشتاکان کاریگەری تازەگەری ئەورووپا بوو، کە دیارترین خاسیەتەکانی دوور کەوتنەوە لە زمانی خیتاب و زمانی کۆ بوو، لە ڕێی دۆزینەوەی زمانی ناوەوە تەعبیر لە زەمەنێک کرا کە سەرچاوەکەی زاتی مرۆ خۆیەتی نەک دەرێ. پاشان ئایدیۆلۆجیایەک لە ئارادانەما، پەنجەرەکان بەڕووی مرۆ کرابوونەوە نەک ئایدیۆلۆجی. ئەگەر سەرنج بدەی لە کوردستاندا دوای نەوەدەکان ئەورووپای سیاسی و دیموکراتی دۆزرایەوە، کەچی ئەورووپای عەقڵ تا ئێستا بەزەحمەت دەگا. بەربەستەکان زۆرن، ئایین و کولتووری توندوتیژی، ئازادی و داهێنان ئەورووپای خرۆشاند، لای ئێمە ترس لە هەردووکیان هەیە. لە هەشتاکانەوە لە هەندێک لەو تابۆیانە درا و حەرام کراوەکان هاتنە ناوەوە لەوانە باسکردنی لەش و لە ئەدەبیشدا ڕێبازی هونەر بۆ هونەر کە ماوەیەک لە ترسی ڕەخنەی شمولی بەترسەوە ناوی دەهێنرا، کەچی ئەو ڕێبازە زۆر گۆڕانی گەورەی لە ئەدەبی جیهاندا ئەنجام دا.

ئەگەر سەرنج بدەی لە شیعری کوردیدا (مەبەستم شیعری کلاسیکە) زۆر جار بە شیعری لەدژی دەروێشایەتی و شێخایەتی نووسراوە، کەچی لە شیعری تازەدا هەندێک لەو جۆرە کۆت و پێوەندانە لەگەڵ ئەوەی هەن ترسێک هەبووە لە باسکردنییان، ئەوەش بۆ باڵا دەسەڵاتی کوێخایانەی سیاسەت دەگەڕێتەوە، کە لەدوای ئازادبوونی کوردستانەوە ئەو جۆرە ترسە بەجۆرەها شێوە و لەناو جۆرەها بەرگی ڕەنگاوڕەنگدا بەرهەم دەهێنرێ.

بەڵام سەبارەت بەخاسیەتی شیعری هەشتاکان پێویستە ئەوەشمان لەبەرچاو بێ، لەسەرەتاوە تا ناوەڕاستی هەشتا لە جیهاندا زۆر گۆڕان ڕوویاندا، لە سۆڤیەت و لە ئەورووپا و لە ئەمریکا لە چینیش، ئەو گۆڕانانە پرۆشکیان بەر ڕۆژهەڵات کەوت. لە ئەدەب و هونەردا زۆر شتی گۆڕی، کەچی ڕژێمەکان هیچیان بەسەر نەهات، بەڵکو توندتر کران. سەرنجم داوە لە ئەدەبی ئەورووپاشدا کە باس دێتە سەر هەشتاکان باسی ئەو گۆڕانە دەکرێ کە دەکرێ بە قۆناغی تێپەڕاندنی مۆدێرنیزمی ناوبنێین. قۆناغی کرانەوە بەسەر هەموو بیروبۆچوونەکان و قەتیس نەبوون لە جومگەی یەک بیرو بۆچووندا.

لەدوای نەوەد و پێنجەوە گۆڕانێک لە ئەدەبی کوردییدا ڕوویدا، بەهۆی بارودۆخی سیاسی ئەوکات و شکست هێنانی شۆڕش، مرۆی کورد بەرەو ناوەوە تێکشکا، ئەوە جۆرە زمانێکی تری دۆزییەوە، کە زمانی زەمەنی ناوەوەی مرۆیە، زەمەنی گەڕانەوە بۆ ئەفسانە و سەرەتاکان و دۆزینەوەی بەدیل بۆ پاراستنی ڕۆح لە هەر جۆرە

ڕووخانێک ڕێک وەکی هەمەنگوای لە پیرەمێرد و زەریادا دەڵێ، مرۆڤێک دەشکێنرێ وەلێ ناڕووخێ!

کەچی هەشتاکان ڕۆژگاری تر هاتە پێش، ڕۆژگاری ئیرهاب و خوێن، کە شکست ئەوەشی هاتە پاڵ و لەولاشەوە شۆڕش دەستی پێکردبووەوە. ئەو بارودۆخە ئاڵۆزە لە شارەکاندا و لەناو ئەدەبدا ڕەنگیان دابووەوە. ئەدەبێک کە وابەستەی شاربوو، ئەوی تر وابەستەی لادێ کە لانکەی شۆڕش بوو. من خۆم لەگەڵ ئەدەبی شاربووم و پێم وابوو کە ئەفراندن چەکێکە هیچی کەمتر نییە لە سەنگەر لەکاتێکدا کە هەردووکیان بوونیان هەبێ و بەوپەڕی مەسئوولیەتەوە کار بۆ پاراستنی ڕۆحی میللەتێک بکەن. لە شاخ ترسی شەڕی براکان لە ئارادابوو، کەچی لە شار براکان بەشێوەیەکی تر جیاوازبوون.

**ڕامان:** ئێوە لە زۆر بواردا خۆتان تاقی کردووەتەوە، لە بواری شیعرو لە بواری گۆشە نووسین و ڕۆژنامەگەری، بواری ڕەخنە و نووسین و بیروڕا دەربڕین ئایا هەست دەکەن شیعر نەیتوانیبێ تینوێتیان بشکێنێ، یان هەموو ئەو بوارانەی دەربڕین بە تەواوکەری یەکتر دەزانن؟

**دڵشاد عەبدوڵلا:** من خۆم بە شاعیر دەزانم، یان حەز دەکەم شاعیربم، و ئەوانی تر بیانوویەکن بۆ گەیاندنی پەیامی شیعری خۆم، ئەوە لە ئێستادا و بۆ بەراوردکردن وەکی دی کاری ڕۆژنامەگەری نەیتوانیوە لە شیعرم دووربخاتەوە، وەکی هەندێک کەسی ئەوەیان هەیە بەڵکو من زۆر سوودم لێ وەرگرتووە بۆ دۆزینەوەی زمانێک کە پێیەکی لە ئاسمان بێ و ئەوی تری لەسەر شەقام. با بێینە سەر ئەوەی ئایا شاعیر ئەمڕۆ هەر دەتوانێ شیعر بنووسێ، نەخێر. من دەتوانم بێ دوودڵی ڕاوبۆچوونی خۆشم دەربارەی دیاردەکان، دەربارەی ئەزموونی شیعریی چی و چی تریش دەربڕم.

**ڕامان:** چەند ڕەخنە ئاوڕی لە بەرهەمەکانت داوەتەوە. هەست ناکەن (ڕەخنە) بەرانبەرتان بێدەنگی لێ کردبێ. هۆیەکەی بۆچی دەگێڕیتەوە؟

**دڵشاد عەبدوڵلا:** ڕەخنە هەردەم لای ئێمە وابووە ڕوو لە دەقێک دەکا کە ڕووناکی ئیعلامی لەسەربێ، من ماوەیەک ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەم لە دەست بووە و ئێستا گۆڤارێک ڕۆژێک بانگەشەم بۆ دەقێکی خۆم نەکردووە و تەکلیفم لە هیچ ڕەخنەگرێک نەکردووە ئەگەر ڕەخنەگری ڕاستەقینە هەبێ کە شتێک دەربارەی شیعری من بنووسێ. دەقی گران و جیاواز درەنگتر دەناسرێ.

**ڕامان:** لە هەشتایەکان کۆمەڵێ شاعیر هەریەکەیان بەتایبەتمەندیی خۆیەوە لەژێر ناوی شاعیرە پێشڕەوەکان لەژێر (ساباتێکدا) کۆکرانەوە، تۆ چەند لەگەڵ ئەو ناونانە بووی. چی لەگەڵ شاعیرەکانی دیکە کۆیان دەکردیتەوە؟

**دڵشاد عەبدوڵلا:** ئەو ناوە شاعیرەکان دایاننەهێنابوو، بەڵکو لە دەرەوەی ئەوان هاتبوو، بەڵام بەهەق پێشڕەوبوون و شیعری کوردییان لەچوارچێوەی دواکەوتوو و لە دەست دایناسوورە ئەدەبییەکان دەرهێنابوو.

دیارە بەباشی دێتەوە یادتان، چونکە تۆ خۆشت زۆرجاران لەگەڵماندا دادەنیشتی و نزیک بووین لە یەکترەوە، ئەو برادەرانە خەمی هاوبەشمان هەبوو، لە گەڕان و پشکنین و سۆراخدا هاوبەش بووین، سەردەمەکەش وابوو پێویستی بە گرووپ و کۆمەڵ هەبوو بۆ پاراستنی یەکتری، چونکە لە بەرانبەر ئەواندا هێزێکی زۆری کۆنەپارێز و کۆنەپەرست و سەلەف هەبوو. هەر جارە و بە بیانوویەک شەڕیان پێ دەفرۆشتین، تا ئەوکاتەی جارێکیان خەزعەل ئەلماجدی کە ئەوکات برادەرمان بوو لە گۆڤاری (الف باء) گۆشەیەکی لەژێر ناوی «الجیل الثالث من الشعر الکردی» نووسیبوو، هەندێک ڕەخنەگری کورد کەوتنە وەڵامدانەوە، باش بوو، کەسێکی غەیرە میللەتی خۆت باسی شاعیرانی میللەتەکەت بکات و تۆ وەڵامی بدەیتەوە وانییە، بزانە ڕقی ئەوانە گەیشتبووە چ ئاستێک ئەوەی سەیرە ئەوانەی ئەوکات دژایەتی ئێمەیان دەکرد لەم دواییە و بەتایبەتی لەدوای ڕاپەڕینەوە کەوتنە نووسین دەربارەی ئەزموونی شیعریی هەندێک لەو شاعیرانەی بە شاعیرانی (پێشڕەو) ناسرابوون. ئەوە ئەگەر پەشیمان بوونەوە بێ ئاساییە، بەڵام پێم وایە جۆرێکە لە ڕیایی ئەدەبی.

**ڕامان:** تۆش پێت وانییە شیعری ئەمڕۆمان بەدەست خۆ جووینەوە و لاسایی کردنەوە دەناڵێنێ، شیعری چاک و شاعیری تایبەتمەند زۆر دەگمەن و دانسقەیە؟

**دڵشاد عەبدوڵلا:** لە هەموو سەردەمەکان شاعیری تایبەتمەند دەگمەنە. ئەمڕۆ بەهۆی ئەو هەموو گۆڤار و ڕۆژنامە و ناوەندە ئەدەبیانەی کە هەن- کە بەشی زۆریان مەبەستی ئەدەبیان لە پشتەوە نییە و بۆ پروپاگەندەی حزبی هەن- جۆرە پشێوی و ئاڵۆزییەک دروست بووە. ئارامبوونەوەی زەحمەتە ئامادەنەبوونی ڕەخنەش ڕەخنەگری بلیمەت و خاوەن نەزەرم مەبەستە- هێندەی تر نێوەندەکەی شێواندووە. ڕەنگە ماوەیەکی بووێ تا هەموو شتەکان ئارام دەبنەوە و ئەنجام چەند دەنگێک دەمێنن کە تایبەتمەندن. بە ڕاستی ئەمڕۆ دروستکردنی تایبەتمەندی

زۆر زەحمەتترە لە جاران.

**رامـــــان:** زۆر کەس پێی وایە خوێنەری شیعر کەم بووەتەوە. تۆ دەڵێی چی؟

**دڵشـاد عـەبدوڵلا:** خوێنەر زیاد دەبێ کەم نابێتەوە، هەتا ئێستا کۆڵەکەی سەرەکی کولتووری کورد شیعرە، بەڵام دەبێ لەو ڕاستییە بگەین کە ئەمڕۆ بەشێکی خوێنەر چۆتە ناو ئینتەرنێتەوە و شیعری کوردیش نەیتوانیوە بپەڕێتە ناو ئەو جیهانە، جگە لە کەمێکی کەم نەبێ ئەوانیش لە ڕێی خەڵکی ترەوە. ئەو دیاردە جیهانییە هەر تەنیا لەناو کورددا نییە. بەپێی دوا ئامار کە کراوە.

لە فەرەنسا لە ئەمریکا لە ئیسپانیا و لە زۆر شوێنی تریش خوێنەری شیعر لە زیادبووندان.

**رامـان:** نەوەیەک پەیدابوون کە ڕەفز دەکەن لە پێناوی ڕەفز، هەموو ئەوەی پێش خۆیان نادیدە دەگرن و قبووڵیان نییە، پێت وایە ئەو جۆرە یاخیبوونە چەند لە خزمەتی واقیعی ڕۆشنبیری و داهێنانی کورد دایە؟

**دڵشـاد عـەبدوڵلا:** ڕەفز کردنەوە پەیامێکی تازەی لە پشتە، بێ ئەو پەیامە ڕەفز کردنەوە مەحاڵە، پاشان کێ ڕەفز دەکەیتەوە. ئەگەر بەر لەوە بەتووڕەیی ئاوڕ لە ڕابردوو نەدەیتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا من سەرلەنوێ خوێندنەوەی ڕابردووم پێ ڕاستە، ئەوە دەتوانێ بای گۆڕان لە هەناوی خۆی هەڵگرێ. یاخیبوون سوونەتی ئەفراندنە، بەڵام بەر لەتێگەیشتن یاخیبوون هیچ مانایەک نابەخشێ.

نەوەی ئێستا نەوەی دابڕانە، نەوەی پۆست مۆدێرنیتەیە بەو مەفهومەی کە هیچ پێوانەیەکی ئایدیۆلۆجی نەماوە بیگرێتە خۆی، هەموو ئەگەرەکان لە بەردەمیدا کراوەن، بەڵام لەبەر ئەوەی کولتووری تخووب برین و تێپەڕاندن لاوازە و ئەوانیش خەمەکانیان دیاریکراوە، بۆیە ناتوانن دەق شکێن بن، ئەوە ڕەخنەی من لەو ناوەیە. بۆیە من لە سەرەتاوە تەئکیدم لەسەر سەرلەنوێ خوێندنەوەی تازە کرد، چونکە کولتوور پێویستی بەو جۆرە خوێندنەوانە هەیە بۆ ئەوەی بۆگەن نەکا و گۆڕانی بەسەردا بێ، ئەوانەی هەڵگری پەیامی تازەشن بیانووی تازەبوونەوە دەدۆزنەوە لە هەناوی کولتووری خۆیاندا.

**رامـــان:** تا چەند ڕۆشنبیری بۆ شاعیری ئەمڕۆ بە پێویست دەزانیت. ئایا بە ڕۆشنبیریی شاعیرانی ئەمڕۆکە ڕازیت؟

**دڵشاد عـەبدوڵلا:** چ جۆرە ڕۆشنبیرییەک پێویستە بۆ شاعیر، ئەوە پرسیارەکەیە، ئەگینا ڕۆشنبیریی پێویستە. کۆلن ویلسن زانیارییەکانی بەسەر دوو جۆر دابەش کردووە، «هەتاوی» کە ئەوانەن بەری زانست و عەقڵن، ئەوی تر «مانگی» کە شیعرییەت لەو جۆرەیانە. شیعر لە ڕۆشنبیری دروست ناکرێ، بەڵکو لە وشە دروست دەکرێ و ناسینی وشە و سیحر و پەنهانییەکانی ئەرکی یەکەمی شاعیرە، ڕۆشنبیری لەبەر ئەوەی بەرهەمی لێکدانەوەی مرۆیە باش و خراپی هەیە. من جۆرە ڕۆشنبیرییەک بۆ شاعیر بە پێویست دەزانم کە شارەزای بکا لە چۆنیەتی تێگەیشتن لە هەستی بەشەر، چۆنیەتی خۆشەویستی و ژیان، نەک تیۆرەکردنیان. گوتێ دەڵێ: داری تیۆرەکان زڕن، داری ژیان بە بەرە و شەنگ.

ڕۆشنبیریی ژیان کە پشت بە ئەزموونی دەوڵەمەند و شارەزابوون لە گەردوونەوە دەبەستێ ئەوەیان بۆ شاعیر لە هەموو سەردەمەکاندا پێویست بووە. ئێستا بۆ من گرنگ نییە بزانم مەفهومی جیهانگەرایی چییە. گرنگ ئەوەیە چۆن دەتوانم مرۆیەکی گەردوونی بم لە شارێکی بناری سەفینەوە.

شیعر کائینێکی دوورە پەرێز و کێوی نییە، بۆ ژیان پێویستی بەهێز و تەکنیکی نوێ بوونەوەیە، ئەوەش بە شارەزایی و موغامەرە دەکرێ. هونەری شیعر زەحمەتە و پوختەی هەموو هونەرەکانی ترە، جوتیارێک ناتوانێ شیعر بنووسێ ئەگەر کەرەستەی تازەی پێ نەبێ بۆ نووسین کە زانیارییەکانە- ڕەنگە بە حوکمی ژیانی خۆی هەیبێ، بەڵام چۆنی دەڵێ ئەوە پرسیارە گەورەکەی ئەفراندنە.

**رامـان:** ئافرەت لە نووسین و شیعری تۆ چ پانتاییەکی گرتووە. ئایا ئافرەت توانیویەتی لەسەر نەخشەی داهێنان و ڕووناکبیری ئێمە کاری بەرچاوبکات؟

**دڵشـــاد عـــەبدوڵلا:** بە نیسبەت بەشی یەکەمی پرسیارەکەوە، ئافرەت و پیاو لە عەشقێکی گەورەدا تواونەتەوە و شاعیریان دروستکردووە، بۆیە کە دەنووسم بەزەحمەت زمانی هەردووکیان بۆم جیا دەکرێتەوە. ئەگەر سەرنج بدەی لە زۆر لە دەقەکانمدا زمانی مێ لە تەک نێردایە، من بە زمانی ئادەمێک دەنووسم کە حەوا لەناو پەراسوویدایە و لێی جیا نەبۆتەوە.

بۆ وەڵامی بەشی دووەمی پرسیارەکەش، بەڵێ نەزەند بەگی خانی و کەژاڵ ئەحمەد و لەیلا فەریقی سێ نموونەی بەرچاون.

**رامـان:** تۆ ئەگەر بەچاوی ڕەخنەوە بڕوانیتە (گۆران) ئەو حزوورەی بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟

**دڵشاد عەبدوڵلا:** (گۆران) دیارترین شاعیرە لە شیعری نوێی کوردیدا، ئەوەش بۆ گەنجینە شیعرەکەی دەگەڕێتەوە. جگە لەوەش گۆران ئەزموونێکی ژیان و ڕۆشنبیریی دەوڵەمەندی هەبووە، پەخشانەکانی بەشێکی تری ئەو توانایەی ئەو دەردەخەن. بایەخی ئەو ئەزموونەش لەوە دابوو کە بەسەر ئەزموونی میللەتانی تردا کرایەوە و خۆی لە قوژبنێکی ئەدەبی میللییدا قەتیس نەکرد. لایەکی تری ئەزموونی گۆران لەو سروشتە ئینسانییە دایە کە لەبەرهەمەکانیدا بە ڕوونی دیارە، هەر ئەوەشە هەوێنی هەموو بەرهەمێکی نەمر و دانسقە، من سەرنجم داوە زۆرجار ئەوانەی بۆ خەڵاتی نۆبڵی ئەدەب هەڵدەبژێردرێن باسی ئەوە دەکرێت چەند بەرهەمەکەی ڕووی ئینسانی تێدایە و مەبەست لێرە خزمەتی ئەو ئاشتییە گەورەیەیە کە پێویستە لەمرۆڤدا بەرجەستە بێ بەرلەوەی جیهان بگرێتەوە.

هەندێک جار باس لەوە دەکرێ کە قەوارەیەکی سیاسی شاعیرێک دەگرێتە خۆی، بانگەشەی بۆ دەکا، بەڵام دڵنیابە ئەو قەوارەیە سەد ئەوەندە پێویستی بە شاعیرەکەیە. لەوەش بترازێ خۆ ئەگەر ئەو شاعیرە خۆی لە بنچینەوە هیچ نەبێ مەحاڵە ببێ بەوەی دەیانەوێ.

حزبی شیوعی چەندین کەسی تری هەبوو بۆ نەیتوانی چییان لێ بکات و چەندین دار ڕایەڵی کرد بۆ نەکەوتنیان، بەڵام ئەنجام هیچی بەهیچ نەکرد. (گۆران) پێویستی بە حزبێک نەبوو ببێ بە گۆران، حزبەکە پێویستی بە گۆران بوو. ئەوە قەدەری هەموو شاعیر و هونەرمەندێکی کارامە و دانایە کە هەردەم بیانووی نابەجێ بدۆزرێتەوە بۆ لەکەدارکردنیان.


**ڕامان:** باس لە کێشەی گەورە دەکرێ کە واقیعی ڕۆشنبیریی خنکاندووە و ڕۆشنبیری کورد توخنیان ناکەوێ، بەلای تۆوە ئەو کێشانە لە چیدا خۆیان دەنوێنن؟

**دڵشاد عەبدوڵلا:** کولتووری توندوتیژی گرفتێکی گەورەی ناو ڕۆشنبیریمانە، ئەو کولتوورە خۆشەویستی لاواز کردووە و وای کردووە کە دابەشکردنە خێڵەکی و حزبییەکانیش ڕەگیان بەخێرایی دابکوتن. ئەوەی پێویستە بەر لە هەموو شتێک بیری لێ بکرێتەوە دەرچوون لە پاشکۆیی و بەدەست هێنانەوەی سەربەخۆییە لەلای ڕۆشنبیران.

هەندێک جار ئەو پاشکۆ بوونە بەرەو کوێرە ڕێی بردووین، ئێستا نووسەرگەلێک لەسەر کۆمەڵگای مەدەنی و جیهانگەرایی و ئیسلامی سیاسی و چی و چییەوە دەنووسن بێ ئەوەی سەرەتاییترین بنەمای مەدەنیەت و کرانەوە و قبووڵ کردنی ئەوی تریان لابێ. ڕۆشنبیریی کوردی پێویستی بە کرانەوە و گوێگرتن لە بەرانبەرە و پێویستی بە گیانی لەخۆبووردەیییە. هەندێک میللەت هەن لەگەڵماندا دەژین لە وڵاتدا وەکی ئاشووری و کلدان و تورکمان و ئەرمەن... هیچ جۆرە پێوەندییەکمان لەگەڵ ئەواندا پێ دروست نەکراوە. ئەوە جۆرە ترسێکە لە هەناوی هەمووماندا، دەبێ ئەو ترسە بشکێ. کولتوورێکی ئینسانی هاوبەش کە جێگەی هەمووانی تێدا دەبێتەوە، ئەوە کێشەی گەورەیە. ئێمە پشتمان لە بەشێکی گرنگ لە کولتووری خۆمان کردووە بە بیانووی ئەوەی بە زمانی غەیرە کوردی نووسراون، ئەوانە پێویستیان بە سەرلەنوێ خوێندنەوە هەیە. بۆ بەرهەمی ئیبنو ئادەم و ئیبنوخەلەکان و ئیبنومستەوفی و کێ و کێی تر بەخۆڕایی بدرێتە عەرەب، هەروەها فارس و تورک، ئەوانە هەرگیز کولتووری عەرەب نین، ئەوانە بەرهەمی شارەکانی خۆمانن، بەرهەمی هەولێرن بۆ نموونە، چونکە ئەوکات هەر شارە و مەملەکەتێک بووە بۆ خۆی، هەروەها کولتووری ئەوانەی بە فارسییان نووسیوە و لە کرماشان بوون...تاد. ڕۆشنبیریمان پێویستی بە ڕەخنە هەیە، ڕەخنەیەک سەرلەنوێ بیخوێنێتەوە و بەهای نوێی لێ بدۆزێتەوە. ئەمەش پێویستی بەوە هەیە کە ڕۆشنبیر جیهانبینی خۆی هەبێ و بە چاویلکەی کەسی تر نەخوێنێتەوە.

**ڕامان:** بۆچی شاعیرانی ئەمڕۆ زۆربەیان حەز دەکەن وەک ئیلیەت قاچێکیان لە مەملەکەتی شیعر و قاچەکەی دیکەیان لە مەملەکەتی ڕەخنە بێ؟

**دڵشاد عەبدوڵلا:** تا ئەو بۆشاییەی کە هەیە پڕی بکەنەوە.



# هارۆڵد پینتەر:
# شانۆنووسین لە لای من لە هەموو تەرزەکانی نووسین سەختترە، چونکە ڕووت و قووتترین جۆری نووسینە

**لە ئینگلیزییەوە: د. فازیل جاف**
**(سوێد)**

«هارۆڵد پینتەر» ناوێکی ئاشنایە بە ڕۆشنبیران و شانۆکارەکانی کورد، چونکە بێجگە لەوەی ئەم درامانووسە جیهانییە کارەکانی خراونەتە سەر شانۆکانی کوردستان، بۆ خۆشی چ لە شانۆی (زمانی چیا) و چ لە هەڵوێستەکانی خۆیدا وەک دۆست و پشتیوانێکی گەلی کورد خۆی ناساندووە و بیروڕایەکانی سەبارەت بە دۆزی ڕەوای کورد لای ئێمە شاراوە نین، هەروەها لە یەکێک لە دەقە شانۆییەکانیشی کە (زمانی چیا)یە ئەو هەڵوێستەی خۆی بەرجەستە کردووە و من لە هەشتایەکانەوە ئەم دەقەم وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و لەسەر شانۆی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی نمایش کراوە و لە ژمارە (٤)ی گۆڤاری (ڕامان)ی ساڵی (١٩٩٦)دا بڵاومان کردەوە.

بە بۆنەی وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵی ئەمساڵی ئەدەب ئەم دیمانە گرنگەی بڵاودەکەینەوە.

**«سەرنووسەر»**

* کەی دەستت بە درامانووسین کرد و بۆچی؟

– یەکەم شانۆنامەم شانۆنامەی «ژوور»بوو، ئەو دەم تەمەنم حەڤدە ساڵ بوو. دۆستێکم هەبوو بە ناوی هینری وولف، لە بەشی درامای زانکۆی بریستل قوتابی بوو– ئەم کۆلیجە ئەو کات لە سەرانسەری وڵاتدا تاکە کۆلیجی دراما بوو– بواری ئەوەی بۆ ڕەخسا شانۆنامەیەک دەربهێنێ. جا لەبەر ئەوەی کە هاوەڵێکی دێرینی من بوو، دەشیزانی کە من خەریکی شانۆنامە نووسینم، هەروەها ئاگاداری ئەوەش بوو نیازی نووسینی شانۆنامەیەکم هەیە، بەڵام هیچم لێ نەنووسیبوو. ئەو سەردەمە من لە ڕێپ پرۆڤەم دەکرد، هەروەها پێی گوتم کە دەبێ هەفتەی داهاتوو شانۆنامەکەی بدەمێ...

پێم گوت قسەی قۆڕ، لەوانەیە بە شەش مانگ ئەوجا تەواو ببێت. پاشان بە چوار ڕۆژ تەواوم کرد.

* نووسین بۆ تۆ هەردەم ئاوا ئاسان بووە؟

– دەی من چەند ساڵێک بوو خەریکی نووسین بووم. سەدان شیعر و پارچە پەخشانی کورت کورتم نووسیبووە، دە دوانزەیەکیانم لە چەند گۆڤارێکی بچووکدا بڵاوکردبووەوە. هەروەها ڕۆمانێکیشم نووسیوە، کە دەست نادات بۆ بڵاوکردنەوە، هەر بەڕاستیش قەت ڕۆمانەکە بڵاونەکرایەوە. پاش نووسینی «ژوور»، بە چەند هەفتەیەک لە نمایشدا بینیم، ئەمجا یەکسەر دەستم کرد بە نووسینی «جەژنی لە دایکبوون».

* چی وای لێکردی ئاوا بە پەلە ئەو شانۆنامەیە بنووسی؟

– پرۆسەی نووسینی شانۆنامەیەکم دەست پێکردبوو، وای لێکردم لەسەری برۆم. پاشان ڕۆیشتم بۆ بینینی «ژوور» کە ئەزموونێکی نایاب بوو. لەبەر ئەوەی پێشتر شانۆنامەم نەنووسیبوو، قەتیش نمایشی هیچ شانۆنامەیەکی خۆم نەبینیبوو، پێشتر بینەرانم نەبینیبوو تەماشای شانۆنامەیەکی من بکەن. تەنیا خەڵکێ کە شانۆنامەکانی منیان بینیبوو چەند برادەرێکی خۆم و ژنەکەم بوو، بەو شێوەیە لە ناو بینەران دانیشتم، ڕاستییەکەی خەریک بوو میز بکەم بە خۆمدا، ڕام کردە دەرێ بۆ پشت کۆمەڵە پاسکیلێک...

* پێت وایە ئەگەر ئەو هاندانەی هاوڕێیەکەت لە بریستول نەبایە، شانۆنامەت هەر دەنووسی؟

– بەڵێ، پێم وایە شانۆنامەی «ژوور»م هەر دەنووسی. ئەوەندە هەیە لەو بارودۆخەدا هەندێ خێراتر نووسیم.. شانۆنامەی «جەژنی لە دایکبوون»یش دەمێک بوو هەر لە یادم بوو.



**شانۆنامەی «پاسەوان»، شانۆی نەتەوەیی، لەندەن ۱۹۸۱**

* بۆچی کەسایەتییەک لە شانۆنامەکەدا نەبوو کە گوزارشت لە خۆت بکا؟

– هیچم نەبوو– هیچم نییە دەربارەی خۆم ڕاستەوخۆ باسی بکەم. نەمدەزانی لە کوێوە دەست پێبکەم، بەتایبەتی کە گەلێ جار تەماشای ئاوێنەم دەکرد و دەمگوت: ئەم دەعبایە کێیە؟

* ئەی پێت وا نییە ئەگەر لە یەکێک لە کەرەکتەرەکانتدا لەسەر شانۆ گوزارشت لە خۆت بکەی، ئەمە یارمەتیت بدا خۆت بناسی؟

– نەخێر.

* تۆ بڵێی شانۆنامەکانت بەگشتی لەو بارودۆخانەوە وەرگیرابن کە خۆتی تێدا بووی؟ شانۆنامەی «پاسەوان»، بۆ نموونە.

– ژمارەیەکی کەم، زۆر کەمم لە خەڵکی بێکارو ئاوارەم بینیوە، هەر لە ژیانی ئاسایی ڕۆژانەدا، وابزانم یەکێکیان.. یەکێکیان تایبەت بوو.. زۆر باش نەمدەناسی، کە ناسیم بەزۆری هەر ئەو قسەی دەکرد، چەند جارێک بە ڕێکەوت چاوم پێکەوت، پاش نزیکەی ساڵێک وای لێکردم لەسەری بنووسم...

* قەت بە خەیاڵتدا هاتووە لە «ژوور»دا نمایش بکەی؟

– نا، نا – نواندن بۆ من چالاکییەکی سەربەخۆیە. کاتێ خەریکی نووسینی «ژوور»، «جەژنی لە دایکبوون» و «کارەکەری بێدەنگ بووم» لە ساڵی ۱۹۵۷دا بەردەوام لە شانۆی ڕێپێرتوار ڕۆڵم دەبینی، هەموو جۆرە کارێکم دەکرد، سەفەرم دەکرد بۆ بۆرنێماوس و تورکوەی و بێرمنگهام. کە لە نووسینی شانۆنامەی «جەژنی لە دایکبوون» بوومەوە، ئەو دەم لە گەشتی پێشکەشکردنی شانۆنامەیەکی فارسیدا بووم، ناویم لە بیر نییە.

* وەکو ئەکتەر هەستێکی ئەوتۆ وات لێ ناکات پێت



**شانۆنامەی «جەژنی لەدایک بوون»، شانۆی نەتەوەیی، لەندەن ١٩٤٤**

وابێ کەسانی ناو شانۆنامەکانت چۆن دەبێ نمایش بکرێن؟

– زۆر جار هەست دەکەم ڕۆڵەکە نابێ بەو شێوەیە نمایش بکرێ. پاشان بە گشتی دەردەکەوێ کە هەڵەم.

✱ کاتێ دەنووسی خۆت لە هەموو ڕۆڵەکاندا دەبینیتەوە؟ وەکو درامانووس ئەزموونت لە نواندندا یارمەتیت دەدا؟

– هەموو ڕۆڵەکان بە دەنگی بەرز بۆ خۆم دەخوێنمەوە، بەڵام خۆم لە هەموو ڕۆڵێکدا نابینمەوە، زۆربەی زۆریانم نمایش نەکردووە. کاری نواندنم نەبووە بە کۆسپی سەر ڕێگای کاری شانۆنووسینم. بۆ نموونە، دەمەوێ شانۆنامەیەک بنووسم- چەندین جار بیرم لێ کردۆتەوە- هەر تەواو دەربارەی ئافرەت بێ.

✱ هاوسەرەکەت ڤیڤیان میێرچنت، بەردەوام لە شانۆنامەکانتدا دەردەکەوێ، بەتایبەتی هیچ ڕۆڵێکت بۆ ئەو دەنووسی؟

– ڕۆڵم بۆ هیچ ئەکتەرێک نەنووسیوە، ئەمە ژنەکەشم دەگرێتەوە. تەنیا ئەوەندەیە کە پێم وایە ئەکتریسێکی زۆر باشە و کارکردن لەگەڵیدا گەلێ خۆشە، لەبەر ئەوە حەز دەکەم لە شانۆنامەکانمدا هەبێ.

✱ کە دەستت بە شانۆنامەنووسین کرد نواندن پیشەی یەکەمت بوو؟

– ئا، بەڵێ، تاکە شت بوو کە دەمکرد. من لە زانکۆ نەمخوێندووە، لە تەمەنی شازدە ساڵیدا وازم لە قوتابخانە هێنا، بێزاربووم و هەستم دەکرد ئۆقرەم لێ بڕاوە. تاکە شت کە لە قوتابخانەدا حەزم لێ دەکرد زمانی ئینگلیزی و ئەدەب بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی لاتینیم نەخوێندبوو، نەمتوانی لە زانکۆ بخوێنم. بەو شێوەیە لە چەند قوتابخانەیەکی درامادا خوێندم، بە جدی نەمدەخوێند، بە گشتی ئەو سەردەمە عاشق بووم و سەرگەرمی دڵداری بووم.

✱ قوتابخانەکانی دراما وەکو درامانووس هیچ سوودێکیان پێ گەیاندی؟

– بە هیچ جۆرێک. تەنیا بۆ ژیان بوو.

✱ کە گەنج بووی زۆر سەردانی شانۆت دەکرد؟

– نەخێر، زۆر بە دەگمەن. تاکە کەس لەو سەردەمەدا کە بەڕاستی حەزم دەکرد لەسەر شانۆ بیبینم، دۆناڵد ولفیت بوو لە ڕۆیال شەکسپیر کۆمپانی. بێ ئەندازە سەرسامی بووم، شالیرەکەی تاکو ئێستاش باشترین شالیرە کە بینیبێتم. ئەمجا دەشمخوێندەوە، چەند ساڵێک بەشێکی زۆری ئەدەبی مۆدێرنم دەخوێندەوە، پتر ڕۆمانم دەخوێندەوە.

✱ ئەی بەرهەمی درامانووسانت نەدەخوێندەوە- برێخت، پیراندیاللۆ...

– ئۆه‌، بێگومـــــان نـه‌، تا چه‌ند ســــالێكیش، هێمینگوای، دۆستۆیڤسكی، جۆیس و هینری میلله‌رم له‌ ته‌مه‌نێكی گه‌لێ زوودا خوێنده‌وه‌، كافكاشم خوێنده‌وه‌.

هه‌روه‌ها ڕۆمـانه‌كـانی بێكێتـیـشم خـوێنده‌وه‌، به‌ڵام ته‌نانه‌ت تاكو چه‌ند شانۆنامـه‌یه‌كیشم نووسیبوو، ناوی یونسكۆم هه‌ر نه‌بیستبوو.

✱ پێت وایه‌ ئه‌م نووســه‌رانه‌ كـاریگه‌رییـان له‌ســه‌ر نووسینه‌كانت هه‌بێ؟

– هه‌ر نووسه‌رێكم خوێندبێتـه‌وه‌ كـاری كـردۆته‌ سـه‌ر خـۆم– زۆربه‌ی كـاتیش ده‌مخـوێنده‌وه‌– به‌ڵام به‌تایبـه‌تی هیچ كـام له‌و نووســه‌رانه‌ كــاریگه‌رییــان له‌ ســه‌ر نووسینه‌كانم نییه‌. بێكێت و كـافكا زیاتر لێم نزیكن– پێم وایه‌ بێكێت باشـتـرین په‌خـشـاننووسی زیندووه‌. جیهانی من په‌یوه‌سته‌ به‌ نووسه‌ری دیكه‌شه‌وه‌– ئه‌مـه‌ش یه‌كێكه‌ له‌ شته‌ هه‌ره‌ باشه‌كانی ناو ئه‌و جیهانه‌.

✱ پێت وایه‌ مۆسیقا كاری كردۆته‌ سه‌ر نووسینه‌كانت؟

– نازانم مـۆسیـقا چۆن كـار ده‌كاته‌ سه‌ر نووسین، به‌ڵام مۆسیقا، به‌ جاز و كلاسیكه‌وه‌ بۆ من گه‌لێ گرنگ بووه‌.. له‌ نووسینـدا هه‌میـشـه‌ هه‌ست به‌ ڕۆحی مـۆسیـقا ده‌كه‌م، ئه‌مـه‌ش بۆ خـۆی مـه‌سـه‌له‌یه‌كی جیـاوازه‌ له‌گـه‌ڵ ئه‌وه‌ی مۆسیقا كاریگه‌ری له‌سه‌رت هه‌بێ. بۆلێز و ویبێرن، دوو مۆسیقادانه‌رن كه‌ من ئێستا گوێیان لێ ده‌گرم.


✱ به‌ هۆی ئه‌و سنوورانه‌ی كه‌ له‌ نووسینی شانۆدا هه‌ن هه‌ستت به‌ بێ ئارامی كردووه‌؟

– نه‌خێر، نووسین بۆ شانۆ گه‌لێ جودایه‌، شانۆ نووسین لای من له‌ هه‌مـوو ته‌رزه‌كانی نووسین سه‌خت‌تره‌، ڕووت و قـووت‌ترین جۆری نووسینه‌، چونكه‌ ته‌واو سنوورداره‌. من چه‌ند كـارێكم بۆ فـیلم نـووسیـوه‌، له‌به‌ر هه‌ر هۆیه‌ك بوو بێ، سه‌باره‌ت به‌و بیره‌ جودایه‌ی ده‌رباره‌ی فیلم هه‌مبوو، ئه‌وه‌ نه‌بوو كه‌ پێی ڕازی بم. ئاهه‌نگی چا خواردنه‌وه‌، كه‌ بۆ ته‌له‌ڤزیۆنم نووسی، له‌ ڕاستیدا فیلمێكی سینه‌ماییه‌ و وه‌كو فیلمی سینه‌ما نووسیم. ته‌له‌ڤیـزیۆن و سینه‌ما له‌ شانۆ ئاسانترن – ئه‌گه‌ر دیمه‌نێك ماندووت بكا ده‌توانی به‌ ئاسانی لاییه‌ی و یه‌كسه‌ر بچیته‌ سه‌ر دیمه‌نێكی دیكه‌. (هه‌ڵبـه‌ته‌ زۆری پێـوه‌ ده‌نێم)، جیـاوازی گـه‌وره‌ی شـانۆ له‌وه‌دایه‌، كــه‌ تۆ له‌وێدای. گـــیــــرت خـــواردووه‌ – كاره‌كته‌ره‌كانت له‌ سه‌ر شانۆدا چه‌قیان به‌ستووه‌، ده‌بێ له‌ گـه‌ڵیـانـدا بژی و ڕه‌فـتـاریان له‌گـه‌ڵدا بكه‌ی. من له‌ به‌كـارهێنانی كـه‌ره‌ســه‌ی ته‌كنیكی شـانۆدا به‌ قـه‌د نووسه‌رێك كه‌ درامانووسانی دیكه‌ به‌كاری دێنن ئه‌وه‌نده‌ داهێنه‌ر نیم– بڕوانه‌ بریخت! من ناتوانم ته‌خته‌ی شانۆ به‌و شێـوه‌یه‌ی ئه‌و به‌كـار بێنم. كـورت و ئاسـان من ئه‌و فانتازیایه‌ی ئه‌وم نییه‌، من خۆم له‌گه‌ڵ ئه‌و كاراكته‌رانه‌دا بینیـیـه‌وه‌ كـه‌ یان ئه‌وه‌تا دانیـشـتـوون یانیش به‌پێـوه‌ وه‌ســتـاون، یان له‌ ده‌رگـایه‌كـه‌وه‌ ده‌رده‌چن و یانیش له‌ ده‌رگـایه‌كـه‌وه‌ دێنه‌ ژووری، ئه‌مـه‌ هه‌مـووی ئه‌وه‌نده‌یه‌ كـه‌ پێیان ده‌كرێ. له‌گه‌ڵ قسه‌كردن یان بێده‌نگی نواندن.

✱ زۆرت له‌ شـانۆنامـه‌كـانی خـۆت بۆ شـانۆ ده‌رهێناوه‌. له‌م كاره‌دا به‌رده‌وام ده‌بی؟

– نه‌خێر. گه‌یشتمه‌ ئه‌و باوه‌ڕه‌ی كه‌ ئه‌مه‌ هه‌ڵه‌یه‌، من پتـر وه‌كـو نووسـه‌ر كارده‌كـه‌م، له‌ شتـێكه‌وه‌ ده‌چمـه‌ سـه‌ر شتێكی دیكه‌، تاكو بزانم پاشان چی ڕووده‌دا.... هه‌وڵ ده‌ده‌م شـتــه‌كــان ڕاســتگۆیانه‌ بـن. به‌ڵام به‌ ده‌گــمــه‌ن ده‌یگه‌مێ. پێم وایه‌ وه‌كو نووسه‌رێك كه‌ له‌ نزیكه‌وه‌ كار له‌ شـانۆنامـه‌یه‌ك ده‌كـه‌م سوودبه‌خشـترم. وه‌كـو ده‌رهێنه‌ر زۆرتر به‌لای ئه‌وه‌دا ده‌یشكێنمه‌وه‌ ئه‌كته‌ره‌كانم دامه‌زرێنم، چونكه‌ هه‌رچه‌ند ده‌رباره‌ی ده‌ق بـابه‌تیـانه‌ بم و هه‌رچه‌ند هه‌وڵ بده‌م پێ دانـه‌گرم له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی كـه‌ (ده‌بێ ئاوابێ)، پێم وایه‌ ئه‌ركـێك ده‌كـه‌وێتـه‌ سـه‌ر شـانی ئه‌كـتـه‌ر كـه‌ هه‌ڵگرتنی گه‌لێ قورسه‌.

✱ بۆ ئه‌وه‌ی كـه‌ تۆ خـۆت ئه‌كـتـه‌ری، قـه‌ت ڕێكده‌كـه‌وێ ئه‌كته‌رانی ناو شانۆنامـه‌كانت لێت نزیك ببنه‌وه‌ و داوای



**شانۆنامه‌ی «خاكی بێ خاوه‌ن»، شانۆی نه‌ته‌وه‌یی، له‌نده‌ن ١٩٧٦**

ئەوەت لێ بکەن چەند دێڕێک یان چەند شتێک لە ڕۆڵەکانیان بگۆڕی؟

– هەندێ جار زۆر بە دەگمەن، هەندێ دێڕ دێتە گۆڕان کاتێ کە پێکەوە کار دەکەین. من قەت باوەڕم بە شانۆی فەوزا نییە کە پێی دەگوترێ داهێنانی ئەکتەران– ئەکتەران دەتوانن ئەم کارە لە شانۆنامەکانی نووسەرێکی دیکەدا بکەن. کە هەر چۆنێ بێ کار نەکاتە سەر توانای نمایش کردنیان لە شانۆنامەکانی مندا.

* ئایا زیاتر لە یەک ڕێگا هەیە بەشێوەیەکی سەرکەوتوو شانۆنامەکانی پێ دەربهێنرێ؟

– ئۆه بەڵێ، بەڵام هەمیشە دەبێ دەربارەی حەقیقەتی مەرکەزی شانۆنامەکە بێ – ئەگەر ئەمە بشێوێنرێ، کارێکی خراپە. تەفسیری سەرەکی لە ئەکتەرانەوە دێ. بێگومان ڕیژیسێریش دەکرێ بەرپرسیار بێ لە سەرنەکەوتنی شانۆنامەکە – یەکەم نمایشی پاسەوان لە ئەڵمانیا قورس بوو. پلانێکی دیاریکراو بۆ هیچ شانۆنامەیەک نییە، چەندین شانۆنامەم زۆر سەرکەوتووانە دەرهێنراون، بێ ئەوەی خۆم بە هیچ جۆرێ یارمەتی بەرهەمهێنانیم دابێ.

* کە خۆت کار لە یەکێ لە شانۆ نامەکانتدا دەکەی، بە ڕای تۆ کلیلی پێوەندی باشی نێوان درامانووس – ڕیژیسێر چییە؟

– ئەوەی کە زۆر جەوهەرییە ئەوەیە دەبێ لە هەموو جۆرە بەرگریکردنێک لەخۆ دوورکەویتەوە. لەنێوان نووسەر و ڕیژیسێردا، مەسەلەکە پێوەندی بە متمانەو شەفافیەتی نێوان هەردوو لاوە هەیە. کە متمانە و شەفافیەت نەما ئیدی تەنیا کات بە فیڕۆدانە.

* پیتەر هاڵ کە زۆرینەی شانۆنامەکانتی دەرهێناوە، دەڵێ شانۆنامەکان لەسەر فۆرمی زارەکی و ڕیتمسازی بنیات نراون، کە دەشنووسی «پشوو» مەبەستت شتێکی دیبە جیاواز لە «بێدەنگی»، سێ خاڵیش لە دوای یەک جیاوازە لە خاڵی کۆتایی ڕستەکان. ئایا ئەم ناسکییە کە لەم جۆرە نووسینەدایە لە هەموو کارەکانتدا پیادە دەکەی؟

– بەڵێ بەزۆری وایە. من بایەخێکی زۆر بەو لایەنانە دەدەم کە ئاماژەت پێکردن. جارێکیان پیتەر هال پرۆڤەیەکی خاڵ و پشووی بە ئەکتەرانی شانۆنامەی «گەڕانەوە بۆ وڵات» کرد، هەرچەند ئەو قسەیە لە خۆ پیشاندان دەچێ، بەڵام گەلێ سوودبەخش بوو.

* پێش نووسینیان نەخشە بۆ شانۆنامەکانت دادەنێی؟

– بەهیچ جۆرێک. نازانم شانۆنامەکانم چ جۆرە کارەکتەرێک دەگرنە خۆیانەوە تا ئەو دەمەی کە... با بڵێین، کە هەن.... تاوەکو ئاماژەی ئەوەم بۆ دەکەن کە ئیدی هەن. هیچ جۆرە تیورێک بەکار ناهێنم، هەر ئەوەندەی هزرم بۆ هات ئیدی دوایان دەکەوم– ئیشی من ئەمەیە، دوای هزر دەکەوم.

* مەبەستت لە هزر چییە؟ دەتوانی بیهێنیتەوە یادت چۆن یەکێ لە شانۆنامەکانت لە دەروونتدا نەشونمای کردووە؟– یان ئەوەیە لە شێوەی دێڕ بە دێڕ پەرەی سەندووە؟

– هەڵبەتە تەواو لە بیرم نییە چۆن شانۆنامەیەک لە دەرووندا نەشونما دەکا. وا بزانم ئەوەی کە ڕوودەدا بەو جۆرەیە کە من لە بارێکی قورسی هەڵچوون و بێهوودەییدا دەنووسم. ڕستە بە ڕستە دوای ئەو شتە دەکەوم کە لەسەر کاغەز لە پێش چاومدایە. ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە من هەر بەجارێ سووکە فیکرەیەکی گشتیم نەبێ– ئەو تەسەورەی کە دروست دەبێ هەر ئەوە نییە کە دەستبەجێ ڕوویدات، بگرە ئیمکانیەتی ڕووداوێکی گشتی دەرەخسێنێ، کە دەبێ تەواوی بکەم.

* لە شانۆنامەی «گەڕانەوە بۆ وڵات» دا، سام کارەکتەرێکە ماوەیەکە چالاک نەبووە، کتوپڕ چەند دەقیقەیەک پێش کۆتایی شانۆنامەکە، دەست بەگریان دەکا و دەکەوێ، بڵێی ئەمە نموونەیەکی ئەوەبێ کە مەبەستتە؟ شتەکە لە ناکاو ڕوودەدا!

– لە ناکاو پێم وابوو ئەمە دەبێ ئاوها بێ، شتەکە بەم شێوەیە هات. دەمزانی سام دەبوایە بۆ جارێکیش بێ هەر دەبێ شتێ لەم بەشەدا بڵێ، ئەم شتەش ئەوەیە کە ڕوویداو ئەوەشە کە گوتی.

* هەر لەبەر ئەوە دەشێ کەسەکان لە دەرەوەی دەسەڵاتی تۆدا، نەشونما بکەن، بیرۆکەی تۆ بگۆڕن–



**شانۆنامەی «جۆری لە ئالاسکا»، شانۆی نەتەوەیی، لەندەن ١٩٨٢**



**شانۆنامەی «دیەن»، شانۆی نەتەوەیی، لەندەن ١٩٩٤**

ئەگەرچی ئەو بیرۆکەیە روونیش نەبێ– کە شانۆنامەکە لەبارەیەوە دەدوێ؟

– من تا کۆتایی سەری گوریسەکان دەگرم، بۆیە هەرگیز ئەوەندە دوور نارۆن.

* هەست دەکەی چ کاتێ پێویست دەکا پەردە دادرێتەوە، یان بە مەقسەد کار لەسەر دەقەکە دەکەیت و ناوەستی تا ئەو شوێنەی کە خۆت پێشتر بڕیارت لەسەر داوە؟

– ئەمە مەسەلەیەکی تەواو غەریزییە، پەردە دادەدرێتەوە کاتێ کە پێت وایە ریتمەکە لە جێی خۆیدایە و کردارەکە داوای کۆتایی دەکات. من زۆر شەیدای ئەو دیالۆگانەم کە لەکاتی پەردەدادانەوە دەگوترێن. شەیدای ئەوەم کە چاک بنووسرێن.

* هەر بۆیەش هەست دەکەیت شانۆنامەکانت لە رووی پێکهاتەوە سەرکەوتوون؟ کە تۆ توانات بەسەر پێوەندی نێوان ئەم غەریزەیەو ریتمی شانۆنامەکە دەشکێ؟

– نەخێر، زۆرنا، ئەمەش نیگەرانیی گەورەی منە، واتە ئەنجامدانی پێکهاتەی راستەقینە. من هەمیشە سێ رەشنووس دەنووسم، دوور نییە وا پێویست بکا لێی بگەرێت. کاتێکی وا دێتە پێشەوە کە بلێی بەسە، لەمە زیاترم پێ ناکرێ، تاکە شانۆنامە کە تا رادەیەکی باش لە وجودێکی پێکهاتەئامێزەوە نزیکەو خۆیشم لێی رازیم، شانۆنامەی «گەڕانەوەیە بۆ وڵات». «شانۆنامەی جەژنی لە دایکبوون» و شانۆنامەی «پاسەوان» قسەی زۆر تێدایە... پێویستە تاوتوویان بکەمەوە، شتیان لێ لابدەم. وشەی زۆر هەندێ جار نیگەرانم دەکەن، بەڵام ناشزانم چییان لێ بکەم، بۆ خۆیان لە زاری کەسەکانەوە دەردەپەڕن. بەڕاستی من ئەوەندە بەکارەکانی خۆمدا ناچمەوە، بەڵام دەزانم کە زۆر جار لەناو ئەو شتەی کە دەینووسم، کەسێ لە ناکاو شتێکی ناشیرین دەڵێ.

* زۆربەی خەڵک لەسەر ئەوە رێکن ئەو هێزەی لە شانۆنامەکانی تۆدا هەیە لەم رەهەندی زارەکییەدا خۆی دەنوێنێ، هەروەها نموونەکان و هێزی کارەکتەرەکان کە لێیەوە وەریاندەگریت. ئەم قسانە لەو خەڵکەوە وەردەگریت کە لە کاتی ئاخافتندا گوێت لێیانە– گوێ بۆ قسەی خەڵک شل دەکەی؟

– هەرگیز کاتی خۆم بە گوێگرتن لە قسەی خەڵک بەسەرنابەم. ناوبەناو کە بەرێوە دەرۆم، گوێم لە شتێک دەبێ، وەکو هەموو کەسێ. بەڵام وشەکان لە کاتێکدا کە کارەکتەرەکان دەنووسم دێن، نەک پێشتر هەبن.

* بەڕای تۆ بۆچی گفتوگۆ لە شانۆنامەکانتدا ئەوەندە کاریگەرە؟

– نازانم بۆچی؟ وابزانم رەنگە لەبەر ئەوە بێ کە خەڵک هەموو ئەو شتانەی بە خەیاڵیاندا دێ دەیلێن تاکو خۆیان لە خەتەری ئەو شتانە لادەن کە دەیزانن، هەروەها لە خەتەری ئەوەی کە بناسرێن.

* کام مەیدانی شانۆنامەنووسین گەورەترین گیروگرفتت بۆ دروست دەکات؟

– هەموو مەیدانەکان ئەوەندە بەیەکەوە بەستراون کە رەنگە نەتوانم حوکم بدەم.

* قەت روویداوە لە رێگای کەسانی ناو شانۆنامەکانتەوە گوزارشت لە ڕای سیاسی بکەی؟

– نەخێر، بەهیچ جۆرێک، سیاسەت بێ تاقەتم دەکات، هەرچەندە دەبێ ئەوەش بڵێم کە سیاسەت بەرپرسە لە ناسۆرێکی زۆر. من متمانەم بە هیچ جۆرە گوزارشتێکی ئایدۆلۆجی نییە.

* کە باسی کارەکتەرەکانت دەکەی زۆربەی جار وایان باس دەکەی هەروەک ئەوەی بوونەوەری زیندوو بن. ئەم کارەکتەرانە پاش ئەوەی شانۆنامەکەت نووسی وایان لێهات؟ کاتێ شانۆنامەکەت دەنووسی؟

– هەردووکیان.

* راستەقینەن وەکو خەڵکێکی راستەقینە کە دەیانناسی؟

– نا، بەڵام جیاواز. من خەونێکی ناخۆشم بینی، دوای ئەوەی «پاسەوان»م دەربارەی دوو براکە نووسی،



**شانۆنامەی «زمانی چیا»، شانۆی نەتەوەیی، لەندەن ١٩٨٨**

لەو خەونەمدا خانووەکەم ئاگری تێبەربوو و هەوڵم دەدا بزانم کێ لەو کارە بەرپرسە. بەناو هەموو جۆرە کۆڵان و قاوەخانەیەکدا گێڕایانم و لە کۆتاییدا گەیشتمە ژووری بنەوەی جێگایەک، دوو براکەی ناو شانۆنامەکەی لێ بوو، منیش پێم گوتن، کەواتە ئێوە خانووەکەمتان سووتاند. پێیان گوتم، ئەوەندە نیگەران مەبە بۆ خانووەکەت، منیش گوتم هەموو شتێکم لەوێ بوو، هەموو شتێکم، ئێوە تێناگەن چ کارێکتان کردووە، ئەوانیش گوتیان قەیدی نییە، ئێمە بۆتی قەرەبوو دەکەینەوە، ئێمە خزمەتت دەکەین بە پەنجا پاوەند- برا بچووکەکەیان ئەمەی گوت - پاش ئەوە چەکێکی پەنجا پاوەندیم بۆ نووسین، چەکێکم پێ دان کە بایی پەنجا پاوەند بوو!

* هیچ ئارەزوویەکی تایبەتیت لە سایکۆلۆجیا هەیە؟

– نەخێر.

* هەرگیز نا؟ ئەی هیچ مەبەستێکت لە مێشکدا نییە سەبارەت بە نووسینی قسەکانی برا گەورەکەیان کە لە دیمەنی دووەمی «پاسەوان» دا باس لە گرفتەکانی خۆی دەکا کاتێ کە لە نەخۆشخانەی دەروونی بوو؟

– بێگومان، مەبەستم بوو لەوەی ئاستون لە ناکاو دەمی دەکاتەوە. مەبەستی من ئەوە بوو لێی گەڕێم قسە بکا تا قسەکانی تەواو دەکا ئەمجا... پەردە دادەڕێتەوە. من هیچ مەبەستێکی تایبەتیم لەوەدا نییە. تاکە شتیش کە خەڵک بۆی نەچوون ئەوەیە کە پێویست ناکات بگەنە ئەو ئاکامەی گوایە هەموو شتێ کە ئاستون دەربارەی ئەزموونی خۆی لە نەخۆشخانەدا باس دەکا دەبێ ڕاست بێ.

* جۆرە هەست پێکردنێک بە تیرۆر و هەڕەشەی توندوتیژی لە زۆربەی هەرە زۆری شانۆنامەکانتدا هەیە، تۆ بەڕاستی جیهان لە جەوهەردا وەکو جێگایەک بۆ تیرۆر دەبینی؟

– تا بڵێی جیهان جێگای توندوتیژییە، ئەمە کورت و ئاسان وایە، لەبەر ئەوە هەر توندوتیژییەک لە شانۆنامەکاندا هەبێ زۆر ئاساییە. پێم وایە ئەمە فاکتۆرێکی جەوهەری و حەتمییە.

وابزانم ئەوەی تۆ باسی دەکەی لە «کارەکەری بێدەنگ»دا دەستی پێکرد، کە بە بڕوای من کارێکی تا ڕادەیەک بچووکە. توندوتیژی لە ڕاستیدا تەنیا گوزارشتە لە مەسەلەی زاڵبوون و خۆبەدەستەوە دان، کە لەوانەیە بابەتێک بێ لە شانۆنامەکانمدا زۆر دووبارە ببنەوە. ماوەیەکی زۆر لەمەوبەر کورتە چیرۆکێکم نووسی بە ناوی «تاقیکردنەوە» و هەموو بیرەکانم دەربارەی توندوتیژی لەوێوە سەرچاوە دەگرێ. ئەم چیرۆکە کورتە ڕێک دەربارەی دوو کەسە، هەردووکیان لە ململانێدان لەسەر

سروشتێکی نادیار، تێیدا کێشەکە لەوەدا بوو کە کامیان زاڵە و کەی زاڵ دەبێ و چۆن زاڵ دەبێ و چ ئامرازێک بۆ زاڵبوون بەکاردەهێنن و چۆن هەوڵ دەدەن بەربەرەکانی زاڵبوونی یەکدی بکەن. هەڕەشەیەکی بەردەوام لە ئارادایە و بەندە بەم مەسەلەی بوونە لەبەرزترین پایەدا، یان هەوڵدان بۆ گەیشتن بە بەرزترین پایە. ئەمە شتێک بوو کە ڕایکێشام بۆ ئەوەی سیناریۆی فیلمی «کارەکەر» بنووسم، کە وەکو دەزانی چیرۆکی کەسێکی دیکە بوو. من ناوی توندوتیژی لەمە نانێم بە قەدەر ئەوەی کە ململانێیە لە پێناوی پایەدا، ئەمە شتێکی گەلێ باو و ڕۆژانەیە.

* روبێرت بروستاین دەربارەی شانۆی مۆدێرن گوتوویەتی، درامانووسی یاخی دەبێ بە ئیڤانگلیست (مۆژدەبەخشی ئایینی) قەناعەت بە خەڵک بێنێ بۆ ئەوەی بێنە سەر باوەڕی خۆی. خۆت لەو ڕۆڵەدا دەبینی؟

– نازانم باسی چی دەکا. من نازانم لە پێناوی چ باوەڕێک دەکرێ قەناعەت بە خەڵک بێنم.

* شانۆ کارێکە وەک پێشبڕکێ وایە. تۆ وەکو نووسەر دەزانی کە پێشبڕکێ لەگەڵ شانۆنامەنووسانی دی دەکەی؟

– نووسینی باش دەموروورژێنێ، وا لە ژیان دەکا کە شایستەی ئەوەبێ تێیدا بژێی. من هەرگیز هەست ناکەم هیچ پێشبڕکێیەک لە گۆڕێدا بێ.

* ئەو شتانە دەخوێنیتەوە کە دەربارەت نووسراون؟

– بەڵێ، زۆربەی جار تێناگەم باسی چی دەکەن، لە ڕاستیدا تەواویان ناکەم، یان ئەوەتا دەیانخوێنمەوەو لە بیرم دەچنەوە– ئەگەر پرسیارم لێ بکەی دەربارەی چی دەدوێن، بەحاڵ لێیان تێدەگەم. بەڵام هی جوداش هەیە، بە پلەی سەرەکی باسی ئەو ڕەخنەگرانە دەکەم کە پیشەیی نین.

* کە دەنووسی چەند گوێ بە بینەران دەدەی؟

– زۆر نا. بەڵام ئاگاداری ئەوەم کە ئەمە ئامرازێکی جەماوەرییە. من نامەوێ بینەران بێزار بکەم، دەمەوێ ببەسترێنەوە بەوەی کە ڕوودەدات، بۆیە هەوڵ دەدەم تا بکرێ پڕ بەپێستی خۆی بنووسم. بەهەر حاڵ من هەر بەو شێوەیە دەنووسم، بینەران یان بێ بینەران.

* بەسەرهاتێک هەیە کە بروستاین لە کتێبەکەیدا «شانۆی یاخیبوون» ئاماژەی پێ دەکا– ئەویش ئەوەیە کە جارێک یونسکو نمایشی شانۆنامەی «ڕەشەکان»ی جان جینیە بەجێدەهێڵێ، چونکە هەستی کرد هێرشی کراوەتە سەر، ئەکتەرەکانیش چێژیان لەو کارە وەردەگرت. قەت ئاوات دەخوازی کاردانەوەیەکی لەو چەشنە لەناو بینەرەکانتدا هەبێ؟ تۆ خۆت بەو چەشنە ڕەفتار دەکەی؟

– من کاردانەوەی لەو چەشنەم هەبووە– لەم دواییەدا لە لەندەن کاردانەوەی لەو چەشنەم هەبوو، کاتێ کە ڕۆیشتم شانۆگەری «ئەمریکا»ی کۆمپانیای (شایانە)ی شەکسپیر ببینم کە بەرهەمێکی دژ بە شەڕی ڤێتنام بوو. کە جۆرە هێرش بردنەسەرێکی تر بوو– حەز ناکەم پڕوپاگەندە ببینم، و ڕقم لە گوتاربێژی دەبێتەوە. من دەمەوێ شتەکان بە ڕوونی لە شانۆنامەکانمدا پیشان بدەم، ئەمەش هەندێ جار بینەران نارەحەت دەکات، بەڵام مەبەست لەوەدا بریندارکردنی بینەران نییە.

* بۆیە پێت وایە شانۆنامەکە نەیتوانی مەبەستی خۆی بگەیەنێ ببێ بە ئیلهام بەخش بۆ دژایەتیکردنی جەنگ؟

– بێگومان بۆشایی نێوان حەقیقەتی جەنگی ڤێتنام و ئەو تەسەورەی شانۆنامەی ئەمریکا لەسەر شانۆدا بەرجەستەی دەکا ئەوەندە گەورەیە کە عەقڵ نایبڕێ. ئەگەر مەبەست لە شانۆگەرییەکە موحازەرە بێ یان بۆ سەرسام کردنی بینەران بێ، لەگەڵ ئەوەشدا وابزانم شتەکە نەدەچووە عەقڵەوە. زۆر زەحمەتە بتوانی گوزارشتێکی شانۆیی گەورە لە مەسەلەیەکی ئاوا بکەی، لە کاتێکدا تەلەڤیزیۆن و ڕۆژنامەکان هەموو شتێکیان ڕوون کردۆتەوە.

* خۆت بەدەستی ئانقەست بارودۆخی دژوار دەکەی بە تەنز؟ زۆرجار بینەران لە شانۆگەرییەکانتدا هەست دەکەن پێکەنینەکەیان دژ بە خۆیان دەشکێتەوە، کاتێ تێدەگەن حاڵەتەکە لە ڕاستیدا چ دەگەیەنێ.

– بەڵێ، ئەوە زۆر ڕاستە. من بە دەگمەن تەنز بە دەستی ئانقەست دەنووسم، بەڵام هەندێ جار خۆم پێکەنینم بە هەندێ حاڵەت دێ کە لە ناکاودا بۆم دەردەکەوێ کۆمیدییە. من لەگەڵتدام زۆر جار قسە بە تەنیا کۆمیدی نییە– ئەو کەسەی پێی پێدەکەنین، ئەو کەسە لە ڕاستیدا لە پێناوی ژیانی خۆی تێدەکۆشێ.

* ئەی رەخنە؟

– بایەخ پێدان بە ڕەخنە هەڵەیەکی گەورەیە. وابزانم وەکو دەبینی ئەم سەردەمە سەردەمێکی ئەوتۆی ڕاگەیاندنی فووپیاکردن و زلکردنی بڕیاردانە لەسەر شت. من نموونەیەکی زۆر باشی نووسەرێکم کە دەتوانێ بنووسێ، بەڵام ئەوەندەش باش نیم وەکو ئەوەی دەگوترێ. من تەنیا نووسەرێکی ئاساییم، هەروەها پێم وایە کە ئەوەندە بێ ئەندازە زل دەکرێم لەبەر ئەوەیە کە نووسینی جوانی ڕاستەقینە دەگمەنە، خەڵکیش فێرە بەوەی یەک

ژەم خواردن لە ڕادە بەدەر زل بکا. هەموو ئەوەی پێت دەکرێ ئەوەیە هەوڵ بدەی تا دەتوانی چاک بنووسی.

* پێت وایە شانۆنامەکانت هەر لە ئێستاوە تاکو پەنجا ساڵی دادێ نمایش دەکرێن؟ ئایا ناوبانگی جیهانی خاسیەتێکە هۆشمەندانە هەوڵی بۆ دەدەی؟

– نازانم شانۆنامەکانم پاش پەنجا ساڵی دیکە نمایش دەکرێن یان نا، بەلاشمەوە گرنگ نییە. من شادم بەوەی ئەوەی دەینووسم لە خوارووی ئەمریکا یان لە یۆگوسلاڤیادا شتێک دەگەیەنێ، ئەمە دڵخۆشکەرە، بەڵام بێگومان هەوڵی جیهانیی بوون نادەم- هەر ئەوەندەم پێ دەکرێ هەوڵی نووسینی شانۆنامەیەکی نەفرەت لێکراو بدەم!

* پێت وایە ئەو سەرکەوتنەی کە بەدیت هێناوە شێوەی نووسینەکانتی گۆڕیبێ؟

– نا، بەڵام نووسین قورستر بووە. کە ساڵی ١٩٥٧ سێ شانۆنامەی یەکەمم نووسی لەو دیدەوە نووسیمن کە سەرجەمی جیهانی بەرجەستەکردنی شانۆنامەکان زۆر لە واقیعەوە دوور بوو- دەمزانی ئەم شانۆنامانە هەرگیز لە شانۆی «ڕێپس»دا کە کارم تێدا دەکرد نایەنە بەرهەم. لەندەن و وێست ئیندیش وەکو ئەوە وابوو لەو پەڕی مانگەوە بن، بۆیە من ئەم شانۆنامانەم تەواو بێ مەبەست نووسین. گومان لەوەدا نییە لە ساڵانی دواییدا پارێزگاری کردن لەو ئازادییەی بۆ نووسین جەوهەرییە زەحمەت بوو، بەڵام لەکاتی نووسیندا دەگەڕێتەوە. بۆ ماوەیەک خۆ لادان لە تیشکی پشکنین و هەموو ئەو شتانە سەختتر بوو. پێنج ساڵی پێچوو تاکو توانیم پاش «پاسەوان» شانۆنامەیەک بنووسم، «گەڕانەوە بۆ وڵات». لەو پێنج ساڵەدا گەلێ شتم کرد، بەڵام نووسینی شانۆنامەیەک، کە بەڕاستی دەمویست بنووسم، بۆم نەدەهات. پاشان «گەڕانەوە بۆ وڵات»م نووسی، باشە یان خراپە، هەستم بە ئاسوودەیی کرد، بەڵام ئێستا دیسانەوە لەناو هەمان دۆخدام- دەمەوێ شانۆنامەیەک بنووسم، بەردەوام ناخم دەورووژێنێ و ناتوانم قەڵەم بخەمە سەر کاغەز. شتێک کە خەڵک تێی ناگەن ئەوەیە مرۆڤ هەست بە بێزارییەکی گەورە دەکات، کاتێ هەمان وشە دێنەوە سەر کاغەز، بیردەکەمەوە ئۆمکریستۆس، هەر شتێ دەکەم پێم وایە پێشبینی کراوە، جێگای ڕەزامەندیم نییە، جێگای ئومێد نییە. بەربەستەکان بۆ من گرنگ نین- ئەگەر شتێکم هەبێ بینووسم دەینووسم، لێم مەپرسە بۆچی دەمەوێ لەسەر شانۆنامەنووسین بەردەوام بم!

* پێت وایە لە داهاتوودا تەکنیکی ئازادانەتر بەکاربێنی وەکو ڕێگایەک بۆ دەسپێکێکی نوێی نووسین؟

– من لە شانۆنامەکانی کەسانی دیکەدا چێژ لە هەموویان وەردەگرم- پێم وابوو ماراساد نمایشێکی لە ئەندازە بەدەر باش بوو، شانۆنامەیەکی گەلێ جیاوازتری وەکو جوغزی گەچینی قەوقازیش چێژی پێ بەخشیم، بەڵام من خۆم هەرگیز تەکنیکی لەو جۆرە بەکارناهێنم.

* ئەمە وات لێ ناکات هەست بکەی کە لەسەردەم دوا دەکەوی؟

– من درامانووسێکی زۆر تەقلیدیم- بۆ نموونە لە هەموو شانۆنامەکانمدا زۆر پێ لەسەر بەکارهێنانی پەردە دادەگرم. بۆ ئەو مەبەستەش ئاماژەکانی پەردە دەنووسم. تەنانەت کە ڕیژیسیۆرانی وەکو پیتەر هۆڵ و کلۆد ڕێگی لە پاریس دەیانەوێ لایان بدەن، من پێ لەسەر ئەوە دادەگرم کە دەبێ وەکو خۆیان بمێننەوە. لای من هەموو شتێ پابەندە بە فۆرم و بنیات و یەکێتی پێکهاتە گشتییەکەوە، ئەم هەموو ئاهەنگسازییەی کە لە هەپنینگدا و سینەمای هەشت سەعاتیدا هەیە بۆ کەسانێک کە حەزی لێ بکەن گەلێ خۆشە، بەڵام من بێگومانم کە...

**تێبینی:**

**– چاوپێکەوتنێکە لە لایەن لۆرانس م. وە سازدراوە و بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٦٦ لە پاریس بڵاوکراوەتەوە.**

**– لەبەر دوورودرێژی گفتوگۆیەکە خۆم لە وەرگێڕانی هەندێ پرسیار بەدوورگرت، کە پێم وایە چ بۆ شانۆکار و چ بۆ خوێنەری کورد بایەخێکی ئەوتۆی نییە.**

**سەرچاوە:**

**Harold Pinter**
**An interview with Lawrence M. Bensky, first published in the paris Review 1966.**
**Theater At Work**
**Playwrights and productions in Modern British Theater: a collection of interviews and essays edited by Charles Marowits and Simon Trussler. Methuen, UK, London 1967.**

# قوتابخانەی زماناسی بونیادگەری ئەمریکی

سەلام ناوخۆش
(زانکۆی سەلاحەدین- پەروەردەی بنیات)

## دەروازەیەک

ئەگەر دۆزینەوەکەی سێر ویلیەم جۆنز، فیلۆلۆژی بەراوردی لێکەوتەوە و دەیان توێژینەوەی زمانەوانی لە بارەی زمانی سانسکریتی و زمانە هیندۆ ئەوروپییەکانی نیوەی سەدەی نۆزدەیەمی گرتەوە. لەپاش ئەمانەش، فێرناند دی سۆسێر تەواوی ڕەوتی زمانەوانی گۆڕی، لێکۆڵینەوە لە خودی زمان و دیتنی زمان وەک سیستەمێک، دەسپێکێک بوو بۆ سەدان دیراسە لە بارەی چییەتی زمان. زمانناسی هەر لە ئەوروپا نەمایەوە، بەڵکو کیشوەری ئەمریکاشی گرتەوە.

ئەم توێژینەوەیە تەنیا خوێندنەوەیەکە بۆ میتۆدێکی شرۆڤەکاری زمان لە بواری زمانناسیدا. ئەم میتۆدەش پێی دەوترێ بونیادگەری. هەروەها پێی دەوترێ میتۆدی بونیادگەری ئەمریکی.

## زمانناسی بونیادگەری ئەمریکی

### چەمکی بونیادگەری

زاراوەی «بونیادگەری» لە زمانناسیدا هەر میتۆدێکی شرۆڤەی خودی زمان دەگرێتەوە کە جەخت لەسەر پێکهاتەی ناوەوەی زمان دەکات.

لەم شرۆڤەکردنەدا ئەدگار و خەسڵەتەکانی زمانەوانی لەسەر بنەما و شەنگستی پێکهاتە و سیستەم شرۆڤە دەکرێن. دەرکەوتنی ئەم زاراوەیە لە بواری زمانەوانیدا دەگەڕێتەوە بۆ کۆششەکانی فێرناند دی سۆسێر – کریستال ١٩٩١: ٣٣.

له سییه‌كانی سه‌ده‌ی بیسته‌مدا كۆمه‌ڵێك زمانناس په‌یدابوون ناویان له‌خۆ نا «بونیادگه‌ر»، چونكه زیاد له پێویست گرنگیان به پێكهاته و شێوازی ناوه‌وه‌ی زمان ده‌دا. هه‌رچه‌نده دی سۆسێر بنیاتی بیرۆكه‌ی بونیادگه‌ری دارشت، به‌ڵام لیونارد بلۆمفیلد له ساڵی (١٩٣٣) كتێبی «زمان»ی بڵاو نه‌كرده‌وه ئه‌و چه‌مكه وه‌ك قوتابخانه‌یه‌كی زمانه‌وانیی و میتۆدێكی شرۆڤه‌كاری ته‌واو به هه‌رمێن و جێگه‌ی سه‌رنجی زمانه‌وانان نه‌بوو.

### ئامانجه‌كانی بونیادگه‌ره ئه‌مریكییه‌كان

١- وه‌سفكردنی حاڵه‌تی ئێستای زمانی قسه‌كردن- به واتای دیراسه‌كه‌یان سینكرۆنی بوو نه‌ك دایكرۆنی.

٢- له توێژینه‌وه‌كانیاندا زیاتر گرنگیان به فۆرمی زمان ده‌دا- له بواری زمانه‌وانیدا گروپێكی فۆرمالیستی بوون.

٣- فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی نه‌ك واتاسازی وشه له تێروانینی ئه‌وان، چونكه هه‌ریه‌ك له فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی دوو بابه‌تی به‌رجه‌سته‌ن و ده‌كرێن راسته‌وخۆ توێژینه‌وه‌یان له‌سه‌ر بكرێ، بۆیه گرنگییه‌كی زۆریان به فۆنیم و مۆرفیم دا. هه‌رچی (واتا) بوو ئه‌وه له ده‌ره‌وه‌ی گرنگی ئه‌واندا بوو. له‌م باره‌یه‌وه بلۆمفێلد پاساو ده‌هێنێته‌وه و ده‌نووسێ: واتاناسی هه‌ر په‌یوه‌ست نییه به زمانناسییه‌وه، به‌ڵكو له هه‌موو زانسته‌كاندا هه‌یه، بۆیه ده‌كرێ له ده‌ره‌وه‌ی زمانناسیدا بێ.

٤- وه‌سفكردنی زمان به‌هۆی كردارێكی سیستماتیكی توند مه‌یسه‌ر ده‌بێ، ئه‌ویش پێی ده‌وترێ پرۆسیجه‌كانی دۆزینه‌وه.

ئایچسن پوخته‌ی میتۆدی بونیادگه‌ره ئه‌مریكییه‌كان له‌م چه‌ند رسته‌یه كورت ده‌كاته‌وه: «ئه‌وانه جه‌ختیان له‌سه‌ر نووسینه‌وه‌ی رێزمانی وه‌سفی و (زمانه نه‌نووسراوه‌كاندا) ده‌كرد. یه‌كه‌مجار ئاخێوه‌ری ره‌سه‌نی زمانی ناوبراویان ده‌دۆزیه‌وه هه‌ندێ ئاخاوتنیان لێ وه‌رده‌گرتن (له شرۆڤه‌كردنی زمانه‌كه‌دا جه‌ختیان له‌سه‌ر ئه‌و ئاخاوتنانه ده‌كرد). له پاشان له مادده خاوه‌كانی ئاخاوتنه‌كانیشیان ده‌كۆڵییه‌وه. ئه‌وانه هه‌ر خۆیان به فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی و رسته‌سازی زمانه‌كه‌وه خه‌ریك ده‌كرد و خۆیان له واتای په‌یڤه‌كانی ئاخاوتنه‌كانی ئه‌و زمانه نه‌نووسراوانه‌دا ده‌بوارد».

بونیادگه‌ره‌كان باوه‌ڕیان وابوو كه زمان سیسته‌می هه‌یه.

له‌به‌ر ئه‌وه‌ی ده‌نگه‌كانی ئاخاوتن دیارده‌یه‌كی له هه‌موو ئه‌وانی تر ده‌كرێ به‌رجه‌سته بكرێن، ئه‌مه وای كرد بونیادگه‌ره‌كان له فۆنیمه‌وه ده‌ست پێبكه‌ن.

لێره‌دا ده‌بێ له چه‌مكی فۆنیم و ئه‌لۆفۆن بگه‌ین.

فۆنیم بریتییه له ده‌نگه جیاوازه‌كانی زمانێك ڕیجارد هۆرسێی (٢٠٠١: ٦٠) هه‌روه‌ها به‌پێی تیۆره‌كانی فۆنۆلۆژی، فۆنیم بریتییه له بچووكترین یه‌كه له سیسته‌می ده‌نگی زمانێكدا. هه‌رچی ئه‌لۆفۆنه، ئه‌وا خوێندنه‌وه جیاوازه‌كانی فۆنیمێكه. ئه‌و خوێندنه‌وانه هیچ گۆڕانێ له‌واتای وشه‌كه‌دا ناكه‌ن. ئه‌وه‌ی جێی ئاماژه‌یه له‌نێوان زمانی كوردی و ئینگلیزیدا، هه‌ندێ ده‌نگ هه‌ن له كوردیدا فۆنیمن و له ئینگلیزیدا ئه‌لۆفۆنن.

هه‌ردوو (ل) و (ڵ) له كوردیدا دوو فۆنیمی جودان.

وه‌ك: (هه‌له- هه‌ڵه)، (په‌له- په‌ڵه) كه‌چی له ئینگلیزیدا هیچ جیاوازیه‌كی واتایی له‌نێوان ده‌ربڕینی (لامی قه‌ڵه‌و) و (لامی لاواز) نییه. هه‌روه‌ها له كوردیدا (ڕای قه‌ڵه‌و) و (رای لاواز) دوو فۆنیمی جیاوازن وه‌ك (كه‌ڕ- كه‌ر) كه‌چی له ئینگلیزیدا ته‌نیا ئه‌لۆفۆنن.

بونیادگه‌ره‌كان له پۆلینكردنی ئه‌لۆفۆنه‌كان بۆ كۆمه‌ڵێك ده‌نگ چه‌ند هه‌نگاوێكی دۆزینه‌وه‌یان به‌كارده‌هێنا، ئه‌وانیش بریتی بوون له:

١- بنه‌مای پێكچوونی ده‌نگی.

٢- بنه‌مای دابه‌شبوونی جیاواز.

٣- بنه‌مای Pattern Congruity.

٤- بنه‌مای ئابووریكردن.

### شیكردنه‌وه‌ی ئه‌و چوار بنه‌مایه

١- بنه‌مای پێكچوونی فۆنه‌تیكی:

له ئینگلیزیدا فۆنیمی (پ) سێ ئه‌لۆفۆنی هه‌یه ئه‌سپیره‌تید ئه‌و (پ)ه‌ی كه له‌سه‌ره‌تای وشه دێت، هه‌رچی ئه‌نئه‌سپیره‌تید، كه له دوای (س) دێت هه‌رچی (پ) كۆتایی وشه‌یه ئه‌وه پێی ده‌وترێت unreleased. ئه‌و سێ ئه‌لۆفۆنه هه‌رسێك له گۆكردن له یه‌ك ده‌چن، به‌ڵام له ده‌ربڕیندا له یه‌ك جیاوازن، به‌ڵام ئه‌م جیاوازییه واتای وشه‌كان ناگۆڕێت، چونكه ئه‌مانه ئه‌لۆفۆنی یه‌ك فۆنیمن نه‌ك فۆنیمی جودا.

٢- هه‌رسێ ئه‌لۆفۆنه‌كه‌ی (پ) هه‌ریه‌كه له شوێنی

خــۆی دێت شــوێنی ئەلۆفــۆنەکــەی تر ناگــرێت. ئەو دیاردەیەی کە ئەلۆفۆنە لەیەکچووەکان شوێن یەکتر ناگرتەوە، پێیان دەوترێ: ئەمانە لەسەر بنەمای دابەشبوونی کۆمپیلێمنتەری ڕیزکراون.

٣- بنەمای Pattern Congruity

لەسەر ئەم بنەمایەش فۆنیمی تر وەک فۆنیمی (ت) و (ک) وەک فۆنیمی (پ) هەریەکە و سێ تەلەفۆنی هەیە، هەمان ئەدگارەکانی ئەلۆفۆنەکانی (پ) یان هەیە.

٤- بنەمای ئابووریکردن لە دەنگ

بەپێی ئەو بنەمایە دەکرێ یاسایەکی فۆنەتیکی دابڕێژین کە هەر نەبزوێنێکی تەوژمۆکی بێ دەنگ کە لە بەرایی وشە بێت، ئەدگاری aspiration دەبێت، ئەم یاسایە بەسەر هەموو دەنگە بێ ئاوازەکانی تر پەیڕەو دەکرێت بونیادگەرەکان، ئەم چوار بنەمایانەیان لەسەر فۆنیم و ئەلۆفۆنەکە، پەیڕەو دەکرد.

### لەسەر ئاستی مۆرفۆلۆژیدا

هەروەک لە بەرایی وتمان بونیادگەرەکان بە شێوەیەکی سەرەکی جەختیان لەسەر فۆنۆلۆژی دەکردەوە لە دوای فۆنۆلۆژی، گرنگیان بە مۆرفۆلۆژی دا.

### چەمکی مۆرفۆلۆژی

مۆرفۆلۆژی، یاخود وشەسازی بریتییە لە لقێکی سەرەکی زمانناس نوێ و لە پێکهاتەی ناوەوەی وشە دەکۆڵێتەوە دوو لقی سەرەکی لە مۆرفۆلۆژی هەن ئەویش مۆرفۆلۆژی وشەگۆڕ و مۆرفۆلۆژی وشەداڕێژ.

مۆرفیم کە بچووکترین یەکەی واتاداری زمانە یاخود ئاخاوتنە بابەتی سەرەکی مۆرفۆلۆژییە زاراوەی مۆرفیم لەگەڵ پەیدابوونی قوتابخانەی بونیادگەری سەری هەڵدا. ڕێزماننووسە تەقلیدیەکان لە (وشە)وە دەستیان پێکرد، بەڵام بونیادگەرەکان لە فۆنیم و پاشان مۆرفیمەوە ئینجا وشە دەستیان پێکرد.

### چەمکی مۆرفیم

پێناسەی جیاواز بۆ چەمکی مۆرفیم هەیە. لە تێڕوانینی (هۆرسێ)ن مۆرفیم بریتییە لە بچووکترین ڕەگەزی زمانێک کە واتای جیاوازی هەبێت. (کریستەل) باوەڕی وایە کە مۆرفیم بچووکترین یەکەی جیاوازی ڕێزمانە: هەرچی (ستاگە بێرگە) دەڵێ مۆرفیم بچووکترین یەکەی واتاداری زمانە کە واتای هەبێت، بکرێت لە شوێنی تر بەکار بێ و ناکرێت بۆ بەشی لەخۆی بچووکتر دابەش بکرێت بەبێ تێکدانی واتای سەرەکی وشەکە.

هەروەها مۆرفیم دەبێ شێوەی هەبێت و ئەرکی ڕێزمانی و لێکسیکی هەبێت.

### جۆرەکانی مۆرفیم

لەم نووسینەدا چوار جووتە جۆری مۆرفیم جیادەکەینەوە:

١- مۆرفیمی سەربەخۆ و مۆرفیمی بەند

مۆرفیمی سەربەخۆ ئەو مۆرفیمەیە کە بە تەنیا واتای تەواوی هەیە. هەرچی مۆرفیمی بەندە بە تەنیا واتای نییە. لە کوردیدا مۆرفیمی (کوڕ) (کچ) مۆرفیمی سەربەخۆن، هەرچی پاشگری کۆ و کەس و ناسین و نەناسین مۆرفیمی بەندن، چونکە بە تەنیا واتای تەواویان نییە، بەڵام کە دەخرێنە پاڵ مۆرفیمی سەربەخۆوە واتادەبەخشن کوڕان، کوڕەکە کوڕەکان کوڕێک

لەم پێودانگەوە هەرچەندە هەریەک لەم وشانە، تەنیا یەک وشەن، بەڵام لە مۆرفیمێک زیاترن.

٢- ژێرخان و پاشگر

زۆربەی مۆرفیمە سەربەخۆکان، یەک ژێرخانیان هەیە، بەڵام هەندێکیان نەبێ کە ژێرخانێکی بەندیان هەیە. هەرچی پاشگرو پێشگرەکانن ئەوا واتای سەربەخۆیان نییە. لە ئینگلیزیدا ژێرخانەکانیش دوو جۆریان هەیە، ژێرخانی سەربەخۆ و ژێرخانی بەند.

٣- تاک مۆرفیمی و فرە مۆرفیمی

ئەو وشەیەی لە تەنیا مۆرفیمێک پێک بێت پێی دەوترێت monomorphemic word تاک مۆرفیمی. لە کوردیدا وشەی (کوڕ) هەم مۆرفیمی سەربەخۆیە هەم ژێرخانە هەم تاک مۆرفیمە ئەو وشانەی لە مۆرفیمێک زۆرتر پێک دێن پێیان دەوترێت Poly Morphemic word.

٤- مۆرفیمی لێکسیکی و مۆرفیمی ڕێزمانی

مۆرفیمی لێکسیکی، ئەو مۆرفیمانەن کە بۆ ڕۆنانی وشەی نوێ لە زماندا بەکاردێن وەک ڕۆنانی وشەی لێکدراو و هەندێ پاشگر. هەرچی مۆرفیمی ڕێزمانین بەکاردێن بۆ گوزارشت کردن لە پێوەندییە ڕێزمانییەکانی نێوان وشە و چوارچێوەکەی وەک حاڵەتی (کۆ) و دەمکاتی ڕابردوو.. مۆرفیمە ڕێزمانییەکان کە مۆرفیمی جیاوازن پێیان دەوترێت وشە ئەرکییەکان.

**- مۆرفیم و ئەلۆمۆرف**

لەزمانی ئینگلیزیدا لە دۆخی (کۆ)ی ڕێسایی و گۆڕانی فرمانی ڕێساییدا هەریەک لە مۆرفیمی (S)-ی کۆ (ed) پاشگری فرمانی ڕابردووی سادە چەند شێوەیەکی جیاواز وەردەگرن و هەریەک لەم شێوە جیاوازییە فۆنۆلۆژیانە پەیوەستن بە جۆری دەنگە کۆتایی (ناوە کۆیەکە) فرمانەکە. لەم ڕوانگەوە بە هەریەک لە دەنگی (س) و (ز) و (ئز) دەگوترێ ئەلۆمۆرفیمی مۆرفیمی (س) هەروەها بە هەریەک لە (د) و (ت) و (ئد)ی مۆرفیمی (ed) دەوترێ ئەلۆمۆرفیمی مۆرفیمی (ed). کەواتە ئەلۆمۆرف بریتییە لەم شێوە جیاوازانەی مۆرفیمێک کە هەریەکەی بە گوێرەی چوارچێوەکەی خۆی ئەو دەنگە وەردەگرێ. لە ئینگلیزیدا بۆ دەرخستنی دیاردەی هەبوونی ئەلۆمۆرف لە هەریەک ناوی کۆ و ڕابردووی سادە و ڕانەبردووی سادەی کەسی سێیەمی تاک ئەلۆمرۆف دروست دەبێت.

لەم پێودانگەوە هەر ئەلۆمۆرفێک کە دروست دەبێ لەو چوارچێوەیە دەگرێ کە کۆتا دەنگی وشەکە بەسەر دەسەپێنێ نەک هەوەس و ئارەزوو.

لە کوردیدا، دۆخی کۆ وەک ئەوەی ئینگلیزی نییە، هەندێ وشە بەهۆی مۆرفیمێکی ترەوە دەکرێنە کۆ، ئەو مۆرفیمەش دەکرێ پێی بوترێت bound base مۆرفیمی بنکە بەند وەک لەم وشانەی خوارەوەدا هەیە: گەل- کوڕگەل، جات- میوەجات، هات- دێهات، وات- ئاغاوات.

بەڵام هەرچی مۆرفیمی کۆی ڕێساییە لە کوردیدا دەکرێ تەنیا لە دوو شێوە دەربکەوێ ئەویش (-ان) و (-یان) ئەم دوو ئەلۆمۆرفەش دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی وشەی کوردی و کردارەکە بەهۆی یاسایەکی فۆنۆلۆژییەوە بەڕێوەدەچێ. هەریەک لەم دوو ئەلۆرمۆرفەش ناتوانن لە بریتی یەکتر بێن.

هەرچی پاشگری ناسینە (-ەکە) شەش ئەلۆمۆرفی هەیە هەریەک لەم ئەلۆمۆرفانە لە ڕووی دەنگەوە لە یەکتر دەچن و ئەو شێوانەی وەریان گرتووە پەیوەستە بەو چوارچێوە دەنگییەی کە هەریەک لە وشەکان دروستیان کردووە:

(- ە کە) پیاوەکە

(- کە) براکە

(-یەکە) برایەکە

(ێکە) کانێکە

(ۆ کە) خانۆکە

(ە ک) کوڕەکان

سەیری محەمەد مەعروف (١٩٩٠-٨٢) عەبدولڕەحمان (١٩٩٤- ٦١) بکە.

**١- ڕێزمان**

لە نەزەری بونیادگەرەکان ڕێزمان لقێکی زمانناسییە. ڕێزمان لە چۆنیەتی ڕێکخستنی دانەمۆرفیمیەکان لە پێکهاتەیەکی گەورەتر لە وشە دەکۆڵێتەوە. بونیادگەرەکان بۆ ئەوەی زیاتر چەمکی ڕێزمان ڕوون بکەنەوە چەندان ئامرازی ڕستەسازیان بەکارهێناوە وەک:

١- ڕیزبوونی وشەکان

ڕیزبوونی وشەکان دەبێت بە گوێرەی پێکهاتەی ڕێزمانی زمان بێت. هەر پاش و پێشییەک تەواوی واتای فریزەکە یاخود ڕستەکە دەگۆڕێت. لە ئینگلیزیدا کچی قوتابخانە a schoolgirl زۆر جودایە لە a girl school قوتابخانەی کچان. لە کوردیش «گوڵی سوور» و «سووره گوڵ» لە یەک جیان. لێرەدا پێکهاتەی ڕستەسازی دەورێکی زۆر دەبینێ لە ڕۆنانی وشەی لێکدراودا.

**٢- شێوازی هێز**

دیارکردنی شوێنی هێز لە گرێ و ڕستەدا ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕێ لە ڕۆنانی پێکهاتەی ڕستەسازیدا. لە ئینگلیزیدا هەرکە هێز لەسەر وشەی یەکەم بوو لە گرێدا ئەوا وشەکە وشەیەکی لێکدراوە یاخود ناوێکی لێکدراوە. بۆ نموونە High chair کە وشەی High هێز وەربگرێ ئەوە واتای گرێیەکە «کورسی تایبەت بە

منداڵان» دەگەیەنێ، بەڵام کە هێز لەسەر وشەی یەکەم نەبوو ئەوا گرێیەکە تەنیا پێکهاتەیەکی ڕێزمان دەبێت و نابێتە ناوێک بۆ شتێک، بەڵکو وەک ئاوەڵناو- ناوێک شــرۆڤــە دەکــرێ، بۆ نموونە blue bird بــە واتـــای باڵندەیەک دێ کە ڕەنگی شینە.

## لایەنی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤی بونیادگەری

لەدوای دۆزینەوە مـێژوویـیەکەی (سێـر ویلیـەم جـۆنز) بزاڤی زمـانناسی چووە قـۆناغـێکی تر. لەو قـۆناغـەدا هەوڵدان بۆ دۆزینەوە و شــرۆڤــەکــردنی زمــانە هیندۆ ئەوروپییـەکـان ئەدگـارێکی بەرچاوی ئەو قـۆناغـە بوو. هەروەها هەر لەو پێـــودانگەوە بوو زمـــانناسی بەراورد سەری هەڵدا.

ئەگـەر دی سـۆسـێـر بە باوکی زمـانناسی نوێ دابنرێ بەوەی چەندان جــووتە پێکهـــاتەی دیار کـــرد کـــە لە زمانناسی پێش خۆیدا نەبوو. هەروەها ئەگەر دی سۆسێر لە کتێبەکەیدا ڕوونی کردەوە کە زمان سیستەمە و لە پێکهاتەی زمانی کۆڵیوەتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەو هەمووەش لە بواری بونیـادگـەری زمـاندا، ئەوا هەر بلۆمـفـیلد بە ڕابەری بزاڤی زمانناسی بونیادگەری دادەنرێت... لێرەدا لەلایەنە باش و لاوازەکانی بزاڤی زمانناسی بونیادگەری دەدوێین:

١- هەر لە فـرانز بۆس-ەوە بونیادگەرە ئەمریکییەکان لە جیاتی خۆ مژۆڵکردن بە دیارکردنی خاڵە لە یەکچوو و جیاوازەکانی زمانە هیندۆ ئەوروپییەکانی، ئەوان خۆیان بە زمانەکانی هیندییە ئەمریکییـەکانەوە خەریک کرد. ئەو زمـانـانە هیچ سیسـتـەمێکی نووسینیان نەبوو تاکو زمـانناسـەکـان بیـکەنە ژێدەرێک بۆ لێکۆڵینەوەکـانیـان. ژێدەری سـەرەکی ئەو زمـانناسـانە «ئاخـاوتنی» خـەڵکی ڕەسەنی دەڤەرەکە بوو. ئەمەش خاڵێکی وەرچەرخان بوو، چونکە زمـانناسی تەقلیـدی زمـانی نووسین و هەیبـەتی زمـانی لاتیـنی و قـسـەی نووسـەرە بەرزەکـانی ئەوسـای کـــردبووە «مـــەرجـــەعی» توێژینەوەکـــانیـــان هەرچی بونیادگەرەکان بوون لە بریتی کتێب، ئاخاوتن و زمانی قسەکردنی خەڵکی ڕەسەنی دەڤەرەکەیان کردبووە سەنگی مـەحەکی توێژینەوەکـانیـان. بەمـەش توێژینەوەکـانیـان چوارچێوەیەکی سروشتی و وەسفی گرت نەک سەپاندنی قسەی ئەم و ئەو.

٢- بە پێـچەوانەی تەقلیدییـەکان، بونیـادگەرەکـان لە دیراسـەکـردنی زمـان شـێـوازێکی زانسـتـیـیـان گـرتەبەر. بلۆمفـیـلد خۆی لە «زمان»دا هەوڵ دەدا زمانناسی بکاتە «زانســـتــێک». بە «مــەشــێنکردنی» زمــانناسی، کــە بلۆمفیلد پێی دەڵێ فۆرمی زەرووری ئاخاوتنی زانستی.

٣- بە حـوکمـی ئەوەی فۆنیم یاخود دەنگ بەشێوەیەکی گـشـتی سـەربەخـۆتر بەرجـەسـتـە دەکـرێن بۆ توێژینەوە، بونیادگەرەکان گرنگییـەتی سەرەکییان بە فۆنۆلۆژی دا، لەدوای فۆنۆلۆژی ئەوجا مۆرفۆلۆژی و سینتاکس.

٤- بونیــادگــەرەکــان باوەڕیان وابوو کــە زمــان هەم پێکهاتە Stoucture هەم بەشە Constitueut. هەر ئەوان بوون بیـرۆکـەی im mediate Constituent لەسـەر ئاسـتی مـۆرفـۆلۆژی و ڕسـتـەسـازی شی کـردەوە. لەســـەر ئاســـتی مـــۆرفـــۆلۆژی بیـــرۆکـــەی «بەشـــە ڕاستـەوخـۆ»کـانی وشـە لە پرۆسـەی یەکـەم دابەشکردنی وشــەدا پەیدا دەبێت، بۆ نموونە وشـەی کـوڕەکــە لە دوو بەشی سەرەکی پێک هاتووە:

کوڕ | ەکە
١ ٢

هەریەک لە «کـوڕ» و «-ەکـە» پێـیـان دەوترێ بەشـە ڕاستەوخۆکانی «کوڕەکە». هەروەها ئەگەر پاشگری (کۆ) بۆ ئەم ناوە زیاد بکرێ ئینجـا وشـەکـە بۆ بەشـەکـان بگەڕێنینەوە ئاوای لێ دێت:

کوڕ | ەکە | ان
٢
١


هەریەک لە «کوڕ» و «-ەکە» و «ئان» پێیـان دەوترێ بەشـە کـۆتاکـانی Ultimate Contituent وشـــەی «کوڕەکان».

لەســـەر ئاســـتی ڕســـتـــەســـازی ڕســـتـــەیان بۆ بەشـەپێکهـێنەرەکـانیـان گـەڕاندەوە. ڕسـتـە لەلای بونیـادگـەرەکان بریتـیـیـە لە بەشی نیـهـاد Subject و گـــــوزارە Predicate. لە ڕسـتـەی ئازاد چۆوە مـاڵ. هەریەک لە «ئازاد» و «چۆوەمـاڵ» بریتـیـیـە لە بەشـە

پێکهێنەرە ڕاستەوخۆکانی ڕستەکە.

ئەم ڕاستییە بەپێی ئەم هێڵکاریە ڕوون دەکەینەوە:

**ئازاد چۆوە ماڵ.**




٥- فۆرم و واتا

تەقلیدییەکان «واتا»یان کردبووە بنەمایەک بۆ هەر پۆلینکردن و فۆرمەلەکردنێک. بۆ نموونە بۆ گەیشتن بە بەشەکانی ئاخاوتن تەقلیدییەکان «واتا»یان کردبووە فاکتەری یەکلاکەرەوە.

هەرچی بونیادگەرەکان بوون لە توێژینەوەی زماندا، «فۆرم-شێوە» دەبێتە بنەمایەک بۆ گەیشتن بە واتا ئەوان شێوەکانی زمانیان بەکاردەهێنا بۆ دەربڕینی واتا. هەر لەو پێودانگەوە «فۆرم»یان بەکاردەهێنا بۆ پۆلینکردنی وشەکان یاخود بەشەکانی ئاخاوتن. واتا لەلای بلۆمفیلد بریتییە لەو چوارچێوەی زمان بەکاری دەهێنێ.

٦- ڕەفتارناسی و دیارکردنی واتا

خۆی ڕەفتارناسی قوتابخانەیەکی دەروونناسی بوو. بلۆمفیلد بەسوود وەرگرتن لەم قوتابخانەیەدا ویستوویەتی ڕاڤەی زمان بکات. لە نەزەری بلۆمفیلد «واتا»ی شێوەی زمانەوانی بریتییە لەو «ڕەوشەی» قسەکەر دەیڵێ و کاردانەوەکە لە گوێگرەوە دەبێت. بلۆمفیلد چەمکی واتا و ڕەفتاری لەم هێڵکاریەدا ڕوون کردۆتەوە:

جاک و جیل پێکەوەن. جیل برسیەتی. سێوێک دەبینێ. بە گەروو و زمان و لێوەکانی دەنگێک دەکا. جاک بەسەر دارسێوەکە دەکەوێ و سێوەکە بۆ جیل دەهێنێ. برسیەتییەکەی جیل «جۆشدەرە». سێو لێکردنەوەکەش کاردانەوەیە. ئەگەر «جیل» بە تەنیا بووایە، برسیەتییەکە کە جۆشدەری دەبوو بجوولێ، لە ئاکامدا سێوەکەی بەدەست دەهێنا. بە واتای جۆشدەر و کاردانەوەکە ڕاستەوخۆ دەبوو. ئاکام ئەم ڕێسایە دروست دەبوو:

١- جۆشدان ← کاردانەوە

بەڵام لەبەر ئەوەی (جاک) لەگەڵ (جیل)-ە جۆشدانەکە هیچ کاردانەوەیەکی کرداری لەلای جیل دروست نەکرد، بەڵکو کاردانەوەیەکی زمانەوانی دروست کرد بەوەی قسەی لەگەڵ جاک کرد. لەو ڕێگایەوە ئەو شەپۆلە دەنگییانەی لەمەوە سەریان هەڵدا «جاک»ی وروژاند، ئەو وروژاندنە پێی دەوترێ جۆشدانی زمانەوانی، ئەو وروژاندنە زمانەوانییە کە لە ڕێگای شەپۆلە دەنگییەکانەوە فەراهەم هات کاردانەوانەیەکی نا-زمانەوانی لەلای جاکەوە لێکەوتەوە ئەویش لێکردنەوەی سێوەکە بوو بۆ (جیل). بەمجۆرە ئاخاوتن دەبێتە وروژاندنی جێگرەوە بۆ جاک. وێنەکە ئاوای لێ دێ:

٢- جۆشدانی کرداری (برسیەتی جیل) - کاردانەوەی زمانەوانی... جۆشدانی زمانەوانی - کاردانەوەی کرداری

لەم وێنەیەدا لەنێوان جۆشدانی کرداری و کاردانەوەی کرداری دوو حاڵەتی زمانەوانی هەن. بە واتای هاوارەکەی جیل- ئاخاوتنەکەی- دەنگەکەی- جاکی ناچار کرد و وروژاندنی تاکو بچێ سێوەکە بۆ جیل بێنێ و تەواوی ئەم پرۆسەیە شەپۆلە دەنگییەکان فاکتەر خولقاندنی بوونە.

لەم ڕووەوە دەکرێ بڵێین «واتا بریتییە لە پێوەندی نێوان ئاخاوتن (کە دەکرێ بە کاردانەوەی زمانەوانی... وروژاندنی زمانەوانی دابنێین» و کردەکانی (وروژاندنی کرداری) و (کاردانەوەی کرداری) کە لەپێش و پاشی دێن. ئەو ڕووداوە کردارییەی لەپێش ئاخاوتنەوە دێن پێوەندی بە قسەکەرەوە هەیە کە (جیلە) و برسییە. ئەو ڕووداوە کردارییەی لەدوای کردەی ئاخاوتنەوە دێت پەیوەستە بە گوێگرەوە کە جاکە.

٧- تیۆرەکانی هۆشەکی و میکانیکی

لە شرۆڤەکردنی هێڵکاری دووەم و سەبارەت بە میکانیزمی دروست کردنی دەنگدا یاخود ئاخاوتندا، بەتایبەتی لە شرۆڤەکردنی هەردوو هێڵی هێمایی (وروژاندن و کاردانەوەدا، هەردوو تیۆری هۆشەکی و میکانیکی لەم پرۆسە هێما کارییان کۆڵیوەتەوە.

ڕێزمـاننووسە تەقلیدییەکـان تیـۆری هۆشـەکـییـان بەکـار دەهێنا لە شــرۆڤــەکــردنی هێــڵــکارییــەکــەدا هەرچی بونیادگەرەکان بوون، تیۆری میکانیزمییان بەکاردەهێنا.

تیـۆری هۆشـەکی باوەڕی وایە کـە گـۆڕانکاری ئاکـاری مـرۆڤ بەهۆی دەسـتـێـوەردانی هۆکـاری نا- فـیـزیکی: گـیـان، ویست یاخـود عـەقـڵـەوە دەبێت کـە لە هەمـوو مرۆڤێکدا بوونی هەیە.

هەرچی تیــۆری مــیـکانیـکیـــە باوەڕی وایە کـــە گۆڕانکارییەکانی ئاکاری مرۆڤ لەنێویان ئاخاوتن تەنیا بەهۆی ئەو ڕاستییە کە جەستەی مرۆڤ سیستەمێکی زۆر ئاڵۆزی هەیە. لەم نێـوە، بلۆمـفـیلد قـوتابخـانەی سایکۆلۆژی ڕەفتاری پەسەند کرد بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوە کـــە چۆن «واتا» لە ڕێگای زانســـتـــێکی دییـــەوە دەردەخرێت.

٨- وێڕای زمـانناسی، بونیـادگـەری شـوێن خـۆی لەناو زۆر زانستە مرۆڤایەتیدا وەک مرۆڤناس و کۆمەڵناس و دەروونناس و هەتا فـــەلســـەفـــەش کــــردۆتەوە. لەناو ئەدەبیـاتدا بونیـادگـەری وەک مـیـتـۆدێکی شـرۆڤـەکـاری گرنگییـەکی زۆر بەدەق و ئەدگـار و خەسـڵەتەکـانی دەق دەدات. لەمەشدا هەر لە بونیادگەری زمانناسی دەچێت، چونکە بونیادگەری زمانناسی تەواو جەخت لەسەر بنیات و پێکهـاتەی وشە دەکـات، بەواتایەکی دی وشە دەبێـتە ناوەند و چەقی زمان هەروەک چۆن دەقی ئەدەبی دەبێـتە چەق و ناوەندی بواری بونیادگەری ئەدەبی.

## لایەنی نێگەتیڤی بونیادگەری

١- ئەزموونگەری و عەقڵگەری

فەلسەفەی ئەزموونگەری «ئەزموون» «پێشینە» دەکاتە بنەمای شیکردنەوە و شرۆڤەکردنی هەر بیرۆکەیەک. ئەم فـەلسـەفـەیە هەر لە وەرگـرتنی زانیـاری هەتا وەرگـرتنی زمــان بە ڕێگای ئەزمــوونەوە نەک زانســتــەوە دەدوێت. ئەزمـوونگەرەکـان باوەڕیان وایە کـە هیچ پێکهـاتەیەکی زمانەوانی لە عـەقڵی مرۆڤدا خۆرسک نییـە، بەڵکو ئەم پێکهاتەیە دەبێت فێر بکرێت.

بە کـورتی بونیـادگـەرەکـان باوەڕیان بە بـوونی دەزگـای وەرگـــرتنی زمـــان -Lanquade Aquistion De vice نەدەکـرد. باوەڕیان وابوو کـە پرۆسـەی فـێـربوونی زمان لە ڕێگای کۆمەڵ و دەوروبەر و چالاکی مەردومەوە دەبێت نەک زاتەکی. سکینەر و کـوین باوەڕیان وابوو کـە مـــرۆڤ زمـــان لە ڕێگای ڕاهێنان و مـــەشـــقـکردنی شرۆڤەکردنی ڕوونەوە فێر دەبێت.

هەرچی عەقڵگەراکانن باوەڕیان وابوو کە مرۆڤ بەهۆی بوونی زانیاری لە بارەی پێکهاتەی زمانەوە فێری زمان دەبێت. چۆمسکی باوەڕی وایە کە ئەو چەند ڕێسایەی لە عـەقـڵی مـرۆڤدایە دەتوانی ژمـارەیەکی بێ کـۆتا ڕسـتەی نوێ دروست بکات. هەر لەو بارەیەوە بـوو، چۆمسـکی لە مەسـەلەی یونیڤـێرسـاڵی زمـان لە منداڵ کـرد. سەبارەت بەمە دوو جۆری لە یەک جوداکردەوە:

Formal and Substantive Linqustic universals ئەوەی یەکەم باس لەو یەکچوونە بەهێزە دەکــات کــە لەنێــوان زمــانانـدایە. بۆ نموونە ڕەگــەزی ڕسـتـەسـازی ڕێزمـان دەبێت یاسـاکـانی گـواسـتنەوەی تێـدابێت، هەرچەندە واڕێکدەکـەوێ کـە گـواسـتنەوەی تایبـەت کە لەزمانە جیـاوازەکـاندا دەردەکەوێ بگۆڕێن. جیـــاوازی نێـــوان پێکهـــاتەی ســـەرەوە و ژێرەوە Deep and Surface Stiuctures نمـوونـەیـەکـی تـری یونیڤێرساڵی فۆرمین.

هەرچی یونیڤێرساڵی کردارییە ئەو ڕەگەزە زمانەوانییە دەگرێتەوە لە زمانەکاندا هەن. بە واتایەکی تر ئەو ڕەگەزە بەراییـانەی ڕێزمـان دەگـرێتەوە کە پێـویستن بۆ شـرۆڤـە کــردنی واتایەکی زمـــانەوانی وەک هەبوونی «ناو» و «فرمان» لە هەمـوو زمانێکدا. هەروەها جیـهـانیـیـەت لە بواری فۆنۆلۆژی و واتاسازیشدا هەیە.

بەمجۆرە دەبینین، کە بونیـادگەرەکان ئەو لایەنەی زمان و مرۆڤـیـان فەرامۆش کردبوو، شـۆڕشە زمانەوانییـەکەی «چۆمسکی»ش لەو کەلێنەوە بیروڕاکانی هەڵوەشاندەوە.

٢- پێکهاتەی سەروو و ژێرەوە

بونیـادگەرەکان تەنیا لە پێکهاتەی سەرووی ڕستەیان دەکۆڵییەوە. باوەڕیان وابوو کە ڕستەی تەنیا، پێکهاتەی ســـەرەوەی هەیە، بۆیە لە نەزەری ئەوان هەمـــوو ئەو ڕستانەی لە ڕووی سێنتاکسەوە یەک «بکەر و فرمان و تەواوکـەریان» هەیە تەنیـا یەک پێکهـاتەیان هەیە، بەڵام چۆمـسـکی باوەڕی وایە کـە هەر ڕسـتـەیەک پێکهـاتەی سەرەوەو خوارەوەی هەیە.

پێکهـاتەی ژێرەوە زاراوەیەکی تیـۆری سـەرەکـیـیـە لە ڕێزمانی گواستنەوەدا. هەندێک هەر بە پێکهاتەی ژێرەوە ناوی نابەن، بەڵکو بە ڕێزمانی ژێرەوە، پێکهاتەی بنکە، پێکهـاتەی دوور یاخـود پێکهـاتەی بەرایی ناوی دەبەن. ئەم پێکهاتەیە ڕستەسازی ئەبستراکتی ڕستە دەنوێنێ. ئەم پێکهاتەیە وشەی لێکسیکی و زانیاری سترەکچەری لەخۆ دەگرێ: چ وشەیەک نیهاد و چ وشەیەک گوزارەیە. ئایا ڕسـتـەکـە لە دۆخی ئەرێ، یان نەرێ دایە؟ هەروەها ئەو بەشەی واتا کە لە وشە لێکسیکییەکاندایە هەروەها

ئەو شێوەیەی کە ئەو وشانە لە ڕووی ڕێزمانییەوە پێوەندییان لەگەڵ ئاستی پێکهاتەی ژێرەوە هەیە.

ڕوونکردنەوەی واتای ڕستەکە دەردەخات. ئەو لایەنەی ئەو وشانە بونیادگەرەکان فەرامۆشیان کردبوو.

لە نەزەری چۆمسکی هەموو جۆرەکانی ڕستە نەرێ، پرسیاری نادیار، کلکە پرسیار....تاد هەر هەموویان لە پێکهاتەی ژێرەوە ژێدەریان گرتووە.

هەر لەم بارەیەوە چۆمسکی لە پێکهاتەی دیار و نادیاردا دوو جۆری بکەر دیار دەکات. ئەو بکەرەی لە پێکهاتەی ژێرەوە هەیە، پێی دەڵێن بکەری لۆجیکی logical subiect هەر ئەو بکەرەی لە پێکهاتەی نادیار لە بەرایی ڕستە دەردەکەوێ، پێی دەڵێن بکەری ڕێزمانی grommatical suhi کەچی لە ڕێزمانی تەقلیدی و بونیادگەری بە بکەری ڕێزمانی دەگوترا «بەرکار»!

٣- لێڵی وەک یەکی

لێڵی لە زماندا پەیوەستە بەزمان خۆی، چونکە زمان خۆی یاخود کەرەسە زمانەوانییەکانی زمان لێڵی دروست دەکەن.

ئەم لێڵییە لە یەک لا سەیرکردنی ڕستە دروست دەبێ. وەک وترا، بونیادگەرەکان تەنیا لایەنی پێکهاتەی سەرەوەی ڕستەیان دەبینی بۆیە لەلای ئەوان ئەگەر دوو ڕستە، یان زیاتر لە ڕووی پێکهاتەی سەرەوە وەک یەک بوون، ئەوا یەک پێکهاتەیان هەیە، بەڵام هەندێ جار دوو، یان سێ پێکهاتەی ژێرەوە لە یەک پێکهاتەی سەرەوە کۆدەبنەوە. لە ئاکامدا لە نەزەری لایەنگرانی تیۆری گواستنەوە لێڵی دروست دەبێت. ئەم ڕستانەی خوارەوە ئەو ڕاستییە زیاتر ڕوون دەکەنەوە:

1- She Connot bear Children

**لەم ڕستەیەدا سێ پێکهاتەی ژێرەوە هەن:**

١- ئەو نەزۆکە منداڵی نابێت.

٢- ئەو میزاژی منداڵی نییە. کەیفی بەمنداڵ نایەت.

٣- ئەو نەساخە منداڵی پێ هەڵناگیرێ.

2- John is easy to please.

**ئەم ڕستەیەش دوو پێکهاتەی ژێرەوەی هەیە:**

١- جۆن دەتوانێ کەسانی تر کەیفخۆش بکات.

٢- کەسانی تر دەتوانن جۆن کەیفخۆش (ئاسوودە) بکەن.

لە کوردیشدا لێڵی ڕووبەرێکی کەم لە بواری زمانناسی داگیر ناکات. ژێدەری سەرەکی لێڵی خۆی لەخۆیدا لەدوو سەرچاوەی سەرەکییەوە سەرچاوە دەگرێت. یەک لە ڕووی لێکسیکییەوە، فرە واتا و هاوبێژ و هاوپۆنیم لە هەندێ چوارچێوەدا نەک هەر لێڵی، بەڵکو تەم و مژی واتاییش دروست دەکەن، لە ئاکامدا دەردەکەوێ کە ڕستە تەنیا پێکهاتەیەکی نییە وەک بونیادگەرەکان بانگەشەیان بۆ دەکرد، بەڵکو زیاتر لە پێکهاتەیەکیان هەیە سەرچاوەی پێکهاتەی ڕستەسازی، هەندێ ڕستە لێڵی دروست دەکەن. ئەم ڕستانەی خوارەوە لە کوردیدا لێڵییان هەیە، کەواتە بەمیتۆدی شرۆڤەکاری بونیادگەری چارەسەر ناکرێن:

- پێی لێنا.
- فڕاندی.
- گەورە بووە.
- نەڕۆی، دەتکوژم.

بڕوانە:

سەلام، لێڵی لە زمانی کوردیدا (٢٠٠٥)، ٥!

وەک یەکی یاخود پارە فرێز دیاردەیەکی زمانەوانییە و لەزۆربەی زماناندا هەیە. لە ئەم دیاردەیەدا دوو ڕستە یاخود زیاترمان دەبێت ئەوەی دووەم ڕوونکردنەوەی ئەوەی یەکەمە. ئەم دووەش یەک پێکهاتەی ژێرەوەیان هەیە، چونکە هاو واتان. ئەم نموونانەی خوارەوە ئەم دیاردەیە زیاتر ڕوون دەکەنەوە

(١)

أ- ئازاد قەڵەوە.

ب- ئازاد لاواز نییە.

(٢)

أ- ئازاد کوڕی ڕەسووڵە.

ب- ڕەسووڵ باوکی ئازادە.

(٣)

أ- ئازاد مامۆستایە و نەوزادیش مامۆستایە.

ب- ئازاد و نەوزاد مامۆستان.

(٤)

أ- ئازاد لە دوێنێوە نانی نەخواردووە.

ب- ئازاد برسییە.

(٥)

أ- ئازاد لە کۆلێژی ئاداب دەرس دەڵێتەوە.

ب- ئازاد مامۆستای زانکۆیە.

پارەفرێزیش وەک لێڵی نەبۆتە جێگەی گرنگی بونیادگەرەکان! ئەمەش وایکردووە بێتە کێماسییەک و لایەنگرانی شێوەی بەرهەمهێنان و گواستنەوە ڕەخنەی لێ

بگرن.

٤- پێوەندی ڕستەکانی پەیوەست بەیەک

لە ڕستەی ئەرێدا، دەکرێ چەندان ڕستەی تر وەک ڕستەی پرس، نەرێ، نادیار، جەخت، کلکە پرسیار...تاد دروست بکرێ. ئەو هەموو ڕستانە هەموو پێکهاتەی سەرەوە دەبن بۆ یەک پێکهاتەی ژێرەوە.

بونیادگەرەکان هەموو جۆرەکانی ڕستەیان وەک یەکەیەکی سەربەخۆ مامەڵە لەگەڵ دەکرد، وەک بڵێی هیچ پێوەندییەک لەنێوان ئەو ڕستانەدا نەبێت، بەڵام لە شرۆڤەکردنی ڕستەدا دەگەینە ئەو ئاکامەی کە ئەم ڕستانەی خوارەوە (٢-٦) هەموو یەک پێکهاتەی ژێرەوەیان هەیە.

١- ئازاد کتێبەکەی دۆزیەوە.

٢- ئازاد چی دۆزیەوە؟ کێ کتێبەکەی دۆزیەوە؟ ئازاد چی کرد؟

٣- ئازاد هیچی نەدۆزیەوە. ئازاد کتێبەکەی نەدۆزیەوە.

٤- کتێبەکە کێ دۆزیەوە؟ کتێبەکە دۆزرایەوە.

٥- ئازاد نەک نەوزاد کتێبەکەی دۆزیەوە. ئازاد کتێبەکەی (نەک پێنووسەکەی) دۆزیەوە.

٦- ئازاد کتێبەکەی دۆزیەوە، وانییە؟

وەک لە ڕستەکان دەردەکەوێ هەموو لەیەک بیرۆکە دەدوێن، ئەویش دۆزینەوەی کتێبەکەیە. فەرامۆشکردنی ئەم دیاردەیە وایکرد، کە بونیادگەرەکان نەتوانن تەواو لە چەمکی ڕستە نزیک ببنەوە. هەر ئەمەش وای لە چۆمسکی کرد کە ڕستە بکاتە کرۆکی تیۆرەکەی.

٥- زانینی زمانەوانیی و ئاخاوتن Intuitive Knowledge and Speech

لە ڕوانگەی ئەوەی فۆنیم و مۆرفیم دووبەشی بەرجەستەی ئاخاوتنن، دەکرێ لە ڕێگای ئەوانەوە لە زمان بکۆڵدرێتەوە بۆیە بونیادگەرەکان تەنیا لە ئاخاوتنیان کۆڵیەوە، بەڵام بەهیچ جۆرێ لە پێکهاتە و ژێدەری ئاخاوتنیان نەکۆڵیەوە. ئەو زانینەی لە عەقڵی مرۆڤدایە لە تەمەنی چوارپێنج ساڵیدا دەبێتە زانینێکی زمانەوانی. هەر ئەو زانینە زمانەوانییەشە دەبێتە بنچینەی ڕۆنانی ڕستە. هەر لەو بارەیەوە بەپێی تیۆری چۆمسکی، ئەو زانینە زمانەوانییە بریتییە لەچەند ڕێسایەکی دیاریکراو بەو ڕێسا دیارکراوانە دەکرێ ژمارەیەکی بێ کۆتا لە ڕستە دروست بکرێت.

ئەم بابەتەش، کەلێنێکی تری لە بونیادگەری دروست کرد، چۆمسکی لەو ڕێگایەوە ڕەخنەی توندی ئاراستەی بونیادگەرەکان کرد. پێناسەی ئەوەی زمان سیستەمە، لەلای چۆمسکی ئەو سیستەمە پەیوەستی چەند ڕێسایەکی زانینی زمانەوانییە ئەو شیانە ئاوەزییەی مرۆڤ دەرفەتی زانینی چییەتی زمانی پێ دەدا، ئەو زانینە زمانەوانییەش بونیادی شەنگستی ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوەی لێ کەوتەوە.

وێڕای ئەو کەم و کورتیانە، چۆمسکی دوو کێماسی تر لە بونیادگەرییەکەی بلۆمفیلد دەستنیشان دەکات:

یەک: میتۆدەکەی بلۆمفیلد زیاد لە پێویست بەرز خواز بوو. چۆمسکی باوەڕی وابوو کە ئەو جۆرە زمانناسییە، دووچاری حاڵەتێکی ناواقیعی هاتبوو بەوەی چاوەڕێی بوو کە هەندێ یاسا و ڕێسای هەڵە هەڵنەگر دابڕێژێ بۆ ئەوەی وەسفێکی تەواو و بێ کەم و کوڕی زمان لە هەندێ واتای پەرشوبڵاو فەراهەم بێنێ. ئەو ڕەخنەی چۆمسکی لە بلۆمفیلد لەوە سەرچاوەی گرتبوو کە زانیاری بونیادگەرەکان تەنیا ئاخاوتنی ئاخێوەری زمانی نەنووسراوی گەلانی بێ ڕێزمانی ئەمریکا بوو.

دوو: مەودای سنووردار و بەرتەنگ بوو. زمانناسییەکەی بلۆمفیلد تەنیا جەختی لەسەر وەسفکردنی کۆمەڵێک ئاخاوتن دەکردەوە ئاخاوتنی وتراو نەک نووسراو- چۆمسکی باوەڕی وابوو دەبێ ڕێزمان هەر سنووردار نەکرێ بە وەسفکردنی ئاخاوتنی ئاخێوەر، بەڵکو دەبێ ڕێزمان ئاخاوتنی ئایندەش لەخۆ بگرێ.

**ژێدەر:**

**سەرچاوە کوردییەکان:**

**١- ئەورەحمانی حاجی مارف، فەرهەنگی زمانناسی، سلێمانی، (٢٠٠٤).**

**٢- سەلام ناوخۆش، لێڵی لەزمانی کوردیدا، هەولێر (٢٠٠٥).**

**٣- محەمەد مەعروف فەتاح، زمانەوانی، بەغدا، (١٩٩٠).**

**٤- وریا عومەر ئەمین، چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، هەولێر، (٢٠٠٤).**

**سەرچاوە بیانییەکان:**

**1- Aitchson, J. 1992. Linguistics. London.**

**2- Cvystal, D. 1991. A Dictionary of Linguistics and Phonetics. London.**

**3- Farokhpey, M.1999. Goverment and Binding Theory. Tehran.**

**4- Fromkin, V. and Robert Rodman 1988. An Introduction to Language. London.**

**5- Lobner, S. Zooz Understanding Semantics. London.**

**6- Tvask, R. L. 1993. A Dictionary of Grammatical Tevms in Linguistics. London.**

# سەنتوورەکەم بدرێت بە سەرۆک

**هاشم سەڕاج**


تێکستی «زۆربا» خولقێنەری جووتێک کەسایەتی ڕاڕاو نیگەرانی مەسیحی و بودایییە، ڕاستە کەسایەتی «ئالکسیس زۆربا» وەک کاراکتەرێکی کاریگەر و سەرەکی تا دێ سەرپاکی دەسەڵاتی خۆی بەسەر فەزای دەقەکەدا دەسەپێنێت، کەچی بزوێنەری ڕاستەقینەو ئارامبەخشی ئیقاعەکانی ڕۆح و کەرنەڤاڵە زۆربایییەکان، فەنەری دایساوی گیانی «سەرۆک»ە.. کە بەشێوەیەکی شاراوە یان مانەندی تێکستێکی غایب و نەگوتراو لەودیو بونیادی قووڵی تێکستی گوتراودا خەفەکراوە، بەڵام هەر جارێ کە لەشێوەی بوونەوەرێکی هێمن و خانەداندا کە دەردەکەوێت.. چنگێ یاقووتی جوانشوناسی ئاوێتە بە چرکەکانی بەختەوەری ڕووەو فەزاو ڕووداوە ئاڵۆسکاوەکان پەرش و بڵاودەکات «- وتم: زۆر با، لە بیرتە لە کافیتریاکەی بەندەری «پیرە»دا چ چەشێکت بە قولاپەکەتەوە کردبوو چۆنیش منی پێوە بووم؟ وتت گوایا باشترین گۆشتاو لێ دەنێیت و ڕێکەوت منیش گۆشتاوم لە هەموو خواردنێکی دی پێ خۆشترە، تۆ چۆن ئەمەت زانیبوو؟»

- نازانم، سەرۆک، هەر لە خۆیەوە بەدڵما هاتبوو، هەر بەو جۆرەی کە لە گۆشەیەکی کافیتریا کەدا هێور و بەویقار دانیشتبووین و بەسەر کتێبێکی بچووکی بەرگ زێڕ کفتەوە چەمابوویتەوە، نازانم چۆن».. ئەوکاتەی زۆربا لە بەندەری «پیرە» کە خۆی وەک چێشتلێنەرێکی کارامەو سەنتوور ژەنێکی ئازاد بەسەرۆکی گەنج دەناسێنێت، پایزی تەمەنی ڕووی لە ٦٠- ٦٥ ساڵە....

چوون «یشوع و موسا» یا وەک باوکێکی میهرەبان تا دوایین چرکەی عومر خزمەتی ڕۆڵەکەی بکات.. زۆربا وەک جەنگاوەرێکی دێرین و چەرچی و گۆزەگەر و سەنتوور ژەن و کرێکاری کانەکانی خەڵووزو سەرکار و.. تاد بەرێگەی ئەزموونە جۆراوجۆرەکانی ژیان دەگاتە حەقیقەتێک کە چەمکی دادپەروەری لە ژیانی کۆمەڵگاو ویژدانی مرۆڤایەتیدا بوونی نییە، ئەمەیش دوای ئەنجامدانی کردەی قەتڵەکە و بەخشینی هەرچی پارەو پوولی هەیە بەسەر منالەکانی کوژراوەکەدا، پاشان کێشەی پیری کە لە ڕۆحەوە ئابڵووقەی داوە بەردەوام هەوڵدەدات بە تەقسەکانی سەماو مۆسیقا و شەراب و ئیرۆتیک و کەرنەڤالەکانی زیندەگی ڕووبەڕووی ئەو تارماییە بێتەوەو مانەندی سەندبادی بەحری چرکەساتەکانی بگوزەرێنێت، بەڵام زۆر با لە شاری کاندی و ئەو دەمەی لەگەڵ «بولا» لە هەوەسبازیدایە هەست بە چرکە ساتەکانی پیری و کەنەفتی دەکات و بۆ یەکەمین جار سەری ماش و برنجی ڕەش دەکات.

پاشان «زۆربا» ئەو پاڵەوانە خۆڕسک و نەخوێندەوارە نییە کە هەندێ جار لە دوتوێی تێکستەکەدا ناڕاستەوخۆ ئاماژەی بۆ دەدرێت، چونکە ئەوکاتەی زۆربا لە «کاندی»یەوە نامە بۆ سەرۆک دەنووسێت دەڵێی شێوەکارێکی کارا و کارامەی توندوتیژە و بەنووکی چەقۆ لەسەر پانتایی تابلۆیەکی دەگمەن و دانسقەدا خەریکی نەخشکارییە، یا ئەو کاتەی تابلۆی دەریا سالار و کابتنە بیانییەکان بۆ هوتانس خانم دەکێشێت،.. زۆربا وەک مەسیحییەکی نیگەران هەست دەکات پەرستگاکانی مەسیح یا کڵێساکان بوونەتە شوێنی هەڵفریودان و مەڵبەندی بازرگانی و هاوکات باوەڕی بە گوفتار و فەرمایشتی ئەو پیرە مێردەی هاوسێیان هەیە و کە ڕۆژانێک پێی گوتبوو «خودا لە دڵی مرۆڤ دایە» بۆیە بەسەرۆک دەڵێ «ئازابە پشت بەخوا ببەستە، چی دەبێت با ببێت یان نیشانەکەت ناپێکێت یان بە مەبەست دەگەیت» بەڵام زۆربا خاوەندی سەرچاوەیەکی بەختەوەرییە، زۆرجار هەست بە ئارامی و خۆشنوودی و ئاسوودەیی دەکات.. هەر خۆی دەڵێ [بەدبەخت ئەو کەسەیە کە سەرچاوەیەکی شادمانی لە ناوەوەی خۆیدا نییە».. کەچی سەرۆک کە خاوەنی هەستێکی ئێستەتیکی و ڕۆشنبیرییەکی باڵای بودایيە باوەڕی بەو ڕستە لاهوتیە هەیە کە دەڵێ «مرۆڤ کاتێک کە هەیەتی دەبێ بیبەخشێت».. سەرۆک بە ڕێبازی «زن» لە قووڵایی سروشت و چارەنووسی بوون دەڕوانێت و هاوکات بە هاوکێشە سەرەکییەکەی بوودا «پیربوون، نەخۆشکەوتن، مردن» وەهمە جوانەکانی ژیان و خەمە میتافیزیکییەکان دەپێوێت و درک بەوە دەکات «گیانی مرۆڤ کە خراوەتە نێو قاوغی لەشەوە، هێشتا ناکامڵ و نادروستە» سەرۆک وێڕای دەستنووسەکەی بوودا، خەریکی دنیای کۆمیدیای خوداوەندی «دانتی» و شانۆنامەکانی «شکسپیر» و تابلۆکانی «ڕۆدان» و «ڕەمبیرات» و شیعرەکانی مالارمێیە.

کاتێک لە چرکەی سۆز و بەزەییەوە ئەم بڕگەیە هەڵدەدا و دەڵێ «بەزەیی نەک تەنیا بە حاڵی مرۆڤەکان، بەڵکو بۆ هەمموو ئەو دنیایەی کە دەجەنگن، هاوار دەکەن، دەگرین، ئومێدیان هەیە کەچی ئەوە نابینن کە هەموو شتەکان بێجگە لە خەیاڵی پووچ و بێ مانا چیتر نین! بەو دەسنووسە ناتەواوەی منیش دا کە دەربارەی بوودایە».. هەروەها سەرۆک خاوەندی هەستێکی ئاگرینی ئێستەتیکی و بەهرەیەکی شاراوەی باڵایە.. کە لە یەکەمین چرکە ساتی سەفەردا دەیدرکێنێت.. [بەڵام من لەو بەرەبەیانە باراناویەدا پێم خۆش نەبوو لەو هاوڕێیەم جیا ببمەوە «هەڵبەتە پاشان، بەداخەوە زۆر درەنگ تێگەیشتم هۆی چی بوو» لەگەڵ ئەودا سواری کەشتی بووم، لە ژوورەکەیدا و لە نێوان جانتا پرش و بڵاوەکانیدا دانیشتم، کە خەیاڵی بۆ لایەکی تر پەرت



دەبوو. من بەوردی تا مـــاوەیەک لێی ڕادەمام، وەک بمەوێت تەواوی سیمای دەم و چاوی لە یادەوەریمدا بهێڵمەوە، چاوە دروەشــاوەکـــانی کـــە ڕەنگە شـینەکـەیان بەلای سەوزدا دەیڕوانی، رووە پرو جـوانەکــەی، زیرەکی و بەدەمــاریەکــەی، لە سەرووی ئەمانەیشەوە دەستی خانەدان هەڵکەوتووی کە بە پەنجــەی درێژ و باریک کــۆتاییــان دەهات».. بەڵام هاوڕێکەی پێی دەڵێ: تاکەی کاغەز ئەجوویت و خۆت بە مەرەکەب پیس ئەکەیت؟ یان بە «مشکی کاغـەز خۆر» نێوزەدی دەکات پاشان هەمان ڕستە بەشێوەو شێوازێکی جیـاتر لەلایەن «زۆربا»وە ئاراسـتەی سەرۆک دەکرێت.. کـەچی ئەو بەشێـوەیەکی بەردەوام خەریکی تەواوکـردنی دەسنووسـەکەو تێڕامـانە بوودایییەکـانیەتی.. [لەسـەرخۆ پایپەکەم پڕ لە تووتن کردو دام گیرساند، لەگەڵ خۆمدا بیـرم لەوە دەکـردەوە کـە لەم دنیـایەدا هەمـوو شـتـێک مـانایەکی نهێنی خۆبشی هەیە و مـرۆڤ و گیـاندار و درەخت و ئەسـتـێـرەکـان بێـجگە لە چەند هێـڵـێکی هیرۆگلێفی هیچی تر نین! ئەو کەسەی دەیانخوێنێتەوە و پەی بە مانایان دەبات بە ڕواڵەت شادمانە، بەڵام ئای کە بەدبەختەکە تەماشایان دەکات شتێکی لە مانایان تێ ناگـات،.... لە هەمـوو ئەمـانەدا من ئەمڕۆ وای بیـر لێ دەکــەمــەوە کــە مــانایەکی شــاراوە هەبێت، بەڵام چ مانایەک؟ من چاوم هەر بە دوای ئەو دووکەڵەوە بوو لەو تاریـک و ڕوونی بەیانەدا لەســەر خـۆ لوولی دەخـــواردو ڕوونتر دەبووەوە، گیانیشم بەرەو دووکەڵەکە دەڕۆیشت و لە ئەڵقە شێتەکانیدا دەتوایەوە، ماوەیەکی زۆر تێپەڕی من بێ کۆمەکی مەنتیق و بە یەقینێکی تەواوەوە هەستم کـرد کـە دنیـا چییـە و چۆن دروست بووەو چۆنیش لەناو دەچێت.... دەتوت دووکەڵەکە پوختەی دەستـوورەکانی بوودایە و مــارپێچ تواوەکـانیش خـودی ئەو ژیانەن کـە لەسەرخۆ و ئاسان بەرەو نوختەی کۆتایی و بەختەوەری نێرڤانا دەچن» [ئیتر بیرم نەدەکردەوە، لە هەڵپەی هیچ شتێکدا نەبووم و هیچم نەبوو، ئیتر لە یەقینی تەواودا دەژیام»...

ســەرۆک لە تەک زۆرباو لەوێ لە «کــریت»دا هەردەم پابەندە بە حاڵەتەکانی هێمنی، بەزەیی و میـهـرەبانی، هەسـتی جـوانی، چاودێری و بەخـشندەیی، ئارامی و

## نووسینی «بوودا» یارییەکی ئەدەبی نەبوو، شەڕی مەرگ و ژیانە

تێـڕامـان.. بە ڕێگای «زن»ی بوودایی لەنێـو دەسنووسـەکـەی کـاردەکـات و دەیەوێ ڕۆح لـە یاســــای دۆنـایـدۆن ڕزگاری بێت، تا بگاتە نێو «نێرڤانا». نێرڤانا تەنها ڕۆح دەیناسێت، چونکە لەوەوە هاتووە بۆ ئەویش دەگەڕێتەوە، نێرڤانا دوا پلەی بەهەشت و خوایەتی بوودایە، لە نێرڤانا بەرزتر و پیرۆزت نییە»... بەڵام زۆربا کە وەک هاوڕێیەکی بە ئەمەگ لە تەکیـا دەژێت خـاوەن هەسـتـێکی سوکـراتی و ڕۆحـێکی کـەرنەڤاڵ و دیۆنیـزۆسـیـە، یان بەدیدی پۆست مـودێرنە بەردەوام گومان لە بەهاکان دەکات و چەمکی زاراوەکانی مـاف و دادپەروەری و بەهاکانی دەسەڵات بەخۆڵەمـێشی دادەنێت.. و هەوڵدەدات ســەرۆک بەرەو جـــیـــهـــانی کـەرنەڤـاڵەکـانی سـەمـاو مـۆسـیـقـا و شـەراب و ژن و ئیـرۆتیک ڕابکێشێت.. زۆربا دەزانێت «ژیانی دەروونی و جـەسـتــەیی مـرۆڤ بەردەوام بەرەو لەناوچوونی زیاتر دەڕوات.. هزیۆد...] یا لە بەرانبـەر دۆزینەوەو عـەقـڵی ئێـمەدا سـەرانسـەری دنیـا لە خـەون و خـەیاڵێک زیاتر نییـە... هیـوم..» ئێـتـر سەرۆک خـەریکە هێدی هێدی دەکەوێتـە ژێر کاریگەری زۆر باوەو دەیەوێ ڕوو لە چرکە لەززەتاوییـەکانی ژیان بکات و خۆی لە دەسەڵاتی هزر و بۆچوونە بوودایییەکـان ڕزگار بکات، بەڵام سەرۆکی دڵ و دەروون لێوانلێو لە هەستی ئێستەتیکی لە گیانڕا سەربە مەفتـەنی عیشـقخانەکانی ئەهلی دڵە.. بەردەوام خورپە خـانەدانیـەکـانی ئەڤین و ئاگـرەکـانی جـوانی و هەسـتـە نەهلیـسـتـیە بوودایییـەکان مەست و سەرگردانی دەکەن.. «من لەسـەردەم کەوتبـووم و بێ ئەوەی بیر لە هیـچ بکەوە کـربووم، لەگـەڵ شـەوو دەریادا بوومـەیەک، هەسـتم کـرد ڕۆحم بۆتە گـوڵ ئەسـتـێـرەیەک و چرا بچـووکـە سـەوزو ئاڵتـوونییـەکەی داگیـرساندووە، لەسـەر زەویە شـێدارو تاریکەکـە دانیـشـتـووەو چاوەڕوانە.. ئەسـتـێـرەکـان لە سەفـەردا بوون، ساتەکـان تێـدەپەڕین، کـە هەسـتـام، بێ ئەوەی بزانم چۆن، ئەو دووکارەی کە دەبوو لەو کەنارەدا بە ئەنجـامی بگەیەنم بە تەواوی لە مـێـشـکمـا نەخـشی بەسـتـبـوو.. یەکـەمـیـان هەڵاتن بوو لە «بوودا»، خـۆ ڕزگارکردن لە خەمە میتافیزیکییەکان و ڕزگارکردنی ڕۆح لە دوودڵی و بێ هوودەیی دووەمیان سەر لە ئێستاوە، خۆ بەسـتـنەوەیەکی قـووڵ و ڕەوان بوو بە خـەڵکەوە» بەڵام

ڕۆحی سەرۆک بۆتە بارستێک لە هەستی بوودایی و خەریکە ڕووەو «نیرڤانا» هەنگاو دەهاوێژێت.. [لە قووڵایی وجوودمدا هاوارەکان کەوتبوونە هەڕەشەیەکی نادیارو بێ سەبرەوە، بەورەکە لە وجوودی مندا دەینرکاند، لە پڕا منیش بە ئاشکرا گوێم لە دەنگەکە بوو.. لە کاتێکدا کە لە جێگاکەی خۆم بەرزەپێ ڕاپەڕیم هاوارم کرد: بوودا.... بوودا

خێرا بەکەناری دەریاکەدا کەوتمە هەنگاونان، وەک بمەوێت ڕابکەم وابوو، ئێستا ماوەیەکە شەوانە تەنیام و بێدەنگی دەست بەسەر هەموو لایەکدا دەکێشێت، گوێم لە دەنگی دەبێت، سەرەتا دەنگێکی غەمگینەو لەشیوەن و لالانەوە دەچێت. بەڵام هێدی هێدی تووڕە دەبێت، دەگوڕێنێت و فەرمان دەردەکات، وەک مناڵێک کە کاتی لە دایک بوونی گەیشتبێت بە سنگما دەکێشێت...... نوقمی نێو هەوای گەرم بووم و لە ڕاست و چەپما، بەسەر لا جانگمەوە هەستم بە دورو بڵێسەی ئاگر دەکرد هەر بەدەم لەرزینەوە بیرم لەوە کردەوە کە ئەم بەرداشێ بوایە لەگەڵ خۆدا ئێمەش دەهاڕێت.

کاتی ئەوە هاتووە کە خۆم لەو بارە گرانە ڕزگار بکەم» کەچی شێتێتی بەهرەو هەستی جوانی و کردەی چرکە ناوادەکانی دارژانی نووسین ڕووەو ڕووگەی ئەڤینە بوواوییەکانی ڕادەماڵێت «پەلەم بوو «بوودا» بە تەواوی هەموو گیانمی داگیرکردبوو، من دەمبینی وەک تۆمارێکی شینی پڕ لە نیشانە، لە زەینمدا دەکرایەوە، ئەوەندەیش خێرا دەکرایەوە پەلەم بوو لێ دوانەکەوم، من دەمنووسی و هەموو شتەکان زۆر سادەو ئاسان بە دەستمەوە دەهاتن نەمدەنووسی، دەبێت بڵێم کۆپیم دەکرد، دنیایەکم دەهاتە بەرچاو پڕ لە بەزەیی و خۆشەویستی، ڕەتکردنەوەو خۆ بەدەستەوەدان، کۆشکەکانی بوودا، ژنانی حەرەم سەرا، کەژاوەی زێڕین، سێ ڕێکەوتە شوومەکە لەگەڵ پیر و نەخۆش و مردوودا، هەڵهاتنی، خەڵوەتکێشانی، نەجاتبوون و بانگەوازی ڕزگار بوونی... زەوی بەگوڵی زەرد داپۆشرابوو، سواڵکەرو پاشاکان کراسی زەردیان لەبەردابوو، بەرد و درەخت و جەستەکان سووکەڵە بوون، ڕۆحەکان ببوونە هەڵم، هەڵمەکان ببوونە جەوهەر و جەوهەریش توابۆوە. پەنجەم ماندووی نووسین بوو، بەڵام من نەمدەویست و نەمدەتوانی دەست هەڵبگرم، ئەم خەونە تێدەپەڕی و هەڵدەهات و دەبوو پێی بگەم».

«زۆربا» لە «کریت»دا چەشنی فروستادەیەکی «باخوس» و وەک ئاشپەز و سەماکار و گۆرانیبێژ و سەنتوور لێدەرێکی ئازاد و بە ئەمەگ بەردەوام لە خزمەتی سەرۆکدایە و بەشێوەیەکی ڕێکوپێکیش ئیش و کاری کانەکانی خەڵووز بەڕێوەدەبات و ئێوارە وەختانیش وەجاخەکە دادەگیرسێنێ و بوتڵە شەرابێک دادەنێت و بەتامترین خوردو خواردنێک ئامادە دەکات و تادێ جۆرێک لە سۆز و مەحەببەت کۆیان دەکاتەوە سۆزێک لە شێوەی مەحەببەتی نێوان «یوناشان» و «داوود» یان «یوشەع» و «موسا».. زۆربا وەک سەرکارێکی ئازاد زۆرجار لە چرکەکانی نەشئەبازیدا بەخشندەترین دەسبڵاوێکی پارەوپووڵەکانی گەنجی سەرۆکە بەتایبەتی ئەوکاتەی «لولا» گوڵباران و عەترباران و پارە باران دەکات کەچی سەرۆک زۆر بە سنگفراوانی قبووڵی حاڵەتەکە دەکات...

چونکە ئەو بەردەوام لەگەڵ چرکە بوودایییەکانیدا دەژیت [کە لە خەو هەستام خۆر دووڕم بە ئاسماندا سەرکەوتبوو، ئەمەندەم نووسیبوو دەستی ڕاستم سڕببوو، نەمدەتوانی پەنجەکانم بنووقێنم، باهۆزی بوودایی بەسەرما تێپەڕیبوو، خاڵی و ماندوو جێی هێشتبووم، پەڕە کاغەزەکان بەسەر زەویەکەدا بڵاو ببوونەوە، نوشتامەوە تا هەڵیان بگرم، بەڵام نەتاقەتی ئەوەم هەبوو تەماشایان بکەم و نەتوانایشم تیا مابوو، دەتوت هەموو ئەو ئیلهامە بێ ئامانانە تەنیا خەون گەلێک بوون کە نەمدەویست لە زیندانی وشەدا بمێننەوە یان بە وشە لە نرخیان کەم بکەمەوە، ئەو ڕۆژە باران بەکاوەخۆ دەباری، زۆربا پێش ڕۆیشتنی خۆی وەجاخەکەی داگیرساندبوو، من هەموو ئەو ڕۆژە چوارمەشقی دانیشتم و بێ ئەوەی هیچ بخۆم بێ جووڵە دەستم بەسەر ئاگرەکەوە گەرم دەکردەوە، گوێم لە دەنگی یەکەم بارانی ئەو وەرزە گرتبوو کە لەسەر خۆ دەباری بیرم لە هیچ نەدەکردەوە.... گوێم لە دەنگی و نرکەی دەریا بوو وەک.. جانەوەرێکی دڕندە کە زمانی بۆ ئاو خواردنەوە دەرکێشابێت ڕۆخەکەی دەلستەوە.... بەڵام من لەو کەناری کریتەدا بەختەوەر دەژیام و خۆیشم هەستم بەو بەختەوەریە دەکرد».

سەرۆک چەنێ زیاتر کار لەنێو تێکستە یان دەسنووسە بوودایییەکەدا بکات زێتر هەست بە ئازادی و جۆرێک لە بێزاری دەکات.. «زۆربا مقەڵیەکەی ئاگردا، کتریەکەی نا

بەسەر، قاوەیەکی بۆ من دروست کرد، بەتانیەکی بەسەر قاچمادا تا سەرمام نەبێت، بەخۆشحاڵییەوە چووە دەرێ.... دەستنووسەکەم کە لەبارەی بووداوە بوو کردەوەو منیش چوومە تونێلە تایبەتیەکەی خۆمەوە، هەموو ڕۆژەکە کارم کرد، چەند بەرەو پێش دەچووم زیاتر هەستم بە ئازادی دەکرد، تووشی هەڵچوونێکی تێکەڵ بە دڵنیایی، بەخۆ نازین و بێزاری دەکرد، بەڵام من خۆم دابووە دەست کار، چونکە دەمزانی هەر بەتەواوکردنی ئەم دەستنووسە و داخستن و مۆرلێدان و پێچانەوەی ئیتر ئازاد دەبم» «زۆربا» وێڕای ئەو بێباکی و بێموبالاتیەی خۆی پابەندی گوفتار و فەرمایشتە مەزموورییەکانی «داوود»ی پەیامبەرە کە دەڵێ.. کاتێک بۆ پێکەنین، کاتێک بۆ کارکردن، کاتێک بۆ گریان، کاتێک بۆ دەسبازی و نەشئەو ئیرۆتیک، کاتێک بۆ مەرگ، زۆربا ئەو چرکە ساتانەی لە کانەکانی خەڵووزدا سەرقاڵی کارکردنە چرکەیەک بەفیڕۆ نادات و ئاوڕ لە کەسێک ناداتەوە.. ئەو کاتانەیش کە ڕاکی دەنۆشی و هورتانس خانم لە باوەش دەگرێت.. هەموو چرکە بەختەوەرییەکانی ژیان لە جەستەی «بوبولینا»کەی دا دەدۆزێتەوە پاشان «زۆربا» هاوکات هەڵگری کۆمەڵێک دیدو گۆشەنیگای «باربۆس»ییە.. مەبەستم تێکستی «دۆزەخ»ی هێزی باربۆس»ە.... زۆربا ئەو کاتانەی لەگەڵ سەرۆک دەکەوێتە گفتوگۆ و دیالۆگ، پرسیار گەلێک لەبارەی بوون و چارەنووس و زەمەن و خودا و شەیتان و مەرگ و خۆشی و جوانی... تاد دەورووژێنێت، ئەنجا هێندە بە وردی لەو کرمە سپییە وردیلانە دەدوێت کە وەک برا گەورەیەک چاوەڕوانی جەستەی مرۆڤ دەکەن و چاوەڕێن ئەو لەشە قێزەونەی مرۆڤ لەنێو ببەن! کەچی زۆربا وەک نیگەرانێکی بێ باک و بێ موبالات هەردەم و هەمیشە لە زەمەنی ئێستای تەمەنیدا دەژیت، دەیەوێ بە زەماوەند و قاقا و قیژەو نەعرەتەی مەستانە و عەربەدەی تاهەتایی و ساغەر و ژن و سەنتوور و گۆرانیە دێرینەکان و سەمای چەتە و قەساب و دەریاوانان ڕوو بەڕووی مەینەتەکانی چارەنووس و ئەشکەنجەکانی پیری و کەنەفتی ببێتەوە و هەوڵیش دەدات بەم تەقسی کەرنەڤاڵە دڵخۆشکەرانە

**هونەر بە ئاوازە خۆشەکەیەوە دێت و لە دەست ئەهریمەنەکان ڕزگارمان دەکات**

سەرۆک لە خەڵوەتی کتێب و لەو تەشق و کەش و هەوا بوودایییە دەرباز بکات... کە لەبارەی ئافرەتەوە دەدوێ... دەڵێ سەرۆک دەزانی «تەنیا گۆشتی دزی بەتامە»... ئاخر پێداویستیە سەرەکییەکانی مرۆڤ یانی خواردن و خواردنەوەو ژن و سەما... کەچی سەرۆک زۆرجار دیمەنی زۆربا لەکاتی بیرکردنەوەدا بە تابلۆیەک دەچوێنێت «هەر لە تابلۆیەکی ژاپۆنی دەچوو کە من حەزم لێ دەکرد لەو تابلۆیەدا «زاهیدێک چوار مەشقی دانیشتووەو جبەیەکی ڕەنگ نارنجی لەبەردایە، دەموچاوی وەک دارێک بەجوانی لەسەری هەڵکەنرابێت و باراناو ڕەشی کردبێت دەبرسکێتەوە، ملی ڕێک ڕاگرتووە، زەردەخەنەیەک بەسەر لێویەوەو بێ ترس لە شەوێکی تاریکدا لەبەردەمی خۆی ڕاماوە» سەرۆک هەمیشە و هەردەم نوقمی جیهانە سیحراوییەکەی بوودایە و ئەم بەیانیە کە لە خەو هەڵدەستێت، کتێبەکەی «مالارمێیە» هەڵدەداتەوە «بۆ یەکەمجار بوو لە هەموو تەمەنما ئەو شیعرانەم وا وشک و بێ تام و بۆن و دوور لە جەوهەری ئینسانی بێتەبەرچاو، وشە گەلێکی بێ ڕەنگ و بۆ و بێ ناوەڕۆک بوون، وەک ئاوێکی پاک و ڕوونی بێ میکرۆب، بەڵام بێ ئەوەی مادەی خۆراکی تیا بێت، واتا بێ گیان، هەروەک ئەو ئایینانەی کە هیچ کاریگەریەکی داهێنانیان تیا نەماوە، خواکان لە ئەنجامدا بوونەتە شتێک بێجگە لە ئەنگێزەی شاعیرانەیان ئەو نەخش و نیگارانەی کە خەڵوەتگای مرۆڤ و دیواری پێ دەڕازێننەوە هیچی تر نین» بەڵام سەرۆک لە میان ڕاڤە و بیرکردنەوەو تێڕامانەکانیدا بەردەوام بەدوای گەوهەر و خەسڵەتەکانی دوا مرۆڤدا دەگەڕێت [دوا مرۆڤ کە خۆی لە کۆتی هەموو جۆرە بیرو هەموو جۆرە خەونێک ڕزگار کردووەو» ئەمەیش هەنگاونانە بە ڕێگەی «زن»ەوە ڕووەو نێرڤانا.. «ئیتر نەهیوای بەشتێکەو نە لە هیچ دەترسێت، بەچاوی خۆی ئەو قورە دەبینێت کە لێی دروست کراوە، کە چۆن بووە بەڕۆح و بۆ ئەو ڕۆحەیش ئیتر گڵێک نەماوە کە ڕەگی تیادا بکوتێت و خۆراکی لێ وەربگرێت.. دوا مرۆڤ ئیدی خاڵی بۆتەوە، نەتۆوێکی هەیە، نە ئەنگێزەیەک و نەخوێنێک هەموو شتێک بووە بە وشەو

وشـەیش گـۆڕاوە بۆ ئەفـسـوونێکی بە ئاوازو دوا مـرۆڤ لەوە زیاتر دەڕوات و لە قـــوولاّیی تەنیـــایی خـــۆیدا دادەنیشێت و مۆسیقا بەسەر هاوکێشەکانی ماتماتیکدا دابەش دەکـات» . من ڕاپەڕیم و هاوارم لێ هەسـتـا کـە «بوودا هەمان ئەو دوا مرۆڤەیەو مانای نهێنی و سەیری ئەو لەمەدایە، بوودا ئەو- گـیـانە ڕووتە-یە کە خۆی لە هەمـوو شت خـاڵی کـردۆتەوە، خـاڵی بوون لە وجـوودی ئەودایە و هەموو خودی خاڵیە کە هاوار دەکات ناوەوەی خـۆتان خـاڵی بکەن. ڕۆحی خـۆتان خـاڵی بکەن، دڵی خۆتان خاڵی بکەن هەر جێگایەک کە ئەو پێی پیابنێت ئیـتـر لەوێدا ئاوێک ناڕوات و گـیـایەک سەوز نابێت و منداڵێک لە دایک نابێت» .

«نووســینی «بوودا» ئیــدی یاریەکی ئەدەبی نەبوو، شەڕی مەرگ و ژیان بوو لەگەڵ هێزێکی تێکدەری گەورە کـە لە وجـوودی مندا بۆسـەی دانابوو، شـەڕی دووبەدوو، شـــەڕ لەگـــەڵ «نای گـــەورە»دا کـــە دڵی دەخـــواردم و ڕزگـاربوونی ڕۆحم بەسـترابوو بە ئەنجامی ئەو شەڕە دوو بەدووەوە.. سـەرۆک دەگـاتە حـاڵەتی پەتیکردنی ڕۆح و جەستە چەشنی خاڵیبوون و پەتیکردنی وشە گەڵی شیعرە پەتیەکانی [مالارمێیە]. «بەخۆشی پێدا گرتنەوە بەرگە دەستنووسەکەی بوودام هەڵگرت، گەیشتبوومە ئامانج و ئیـتـر دەمـزانی تیـر بۆ کـوێ دەهاوم، دوا مـرۆڤی کـامڵ بوودایە، ئێـمـە هێـشـتـا لەسـەرەتای ڕێگادایین، نەتەواو خواردوومانەو نەخواردوومانەتەوەو نە خۆشەویستیمان کردووە، ئێمە هێشتا نەژیاوین، ئەم پیرەمێردە لاوازو تەنگە نەفـەسـە زۆر زوو هاتۆتە سـەردانمان، پێی بڵێ هەرچی زووترە بڕوات بەلای کاری خۆیەوە.

هەر ئاوا لەگەڵ خۆمدا دەدوام و دەستم بە نووسین کرد، بەلاّم نا، نەمـدەنووسی، ئیـدی نووسین نەبوو، شـەڕێکی ڕاسـتـەقـینەبوو، ڕاوێکی بێ بەزەییـانە بوو، گـەمـارۆ و تەڵەیەک بوو بۆ دەرکـردنی ئەو گـیـانداره لەلانەکـەی، لە ڕاسـتـیـدا هونەر جـۆرە سیـحـرێکی ڕۆحە بۆ چوونە ناو لەشەوە، هێزە شەڕ ئەنگێزو خوێنڕێژەکانی ناوەوەی ئێمە هۆیەکی شوومـن بۆ کوشتن و وێرانکردن و ڕق و شـەرەف شکاندن، لەوکـاتەدایە کـە هونەر بە ئاوازە خـۆشـەکـەیەوە دێت و لە دەست ئەو ئەهریمەنانە ڕزگـارمـان دەکـات کـەچی بەردەوام شێتێتی بەهرەو ئاگری ئەڤین و هەستی جوانی بەرەو جـیـهـانی ئاڵۆسکاوی تێـرامـان و بیـرکـردنەوە لە نادیار و نەزانراوەکانی دەبەن.

بۆنی عـەتری زەوی، شێـوەو دیمەنی گـوڵەوەنەوشـەی کێوی، گوڵە مەریەمە، گوڵە تاوس، گیا پەژم، خوڕەی ئاو وشـەپۆلی دەریا و نەورەسـە جـوانەکـانی ڕۆخ دەریا و کـە سنگی سفت و سـپیـیـان لە شەپۆلەکان دەسـوون، دیمەنی قـازوقـورینگان.. پەیکەری شـوانەی ڕووال و تیـشـکی بالای، لە تەوێلــــیـــــەوە تا نووکی پێی ڕووناکی لێ دەبارێ.. بەلاّم ســـەرۆک بەردەوام لە نیـگـەرانیـــەکی کوشندەو گومانێکی ئاڵۆسکاودا دەژیت [جـارێکی دی، ئەم بە ئاگـاهێنانەوە سـامناک و دەنگ و زایەڵەی قـازو قورینگەکان ئەوەیان لە مندا وروژاند کە ئەم ژیانە تاقە ژیانی مـرۆڤـە و هیچ ژیانێکی تر لە دوای ئەمـەوە نییـە، ئەگەر بمانەوێت تام و خۆشی بچێژین تەنیا لەم دنیایەدایە و هیـچی تر، چ دەرفـەتێکی خـۆشی ترمـان لە دنیـاکـەی دیدا بۆ ناڕەخسـێت».. ئەمـجـارە سـەرۆک بڕیار دەدات ســـەردانی دێرە بچـــووکـەی ڕەبەنان بـکات تا گـــوێ لە سروودی مەریەمی پاکیزە ڕابگرێت... سەرۆک بڕوای بەو فـەرمـایشـتــەی مـەسـیح هەیە کـە دەڵێت «چیت هەیە بیفرۆشە بۆ ئەوەی مەزنترین گەوهەر بکڕیت».. «لەسەر وردە بەردەکان ڕاکشـام و چاوم لێکنا، لەگەڵ خۆمدا وام بیرکردەوە کە «ئەم ڕۆحە چییەو چ پەیوەندییەکی نهێنی لە نێوان ئەوو دەریا و هەورو بۆنە خۆشەکاندا هەیە؟ هەر دەڵێیت خودی ڕۆحیش دەریاو هەور و بۆنی خۆشە»... وەک چۆن زۆربا هەوڵدەدات سەرۆک لەم حاڵەتە بوودابیە ڕزگـار بکات، هاوکـات سـەرۆک خـەریکە دەگـاتە هەمـان قەناعـەت.. «وا دووسالّی تەواویشـە کەوتوومـەتە دوای واژەی -بوودا- وەو پێوەی بەستراومەتەوە.

بەلاّم چاک هەست بەوە دەکـــەم کـــە بەهۆی بوونی زۆرباوە- بوودا- دوا بیـــرو دوا وشـەی هەڵدێر دەبێت و ئیتر لەمەودوا بۆ هەمیشە ڕزگار دەبم.

ئاخـر زۆربا شـەیداو تامـەزرۆی چرکـە سـاتـەکـانی گەنجێتیە، گەنجێتی لای زۆربا لەم ڕستەیەدا بەرجەستە دەکرێت [سەربەنێو کار و مەی و عەشقدا بکەیت نە لە خوا بترسێت و نە لە شەیتان ئەمە گەنجێتیە].. هەروەها سەنتوور لای زۆربا ناز پەروەرترین ئامێرێکی مۆسیقییە و ئەو ئامێرەی کە لە لەشی کیژۆڵەیەکی جوان دەچێت و پێـــوبســـتی بە بایەخ و ڕێزلێنانە، ئالکیس زۆربا بەو ئامێرە ئاوازە کۆنەکانی ماکدۆنیا دەڵێتەوە ئەی ئەو چرکە

ساتەی کە خۆی هەڵدایە سەر قاچی «ریتسیپەفەندی» مامۆستای سەنتوور ژەن.

تا فێری سەنتووری بکات.. ئەو سەنتوورەی زۆربا ئازیزترین توحفەیەکە کە دڵی هۆگریەتی و ڕۆحی ئولفەتی پێوەگرتووە.. ئەی دوای مەرگی زۆربا دەبێ کێ میراتگری سەنتوورەکەی بێت؟

«بەیانی دابوو، زۆربا گەڕابووەوەو لەبەردەمی کۆختەکەدا دانیشتبوو، جگەرەی دەکێشاو لە دەریای دەڕوانی، وەک چاوەڕێی من بکات وابوو.

«هەر کە دەرکەوتم سەری بڵند کردو لێم ڕاما، پەڕەی لووتی وەک پەڕەی لووتی تاژی ڕاو دەلەرزی، ملی درێژکرد، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا، بۆنی پێوەکردم و دەمودەست ڕووی گەشایەوە، لەوە دەچوو بۆنی بێوەژنەکەی لە لەشما کردبێت. بە ئەسپایی هەستا، پڕ بە پڕی هەموو لەشی پێکەنی، باوەشی بۆ کردمەوەو وتی:- دەتپەرستم».

«من پاڵکەوتم و چاوم لێکنا ئەوشەوە یەکەمجار بوو بەڕوونی هەستم بەوە کردبێت کە ڕۆحیش جەستەیە، ڕەنگە جەستەیەکی بزۆز تریش بێت.. ناسک و ئازادتر، بەڵام هەر ئەو جەستەیەیەو جەستەیش ڕۆحە، ڕۆحێکی کەمێک خەواڵوو، ماندووی ڕێگای دوورو شەکەتی ئەو بارە قورسانەی بە میراتی بۆ ماونەتەوە.»

بەسەر سەرمەوە هەستم بەسێبەرێک کرد، چاوم کردەوە، زۆربا لەبەر دەرگاکە وەستابوو بەخۆشییەوە لێی دەڕوانیم، بەزمانی خۆش و شیرنی دایکانە پێی وتم

- هەڵمەستە، کوڕم، هەڵمەستە ئەمڕۆش هەر جەژنە، بنووە زۆربا بە پێکەنینەوە وتی: با بڕۆم هێلکەیەکت بۆ دروست بکەم، هێلکە هێزی تازەت وەبەردێنێتەوە.»

«لەپڕ لەسەر جێگاکەم هەستام، چوومە ناو کوختەکەوە، دەستنووسەکەی خۆم کە پەیوەندی بە بووداوە هەبوو هەڵگرت و، گەیشتبوومە کۆتایی نووسینەکە، ئەو شوێنەی کە بوودا لەژێر دارە پڕ لە گڵەکەدا ڕاکشاوە، دەستی بڵند کردووە و بەو پێنج ڕەگەزەی کە خودی پێک هێناوە یەعنی- خاک و ئاوو باو ئاگرو ڕۆح- فەرمانی داوە کە لە یەکتری بترازێن.» لێرەوە ئەزموونە ڕۆحیەکەی سەرۆک کۆتایی پێدێت و دەگاتە چڵەپۆپەی چرکە بووداییەکان و [بۆیە دەستم بەرزکردەوە و فەرمانم بە بوودا کرد کە لەناو وجوودی مندا بتوێتەوە..» بە پەتێکی ئەستوور دەستنووسەکەم بەست، هەستم بە شادییەکی سەیر دەکرد....».. هەروەها سەرۆک وەک مژدەبەرێک بەردەوام دڵنەوازی هورتانس خانمە و تا دوایین چرکەساتی گیانەڵا هەواڵە خۆشەکانی زۆربای پێ دەگەیەنێت... ئیتر سەرۆک بڕوا بەوە دێنێت کە خۆی فێرە سەما بکات.

«من هەستام، هاوارم کرد

- وەرە زۆربا، وەرە فێری سەمام بکە

زۆربا ڕاپەڕی و دەموچاوی گەشایەوە

- سەما، سەرۆک؟ سەما؟ زۆر چاکە، دەی

- ئافەرین، کوڕم، ئافەرین، تۆ بۆ خۆت شتێکی سەیریت، ئیدی کاغەزو مەرەکەبدان بۆ دۆزەخ، ماڵ و سامان بۆ دۆزەخ، کانزاو دێر بۆ دۆزەخ، کە تۆ سەما فێربوویت و لە زمانی من گەیشتیت ئێدی چ ماوە بەیەکدی بڵێین! ئێدی لەگەڵ لێک جیابوونەوەی «سەرۆک و زۆربا» کۆتایی بە تێکست دێت، کەچی بەهۆی چەند وردە ڕووداوێکی لاوەکی درێژە بەکردەی نووسین دەدرێت.

- ئەی من بێ تۆ چی بکەم، سەرۆک؟

- خەم مەخۆ، زۆربا.. ئێمە پێک دەگەینەوە دێرێکی تایبەتی بەخۆمان دروست دەکەین، بێ خواو بێ شەیتان، لەگەڵ خەڵکانێکی ئازاددا، تۆیش زۆربا دەبیتە دەرگاوانی و وەک پوتروسی پیرۆز کلیلی کردنەوەو داخستنت پێ دەبێت..

من پێشنیازم کرد: زۆربا سەنتوورەکەت بژەنە.

- زوو پێم وتوویت، سەرۆک، سەنتوورلێدان دڵی خۆشی گەرەکە...

پێی وتم: ئەستێرەکەت بینی؟

وەک ئەوەی یەکەمجاری بێت ئەستێرەی کشاو ببینێت...

زۆربا لەلای [لیبویا]ی ژنی وەسیەتی کردبوو کە دوای مردنی سەنتوورەکەی بدرێت بە من.

**ناوی کتێب: زۆربا**

**نووسینی: نیکۆس کازانتزاکیس**

**وەرگێڕانی: ڕەئووف بێگەرد**

**چاپ: چاپخانەو ئۆفسێتی «شڤان»**

**ساڵی چاپ: ٢٠٠٣- دووەمین چاپ- سلێمانی**

**٢٠٠٥/٨/١٠**

# سەلمان شوشی
# شاعیرێکی میللی ناودار

د. شوکریە ڕەسووڵ

## پێشەکی

گـەڕان و پشکنین و لێکۆڵینەوەو زیندووکـردنەوەی بەرهەمی شـاعـیـرێک کـارێکی ئاسـان نیـیـە و مـاندوو بوونێکی زۆری دەوێ، بەتاییـەتی ئەگـەر ئەو شـاعـیـرە خەڵکی دەڤەرێک بێ بەلای لێکۆڵەر بابەتێکی نوێ بێت و نەناسرابێ، هەر بۆیە کاتێ شیعرەکانی شاعیری میللی دەڤـەری ئاکـرێ (سـەلمان شـوشی)م بەدەست گـەیشت و بەوردی بەرهەمەکانیم خوێندەوە، لە دڵەوە سوپاسی کاک (هاشم شـوشی)م کـرد کـە توانیـویەتی شـیـعـرەکـان کـۆ بکاتەوە و لە فـەوتان ڕزگـاری بکات کـە ئەمـە خـۆی لە خۆیدا کار و خزمەتێکی گەورەو ئەرکێکی نیشتمانییە.. بەڵێ ئەم شـاعیرە میللییە ئەوە دێنێ کە لێکۆڵینەوە لە شـیـعـرەکـانی بکرێ و بەبیـر خـەڵکی بهـێنرێتـەوەو یادبکرێتەوە، ناوەڕۆکی بەرهەمەکانی بخرێنەڕوو، چونکە تاکـو ئێسـتـا بەسـەدان شـاعـیـری مـیللی لەناو کـورددا هەڵکەوتوون و خـەمـخـۆرێک نەبووە بەرهەمـەکـانی بنووسێتەوەو ببنە کەرستەی لێکۆڵینەوەو دەوڵەمەندی کتێبخانەی کوردی.

## ژیانی سەلمان شوشی ۱۹۳۷ - ۱۹۹۲

سەلمان شـوشی شـاعیـرێکی ناوداری دەڤـەری ئاکرێیە، شیعرەکانی نزیکە لە زمانی خەڵکییەوە، چونکە شاعیر لەناو خەڵکدا ژیاوە و گوند بەگوندی دەڤەرەکەی گەڕاوە و ئاگـاداری باری کـۆمـەڵایەتی و سـیـاسی بووە، شـاعـیـر خەڵکی گوندی (شـوشی) سەر بە دەڤـەری ئاکرێیـە و لە هۆزی هەرکـیـیـە، نازناوی جـارێک بەناوی خـۆی جارێکیش بەناوی گوندەکەی و زۆرجاریش هەردوو ناوی

له شیعرەکان وەک (سەلمان)، (شوشی) بەکارهێناوە وەک:

**هۆزانڤانم ئەز شوشیمە**
**ژ بنیاتی ئەز هەرکیمە**
**ئەز هەژاری میللەتیمە**
**چاڤە تیرێ وی خاکیمە***

سەلمان شوشی سالی ١٩٣٧ لەدایک بووەو هەر لە منالییەوە چاوەکانی کوێربوون و باوکیشی مردووە، دایکی بەهەژاری و نەداری پەروەردەی کردووە، ئەم نابینایییە بۆتە گرێ کوێرەیەکی دەروونی، لەپاڵ نەبوونی باوکی و هەژارییەکەی خوا بەهرەیەکی گەورەی پێ بەخشیبوو کە بووبووە خۆشەویستی خەڵکی و گوندەکەی ئەویش هەر لە منالییەوە گۆرانی و مقام گوتن بووە، کەواتە هۆی سەرچاوەی شیعر گوتنی شاعیر بەلای ئێمەوە بۆ ئەم خالانەی خوارەوە دەگەڕێتەوە:

١- نەبوونی بینایی چاوی.

٢- نەبوونی باوک کە بۆشاییەکی گەورەی لە دڵا دروست کردبوو.

٣- بەهرەی تایبەتی بۆ پڕکردنەوەی کەموکورییەکانی

سەلمان شوشی هەر لە منالییەوە لە گوندەکەیدا خۆشەویست بووەو لانکەی بۆ منالان هەژاندووەو لای لایەی بۆ زارۆکان گوتووە تا بنڤن، دایکی منالان مێوژ و گوێز و هەناریان داوەتێ، ئەم گرنگیدانە بووە سەرهەڵدانی مقام و گۆرانی گوتن کە گەورە بوو حەزی لە (زورنا، دووزەلە، بلوێر و دەف)کردووە، بەمە پتر گوێی موسیقی و ئاشنابوون بە گۆرانی لا دروست بوو. کە تەمەنی بووە (١٢)ساڵی چووە ناو شایی و گۆڤەند و داوەت و خەنەبەندان و گۆرانی گوتووە. ئەمانە وای لێ کرد لە گوندەکەیدا ناووشۆرەتی زۆر بڵاو بێتەوە و هەر خۆی بووە گۆرانیبێژ و ستران و مقام بێژ، ئا بەم جۆرە دەنگە خۆشەکەی و نەبوونی چاوی کەسایەتییەکی تایبەتی لا دروست بوو کە پتر لای خەڵکی خۆشەویست بوو، شاعیر بۆ هەر کوێ وماڵێک بچووایە بێ دەستوور خۆی بەژووردا دەکرد چونکە مرۆڤێکی سەنگ و گران بوو، کە شۆڕشی ئەیلوول هەڵگیرسا سەلمان شوشی بەدڵ و بەگیان لە پاڵ شۆڕش و بیری کوردایەتی بوو و تێکەڵی پێشمەرگەکان بوو و شیعرو مقامی بۆ دەگوتن. کەواتە ژیانی سەلمان شوشی و تێکەڵبوونی بەخەڵکی سوودێکی چاکی پێ گەیاند و گۆرانی فۆلکلۆر و پەندو حیکایەتەکان و سەرگوزشتە و داستانەکان و تێکەڵی لە بۆنەوەو کارەکاندا زیاتر بوونە هەوێنی سەرهەڵدانی شیعری میللی بەتایبەتی کە لەکاتی وەرزی دروێنە و خەرمان هەڵگرتندا و لەکاتی ساوار کوتان، دەستاڕ هارین، دروێنان و ئاخابانان، چاڵە بەفران ڕەزکولانی، بێری کچان، مازی چنین شارەزایی پەیداکرد سەرباری گوێ گرتنی لە داستانە فۆلکلۆرییەکانی وەک: مەم و زین، خەج و سیامەندو لەیلاو مەجنوون، شیرین و فەرهاد، فەرخ وستی، لاس و خەزاڵ.

شاعیر لە ژیانیدا زۆر مەینەتی دیوە، بەتایبەتی بەهۆی شۆڕشی ئەیلوول و نسکۆ ڕووداوەکانی ئەنفال دەربەدەری و ماڵ وێرانی دیوە، کەف و کوڵی خەمەکانی لە ڕێگەی شیعرەکانیەوە دەربڕیوە و گەلێ شیعری بەبۆنەو کارەساتی کورد وتووە، هەرچەندە نابینا بوو، بەڵام هانی خەڵکی داوە کە بخوێنن و وڵات ئاوەدان بکەن و بەشیرو قەڵەم و تفەنگ کوردستان ڕزگار بکەن.

شاعیر لە کۆتایی ژیانیدا لەساڵی ١٩٩١ لە ڕاپەڕین و دامەزراندنی پەرلەمانی کوردستان ئاگاداربووە، لەساڵی ١٩٩٢دا نەخۆش دەکەوێ و بەهۆی نەخۆشییەکەیەوە سەردانی مووسڵ دەکات و دەزانێ چیتر چاک نابێتەوەو بێ هیوا دەبێ، ڕوو لە نامەکەی دەکات کە دەیکاتە یادگار و مردنی شوشی پێ ئاگادار دەکات:

**خامە تو هەر یادگاری بە**
**گوهداری مرنا شوشی بە**
**بگرە دەستی سەلمان یی ب هیڤی بە**

بەگشتی شیعرەکانی سەلمان شوشی لە ڕووی ڕوخسارەوە بێ گرێ و قۆرتە، بە کوردیەکی پەتی ڕەوان لەسەر کێشی پەنجەی خۆماڵی هۆنراونەتەوەو بەزۆر شیعرەکان (قەسیدە، بەند، کۆپلە)ن، گەلێ وێنەی هونەری و ڕەوانبێژی و ڕوون بێژی لە شیعرەکانیدا بەدی دەکەین سەرباری ئەوەی ناو و شوێنی لە دایکبوونی وەک نازناو لە سەرەتا یا کۆتایی وەک شاعیرێکی میللی بەکارهێناوە کە ئەمە هێڵی نزیکبوونەوەیە لە شاعیرانی کلاسیکی تا ناوو ناوبانگ دەرکا و لە فەوتان ڕزگار بکرێ و خەڵکی بیناسێ... شاعیر شانازی بەشیعرەکانیەوە دەکات، هەرچەند، چاوی کوێرە بەڵام شیعرەکانی (مسک و گولاون) وەک دەڵێ:

**شوشی هەر کورێ بێ چاڤە**
**هندی بێژین یێ بێ ناڤە**

**گەر نەزانن چ مرۆڤە**
**پەیڤێت وی مسک و گولاڤە**

ســـەربارى ئەم لایەنانە لە ڕێگەى خوێندنەوەى شیعرەکانى سەلمان شوشى ئەوەمـان بۆ دەرکـەوت کـە شـاعـیـر بەو کـوێربیـە ڕۆشنبـیـریییـەکی فـراوانی هەبووەو ئاگـادارى مـێـژووى هەندێ لە مـیللەتان و سـیـاسـەتمەدارانى دنیـاو شـەڕوجەنگى مـێـژووى مـیللەتان و داسـتـانە دڵدارى و قارەمـانیـەتێکانى گەلان و شـاعـیـرە مەزنەکـان و گەورە پیــاوان بووەو ناویان دێنێ بۆ نموونە (لینین، هیــتـلەر، هۆلاکـۆ، بسـمـارک، هۆمـیـرۆس، شـەکـسـپـیـر، شـەڕى ئەسپـارتەو هێلین، پاریس، تەرواده، ڕۆمـیـو و جـۆلیـت، ڤـــێکاسى هینـدســـتــــان، یوسف و زولێـــخـــا، لەیلاومەجنون.... تاد).

**ناوەرۆکی شیعرەکانی**

ناوەرۆکی شـیـعـرەکـانی سـەلمان شـوشى دەکـرێـن بەم بەشانەى خوارەوە:

١- شیعرى دڵدارى
٢- شیعرى نیشتمانى و سیاسى
٣- شیعرى لاوانەوە (شیوەن)
٤- شیعرى فێرکردن (خاندن)
٥- شیعرى باڵدارو ئاژەڵ
٦- شیعر بەسەر جوانى سروشت و گژوگیا

**١- شیعرى دڵدارى**

شیـعرى دڵدارى ئەو شیعـرەیە کە شاعـیـر دەربڕین لە هەست و سـۆزو خـۆشـەویسـتى دەکـات بەرامـبـەر بە دولبــەرەکـــەى یاخـــود بە واتایەکى تر بەســتـنەوەى خۆشەویستى نێـوان دوو ڕەگەز (نێر و مێ) دەردەخـات بەجۆرێ کە زۆرجار دڵدار بێ دولبەر ناژى و هەرچى وشە و وەسفى جوانە، لە شـیـعـرە پڕ هەست و سۆزەکـانیـدا ڕەنگ دەداتەوە، بەهەر حاڵ خۆشەویستى سەرچاوەى چێژ وەرگـرتنى دەروونى و گـیـانیـیـە، چێـژە قـوتابخـانە دڵدارییەکان ئەم لایەنەیان کردووە بە دوو بەشەوە:

١- دڵدارى ئاسایى و پاک
٢- دڵدارى سێکسى (١)

شیعرە دڵدارییەکانى سەلمان شوشى بەگشتى دەکەوێتە خانەى یەکەمەوە کە بریتییە لە دڵدارى ئاسایى و پاک، لەناو بەرهەمـەکـانیـدا نزیکەى (٢٠) شیعرى دڵدارى هەیە وەک:

(تەشى ڕیس، دلبـەرامن، دڵدارى، یارى بارکـر، ڕۆژهەلات، گـولێ، جـانا دەلال، چاڤ مەهـ، هەڤڕکیا کچ و کوڕ، تەب چ نادەم، ڤـیـان، نەسـرین، من تودڤى، جـانامنێ، مەزەردڤێن).

ئاوات و خـۆزگـەو حـەزى شـاعـیـر ئەوە بووە کـە بە دڵخـوازەکەى بگات، هەمـیـشـە سۆزێکى ڕاستگۆیانەى بەرامبـەر دەربڕیوە و شانازى و ستایش و وەسفى دەکات کە جوانى وەک ئەو کیژە نە لە ئاگرێ، نە لە شوشێ نییە و پەنجەیەکى بە ماڵى دنیاو کیاندار نادات و هەمیشە لە خەیالاتى ئەو کیژەدایە و بۆى دەسووتێ:

**تە نادەم ب مالى دنێ**
**ئاگرێ و شوشێ و شەرمنێ**
**نا ئێسن تلیاتە ب تنێ**
**تە نادەم بکا ئیناتێ**

لە شـیـعـرێکى تردا یارەکەى شاعـیـر هێندە شیـرین و جوانە لە گـوڵى شلێـر شـیـرینتـر و لە بەفر سـپـیـتـر و لە مـانگى چواردە ڕووناکـترە، هەر بۆیە شـاعـیـر هیـچى لە دەست نایە جگە لەوەى خـۆى بە قـوربانى بکات چونکە دڵ و گـیـانى شـاعـیـر دەرمـان و سـارێژ دەکـات و خـەم و ئازارى نـاهێـلـێ و هەرچى وێنەى جـوانە لە یارەکـەیدا کۆدەکاتەوەو دەڵێ:

**تۆ لە شلێرێ شیرینترى**
**بەفرا چیا سپیترى**
**هەیڤا چاردێ ڕوخترى**
**ئەز ب گورى تو وەدەڤە**

* * *

**جانا دەلال من دەرمان کر**
**خەم و ئێشا دەڤ مە بارکر**

لە شیعرێکى تردا (یارێ بار کر) شاعیر خەو دەبینێ، ئەو خـەوە وەک واقع دەبێـتــە هەوێنى لە دایکبــوونى شیـعرێ چونکە کە خـەبەرى دەبێتـەوە لەبەر کـوێرى هیچ نابینى و ناتوانێ هیچ بکات چونکە یارەکــەى بارى کــردووەو لە شــاریشــدا باڵندە نەمــان، هەمــوویان بە ڕۆیشتنى یارەکەى کۆچیـان کرد و ئاگر لە هەناوى شاعیر بەردەبێ و لە چاوانیا ڕۆندک دەبارێ چونکە شاعیر وەک کەو کەوتۆتە داوى یارەوەو دڵى بردووە وەک دەڵێ:

**شیعرەکانى سەلمان شوشى**
**لە ڕووى ڕوخسارەوە**
**بێ گرێ و قۆرتە**

**من خەونەک دیت یارێ بار کر**
**هشیار بیم دڵ بریندار کر**
**مشەختیا وی لێ کار کر**
**هیستر بارینێ هەردوو چاڤا**
**ئەزم کەوێ کەفتیمە داڤا**

شاعیر لە عەشقێکی هەمیشەییدا دەژی و وەک شاعیرە کلاسیکییەکان بە پەیکی خەنجەری یار دڵی بریندار بووەو هەمیشە لە ئازار و ئاخ و ناڵەیە:

**دلێ (شوشی) گشت برینن**
**چ دەرمانا کەس ناسینن**
**ئاخ و ئوفێن ئاڤ و خوینین**
**بریندارم بەر خەنجەرێ**

شاعیر لە گفتوگۆیەکی نێوان خۆی و هۆزانڤان هاشم شوشی بەناوی [دلێ بریندار بێژە] ئامۆژگاری خەڵک دەکات کە نەکەونە داوی عەشقەوە چونکە عەشق وا لە مرۆڤ دەکا هەمیشە بێزار و دڵ بریندار بێ و عیلاجی دەردیش نە فەقێ و نە مەلایە وەک لە وەڵامی هاشم شوشی دادەڵێ:

**ئەرێ عاشق چ بێژم، دەردێ ئەشقێ گرانە**
**فەقێ و مەلا مە دیتن وا دل نەکر دەرمانە**
**بێ دلی دەرمان نەکەت بێ شک ئەو بێ ئیمانە**

یەکێ لە کێشە و گرفتی کۆمەڵایەتییەکان کە ڕێگرە لە نەگەیشتنی دڵ و دڵخواز و مانەوەی کیژ بەزۆر بەشوودان و مارەبڕین لەسەر بێشکەو مارەیی و نەختی زۆر و هەژارییە، هەر بۆیە ئەم کێشەیە لای شاعیر لە شیعرەکەیدا ڕەنگی داوەتەوەو داوا لە باوکان و کۆمەڵ دەکا بە زۆر کچ نەدەن بەشوو و داوای نەختی زۆر نەکرێ وەک لە شیعری (کچا بێ دل بۆ دەنە شوی) دەری دەخات کە ئەو دەستوورە لە هیچ ئایین و یاسایەکدا نییەو زەرەرو زیان لەکیژ دەداو ژیانی لێ تاڵ دەکات وەک شاعیر دەڵێ:

**کچێت بی دل چەند هەژارن**
**خەم گرانن بریندارن**
**هەمی دەمە دیلە وارن**
**کچا بی دل بو دەنە شوی**
***   *   ***

**چ ئاینا ئەڤە نینە**
**چ یاسایا نەگرتینە**
**نە ژیرە و زانیارینە**
**کچا بی دل بو دەنە شوی**
***   *   ***
**کچا بی دل دەمێ شوی کر**
**هەوە ژیان لێ تاریک کر**
**جەرگێ وان ئاگری تەژی کر**
**کچا بی دل نەدەنە شوی**
***   *   ***
**بابێت کچا دخازن نەختی**
**هەر ئەمین میریت سەر تەختێ**
**کچا دفرۆشت بێ بەختێ**
**کچا بی دل نەدەنە شوی**

– لە شیعرێکی تردا کە ساڵی ١٩٨١ دایناوە دووبارە نەخت وەک مارەییەکی زۆری کچان کە باوکان داخوازی دەکەن خستۆتە ڕوو، ئەم دەردە کۆمەڵایەتیەی لە شێوەی گفتوگۆی دوو دڵدار خستۆتە ڕوو کە کوڕە ترسی لەو نەخشە زۆرەیە کە باوکی کیژە سەپاندوویەتی و بەلای کیژەشەوە (نەخت) بریتییە لەو خۆشەویستییە کە بەیەک گەیشتنە و نرخی (بەهرەی کچێنیە) و بە ڕاشکاوی وەڵامی کوڕە دەداتەوەو شاعیر بەزاریانەوە دەڵێ:

**کوڕ:**
**من داخازە ژ بەختی تە**
**دا بزانم نەختی تە**
**دێ ئەز گرم دەستێ تە**
**داخازا تە ژ کێڤەیە**

**کچ:**
**تە داخاز ژ بەختی من**
**خوێنا سوورە نەختێ من**
**وەرە بگرە دەستێ من**
**ئەڤ کچا بەهرە تەیە**

**٢– شیعری نیشتمانی و سیاسی**

شیعری نیشتمانی ئەو شیعرەیە کە شاعیر هەست و سۆزو خۆشەویستی بۆ خاک و بۆ نیشتمان دەرخستووەو وەسفی جوانی سروشت بەچیاو دۆڵ و گوڵ و گیاو کانیاو دەکات، زۆرجار خۆشەویستی نیشتمان و نەتەوە تێکەڵ

یەکتری دەبن و شیعرەکە سروشتێکی سیاسی و خەبات و گیانی بەرخودان لەخۆ دەگرێ و بەلای شاعیرەوە خاک و نەتەوەی خۆی بە کۆنترین شوێن و گەل ناودەبات، لای سەلمان شوشی گەلێ شیعری بۆ وڵات و بۆ نەتەوەی کورد گوتووە و بەلایەوە وڵات پێویستی بەخەبات وفیدای هەیە تا لە ژێردەستەیی ڕزگاری بێ و وەکو گەلان بە ئازادی و سەربەستی بژی هەر بۆیە لە پێناوی ڕزگاریدا هەوڵ دەدا کێشە جۆراوجۆرەکان لە پێناو چارەسەرکردندا بخاتە ڕوو بەتایبەتی ئەو شتانەی پەیوەندیان بەژیانی خەڵکەوە هەیە، وەک شۆڕشی نەتەوایەتی و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان و دەستکەوتە ڕزگاریخوازیەکان لە بواری ڕۆشنبیری و هونەرو ئابووری و یاسادا کە ناوەڕۆکی شیعری سیاسی پێک دەهێنن.

ئەرکی سەرەکی شیعری سیاسی بریتییە لە [هاندان و جۆشدانی خەبات و هوشیارکردنەوەی خەڵک بەوبیرەی شاعیر بانگەشەی بۆ دەکا(١)

لە ڕوانگەی ئەم ڕاستیانەوە شاعیری میللی هەمیشە هەوڵی داوە خەڵک هوشیار بکاتەوە و بەرگری لەگەل و نیشتمان بکات و لە شیعری سیاسیەکانیدا بەتایبەتی کارەساتی (هەڵەبجەو ئەنفال)ی خستۆتە ڕوو چۆن ڕژێمی ڕەفتار فاشی هەوڵی قڕکردنی کوردی کردووە، لەم بەشەدا شاعیر پتر لە (٢٠) قەسیدەی لەشیعری نیشتمانی و سیاسی بۆ جێ هێشتووین وەک (ماڵ ئاڤاهیا بابێ مەزن بارزانی، گولانا ئاشتیخواز، ئەزو نارین، بوهارا تاڵ، چ بکەین ئەم، هەلەبجە، ڤینوس و هێلین، کینە ئەم، خانیکی مە، کوردستانا مە، وەلات، شێر، لاوی کوردا، شەهیدێت وەلاتی، نەوروز، شەهید، کوردی، ڕەنگێن گیا، دوژمن بزانە کوردم، شێرەت، وارێ مە).

لە شیعری (وارێ مە)دا خۆشەویستی نیشتمان وای لێ کردووە داوا لە گەل بە ژن و پیاوەوە بکا خەبات بۆ وڵات بکەن و لە پێناویدا بجەنگن و بەخامە، یا تفەنگ وڵات ڕزگار بکەن و بەرگری لێ بکەن.

**میللەت ئیرۆ بکە دەنگێ**
**خامەی بگرە دگەل تفەنگێ**
**مێرو ژن بچنە جەنگێ**
**ئەڤ وەلاتە وارێ مەیە**

لە شیعرێکی تردا شاعیر وەک نان بۆ وڵات دەبرژێ و هەناوی سووتاوەو فرمێسک بەخوڕ دەرێژێ و خۆی بە وڵاتەوە بەستۆتەوە بەرگری لێ دەکات:

**شوشی ئیرۆ بەس ببێژە**
**بەس فرمێسکا تو بڕێژە**
**فرنێ نینە بێ نان پێژە**
**ئەڤ وەلاتە وارێ منە**

لە لایەکی تریشەوە خۆشەویستی شاعیر بۆ نیشتمانەکەی خۆی بە پەروانە داناوەو بۆ وڵاتی سووتاوە و وەک هۆمیرۆس و شکسپیر بە شیعرەکانی خۆی و بەو کوێرییەی خۆی کردۆتە قوربانی وڵات:

**هۆمیرۆسم یی کورەمە**
**شکسپیرم بێ چارەمە**
**بۆ وەلاتێ پەروانەمە**
**ئەز ژ ڤانێ وێ مومليێمە**

**شوشی: بنی گۆپاڵەکەم ماچ دەکەم، چونکە دەکەوێتە سەر ئاخا کوردستانێ**

وڵات و نیشتمان بەلای شاعیرەوە بەهەشتێکی ڕازاوەیە و سوێندی بە پیرۆزی کتێب و زەردەشتی خواردووە چۆن پەروانە ئاسا خۆی لە دەور گێڕاوە هەروەها پاڵەوان ئاساش لە شەڕدا لە پێناوی ئازادی و سەربەستیدا پاڵەوانانە بجەنگن چونکە بێ ماف و خوێن ڕێژ نین، شاعیر لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ هاشم شوشیدا پێکەوە دەبن کاتێ دەبینی سەلمان شوشی بنی گۆپاڵەکەی ماچ دەکات لێی دەپرسی بۆچی وا ماچی دەکەیت لە وەڵامدا دەڵێ:

(بنی گۆپاڵەکەم ماچ دەکەم چونکە بنی گۆپاڵ دەکەوێتە سەر ئاخا کوردستانێ و ئەو ئاخ پیرۆزترین ئاخە لکن من).

لەم کۆپلێتانەی خوارەوە پتر هەڵوێستی شاعیر وەک شاعیرێکی بەرگری و لایەنگری دڵسۆزی و بریندراری و سۆزداری شاعیرمان بۆ دەردەکەوێ.

**ئەی وەلات بۆتە چەلەنگێن**
**ئەم خودان خامە و تفەنگێن**
**پەهلەوانین شەڕو جەنگێن**
**ئەم پلنگێن ئاخا تەینە**

* * *

**ئەی وەلات بۆ مە بەهەشتی**

**مه سوێند خاری بزرا دەشتی**
**بۆ ژینەکا پر سەربەستی**
**شۆرشڤانێن ئاخا تەینە**
*** * ***
**ئەی وەلات ئەم هەر دبێژین**
**ئەم نەچارین خوێنێ برێژین**
**ئەم بێ مافین نەخوین مێژین**
**ئەم خوێن ڕێژیی ئاخا تەینە**

شاعیر وەک چاو ساغێک گەل و نیشتمانەکەی بە کۆنترین خاک و میللەت دادەنێ لە زۆر میللەت ئازاترو مێرترن، بەڵام بێ ماف و بێ خودانە و بێگانە نایەڵێ ئازاد و پشوو بدەین و سەربەست بژین:

**ئەم ژ خەڵکی کەڤن ترین**
**ژ گەلەکا مێرین ترین**
**هەتا کەنگێ ئەم دێ گرین**
**دا بزانن کا کێینە ئەم**

بەگشتی بەشێک لە شیعری بەرەنگاری مەسەلەی خاک، نەتەوەو شەهیدو پێشمەرگە، ئاشتی، خەبات دەدوێ کە لە شیعرەکانی شاعیری میللی سەلمان شوشیدا دەبینرێ، ئەوەتا لە شیعری [کوردستانا مە] لە پیرۆزی پێشمەرگەو شەهید دەدوێ کە چۆن پێشمەرگە بە باوەڕەوە لەبەرەی گەل و بەرەی جەنگا لە پێناو گەل و نیشتمان دەجەنگێ و بەرگری لە خاک و لە کوردستان دەکات و وەک شێر پەلاماری دوژمن دەدات و دەبێتە ڕەمزی خەبات وەک دەڵێ:

**پێشمەرگێت بەرەی چلەنگن**
**شێرن دوژمن بەزێن**

لە شیعرێکی تردا کە (٢٠) کۆپلەیە بەناوی [دوژمن بزانە کوردم] لە کوردو ناسنامەی کورد دەدوێ و بۆ کوردو لە حیزبێکی ناسیونالیستیدا خەبات دەکات، داوا لە چینی کریکارانیش دەکات کە ئەوان بناغەی پێشکەوتن و ئاوەدانی و بەرگریی کردنن لە وڵات و شاعیر ئامۆژگاری ئەو چینە بەوە دەکات کە نەچنە پاڵ پارتێکی بیانی و مادام کوردن با لە پارتێکی نەتەوەییدا خەبات بکەن کە سەرۆکەکەی بارزانی و با دوژمنیش باش بزانێ کوردم و سەرۆکم بارزانییە و بە زمانێکی سادەو ساکار دەڵێ:

**گەرتو لاوی کوردانی**
**مادەم تە دیواردانی**
**کاری تەیە لەسەر شانی**
**دا زووی ئاڤاکەی خانی**
**نەچن دیڤ پارتێن بیانی**
**جەرگ و دڵە بارزانی**
**دوژمن بزانە کوردم**

لە شیعرێکی تردا داخوازی شاعیر دیاریکردنی مافی کوردە، چونکە کورد گەلێکی ئاشتیخوازەو حەز لەشەڕ و تۆپ و تفەنگ ناکات، بۆ بەرگری و مافی زەوتکراوی چەک هەڵدەگرێ وەک دەڵێ:

**ئەو کەسێ دەستێ ئاشتیێ**
**هەر ئەوە لاوێ چەلەنگ**
**دیاری کەن مافێ مە کوردا**
**مە نەڤێتن تۆپ و تفەنگ**

بە بۆنەی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە ١٦/٣/ ١٩٨٧ کە شازدە هێرش کرایە سەر هەڵەبجە و خورماڵ و دێهاتەکانی دەوروبەری، لەم بۆردومانەدا (٥) هەزار کورد شەهید بوو و هێندەی تریش بریندار بوون و ناوچەکە بە تەواوی وێران کراو، خەڵکەکەی کە مابوونەوە دەربەدەرو ئاوارە بوون، ئەم ڕووداوە کارێکی گەورەی کردە سەر خەڵکی کوردستان و زەبرێکی گەورەی لە جەستەی کورد دا و کوردستان بووە هیرۆشیما، شاعیر بەهۆی ئەم ڕووداوەوە وەک شاعیرێک پابەند بەگەل و نەتەوە دەوری خۆی دەبینێ و دڵی بۆ ئەو ڕووداوە سووتاوە و پەیام و بانگەوازی خۆی وەک بەشداری ئازارەکانی خەڵکی هەڵەبجە دەربڕیوە:

**چوومە هەڵەبجە ئاه و ناڵینە**
**هاتم بۆ خورماڵ شین و گرینە**
**ئەم کورد هەژارین مە کەسەک نینە**
**وا دلێ مەسووت گەلی شەهیدا**
**پێنج هەزار کوشتنە ڤان شیماوییە**
**سلاڤ سەر وەبن گەلی شەهیدا**

بە بۆنەی کارەساتی ئەنفال ١٩٨٨ەوە کە ڕژێم بەوپەڕی دڵڕەقییەوە بە نەخشەیەکی دارێژراو ڕووی کردە کوردستان

و گیـانی تۆڵەی بەهەمـوو شێـوەیەک بەکـارهێناو هەمـوو جـۆرە چەکـێـکی قـورس و هەزار چەکـداری فـەوجی خەفـیـفـەی کـوردی بەکـارهێناو هێـرشـێکی بەربڵاوی لە گەرمیـانەوە بۆ کوردسـتـان بەرپا کرد.. شاعـیـری میـللی ئاگـاداری ئەو مـاڵ وێرانییـە بووە و چۆن گـوندەکـان چۆڵ کران و لەگـەڵ زەویدا تەخت کـران، بەلای شاعـیـرەوە ئەم ڕووداوە کـارێکی گـەورەی تێکرد و لەگـەڵ ئەمەشدا ورەی بەر نەداوە و بەگەشبینیەوە دەڕوانێتە ئاسۆی پاشەڕۆژ و بەلایەوە ڕۆژێک هەر دێت شۆڕشێکی نوێ سەرهەڵبدا و کورد ڕزگاری بێت و بارزانی بگەڕێتـەوە و تۆڵەی گەل و نیشتمان بسەنێتەوە وەک دەڵێ:

**گولانێ ئەم هوشیار کرین**
**ئەنفالا ئەم هیلاک برین**
**کوردین چ جار ئەم نامرینە**
**نابڕێتن کوردستانێ**
*** * ***
**ڕۆژەک دێ هەر من هەلێت**
**نەیارا لێ بێتە شەڤ**
**بارزانی دی هێتەڤە**
**دێ ل دوژمنێ بێتە ڕەڤ**

لە شیـعری (کوردێ) شاعیر ناوی دایکی شەهیدانی ڕێگەی بزووتنەوەی کوردایەتی دایە (حەلیـمە) دێنێ کە چوار کـوڕی شـەهیـد بووەو ئامـادەش بووە خـۆی و بووکەکەی دوا کوڕەکانی ببنە پێشـمەرگەو شەهیـدبن، خۆڕاگری (دایە حەلیـمە) وای لەکاک مەسعـود بارزانی کـرد بەڕێزەوە ناوی بێنێ و بەلای شـاعـیـریشـەوە دایە حەلیمە بۆتە شێخی وڵات:

**حەلیما دایکی کورددا**
**دایکا سێ، چار شەهیدا**
**ئەوە شێخا مللەتێ**
**دابو کۆم کەین مریدا**
**خاتر وێ گەلەک زۆرە**
**ناڤ هەمی ولاتێ دا**

بە بۆنەی جەژنی نەورۆز وەک جەژنێکی نەتەوەیی کورد و جـەژنی نەتەوەکـانی ئاری نەژاد و شـاعـیـر پیـرۆزبایی لەگـەل دەکـا و لـەو ڕۆژەدا دەشت و چیـا دەخـەمـڵـێنێ و دەبێتە شایی و سەیران وەک شاعیر دەڵێ:

**نەورۆز جەژنا مە ئارییا**
**مە گۆڤەندە ل دەشت و چیا**
**شێر کاوە باپیرێ مەیە**
**دێ مێنین سەر ڤان مێژوویا**
*** * ***
**جێژنا مە کورددا نەورۆزە**
**یا مرۆڤێت خودان سۆزە**
**هەمی ئالییێت کوردستانی**
**جێژنا هەمی تەڤ پیرۆزە**

شاعـیر بە بۆنەی هێـزی زەحمەتکێشـان و کرێکارانەوە شـیـعـری وتووەو ئەمـانەی بەسـووتەمـەنی شـۆڕش و ڕزگـارکـەری گـەل و نیـشـتـمـان داناوەو وەک پاڵەوانی مەیدان هەمیشـە گیان لەسەر دەستن بۆ لەناوبردنی نەیارو دوژمنان:

**کارکەر و جووتیار دزانن**
**ئەو دێ باش دانێن دیوارا**
**بۆ خەباتێ پەهلەوانن**
**دا ڕزگارکەن مەهەژارا**
**هەمی گاڤا زێرەڤانن**
**دانەهێلن چ نەیارا**

## شیعری لاوانەوە و شیوەن

شـیـعـری لاوانەوە ئەو شیـعـرەیە کە شـاعـیـر بە سـۆزو گریانی بەکوڵێ بۆ کەسانی نزیکی، یا هاوڕێیانی یاخود سەرکردەو ناودارێکی مەزن بەشیعر شیوەنی بۆ کردووە و هەرچی ئەدگارە جوانەکانی کردووەکەیە یادی دەکاتەوە... بە مـردنی بـاوک و سـەرکـردە مـاڵ وێران و وڵات کـۆس کـەوتوو دەبێ هەر بۆ نموونە شـاعـیـری مـیـللی بە بۆنەی کـۆچی بارزانی نەمـرەوە ١٩٧٩/٣/١١ بەناوی (مـاڵ ئاڤاییا بابی مەزن بارزانی» وتووە و دەڵێ:

**فەلەک خائین ماڵ وێرانی**
**بەهی کەفتە کوردستانی**
**سەرۆکی مە کوردا کانی**
**گەلی کوردا کا بارزانی**
*** * ***
**من سویند خاری ب کوردستانی**
**ئەو نەمرن ل گورستانی**
**شێر نابڕێنن لبارزانی**

**گوری ته بم ئەی بارزانی**

له شیعرێکی تردا شاعیر به بۆنەی چلەی شەهید (ڕەقیب مستەفا ئاکرەیی) که له ناوەڕاستی هەشتاکاندا شەهید بووه شیعرێکی نووسیووه و دەڵێ:

**ڕەقیب برا تو دەلالی**
**موخابن بۆ ئۆدا خالی**
**زاڤا نەما بیک بوو نالی**
**نەهاتینه پیرۆزیا ته**

**ئەو نزانن وا چ دڤێتن**
**چ پەیڤیت باش نابێژێتن**
**هەندەکا سەردا دبەتن**
* * *
**نەزان ل جیهانێ بێ جودایه**
**وی پەیمان سەرێ بەگایه**
**تەوافا وی هەر ئاغایه**
**سولاوی هەریا دریایه**

**شیعری فێرکردن (خوێندن)**

شاعیر له دووسێ شیعریدا هانی خەڵک دەدات که بخوێنن چونکه به خوێندن و خوێندەواری وڵات پێشدەکەوێ و ئاوەدان دەبێتەوه و خەڵکی پتر هوشیار و چاوکراوه دەبن و چارەی دەردە کوشندەکانی گەل دەکەن، مرۆڤی خوێندەوار بەلای شاعیرەوه وەک ئەستێرەی ئاسمان دیارو بەرزه و مرۆڤی نەزان و نەخوێندەوار وەکو کوێرو شێت وایه و ئەوەی نەخوێنێت وەکو دەردو بەڵا بۆ گەل و نیشتمان و خێزان وایه مرۆڤی نەخوێندەوار وەک خانوویەکه دەرگاو دیواری نەبێ و ڕووخاوبێ:

بۆ نموونه:

**بێ نه خوێنێتن نەدامەته**
**نەزانین دەردو زیللەته**
**سروشتێ نەزانا سوحبەته**
**خاندن نوژدارێ بریندار**
* * *
**گەلو بخوێنه بکه ڕوناهی**
**ولاتی خو بکه ساحی**
**بێ خویندن نینه تەناهی**
**چار خانی بێ دەرک و دیوار**
* * *
**ستێر لساهی هەر دیارن**
**زانا کینه خویندەوارن**
**یێ ل مەیدانا ڕەوشه بنیریێ**
**دگەل خامەی هەر هشیارن**

بەلای شاعیرەوه مرۆڤی نەخوێندەوار هیچ له دونیا تێ ناگەن وەکو نۆکەری ئاغان و به دەوری ئاغا دێن و دەچن و له ئاغا زاناترو دنیا دیدەتر کەس نابینن وەک دەڵێ:

**نەزان هەموو کورەو شێتن**

**شیعر بەسەر باڵندەو ئاژەڵ**

ئەم جۆره شیعرانه خاسییەتێکه هەموو شاعیرانی کورد کەم یا زۆر شیعریان بەسەر ئاژەڵدا وتووه، شاعیرانی میللیش وەک مەبەستێکی تری شیعر بەسەر ئاژەڵدا شیعریان هەڵداوه و بەلای میللەتەوه ئەم شاعیرانه لەسەروو خەڵکەوەن وا لێک دەدەنەوه که زمانی تەیرو ئەجندەیان زانیبێ، وەک لای (فەقێی تەیران و عەلی بەردەشانیدا) گەلێ جۆری لەم بابەته هەیه، لەلای شاعیر سەلمان شوشی گەلێ شیعری لەم جۆرانەی بۆ بەجێ هێشتووین که شیعری به سەر (کەو) جوچک، گا، کەر، کەڵەشێر، بلبل، مامز، کۆتر، پلەنگ، قاز، سۆنه، شاهێن، له شیعری کەو دەڵێ:

**کەوێ ماڵ وێران چەندێ خائینی**
**وه ناکەی هەڤاڵ چوچکا دەدینی**
**ڕۆژا ناڤ داڤا تۆ هەردێ خوینی**
**چەند لاو چلەنگ ته بۆ قەبراندنه**

خیرک، سپیک، پرپینه، هیرۆ، زیابوک، مەندک، باهیڤ، سەندەل، ریناس، هەلال و بەیبوون، سیسن، نەسرین، بنەفش، سومبول، گول چیچەک، گول خورینک، کنێر، شلێر، ریڤاس، کەنگر، کاری، بوغاڤه، شینۆک، گێزەر، تولازەر، سوورین، بندار، سوریاز، کڤار، کەڤلەپیر، بن هشک، گەنحوک، پینگ، سپندار، سێ بیک، سیرمۆک، گیژنه، ڕەشادۆک، قورات، ماری ژوک، کیزی، کیزەرۆک، سللک، چەواندەر، توی جاتر، بامێ، بیبەر، باجانارەش، کولند، تاڵا کەفز، لوبیک، نەڤەل، دار ئالینک ڕێلا (ژاڵە)، چلی، دارمازی، بنێشت، کەڤوت، کێرات، هەلاله، کوروسک، گوهیشک، هەلز، توولە ترش، بایز، کەزان= قەزوان، (بۆغاڤ= گیایەکی بۆن خۆشه)، تەڤری، کاژ= سنەوبەر، سەندەڵ، ڕێناس

گـوڵ مـەخـمـیـر، بەڕو= بەڕوو، دیندار، بن هیـشک، گەنوک، ڕێڤاس، کاری کەل،. (*)

**ئەنجام**

لە ئەنجامی خوێندنەوەو وردبوونەوەمان لە شیعرەکانی سەلمان شوشی گەیشتینە ئەم خاڵانەی خوارەوە

١- سەلمان شوشی یەکێکە لە شاعیرە ناودارەکانی دەڤەری ئاکرێ و خەڵکی گوندی شوشییە،

٢- شاعیر وەک شاعیرێکی هوشیار پەیوەندی بە سیاسەتی ڕۆژانەی کوردو کێشەی کوردەوە هەبووە لەگەڵ ئەوەی چاوی کوێر بووە.

٣- شاعیر ڕۆشنبیریەکی فراوانی هەبووە و ناوی کەسایەتیە ناودارەکانی کوردو بێگانەی لە شیعرەکاندا هێناوە.

٤- لە زۆربەی شیعرەکانیدا مەبەستە هونەرییەکانی شیعری بەکارهێناوە وەکو شیعری (دڵداری، سیاسی، نەتەوەیی، فێرکردن، گفتوگۆ، گلەیی و گازندە، کۆمەڵایەتی، لاوانەوەو شیوەن).

٥- شاعیرێکی مولتەزیم (پابەند) بەگەل و نیشتمانەوە بووەو هەستی بە لێپرسراوێتی کردووە.

٦- شاعیر شارەزای سروشتی کوردستان، گژوگیاو گوڵ و داودەرمان بوو، گەورەترین فەرهەنگی لە زاراوەو وشەی ڕەسەنی کوردی بۆ بەجێ هێشتووین.

٧- لە ناو شیعرەکانیدا شیعری سیاسی و نەتەوەیی پانتاییەکی گەورەی لەناو شیعرەکانیدا داگیر کردووە و بەشیعرەکانی هانی تێکۆشان و گیانی بەرخودان پێشکەشی گەل کردووە.

٨- ڕووداوە جەرگ بڕەکانی کورد بە دەست ڕژێمی بەعسەوە بەتایبەتی کیمیاباران کردنی هەڵەبجەو کارەساتی ئەنفال)ی خستۆتە ڕوو.

٩- لە هەندێ لە شیعرەکانی لە ڕووی وەسف و وەسفی یاردا هێڵی لە یەکچوونی شیعری میللی و کلاسیکی وەک خاسیەتێکی هاوبەش دەرخستووە.

١٠- وەک شاعیرێکی میللی نازناو و ناوی خۆی لە سەرەتا یاخود کۆتایی شیعرەکانی بەکارهێناوە.

١١- شیعرەکانی لەسەر کێشی پەنجەی خۆماڵی ڕەسەنی کوردی هەشت، دە بڕگەیی هۆنیوەتەوەو بە کوردییەکی سادە و پاراو شیعری نووسیوە.


**سەرچاوەکان:**

**١- دەستنووسی شیعرەکانی سەلمان شوشی- ئامادەکردنی هاشم شوشی.**

**٢- د. شوکریە ڕەسوڵ: ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب هەولێر ١٩٨٩.**

**٣- ئەبوبەکر خۆشناو: شیعری بەرەنگاری کوردی. سلێمانی ٢٠٠٢**

**٤- گۆڤاری ڕێبازی نوێ - ژ١٩. سلێمانی حوزەیرانی ٢٠٠٠**

**٥- طراد الكبيسي- الغابة والفصول- بغداد ١٩٧٤**

**٦- د. مارف خەزنەدار: لەبابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە بەغدا ١٩٨٤**

**٧- د. عیززەدین مستەفا ڕەسوڵ: ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی لێکۆڵینەوە ١٩٧٩ بەغدا.**

**٨- د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ: شیعری کوردی- ژیان و بەرهەمی شاعیرانی میللی بەشی یەکەم- بەغدا ١٩٨٠.**


............

*** شیعرەکان لە دەستنووسی شاعیر (سەلمان شوشی) دەرم هێناوە کە هاشم شوشی کۆی کردۆتەوەو پێشەکییەکی کورتی بۆ نووسیووە.**

**١- د. شوکریە ڕەسوڵ- ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، هەولێر ١٩٨٩، ل٤٠-٤١**

**١- طراد الكبيسي- الغابة والفصول- بغداد- ١٩٧٤. ص١٨**

**١- ئەبوبەکر خۆشناو- شیعری بەرەنگاری- سلێمانی ٢٠٠٢ ل٧٨**

*** دوای دەرهێنانی ناوی گوڵ و گیاو ڕووەک، شیعرەکانم نارد بۆ کاک ڕەشید فندی، هەندێ لە گوڵ و گیاو ڕووەکەکانی کە تێی نەگەیشتبووم بۆمی ئاماژەکرد.... جێگای سوپاسە..... (ش.ڕ).**

# ژن و ئەدەبی چیرۆک

**ڤیرجینیا وۆلف(١)**
**لە فارسییەوە: ئارەزوو مەحموودی**
**(مەهاباد)**

ئەم وتارە دەتوانێ هەڵگری دوو مانا بێ. یەکەمیان ژن و ئەو چیرۆکانەی نووسراوی ژنانن. ئەوی تریان ژن و ئەو چیرۆکانەی لە بارەیانەوە دەنووسرێن. ئەم تەمومژە بە ئەنقەستە، لەبەر ئەوەی کاتێ سەبارەت بە ژنانی نووسەر دەدوێین، دەبێ زۆر بە ئارامی هەڵسوکەوت بکەین. بارودۆخێکی وەها بەسەر بەرهەمی ژناندا کاریگەر بووە کە هیچ پەیوەندییەکی بە هونەرەوە نییە، بۆیە دەبێ جیا لە بەرهەمەکانیان سەرنج بدرێتە زۆر شتی تر.

سووک و ساناترین لێکۆڵینەوە لەسەر نووسراوەی ژنان هەر لە سەرەتاوە زۆر پرسیارمان بۆ دەورووژێنێ. دەستبەجێ دەپرسین کە بۆ ژنان بەر لە سەدەی هەژدە لە نووسیندا ڕەوتێکی بەردەوامیان نەبووە؟

بۆ هەر لەو کاتەوە بە شێوازێکی پیاوانە نووسیویانە و لە ڕێگەی ئەم شێوە نووسینەوە یەک لەدوای یەک شاکارە چیرۆکیەکانی ئەدەبی ئینگلیزییان خوڵقاندووە؟

بۆ هونەری ئەو سەردەمەیان لە فۆرمی چیرۆک دابووە و ئێشتاش تاڕادەیەک هەر بەم جۆرە ماوەتەوە؟ نەختێ بیر بکەینەوە، بۆمان دەردەکەوێ، بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە جگە لە چیرۆک، چیتر نادۆزینەوە.

وەڵام هەر ئێستا لە زیندانی دەفتەرە کۆنەکانی بیرەوەری، لە سووچی تاقە کۆنەکان، لەناو بیرەوەری فەرامۆش کراوی بە ساڵاچووەکاندا چاوەڕوانە.

دەبێ لەژیانە فەرامۆش کراوەکان بەدوایدا بگەڕێی. لەناو داڵانە تاریکەکانی مێژوو کە وێنەی چەندین بەرە لە ژنانمان بەشێوەیەکی ون و نادیار وێناکردووە، چونکە ئێمە ژن ناناسین.

مێژووی بەریتانیا، مێژووی ڕەچەڵەکی نێرە نەک مێ.

**ئافراندنی هەموو بەرهەمێکی هونەری هەوڵدانێکی یەکجار زۆری پێویستە**

ئێمە سەبارەت بە ڕاستییەکان و جیاوازییەکانی هەموو کاتی ژیانی باپیرانمان ئاگادارین. ئەوان یان سەرباز بوون یان دەریاوان- خاوەن پلە و پۆستی گەورەبوون، یان یاسایان دامەزراندووە، بەڵام لە داپیرەکانمان، لە دایکانمان و لەبەرەی پێش وان چ بەجێ ماوە؟

هیچ شتێک جێ نەماوە، بێجگە لە سوننەت! یەکیان جوان بووە، ئەوی تریان قژ سوور، ئەوی دیکە شانازی ئەوەی بووە شاژن ماچ بکا. شتێکیان لەبارەوە نازانین، بێجگە لەناو و ڕێکەوتی زەماوەند و ئەوەی کە چەند منداڵیان بووە.

بەم جۆرە، ئەگەر بمانەوێ بزانین کە بۆچی ژنان لە فلانە سەردەمدا فلانە کاریان کردووە، بۆ هیچ بەرهەمیان نەبووە، لەلایەکی دیکەوە بۆ شاکاریان خولقاندووە، ئەوا ڕێگەیەکی دژوارمان لەبەرە. کەسێک بتوانێ لەو لاپەڕە کۆنانە وردبێتەوە، کەسێ توانایی ئەوەی بێ، ڕوخساری سەراوبنی مێژوو نیشان بداو لەو ڕێگەیەوە بەبێ دەستکاری شێوەی ژیانی ڕۆژانەی ژنی ئاسایی سەردەمی شکسپیر، یان میلتۆن یان جانسۆن وێنا بکا، نە تەنیا کتێبێکی سەرنجڕاکێش دەنووسێ، بەڵکو ڕەخنەگر بە چەکێک تەیار دەکا کە ئێستاکە نییەتی.

ژنی نوخبە بە ژنی ئاسایی بەستراوەتەوە. تەنیا ئەو کاتەی بۆمان دەرکەوێ بارودۆخی ژیانی ژنێکی ئاسایی چۆن بووە- خاوەنی چەند منداڵ بووە، ئایا خاوەنی پارەبووە، ژووری تایبەتی بووە؟ ئایا بۆ پەروەردەکردنی بنەماڵەکەی یارمەتی دراوە؟ ئایا پێشخزمەتی بووە، ئایا بەشێک لە ئیشی ناوماڵ ئەرکی ئەو بووە؟- تەنیا بە بەراوردکردن لەگەڵ شێوەی ژیانی و ئەو ئەزموونانەی ژنێکی ئاسایی لە بەردەستیدا بووە، دەتوانین لەسەرکەوتن یان شکستی ژنێکی نوخبە کە نووسەر بووە بدوێین. وادیارە بێدەنگیەکی نامۆ سەردەمێک چالاکی ئەدەبی لەسەردەمێکی دیکە جیا دەکاتەوە.

شەشسەد ساڵ بەر لەدایکبوونی مەسیح لە دورگەیەکی یۆنانیدا سافۆ و گرووپێکی بچووک لە ژنان شیعریان دەگوت. بێدەنگییەک بەسەردادێت. دواتر نزیک بە ساڵی ١٠٠٠ (پاش زایین) خاتوو موراساکی ژنێکی ئاریستۆکراتی ژاپۆنی ڕۆمانێکی زۆر دوور و درێژ و گەلێک جوان دەنووسێ، بەڵام لەبەریتانیای سەدەی شازدە کە سەردەمی بەرزترین چالاکی شانۆنووسان و شاعیران بوو، ژنان بێدەنگ بوون. ئەدەبیاتی سەردەمی شاژن ئەلیزابێت لەدەست پیاودایە. دواتر لە کۆتایی سەدەی هەژدە و لەسەرەتای سەدەی نۆزدە، جارێکی دیکە ژنان دەبینین کە خەریکی نووسین. ئەم جارەیان لە بەریتانیا بە سەرکەوتنێکی بێ وێنەوە.

ئەم وەستانە، ئەم بێدەنگییە نامۆیە و ئەم سەرلەنوێ وەدەنگ هاتنەوە تاوانی یاسا و سوننەتە. لە ڕۆژگارێک وەک سەدەی پازدە، ئەوکاتەی باو بوو پیاو لە ژن بدا بەو تاوانەی لەگەڵ پیاوی هەڵبژاردەی دایک و باوکی زەماوەندی نەدەکرد بارودۆخی مەعنەوی بۆ پێکهێنانی بەرهەمی هونەری باش نەبوو. لە ڕۆژگارێک وەک سەردەمی ئۆستوارتەکان(٢)دا کە ژن بێ خواستی خۆی بە شوو دەدرا و دواتر تا ئەو جێگەیەی یاسا و سوننەت ئیزنی دەدا پیاو سەروەر و گەورەی بوو، چاوەڕوان نەدەکرا ژن کاتێکی هەبێ بۆ نووسین و سەرەڕای ئەوانەش دڵخۆشییەکی نەبوو.

ئێمە کە لە سەردەمی پەرەسەندنی زانستی دەروون شیکاریدا دەژین(٣) وردە وردە ئەم ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێ کە ژینگە و تەڵقین لەسەرزەین کاریگەری لە ڕادەبەدەری هەیە و بە یارمەتی یادەوەری و نامەکان بۆمان دەردەکەوێ کە ئافراندنی هەموو بەرهەمێکی هونەری هەوڵدانێکی یەکجار زۆری پێویستە و زەینی هونەرمەندگەلێک پشتگیری و ئاسایش دەخوازێ. ژیان و نامەکانی پیاوانێکی وەک کیتس(٤)، کارلایل(٥) و فلۆبێر(٦) لەو ڕاستیانە دڵنیامان دەکەن. کەواتە ئاشکرایە سەرهەڵدانی بێ وێنەی چیرۆک لەسەرەتای سەدەی نۆزدە لە بەریتانیا شایەدی ئەوەیە گۆڕانکارییەکی زۆر کەم لە یاساو داب و سوننەتەکاندا ڕووی داوە. ژنانی سەدەی نۆزدە هەلێکیان بۆ ڕەخسا و پلەی خوێندنیان بەرزتر بوو. ئیتر ئیزنی هەڵبژاردنی هاوسەر، تایبەت بە ژنانی چینی ناوەندی و سەرتر نەبوو. ئەمە خاڵێکی گرینگە کە هیچ کام لە چوار ژنی گەورەی ڕۆماننوس: «جین ئاستین، ئێمیلی برۆنتە، شارلۆت برۆنتە و جۆرج ئیلیۆت» منداڵیان نەبوو و دوانیان هیچکات زەماوەندیان نەکرد. گەرچی وێدەچوو کۆسپی سەر ڕێگای نووسەری هەڵگیرابێ، بەڵام ژنان زەختی زۆریان لەسەر

بوو بۆ ئەوەی تەنیا ڕۆمان بنووسن. ئەم چوار ژنە لە باری پسپۆڕی و کەسایەتییەوە جیاوازییان زۆر بوو.

«جین ئاستین» لە هیچ بوارێکدا لە جۆرج ئیلیۆت نەدەچوو. جۆرج ئیلیۆت لە هیچ بوارێکدا شێوەی ئێمیلی برۆنتەی نەدەدا. سەرەڕای ئەوانە هەر چواریان بۆ یەک ئیش بارهاتبوون. هەموویان کاتێ دەستیان بە نووسین کرد، ڕۆمانیان نووسی. چیرۆک ئاسانترین شێوەی نووسین بوو بۆ ژنان. ئەم شێوە نووسینە ئێستاش هەر بەردەوامە. هۆی لایەنگری زۆری ئەم شێوە نووسینە ئەوەیە کە لەناو شێوەکانی دیکەی هونەردا هۆش و سەرنجدانێکی کەمتری دەوێ. دەکرێ بۆ ماوەیەک دەست لە نووسینی ڕۆمان هەڵگری و دیسان سەرلەنوێ دەست بە نووسینی بکەیتەوە، بەڵام نووسینی شانۆنامە و شیعر بەم جۆرە کارێکی دژوارە.

جۆرج ئیلیۆت بۆ ئەوەی ئاگای لە باوکی بێ، دەستی لەکار دەکێشایەوە. شارلۆت برۆنتە بۆ ئەوەی چاوی پەتاتەکان دەربێنێ وازی لە نووسین دێنا. ژیان و بەسەربردنی کاتەکان لە ژووری دانیشتنی گشتی، لەگەڵ ئەوکەسانەی دەهاتنە لای، فێریان دەکرد هێزی زەینی خۆی بۆ بینین و توێژینەوەی کەسایەتیەکان تەرخان بکا. بەمجۆرە ئەو فێردەبوو کە ببێتە ڕۆماننووس نەک شاعیر.

تەنانەت لە سەدەی نۆزدەشدا ژن تەنیا لە چوارچێوەی ماڵ و هەستی خۆیدا دەژیا. لە ڕاستیدا ژنانی ڕۆماننووسی سەدەی نۆزدە بەهۆی ڕەگەزیانەوە لە بەشێک لە ئەزموونەکان بێ بەهرەکرابوو و هەر ئەم بێ ئەزموونییەش لەسەر بەنرخترین ڕۆمانەکانی ئەم سەدەیەی ژنانی نووسەر کاریگەریی هەبووە. کاریگەری گەورەی ئەزموون بەسەر ئەدەبی چیرۆکی حاشا هەڵنەگرە. بۆ وێنە ئەگەر جۆزێف کۆنراد(٧) دەریاوان نەبوایە، باشترین بەشی ڕۆمانەکانی نەدەخولقا.

ئەگەر ئەم ئەزموونانەی تۆلستۆی(٨) لەبەرچاو نەگرین کە وەک سەرباز لە شەڕ فێریان ببوو، یان زانستی سەبارەت بە ژیان و کۆمەڵگاکەی کە بەرهەمی ئەزموونەکانی ژیانی پیاوانی گەنج و دەوڵەمەند بوو لە ڕۆمانەکانی بسرینەوە، بەشێکی گرنگی ڕۆمانی «شەڕ و ئاشتی» بەتاڵ دەبێتەوە، بەڵام لە خۆبایی و دەمارگیری(٩)، «بەرزاییەکانی بەر- با»(١٠)، «ویلێت»(١١)، «میدێل مارچ»(١٢) گشتیان بەدەست ئەو ژنانە نووسراون کە لەهەر چەشنە ئەزموونێک لە دەرەوەی ڕووداوەکانی نێو ژووری میوانداری تێنەدەپەڕی. ئەوان بێ بەهرەبوون لە ئەزموونی شەڕ یان دەریاوان یان سیاسەت و بازرگانی، تەنانەت ژیانی سۆزداریشیان بەتوندی لەژێر چاوەدێری یاسا و سوننەتدابوو.

کاتێ جۆرج ئیلیۆت بێ ئەوەی ببێتە هاوسەری یاسایی «لویس» لەگەڵی دەژیا، بیروڕای گشتی مۆری ڕیسواییان لەسەردا. ئەویش بۆ ئەوەی لەژێر گوشاری ئەو بۆچوونانە ڕزگاربێ لە دەرەوەی شار پەنای بردە سووچی تەنیایی، ئەمەش بێگومان کاریگەریی نێگەتیڤی کردە سەر نووسینی. خۆی دەڵێ: تا داوای بینینیان نەکردبایە حەزی نەدەکرد کەس ببینێ. ئەمە لە حاڵێکدابوو کە لەلایەکی دیکەی ئەوروپا، تۆلستۆی سەرباز لەگەڵ پیاوان و ژنانی هەموو چینێکی کۆمەڵگا بە ئازادی دەژیا، بێ ئەوەی کەس لۆمەی بکا و سەرچاوەی مەزن و هێزی سەرسوڕهێنەری ڕۆمانەکانی هەر ئەم ئازادییە بوو.

بەڵام ئەزموونەکانی نووسەر کە بەناچاری کەم بوون تەنیا هۆکارێک نەبوو کە لەسەر ڕۆمانی ژنان کاریگەری هەبێ. ئەم ڕۆمانانە لەسەدەی نۆزدەدا تایبەتمەندییەکی دیکەشیان بوو کە کاریگەری ڕەگەزی نووسەریان پێوە دیارە. لە «میدێل مارچ» و «جین ئاییر»دا نە تەنیا هەست بەبوونی نووسەر دەکەین وەک چۆن لە ڕۆمانەکانیدا بۆ وێنە هەست بە بوونی کەسایەتی چارلز دیکێنز دەکەین هەربەمجۆرەش هەست بە بوونی ژنێک دەکەین کە ڕەنجاوە لەو ڕەفتارەی لەگەڵ ڕەگەزەکەی دەکرێ و داوای مافەکانی دەکا. ئەم تایبەتمەندییە فاکتەرێک دەخاتە نێو نووسراوەی ژنانەوە کە لە نووسراوەکانی پیاواندا لە غیابدایە و تەنیا ئەوکاتەی لەنووسراوەی پیاواندا دەبینرێ کە نووسەرەکە کرێکار یان ڕەشپێست بێ یان کەسێک بێ بەهۆیەکی دیکە لە نزم بوونی پلەی خۆی ئاگادارە. ئەم زانیارییە ڕێ ون دەکا و هۆیەکە بۆ لاوازبوون، ئاواتی داکۆکی لە مافی تاک یان ئەو کەسایەتییەی تووڕەیی یان ناڕەزایی خۆی دەردەبڕێ، کاریگەرییەکی ناشیرین لەسەر خوێنەر دادەنێ. دەڵێی لەم شوێنەوە، خوێنەر سەرنجی دەداتێ لەباتی دەنگێک، دوو دەنگ دەبیستێ، پتەوترین هۆی لێهاتوویی «جین ئاستین» و «ئێمیلی برۆنتە» لەوەدایە بێ بەهادان بە لۆمە و گاڵتەی خەڵکان، ڕێی خۆیان دەبڕن. لە بارودۆخێکی وەهادا تووڕە نەبوون، زەینیەتێکی زۆر ئارام یان زۆر بەهێز دەخوازێ. کاتێ گاڵتەپێکردن و لۆمەکردنی ئەو

ژنانەی سەرقاڵی ئیشی هونەرین بەڕەوا دەزانرا، هەرجۆرە هەڵویستێک لەلایەن ژنانەوە شتێکی ئاسایی بوو. کاریگەریی ئەم هەڵوێستە لە دڵ ڕەنجاوی شارلۆت برۆنتە و بێ هەڵوێستی جۆرج ئیلیۆت-دا دەبینین. لە هەڵبژاردنی بابەتدا، لە خۆپەرەستی نائاساییاندا، لەسەرگەردانی نائاساییاندا و لە هەموو شوێنێکی بەرهەمەکانی ژنانی نووسەری پلەنزمیش ئەم کاریگەرییە دەبینرێ. هەروەها زۆرجار بەشێوەیەکی نەستکردانە دوو ڕوویی دەخزێتە ناو بەرهەمەکانیان.

ڕوانگەیەک هەڵدەبژێرن کە لایەنگری لە دەسەڵات دەکات. وێنەیەک دروست دەبێ یان پیاوانەیە یان ژنانە. یەکپارچەیی واتە پێویستترین تایبەتمەندیی هەموو بەرهەمێکی هونەری لە کیس دەدات. وادیارە نووسراوەی ژنان گۆڕانکارییەکی گەورەی بەسەرداهاتووە. واتە گۆڕانی شێوەی ڕوانین. نووسەری ژن ئیتر بیرکردنەوەیەکی تاڵی نییە، تووڕە نییە. ئیتر لەکاتی نووسیندا هەڵناستێ و داوای یەکسانی ناکا. لە سەردەمایەک نزیک دەبینەوە- گەرچی هێشتا پێی نەگەیشتووین- کە کاریگەرییە نامۆ و ناخۆشەکان لە نووسراوەی ژناندا کەم یان بزر دەبێ. ژن دەتوانێ سەرنج بداتە هیواکانی بێ ئەوەی بیر لە دنیای دەرەوە بکاتەوە. ئێستا ژنی ئاسایی وردە وردە دەتوانێ خاوەن خەیاڵێکی ئارام بێ کە ماوەیەکی زۆر تەنیا مافی نوخبەکان بووە. کەواتە ڕۆمانە مامناوەندییەکانی ئەوڕۆی ژنان ڕەسەنتر و سەرنج ڕاکێشترن لە ڕۆمانەکانی سەد یان تەنانەت پەنجا ساڵ لەمەوپێش. بۆ نووسینی خواستەکانیان ڕووبەڕووی دژواری زۆر دەبنەوە، ئەمەش ڕاستییەکە هێشتا وەک خۆی بەردەوامە. لە هەنگاوی یەکەمدا دژوارییەکان تەکنیکین- شتێکی بەڕواڵەت ئاسان- بەڵام لە کردەوەدا سەرسوڕهێنەر. واتە هەر ئەوەی کە شێوەی ڕستە بۆ مەبەستی ژن گونجاو نییە. ڕستە دەستکردی پیاوە، زۆر سەرزارەکی، زۆر دژوار و ئاڵۆزتر لەوەیە ژنان کەڵکی لێ وەرگرن.

لە ڕۆماندا گۆڕەپانێکی وەها بەربڵاو وەخۆدەگرێ، دەبێ ڕستەیەکی ئاسان و ئاسایی بدۆزێتەوە کە لەسەرەتای کتێبەوە تا کۆتاییەکەی خوێنەر بەرەو خۆی ڕابکێشێ و دەبێ ژن خۆی ئەم ڕستەیە بخولقێنێ.

**ژنان خۆیان دەدەنە دەست ڕۆحێکی شاعیرانە و کەمتر تێکەڵاو بە ڕاستییەکان دەبن**

دەبێ ڕستەکان ئەوەندە تێک بدا و سەرلەنوێ دایانڕێژێتەوە و ئەوەندە دەستیان تێوەربدا بێ ئەوەی شێوازی داڕشتنەکەی تێکبچێ. ڕستەیەک بخولقێنێ کە شێوەی ئاسایی و سروشتی ئەندێشەی ئەوی پێوە دیاربێ. بەڵام ئەمانە تەنیا کەرەستەیەکن بۆ گەیشتن بە مەبەست. مەبەست ئەوکاتە دێتەدی ژن ئازا بێ و تەنگ و چەڵەمەی بەردەمی لەناوبەرێ و بڕیار بدا بە خۆی وەفادار بمێنێتەوە، چونکە ڕۆمان لە هەموو حاڵەتێکدا دەستوورێکە لە بارەی هەزاران بابەتی جیاوازەوە. بابەتی مرۆڤایەتی، سروشتی، ئاسمانی و هەوڵدانە بۆ پەیوەندی نێوانیان.

لە هەموو ڕۆمانە ناسراوەکاندا، ئەم فاکتەرە جیاوازانە بە یارمەتی خەیاڵی نووسەر لە جێی خۆیان سەقامگیر دەبن، بەڵام ڕەوتێکی دیکەش بەسەریاندا زاڵە کە لەلایەن داب و نەریتەوە دادەسەپێنرێ، چونکە ئەم داب و نەریتە لەدەستی ئەو پیاوانەدایە کە سیستەمی بەهاکانیان داڕشتووە. ئەم بەهایانەی تاڕادەیەکی زۆر بەسەر ڕۆمانیشدا زاڵە زیاتر لە ژیان سەرچاوە دەگرێ. سەرەڕای ئەمانە: لەوە دەچێ، ویست و داواکانی ژن و پیاو چ لە ژیان و چ لە هونەردا یەک جۆر نەبن. بۆیە ژنێک کە دەست دەکا بە نووسینی ڕۆمان، ئەو ئارەزووەی بۆ زەق دەبێتەوە کە بەها چەسپێنراوەکان بگۆڕدرێن: بە گرنگ دانانی ئەو شتەی لەلای پیاوان چرووکە و بەکەم دانانی ئەو شتەی لەلای پیاو گرنگە و هەڵبەت هەر بەهۆی ئەم گۆڕانە ڕەخنەی لێ دەگرن، لەبەر ئەوەی ڕەخنەگرانی پیاو لە بەرانبەر هەرهەوڵێکدا بۆ گۆڕانی بەهاکان سەریان سوڕدەمێنێ و تەنیا لەبەر ئەوەی لەگەڵ ڕوانگەی ئەوان جیاوازە، بەلاواز یان کەم بەهای دادەنێن، بەڵام زۆر ناخایەنێ ژنان لەم بارەشەوە بەسەربەخۆیی زیاتر دەگەن. وردە وردە بایەخی زیاتر بۆ بۆچوونەکانیان دادەنێن و هەر بەم هۆیەوە بابەتی ڕۆمانەکانیان گۆڕانی بەسەردادێ. وادیارە کەمتر لەجاران سەرنج دەدەنە خۆیان و زیاتر سەرنج دەدەنە ژنانی تر، لەسەرەتای سەدەی نۆزدەدا ڕۆمانی ژنان زیاتر ژیاننامە بوو. ژنان حەزیان دەکرد ڕەنجەکانیان نیشان بدەن و داوای ئەوە بکەن یەکسانی سەقامگیر بێ و ئەمە یەکێ لە هۆیەکانی نووسینی ژنان بوو. ئەم مەیل و حەزە ئێستا

زۆر پێـویست نیـیــە. بۆ ئەوەی لەسـەر ژنان بنووسن دەستیـان کردووە بە لێکۆڵینەوە لەسەر ڕەگەزی خۆیان، کارێک کە لەمەوبەر هیچکات نەکرابوو.

هەڵبەت تا ئەم دواییەش ژن لە ئەدەبیاتدا دەستکردی پیاو بوو. ئەم ڕێگایە، ڕێگەیەکی دژوارە، گرفتی زۆرە و دەبێ بەسەریاندا زاڵ بێ.

ئەگەر بەگشتی باس بکەین، نە تەنیا توێژینەوە لەسەر بارودۆخی ژنان دژوارترە لە هی پیـــــاوان، بەڵکو ژیانیـشیـان کـەمـتـر لە ژیانی پیـاوان دەکـەوێتـە بەر تاقیکاری و هەڵسەنگاندنی ڕووداوە ئاساییـەکان. لە ژیانی ڕۆژانەی ژنێکدا هیـچی تێدا نامێنێ کە هەستی پێ بکرێ خواردنەکە خوراوە. منداڵەکان گەورە بوون و ڕۆیشتوون، هیچ نەماوە ئاماژەی پێ بکرێ. ڕۆمان دەبێ دەستەو داوێنی کام خاڵی بەرز و گرنگی ژیانی ژن بێ؟ وەڵام دانەوەی ئاســــان نیـــیـــە. ژیانی خــــاوەنی تایبەتمەندییەکی نەناسراو و لە ڕادە بەدەر سەرسوڕهێنەر و هەڵەبەرە. جاری یەکەمە ئەدەبیات بەشێوەی چیرۆک دەست دەکـــات بە لێکۆڵینەوە لەم وڵاتە تاریکە و لەم کاتەشدا ژن ناچارە ئەم گۆڕانکارییە تۆمار بکا کە لە زەین و خـووی ژناندا ڕووی داوە. دەبێ چاوەدێری ئەمە بکا کە ڕەوتی شاراوە و نهێنی ژیانی ژنان چۆن کۆتایی دێ. ئێستـا کـە ئەو ژیانە دەکـەوێتە بەرچاوی دنیـای دەرەوە، دەبێ ئەو ڕەنگ و نسێ تازانە ئاشکرا بکات کـەوا خــەریکی خـۆنواندنن. کـەواتە ئەگـەر بمانەوێ تایبـەتمەندی ئێسـتــای ڕۆمــانی ژنان لە چەند وشـەدا کۆکەینەوە دەڵێین: بوێرە، ڕووڕاستە، وەفادارە بەو شتەی ژنان هەستی پێدەکەن. تاڵ نییـە، سوورنییـە لەسـەر ژنانەبوونی، بەڵام لەم حاڵەشدا ئەو کـتـێـبـەی ژنێک دەینووسێ لە جۆری پیاوان نییە. ئەم تایبەتمەندییانە زۆر زیاتر لەجاران باون و تەنانەت ڕاستی و پاکی دەبەخشنە بەرهەمە پلە دووەم و سێیەمەکانیش، بەڵام سەرەڕای ئەم تایبـەتمەندییانە، دوو تایبـەتمەندی دیکەش شایانی باس کردنن. ئەم گۆڕانکارییە ژنی ئینگلیزی لە بوونەوەرێکی ســست و بێ شــوناس و ســەرلێــشــێــواوەوە کــردە هاووڵاتییەکی دەنگدەر و خاوەن پیشە و بەرێوەبەر. ژیان و هونەری ژنی لە شـەخـسی بوون دوور خـســتــۆتەوە. پەیوەندییـەکانی ئێسـتای نە تەنیـا هەستیـارانەن بەڵکو ڕۆشنبیرانە و سیاسیشن. سیستەمی پێشوو بەسەریدا سەپاندبوو تەنیا لەڕوانگەی مێرد یان براکەی یاخود لە ڕوانگەی بەرژەوەندییـەکانی ئەوانەوە بڕوانێـتـە هەمـوو شتێک، بەڵام ئێستا ئەو سیستەمە جێی خۆی داوە بە بەرژەوەندییە ڕاستەوخۆکان و ئاکاری کەسێک کە دەبێ سەربەخۆ بێ و بەهیچ کەس نەبەسترابێتەوە.

لە ڕابردوودا وەک تاک تەنیا سەرقاڵی ئیشەکانی خۆی بوو، بەڵام لەمەوبەدوا سەرنج دەداتە کەسانێکی دیکە. ئاساییە ڕۆمانەکانی زیاتر هەڵگری ڕەخنەن لەکۆمەڵگا و کـەمـتـر خـەریکی لێکۆڵینەوەی ژیانی تاکن. ئێسـتـا چاوەڕوانی ئەوە دەکرێ. ژنانیش وەک پیاوان بەشداری لە دەسەڵاتدا بکەن، بەشدارییەک کە بەدرێژایی مێژوو تەنیا مافی پیاوان بوو و ژنیش بێبەش.

ئێستا ڕۆمانەکانیان لەگەڵ ناڕاستیەکانی کۆمەڵگا و چارەسـەرکـردنی ئەم ناڕاسـتـیـانە ڕووبەڕوو دەبێـتـەوە. لەمەوبەدوا ژنان و پیاوانی ناو ڕۆمانەکان دەبینین کە نە تەنیـا پەیوەندیەکی عـاتیـفـیـان بەیەکـەوە هەیە لەگـەڵ ئەمـەشدا بە یەکـەوە ژیان و ڕێککەوتنیان لەگەڵ هەمـوو گـرووپ و چین و ڕەگـەزێکی کـۆمـەڵگا دەبینن و ئەمـە گۆڕانکارییەکی تاڕادەیەک گرنگە.

بەڵام بۆ ئەوکـــەســـانەی لایەنگری لە هونەر دەکـــەن گۆڕانکارییـەکی سەیرتر بەڕێوەیە. دوورکـەوتنەوەی ژنانی لە ژیان شـەخسی و سـەرنجدان بە ژیانی کـەسانی دیکە ڕۆحی شـاعـیـرانە دەبووژێنێـتـەوە و هەر ئەو شـیـعـر و شاعیرێتییە کە ئێستاش بەلاوازترین بەشی ئەدەبیاتی ژنانە دادەنرێ.

ژنان خۆیان دەدەنە دەست ڕۆحێکی شاعیرانە و کەمتر تێکەڵاو بە ڕاسـتـیـیـەکـان دەبن و ئیـتـر ڕازی نابن بە وردبینیـــیـــەکی ســەرســوڕهێنەر وردترین بینینە شەخسـیـەکانیـان تۆمـار بکەن. ئەوان سـەرقاڵی وەڵام دانەوەی گەڵێک پرسیاری دوور و درێژن کە لە سەرەوەی پەیوەندی شـەخسی و سیـاسیـانەوەیە و شـاعیـر بەدوای وەڵامیـاندا دەگەڕێ. پرسیار سەبارەت بە چارەنووسمان و مـانای ژیان. بێگومـان ڕوانگەی شـاعیـرانە بناغـەکەی لەسـەر سـەرمـایە دامـەزراوە و پەیوەندی هەیە بەکـاتی پشـوودان و دەسکەوتێکی مـادی باش و دەرفـەتێکی کە ئەو دەستکەوت و پشوودانە سازی دەکا بۆ تێڕوانینێکی ئازاد و کراوە.

ئاسـاییـە ژنان بە کـەڵک وەرگـرتن لە پارەو کـاتی پشوودان زیاتر لەجاران سەرقاڵی چالاکی ئەدەبین. باشتر و وشـیـارتر کـەڵک لە ئامـرازەکـانی نووسین وەردەگـرن،

هەروەها لە تەکنیکدا ئازاتر و دەوڵەمەندتر دەبن. مەزنی نووســــراوەی ژنان لە ڕابردوودا پێکهـــاتەی بیـــروڕا و بۆچوونی ئاسمانییان بوو- وەک ئاوازی (Blackbird or Thrush) زاتی بوو. لە دڵەوە هەڵدەقوڵی، بەڵام وشەکان تەنیا لاپەڕەیان ڕەش دەکردەوە، واتە زۆر و بۆر بوون. ئەگەر ژن لە داهاتوودا کات و کتێب و شوێنێکی بچووکی دەست کەوێ ئەوا ئەویش وەک پیاوان ئەدەبیات لە جلی هونەردا دەبینێ و بۆ وەدەست هێنانی هەوڵ دەدات.

توانای ژیان پەروەردە و بەهێز دەبێ. لەمەوبەدوا ڕۆمان نابێتە گۆڕەپانی دەربڕینی هەستی شەخسی. لەداهاتوودا زۆر زیاتر لە ئێستا، ڕۆمان بە ئافراندراوێکی هونەری دادەنرێ و زیاتر لەجاران سەرنج دەدرێتە خاڵە بەهێز و لاوازەکانی. ڕۆژگارێک دێ ژنان بەجۆرەکانی دیکەی هونەرەوە سەرقاڵ دەبن کە تا ئێستا زۆر کەم سەرقاڵی بوون. شـێـوەکـانی دژوارتر و ناسکتـری هونەر وەک: وتارنووسین و ڕەخنە یان نووسینی مێـژوو و ژیاننامە، ئەمەش لەئاکامدا بە قـازانجی ڕۆمـانە، لەبەر ئەوەی نە تەنیا ڕۆمـان لە باری ناوەڕۆکەوە باش دەبێ بەڵکو ئەم نامـۆییەش وەدەر دەنێ کـە تەنیـا سادەبوونی ڕۆمـان سەرنجی ڕاکێشاون و دڵیان لە شوێنێکی دیکەیە.

بەم جۆرە ڕۆمان لە چنگ تەمومژی مێژوو و ڕاستەقینە کە لە سەردەمای ئێمە فۆرمی ڕۆمانیان تێکداوە، ڕزگار دەبێ. ئەگـەر پێـشـبـینی بکرێ: ژنان لە داهاتوویەکی نزیکدا، ڕۆمانی کەمتر، بەڵام باشتر دەنووسن و نە تەنیا ڕۆمان، بەڵکو شیعر و ڕەخنە و مێژووش دەنووسن، بەڵام بێگومـان بەرلەوە دەبێ چاوەڕوانی هاتنی سەردەمێکی زێڕین و بەشکۆ بین، چاوەڕوانی ئەوە بین کــە ژنان بەو شتە گەیشـتوون کـە پێشـتـر لێی بێبەری بوون واتە: پشوودان، پارە، ژووری تایبەت.

**پەراوێزەکان:**

**١- ئەم وتارە کە یەکەم جار لە مانگی مارسی ساڵی ١٩٢٩ لە گـۆڤـاری ئەمـریکایی Forum لەچاپ درا بەرهەمی ئاخـافـتنی ڤـیـرجـینیـا وۆلفـە کـە سـاڵێک پێـشـتـر لە دوو زانکۆی ژنانە لە کەمبـریج بەناونیشـانی گشـتـیی ژن و ئەدەبی چیرۆک پێشکەشی کردبوو. (چەند ساڵ داوی مەرگی ڤیرجینیا هاوسەرەکەی لیۆناردۆ وۆلف ساڵی ١٩٥٨ ئەم وتارەی لەبەریتانیا بڵاوکردەوە) لەمانگی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٢٩ ڤیرجینیا وۆلف ناوەڕۆکی ئەم ئاخافتنەی بە شیکردنەوە و لێکدانەوەیەکی زیاتر کردە کـتـێب کـە لەژێر ناوی «ژووری تایبەت» هاوکات لە بەریتانیا و ئەمریکا لە چاپ درا.**

**٢- خانەدانی پاشایەتی ئیسکاتلەندی و بەریتانی کە لەبەرەی ویلیامی نەبەزن. ئەم خانەدانە لەنیوەی سەدەی چواردەی زایینی و بە درێژایی سەدەی حەڤدە لە سەرانسەری وڵاتی بەریتانیای گەورە خاوەن دەسەڵات بووە.**

**٣- سـەردەمـی ژیانی ڤـیـرجـینیـا هاوکـات بوو لەگـەڵ ژیانی زیگمۆند فرۆید باوکی زانستی لێکۆڵینەوەی دەروون کە تیۆرەکانی پێشکەش بەجیهان کرد.**

**٤- (١٨٣١- ١٧٩٥) johnkeats شـاعـیـری نـاسـراوی بەریتانی.**

**٥- (١٨٨١- ١٧٩٥) Thomas carlyle مـێـژوونـاس و نووسەری ئیسکۆتلەندی.**

**٦- (١٨٨٥- ١٨٢١) Gustave Flaubert ڕۆمـانـنووسی فـەڕەنسی، خـوڵقـێنەری ڕۆمـانی بەناوبانگی مـادام بواری.**

**٧- (١٩٢٤- ١٨٥٧) joseph Conrad- ڕۆمـاننووسی بەریتـانی بە ڕەگـەز ڕووس کـە لە سـاڵی ١٨٩٤ لەناوکـەشـتـیـیـە بازرگـانیـیـە فـەڕەنسی و بەریتـانیـیـەکـاندا ئیشی دەکرد و دواتر دەسـتـی بە نـووسین کـرد. شـارەزایی کـۆنراد لەگـەڵ دەریاوانی کاریگەریی کردۆتە سەر زۆربەی ڕۆمانەکانی.**

**٨- (١٩١٥- ١٨٢٨) Leo Tols toi ڕۆمـــــاننـووس و فەیلەسووف و خواناسی ڕووس، خوڵقێنەری ڕۆمانی گەورەی «شەڕ و ئاشـتی» بەشـدای لە شـەڕی کـەریمە (٥٦- ١٨٥٤)دا کـردو لە کـۆتایی شـەڕدا لـە هێـزی لەشکری هاتە دەرەوە و سـەرقـاڵی خوێندنەوە و نووسین بوو.**

**٩- Pride and Prejudice: نووسینی جین ئاستین.**

**١٠- wuthering Heights: نووسینی ئێمیلی برۆنتە.**

**١١- Villette: نووسینی شارلۆت برۆنتە.**

**١٢- Middle March: نووسینی جۆرج ئیلیۆت.**

**سەرچاوە:**

**ویرجینیا وولف، زن و ادبیات، نشر چشم، چاپ اول ١٣٨٢**

# بەرکولێک بۆ تۆژینەوەی تیۆریی ئەدەبی

ڕاجێر وێبستر
لە ئینگلیزییەوە: عەبدولخالق یەعقووبی
(بۆکان)

لەم ساڵانەی دواییدا، پێگەو جێگەی تیۆریی ئەدەبی لە کۆرسێکدا کە هێشتاش زۆر جار «ئینگلیزی» پێدەگوترێ، زۆرتر لە جاران گرینگی وەدەسهێناوە. پێشتر، لە ڕاستیدا سەرەتای حەفتاکان کە خوێندکاری کۆرسی «زمان و ئەدەبیاتی ئینگلیزی» بووم، ڕەخنەی ئەدەبی لە هیچ زانکۆیەکدا وەکو سەرە باس لە بەرنامەی فێرکاریدا نەدەگونجاو شوێنێکی ئەوتۆی بۆ دیاری نەدەکرا. مێژووی ڕەخنەی ئەدەبی، کە هەروەک لەم کتێبەدا دواتر هەستی پێدەکەین کە بابەتێکی تەواو جیاوازە، وانەیەکی خۆویست و ئیختیاری بوو، و هەر وەتر مێژووی زمانی ئینگلیزی لە چاخی ئەنگل-ساکسۆن و ئینگلیزی نێوەڕاستەوە تا سەدەی بیستەم، زۆر سەرنجیان پێدەدرا، بەڵام ئەو باس و بابەتانەی کە بنەمای خوێندنەوە و تۆژینەوەی خوێندکارانی لەمەڕ ئەدەبیات پێکدەهێنا، یا شوێنیان لەسەر دادەنا، خاوەنی گرینگایەتییەکی ئەوتۆ نەبوون. ئەوەی ڕاستی بێت، ئەم پرسە کە ناوەرۆکی «ئینگلیزی» یان «ئەدەبیات» چییە و بۆچی خاوەنی ئەو ناوەرۆکەیە، هێندە لەبەرچاو نەدەگیرا. بەزمانێکی ساکارتر، خوێندکاران «بەرهەمی» کۆمەڵێک «نووسەری» «سەردەمانێکی» جۆراوجۆریان دەخوێندەوە کە پتر بە «کەسایەتییەکانەوە» سەرقاڵ دەبوون و چەمکگەلێکی لە چەشنی «بەرهەم» و «نووسەر» و «قۆناغ» و «کەسایەتیی» کۆمەڵێک بابەت بوون کە ڕای هەمووان لەسەریان کۆک بوو، گەرچی پێش کۆتایی پێهێنانی باس و خواسان سەبارەت بە مانای تایبەت و قەتعیی هەر بەرهەمێک، مشتومڕی سەرنجڕاکێشیش لەمەڕ کێشەی ڕاڤەش دەهاتە ئاراوە.

لەم دواییانەدا مامۆستایان و خوێندکارانی ئەدەبیات، بە هەندێ هۆی جۆراوجۆر بە چاوێکی تەواو جیاوازەوە

لەم چالاکی و بابەت و بنەمایانەیان ڕوانییەوە کە هێناویانەتە گۆڕێ. هەنووکە زۆر یەک لەو وانانەی پێوەندییان بە لێکۆڵینەوە و تۆژینەوەی دەقی ئەدەبییەوە هەیە، بە پرسیار و بابەتە پێوەندیدارەکان بە تیۆریی ئەدەبییەوە سەرقاڵن، ئەو پرسیار و بابەتانەی کە پێشتر لەوانەیە لەبەرچاو نەدەگیران، یان ڕوون و باس هەڵنەگر و هەربۆیە وەک بیرۆکە و چەمکگەلێکی مشتومالّ هەڵنەگر و مسۆگەر دەهاتنە ئەژمار. تیۆریی ئەدەبی، پتر لەجاران لەنێو بەرنامە و پەیڕەوی وانەیی زۆربەی زانکۆکاندا گونجاوە، جا چ وەک یەکەیەکی وانەیی دیاریکراو، چ وەک وانەیەکی سەرەکی یان خۆویست لەقۆناغە فێرکارییەکاندا. مەسەلەی گرینگتر ئەوەیە تیۆریی ئەدەبی بەشێوەی ناڕاستەوخۆ لە زۆریەک لەو وانانەدا دەبیندرێ کە بەشێوازی ئاسایی و نەریتیتر سەرقاڵی ڕێکخستنی کۆمەڵێک دەقی ئەدەبین بۆ تۆژینەوە و لێکۆڵینەوە، واتە لە کۆمەڵێک پۆلێن کردنی وەک: جۆرەکانی ئەدەبی (ڕۆمان، شیعر یان دەقی شانۆیی) و قۆناغەکانی ئەدەبی (سەدە، دەیە، یان پۆلێن کردنی زمانیی دیکە) و ڕێبازەکانی ئەدەبی (وەک ڕۆمانتیسم، مۆدێرنیسم) و نووسەران (هەڵبژاردەی شوێنەواری نووسەرانی «بەناوبانگ» و جاری وایە ئەوانەی وا خاوەنی ناوبانگێکی کەمترن).

سەبارەت بەو پۆلێن کردنەی دوایی، پێوەدانگی ڕێکخستن و هەڵبژاردنی دەقی ئەدەبی- و لە ڕاستیدا ئەوەی کە مەبەست لە بابەتی «ئینگلیزی» یان «ئەدەبیات» چییە- چیتر وەک شتێکی ڕوون و مشتومڕ هەڵنەگر چاوی لێ ناکرێ بێژین وەک چۆن بەتێپەڕاندنی قۆناغی منداڵی و پێ نانە نێو قۆناغی گەورەییەوە شێوازی خوێندنەوەی ئێمە دەگۆڕێ، چونکی بەو ڕاستییە دەزانین کە گێڕانەوەکان بەشێوەی جۆراو جۆر بیچم دەگرن یان دادەهێنرێن و لە هەر کام لەم شێوانەدا فرتوفێڵ یان تەکنیکێکی تایبەت لەکار دەکرێ (ئیتر خوێنەرێکی «بەستەزمان» نین)، هەر بەمجۆرە تۆژینەوەگەلی ئەدەبی لەو پێگەیەوە کە ئەدەبیاتی پتر وەک دیاردەیەکی سروشتی چاو لێدەکرد، ڕووی کردە تێڕوانینێکی پرسیارکارانەتر کە هەنووکە زۆر لایەن کە جاران ڕوون و ئاسایی و سروشتییان دەنواند، دەخاتە ژێر زەڕڕەبینی تاوتوێکردن و لێکۆڵینەوەوە.

سەرهەڵدانی تیۆریی ئەدەبی پەرچەکرداری جۆراوجۆری لێکەوتۆتەوە تیۆریی ئەدەبی، یان لە ڕاستیدا تیۆریی

**ئارنۆڵد دەیگوت: کولتوور پڕ بایەخترین و بەهادارترین تێگەیشتن و بۆچوونی مرۆڤە لەم جیهانەدا**

دارێژانی ئەورووپایی دەیەی (١٩٧٠)، جار لەگەڵ جار زیاتر گرینگایەتیان وەدەسهێنا: ڕەنگە ئەم خاڵە هەڵگری واتایەک بێ کە نووسەرانی تیۆریی ئەدەبی لە چاو بۆچوونەکانیان گرینگی زیاتریان پێدەبەخشرێ، هێشتا لە هەندێ کۆڕ و کۆمەڵ هەر بەم چەشنەیە. لە کۆوار و ڕۆژنامە و بنکە زانکۆییەکاندا باسوخواسی گەرموگوڕ لە ئارادابوو، بە جۆرێک کە وێدەچوو لەنێوان ڕوانگەکانی دژە بنەمای نوێ- کە زۆرتریان لە سەرچاوەیەکی غەیری ئینگلیزییەوە هەڵقوڵاون و لەژێر ناوی گشتیی «تیۆری» یان «پێکهاتەخوازی»(١) پۆلێن کرابوون- و ڕوانگەی نەریتیتر بەناوی هیومانیزم(٢) و داب(٣) یان نەرێت(٤)، جۆرە دژوازییەک(٥) لە گۆڕێ دابوو. دیارە تاقمێک بوون- و هێشتاش هەن- کە بە توندی دژایەتی هەر چەشنە گۆڕانکارییەکی تۆژینەوەی ئەدەبیان بەو چەشنەی کە پێش سەرهەڵدانی تیۆریی ئەدەبی بیچمی گرتبوو، دەکرد. دەستەواژەی «قەیران لە تۆژینەوەکانی ئەدەبیی ئینگلیزی» لە سەرەتای دەیەی «١٩٨٠»دا زۆر برەوی هەبوو، شایەنی سەرنج پێدانە کە هەندێ لە کۆرسە تازەکانی خوێندنی زانکۆیی لە بنکەگەلی فێرکاریی باڵادا بەدی هاتن، کۆرسگەلێکی وەک تۆژینەوەی کولتووری و تۆژینەوەی پێوەندییەکان کە ناوەڕۆک و شەقڵ و شێوازی وانە باوەکانی ئەدەبیاتی ئینگلیزییان بەشێوەگەلی جۆراوجۆر خستە ژێر زەڕەبینی گومانەوە و کۆتاییان بە پاوانی فەرهەنگی ئەدەبی لەژێر دەسەڵاتی بنکە و کۆڕ و کۆمەڵە زانکۆییەکان هێنا. لەم دەیەی دواییدا (واتە ١٩٨٠)، کاریگەرێتی تیۆریی ئەدەبی هێندە زۆرە کە ئیمڕۆکە ڕەخنەگری ئەدەبی شک نابەی بتوانێ بێ بەکارهێنانی هەندێ لایەنی تیۆری بەشێوەی جۆراوجۆر ڕەخنەی بۆ بنووسرێ و هەروەها، بە هەمان ڕێژەش بۆ خوێندکاری ئەدەبیات ئەستەمە لەحاند ئەو ڕوانگانەی چاوبنووقێنێ کە شوێندەستیان بەسەر شێوازەکانی خوێندنەوەی دەقی ئەدەبییەوە دیارە و خزاونەتە نێو گوتاری ڕەخنەی ئەدەبییەوە.

ئەم کتێبە بەرکوڵێکە بۆ ناسینی هەندێ لایەنی تیۆریی ئەدەبی و من ئەوەندەی توانیبێتم هەوڵم داوە بۆ ئەو کەسانەی پێیان خۆشە خوێندنەوەیان ئاراستەیەکی تایبەت وەربگرێ کۆمەڵێک ژێدەر بۆ خوێندنەوەی زیاتریان پێ بناسێنم. هەروەتر، هەوڵم داوە تا ڕادەی گونجاو پێوەندییەک پێکبێنم لەنێوان ڕوانگەکانی

پێــوەندیدار بە ڕەخنەی ئەدەبیی نەریتی و ئەو ڕوانگە وەرگیــراوانە لە تیــۆریی ئەدەبی کە گــومـان لە ڕاست و دروستی وانە دەکەن یان مام ناوەندییان دەکەنەوە، بەڵام وەک دواتر دەبینین نابێ پێـمـــان وابێ تیــۆریی ئەدەبی کۆمەڵێک یاسا و ڕێسای هەڵە هەڵنەگر و دڵنیاییکەر بۆ ڕاڤــەی دەق دەخـاتـە بەردەست یان ئەوەی کـە تیــۆریی ئەدەبی تەنیا شێوەیەکی ترە بۆ خوێندنەوەی ئەدەبیات. تیــۆریی ئەدەبی بە پێـچـەوانەی هەندێ شـێــوازگـەلی ڕەخنەگرانەی پێشوو، مەیدانێکی پڕ پێچوپەنا و بگۆڕە و پتر لەسەر دەستی مشتومڕ و جیاوازی دەسنیشان دەکرێ تا هاودەنگی و یەک شێوازی.

## بەشی دووەم
## تیۆریی ئەدەبی چییە؟

### ئەدەبیات و تیۆریی ئەدەبی

بۆ دەسنیشانکردنی چوارچێوەی تیۆریی ئەدەبی دەکرێ وای لەبەرچاو بگرین کەوا ئەدەبیات خۆی دیاردەیەکە کە بۆی هەیە بە ســانایی پێناســە بکرێ. بێ شک زاراوەی «ئەدەبیــات»، زۆرجار بەجۆرێک بەکاردێن وەک بڵێی چەمکێکی بە پێـــچـــوپەنا نیـــیـــە. بۆ نموونە، لە کـتـێـبـخـانەکـاندا دەقی ئەدەبی بە پێی سیـســتــەمی پۆلێنکردنێکی دیاریکراو لە دەقگەلی تر جـیـادەبنەوە. ڕۆژنامــــە و گــــۆوارەکــــان لە هەندێ بەشی تەواو دەسنیشانکراو بە ناساندن و ڕەخنەی ڕۆمان و شیعرەوە خەریک دەبن. هێشتاش لە زانکۆ و بنکەکانی فێرکاریی باڵا کـۆمـەڵێک وانەی ئەدەبیـات پێـشکەش دەکـرێ و هەندێ لەخـوێندکـاران ئەو وانانە دەخـوێنن و تاد، بەڵام لەڕێی تاوتوێکردنی چۆنێتی ڕێکخستنی ئەو کۆمـەڵە شوێنەوارەی کە «ئەدەبیـات» یا «ئەدەبیـاتی ئینگلیـزی» پێدەڵێن، پەی بە جیـاوازیی نێـوان زانکۆ و بنکەگـەلی فێرکاریی هەمـووانی دەبەین. ئەم جیاوازییانە بەپێی ئەو زەمـینەیانەی کـە «ئەدەبیـات»ی تێـدا جـێگیـر دەبێ جۆراوجۆرن. بەمجۆرە بێگومان چاوەڕوانیی ئەوە دەکەین ئەو کـۆمـەڵە کـتـێـبـەی کـە لە بەشی ئەدەبیـات-ی کتێبفرۆشی و دووکانی ڕۆژنامە فرۆشیی وێستگەیەکی شەمەندەفەر دەیبینین لەگەڵ ئەو شتەی کە لە بەرنامەی فێـرکاریی وانەی ئەدەبیاتی سەدەی بیسـتـەم، لە زانکۆ پێـشکەش دەکـرێ جـیـاواز بن. ئەم جـیـاوازیـیـانـە هەم لایەنی کـولتـوورییـان هەیە، هەمـیش لایەنی مـێـژوویی: ئەدەبیـات لەم چەند سـەد سـاڵەی دواییـدا، کـەم و زۆری بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و بەچەشنەیلی جۆراوجۆر شی کـراوەتەوە. تەنانەت لە بەرنامـەیلی فـێـرکـاریدا (لە وانەکـانی قـوتابخـانەوە بیگرە تا کـۆرسی زانکۆ) کـە لەســەرەتاوە چوارچێـوەیەکی گـشـتی بۆ پێناسـەکـردنی ئەدەبیات لەبەرچاو دەگرن، بۆچوونگەلێکی زۆر جیاواز و دوور لە یەک سەبارەت بە ئەدەبیات لە ئارادایە، هەروەتر لەسەر ئەوەی دەقەیلی جۆراوجۆر بەپێی کام پێوەر دەکرێ لە بەرنامەی وانەییدا بیگونجێنی، بیروڕای دژواز هەیە. بنکەگـەلی جـۆراجـۆر ویسـتـوویانە چەشنێکی تایبـەتی ئەدەبیـات بۆ خـۆیان هەڵبژێرن و بەها و ڕاسـتـەقـینەی بە ڕواڵەت جیـهـانگیـرانەی (universal) پێ ببـەخـشن. خـوێندنی ئەدەبیـات بەناوی «ئینگلیـزی» لە دوا ســاڵانی سـەدەی بیســتــەم هۆکـارێکی دیارە بۆ نیـشــاندانی ئەو ڕاســتــیــیــە کـە کـولتـووری زانکۆیی ئینگلیـزی (نەک بریتـانیـایی) لـەسەر دەسـتی چ شـێـوەگـەلێک بە نیـازی یەکـپــارچەکـردن و نەزم و تەکـووزی بەخـشین بە بابـەتی فێرکاریی ئەدەبیات بووە.

«ئەنجومەنی ئینگلیـزی» کە ساڵی (۱۹۰۷) دامـەزرا، لە ڕێی شـەنوکـەو کـردنی چەمـک و مـانای کـولتـوور و پێـشکەوتنی ئەخـلاقـیی بەرهەم هاتوو لەو شـتـەی کـە «مـــاتیـــو ئارنۆڵد» (٦) لەســـەدەی نۆزدەدا بەرگـــری لێکردبوو، گرنگـترین ڕێکخراوەیەک بوو کە لە هەوڵی گەشەپێدان بە لێکۆڵینەوە و تۆژینەوەی کولتووری ئەدەبی «ئینگلیـزی» لە بنکەیلی فـێـرکـاریدا بوو. تێـڕوانینی ئارنۆڵد لەمەڕ کولتـوور بەم چەشنە کە دەیگوت کولتـوور «پڕ بایەخـتـــرین و بەهادارترین تێگەیشتن و بۆچوونی مـــرۆڤــە لەم جـیـــهـــانە»دا، تاڕادەیەکی زۆر لە ڕێی ئەدەبیاتەوە هاتە نێو مەیدانی کردەوەوە: واتە خوێندنەوە و توێژینەوەی شوێنەواری کلاسیک و دواتر شێعری ئاخر و ئۆخرەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم کە لەزمـان و چەشنەیلی شێـوە کـلاسیـک و ئۆسـتـوورەکـانی پێـوەندیدار بە ئینگلیـســتـــانی گــوندنشین و هەرمــان بەفراوانی کەڵکی وەرگرتووە. «The old Vicarage Granchester» (۱۹۱۲) بەرهـەمی «ڕوپێــــــرت برووک» (۷) نموونەیەکی هەرە دیاری ئەو شـێـوانەیە کـە هێــمــای ئەم چەشنە لە «ئینگلیــزی بوون»-ن «تێــری ئیگلتـۆن» و هەندێکی تر لە تۆژەران وایان لێکداوەتەوە کـە خـوێندنەوە و توێژینەوەی ئەدەبیــات و کـولتــووری ئینگلیـزی جـێی «دین»ی گـرتەوە کـە لەو سـەروبەندەدا بەخێـرایی خەریکی پاشەکشێ بوو. ئەدەبیات دەیتوانی ئەزمـوونێکی هاوشـێـوە [ی ئەزمـوونی دین] پێـشکەش بکات و لە پەنا پەرەپێدان بە مافی خەڵکان و فێرکاریی بێ پارە و خۆڕایی، حکوومەت دەبوایە بەهای شیـاو و پڕ

ناوەڕۆک لە بەرنامەکانیدا بگونجێنێ. دوا بەدوای دامەزراندنی «ئەنجومەنی (ئەدەبیاتی) ئینگلیزی»، ڕاپۆڕتی دەوڵەتی ئینگلیستان دەربارەی فێرکاریی (ئەدەبیاتی) ئینگلیزی لە ئینگلیستان کە لەسەر دەستی لێژنەیەک بە سەرۆکایەتی «هێنری نیو بۆڵت»، شاعیری ئەسڵە ئینگلیزیی شیعری «پێدابگرە، پێدابگرە، دوایی دەس بکە بەکایە...» ئامادە کرابوو، شوێن و پێگەی سەرەکیی ئەدەبیاتی ئینگلیزی لە بەرنامەی فێرکاریدا مسۆگەر کرد.

لە بری ئەوەی ئەدەبیات بە کۆمەڵە شوێنەوارێکی هاوچەشن و هاوبیچم کە خاوەنی تایبەتمەندیگەلی وێکچوون لە قەڵەم بدەین کە خوێنەرانێکی یەکسان بەشێوەی وەک یەک دەیان خوێننەوە، بۆمان هەیە بە پانتاییەکی بەردەوام بزۆک و هەمووکات بگۆڕی بزانین. دوو زاراوەی «ئەدەبیات» و «ئەدەبی»، کۆمەڵێک مانای پڕپێچوپەنا و چەند لایەنەیان هەیە، نەک ماناگەلێکی نەگۆڕ و تاک. جگە لەمانە «ئەدەبیات» وەک کۆمەڵێک بەرهەم و تایبەتمەندیگەلی ئەخلاقی و جوانیناسانەی بەگشتی پێوەندیدار بە ئەدەبیات، بابەتێکی مشتومڕ وروووژێنە، بە چەشنێک کە چەمکەیل و ماناکان لە بری ئەوەی بەها و هەقیقەتی هەتا هەتایی و گشتییان هەبێ، وەک چۆن زۆرجار وایان وێنادەکەین، زۆرجار باسوخواس و کێشە و مشتومالّیان لەسەرە.

تیۆریی ئەدەبی یان تیۆریگەلی ئەدەبی، دەتوانن بۆ شیکردنەوەی ئەدەبیات یان لانی کەم تاوتوێکردنی ئەو بابەتانەی کە لە هەوڵی شیکردنەوەی ئەدەبیاتدا باسیان دێتە گۆڕێ، شێوەیلی جۆراوجۆر بەدەستەوە دەدات. ئەم تیۆرییانە ناچارەکی لەگەڵ یەک تەبا و ڕەبانین و ڕاڤەکارانی ئەم دواییانەی بابەتێک کە پێی دەگوترێ تیۆریی ئەدەبی، سەرنجی ئێمەیان بۆ لای ئەو تێڕوانینە زۆرتر دژوازانای نێوان ڕوانگەیلی تیۆریکی جۆراوجۆر ڕاکێشاوە. تیۆریی ئەدەبی ڕێگاچارەی ساکار یان ورد بۆ پێناسەی ئەدەبیات یان چییەتی تۆژینەوەی ئەدەبیات بە دەستەوە نادات، بەڵام ناشێ ناچارەکی ئەم خاڵە بە خاڵێکی سەلبی لەقەڵەم بدەین.

تیۆریی ئەدەبی دوو خاڵی سەرەکی سەبارەت بە تۆژینەوەی ئەدەبیات دێنێتە گۆڕێ کە هەمیشە لە تێڕوانینگەلی غەیری تیۆریکدا دیار و بەرچاو نەبووە. یەکەم ئەوەی کە، وەک پێشتریش باسم کرد، لە تیۆریی ئەدەبیدا ئەدەبیات دەگۆڕێت و دەبێتە پانتاییەکی پڕ پێچوپەنا و ناهاوچەشن: بۆ تۆژینەوەی چۆنێتی هەڵسوکەوتی کولتووری یان مێژوویی ئەدەبیاتی ئینگلیزی وەک شێوەیەکی نقیسان و ناسین، دەکرێ لە بری «ئەدەبیاتی ئینگلیزی» باسی «چەشنەیلی جۆراوجۆری ئەدەبیاتی ئینگلیزی» بکەین. دووهەمیش ئەوەی کە، چالاکی و کاروباری پێوەندیدار بە تۆژینەوەی ئەدەبیات لە خوێندنەوەوە بیگرە تا دەگاتە ڕەخنە، دەشێ بەردەوام پێیدا بچینەوە و هەڵی سەنگێنینەوە دەکرێ گوتاری تیۆریی ئەدەبی بەشیرێکی دوو سەر بزانین کە لەلایەکەوە دەتوانێ بە شیکردنەوە و تەمومژ سڕینەوە لە گریمانە یان بەها ناڕاستەوخۆیەکانی ئەدەبیات و ڕەخنەی ئەدەبییەوە سەرقاڵ بێت، بەڵام لەلایەکی ترەوە نابێ «هەقیقەت»ـە هەڵێنجراوەکان لە دەقەیلی تیۆریک بێ باسوخواس و مشتومڕ پەسەند بکەین. ئەم تێڕوانینە کەم و زۆر پارێزکارانەیە و ئەم هەڵسەنگاندن و پێداچوونەوەیە کۆتایی هەڵنەگرەی زاراوەگەلی [تیۆریی ئەدەبی] و ئەو بەها یان داوەری کردنانەی کە لە [زەینی] خوێنەردا دەیگونجێنن، لەوانەیە خۆی یەکێک لە خەسڵەتە گشتیرەکانی تیۆریگەلی ئەدەبی بێت: ئەم تیۆرییانە ڕووەو جۆرێک لە خود ئاگایی یان تەنانەت خود-ڕەنگدانەوەیی (self- refexivity) هەنگاو دەنێن کە ڕەخنەی نەریتی(٨) لە هەمبەریدا تاقەتی نەهێناوە و پەسندی نەکردووە، و ئەم خود- ئاگاییە زۆرتر ڕووی لە زمانە، زمانی ئەو دەقەی کە لێی دەکۆڵدرێتەوە و زمانێک کە لە تۆژینەوەی دەقدا لەسەری دادەبەزێندرێت.

## ڕەخنەی ئەدەبی و تیۆریی ئەدەبی

ڕەخنەی ئەدەبی سەرەکیترین چالاکییەکە کە لە فێرکاریی بەشی ئەدەبیاتی زانکۆکاندا خۆی سەقامگیر کردووە، هەر بۆیە پێویستە ئەو زاراوە و بابەتانەی کە تێیدا بەکاردەبرێن لێیان بکۆڵدرێتەوە و شەنوکەو بکرێن. ڕەوتی ئاسایی کارەکە بەم شێوەیە بووە کە دەستەواژەگەلێکی وەک «نووسەر» و «کەسایەتی» یان «ڕۆمان» بە چەشنێک کەڵکیان لێ وەربگرین وەک بڵێی ئەمانە کۆمەڵێک لایەنی سەلمێندراو و سەرلەبەر سروشتی و دیاریکراوی ئەدەبیاتن. هەر بەم پێیە، ناشێ ئەو بابەتانەی کە لە تێڕوانینی تیۆرێکدا دێنە ئاراوە، بەبێ باسوخواس و مشتومڕ پەسند بکەین.

لەم ڕوویەوە پێویستە لەنێوان چالاکی یان کارکرد و ئەرکی ڕەخنەی ئەدەبی و تیۆریی ئەدەبیدا جیاوازی قایل بین، چونکی بەشێوەیەکی هێزەکی لەوانەیە ئەم دوو چوارچێوەیە بە هەڵە تێیان بگەین. بە زمانێکی گشتی بێژانە دەکرێ بڵێین ڕەخنەی ئەدەبی بریتییە لە خوێندنەوە و شرۆڤەکردن و شیکردنەوەی دەق یان کۆمەڵێک دەقی

تایبەت کە پێیان دەگوترێ ئەدەبیات. ئەمە سەرەکیترین کارێکە کە لەفێرکاریی ئەدەبیاتدا دەکرێ: ڕەخنەگرانی پسپۆڕ ئەم کارە دەکەن و لە کتێب و گۆوارەکاندا بڵاوی دەکەنەوە و خوێندکارانی لقی ئەدەبیاتیش لە تۆژینەوەی زانکۆیی و لە وەڵامدانەوەی تاقیکاری و لەتێزی بڕوانامەکانیاندا هەر ئەم کارە دەکەن. لەسەروبەندی سەرهەڵدانی «ئەدەبیاتی ئینگلیزی» لەم سەدەیەی پێشوودا (مەبەستی نووسەر سەدەی نۆزدەی زایینییە- وەرگێڕ)، سەرەکیترین چالاکیی ئەم مەیدانە، ڕەخنەی ئەدەبی بووە. لەدوایین ساڵانی سەدەی نۆزدەوە، زاراوەی «ڕەخنە» شان بەشانی دەستەواژەی «ئەدەبیاتی ئینگلیزی» و تۆژینەوەی ئەدەبی هاتۆتە پێشێ و گرینگایەتییەکی بەرچاوی وەدەسهێناوە و لە سەدەی بیستەمیشدا ڕێژەی بەکارهێنانی، بەشێوەگەلی جۆراوجۆر هەروا پەرەی ستاندووە. ماتیو ئارنۆڵد، شاعیر و ڕەخنەگری فەرهەنگیی سەدەی نۆزدە، زاراوەی «ڕەخنە»ی بە پێداگرییەکی تایبەتەوە بەکار دەهێنا، بۆ نموونە لە وتارێکیدا بەناوی «کارکرد و ئەرکی ڕەخنە لە ساتەوەختی ئێستادا» (١٨٦٧). زاراوەی «ڕەخنەی پراکتیک» (کە لەسەردەستی ئای. ئێی. ریچاردز- I.A.Richards-، ڕەخنەگری سەدەی بیستەم، هاتە ئاراوە) و دوابەدوای ئەو فێرکاریی ڕەسمی و هەڵسەنگاندنی، نموونەیەکن لەمەی کە چۆن چۆنی (ڕەخنەی ئەدەبی) بوو بە یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی تۆژینەوەی ئەدەبی. «ڕەخنەگرانێکی» هەڵکەوتەی وەک ئێف. ئار. لیویس دیارترین و سەرەکیترین پسپۆڕانی بواری ڕەخنە لە قەڵەم دران. شایانی ئاماژە پێکردنە کە چەندان نووسەی شوێنەواری ئەدەبی وەک هێنری جیمز یان تی. ئێس. ئیلیۆت لە بواری ڕەخنەی ئەدەبیشدا قەڵەمیان بەسەر قاقەزدا هێناوە.

سەرەڕای ئەوەی ڕەخنە زاراوەیەکی زۆر بەربڵاوە کە کۆمەڵێک ڕوانگە و تێڕوانینی جۆراوجۆر سەبارەت بە ئەدەبیات دەگرێتەخۆ، دوو بۆچوونی باو یان دوو گریمانە لە گۆڕێ دایە کە کاربردیان هەم لە کردەی ڕەخنەدا، هەمیش لە گوتاری ڕەخنەگرانەدا، زاتی و پێویستە. یەکەم ئەوەی ڕەخنە لەچاو ئەدەبیات، لە پلەی دووەمی گرینگایەتی دایە و بەو پشت ئەستوورە بە وتەیەکی تر، ڕەخنە پاشخانی دەقی ئەدەبییە. دووەم ئەوەی کە ڕاڤە یان تێڕوانینگەلی ڕەخنەگرانە وێدەچێ لەسەر بناغەی ئەم گریمانەیە دامەزراون کە ئەو دەقە ئەدەبییەی لێی دەکۆڵدرێتەوە بێ ئەوەی گومانی لەسەربێ بە ئەدەبیات لەقەڵەم دەدرێ، واتە ئەدەبیات بابەتێکی سروشتی و باس هەڵنەگر و ئاشکرایە و هەر بۆیە ڕوانگەگەلی ڕەخنەگرانەی بەرهەم هاتووە لەویش بە هەمان شێوە تایبەتمەندییەکی سروشتی و ڕوون و بێ گرێوگۆڵیان هەیە. لە بەشی چوارەمدا و لەکاتی باسکردن لەسەر ئایدیالۆژی، لەم بابەتە دەکۆڵینەوە.


سەرباری ئەمە، هەندێ لەو تێڕوانینانە لەمەڕ ئەدەبیات و ڕەخنەی ئەدەبی کە لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەی تیۆریکەوە هاتوونەتە ئاراوە، تاوتوێکردن و هەڵسەنگاندنی ئەم پرس و کێشانە بەشێوەگەلێکی تاڕادەیەک جۆراوجۆر مومکین دەکەن، بەڵام بەر لە هەر شتێک دەشێ ڕەوتی کار و ئەو ڕەوشت(٩) و بەهایانەی(١٠) کە ناڕاستەوخۆ لە گریمانەکانی سەرەوەدا ئاماژەمان پێکردن دیاری بکرێن: کاتێک دەڵێین بەرهەمێک «ئەدەبییە» و لایەنەکانی بە تێر و تەسەلی تاوتوێ دەکەین و پاشان بە باش یان خراپ یان جۆرێکی تری لە قەڵەم دەدەین، دەبێ بزانین کە بنەما و چۆنێتی ئەم چالاکییانە چییە و ئەم هەڵسەنگاندن و داوەری کردنە چۆن چۆنی بەرهەم دێت. نابێ ڕەخنەی ئەدەبی بە پاشخانی ئەدەبیات بزانین، بەڵکو دەکرێ وەک ئامرازێک بۆ چێکردنی ئەو نووسراوە و زانیارییانە چاوی لێ بکەین کە وێدەچێ ئەو بابەتە بێت کە ڕەخنە لێی دەکۆڵێتەوە و سەنگ و سووکی دەکات. بە وتەیەکی تر، دەکرێ ئەدەبیات وەک بەرهەم و دەسکەوتی ڕەخنە و پشت ئەستوور بەو بزانین، نەک بە پێچەوانە. بێگومان ئەم قسەیە ڕاستە کە لەلایەنی زەمانەوە، ئەوە دوای نووسینی دەقەکە ڕەخنە بۆی هەیە باسی دەق بکات، بەڵام سەلماندنی ئەم قسەیە بەمانای ئەوە نییە کە لەسۆنگەی ئەوەی ڕەخنە کاری تەنیا خوێندنەوەی دەقی ئەدەبی و لێکدانەوەی ناوەرۆکی ئەو دەقەیە، ئیتر بە بابەتێکی پابەند و پشت ئەستوور بە ئەدەبیاتی بزانین. دەکرێ وای لێک بدەینەوە کە هەم ئەو کۆمەڵە نووسراوەیەی کە لە ئاخر و ئۆخری سەدەی نۆزدەهەمەوە بەرەو ژوور لەسەر دەستی ڕەخنەگرانێکی جۆراوجۆر لە ماتیو ئارنۆڵد-ەوە بیگرە تا دەگاتە ئێف. ئار. لیویس بە «ئەدەبیات» لە قەڵەم دراون، هەمیش شیکردنەوەی تایبەتمەندی و خەسڵەتگەلێکی ئەدەبیی وەک «لەحن» (١١) و «کەسایەتی» (١٢) و «تێڕوانینی ئەخلاقی» (١٣) و تاد، زۆرتر لە باسوخواسەیلی ڕەخنەی ئەدەبیدا هاتوونەتە گۆڕێ و لەنێو خودی دەقی ئەدەبیدا ڕەگیان دانەکوتاوە. بە

وتەیەکی تر، بەبێ ڕەخنەی ئەدەبی، ئەدەبیاتێک بوونی نەدەبوو.

ئەم بیرۆکەیە کە بوون یان مانای زاتیی ئەدەبیات خۆبژێوە و جیایە لە ڕەخنە، بیرۆکەیەکە ماتیو ئارنۆلد لە ڕێگەی هێنانە ئارای چەمکی «بێ لایەن بوون»ی(١٤) ڕەخنەگرەوە برەوی پێدا، ئەو پێی لەسەر ئەوە دادەگرت کە ڕەخنە دەشێ «بابەتەکە بە هەمان شێوە کە هەیە ببینێ و لێی بکۆڵێتەوە.» ئەم شێوە تێڕوانینە بۆ ڕەخنەگر وەک کەسێکی بێ لایەن کە لە ڕێگەی تێبینی بابەتیانەوە لە بەرهەمی ئەدەبی دەکۆڵێتەوە، یەکێک لە تایبەتمەندییە گرینگەکانی ڕەخنە ئەدەبییەکە دەلکێندرا بە ڕەخنەی ئەدەبییەوە وەکو چالاکییەکی فۆرمال و خوێندکارانی ئەدەبیات دەبوایە فێری بن. ئەو ڕوانگەیە تا ڕادەیەک لەگەڵ ئەم بۆچوونە کە ئەدەبیات وەک «ئەزموون»(١٥) دەبینێ دژوازی هەیە.

ئەزموون پانتاییەکی زەینی و تاکەکەسییە کە تێیدا«هەست و سۆز» گرینگایەتییەکی زۆری هەیە. وەک چۆن دی. ئێیچ. لارێنس (D.H.Lawrence) دەیگوت: «ڕەخنەگر دەشێ سەرتابەپای هەست و سۆز بێ.» ڕەخنەی ئەدەبی وێدەچوو لە پەسندکردن و سەلماندنی ئەم بۆچوونە دژوازانەدا گرفتێکی ئەوتۆی نەبێت. هەڵبەت وەک پێشتر ئاماژەم پێکرد، تاقمێک لە تیۆری داڕێژان سەبارەت بە «ئەدەبیات» و «بابەتی ئەدەبی» و پێوەندیی نێوان ڕەخنەی ئەدەبی لەگەڵ ئەم لایەنانە ڕوانگەیەکی جیاوازیان هەیە. وەک چۆن دوایی بە وردی لێیان دەکۆڵینەوە، ئەم تیۆری داڕێژانە وای بە پێویست دەزانن کە ئەدەبیات پێناسە بکرێ و ئەو تایبەتمەندییە مێژوویی و کولتووری و فۆرمال و زمانناسانییانەی کە ئەگەری ئەوەمان دەخەنە بەردەست لە چوارچێوەیەکی تایبەتدا سەبارەت بە «بابەتی ئەدەبی» قسان بکەین، بناسینەوە. جگە لەمە، تیۆریی ئەدەبی دەزانێ و ئاگای لەوەیە کە پێویستە گریمانەی هەندێ لە تێڕوانینگەلی ڕەخنەگرانە لەمەڕ نووسەر و خوێنەر و ئەو شتەی بە «هەقیقەت»ی دەزانین گومانیان لەسەر بێ و سەرلەنوێ ڕێکوپێک بکرێنەوە و ئەم کارە لەوانەیە میتۆد و ڕەوشتی خوێندنەوە و ڕاڤەی دەقی ئەدەبی بگۆڕێت.

کەواتە ڕەنگە بۆمان هەبێت لەنێوان ڕەخنەی ئەدەبی و تیۆریی ئەدەبیدا جیاوازییەک دابنێین. ئەگەر ڕەخنەی ئەدەبی بریتی بێت لە خوێندنەوە و شیکردنەوە و ڕاڤەی ئەو دەقانەی کە پێیان دەگوترێ ئەدەبی، لەم حاڵەتەدا تیۆریی ئەدەبی دەشێ دوو کار بکاتن. یەکەم ئەوەی دەشێ پێوانەگەلێکی جۆراوجۆر بۆ تاوتوێکردنی ئەدەبیات بخاتە بەردەست. زانیاری و ئاگاداری ئێمە لە مەڕ ئەم پێوانانە دەشێ لەسەر خوێندنەوەی ڕەخنەگرانەمان بۆ دەقی ئەدەبی شوێن دانەربێ. هەندێ لەم پێوانانە لە باسوخواسەیلی تیۆرییەکانی زماندا لە بەشی سێ و پاژی ئایدیالۆژیی بەشی چوار لێیان دەکۆڵدرێتەوە. دووەم ئەوەی کە دەبێ ئەو شێواز و ڕێبازانەی کە لە ڕەخنەی ئەدەبیدا ڕەچاویان دەکەین و بەکاریان دێنین بۆ ئێمە دەسنیشان بکات، بۆ ئەوەی بتوانین هەم لە دەق و هەمیش لە ڕەوشتەکانی خوێندنەوە و ڕاڤەی دەق بکۆڵینەوە و شەنوکەویان بکەین. بە وتەیەکی وردتر، دەبێ لەنێوان «تیۆریی ئەدەبی» و «تیۆریی ڕەخنەگرانە»(١٦) لەم لایەنەشەوە جیاوازی دابنێین کە تیۆریی ئەدەبی هەر لە بنەڕەتەوە بە «ئەدەبیات» و «بابەتی ئەدەبی»یەوە سەرقاڵ دەبێت، لەحاڵێکدا تیۆریی ڕەخنەگرانە خۆی بە چییەتی و بەسرپشتی ڕەخنە و کردەی ڕەخنەی ئەدەبییەوە خەریک دەکات. ئەم دوو لایەنە زۆرتر وەک پاژێک لە بابەتی گشتیی «تیۆریی ئەدەبی» لە قەڵەم دەدرێن و لە ڕاستیدا هەندێک لە تیۆری داڕێژان زۆرجار لە بری تیۆریی ئەدەبی لە تیۆریی ڕەخنەگرانە دەکۆڵنەوە کە ئەم بابەتە پیشاندەری نەرمونیانی یان لەوانەیە نا دروستیی زاراوەگەلێکە کە بەداخەوە لە کۆڵ کاروباری تۆژینەوەی ئەدەبی نابنەوە. بێگومان دوو پانتایی ئەم تیۆرییە وەک تیۆریی ئەدەبی و ڕەخنەی ئەدەبی بە تەواوی لێک جیا نین، بەڵکو ئەوەی ڕاستی بێت بەشێوەیەکی بەرامبەر کار دەکەنە سەر یەک و پێوەندییەکی دوو لایەنەی پشت ئەستوور بە یەکیان هەیە. خشتەی خوارەوە پێوەندیی نێوان ئەدەبیات و ڕەخنەی ئەدەبی و تیۆریی ئەدەبی وێنا دەکات.



ئەم خشتەیە مۆدیلێکی پڕ بە پێستی پرۆسەگەلی ئەدەبی و ڕەخنەگرانە ناخاتە بەردەست: هەندێ کەمایەسی دیاری هەیە، بەتایبەت نەبوونی نووسەر و خوێنەر تێیدا کە زۆرجار لە توێژینەوەی ئەدەبیاتدا وەک دوو هۆکاری گرینگ و بنەڕەتی دێنە ئەژمار. لەوانەیە لێرەدا سەرنجمان بەو خاڵە دابێ کە هەندێ لە تێڕوانینە تیۆریکەکان- بە پێچەوانەی ڕوانگە نەریتییەکان- هێندە بە نووسەرەوە ماندوو نابن و باسی ناکەن و لەتوێژینەوەی ئەدەبیاتدا بەمانای کۆمەڵێک دەق یان تاقە دەقێک، نووسەر بە خاڵی حاشا هەڵنەگری دەسپێک نازانن.

## پێویستە ئەزموون وەک سەنگی محەکێک لە ڕەخنەی ئەدەبیدا بە وردی تاوتوێ بکرێ

### ئەدەبیات و ئەزموون

یەکێک لە ئەستەمترین کێشەکان لەمەڕ نیسبەت دانی خوێندنەوە و ڕاڤە بە باسوخواسەیلی تیۆرێک ئەمەیە کە تێگەیشتنی ئێمە سەبارەت بە شیعرێک، ڕۆمانێک یان دەقێکی شانۆیی ناچارەکی پشت بە ئەزموونی ئێمە لەسەر ئەو دەقە دەبەستێ و ئەم ئەزموونەش لەسەردەستی ئەزموونەکانی ئەدەبی و غەیرە ئەدەبیی پێشوومان دیاری دەکرێت، بەڵام ئەزموون بۆی هەیە هەڵگری چەندین واتای جۆراوجۆر بێت و زاراوەیەکە کە دەکرێ بۆچوونگەلێکی تەواو دژوازت لەسەری هەبێ: بۆ وێنە، جیاوازیی نێوان ئەزموونی جیهانی واقیع و جیهانی زمان، کە لە بەشی دواتردا لێی دەکۆڵینەوە.

توێژینەوەی ئەدەبیات پێوەندییەکی تۆکمەی لەگەڵ قەڵەمڕەوی ئەزموون و زاراوەگەلی پێوەندیدار بەوەوە هەیە، زاراوەی وەک «هەست و سۆز» و «لایەنی عاتیفی». هەر بۆیە بەتایبەت لە زانکۆکاندا توێژینەوەی ئەدەبی وەک شتێکی دژواز لە هەمبەر زانست و زانستی کۆمەڵایەتی دەزانن. بۆ فێربوونی وانەگەلێکی وەک فیزیک و کیمیا، و بەشێوەیەکی بەرچاوتر کۆمەڵناسی یان فەلسەفە، تیۆری بەگرینگ دەزانن، بەڵام لەو لقانەی کە زۆرتر وابەستەی هونەر یان زانستی ئینسانین، تیۆری زێتر وەک بابەتێکی پەراوێزی یان تەنانەت نەشیاو چاو لێ دەکەن. توێژینەوەی مێژوو هەمووکات بە ڕاشکاوی پێویستی بە لێکدانەوە و تاوتوێکردنی تیۆریی مێژوویی نییە و وەک چۆن بەرلەمە ئاماژەم پێکرد، فێرکاریی ئەدەبیات لەبەریتانیادا زۆر دژ بە باسوخواسەیل و ڕوانگەگەلی تیۆریک بووە. ئێف. ئار لیویس ڕەخنەی ئەدەبیی بە شتێکی جیاواز لە یاساو ڕەوشتەیلی کۆمەڵناسی یان فەلسەفە دەزانی.

لیویس پێی وابوو کە بنچینە و بناغەی فێرکاریی ئەدەبیات «تەنها خوێندنەوەی بەردەوام و فێرکراوی دەقەیلی ئەدەبی»یە و لەم ڕێگەیەوە دەکرێ بە تەواوی لە «ئەزموونی بەرهەستی مرۆڤ» (١٧) بگەین. بەتایبەتی، چەمکگەلێکی وەک هەست و سۆز و لایەنی عاتیفی زیاتریش بەناوی «ڕەخنەی پراکتیک» بنچینەی تەوەری تەجرەبی یان ئەزموونگەرایی فێرکاریی ئەدەبیاتیان پێکهێناوە. لە «ڕەخنەی پراکتیک»دا وا گریمان دەکرێ کە خوێنەر بۆی هەیە لە ڕێگەی ئەزموونی نێو دەقی ئەدەبییەوە یان لە ڕێگەی ئەزموونی نووسەرەوە کە لەسەر دەستی دەق خۆیا دەبێ، خۆی پێناسە بکات و پتر لەخۆی بگات، بەڵام لەوەدا کە لەم شێوازەی ڕەخنەی ئەدەبییەدا بە وردی هەست و عاتیفەی چ کەسێک مەبەستی بابەتەکەیە، ئەوەیان پرسێکە و زۆری لێ ناکۆڵدرێتەوە. وێدەچێ ئەدەبیات ئەزموونێکی بالادەست(١٨) و جیهانشمول دەخاتە بەردەستی خوێنەر کە ڕەخنەی ئەدەبی بۆی هەیە تاوتوێی بکات و بیناسێنێ.

باسی ئەم شێوەیە لە ئەزموون، واتە ئەزموونێک کە لە بێژنگی دەسنیشانکردنی هەست و سۆز درابێ، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر باسێکی پرس ورووژێنی لێ دەردێ، چونکی لێکۆڵینەوەی تیۆریک کۆمەڵێک تێڕوانینی هێناوەتە ئاراوە کە گومان لە سروشت و بالادەستیی ئەزموون، وەک چەشنێک لە تێگەیشتن و ناسین، دەکات. بابەتی سەرەکی کە لەهەندێک باسوخواسەیلی تیۆریکدا هاتۆتە گۆڕێ، ئەمەیە کە لەمجۆرە ڕەخنەیەدا، باسی ئەزموونی کێ دەکەین؟ ئەزموون بابەتێکی زەینی و ڕێژەییە کە لەلایەنی تاکەکەسی و مێژووییەوە شتێکی بگۆڕە و لە ئەدەبیاتدا زمان پێکی دێنێ. ئەمەش خۆی پرسێکی ترە، گەرچی لەوانەیە زۆربەی ڕەخنەگرانی

قوتابخانەی ئەزموونگەرا سەرنجێکی ئەوتۆ نەدەنە زمان، یان زمــان تەنیــا بە لایەنی لاوەکــیی ئەزمــوون یان ئامــرازێک بۆ گــواســتنەوەی ئەزمــوون بزانن. لایەنە پڕ پێــچوپەنا و چەند توێژەکـانی ئەزمـوون لە زۆربەی هەرە زۆری ڕەخنە ئەدەبییـەکاندا لەبەر چاو نەگیـران. لە بری ئاشکراکردن و نیشـاندانی سریشـتی فرە لایەن و بگۆڕی ڕاڤە و پێداگرتن لەسەر گرینگیی خوێنەر بەپێی مێژوو و جنس و چینی کـۆمـەڵایەتی و پێـوەندیی بەرهەم هاتووی وی لەتەک دەقـدا، ئەم شـێـوە ڕەخنەیە زۆرتر بەتەمـا بوو حەقیقەتێکی گشتی یان جیهانشمول دەسنیشان بکات، هەقـیـقـەتێک کـە هەمـوو کـەس باوەڕی پێی هەبێت و ئەزمـوونەیلی هاوبەشی تاکـەکـەسی بە ڕواڵەت پشـتی بگرن. ئەم ئەزموونە تاکەکەسییەی باسمان کرد زۆرجار لەسـەر جـیـاوازییـەکـانی نێـوان خـوێنەران پێداگرییـەکی ئەوتۆی نەدەکرد. لە ڕاستیدا شێوازی دەربڕینی بابەتەکان لە زۆربەی نڤـیـسـانەیلی ڕەخنەگرانەدا پیـشـاندەری ئەم گریمانەیەیە کە هەر لە بنەڕەتەوە جەماوەری خوێنەر پیاون و زۆرتر ڕووی لەکــۆمــەڵێک بەهای کــۆمــەڵایەتی و کولتووری هاوبەشە.

کەواتە پێویستە ئەزموون وەک سەنگی مەحەکێک لە ڕەخنەی ئەدەبیــدا بەوردی تاوتوێی بکرێ. ئەزمـــوون دەتوانێ ئەو پرۆســانەی کــە لە ڕێگای ئەوانەوە مــانا جۆراوجۆرەکان بەرهەم دێن بخاتە ژێر ڕکـێفی خۆیەوە و ببـێــتــە هۆی ســەلماندن و پەسندکــردنی ئەو بەها یان «هەقیـقـەتانە»ی کـە جگە لەوەی پاژێکن لەو بەرهەمـە، پاژێکیـشـن لەتانوپۆیەکی کـولتـووریی بەرفـراوانتـر. لەلایەکی ترەوە، پێــویست ناکـات ئەزمــوون و تیــۆری لەهەمبەر یەک دابنێین. لە بری پشت بەردانی ئەزمـوونی خوێندنەوە، تیۆریی ئەدەبی لە دەستی دێت پشتی بگرێت و نەفـەسی تازەی بەبەردا بکات و ڕزگـاری بکات. وەک لە بەشـەکـانی دواتریشـدا ئامـاژەی پێدەکـەین، تیـۆریی ئەدەبی لە ڕێی گـومـان کردن لە هەندێ داب و دەستـوور و بۆچوونی زاڵ بەســەر شـێــوازەکــانی ڕەخنەی نەریتی (ترادسـیـۆنال یان سـونەتی)، دەتوانێ وردبینانەتر لە دەقەیلی ئەدەبی و ئەزموونگەلی حاسڵ لەوان تێبگات و فامیان بکات.

**پەراوێزەکان:**

1- Structuralism.
2- humanism (مرۆڤ خوازی)
3- common sense.
4- tradition.
5- polarization.
٦- Matthew Arnold (1822- 1888)، شاعیر و ڕەخنەگری بریتانیایی سەردەمی ویکتۆریا.
٧- Rupert Brooke (1887- 1915)، شاعیری جوانەمەرگی بریتانیایی.
8- traditional criticism.
9- method.
10- value.
11- tone.
12- character.
13- moral vision.
14- disinterestedness.
15- experience.
16- critical theory.
17- concrete human experience.
١٨- transcendent، بەختیار عەلی لە کتێبی «ئیمان و جەنگاوەرانی» بالاگا-ی لە بری ئەم وشەیە بەکارهێناوە

**ژێدەر:**

Studing Literary Theory, An Introduction Roger Webster, Reprinted, 1993 pp 1-11.

# توخیب تا چەندەکێ پێتر دەرباس نابیت*

## هەلبژارتنا نموونێ بلند و رەوشەنبیریا بێهودەیێ

**سەبیح محەمەد حەسەن**
**(دهۆک)**

نڤـێـســەر یێ تووشی ئالوزیێ بووی دەمێ هاتی ئەڤ ناڤونیشانە بۆ دەقی ژێگرتی: (توخیب تا چەندەکێ پێتر دەرباس نابیت) کو ئێک جار هەلبژارتنەکە نەجهێ خودایە و چ پەیوەندی ییێن دیار دگەل دەقی بخو نینن، هەروەسا ناڤونیشانەکێ درێژە وەسا باشتر بوو هەکە پەیڤەک یان دوو پەیڤ بانە کو ژ سەقایێ گشتی یێ دەقی هاتبانە وەرگرتن وەکی:

١- ژیژی ٢- زڤرۆک و.. تاد.

### بەری دەق بهێتە نڤێسین

ژ دەرڤەی دەقێ سەرەکی ئەم دشێین ئەڤێ پێشەکییێ پێشبینی بکەین کو دکەڤیتە دەمێ بەری دەق یان نڤێسین دەستپێ بکەت: کەسێ سەرەکی ژوان کەسان بوو یێن کو دگەل هێلا جڤاکی دچوو، بەلێ ژ ئەگەرێ پاشکەفتنێ و پاشی هوشیاربوونێ تووشی ڤەچنقینەکێ دبیت و بریارێ ددەت ژ جڤاکی ڤارێ ببیت و بۆ خۆ ژیانەکا تایبەت دانیت یا دویر و هەڤدژ دگەل کۆمێ، ئانکو ل بەراهییێ ئەوژی وەکی هەمی یا بوو د پرۆسا رازیکرنا دوژمنی دا، بەلێ د دەلیڤەکا هوشیاربوونێ دا بریارا خۆ ڤەدەرکرنێ و ڤەقەتیانێ ژ کۆمێ ددەت و دکەڤیتە بەر روناهی یا کریارا نڤێسینێ و دچیتە ناڤ دەمێ وێ دا، هۆسا ئەم دبینین ل خالا ڤارێبوونێ و خۆ ڤەدەرکرنێ ئەڤ دەقە هاتییە نڤێسین، ئانکو ئاستێ هوشیاریێ یێ کەسێ سەرەکی د دو قۆناغێن سەرەکی دبۆریت:

١- قۆناغا ئێکێ کو ئاستێ هۆشیارییا وی ل پلەکا

نزم بوو و یێ داخبار بوو ب مێشکێ کۆمەلگەهێ.

٢- قـۆناغـا دوویێ و ل خـۆڤـەگـریانێ کـو ئاسـتێ هوشیـارییا وی جنیـقـەک ڤێ دکەڤیت و خۆ دبینیت یێ هەڤدژ دگەل رەڤا خۆ، بەلێ دسەر ڤێ یاخبوونێ را رەوشا بەری دەقی حـەتا دومـاهییێ ژی هەر بەردەوام دبیت، ئانکو پرۆسا رازیکرنا یێ دی خۆ هەکو دوماهی ژی پێ دهێت د دویڤ خورا رەوشەکا بێ هودەیێ دهێلیت.

**هەبوونا نموونێ بلند**

پرۆسا نڤێسینا ڤی دەقی پرۆسا دەستپێکرنا هەلبژارتنا نموونەکێ بلندە، ئانکو وەکی هەر کـەسـەکێ داخـبـار ب ئایدلوژیایەکێ یان هزرەکێ کـەسێ سـەرەکی دەست ب دانانا نموونێ خۆیێ بلند دکەت کو چەندین جارا ژ گەلەک لایاڤە دهێتە ئاگەهدارکرن ب مەترسیيا کریارا وی بەلێ هزرا بێ مفابوو، چونکی ئەو جڤاکێ ئەو ئاگەهدار دکر جهێ بێ هیڤی یا وی بوو، ئەڤێ چەندێ ژی هەڤدژییەکا مەزن تێدایە، ئانکو ئەو تشـتێ دبیـتە نموونێ بلند هەر ئەو تشتە ئەوێ ژلایێ خەلکی ڤە دبوو یێ دی یێ دوژمن دهێتە پێشکێش کرن، ئەڤ کریارا پێشکێشکرنێ ژی ل دوماهییا دەقێ رەواتی یا خۆ وەردگریت پشتی کەسێ سەرەکی تووشی بێهۆدەیێ دبیت ژ نموونێ خۆ یێ بلند.

ب رەنگەکێ دی ئەڤ گـێـڕانـەوەرە وەکی نموونە دوو رۆلێن گەلەک ژ هەڤ دویر دبینیت:

جارەکێ وەکی قوربانی بۆ خۆشکرنا ژیانا خەلکێ خۆ ب رێکا رازیکرنا یێ دی یێ دوژمن و جارەکێ ژی وەکی رزگـارکـەرەک ژبۆ قـورتالکرنا خـەلکێ خۆ ئەوێ تووشی خـاپاندنێ بووی و ئەوێ ب دروسـتـاهی بهـایێ وی نەزانیت، ئانکو ل ڤـێـرێ ئەڤ گـیـانەوەرە هێـمـایەکێ سـەرڤـەیە بۆ ژناڤـبـرنا سـامـان و هێـزا خـەلکەکی بۆ دوژمنەکی کو ل دوماهییێ ب هندێ ژی رازی نابیت:

**ژیژی- قوربانی ژبو رازیکرنا یێ دی**

**نموونێ بلند و مەترسیدار ژبو پاراستنێ و رزگارکرنێ**

ب رەنگەکێ دی ئەو بیاڤێ ئەڤ هێمایە بو دەقی پەیدا دکەت بیـاڤەکێ گەلەکێ بەرفرەهە سەرەرای هندێ کو ب کارئینانا وێ کویراتییەکا گەلەک مەزن تێدا نینە.

**نموونێ بلند و زڤرۆکا جاران**

ڤارێبوونا کەسێ ئێکێ ژ کۆمێ بوو ئەنجامێ پەیداکرنا بێ هیڤییەکا مەزن کو وەلێ کر بۆ خۆ تاکە رێکەکێ ب هەلبژێریت کو هەمان رێکە خەلکی ژێر بۆ خۆ هەلبژارتی بەلێ بۆ دوو واتایێن هەڤدژ: خەلکی بۆ خۆشکرنا ژیانا خـۆ دگـەل یێ دی ئانکو ژیژی ل دەف وان رێکەکـە بۆ پەیداکرنا خۆشییێ و خۆ دویرئێخستنێ ژ سەرگێژیێ، و کـەسێ سـەرەکی ژی بۆ پاراسـتنێ و تاکـە رێک بۆ رزگارکرنا خۆو خەلکێ خۆ ژوێ سەرداچوون و ڤارێبوونا ئەو تێـدا، ئانکو ژیژی وەکی هێـمـا قـوربانی یە و رزگارکەرەو ل هەردو جهان وەکی ئالاڤ بۆ یەک ئارمانج هاتییە ب کارئینان ئەوژی پەیداکرنا خۆشییێ و تەناهییێ، بەلێ ئایا کیژ بۆچوون دروستترە؟

بۆچوونا مـێشـکێ کۆمێ کـو باوەڕی ب چ نموونێن بلند نائینیت و تنێ ل خۆشی یێن وەختی دگەڕێیت و دزانیت دێ ل دومـاهییێ هەر (تەمـەنی) دەت! یان ژی بۆچوونا تاکە کەسی ئەوێ یاخی بووی و خۆ ڤەدەرکری و دوماهییێ تەپا ل سەرێ خۆ ددەت، چونکی گوهێ خۆ نەدا خەلکێ خۆ و بۆ دیار دبیت چییێ هاتە سەر کورسیکێ ژبەری خۆ خرابترە!!

هۆسا دیار دبیت کو کریارا پێشکێشکرنا ژیژی وەکی قوربانی بۆ یێ دی کریارەکا هوشیـارانە بوو چونکی ئەو خەلک یێ زانا و ئاگەهدار بوو ب زڤروکا کورسیکێ و دەسەلاتێ لەورا ئەوان کەسێ سەرەکی بەردەوام ئاگەهدار دکر کـو ئەوێ تووشی خـەلەتییێ دبیت دەمێ نموونەکێ بۆ خـۆ دکـەتە ئارمـانج و رێک بۆ رزگـارکـرنێ چونکی ل دومـاهییێ هەکو دچیـتە سەر کورسیکێ دێ ب هەمان کریارا تەپەسەرکرنێ رابیت لەوا نوکە ئەو یێ دی دکەنە قـوربانی بەری ئەو وان بکەتە قـوربان بەلێ دسـەر ڤـان ئاگەهدارکرنا ئەو رژدبینت ل سەر رێبازا خۆ و موراهەنێ ل سـەر وێ رێکا وی بۆ خـۆ هەلبـژارتی دکـەت و هەمی تشتان پشت گوهێ خۆڤە دهاڤێژیت و بڕیارێ ددەت دگەل نموونێ خۆ حەتا دوماهی یا قۆناغێ بچیت.

**شەرەنیخ دناڤبەرا دو ئاستێن هوشیاریێدا**

ل دوماهییێ پشتی هەمی ئاستەنگ دهێنە لادان دەلیڤە بۆ پروژێ کەسێ سەرەکی و یاخیبووی هەلدکەڤیت ئەوژی پرەنسـیـپـێن خـۆ ل سـەر ریالسـتی تاقی بکەت، بەلێ

سەرتیرا وی ڤ بەری دکەڤیت و ئەو هزرێن وی کرین هەمی ب ئاڤێدا چوونە خارێ و بۆ وی دیاربوو کو هندی وی کری یا ژ قەستا بوو، و ئەو نموونێ بلندێ وی هەلبژارتی چ جیاوازی یەکا وەسا نەبوو دگەل یێن بەری خوا!! و ژیژی سۆرو سۆر دبێژیتێ:

هەلویستێ خۆ دیارکە تو ژ منی یان نەء..

وەختێ تەپەسەرێ چوو، نوکە ئەزێ ل سەر کورسیکێ و نەیا گرنگە ئەز چاوا هاتیمە یان کێ ئەز ئینایمە، دڤێت هەمی وەکی من بن یان دێ ژناڤبەم!!. هۆسا جارەکا دی خودانێ پرۆژێ نموونێ بلند تووشی بەرزەبوونێ و شەپرزەبییا هەلویستا دبیت و جارەکادی نزانیت کانێ چ بکەت؟: جارەکا دی وەکی خەلکێ سادە لێ بهێت تنێ ل خۆشی یێن وەختێ بگەرێین و رازیکرن و گوهداریکرنا دوژمنی بکەت؟! یان ژی جارەکا دی ژ سفرێ دەست پاڤێتە ئەلتەرناتیڤەکێ دی، ئانکول دوماهیا دەقی دڤێت ڤێ نامێ بگەهینیتە مە: ئاستێ هوشیاری یا کومێ یان خەلکێ عادی گەلەکێ دروست تر بوو و هوشداری یێن وان د جهێ خۆدا بوون ئەڤە ب هزرا من بۆچوونەکا پڕ مەترسییە چونکە ئاستێ هوشیارییا کومێ تێکهەلبوونەک بوو ژ خۆ ب دەستڤەبەردان و رازیکرنا یێ دی و گەڕیان ل دویڤ خۆشی یێن وەختی ل سەر حسێبا پرەنسیپێن بلند و هەلویستێن چارەنڤیسساز و ل دویف خاندنا من ئەڤ دەقە دکەڤیتە ژێر خانا وان دەقێن فەلسەفا بێ هودەیێ بەلاڤ دکەن و پەیامەکێ دگەهینن کو هەمی لایەنێن جڤاکیێن ئاسایی و سیاسی و رەوشەنبیری وەکی ئێک چ جیاوازی دناڤبەرا واندا نینە هەر کەسەکێ گەهشتە کورسیکێ دێ هەمی پرەنسیپ و هەلویستێن خۆیێن شۆڕەشگێرانە ددەتە رەخەکی و دەست هاڤێتە بەرهەمئینانا رەوشەنبیریا سەرکوتکرنێ و پەیرەوکرنا پەرستنا تاکە کەسی!!.

بۆچی ژیژی: هەروەکی ل دەستپێکێ هاتی یە دیارکرن کو ئەڤ گیانەوەرە هاتییە نیاسین ب گیاندارەکێ کیڤی و لادای ژ یاسایێ هەروەسا ژبەر کو مارێن دوژمنی دخۆت دیسا و یا ژ هەمییێ گرنگتر ئەوە کو گیانەوەرەکێ تەپەسەرە و تووشی مەزنترین و پیسترین رێکێن ئەشکەنجەدانێ دبیت دەمێ دهێتە پێشکێشکرن وەکی قوربانی و ئەز وەسا بۆ دچم کو گرنگییا هەلبژارتنا ڤی گیانەوەری د هندێ دایە دا ل دوماهییا کورتە چیرۆکێ پەیاما دەقی ب دروستی بگەهیت ئەوژی ئەڤەیە: بەرێ خۆ بدەنێ خۆ تەپەسەرکری ژی ب سەرکەڤن و بچنە سەر کورسیکێ دێ جارەکا دی وەکی یێن بەری خۆ پرۆسا سەرکوتکرنێ دوبارەکەنەڤە ئانکو ئەم دشێین بێژین پرۆسا دوماهییێ یا واتای هەر ژ دەستپێکێ نەخشە بۆ هاتبوو دانان دابگەهیتە وێ دوماهی یا مە دیتی.

**سەرچاوە:**

*** خالد صالح، د تەنی یا خۆ را ما خەملاندی، کۆمەڵە چیرۆک، ٢٠٠٤. دهۆک**

# له مۆدێرنیتەوە بۆ پۆست مۆدێرنیتە

**دەڤید هێڵد**
**و/ له فارسییەوە: ئیسماعیل ئیسماعیل زادە (بۆکان)**

به باوەڕی «فۆکۆیاما» یەکێک له تایبەتمەندییەکانی مۆدێرنیتە، سەرکەوتوویی چەمکێکی تایبەتە له دیاردەی سیاسی و سیاسەتیش، یانی سەرکەووتوویی تێگەیشتنێکی لیبراڵ له مۆدێرنیتە. مۆدێرنیتە بریتییە له دروست بوونەوەی جیهان بەپێی ئەسڵ و بنەڕەتەکانی لیبرالیزم، له ڕوانگەی «ئەلێکس کالینیکوس»دا مۆدێرنیتە بریتییە له مۆدێرنیتەی سەرمایەداری، ئەمە شوناسی سەرمایەدارانەی کۆمەڵگای مۆدێرن و دەوڵەتی مۆدێرنە کە کەسایەتی و دەورگێڕانی سەرەکی ئەوان دیاری دەکا، «ئانتونی گێدینز» لەو کەسانەیە کە لەبەرامبەر هاوسەنگکردنی مۆدێرنیتە لەگەڵ لیبرالیزم، یان مۆدێرنیتە لەگەڵ سەرمایەداریدا وەستاوە. «گیدێنز» له حاڵەتێکدا له ڕادەبەدەر لەسەر دەنگ و ئەندێشەکانی مارکس له بیرمەندان و فەیلەسووفانی تر- داکۆکی دەکا، بەشێوەیەکی ڕەخنەگرانە لەسەر تایبەتمەندی، یان عادەتی چەند ڕەهەندیی مۆدێرنیتە، وێنە«علّی»یە ئاڵۆزەکانی مۆدێرنیتە، مەنتیقی سەقامگیری «مۆدێرنیتە» و تایبەتمەندیی بنەڕەتی و پێویستی زاتی گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیش پێداگری دەکا.

له ڕوانگەی «گیدێنز»ە وە چوار لایەن، یان ڕەهەندی سەرەکی سەقامگیر بۆ مۆدێرنیتە هەیە:

أ- لایەنی سەرمایەداری (سیستمی بەرهەمهێنانی کاڵا بۆ بازاڕ کە تێیدا ئەو کارەی حەقدەستی دەدرێتێ بە چەشنێ کاڵا دادەنرێ).

ب- لایەنی پیشەخوازی (بەکارهێنان و کەڵک وەرگرتن له سەرچاوەکانی هێز جگە له هێزی بوونەوەر، یان مرۆڤ، ئەویش له ڕێی ئامراز و تەکنیکە پێکهێنەر و

داهێنەرەکانەوە بۆ گۆڕین و ئاڵوگۆڕیی سروشت).

ج- لایەنی هێزی بەڕێوەبەری ئامادەکراو کە لە ڕێی چاودێری و پاراستنەوە سەقامگیر کراوە (کۆنترۆڵکردنی ئاگاداری و چاودێری و پێداچوونەوە بەسەر چالاکییەکانی جەماوەری هەڵسوڕاو لەلایەن دەوڵەت و باقی ڕێکخراوەکان).

د- لایەنی هێزی سەربازی «سەقامگیرکردنی ئامرازی گوشار و توندوتیژی بە دەستی دەوڵەت».

هیچ کام لەم بابەتە چوار ڕەهەندیە سەقامگیرەی مۆدێرنیتە لەجێی ئەوی تر دانانیشێ، چونکە فۆرم و مەنتیقی هەرکامیان لەگەڵ فۆرم و مەنتیقی سێ لایەنی تر جیاوازە، بۆ وێنە گەشەسەندن و پێگەیشتنی دەسەڵاتی سەربازی چەک و چۆڵ لەسەر فۆرم و پێکهاتەی گەشە و کامڵبوونی سەرمایەداری و هەروەها لەسەر وێنەی توێژە و دژایەتی چینایەتیدا شوێنی داناوە و بۆتە یاریدەدەری سیستمی دەسەڵاتێک بۆ ئەوەی لە جێی سەرمایە دانیشێ- یانی یارمەتی داوە بەسەر هەڵدان و دەرکەوتنی سیستەمی مۆدێرنی دەوڵەتە نەتەوەییەکان. بەم پێیە بە سەرنجدان بە مەنتیق و پێگەییی سەرمایەداری، ناتوانین بە هاسانی حاڵی بین لەم فۆرم پێدان و خولقاندنی سیستەمی دەوڵەتە نەتەوەییەکان و دامەزراندنی سیستەمی هێمنایەتی و نەبوونی ئاسایش)ی نێونەتەوەیی.

«گیدێنز» پێی وایە هەرکام لە لایەنە سەقامگیربووەکانی چوار چەشنی ناوبراو هەڵگری کۆیەک لە ڕەوت و پێکهاتە-عەلی- یە دیار و تایبەتەکانی خۆیانن، بەڵام بەگشتی ئەم چوار لایەنە چوارچێوەیەک دادەڕێژن بۆ ئەوەی لە بەشێک لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکان، ڕەوتەکانی پێشکەوتن و گەشە و کێشە ئامادەکانی نێو کۆمەڵگای مۆدێرن حاڵی بین.

«گیدێنز» لەسەر ئەم بۆچوونەیە کە لێکدانەوەی مارکس سەبارەت بە میکانیزم و ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و دانووستانی سەرمایەداری دۆزینەوەی فۆرمەکانی «دەسەڵاتداری و چەوساندنەوەی چینایەتی تەنانەت ئەمرۆکەش گرینگایەتی و هەنووکەیی خۆی پاراستووە، گەرچی«گیدێنز» پێی وایە کە لێکۆڵینەوەی مارکس زۆر گرنگە، بەڵام لە بیری مارکس و بە شێوەی تر لەمارکسیزمدا خاڵە شاراوەکانی، یان کەلەبەرەکان دەچنەوە سەر لایەنی جۆراوجۆری مۆدێرنیتە کە بریتین لە:

- هەڵسەنگاندنی دەسەڵات بەشێوەیەکی ورد و ئەرخەیان بەخش، بەتایبەتی دەسەڵاتی سەربازی و بەکارهێنانی ئامرازەکانی گوشار و توندوتیژی لەلایەن تاک و کۆمەڵگا و دەوڵەتەکانەوە.

لێکدانەوەی بە پەلە و نا دروست لەسەر دەسەڵاتی بەڕێوەبەر و ڕەنگدانەوەی ئەم جۆرە لێکدانەوەیە لە دەوڵەتە نەتەوەییەکاندا «خۆبواردن لە هەڵسەنگاندن، یان بەرچاوگرتنی سەرچاوە و فۆرمە جۆراوجۆرەکانی دژایەتی و سیستماتیک کە نابێ وا بزانرێ کە بەشێوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ توێژەکان پێوەندی هەیە.

بە بۆچوونی «گیدێنز» دەبێ لە هەر کۆییەکی سەقامگیری مۆدێرنیتە وەکو هەرێمی دژایەتی، یان جیاوازی، تێ بگەن، بزووتنەوەی چینی کرێکار، یان بزووتنەوەی کرێکاری هەمیشە چەشنێ وەڵامی گشتییە بە ڕەوتی گۆڕانێک کە لە هەلومەرجی مۆدێرنەوە هەڵقولیبوو، مارکس بەهۆی هاوتاکردن، یان وەکو یەکدانانی سەرمایەداری لەگەڵ مۆدێرنیتە و وەکو یەک زانینی بەرەکانی چینی کرێکار لەگەڵ بەرژەوەندی پێشڕەو و پێشکەوتوو خوازانەی بە دوور لە تاقم و دەستەخوازی- یانی بە تێگەیشتن لە ڕوانگەی چینی کرێکاری وەکو ڕوانگەیەکی هەمە گر و جیهانی-لەم دوو بابەتە تەوەریە غافڵ بوو:

یەکەم: ئەوەی کە چەند جۆرە سیاسەتێک هەیە کە ناتوانرێ تەنیا هەر لە ڕوانگەی چینایەتییەوە لێی حاڵی بین.

دووەم: ئەوەی کە هەرچەشنە هەڵسەنگاندنێکی «ڕەخنەگرانە» لە مۆدێرنیتە، دەبێ هەڵگری دەلاقە، یان ڕوانگەیەکی زۆر بەر فراوان و بەربلاوتر لە بەرژەوەندییە کرێکارییەکان بێ هەتا بتوانێ نوێنەرایەتی « سیستمێکی کۆمەڵایەتی و دادوەرانە» وە ئەستۆ بگرێ.

«گیدێنز» لە نێوان چوار لایەنی تەوەری مۆدێرنیتە و چوار جۆرە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیدا گەلێک دەدۆزێتەوە کە هەم پێکهاتەی ئەم چوار لایەنەن و هەم لە دووبارە فۆرم بەندی کردنی بەکارگێریان دەست و پێوەندی هەڵسووڕ دادەنرێن، ئەگەر بزووتنەوەی کرێکاری وەکو بەرهەمی بڕیاری سەرمایەداری وەڵامێکی ڕەخنەیی، یان کردەوەیەکی توندوتیژانە لە بەرامبەر «مۆدێرنیتەدا» سەرهەڵێنێ، بزووتنەوەی ناوچەیی بە بەرهەمی ئاوابوونی بزووتنەوەی ناوچە ناسی و قەیرانێکی دژ دادەنرێ کە بە دوای هاتنە ئارای پیشەخوازی وەڕێ کەوتووە.

لە سیستەمەکانی دەسەڵاتدا شوێن و جێگەی بزووتنەوەکانی مافی مرۆڤ نا سەلمێندرێن و هیچ چەشنە ئەرکێک وەخۆ ناگرن، کەچی بزووتنەوەی ئاشتیخوازی بەرهەمی پێکهاتەی هاوچەرخی هێزی سەربازی بووە و وەکو هێزێکی دیار لە بەرامبەریدا دەوەستێ.

ســــەبارەت بەم بزووتنەوانە، بە لێکدانەوەی بواری پێکهاتەیی سەردەمای تێپەڕین کە لەلایەن دامەزراوە مۆدێرنیــتــەکــانەوە ئاراســتــە کــراون- ئەو ڕوانگە یان دەلاقەیەی کە «گیدێنز» پێی دەڵێ «ڕیالیزمی خەیاڵی» پێوەندیدانی ڕوانگە جێگرەکان دەبێتە چەمکسازی، یان نووســینەوەی چەمک بۆ شــتــێک کــە دەتوانێ ببــێــتــە ئەوپەڕی مۆدیرنێتە.

لە ئاستی خوارەوە چاومان بە بزووتنەوەی جێگیربووی مۆدێرنیتە دەکەوێ کە دەبێتە هۆی پێکهاتنی پرۆژەکانی داهاتوو هەروەها توخمی جێگیربووی سیستەمێکی پاش مۆدێرن.

«گــــیــــدێنز» پێی وایە کــــە ئەندێشــــە دووبارەی سوسیالیزمی شۆڕشەکانی «١٩٨٩-١٩٩٠» بە مانای دۆزینەوەی پرەنسیپی سەقامگیر و جێگرە بۆ هەرکام لەلایەنە گــرینگەکــانی مــۆدێرنیــتــە. تەنیــا وەها دۆزینەوەیەک دەتوانێ ئێمە بەرە و ئەوپەڕ مۆدێرنیتە و دیمەنی نەرمی پاش مــۆدێرن ببــا. هەم هێنانە بەر زەینی وەها نەزمێک زۆر دژوارە و هەم بە ئاکام گەیشتنی وەها نەزمێک زۆر لەوە ئاڵۆزترە کە سوسیالیستەکانی پێشوو، یان ئارمانخوازانی بیریان لێدەکردەوە، بەڵام بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە داهاتوخوازەکان و تێگەیشتن لە گەشەی سەقامگیری مۆدێرنیتە دەبنە هۆی درووستبوونی چەند ڕێبــیــەکی نوێ، کــــەچی نەزمی پاش مــــۆدێرن بۆ سەقامگیربوون نەزمێکی ئاڵۆز دەبێ، بەڵام «نەزمی پاش مۆدێرن» لە چوارچێوەی ئەو چوار ڕەهەندییە کە پێشتر ئاماژەی پێکرا، دەبێتە نیشاندەری بزووتنەوەیەکی بالاتر لە مۆدێرنیتە.

لە هەلومەرجی هاوچەرخدا گــەشــەی شــێــواو و بێ قــاعــیــدەی ســەرمــایەداری، دروست بە ڕادەی مــانەوەی کۆمەڵگا سوسالیستە دەوڵەتیەکان بابەتێکی بێ قایە و مــتــمــانەی پێ ناکرێ. ئەگــەر سوسیــالیــزم بە مــانای «بەرهەمێکی تەواو گەڵاڵە داربێ» ئەوکات دەبێ ئاماژە بکەین کە ئەم سیستەمە ئیتر ناتوانێ درێژە بەکار بدا.

لە کۆتاییدا «گیدێنز» پێی وایە بەشێک لە بزووتنەوە تێکدەرەکان وەها بە ئیکۆ سیستمی زەویدا ڕۆچوون کە ئاوەژوو ناکرێنەوە، لە هەمان حاڵەتیشدا ڕێژەیەک دژ بە بزووتنەوەکــان هەن کــە لەلایەن کــۆی ســەقــامگیــربوونی نەزمــێکی پاش مــۆدێرنیــتــەوە پشــتگیــری دەکــرێن و دەپارێزرێن. هەرچەندە بەهیچ چەشنێ وا دانانرێ کـــە ڕووداوەکــانی جیــهــان بەرە و شــوێنی بڕوا کــە ڕێگاکەی لەلایەن ئەمجۆرە (ڕوانگە ئارمانی) یانەوە دەستنیشــان کــرابێت. بەڵام «گیدێنز» پێی وایە کــە ســەرجــەمی ئەو باسـانەی ئەگـەری بوونی ئەم بابەتە ئاراسـتـە دەکـەن لە زاتیــــانــدا دەتوانن کــــاریــگـەر بن، بەم شــێــــوەیە هەڵسـەنگاندنی ڕەخنەیی سەبارەت بە مۆدێرنیتە وەکـو پرۆژەیەکی حەقی وایە و بە هیچ چەشنێ خۆی لێ نادرێ.

لێــرەدا بۆ تێگەیشــتنی وردتر و باشــتــر لە چەمک و ماناکان کە لە وتاری بەردەستدا هاتە ئاراوە دەبێ وتاری «گـیدێنز» سوسـیـالیـزم، (مۆدێرنیـتـە و ئارمـانخـوازی» بخوێنینەوە و بە وردی ببخەینە بەرباس و لێکۆڵینەوە و سەرنج بدەینە ئەو هۆکارانەی کە «گیدێنز» بۆ خاڵەکانی خوارەوە پێشکەشیان دەکا، ئەم خاڵانە بریتین لە:

١- دۆزینەوەی تایبــەتمەندی و دەست نیــشـــانکردنی تایبـەتمەندییـەکانی مۆدێرنیـتـە وەکو دیاردەیەکی «چەند لایەنی».

٢- دابەشکردنی دەسکەوت و ئاستەنگ و بەرتەسکی چەشنەکانی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی.

٣- داکۆکیکردن لەسەر ئەوە کـە سوسیـالیزم ئیـتر بە ڕادەی (زاڵبوون بەسەر سەرمایە) دانانرێ.

٤- ڕوانگەی «ڕیالیــزمی خــەیاڵی» یان ئارمـــانی ڕوانگەی «گــیــــدێنز» ســـەبارەت بە لایەنی دووری مۆدێرنیتە.

**بەرنامەی «گیدێنز» : لە مۆدێرنیتەوە بۆ پۆست مۆدێرنیتە**

| کۆی سەقامگیری مۆدێرنیتە | چەشنەکانی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی | مەبەستەکانی نەزمی نوێ | ئاراستە سەقامگیرەکانی ئەوپەڕ مۆدێرنیتە |
|---|---|---|---|
| سەرمایەداری | کرێکاری | ڕێکخراوە ئابووریە سوسیالیزەکراوەکان | سیستمی ئەوپەڕی قاتی |
| پیشەخوازی | ئاوچەشنایی (دژی گەشەکردن) | سیستمی چاودێری هەمەلایەنی | ئینسانی کردنی تەکنۆلۆژیا |
| دەسەڵاتی بەڕێوەبردن | مافی مەدەنی مافی مرۆڤ | نەزمی جیهانی ڕێکخراو | بەشداری دیموکراتیانە |
| دەسەڵاتی سەربازی | ئاشتی | هەڵگرسانی شەڕ | ئاوابوونی دەسەڵاتی سەربازی |

## وەڵامی ڕەخنەیی

داکــۆکــیکــردنی «گــیــدێنز» لەســەر چۆنیــەتی چەند ڕەهەندی، یان چەند لایەنی مۆدێرنیتە، هەروەها لەسەر وێنەی جیــــاواز و ئاڵۆزی (مــۆدێرنیــتــە) کــە باسی گۆڕانکاری و گەشە دەکا لە چەند لاوە لە گریمانەکانی تر سەرترە، بۆ وێنە ئەوگریمانانەی کە لەبەر داکۆکیکردن و ســەرنجــدانی یەک لایەنە بە زاراوە ئاشکراکــان (وەکـو شۆڕشی چینایەتی)، دەور و گرنگی بەرچاوی دامەزراوە تایبەتەکان (وەکو هێزی سەربازی) بەرچاو ناگرن، یان بە هیچی دەزانن، یان لەو گریمانانەی سەرترە کە حاڵی نابن

له ڕۆڵی ئەو دیاردە تایبەتانەی پێوەندیان لەگەڵ بابەتە جۆراوجۆرەکان هەیە.

بەم پێیە بە سووک و هاسانی بە پەنای کێشە گرینگەکان (وەکو پێوەندی نێوان ئازادی ئابووری و ئازادی سیاسی)دا تێپەڕ دەبن.

بەمجۆرە ڕوانگەی «گیدێنز» سەبارەت بە پێوەندی و یەکێتی دوو لایەنەی دەوڵەتەکان و کۆمەڵگا و بۆچوونی ئەو لە بابەت تێکەوە پچڕان و تێکهەڵکشانی ئاستی نەتەوەیی و نێونەتەوەیی بۆ خۆگرتنی چاخی مۆدێرن بە بەراورد لەگەڵ زۆربەی ڕوانگە و بۆچوونە سەرەکییەکانی سەدەی نۆزدە و بیست کە باسی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی دەکەن، ڕوانگەیەکی پێشکەوتوو تر و گەشە خوازترە، ئەمەش دەبێ لە ڕەوتە ناوەکییەکانی پەیوەستی کۆمەڵگا یانی لەپێکهاتەکانی هێزی لیبرالیزم، یان پێوەندییە بەرهەمهێنەرەکانی مارکسیزمدا بدۆزرێتەوە. سەرجەمی ئەم گۆڕانکارییانەش لە زۆر بواردا شوێنی سەرهەڵدانی ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتین. لەلایەکی ترەوە هەوڵی هەمیشەیی «گیدێنز» بۆ ئەندێشەی لایەنی دووری مۆدێرنیتە (Side Far) یانی سەرجەمی ئەو شتانەی دەکەونە ئەو پەڕی مۆدێرنیتەوە لە پەنای چەند تەوەرێکی سەقامگیردا، ڕوانگە و بۆچوونگەلێکی گرنگ هەم سەبارەت بە سەربەخۆیی و هەم لە بارەی گۆڕان و ئاڵوگۆڕی (بۆ وێنە لە ئاستی ناوچەیی و جیهانیدا پشت بەستووە بە سیاسەت، یان ئابووری، پشت ئەستوورە بە هۆکارە پێکهاتەییەکان، یان ڕەوتە کۆمەڵایەتییەکان) ئاراستە دەکا.

هەڵوێستی بەرفراوانی گریمانەیی «گیدێنز» لە هەڵوێستی زۆربەی ئەو نووسەرە هاوچەرخە نزیکە کە لە مۆدێرنیتەوە دەدوێن. بەتایبەتی ئەو نووسەرانەی کتێبێکی چوار بەرگیان سەبارەت بە (پێشەکی بۆ پێگەیین لە کۆمەڵگا مۆدێرنەکان) نووسیوە. ئەمە تارادەیەک دەگەڕێتەوە سەر چاوخشاندنەوە و ئەندێشە کردنەوەیەکی گشتی سەبارەت بە سوننەتی کۆمەڵناسی کلاسیک لە ماوەی دوودەیەی ڕابردوودا، ڕەوتێک کە بۆتە هۆی نزیکایەتی ڕوانگە و بۆچوونەکان لەسەر چەند کێشەیەک. داکۆکیکردنی «گیدێنز» لەسەر شکڵ گرتن، خوڵقاندن و پتەوکردنی مۆدێرنیتە بە یارمەتی کۆیەک لە دامەزراوەکان، بەتایبەتی تێکەڵاوی ڕوانگەی بەشێک نووسەرانی بەرگی یەکەمی کۆمەڵەی ناوبراو، دەبێ، یانی کتێبی فۆرم بەندیەکانی مۆدێرنیتە، بەڵام خاڵی جێی سەرنج ئەمەیە کە لە وێنەی «گیدێنز»دا بەشێک لەلایەنە سەقامگیرەکان و شوێنە دیارەکان چالاکیدەریان نییە. بۆ وێنە: یاسا، کولتوور و جیاکردنەوەی شوێنە گشتی و تایبەتییەکان کە ڕەنگە بابەتی «تایبەتی» یەکێک لە دیارترین تایبەتمەندییەکانی مۆدێرنیتەبن (بڕوانە بەشی چوارەمی بەرگی یەکەم، کتێبی چوار بەرگی ناوبراو، بەشی یەکەمی بەرگی سێ). ئەم خاڵە شاراوە، یان بۆشاییانە پرسیارگەلێک سەبارەت بەگشتی بوونی هەڵسەنگاندنی «گیدێنز» و توانایی ئەو بۆ ڕەتکردنەوەی بەشێکی گواستنەوە تەوەریەکان لەسەر پێوەندی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئاڕاستە دەکەن:

لەوانە" وێنە و چوارچێوە بگۆڕەکانی مافی گشتی، گۆڕان و ئاڵوگۆڕ لە شوناسی نەتەوەیی کولتووری، چاو خشاندنەوە و بنیاتنانەوە لەسەر پێوەندی نێوان هەرێمەکانی بنەماڵە و کاری حەقدەست و سیاسەت، یان ئەگەر لە گۆشە نیگایەکی جیاوازەوە بیرِوانین:

گواستنەوە، یان گۆڕینی نێوان پێوەندی جنسی و شار و مەندی، بەشدایکردن لە سیاسەت و ئاسایشی کۆمەلایەتی. هەر بەم شێوەیە و لە بەرنامەی «گیدێنز» زۆربەی بزووتنەوە کۆمەلایەتییەکان دەور، یان شوێنێکیان لە ئەستۆدا نییە، هەروەها دەبێ وەبیربێنینەوە کە چوارچێوەی گریمانەیی، یان چەمکی ئەویش لە کولتوور و سیاسەتی هاوچەرخدا جێبەجێیەکی تایبەت بۆ بەشێک لە خاڵەکانی گوشاری کلیکی وەبەرچاو ناگرێ، لە ڕاستیدا دەبێ بگوترێ کە لە بەرنامەی «گیدێنز» جێگایەک بۆ ئەمجۆرە بزووتنەوە، یان ڕێکخراو و دامەزراوانە دیاری نەکراوە، چونکە بەپێی بۆچوونەکانی «گیدێنز» بزووتنەوە و ڕێکخراوە ناوبراوەکان بە بەشێک لە مۆدێرنیتە و گەشەسەندنی دانانرێن.

بێجگە لەمە ئەو پێوەندیانەی کە «گیدێنز» لە نێوان بزووتنەوە و کۆمەڵە سەقامگیرەکاندا سازی دەکا، پێوەندی گەلێکی ڕوون و ئاشکرانین، بزووتنەوەی جۆراوجۆر، هەڵوێستی بگۆڕ لە درێژەی زمان ( لە کێشە شارستانییەکانەوە هەتا دەگاتە بابەتە بەربلاوە سیاسی و کۆمەلایەتییەکان) و ئاست، یان شوێنی سەقامگیر و جۆراو جۆری ئەوان لە هەر ساتێکی دیاریکراو (ئابووری، سیاسەت، کۆمەڵگای ناوچەیی و...تاد) بە هاسانی لەو بەرنامە گریمانەییەدا جێگیر نابن کە لە بنەڕەتدا پێوەندی نەگۆڕ و حازری نێوان کۆمەڵە سەقامگیرە تایبەتەکان و دەستەبەندییە کۆمەلایەتییەکان دادەڕێژێ.

ئەگەرچی «گیدێنز» بە دروستی داکۆکی دەکا کە گرینگایەتی گواستنەوە و باوەڕپێکراوی «علّی» دەبێ لە درێژەی زەماندا تایبەت بکرێن بە ڕەهەندە سەقامگیرە

تایبەتەکان بەم حاڵە لێکدانەوەی ئەو سەبارەت بە چەند کێشەیەک، تارادەیەک شاراوە و لێڵە. بە هیچ چەشنێ ئاڵۆزیی بابەتەکان نابنە سەلمێنەری کامڵ بوون و وردبینی لە بابەتە کلیل-یەکان. بۆ وێنە «گیدێنز» ، بە دروستی ڕوونی ناکاتەوە کە دەوڵەتی مۆدێرن چۆن تا چ ڕادەیەک کەوتۆتە دوای سەرمایەداری پیشەکاری و تاچ ڕادەیەک دەتوانێ ببێتە ئامرازێکی کاریگەر بۆ گۆڕانی سیاسی، هەڵوێستی «گیدێنز» لە نێوان تێگەیین لە دەوڵەت وەکو (دەوڵەتێکی سەرمایەداری) و تێگەیین لە و (دەوڵەت) وەکو سیستمی دەسەلات. لە هات و چۆدایە، یان بە واتایەکی تر لە لێکدانەوەیدا کە باسی دەوڵەتی نەتەوەیی و سەرمایەداریەکان دەکا، بالادەستی دژایەتییە چینایەتییەکان لە بەرامبەر دژایەتییە ناچینایەتییەکان و دەسەلاتی ئابووری لە بەرامبەر دەسەلاتی سیاسی، لێڵ و شاراوە دەمێننەوە.

ئاکامی ئەم شاراوەییە زۆر گرنگە چونکە ئەگەر تایبەتمەندی ناسەرمایەدارانەی دەوڵەتی مۆدێرن بەشێوەیەکی گونجاو دابەش نەکرێ و جیاوازی دانەنرێ ناتوانین لە زۆربەی توخمە دیارەکانی مۆدێرن- بۆ وێنە بە ناوەندبوونی پێکهاتەی دەسەلاتی گشتی و قەوارەی سەقامگیر و ڕەنگاو ڕەنگی دەسەلاتێک کە لە ژوور و دەرەوەی دەوڵەت کۆبوونەتەوە- تێبگەین. هەروەها لە زۆربەی هۆکارە تەوەریەکان کە بۆ خۆگرتنی ڕسکان و شکڵەکانی سیستمی دەوڵەتی حازر حاڵی نابین، یانی هۆکارانێک کە ڕاستەوخۆ دەلکێندرێن بەپێوەندی دوولایەنەی دەوڵەتەکان، تایبەتمەندییە پێکهاتەییەکانی سیستمی سیاسی نێو نەتەوەیی و دیاردەی «ئاسایش»ی بەردەمی دەوڵەتە مۆدێرنەکان، کە ئەمەش ناچاریان دەکا هەتا بە مەبەستی مسۆگەرکردنی ئاشتی، ئامادەی شەڕ بن، ئەگەر بە دروستی لەم هۆکارانە حاڵی نەبین، تێگەیشتنی دروست و گونجاو لەلایەنی «دوور» ی مۆدێرنیتە دەکەوێتە شک و گومانەوە.

لە کۆتایدا ئەو دژواریانەی سێ بابەتی تریش دەبنە هۆی کەمبوونەوەی ڕادەی ڕازیبوون لە بۆچوونی «گیدێنز» سەبارەت بە نەرمی پاش مۆدێرن.

- یەکەم ئەوەی کە تێگەیینی «گیدێنز» پشت ئەستوور بە هیچ گریمانەیەکی سیاسی نییە هەتا ببێتە هۆی بەردەوامی و خۆڕاگری و تێگەیشتنەکە، یانی گریمانەیەک کە بتوانێ بە شێوەیەکی سیستماک مانای (خێری سیاسی) سەبارەت بە دامەزراو ئەو بابەتە تێکهەڵشێلراوانەی بەردەمی ئێمە دابڕێژرێ و بنیاتی بنێتەوە، تێگەیشتنی خودی «گیدێنز» سەبارەت بە نەزمی کۆمەڵگایەکی مرۆڤی و عادیلانە، کەڵکەڵەی هاوبەش و گشتی لە بەرامبەر چاودێریکردنی هەمیشەیی سەرچاوەکانی جیهان و سیستمی ئابووری، لە باشترین ئاستیدا تێگەیینێکی زۆر ڕوون و ئاشکرا نییە.

-دووەم، ئەو بەرنامە و گەلالە سەقامگیرانەی کە «گیدێنز» ئاراستەیان دەکا و دەروەستی چاو خشاندنەوە و پێداچوونەوەن، چونکە پێوەندی کۆمەڵە سەقامگیرەکان لەگەڵ یەکتر لە دژواری تیۆریزە نەکراوە و بەم هۆیە دەست نیشانکردن، یان زانینی ئەمە کە مەنتیقە سەقامگیرەکان چۆن پێکەوە دادەنیشن، تا ڕادەیەکی زۆر دژوارە.

-سێیەم، ئەمە گرنگە کە کام هۆکار، یان کارگێڕ دەتوانێ ڕێگایەک لە مۆدێرنیتە بە مانای (لایەنی دوور مسۆگەر بکا- یانی بابەتی سەرەکی قۆناغەکانی تێپەڕبوون- هەروابێ بێ وەلامە. تەنانەت کەمترین سەرنجێکیشی پێنەدراوە.

بە کورتی لە بەرنامەی «گیدێنز»دا چەند گرێ و بابەتی بنەڕەتی وەلانراون سەرنجیان نە دراوەتێ، هەڵبەت داڕشتنی پرسیاری دژوار و لەبەرامبەر نووسەرێکدا زۆر سانایە، بەلام چاوڕوانی ئەوەی کە نووسەر دەبێ وەلامی گشت پرسیارەکان بداتەوە، چاوەڕوانیەکی نەگونجاوە. هەروەها داڕشتنی کێشە و بابەتە جۆراوجۆر و بەربلاوەکان لە بەرامبەر گریمانەنووسێک وەکو «گیدێنز» زۆر بێجێیە و نایەتە بەرچاو، دروست هەر بەم هۆیە کە ئەم گریمانەنوسانە ڕوانگە و بۆچوون گەلێک سەبارەت بە جیهان پێشکەش دەکەن کە تەنیا بە هەمان قەوارەیە، بەڵکو بە جۆرێکە کە دەتوانێ و دەبێ ببێ. ئێمە پێش ئەوەی لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی ئەوان وەکو نیشاندەری ڕێی خۆمان قبوڵ بکەین دەبێ لە ڕێک و پێکی و هەمیشەیی و بوونی دەسەلاتی ئەوان دڵنیا بین.

**سەرچاوە:**

**مدرنیته و مدرنیسم، مجموعەی مقالات سیاست، فرهنگ ، نظریەهای اجتماعی/ ترجمه و تدوین: حسین علی نوذری- چاپ اول**

**۱۳۷۹ انتشارات نقش جهان- تهران.**

# ڕۆمانی نوێ لە فەرەنسا وەرچەرخانێک لە فۆرم و ناوەرۆکدا

د. جۆرج دورلیان
لە عەرەبییەوە: تاهیر عوسمان

وەنەبێ ڕۆمانی نوێ کە بۆ ماوەی سێ دەیە (هەر لە پەنجاکانەوە تا کۆتایی حەفتاکان) سەرجەم نێوەندە ئەدەبییەکانی لە فەڕەنسا و جیهان مژوول کردبوو، تەوژمێک یا قوتابخانەیەک، یاخود بزاڤێکی ئەدەبی ئاسایی بووبێت، پڕ بە مانای وشەکە، چونکە نەکەوتە ژێر باری ئەو مەرجانەی کە لە قوتابخانە ئەدەبییەکانی پێش خۆی دەبیندرا، وەکو بوونی بنەما ئەدەبی و فەلسەفی و ئەخلاقی و تەنانەت ئایدیۆلۆژییە سیاسییە ئاشکراکان، هەروەک بۆ نموونە لە ڕیالیزمی سۆشیالیستی یا ئەدەبی مولتەزیمدا بەرچاو دەکەوت، بەڵکو بە پێچەوانەوە (ڕۆمانی نوێ) چرکەی ڕاپسکان و خۆ قورتارکردن بوو لە شێوەکان، کە زۆر جار نووسینیان لە ئاستێکی دیاریکراودا کۆت و بەند دەکرد و بەربەستیان لە بەردەم خەیاڵ و نووسیندا دەنا، هەرچەندە لە سەرەتاشدا بانگەشەی ڕزگاربوون و خۆ دەرباز کردنیشیان کردبێ. کەواتە ئەو دروشمەی نووسەرانی ئەو جۆرە ڕۆمانەی بەیەکەوە کۆ دەکردەوە، کە زۆر هاموشۆی دەزگای بڵاوکردنەوەی «مینۆی» یاخود «دەزگای سۆی»یان دەکرد، هەروەک ئەم دوو دەزگایە تایبەت بن بەم نووسەرانەوە، تاکە خاڵی هاوبەشیان ڕەتکردنەوەی ڕەگوڕیشەی ڕۆمانی ئاسایی و بەتایبەتی ڕۆمانی بەلزاکی بوو. ئامانج و شێوازەکانی ڕۆمان لە نووسەرێکەوە بۆ نووسەرێکی تر جیاوازی هەبوو، بە ڕادەیەک کە هەر نووسەرێک ڕێچکە و ئاراستەیەکی تایبەت بەخۆی هەبوو، لە نووسەرێکی دیکەی جیا دەکردەوە و بەم شێوازە تایبەتییەی خۆی شێوە

کۆنەکانی ڕۆمانی ڕەت دەکردەوە، بە ڕادەیەک «ڕۆلان بارت» لەم بارەیەوە نووسیویە و دەڵێ: (چاکتر وایە لە مانای بەرهەمەکانی ڕۆب- گریە، یا «بۆتۆر» بپرسین بەرلەوەی لە مانای ڕۆمانی تازە بکۆڵینەوە، چونکە ئەگەر ڕۆمانی نوێ هەروەکو خۆی هەیە، شی کرایەوە ئەوە بەشێکی زۆر بچووک و سادەی کۆمەڵەکەمانت پشکنیوە، بەڵام ئەگەر ئەرکی شیکردنەوەی کارەکانی ڕۆب- گریە، یا «بۆتۆر»ت لە ئەستۆگرت، هەروەکو چۆن خۆیانمان پێشکەش دەکەن ئەوە سەرباری ئەو تەمومژ و مێژووە تاریکەی کە هەمانە دەتوانی شتێک لە بارەی مێژووی سەردەمە کۆنەکەتەوە دەستەبەر بکەی) لەگەڵ سەرەتای حەفتاکاندا ڕۆمانی تازە پۆلە نووسەرێکی لاوی تازەی وەکو «جان ڕیکاردۆ»، «فیلیپ سولێرز»، «جان لۆی بۆدری»، «جان تیبیۆدۆ»ی بەخۆیەوە بینی، کە ئەو جارە لە دەوری دەزگای «سۆی» یا گۆڤارەکانی. وەکو «تیل کیل»، «شانج»، «برۆمیس» کۆببوونەوە، لە نووسینەکانیان خۆیان وا دەردەخست کە جیاوازییان لەگەڵ نووسەرانی بەر لە خۆیان هەیە و لەوان جیان، سەبارەت بەو گەنجانەی بە تەواوکەری شێوازی «ڤالێری»، «ڕیمۆن ڕۆسیل»، «مۆریس بلانشۆ» و «جۆرج باتای» لە قەڵەم دەدا. ڕۆمانی نوێ لە ئەزموونی یەکەمیدا پابەندبوونی خۆی بەئایدیۆلۆژیایەکی تایبەت ڕاگەیاند کە لەنێوان پاشماوە دەروونییەکان و بۆچوونێکی وەسف ئامێزی بونیادگەرانە لە گۆڕاندابێت (سولێرز)، (و داوایان دەکرد گێڕانەوە لە گفتوگۆ نیمچە واقیعی و نموونەییەکاندا دەربکەوێ و بخرێتە ناو پرۆسەی گەڕان بەناخی ئالیەتە زمانەوانییەکەدا (ڕیکاردۆ). بەشێوەیەکی گشتیش نووسەرانی گۆڤاری تیل کیل کە گرووپێکی تایبەتیان پێک هێنابوو هۆشداری ئەوەیان دابوو کە ڕۆمانی نوێ بە تەواوەتی دەستبەرداری بۆچوونە واقیعی و واقیعی نوێ و فینۆمینۆلۆژییەکان دەبێت، بۆیە فیلیپ سولێرز لە درێژەی ڕەخنەکانی لە ڕۆمانی نوێ واتە فینۆمینۆلۆژییەکان-دا دەڵێ ئەو جۆرە لەو بۆچوونە دەرنەچووە کە پێی وایە: «هەموو شتێک لە بری گەڕانەوە بۆ زمان، بۆ واقیع دەگەڕێتەوە». ئەمەش وادەگەیەنێ کەوا ڕۆمان لە دیدی ڕۆماننووسە تازەکان ناکرێ ببێتە گرێچنیەک، یا گوزارشتێک بێت لە دەرەوەی خۆیدا. بۆیە پێویستە ڕۆمان لەو وڕێنە سروشتییە دووربکەوێتەوە کە دەڵێ: «کتێب ژیانێکە بۆ خۆی» (ڕیکاردۆ)، تایبەتمەندی ئەو نەوە نوێیەش لە چالاکی ئەو ڕۆماننووسانە دەرکەوت لەو بوارەی کە بە زانستی ئەدەب Poetique- ناودەبرا. دەرکەوتن و ناوبانگ پەیداکردنی ئەم نەوەیەش هاوشانی سەرهەڵدانی بونیادگەری بوو لە زانستە مرۆییەکاندا بە تایبەتی لە مەیدانی زمانەوانیدا. گومانی تێدا نییە کەوا ڕۆمانی نوێ لە ئاسمانەوە دانەبەزیوە، هەروەها دۆزینەوەیەک نییە لە نەبوونەوە سەرچاوەی گرتبێ. هەروەها پێشەنگانی ڕۆمانی نوێ نەیانگوتووە ئەوەی پێشکەشی دەکەن پێشینەی نییە یا هیچ ئیلهامبەخشێک بۆ کارەکانیان نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە بەناو کەلەپووری فەڕەنسیدا و بەرهەمی ئەو نووسەرانەدا گەڕاون کە خۆیان بەشوێنکەوتووی ئەوان لە قەڵەم دەدەن. هەر لە فلۆبێرەوە تا پرۆست و ڕیمۆن ڕۆسیل لە فەڕەنسییەکان و ئیدگار پۆ، دیستۆیڤسکی، جۆیس، فوکنەر، کافکا، ڤیرجینیا وۆلف لە غەیرە فەڕەنسیەکان، خۆیان بە تەواوکەری ڕێچکەی ئەو نووسەرانە دادەنا کە گۆڕانکارییان خستبووە شێوەکانی گێڕانەوەی ڕۆمان و ئالیەتەکەی، گرێچنییەکانیان تەمومژاویتر و ئاڵۆزتر کرد و پێکهاتە دەقییەکانیش چەشنی تابلۆی وێنە تەجریدییەکان دەردەکەوتن. هەروەها کاریگەریی ئەوانەشیان بەسەرەوە دیاربوو کە لەسەر شێوازی جیمس جۆیس دیالۆگی ناوخۆیان کردبووە بڕبڕەی پشتی ڕۆمان و بینای ڕۆمانەکەشیان بەمتمانە کردنە سەر ئاستە بەناویەکدا چووەکانی گێڕانەوە دەوڵەمەند کردبوو، یا ئەوانەی کە بەشداری جێگۆڕکێی سەنتەری گێڕانەوەکانیان بەدەست هەڵگرتن لەو ڕۆڵەی کە ڕۆمان گێڕەوە هەموو شتێک بێت و سەرجەم زانیارییەکانی لەبەر دەستدا بێت. هەروەها پێیان وابوو نووسەرانی وەکو فلۆبێر و پرۆست و کافکا کەسایەتی ڕۆمانیان لە دەقگرتوویی ڕزگارکردووە و ڕۆڵێکی تریان پێ بەخشیوە کە هەزاران بۆچوون و تێڕوانین بۆ لای خۆی ڕابکێشێ. سەرباری ئەوانەی وەکو ئەندرێ ژیر کە هەستیان بە گرینگی لێکدانی ڕۆمان و تیۆرەکەی کردبوو، تاوەکو ڕۆمان هەر خۆی ببێتە لێکۆڵینەوەیەک لە ئەگەر و پێشهاتەکانی ڕۆمان خۆیدا. سەرجەم ئەوانە بوونە سەرەتایەک ڕێگایان بۆ پێشەنگانی ڕۆمانی نوێ ڕووناک

کردەوە. لەنێوان «شتایەتی»ی ئالان ڕۆب گریە و «ڕەهەندی دەروونی» هەوڵەکانی ناتالی ساڕۆت و «تێڕوانینی مرۆڤانەی» کە بە بەرهەمە پڕ لە داهێنانەکانی میشێل بۆتۆر-ەوە دیاربوو. ڕۆمانی نوێ هەمەجۆر و فرە ڕەنگی دەرکەوت، بەڵام گشت ئەو ئەزموونە جیاوازانە لە پەیڕەو و ڕەوشتێکدا گردبوونەوە، ئەدەبیان وەکو کردەیەکی نووسینی ڕووت نیشان دەدا هەر ئەو بۆچوونە تازەیە گەیشتە ئەم باوەڕەی کەوا ڕۆمان بە مانا ئاساییەکەی بەسەرهات، گرێچنی، کەسایەتییەکان، کاتشوێن...تاد) بۆ هەتا هەتایە دوایی هات. تەنانەت هەندێکی دیکە ئاماژەیان بەوە دەکرد کەوا ئەو جیاوازییەی کە جاران لە نێوان شیعر و ڕۆماندا دەکرا باوی نەما و بەسەرچوو، چونکە بەڕای ئەوان نووسین هەموو گۆڕەپانە ئەدەبییەکەی داگیرکردووە و سەرجەم سنوورەکانی نێوان جۆرەکانی تێکشکاندووە. ڕۆمانی نوێ لەو سەنگەرەوە وەکو ڕێچکەیەک هەنگاوی هەڵێناوە تا بۆچوونی بەلزاک بۆ ڕۆمان ڕەت بکاتەوە جا لەسەر ئاستی فۆرم بێت، یا ناوەرۆک، بۆیە لە گرێچنی درامی و بنەما ئاساییەکانی گێڕانەوە ڕزگاری بوو، هەروەها خۆیشی لەو لۆژیکەش ڕاپسکاند کە بڕیاری لەسەر ڕۆنانی کەسایەتی ڕۆمان و ئەو ناوەرۆکە دەروونی و ئەخلاقی و ئایدیۆلۆژیانە دابوو کە دەبوو کەسایەتییەکە پابەندیان بێت. هەروەها ڕۆمانی نوێ بنەمای ڕۆمانی مولتەزیمی ڕەت کردەوە کە لە سەردەمی جەنگی جیهانی دووەم و دوای جەنگیش تەشەنەی کردبوو. بۆیە ڕۆمان هیچی تر پابەندی دەرخستنی ڕاستییەکان و لێپرسینەوەی پێشوەخت نەبوو، بەڵکو چەندین پرسیاری تازەی دەورووژاند کە وەڵامدانەوەیان ئەستەم بێت. هەربۆیە (کلۆد سیمۆن) لەم بارەوە دەڵێ (نامەوێ هیچ شتێک ڕوون بکەمەوە و هیچ شتێکیش بسەلمێنم)، بۆیە ڕۆماننووسین ئاراستەی بەرەو لێکۆڵینەوە دەچوو نەوەک گوزارشتکردن، لێکۆڵینەوە بۆ چارەسەر کردنی هێماکانی واقیع. لێکۆڵینەوە بۆ گەڕان لە جیهانی خەیاڵدا. لێکۆڵینەوە لە کەلێنەکانی شێوە و پێچوپەناکانی نووسین، هەر بەم شێوەیەش ڕۆمانی نوێ لە قۆناغی یەکەمیدا زیاتر لە پڕۆژەیەکی فینۆمینۆلۆژی دەکرد.

گومانی تێدانییە کەوا ڕۆمانێکی لەم شێوەیە خوێندنەوەی زەحمەت دەبێ، بەتایبەتی لەلایەن جەماوەرێکی نیمچە ڕۆشنبیر و ڕانەهاتوو لەسەر شێوەی ئاڵۆز و پڕ لە تەمومژی گێڕانەوە کە شایانی لێکدانەوە و شیکردنەوە نەبن بەپێی ئەو پێوەرە ئاساییانەی کە عەقڵ و خەیاڵی لەسەر دامەزراوە، لەبەر ئەوە لە دووبارەکردنەوەی دیمەنەکان کە بنەماکانی چیرۆکەکە لێکدەترازێنێ و بەیەکەوە بەستنەوەیان ئەستەم دەبێ، تا دەگاتە بەکارهێنانی سەیری ڕاناوەکان بەتایبەتی ئەوانەی کە پرسیاری پێ لە خوێنەر دەکرێت تا بەجێهێشتنی لایەنە تەمومژاوییەکانی چیرۆکەکە بەبێ ڕوونکردنەوە و شرۆڤەکردن. بۆیە ڕۆمان بەوە کۆتایی هات کە تەنیا چیرۆکێکی فێڵباز بێ و پێویست بە کردنەوەی مەتەڵەکانی بکات. بە مەرجێک کە خوێنەر نهێنییەکان و مەرجەکانی یارییەکە بزانێ. ئەوەش بە خوێنەرێکی ڕیاکتیڤی پاڵکەوتوو نەدەکرا کە هەر تەنیا وەرگربێت و بەس. تەنانەت بەر لە ڕاگەیاندنی ڕەسمی ڕۆمانی نوێ و لەگەڵ هەوڵە سەرەتاییەکانی ئالان ڕۆب گریە، یەکێکی وەکو ناتالی ساڕۆت لە ساڵی (١٩٣٩)ەوە لە Tro-pismes لە هەوڵێکدا بۆ بەرزەفتکردنی ئەوەی کە ناکرێ دەستنیشان بکرێ و دابڕێژرێ، وای کرد نووسینەکانی لە دەرەوەی گرێچنیدا لە دایک بن، لە دەرەوەی چیرۆکێک کە تەنیا وەکو بناغەیەکی ڕووتی پێوەندییە ئاڵۆزەکان دەردەکەوت. ئەمەش بیانوویەک بوو بۆ دەرخستنی ئارەزووە کپکراو و ڕق و گەوجێتی و ڕیسواکردن لە چەند دەستەواژەیەکدا کە زۆر لەوە توندتر بوون ڕێساکانی زمانێکی ئاسایی بواریان پێ بدا، بەڵام لەلای کلۆد سیمۆن ژیاننامەی خەڵک تێکەڵ چیرۆکەکە دەبوون، بۆیە گێڕانەوەی چیرۆکەکە تەنیا لە دیدی کەسایەتییەکی دیاریکراوەوە هەڵنەدەڕژا، بەڵکو چەندین ڕاناوی جیاوازی ئاوێتەی ڕەوتی گێڕانەوەکە دەکرد و بەمەش لە سنووری گرێچنییەکە دەردەچوو. هەر لێرەدا دەکرێ وا لە مەبەستی کلۆد سیمۆن بگەین کە وشەی «باسترناک»ی لە دەستپێکی ڕۆمانی «گیا- ١٩٥٨» دا نووسیوە و تێیدا دەڵێ: «هیچ کەسێک چیرۆک دروست ناکا، کەس نابینین، هەروەک چۆن ئەو گیایەش نابینین کە دەڕوێ». لە ڕۆمانی «ڕێگای ئەلفلاندەر- ١٩٦٠)ی سیمۆندا چیرۆک دوای لە دەستدانی سەرجەم کۆڵەگە زەمەنییەکانی، لەگەڵ وێنە لەدایکبووەکانی ڕاناوی کەسایەتییەکە ئاوێتەی یەکتری دەبن، ئەمەش

ئاڵۆزییەکی پتر لە ئەملاو ئەولاکردنی نێوان «من» و «ئەو»دا دروست دەکات و تێکەڵ بوونی بیرەوەرییە ڕاستەقینەکانیش پاڵ بەخوێنەرەوە دەنێ ڕوو لە جیهانێکی تازە بکات کە سەرچاوەکەی نادیار بێ و بۆ هیچ کەسێک نەگەڕێتەوە تەنیا خۆی نەبێ، بۆیە دووڕوویی و ناڕاستی ڕۆمان لێرەدا پێویستی بە شاردنەوەی شێوازە دروستکراو و درۆزنانەکەی نامێنێ. لە بەرامبەر هەڵوەشاندنەوەی گرێچنی لای ڕۆب گریە لە لای میشێل بۆتۆر هەوڵێکی پێچەوانە سەری هەڵدا، ئەویش دووبارە دانانەوە بوو، بۆیە بۆتۆر لە پشت دیاردە کلاسیکییەکانەوە جۆرە گێڕانەوەیەکی تازە دادەمەزرێنێ، کە متمانە بکاتە سەر دووبارە پێکهێنانەوەی ڕێچکەی ژیانی چەند کەسایەتییەکی پەرتوبڵاو، کەواتە بەکارهێنانی زیاد لە پێویستی ڕاناوی کەسی دووەم هەر تەنیا بە مەبەستی ئەوە نییە خوێنەر ڕاستەوخۆ بخاتە توێی گێڕانەوەکەوە، بەڵکو دەیەوێ گێڕانەوەکە خۆی بگەیەنێتە ئاستی بووژاندنەوەی هۆشیاری و دووبارە دروستکردنەوەی.

هەر لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ کەوا مەبەستی ڕۆمان لەلای بۆتۆر هەروەک لە ڕۆمانی «هەموارکردن- ١٩٥٧» و «پلەکان- ١٩٦٠» و «پردی میلانۆ-١٩٤٥» ڕۆمانەکانی تریشیدا هاتووە. پێکهێنان و کۆکردنەوەی «چیرۆکێک» نییە، بەپێی ئەوەی گەڕانێکە لە واقیعدا، ئەگەر متمانەش بکاتە سەر گرێچنیەک ئەوە مانا قووڵەکەی لە ئالیەتی هۆشیاری و هەستکردنی بە جیهانی دەرەوە و ئەو پەیوەندییانەدا دەگیرسێتەوە کە لەگەڵ زۆربەی پێکهاتەکانی ئەو جیهانەدا دەیان بەستێ و ئەگەر پێکهاتەی گێڕانەوە لە ڕۆمانی ئاسایی بە هێڵێکی بەیانی و یەک لەدوای یەک و درامی دەرکەوتبێ ئەوە لە ڕۆمانی نوێدا ئاراستەیەکی تری وەرگرتووە کە زیاتر لە شیعر و مۆسیقا و وێنەکێشان و هونەرەکانی دیکە نزیک بۆتەوە کە لە بیناکەیدا ڕووبەرێکی فراوانتر داگیر دەکات، بۆیە ڕۆمانی تازە تەواو لە چیرۆک بەمانا تەسکەکەی دوورکەوتۆتەوە، چونکە لەسەر خوێنەر پێویستە پێکهاتەکانی دەقەکە دووبارە بەیەکەوە بلکێنێتەوە. تا دەگاتە «چیرۆک» کە زۆرجار لە ڕۆمانەکە خۆی دوورە. بۆ نموونە لە ڕۆمانی هەموارکردن-ی بۆتۆردا چیرۆکەکە پێش ئەو مادەیە دەردەکەوێ کە بابەتی ڕۆمانەکە پێک دەهێنێ. واتە ئەو ماوە زەمەنییەی ڕێبوارێک بەشەمەندەفەر لە پاریسەوە پێی دەگاتە ڕۆما. ئەمەش وا دەگەیەنێ کەوا ڕۆماننووسی نوێ چیرۆکێکی بەگرێچن ناگێڕێتەوە، بەڵکو مەتەڵێک دروست دەکات و بۆ هەڵهێنانی چاوەڕوانی بەشداریکردنێکی کارای خوێنەر دەکات، لەبەر ئەوەی ئەم پێکهاتەیەش شوێنە زیاد لەوەی کاتی بێت، بۆیە لە زۆربەی ڕۆمانەکانی سیمۆندا وەکو «جەنگی ڤیرسلە» و «تەنە گوازراوەکان» و «خوێندنی شتەکان» چوارچێوە زەمەنییە دەرەکییەکە، وەکو ئەو ڕەگەزە یارمەتیدەرەی جاران نییە، زۆربەی شتە پەرتوبڵاوەکان کۆبکاتەوە. بە ڕزگاربوونی ڕۆمانیش لە ئاراستە زەمەنییەکەی توانی زۆربەی ئەو بنەما مەعنەوییانە تێک بشکێنێ کە لەسەر فاکتەرەکانی هۆکار و شیکردنەوە و شرۆڤەکردن ڕۆنرابوون، بۆ نموونە «مارگرێت دۆرا» لە ڕۆمانی «جێگری قۆنسولدا» دوو چیرۆک تێکەڵی یەکتری دەکات کە هیچ پێوەندییەکی زەمەنییان لەنێواندا نییە، بەمەش مانایەک بەدەستەوە دەدات لە دەرەوەی ئەو ڕێچکە لۆژیکی و بەدوای یەکەوە هاتنە بێت کە پێشتر لەسەری ڕاهاتبووین. هەروەها سولێزر لە ڕۆمانی «دراما»دا دەیەوێ ئەوەمان بۆ ڕوون بکاتەوە کەوا زەمەنی ڕۆمان واتە زەمەنی نووسین، زەمەنی لاپەڕە سپییەکە، ئەو زەمەنە ناوخۆییەی بیرۆکەی بەدوا یەکداچوون بە تەواوی ڕەت دەکاتەوە، کە پێشتر بۆ چەمکی مانا دروست کرابوو. ئەم هەڵوەشاندنەوەیە توانی بناغەکانی ڕۆمانی ئاسایی تێکبدا و توندوتۆڵی و بەیەکەوە بەستنی هۆکار و لۆژیکی ڕۆمان تێکبشکێنێ، لەگەڵ بەیەکەوە گرێدانی کەسایەتییەکانی کە دەچوونە ژێر باری یاسای گەشەسەندنی دەروونی کە بۆ پێکهاتەی ڕۆمانی ئاسایی بە خاڵێکی گرینگ لە قەڵەم دەدرا.

دیارە تێکشکاندنی گرێچنی ئاسایی ڕۆمان کاری لە توندوتۆڵی کەسایەتی ئاسایی ڕۆمانیش کردووە، چونکە ئەم کەسایەتییە کە لەسەر بنەمای ناسنامە و بەردەوامی و تۆکمەیی خود دامەزراوە، پێوەندییە زەمەنییەکان کە پێشتر ئەڵقەکانی چیرۆکیان لە گرێچنیەکی بەهێزدا بەیەکەوە دەبەستایەوە پێویستییان بەکەسایەتییەک هەبوو لە ڕووی ناو و ناسنامە و تەمەن و خانەوادە و ئەو پیشەیەی ئەنجامی دەدات و ئەو دابونەریتانەی بەکاریان

دەهێنێ سەر بە واقیعی ژیان بێت، بەڵام ڕۆمانی نوێ کە سەرجەم کۆڵەگەکانی فەرامۆش کرد و ویستی گشت چەمکەکانی ڕۆماننووسی لە دیدێکی زۆرانبازیانە گەمارۆ بدا و کورت بکاتەوە. چیتر پێویستی بەو کەسایەتییە سواو و ئاساییە نەبوو کە ڕۆمانی کۆن متمانەی دەکردە سەری. بۆیە کەسایەتییەکە پووکایەوە و بوونەوەرێکی دیکە جێگای گرتەوە کە هیچ پێناسە و سیمایەک هەڵنەگرێ و نادیار بێت. بۆ نموونە لە ڕۆمانی- خوێندنی شتەکان-ی سیمۆندا کەسایەتییەکان جارێک نێرن جارێکی تر مێ. هەر بە جارێک ونن و دیارنین. ڕۆلان بارت لەم بارەیەوە دەڵێ (هەر تەنیا بەتاڵکردنەوەی پاڵەوان پێویست نییە، بەڵکو دەبێ بە یەکجاری دوور بخرێتەوە) بە ڕاستیش ئەستەمە کەسایەتی لە ڕۆمانەکانی «دراما»ی سولێرز و «کەسایەتییەکان»ی بۆدرێ دەستنیشان بکرێت و خوێنەر چیتر لە توانایدا نییە شوێن کەسایەتی نووسەر، یا حیکایەتخوان بکەوێ کە لەناو ڕووداوەکاندا دەژی، بەڵکو خۆی دەبێتە پاڵەوانی ڕاستەقینەی ڕۆمانەکە هەروەک لە کەسایەتییەکانی «ڕۆبێر بێنجی»دا دەبینین کەوا لەبەر چاوماندا دروست دەبن و هەڵدەوەشێنەوە، بەڵام کەسایەتییەکانی ناتالی سارۆت هێواش هێواش سیما سەرەکییەکانی خۆیان لەدەست دەدەن و ون دەبن. ئەگەرچی کەسایەتییەکانی «کلۆد سیمۆن» کە هەر خۆیان لە هەموو واقیعێکی دەرەکی داتەکێنراون، دەبنە دیلی مەبەستێکی شاردراوە کە زۆر زیرەکانە نەبێ نادۆزرێنەوە. لەلایەکی تردا کەسایەتییەکانی ڕۆب- گریە لە بارودۆخێکی سەیری لەدەستدانی ناسنامەدا دەژین، وەکو ئەوەی چەندین کەس یەک ناو هەڵدەگرن، یاخود چەند دەمامکێک دەبەستن و هەرزوو بەزوو فڕێی دەدەن و هەندێکی تر بەڕاکردن دەیانکەنە سەریان و هەمان سیمای کەسانی پێشوو وەردەگرن. هەروەک لە ڕۆمانی «پرۆژەی شۆڕشێک لە نیویۆرک- ١٩٧٠»دا دەردەکەوێ. هەر لێرەشدا وتەکەی- میشێل بۆتۆر ڕاست دەردەچێ کە دەڵێ: «کەسایەتی هیچ بوونێکی نییە تەنیا لە چوارچێوەی پێوەندییەکانی نەبێ لەگەڵ کەسەکانی دەوروبەری و شتەکاندا».

هەر بەمجۆرە و هاوشان لەگەڵ نەبوونی کەسایەتیدا ڕۆمانی تازە لە زەمەنی دەرەکیش واتە زەمەنی کاتژمێر و ڕۆژژمێرەکان ڕزگاری بووە و کەوتۆتە ژێر باڵی زەمەنی ناوخۆوە (زەمەنی خود)، ئەویش بە پشت بەستن بە دیالۆگە ناوخۆییەکان (واتە مۆنۆلۆگەکان)، ڕۆب گریە لە بارەی گێڕانەوە لە ڕۆمانی نوێدا دەڵێ: «وا پێدەچێ زەمەن لە کاری زەمەنیەتی خۆی دابڕابێ، چونکە لەتوانایدا نییە هیچ کارێک ئەنجام بدات»، بەڵام سەرباری لەدەستچوونی کاتشوێن و هەڵوەشاندنەوەی ڕۆڵی کەسایەتی و لێکترازانی چیرۆکی گرێچن و یەککگرتوو، ڕۆمانی نوێ «پڕی شتەو» ئاراستەی «شتێک» کراوە. هەروەک «ڕۆلان بارت» ئاماژەی پێکردووە، بەڵام شتەکان ئەو ئەرکەیان بزر کردووە کە لە ڕۆمانی ئاساییدا پێی هەڵدەستان، بۆیە لێرەدا شت هەر بۆ خۆی هەیە، یاخود شتەکە تا بوونە بێ ماناکەی خۆی بسەلمێنێ، دوور نییە مانایەکی هێمادار هەڵبگرن، بەڵام ئەو هێماو ڕەمزە لە ئەنجامی بەیەک گەیشتنی لەگەڵ دیدی کەسایەتییەکدا سەری هەڵداوە، یا ئەو سیحرەی کە کەسایەتییەکان لەسەر تاکێک بەرپای دەکەن.

ئەو شتانە هەروەک «لوسیان گولدمان» بۆی چووە «کالا ئاسان» کە زۆربەیان لە ڕۆماندا بە دۆڕان و هەرەسهێنان لە قەڵەم دەدا. هەروەک چۆن تاکی کۆمەڵگایەکی ئیستیهلاکی لەناو هەراو هۆریاو زۆری کالاکان نغرۆ دەبێ، بە هەمان شێوە پاڵەوانەکانی ڕۆمانی تازە سەرگەردانن و چۆن بۆدلێر لە دارستانی هێما و ڕەمزەکانی (چامەکەدا) ون بووە بێ ئەوەی بگاتە بنەمای ئەو شتەی مەبەستیەتی، سەر لێشێوان و ڕۆیشتنێکی بەردەوام بە کەسایەتییەکانەوە دیارە و ئەم ونبوونەش گوزارشتە لە ڕانەهاتن لەگەڵ ژینگەی مرۆڤایەتییەکە و دەوروبەردا بۆیە گشت پاڵەوانەکانی ئەو تەرزە ڕۆمانە بەڕێوەن، لە گەڕاندان بەدوای مانایەکی ڕاکردوو لە جیهانێک کە دژایەتیکردن و کاری خراپە و ئاکاری ناشایستە بووەتە دروشم و سیمای هەموو کەسێک، لە جیهانێکدا کە شتەکان هیچ نەگەیەنن، ڕووکردنە نووسین و پەنا بۆ بردنی وەکو هەوڵدانێکە بۆ ڕزگاربوون لە نەهامەتییەکە، چونکە گوتنی شتێک وەکو کردنی و ئەنجامدانی وایە.

لە کۆتایی حەفتاکاندا- ڕۆمانی نوێ گەیشتە چلەپۆپەی ئەزموون و شێتێتی، چونکە نووسین لە ڕووبەرێکی بێ مانا و دوور لە هیچ واتایەک لەنگەری

گرت، چەند ڕۆماننووسێکی وەکو (ئۆجێن سفیتسکایا) سەریان هەڵدا و کار گەیشتە ئەوەی ڕۆمانێک بە ناوی «درۆ» بنووسێ کە خوێندنەوەی خوێنەری نەدەگەیاندە هیچ دڵنیاییەک لە زانینی ڕاستی و جیاکردنەوەی شتە ڕاست و هەڵەکان، بۆیە کاردانەوەکە لەلای نەوەیەکی هەڵکەوتووی ڕۆماننووسان گەڕانەوە بوو بۆ حیکایەت و گێڕانەوە بەمانا ئاساییەکەی لەبەر ئەوە نووسەرانی وەکو «ڕینالدی، تۆرینی، مۆدیانۆ، گرینفیل، ئۆستەر، تایلۆر» هەوڵیان دا خۆیان لەو شێوەخوازییە تەماوییە ڕزگار بکەن کە ڕۆماننووسەکانی پێش خۆیان تێی کەوتبوون، بەڵکو متمانەیان دەکردە سەر گوزارشتکردنێکی ڕاستەوخۆ لەوەی کە لە ناخیاندایە و لەو خەم و نیگەرانییەی کە بەدەستییەوە دەتلانەوە. بۆیە بیرەوەری و هەست و سۆزو و خۆشەویستی جارێکی دیکە شوێنی خۆیان کردەوە و ڕۆمان جارێکی تر ئەو ڕەوت و سیما مرۆڤانەیەی خۆی دۆزیەوە کە بۆ ماوەیەک لێی دابڕابوو. کەوابوو ئەوەی لە هەشتاکان لە فەڕەنسا و ئەورووپادا بە گشتی ڕوویان دا کەم نەبوون، چونکە ئەو گۆڕانکارییانەی ڕۆمان بەخۆیەوەی بینی لەو هەموو گۆڕانکارییە گەورانە بەدەرنەبوو کە بەسەر هزر و خەیاڵی گشت خەڵکیدا هاتبوو، ئەویش گەڕانەوە بوو بۆ ڕوحانیەت و مرۆڤایەتی. ڕۆمان جارێکی تر چیرۆکی دەگێڕایەوە و چیرۆکەکان گرێچنیان ڕایەڵ دەکرد و گرێچنی ڕێگا درامییەکەی وێنا دەکرد و دراماش کەسایەتییە بە بزاوت و چالاکەکانی هەڵدەسووڕاند. سەرباری ئەو گەڕانەوەیە ڕۆمانی نوێ جێ پەنجەی خۆی بەسەر ڕۆمانی قۆناغی دواتریشدا جێهێشت و ڕۆمانی هاوچەرخ سوودێکی زۆری لەو ئەزموونە وەرگرت، چونکە ڕۆمانی نوێ سەرنجی هەموو لایەکی بۆ ڕۆڵ و بایەخی زمان ڕاکێشا، گرینگی پێکهاتە شێوەییەکەی دەقی لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی مانا و ڕەسمکردنی ئاراستەکاندا ڕوون کردەوە، هەروەها ئاماژەی بەوە کرد کە ورێنە و بەهەڵەداچوونێکی گەورە لە ناخی ئەو کەسایەتییە بە زۆر دروست کراوانەدا هەیە کە تەنیا لە وشە و کاغەز پێکهاتوون و هیچی تر.

«ئالان ڕۆجیە» لە پێشەکییەکیدا کە بۆ کۆمەڵە ڕۆمانێکی هاوچەرخ نووسیبووی ئاماژەی بەوە کردبوو کەوا هەموو ڕۆمانێکی گەورە ڕۆمانی پێشبینی کردنە. بەوەی کە بەهای هەموو کارێک بەوە ناپێورێ کە باس لە چی دەکات، بەڵکو بەوەی کە پێشبینی و چاوەڕوانی چییە، بۆیە سەردەمی ڕۆمانی نوێ وەکو زۆر قوتابخانە و ڕێبازی دیکە دوایی هات. لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆمانی نوێ- چەند شتێکی لەدوای خۆی جێهێشتووە کە سڕینەوەیان مەحاڵ بێت. لەوانە گەڕانەوە بۆ گێڕانەوەی چیرۆکەکان و ڕۆنانی گرێچنیەکی تۆکمە، گەڕانەوە نییە بۆ ڕۆمانی ئاسایی بەڵکو بەردەوامبوونە لەسەر ڕێبازی ڕۆمانی نوێ خۆی. بۆیە «باتریک مۆدیانۆ» کە دیارترین ڕۆماننووسەکانی نەوەی نوێیە لە ڕۆمانی «سەیرەکان»دا باسی سێ ئافرەت دەکات، نە ناو، نە ئەدرەس نە پێکهاتەیان نییە، کە باسی بیرەوەرییەکانی ساڵانی شەستی خۆیان دەکەن، بیرەوەرییەکانیان تێکەڵ دەبێ و کارەکە لە ناوەڕاستدا لەنێوان ڕۆمان و کورتە چیرۆک و ژیاننامەدا ون دەبێ، بۆیە فۆرمەکان دەگۆڕێن، بەڵام جەستەکە هەریەکە ئەویش گەڕانە لەنێو گەمەیەکی زمانەوانیدا، داهێنانی شێوازی دیکەی گێڕانەوەیە کە مانایەک بەمرۆڤی ڕۆژئاوایی بدات، ئەویش بە زیندووکردنەوەی بەردەوامی ئەزموونە کەسییەکان، بە کورتی ڕۆمانی تازە دوایی هات، بەڵام ئەو خەم و ئازارانەی بۆ ماوەی سی ساڵ خەریکیان بوو، ڕۆماننووسەکانی مژوول کردبوو هەروەک خۆیانن و بەردەوامن کە ئەمڕۆ لە ڕۆمانی دوای- ڕۆمانی نوێدا خۆیان دەنوێنن و بە ئاشکرا دەردەکەون.

**سەرچاوە:**

**گۆڤاری العربي، ژمارە(٥٤٤)، ئاداری ساڵی (٢٠٠٤)، الرواية الجديدة في فرنسا.. مغامرة في الشكل والمضمون، د. جورج دورليات (نووسەرێکی لوبنانیە).**

# فەلسەفە لە چوارچێوەی ڕێبازی ڕۆمانتیکیدا

د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەدین- کۆلێژی ئاداب)

١- ئەگەر دیاردەی ژیان لەخۆیدا گرێکوێرەیەکی سامناکی سەرسوڕهێنەر بێ و وەک گێژاوێک سەردەرکردن لێی وا ئاسان نەبێ، سەرەتا و کۆتاییەکەی دیار و ڕوون نەبن و هەموو هەوڵ و کۆششێک بۆ کردنەوەی ئەم گرێکوێرەیە کە مایە پووچ نەبووبن داوو دەزووەکەیان پتر ئالۆز کردبێ، خۆیشی مایەی ئەو حەپەسان و سەرسووڕمان و سەرگەردانی و ڕامانە بووبێ کە فەلسەفەی لێکەوتبێتەوە، ئەوا بەپێی هەمان پێودانگ و پشت ئەستوور بە هەمان بۆچوون دوور نارۆی ئەگەر بلێێی هەر قۆناخە لە قۆناخەکانی پەرەسەندنی مێژووی فرە لایەن و هەمەڕەنگ و بەپێزی کۆمەلایەتی مرۆڤایەتی بەگشتی و مێژووی پەرەسەندنی بیرو فەلسەفە بەتایبەتی، بە هەموو سەرکەوتن و تێشکانییەوە، بە ساتمەکردن و بەرەو پێش چوونییەوە، سروشت، ناوەرۆک و ڕوخسار، خەسڵەت و تایبەتمەندی بەرچاو و شاردراوەی خۆی هەبووە کە لە قۆناخەکانی تری پێش خۆی و ئەوانی تری کە بەدوایدا هاتوون جیایان کردۆتەوە.

ئەگەر ئەم بابەتە لە ڕۆژهەلاتی نائاسایی و دوور لە پێودانگی شارستانێتی بیر و فەلسەفەی ئەوروپا، ئیتر هۆکارەکانی هەرچییەک بن، ئایینی، کۆمەلایەتی و سیاسی و تاڕادەیەکیش ئابووری بووبن، ڕوون و ئاشکرا نەبێ و تویژینەوە و لێپێچانەوەیان ئەنجامێکی مایەی دڵنیایی لێ نەکەوێتەوە و بگرە ببێتە مایەی سەرسووڕمان و هۆکار و ئەنجامەکان تووشی سەرگەردانی بن، تیشک دەخاتە سەر ئەو لایەنە و ئەو پاکانەیە بۆ

هەڵویستی هیگڵ دەداتە دەست کە لەم بوارەدا پەنای بردبێتە بەر ڕاڤە و لێکدانەوەی ڕەمزی و هێماییانە. ئایا دەکرێ، پشت ئەستوور بەو ڕەوشە تایبەتییە جیایە لە چاو ئەوروپا، نەتەوە و ناوچە و کیشوەر و وڵاتان بەپێی پێودانگی تایبەتی ڕەنگی سنووریان بۆ بڕێژدرێ و دابەش بکرێن، وەک فیختە لە چەند نووسینێکدا بەشێوەی دیار و نادیار ئاماژەی پێکردووە!

هەر بەدووری نازانم کە لێرەدا ئەم قسەیە ڕووبەڕووی گازندەیەک ببێتەوە کە بەم جۆرەیە: شارستانییەت بە چی دەزانرێ، پەرەسەندن لە خۆیدا چییە؟ ئەوە نییە ڕۆژهەڵات ناوەند و مەڵبەندی ئاین و ڕۆحانییەتە و بۆ ئەم مەبەستە ژیانی ئێستای تاڕادەیەک بەکەم داناوە و بگرە ژیانی ئاسایی خستۆتە لاوە و وەک قۆناخێک کە سەرەتا و کۆتایی هەیە سەرنج داوە، پەنای بردۆتە بەر ناخ و هەست و سۆز و سروش و دوور لە ئەقڵ ژێی هیوا و ئاواتی وروژاندووە و بە باڵی تیژڕەوی ئەندێشە بەرەو جیهانێکی سەرنجڕاکێشی ئەفسانای ترانسندنتالی فڕیوە کە تێیدا هەموو جۆرە پێودانگی هۆیەکی (هۆکار و ئەنجام) و فاکتەرێکی کات (زەمەن) و گۆڕان و پەرەسەندن پەکیان کەوتووە، پەیدابوون و لەناوچوونی ئەریستۆ دانیان پیادا نەنراوە و هەر دەڵێی بۆچوون و ناوەرۆکی ئەو وتارە کە ئەسکەندەری مەکدونی لە بابل داویەتی بەرجەستە دەکات و کۆمەڵ و ژیان و جیهانێک پیادە دەکرێت کە هیچ جۆرە چین و توێژ و دەستەی دژ بەیەکتری تیادا نەبێ، هیچ جۆرە جیاوازییەک لەنێوان ئاوات و کرداردا نامێنێ. تەنیا ئەوەندە بەسە مرۆڤ شتێک وەک ئاوات کە بەدڵیدا هاتووە. بخوازێ بۆ ئەوەی جێبەجێ ببێت و بیگاتێ!

ئایا ئەم ڕەخنە و گازندەیە لەوە کەمدەکاتەوە کە مرۆڤی ئەوروپا ڕیالیست بووە ژیانی ئێستای بەلاوە گرنگ و مەبەست بووە بۆیە لە چوارچێوەی پرۆسەی بەرەو پێش چووندا شۆڕشی زانستی و سیاسی (فەرەنسا ١٧٨٩ز) و تەکنەلۆجی بەرپا کردووە؟ باشە ئەم شارستانیەتە پڕشکۆیەی ئەمڕۆ مرۆڤ لە سێبەرەکەیدا حەواوەتەوە چۆن و لە چ دەڤەر و ناوچەیەکدا سەریهەڵداوە و خەتو خاڵی داوە و دەبێ دەوری ڕۆژهەڵات و ئاینەکانی چی بووبێ تیایدا؟

ئەوە نییە ئەو ئەوروپا شکۆمەندە بۆ بە پێزکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی خۆی بەبێ سڵکردنەوە پەنای بردۆتە بەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و مەسیحییەتی لێرەوە بردووە بۆ لای خۆی و بەپێی توانا و چی لەدەست هاتووە کردوویەتی بۆ ئەوەی ئایینی مەسیحی لە ڕوخسار و ناوەرۆکدا بکات بە بڕوایەک هیچ پێوەندی بە ڕۆژهەڵاتەوە نەمێنێ و سروشت و خەسڵەتێکی تری بە بەردا بکات. ؟! ئەگەر شاری ئۆرشەلیمی لێ بەدوور بگیرێ دەبێ مەسیحییەت کە ئێستا لە ئەمەریکا و ئەوروپا و ئەمەریکای لاتیندا ئایینی کۆمەڵە چ تایبەتمەندییەکی مەڵبەند و ناوەندە سەرەکییەکەی خۆی کە تیایدا پەیدابووە پێوە مابێ و دیاربێت؟ ئایا وەک ناوەرۆک و ڕوخسار، دوور لە هۆکار و فاکتەری مێژوویی، مەسیحییەت هیچی بەسەر ڕۆژهەڵاتەوە ماوە؟ ئایا ئەمە ئەو جۆرە دیاردەی پرۆسەیە نییە کە لە فەلسەفەی سەدەی نۆزدەهەمدا، سەردەمی هیگڵ و فیختە و سەرهەڵدانی ڕۆمانتیکی ئەوروپا بە دیاردە و پرۆسەی نامۆ بوون لە بیانیدا ناوبراوە؟!. ئایینی مەسیحی ڕۆژهەڵات بۆ دەبێ لە وڵاتی خۆی لە ئۆرشەلیم بیانی بێ و لە دوور وڵات جێگیر و بڵاوبێتەوە؟ ئایا تا چەند دەکرێ ئەم نامۆ بوونە لە ئەوی تردا، لە بیانیدا لەگەڵ منی بیانی لەمندا بخرێنە دوو تای یەک تەرازووەوە؟ ئایا دەکرێ بگوترێ ئەوروپای سیاسەتی دیموکراتی و داد و یەکسانی و تەکنەلۆجی و زانست و پێشکەوتوو ناتوانێ بەبێ لایەنی گیانی- ئایینی بەرەو پێش بچێ بە پێچەوانەی ڕۆژهەڵاتەوە کە وا دێتە پێش چاو لەگەڵ دیموکراتیەت و داد و یەکسانی و تەکنەلۆجی و پەرەسەندنی پێشکەوتنخوازدا نەیکێڵێ؟!

ئەگەر لایەنی گیانیی- ئایینی بابەتێکی گرنگی تەواوکاری کێشە و هاوسەنگیی ئەو شۆڕشانەبن کە لە ئەوروپا ڕوویانداوە دەبێ بۆچی ڕۆژهەڵاتی مەڵبەندە سەرەکیی هەرسێک ئاینەکە لە دواکەوتن بەولاوە- بە هەموو بابەت و ڕەنگ و لایەنەکانییەوە- شتێکی تری بەخۆیەوە نەدیبێ و لەوەشناچێ کە بیبینێ؟!

٢- ئەگەر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا شۆڕشی گیانی (ڕۆحی) کە بریتی بووە لە ئاین بەرپابووبێ و ڕوخسار و ناوەرۆکی پێکهاتەی کۆمەڵی گۆڕیبێ، بۆ نموونە ئایینی ئیسلام ئەو گۆڕانە پێشکەوتنخوازەی بەدیهێناوە کە بریتی بووە لە تێکدانی داو دەزگای کۆمەڵایەتی کۆیلە و بەندایەتی و ڕزگارکردنی مرۆڤی کۆیلە و لەدواییدا سیستەمی فیودالی خەتوخاڵی داوە، ئەوروپا لەلای

خۆیەوە لەم شۆڕشە جۆر بەجۆرانەدا دەستپێشکەر بووە. شۆڕشی مەزنی فەرەنسا لە سەدەی هەژدەیەمدا ئەو گەردەلوولە بوو کە گۆڕانی سەرتاپاگیریی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایدیۆلۆجی لە ئەورووپادا بەرپا کرد، تەخت و تاراجی فیودالیزمی تێکداوە و ڕێگای بۆ خەتوخاڵدانی چین و توێژێکی تر خۆش کردووە. هەر لە سەرکەوتن و تێشکانەکانی ئەم شۆڕشەوە کە بەپێزترین وانە و شارەزایی لێکەوتوونەتەوە کە لەلایەن فەیلەسووف و بیرمەند و سیاسەتمەدارانەوە توێ توێ کراون و تیشک خراوەتەسەر لایەنە لەبارو نالەبارەکانی. ئەم شۆڕشە لە ڕوانگەی سیاسییەوە یەکەمین شۆڕشی ڕێک و پێکە کە میللەت- گەل بەرپای کردووە و سنووری بۆ دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی مەلیک و چینی فیودال داناوە و لە ئەنجامدا توێژ و چینی شارنشین- بورژوازی بەرامبەر بە چینی دەرەبەگایەتی لادێ نشین خەتوخاڵی داوە. ڕادە و سنووری بۆ دەسەڵاتی توقێنەری لە ڕادەو سنوور بەدەری کڵێسە و دام و دەزگا و پیاوانی ئایینی مەسیحی داناوە و یەکەم هەنگاوی لەو گۆڕەپانە بەرین و فراوانەدا هاویشتووە کە بۆتە مایەی لێکترازاندنی ئالقەی زنجیرە سەختەکەی پەیوەند کردنی کاروباری سیاسەتی دەوڵەت و کۆمەڵ و ژیان بە ئایینێکەوە کە مەسیح خۆی داوای لە یەکتری دابڕانیانی کردبوو! ئەم هەنگاوە دلێرانەیە لەسەردەمی نوێدا نەمامەکەی هاتە بەر و بەو دیاردەیە ناودەبرێت کە بەزمانی عەرەبی بە عیلمانیەت ناودەبرێت، ئەم نەمامە کە لە سەرەتادا ڕابەرانی شۆڕشی فەرەنسا ناشتوویانە و لەم سەردەمی نوێیەدا هاتۆتە بەر و بە هیچ جۆرێک لە شۆڕشەکە خۆی کەمتر نییە، شۆڕشی لە یەکتری جیاکردنەوەی ئایین و سیاسەت، ئایین و کاروبارەی حوکمڕانی دەوڵەت. وەنەبێ کارو ڕۆڵی ئەم شۆڕشە سەرتاپاگیرە لە جیهانی فەلسەفەدا کەمتر بووبێ. تەنانەت هەندێ مێژووناسانی فەلسەفە و بیرمەند و ڕەخنەگران لەو باوەڕەدان کە فەلسەفەی ئیدیالیستی ئەڵمان لە سەدەی نۆزدەهەمدا بەڕابەرایێتی فەیلەسووفی بەناوبانگ هیگڵ(١) لە پیادەکردنی بیروبۆچوون و تێزەکانی ئەم شۆڕشە لە بواری کایەی فەلسەفەدا بەولاوە نەبووە. خۆ ئەگەر ئەم بۆچوونە گازندە و ڕەخنە بکرێت و بەجۆرە زیادەڕۆییەک دابنرێت و وەک بڕیارێک سەرنج بدرێت کە تارادەیەک سنوور بەزاندنێکی تیادا هەست پێ بکرێت ئەوا بە هیچ جۆرێک ناکرێ و ناشێ ڕۆڵی بیروباوەڕ و بڕیارو بۆچوون و هەنگاوەکانی ئەم شۆڕشە هەر لە ئازادییەوە، بەرەو برایەتی و تادەگاتە یەکسانی لە جیهانی پان و بەرینی فەلسەفەدا بە کەم بگیرێن.

**ڕۆژهەڵات مەڵبەندی ئایین و ڕۆحانییەتە و پەنای بردۆتە بەر ناخ و هەست و سۆز**

بیرۆکەی ئازادی لە هەردوو کایە و بواری سیاسەت و فەلسەفەدا ئەو پریشکە بووە کە ئاگری لە قەدەخە و پاوان و گۆڕەپانی دەستبەکاربوونی سیاسەتمەدار و بیرمەند و فەیلەسوفان بەرداوە و مێشک و ناخی هەژاندوون، دەروونی وروژاندوون و کەرەسە و تفاقی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی خستۆتە بەردەستیان.

لەگەڵ گەورەبوون و پتر بوونی ڕۆڵ و کاریگەریی دانیشتوانی شار بە تایبەتی خاوەن خامە و پاشەکشەکردنی لادێ و خاوەن زەوی و زار، لەلایەکی ترەوە، هەستی نەتەوەیی کە هەندێک جار خۆی لەسەنگەری دژایەتی کردنی بێ سنووریی بڕواو ئایینی مەسیحیدا دیوەتەوە، گەشەی کردووە و وردە وردە پەرەی سەندووە و بەهێز و پتەو بووە. هەست کردن بە ئەندامێتی لە گروپ و نەتەوەی جەرمانیدا لەلایەن هیگڵ و ئەو پەیامانەی فیختە(٢) ئاراستەی نەتەوەی ئەڵمانی کردوون ڕاستی ئەم بۆچوونەمان پشت ڕاست دەکەنەوە.

ئەگەر جاران مرۆڤ شانازیی بەوەوە کردبێ کە خاوەن بڕواو ئیماندارە و هەوڵی پیادەکردنی ڕێ و شوێنەکانی ئاینی یەسوعی مەسیحی لە ژیانی ڕۆژانەیدا بێ ئەوا پاشتر، لەم قۆناخەدا شانازیی کردن بە نەتەوە و خەسڵەت و شکۆ و سەربەرزییەکانی نەتەوە و جێگای بڕواو ئاینی جارانیان گرتۆتەوە. ئەم هەستە نەتەوەییە ئەوەندە زاڵ و بە گوڕ و جۆش بووە، تەنانەت فیختە لە پەیامەکانیدا بەبێ جیاوازیی چین و توێژ و خێڵ و هۆز ڕووی گوفتاری کردۆتە تێکڕای نەتەوەی(٣) ئەڵمان و مەبەستە سیاسییەکانی خۆی بە ڕاشکاوی پێ ڕانگەیاندووە.

ئەگەر بێت و سەرەڕای ڕۆڵ و کاری شۆڕشی سەرتاپاگیری فەرەنسا و ئایینی مەسیحی لە ڕۆژهەڵاتەوە هێنراو و پەیدابوونی هەست و نەستی نەتەوەیی کە لە ئەنجامی گوێزرانەوەی مەڵبەند و ناوەندی هێز و دەسەڵات

لە ئاواییەکانەوە بۆ شار پەیدابوو، فەلسەفە و جیهانبینییە فرەڕەنگییە بە پێزەکەی کانت کە بە فەلسەفەی ترانسندنتالی ناسراوە بهێنینە پێش چاومان، تایبەتمەندییەکانی سەدەی نۆزدەیەمان بۆ دەرکەوێت و لایەنە جۆر بە جۆرەکانیمان بۆ ڕوون و ئاشکرا ببێت کە شۆڕە سوارانی وەک فیختە و شیلینگ و هیگڵ و لەدواییدا فۆیەرباخ و مارکس و نیتشێ و شوپنهاوەر ڕەنگی تەلارە پتەو و بەرزەکەیان ڕشتووە. دەبێ لە سەرچاوەیەکی وا بە پیت و پێز و بە بڕشت و هەمەلایەنە چ بەروبوومێکی پڕ بایەخ و بەبڕشتی فەلسەفە و ئەدەب و هونەر و ئابووری سیاسین .. تاد پەیدابووبێ و پێگەیشتبێ و کەوتبێتەوە؟! هەر لێرەوە و پشت ئەستور بە هەمان سەرچاوە نهێنی سەدەی نۆزدەهەممان بۆ ڕوون دەبێتەوە، بەتایبەتی لە ڕێبازی ئەدەبی و هونەریی ڕۆمانتیکیدا کە بریتی بووە لە پشتگوێ خستنی ژیر و پەنابردنە بەر ناخ و هەست و سۆز و شلکردنی جڵەوی ئەندێشە بۆیە «رینێ ویلیک» ناهەقیی نەبووە کە وتوویەتی: «گەورەیی و مەزنیی ڕۆمانسییەت لەوەدا دەرکەوتووە کە دەرکی بەو لێکچوونە قووڵەی نێوان ڕەوشەکانی شیعر و ڕەوشی دۆزینەوەو داهێنانەکانی ئایین کردووە» (٤) ئەم دەرک پێ کردنە و هەست کردنە بەم لە یەکچوونەی بابەتی شیعر و ئایین کە هەردووکیان ژیر دەخەنە لاوە و پەنا دەبەنە بەر ئامراز و سەرچاوەی تر بریتی بووە لە جۆرە دید و ڕوانگەیەک کە لەوێوە چارەسەری سەرگەردانی مرۆڤی گیرۆدەی دەستی کات و ڕادەداری و زەمەن هەریەکە بەشێوەی تایبەت بەخۆی بەدی دەکات. هەربۆیە دەکرێ کە بگوترێ، وشەی ڕۆمانتیکی، لە ناوەرۆک و ڕوخساردا چەمک و بۆچوونی هەست کردن بە سروشت، ئایین بەو جۆرەی خۆیان تێی گەیشتوون و ویستوویانە، خۆشەویستی، نامۆیی و گۆشەگیری و حەز کردن لە شتی سەیر و بیانی بە بیرومێشکدا دەهێنێ کە یەکچوونی شیعر و ئایین، شاعیر و خاوەن بڕوا و ئیمان شتێکە لە جیهانی ڕۆمانتیکیدا هەست پێ دەکرێت، چونکە هەردوو لایان هیوا و هەستی مرۆڤیان کردووە بە نیشانە و تیری چالاکییەکانیان تێدەگرن. ئەمەش ئەو لایەنەیە کە بەپێزە و پتر لەزانست لە ژیانی ناوەکی مرۆڤدا ڕۆڵی کاریگەری خۆی دەگێڕێ! ئیتر سەیر نییە کە ئایین پتر لە زانست مرۆڤ بۆ لای خۆی بەرێت! سەدەی نۆزدەیەم بەتایبەتی لە ئەڵمانیادا پلەوپایە و مەڵبەندێکی ئەوپەڕی گرنگی هەبووە کە لە بەرهەم و پلان و بەپێزیدا، لەسەرکەوتن و ساتمەکانیدا مەزنی و گەورەیی نواندوە و لە بە بڕشتیدا بە باوەڕی من لە سەردەمی کۆنی یۆنان کە فەلسەفەی تێدا داهێنراوە و لە شۆڕشی فەرەنسا کە جیهانی گۆڕیوە ئەگەر تێینەپەڕاندبێ کەمتر نەبووە. ئەو کۆشک و تەلار و سەراو باڵەخانانەی فەلسەفە و سیاسەت و ئابووری و ڕەوانناسی و زانستی کۆمەڵایەتی (سۆسیۆلۆجی) ئەم سەردەمەمان و دوارۆژیش، بەردی بناخەکانیان لەلایەن فەیلەسوف و سیاسەتمەدار و تیوریست و زانا و ئابووری و یاساناس و ئەدیب و بیرمەندانی سەدەی نۆزدەیەمەوە دانراوە، کە لەدواییدا وەک بناخە کۆشکەکانیان لەسەر دامەزراوە، ئەگەر مرۆڤ لەم سەردەمەماندا لە ناوەرۆک و ڕوخساری ئەو بابەتانە ورد بێتەوە کە بەشەکانی شارستانی سەردەمیان لێپێکدێت بە ئاشکرا جێدەستی سەدەی نۆزدەیەمی بەرچاو دەکەوێت.

٣- ئەگەر بەپێی بیروبۆچوونی هەندێک شارەزا و مێژوونووسی فەلسەفە سەدەی نۆزدەیەم بە قۆناخی هەرەسهێنان و پاشەکشێ و تێکشکانی تەلاری فەلسەفەی ئیدیالیزمی ئەڵمان دانرابێت، بەتایبەتی دوای مردنی فەیلەسوفی بەناوبانگ هیگڵ(٥) و پتر بوونی چالاکی مەتریالیستەکان و ئەو هێرشە نەپساوانەی کردوویانەتە سەر ڕێبازە ئایدیالیستەکان، ئەم ڕەوشە بەبیر و بۆچوونی پسپۆڕانی تر، سەدەی نۆزدەیەم ئەو قۆناخە بووە. ڕاستە فەلسەفەی ئایدیالیزم پاشەکشەی کردووە، بەڵام ڕێبازی تر گەشەیان کردووە کە وەک بناخە ڕەنگی ئەو گۆڕان و پەرەسەندن و پێشکەوتن و شۆڕشە سەرتاپاگیرە هەمەلایەنەیان لەسەر ڕێژراوە کە لەسەدەی بیستەم و دواتر هاتوونەتە بەر. ئەوەی فەلسەفە لەم کایەو بوارەدا دەگرێتەوە، دەکرێ ئەم سەدەیە، سەدەی نۆزدەیەم پشت ئەستوور، بەو هەموو ڕێبازە فەلسەفەیی و ئەدەبی و هونەریی و پەرەسەندنەی زانست کە تیایدا گەشەیان کردووە و سەریان هەڵداوە بە قۆناخی فرە ڕەنگ کە بەسەرەتای پەیدابوون و دەستپێکردنی فەلسەفەی تر و بایەخی سیاسەت و زانست بە کامڵیی ناوبرێت. فەلسەفەی ترانسندنتالی ئەڵمان کە لەسەدەی هەژدەیەمدا ئیمانوێیل کانت بەردی بناخەی دانابوو، لە زۆر کۆڕ و کۆمەڵە ئەکادیمیایی و لایەن و کایە و بواردا گەرم و گوڕ و

کاریگەر دەستبەکاربووە، چونکە فەلسەفەی کانت بەڕاستی قۆناخی دروست کردووە، قۆناخی پێش کانت و قۆناخی دوای کانت. ڕاستە سەردەمی کانت کە سەدەی هەژدەیەم بووە سەردەمی «شیکردنەوە و ڕەخنەگرتن» بووە. ئەم شیکردنەوە و ڕەخنەگرتنە هەموو کەلەبەر و لایەن و بوارەکانی ژیان و بیروئایینی گرتۆتەوە. ئەم پرۆسەیەی بیری فەلسەفەییە تاڕادەیەک کاروانی گومان و ئەگەری ڕەواندۆتەوە و زانست و فەلسەفە و ئەدەب و هونەر و ئاکار لەسەر بنچینەیەکی پتەو هەوڵی دامەزراندنیان دراوە. سەدەی نۆزدەیەم پشت ئەستوور بەم پرۆسە سەرکەوتووە کاری دامەزراندن و بنیاتنانی بیری دەستپێکردووە ئەگەرچی هەردوو سەدە و قۆناخ لە شێواز و ئامانج لە ڕێباز و هۆکار و فاکتەردا ئەوپەڕی لە یەکتری جیاوازبوون. دوگم و ئایدیۆلۆجی و ئایین و ڕێ و شوێنەکانی کڵێسەی مەسیحی و بنەماکانی ئاکار و سیاسەت تیشکی ڕەخنەکردن و شیکردنەوە و توێ توێکردنیان خراوەتەسەر. هەردوو ڕێبازی سەرەکی فەلسەفە، ئایدیالیزم و مەتریالیزم بە لایەن و قوتابخانە جیاجیاکانییەوە جارێکی تر لە بێژنگ دراونەوەو شەن و کەو کراون، دروشمە سەرەکییەکانی شۆڕشی فەڕەنسا بەتایبەتی ئازادی کە ببوو بە ویردی سەر زمانی بیرمەندان چەندین جاری تر چاویان پێدا خشێنراوەتەوە و بەجۆرێک لە جۆرەکان پاکانە و پاساو دراونەتەوە. لە ئەنجامدا چەند تیۆری سەرتاپاگیری بیری- فەلسەفەیی دانراون. ئەگەر لەسەدەکانی ناوەڕاستدا ڕەب و لاهووت کەرەسەی سەرەکی بیروخامەی لاهووتی و فەلسەفەی مەسیحی بووبن، لەم دوو سەدەی هەژدە و نۆزدەیەمدا مرۆڤ و سروشت و سیاسەت و کاروباری ئاکاریی دنیا ئەو بابەتانە بوون کە مێشکی بیرمەندان پیانەوە خەریک بوون. لێکدانەوەی میکانیکی جیهان و بوون ئەو بنەما زانستییە بووە کە پشتی پێ بەستراوە. بۆیە پشت بە ژێر بەستراوە و بنەماکانی وەک بناخەیەکی توندو پتەو و قایم تیوری جۆر بەجۆری زانستیانەیان لەسەر دامەزراوە. ئەو دوو ڕێبازەی لەسەدەکانی ناوەڕاستەوە تا کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم بە بنەمای زانست، هەر لایەنە بەپێی

**ئەگەر لە سەدەکانی ناوەڕاست لاهووت کەرەسەی فەلسەفەی مەسیحی بووبێ، لە سەدەی هەژدە و نۆزدەدا مرۆڤ و سروشت و سیاسەت مێشکی بیرمەندانیان بەخۆوە خەریک کرد**

بۆچوون و سەردەمی خۆی و بەپێی پەرەسەندنی زانست و کۆمەڵ دانراون، ڕێبازی میکانیکی و ڕێبازی ئامانجەکی بوون.

ڕێبازی ئامانجەکی کە بنەمایەکی لاهووتی ئایینی هەیە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا باو بووە و پەیڕەو کراوە. خۆی لە وشەی لاتینی- یۆنانی Teleologie کەوتۆتەوە کە بریتییە لەو تیۆری- ڕێبازەی کە دەڵێ «پەرەسەندن هەر لە سەرەتاو بنچینەدا ئامانج و مەبەستی دیاریکراوی هەیە» (٦) واپێدەچی ئەم بنەمایە لەلایەن زۆربەی ئایینە جیهانییەکانەوە پەسەند بێت، بۆ نموونە لە کتێبە ئاینییەکاندا هاتووە کە «بوونەوەران بە هەموو جۆرێکیانەوە بۆ ئەوە داهێنراون کە عیبادەت بکەن. ئەمە لەخۆیدا بەشێوەیەک لە شێوەکان ڕێبازی ئامانجەکی پێناسە دەکات. چونکە بە ئاشکرا نیشانی دەدات کە بوون، بوونەوەر، گەردوون، مێژوو...تاد، ئامانجیان هەیە و بوونیان و بەردەوامیشیان هەر بە ئامانجی تایبەتییەوە بەندە. بۆیە دەکرێ بڵێی ئەم دوو ڕێبازانە، یەکێکیان وێنەی جیهانی و جیهاندیدی مرۆڤی سەدەکانی ناوەڕاست و ئەوی تریان وێنەی جیهانی مرۆڤی سەدەی نوێ کە زانست سەرمەشق بووە نیشان دەدات.

کە مرۆڤ باسی لێکدانەوەی ئامانجەکی دەکات، کە لە فەلسەفەی ئیسلامی سەردەمی عەبباسیدا وشەی «غایە و غائیە»ی بۆ بەکارهێنراوە، یەکسەر لێکدانەوەی دیاردە و ڕووداوەکان، لێکدانەوەیەکی پشت ئەستوور بەهۆکاری ئامانج و ئامانجەکی بە بیرومێشکدا دێت. ئەگەر ئایین لە سەدەکانی ناوەڕاستدا سەرپشک و ئاغابووبێ ئەوا ئایین هەمیشە توندوتۆڵ بە لێکدانەوەی ئامانجەکییەوە بەندبووە. کەچی زانست- ژێر لە سەدەی نوێدا سەرمەشق بووبن و پەنابراوەتە بەر لێکدانەوەی میکانیکی(٧) ئیتر دەکرێ بگوترێ کە ئامانجەکی وەک لێکدانەوەیەک هۆکارەکەی لەدوارۆژدایە، بەڵام لێکدانەوەکەی تر کە میکانیکییە هۆکارەکەی لە پێش خۆیەوەیە. ئەم دوو جۆرە هۆکار و ئەنجام و لێکدانەوەیە لە دوو مەبەست و ڕوانگە و بۆچوونی جیاوازەوە سەرچاوە دەگرێ یەکێکیان پشت بە هەست و سۆز و ناخ دەبەستێ

و ڕووی گــــوفـــتـــار دەکـــاتە ئامـــانج و ئەوی تریان ڕیالیستییانە پەنا دەباتە بەر تێگەیشتن و ژیرو مەنتیق و هەموو شتێک ژیرانە پاساو دەداتەوە و هەموو ڕووداو و دیاردەیەک بەپاکـــانە و ســـاخ کـــردنەوە، بەهۆی هۆکارێکەوە پشت ڕاست دەکاتەوە.

٤- ئەگـــەرچی کـــانت لە ســـەدەی هەژدەیەمـــدا بۆ پیادەکردنی بۆچوونە زانستییەکانی نیوتن لە کایە و مەیدانی فەلسەفەدا کۆششی کردووە ئەوا لە جێگیرکردنی ڕێبازی ڕەخنەگرتن و شیکردنەوەدا ڕۆڵێکی گرنگی گێڕاوە. ڕێ و شوێن و بۆچوون و دۆگم و جیهاندیدی ئایین و کڵێسە شیکراونەتەوە و ڕەخنەکراون بۆیە وردە وردە ڕێبازی ئامانجی پاشەکشێی کردووە و ئەو سێ بابەتەی لێوەی کەوتوونەتەوە یاخود پێوەی بەند بوون و پشتیان پێ بەستووە وەک «ڕەب» و «ئامانجەکی بوون و گەردوون و جیهان و سروشت» و «سیستەمی ئاکارەکی جیهان» تاڕادەیەکی زۆر بایەخی جارانیان نەماوە یاخود لەلایەن فەیلەسووف و بیرمەندانەوە وەک جاران و بەهەمان چاو تەماشانەکراون.

هەرسێک بابەتەکەی لاهووت: کێشەی ئادەم و ئەو خەتایەی کردوویەتی، بەرجەستە بوونی عیسا کە گوایە ڕۆڵەی ڕەببە و لەخۆیدا بەرجەستە بووە، ئینجا درامای جیهان(٨) و ڕۆژی حەشرو قیامەت، بە نەشتەری ڕەخنە و ژێر توێ توێ کراون و تیشکی گومانیان خراوەتە سەر. دەبێ بۆچی ئۆباڵی گوناهی ئادەم بچێتە ئەستۆی نەوەیەک کە هەر ناویان نەبیستووە، زانست، یاخود تیۆری پەرەسەندنی داروین بیری فەیلەسووف و زانا و بیرمەندانی بەلایەکی تردا بردووە و جەرگ بڕانە دەستی لە بیرۆکەی داهێنان و ئافەریدەکردنی تەوراتی جوولەکە وەشاندووە(٩). مەیموون کراوە بە باپیر و ئادەم لەبیرچۆتەوە. لێکۆڵینەوە جیۆلۆجییەکان لەلایەکی ترەوە گومانیان لە قسەکەی تەورات کردووە کە گوتوویەتی «ڕەب لە شەش ڕۆژدا جیهانی داهێناوە- سفری پەیدابوون- سەرەتا». پەرەسەندن و بەستنەوەی بوونی مرۆڤ بە جیهانی زیندەوەرەوە و پشت گوێ خستنی گریمانەی ئافەریدەکردن و کۆنی و هەتا هەتایی مادە و کەرەسە و هەوێنی بوون و لەناونەچوونی ئەم مادەیە پتر بەلایەکی تردا، بەلای زانست و جیهانەکەیدا شکاندوویەتی.

گەورەترین بیرۆکەیەکی فەلسەفە کە وەک ڕەخنەو گازندە ڕووبەڕوویی ئایین و لاهوت و فەلسەفەی مەسیحی و دەزگاکانی کڵێسە بۆتەوە ئەو بیرۆکەیەیە کە گوتوویەتی، ئەگەر پرسیارێک وەڵامەکەی سەخت بوو بە ئاسانی وەڵامەکەی نەدۆزرایەوە، ئەگەر کەلەبەرێک لە پاساودان و لێکدانەوەی گرێیەکی ڕێباز و جیهاندیدییەکی فەلسەفە دەرکەوت هیچ پێویست ناکات هۆکاری «ڕەب» و دوگما و ڕێوشوێنەکانی ئایین بهێنرێنە کایەوە.. بەواتایەکی تر گەردوون، جیهان، ژیان، کاروباری کۆمەڵ.. تاد دەبێ بە ڕێگای لێکدانەوە و بەهۆی هۆکاری سروشتیانەوە لێکبدرێنەوە و پاساو بدرێن و هیچ پێویست ناکات بۆ کردنەوەی گرێ کوێرەیەک پەنا ببردرێتە بەر بۆچوونێکی سەروو سروشتی هەروەها نابێ ڕێگای دەزگاکانی ئایین بدرێت خۆیان لەم کاروبارانەدا هەڵبقورتێنن.. دەبێ بۆچی ئۆباڵی ئەو شتانە لەم جیهانەدا ڕوودەدەن بخرێتە ئەستۆی بوونەوەرێکی ترانسندنتالی سەروو سروشت و سنوور و ڕادەبەزێن؟ ئەمە ئەو بیرۆکە فەلسەفەییە بووە کە دژی ڕێبازی ئامانجەکی پەیڕەوکراوە و سەرکەوتنی پێبڕاوە و بگرە بووە شاسواری مەیدانی بیر. کانت کە لەم سەردەمە ئاڵۆزەدا دەست بەکاربووە و بەو کۆشک و تەلارە بەرزەی فەلسەفە دامەزراندوە بەدرێژایی سەدەی نۆزدەیەم و دواتر کاری لە فەیلەسووف و بیرمەند و هونەرمەندان کردووە. بەلایەوە لە کردن نایەت میتافیزیک وەک ڕێبازێکی ژیرەکی دامەزرێت بۆیە بیرمەند و فەیلەسووف لە چالاکی و کۆششی زانیندا دوو ڕێگای لەبەرەو لەم دووانە دەبێ یەکێکیان هەڵبژێرێ و پەیڕەوی بکات.

یەکەم: زانین و دەرک بردن بە جیهانی دەوروبەر بە ڕێگای ڕێباز و پەیڕەوەکانی زانست دەبێ، لەم ڕەوشەدا ڕۆڵی فەلسەفە بریتی دەبێ لە دارشتنی ئەنجامە جۆر بە جۆرەکانی زانست لە چوارچێوەیەکدا کە بە جیهانبینی زانستیانەی فەلسەفە ناودەبردرێ، یاخود هەوڵ بدات:

دووەم: چۆن و بە چ شێوازێک فەلسەفە بە ڕێگای(١٠) بنەما ژیرییەکان کە لە پرۆسەی زانیندا پشتیان پێ دەبەسترێ دەگات بە ڕاستیی، لێرەدا فەلسەفە ئەرکێکی توێتوێکردن و شیکارییانەی پێ دەبڕێ کە لەکۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەدەی بیستەمدا بەتەواوەتی ڕێبازە فەلسەفییە پوزیتیڤیست و زانستیەکان پەیڕەویان کردووە. فەیلەسووفی فەڕەنسایی ئۆگۆست کۆنت و ڕابەڕانی ڕێبازی فەلسەفەی

شیکردنەوەی مەنتیقی لەو باوەڕەدا بوون کە ئەرکی سەرەکی فەلسەفە بە هەوڵ و کۆششی لێکدان و پێکەوە گونجاندن و دارشتنەوەی ئەو ئەنجامانەی زانست پێیان گەیشتووە بەولاوە نییە(١١). بەپێچەوانەوە ڕابەرانی فەلسەفەی ئایدیالیستی ئەڵمان خۆیان لەم دوو ڕێگایە دوورخستۆتەوە و هەوڵیان داوە بەهۆی چەند تیۆری و بۆچوونەوە جیهان لێکبدەنەوە و وای بۆچوون کە جیهانی دەوروبەر لە ئەنجامی بزووتنەوەی بیرو گیان بەولاوە شتێکی تر نییە. لەم بوار و کایەدا وشەی گیان، گیانی ڕەها، هۆش، بیر، هۆشی خۆ، من، خواست و بۆچوون لە بەرهەمەکاندا بەدی دەکرێن.

ئەوی لێرەدا دەبێتە مایەی گازندە و ڕەخنەکردن ئەو پرۆسەیەیە کە لەلایەکەوە لافی شیکردنەوە و ڕەخنەکردن لێدەدات گوایە فەلسەفەی لە چنگ و دەسەڵات و کۆنترۆڵی لاهووت و بۆچوونەکانی «ئایین و کڵێسە و قەشە و ئابونا» ڕزگار کردووە کەچی لەلایەکی ترەوە دەست بە دامێنی جیهاندیدی زانستەوە دەگرێ ئەگەر نەڵێین جارێکی تر فەلسەفە دەکاتەوە بە پاشکۆ بەڵام لەجیاتی لاهووت زانست دادەنێ. دەبێ بۆچی هەمیشە هەوڵ بدرێ فەلسەفە و پاشکۆ بێ؟! بۆ جارێک هەوڵ نادرێ فەلسەفە سەربەخۆ بێ و ئەوەندەی دەکرێ و لەتوانادا هەیە لە یارمەتی بابەتەکانی تر بێنیاز نەبێت؟! ئایا دەکرێ ئەم گازندەیە وەک پاساودانێک بۆ دەرکەوتن و گەشەکردنی ڕۆمانتیک بە هەردوو بەشییەوە:

- فەلسەفە: فیختە، شینگ، هیگڵ..
- ئەدەب و هونەر: تیک، شلیگڵ، نۆڤالیس، بەئادەر، هێردەر، هولدەرلین دابنرێت.

گومان لەوەدا نییە، بگرە ئاشکراشە کە ئەم دوو بابەتە لەناوەرۆک و ڕوخسار و شێواز و ئامرازی کارکردندا هەریەکە تایبەتمەندی خۆی هەیە لەکاتێکدا هیگڵ پشتی بەژێر- گیان بەستووە، ڕێبازە ئەدەبییەکە بە پێچەوانەوە هەمو جۆرە لێکدانەوەیەکی زانستیی ژیان و کۆمەڵ و جیهانی بە نادروست داناوە و بگرە خستۆتە لاوە ڕووبەڕووی ژیر و دژ ڕێ و شوێنەکانی پەنای بردۆتە بەر ئایین و هەست و سۆزی ژیان و ناخ لەو باوەڕەدا بووە کە دەکرێ بەهۆی پەیڕەوی(١٢) ترەوە نەک بەهۆی پەیڕەو و ڕێبازی زانستەوە بیرمەند بە ڕاستی بگات؟ بەواتایەکی تر جۆری

## بۆچی هەمیشە هەوڵ دەدرێ فەلسەفە پاشکۆ بێ نەک سەربەخۆ؟

بیرکردنەوەی فەلسەفەی ڕۆمانسی لە هی ئەدەب و هونەرەکە جیاواز بووە. ڕۆمانسییەتی سەدەی نۆزدەیەم وەک ڕێبازێکی ئەدەبی و هونەریی و شانۆ جۆرە بیرکردنەوەیەک بووە لە شێوازێکدا خۆی نواندووە بریتی بووە لە بایەخدان بە هەست و سۆز و هەڵچوون و دەروون بەرزکردنەوەی ڕۆڵ و پایەیان لە ژیانی مرۆڤ و بەپێچەوانەوە کارو ڕۆڵی ژیر و فامیان بەکەم زانیوە.

تا چەند دەکرێ ئەم بۆچوونە ڕۆمانسیەی فەلسەفە و ئەدەب لەگەڵ بۆچوونە ئاینییەکە بخرێتە دوو تای تەرازووەوە. بۆچوونە ئاینییەکەی سەدەکانی ناوەڕاست و تاوەکو ڕاپەڕین بەم جۆرە بووە:

- لەلای ئەوان جیهان و گەردوون و سروشت مەبەستێکی تایبەتی هەبووە و دەبێ ژیانی مرۆڤ بەشێوازێک لەگەڵیدا بگونجێ، بۆ ئەوەی ژیانەکە خۆی کە بەشێکە لە نەخشەی گشتی گەردوون پڕ مانا و بایەخدار بێت.
- جیهان و گەردوون لەلایەن هێزێکی گیانیی سەروو سروشتییەوە بەڕێوە دەچێ کە لە ئاییندا بە «ڕەب» ناودەبرێت.
- لە جیهاندا نەخشە و سیستەم و دابونەریتێکی ئاکاریی هەیە کە بریتییە لە چاکەکاری و داد ئەگەرچی هەندێک جار پێچەوانەی ئەمە هەست پێ بکرێت و بێتە بەرچاو(١٣).

ئەوەی لێرەدا سەرنج ڕادەکێشێ و هیچ جۆرە گومان و ئەگەرێک هەڵناگرێت ئەوەیە ئەم بۆچوونە بەگشتی لەلایەن فەیلەسوف و چەند زانایەکەوە کە شارەزایی تەواویان لە فەلسەفە هەبووە، نەخشەکەی ڕێژراوە. بۆ نموونە ئیسحاق نیوتن کە زانا و فەیلەسووفێکی ناسراوی سەردەمی خۆی بووە چەندین نموونەی نیشان داوە کە جۆرە ڕێک و پێکی و سیستەم (نەزم) لە گەردووندا هەیە. ئەم ڕێکوپێکییە لە سروشتدا جۆرە هەماهەنگی و هارمۆنیی نێوان ڕێگا (شێواز) و ئامانجەکان نیشان دەدات کە هەبوونی نەخشە و نەخشەسازیی پشت ڕاست دەکاتەوە و ئەم نەخشەسازییەش دەری دەخات کە دەبێ بوونەوەرێک، هێزێک هەبێت کە ڕەنگی ئەم نەخشەیەی ڕشتووە، ئەم هێزە سەروو سروشتییە «ڕەببە».

گریمانەی هەبوونی نەزم و نەخشەسازی و پلان و ڕێکوپێکی لە

جیهان و گەردووندا، جارێکی تر سەرنجی بۆ ڕادەکێشین، بیرۆکەیەکە مرۆڤ خۆی بە مێشکیدا هاتووە و دایناوە. بەواتایەکی تر پێکهاتەی بوون و فیزیکی لەشی مرۆڤ و مێشک و دەروون و فام و ژیری مرۆڤ بەجۆرێکە بوونی ئەم گریمانەیە ڕەوا دەکات، ئەگینا ئەم گریمانەیە ئەگەر بە سەلمینە و بەڵگە پشت ڕاست بکرێتەوە، ئەوا بەڵگە و سەلمینەی تر هەیە کە پێچەوانەی ئەمە دووپات دەکاتەوە. دەبێ بۆچی نەتوانایی لێکدانەوەی بابەتەکانی سروشت و ژیان و کۆمەڵ ببێتە مایەی ئەوەی بوونی هێزێکی ترانسندنتالی سەروو سروشت و تواناو هێز لە ڕادە و سنوور بەدەر گریمانە بکرێت؟! هەرچۆنێک بێت هیچ جۆرە پەیوەستییەکی مەنتیقی لەنێوان زانست و بابەتی ئامانجەکیدا نییە. زانست ساغی کردۆتەوە کە ئەم بابەتە کە بنەمای ئایین و لاهووتی مەسیحی بووە هیچ جۆرە بنەمایەکی ژیریی و زانستی نییە و هیچ بابەت و گریمانەیەکی بە ژیر و بنەما و بەڵگە زانستییەکان ساغ ناکرێتەوە.

٥- لە سەردەمی کانتدا ڕێبازی میکانیزم لە زانست و فەلسەفەدا دەست باڵا و باو و دەستبەکاربووە. بیرمەند و فەیلەسووفەکان پشت ئەستوور بەم ڕێبازە جۆرە بنەڕەتێکی ناچارەکی (حەتمی)یان داناوە کە بریتی بووە لەوەی: ئەگەر مەرجەکانی ڕووداوێک بزانرێت سەرەڕای ئەو پاڵنەرو هۆکار و فاکتەرانەی ڕووداوەکەیان لێکەوتۆتەوە، دەتوانرێ هەموو قۆناخەکانی پێشوو لە مەودوای پەرەسەندن بزانرێت و پێشبینی بکرێت. لەم کەش و هەوایەدا کانت هەوڵی داوە پشت ئەستوور بە هەردوو بنەمای میکانیزمی نیوتن و فەلسەفەی ئایدیالیستی خۆبەتی «بارکلی و هیوم...تاد» بۆ پرۆسەی بیر و فەلسەفە و زانست و میتافیزیک و ئایین و ئاکار بنەما و بنچینەیەکی پتەو دابنێ. دانانی بنەمایەکی زانستی بۆ میتافیزیک، ئەگەرچی گازندەیەکی زۆر کراوە، بەشێک بووە لەم کۆششە و بۆتە کەرەسە و بابەتی چەندین لێکۆڵینەوەی فەلسەفە و زانست.

ڕشتنی ڕەنگی سیستەم و دیسپلینێکی پتەوی ئاکار لەسەر بنەمای ژیرو(١٤) جیاکردنەوەی ئاکار لە ئایین (ئایینی مەسیحی) ئەگەر لە خۆیدا کۆششێکی ئەوپەڕی جوامێر و زیرەکانەی فەلسەفە بووبێ، ئەوا لەلای خۆیەوە بۆتە مایەی بێگیانکردنی ڕێوشوێنەکانی ئاکار و

هەڵگیرساندنی ئاگری تەنگژە و قەیرانێک کە هەردوو ڕێبازی کانتیانیزمی نوێ «ماربورگ و بادن» پێوە خەریک بوون و سەرگەرمی چارەسەرکردنی بوون. هەروەها ئەم بابەتە لەلای ڕێبازی ئەدەبی و فەلسەفەی ڕۆمانتیک ڕەنگی خۆی داوەتەوە.

لە بواری فەلسەفەدا کانت، بوونی ڕەب، نەمری نەفس و ئازادی وەک خۆی بۆی چووە بە سێ بابەتە سەرەکییەکەی بیری فەلسەفە داناوە چونکە وەک خۆی گوتوویەتی ئەمانە چەند بەڵگەنەویستێکی ژیرن و تەنیا خواست لەتوانایدا هەیە بە لایەکیاندا بخات. تا چ ڕادەیەک ئەم بۆچوونە ڕێبازی خواستەکی ڕۆمانتیک بووە؟! لەکایەی تیۆری زانیندا، کانت کاریگەریی و دەستبەکاریی بیری پشت ڕاست کردۆتەوە، بەتایبەتی لەو بەشەدا. کە بە فەلسەفەی ترانسندنتالی داناوە و ئەم هەنگاوەی خۆی لەگەڵ کۆششە زانستییەکەی کۆپەرنیکۆس بەراورد کردووە(١٥) لێرەدا بەوپەڕی بلیمەتانە ژیری مەنتیقی لە ژیری ترانسندنتالی جیاکراوەتەوە و پێی لەسەر کاریگەری قانوونەکانی مەنتیق و بیرکاری و فیزیک داگرتووە و ئەو ڕۆڵە روون کراوەتەوە کە بیر لەکایەی ئەم قانوونانە و لە جیهاندا دەیگێڕێ، بەڵام ئەوی لەم بوارەدا گازندە دەکرێ ئەو ئەنجامەیە کە کانت پێی گەیشتووە و بە بابەتی «شت لەخۆیدا» ناسراوە. بەواتایەکی تر کانت لە چوارچێوەی تەلارە فەلسەفەییەکەیدا لەچوارچێوەی ڕێبازی ئایدیالیزمدا پێی لەسەر جۆرە دووڕەنگییەک داگرتووە. جیهان لە دوو بەش پێک هاتووە، جیهانی دیاردەکان و Erschriniung جیهانی شت لەخۆیدا Das Ding an Sich، زانین، زانست تەنیا لەجیهانی دیاردەکاندا لەکردن دێت و دەگونجێ بەدەست بێن و دەست بەکاربن. بۆیە هەر میتافیزیکێک ئەم سنووری دیاردانە ببەزێنێ شیاوەکی نییە و بوونی گومانی لێدەکرێت ئەم بریارە بوار و گۆڕەپانی ئاڵۆز و قووڵی زانینی گرتۆتەوە و مۆرکەکەی بەتەواوەتی بەم پرۆسەی شت زانینەوە دیارە. زانین وەک بابەت و وەک پرۆسە لە دوو بەش، دوو ڕەنگ ئاسا، پێک دێت:

یەکەم: کەرەسەی خاو کە بەهۆی هەستەکانەوە دەستگیر دەبێت.

دووەم: من، خۆم کە کاتیگۆری و چەمک و چوارچێوە و بۆچوون و فۆرمەکانی جیهاندیدی پێشیانە دەداتە

دەست. بەهۆی دارِشتنەوەی ئەم کەرەسە خاوەی هەستەکان داویانەتە دەست لە چوارچێوە و بۆتەی ئەم چەمک و کاتیگۆرییانەدا ئەو شتە پەیدا دەبێ و دەکەوێتەوە کە «زانین»ی پێدەگوترێت.

کانت کە لەم پرۆسەی زانینەدا رۆڵی کاریگەر و سەرەکی بە من، بەخۆم، بە بیروهۆش دەبەخشێ و ئەو بابەتەی لە جیهانی دەرەوەی من پەیدادەبێ پلەی دووەمی پێدەبەخشێ، دەکرێ وەک فەیلەسوفێک بخرێتە خانەی ئایدیالیستییەوە. من، خۆم Das Ich داهێنەرە، چالاکە دانەری رێ و شوێن و قانونەکانی سروشت و جیهان و ئاکارە. منی داهێنەر ئەو توانایەی خۆی لە بواری ئازادیدا دەنوێنێ و لە مەیدانی پان و بەرینی ئاکار و ئاییندا خۆی بەرجەستە دەکات. منی داهێنەر، ئازادی، مێژوو ئەو بابەتانە بوون کە فەلسەفەی ئایدیالیزمی ئەڵمانیان لێ پێکهاتووە. (١٦)

٦- ئایا تا چەند بۆچوونەکەی پرۆفیسۆر ستێس لە جێگای خۆیدایە کە وای داناوە «کانت دامەزرێنەری راستەقینەی رێبازی رۆمانسی» (١٧) بێت -گوایە- رۆمانسییەکان جیهاندیدییەکیان هەیە بریتییە لەوەی ئەو جیهانەی بەهەستەکان یاخود بەژێر دەرکی پێدەبردرێ جیهانی کات و شوێنە، ئەم جیهانی کات و جێگایەش دیاردەی راستییەکی گیانییە کە زۆر لەو دیاردەیە رەسەنترە. چونکە کانت جیهانی کردووە بە جیهانی دیاردە و جیهانی راستەقینە! لەم بۆچوونەدا، وەک من تێبگەم دوو خاڵ روون و ئاشکرانین بۆیە بۆچوونەکەی ستیس تەمومژاوی دێتە بەرچاو:

یەکەم: ئایا مەبەستی لە بزووتنەوەی رۆمانسی بە مانا گشتییەکەیە کە بریتییە لە شۆرش و یاخیبوون دژی رێبازی کلاسیکی نوێ یاخود مەبەستی لە رێبازی رۆمانسییەتە بەمانا تایبەتیەکەی کە جۆرە بزووتنەوەیەکی ئەدەبی سەدەی نۆزدەیەم بووە و بنەماکانی تیۆری هێمای لە شیعردا داناوە و هەوڵی ئاوێتەکردنی شیعر و فەلسەفەی داوە و ئیتر تا چەند لەم ئەرکەدا سەرکەوتووە بابەتێکی ترە!

دووەم: یاخود مەبەستی لەو چەند فەیلەسوفە ئایدیالیستییەی ئەڵمان بووە کە بەرابەرەکانی رێبازی ئایدیالیزم ناودەبرێن و کاریان لە رێبازی ئەدەبی رۆمانتیک کردووە و لەلایەن ئەم رێبازەشەوە کاریان تێکراوە وەک فیختە، شیلنگ و هیگڵ.. تاد؟!

ئایا دەکرێ لە یەکچوونی دوو بۆچوون، لە یەکتری نزیک بوونی دوو هەڵوێست لە دوو بابەتی لەیەکتری جیاوازی وەک ئەدەب و فەلسەفە بیێتە مایەی ئەوەی یەکەمیان بە داهێنەرەکەی و دووەمیان بەکارلێکراو دابنرێن؟! کانت فەیلەسوفی قۆناخی رۆشنگەرییە و ژێری کردووە بەسەر مەشق. رۆمانسییەکان پەنایان بردۆتە بەر سۆسە (حەدس) و ژێریان خستۆتە لاوە!

کانت هەوڵیداوە ساغی بکاتەوە کە بیر وەک ئۆرگانێک کە چالاکی و پرۆسەیەک بەرهەمدێنێ و، کارکردەیەکی رەسەنە و خۆی بابەتەکانی خۆی دادەهێنێ و پەیدا دەکات. ئەم سووربوونە لەسەر رەسەنێتی و کاریگەریی بیر بەردی ئەو بناخەیە بووە کە دوای کانت چەندین فەیلەسوف تەلاری رێبازە فەلسەفەییەکەیان لەسەر دامەزراندووە. ئەم پرۆسە داهێنەرەی بیر ئەگەر ناوی تری لێنرابێ ئەوا کراوە بە بنەمایەکی رەها (موتلەق) بنەما هەندەکی و لقییەکانیان لێوە کەواندۆتەوە و کردوویانە بە ئامراز و کەرەسە و شێوازی لێکدانەوەی جیهان و ژیان و مێژوو و زانست و ئایین و هونەر. لەم بوارەدا تا ئەو رادەیە پێیان لێهەڵگرتووە و سنووریان بەزاندووە کە بڵێن- بوون- بێرادەو سنوورە گۆران و بەرەو پێش چوون و گەشەکردن لە مێژوودا لە هەموو سنوورێک تێدەپەرێنێ و هیچ جۆرە کۆتاییەکی بۆ نییە. بێگومان ئەمە بە ئاشکرا سروشتی فەیلەسوف و زانا و بیرمەندی جەرمانی ساغ دەکاتەوە کە هەمیشە سەرگەرمی ئەوە بوون، لە بەرهەم و نووسین و سیستەمە جۆراوجۆرەکانیاندا هەر لە ئەدەب و هونەرەوە تاوەکو زانست و فەلسەفە و ئایدیۆلۆجی تاکە بنەمایەک بۆ فرەیی و هەمەرەنگیی و هەمەجۆریی بدۆزێتەوە، ژیان و پەرەسەندن و گۆران بەجۆرە تەوژمێک کە لەناوەوە و لە ناخەوە بەرەو دەرەوە دەرەکییانە هەڵقوڵاوە سەرنج بدات.

سەرەرای هەمەکیی کردنی هەڵوێستی هەندەکی و پشت بەستن بە ژیر (ئەقڵ) و بایەخدان بە هێز و تواناکانی ئەم ئامرازە و بە هەند زانینی ئەو ئەنجامانەی لە بریارەکانی دەکەونەوە، ئەمەیە ئەو لایەنەی کە لە بواری بیرو فەلسەفە و ئایدیۆلۆجیدا بە رەوت و سروشتی بیرمەندی جەرمانی ناودەبرێت، نموونەیەک لە فەلسەفەدا، بە تایبەتی لە سەدەی نۆزدەیەمدا فەلسەفەی سەرتاپاگیریی ئاڵۆز و جەنجاڵی «یۆهات گوتلیب فیختەیە».

٧- ئەگەر پشت بەو سەرچاوانە ببەستریت کە دەربارەی پەیوەندی نێوان فەلسەفە و ڕێبازی ڕۆمانتیکی سەدەی نۆزدەیەم بەتایبەتی و فەلسەفە و شیعر بەگشتی نووسراون گومان لەوەدا نامێنێ کە هەردووکیان دووبابەتی لە یەکتری جیاوازن و ئەم جیاوازییەش بە تەواوەتی لە ڕوخسار و ناوەڕۆک و شێواز و ستایل و مەبەستیاندا دەردەکەوێ. شیعر بابەتێکی مەجازییە و پشت بە هەست و سۆز و ئەندێشە و دەروون دەبەستێ و بەوێنەی شیعری بۆچوون و خواستەکانی بەرجەستە دەکات، بەڵام فەلسەفە سیستەمێکی ڕێکوپێکە لە چەندین تیۆری پێکهاتووە کە لە چوارچێوە گشتییەکەدا بەو بابەتە ناودەبرێت کە دەکرێ بە جیهانبینی ناوببرێت. گومانیش لەوەدا نییە کە ئەزموون و تاقیکردنەوەی شیعریی و تەجرەبەکەی شاعیر جۆرێک لە جۆرەکانی پرۆسەی ئیپستۆلۆجی (زانین) نیشان دەدەن، بەڵام ناکرێت بەهیچ شێوەیەک بخرێنە خانەی فەلسەفە و بیری مەنتیقیانەوە، چونکە نەبووە و ناکرێ شیعر و شاعیر دەستبەرداری ئەندێشە و هەست و سۆز و هێما و ئەفسانە و ستایلی شیعریی بێن و ئەمانەش چ وەک بابەت و چ وەک ئامراز بەلای فەلسەفەوە دەخرێنە خانەیەکەوە کە زۆر لە پشتگوێ خستنەوە نزیکە. خۆ ئەگەر نۆڤالیس(١٨)- ئەدیبی بەناوبانگی ڕۆمانسی ئەڵمان لافی ئەوەی لێدابێ کە دەبێ شیعر و فەلسەفە ئاوێتەی یەکتری بکرێن، چونکە شیعر وەک ئەو لافی لێداوە لە زانینی ڕاستیی بە باشترین و قووڵترین شێوەی بەولاوە نییە، لە قسەی شاعیرێکی شەیدای هێماو سرووشت و ئەفسانە بەولاوە نییە.

**پەراوێز و سەرچاوەکان:**

**١- بۆ نموونە پرۆفیسۆر دکتۆر یواخیم ڕیتەر کە کاتی خۆی مامۆستای فەلسەفە بووە لە زانکۆی مونیستەر- هەرێمی نۆرد ڕاین فیستیڤاڵی لەو باوەڕە دابووە کە هیگڵ فەلسەفەکەی لە سێ سەرچاوەوە هەڵهێنجاوە:**

**- شۆڕشی فەرەنسای ١٧٨٩ز.**

**- ئایینی مەسیحی.**

**- بارودۆخی فرە ڕەنگی ئەڵمانیای سەردەمی خۆی. بڕوانە:**

**Ritter, J. Hegel and franzosische Revolution.**

**2- Fichte, J. Reden an die deutsche Nation.**

**بەشێکمان لەم شاکارە سیاسییە- فەلسەفییە لە ئەڵمانییەوە کردووە بە کوردی و چاوەڕێی دەرفەتی چاپکردن دەکات.**

**3-Storig, Hans Joachim., Kleine Weltgeschichte der Philosophie. Stuttgart 1961. S.506.**

**٤- ویلیک، رینیه، مفاهیم نقدیة، ترجمة: د. محمد عصفور، عالم المعرفة کویت ١٩٨٧، ص١٦٥.**

**ئەم بەرهەمە بریتییە لە چەند نووسینێک کە پتریان دەربارەی ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبین نووسەر لە بۆنەی جیاوازدا بڵاوی کردوونەتەوە ، بەرهەمەکە لە زمانی ئینگلیزییەوە وەرگێڕدراوە.**

**5- Schnadelbach, H., Philosophie in Deutschland Stw. 401. S. 130.ff.**

**6- Wahrig, Gerhard., Deutsche Worterbuch. Mosaik Verlag. Munchen 1980. S.3690.**

**٧- ستیس، ولتر؛ الدین.. والعقل الحدیث. ت: د. امام عبدالفتاح إمام مکتبة مدبولی- القاهرة- ١٩٩٨، ص٣٧ فیما بعد.**

**ئەم شاکارە لە ئینگلیزییەوە وەرگێڕدراوە، وەک من بۆی بچم تا ئێستا نەکراوە بە ئەڵەمانی.**

**٨- ستیس، و. هەمان سەرچاوە، بە عەرەبی. ل٢٥.**

**٩- تەوڕات بەزمانی ئەڵمانی، سفری پەیدابوون، سەرەتا.**

**١٠- بوخینسکی: تأریخ الفلسفة المعاصرة في اوربا. ترجمة: محمد عبدالکریم الوافي طرابلس- لیبیا- بلا. ص٣٣ فیما بعد.**

**١١- بڕوانە:**

**د. حەمید عەزیز: بنەماکانی فەلسەفەی شیکردنەوەی مەنتیقی. دەزگای موکریانی هەولێر ٢٠٠٥.**

**١٢- بوخینسکی، هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل٣٤. ئەم بەرهەمە لەزمانی فەرەنسییەوە وەرگێڕدراوە.**

**١٣- ستیس، والتر، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٩.**

**14- Kant, Immanuel., Grundleyung Zur Metaphysik der Sitten. Riga. 1785. Dritter Abschuitt: 447-450 ff.**

**ئەم شاکارەی کانت-مان لە ئەڵمانییەوە کردووە بە کوردی و چاوەڕوانی دەرفەتی چاپکردن دەکات.**

**15- Kant, I. Kritik der reinen Vernunft. Hamburg 1976. B362.**

**16- Storig, H.J., Kleine Weltgeschichte der Philosophie, Stuttgart 1961. S. 397-398.**

**١٧- ستیس، والتر، هەمان سەرچاوە. ل٢٣٠.**

**18- Mahl, H-J., Novalis. In: Deutsche Dichter der Romantik. (Hrsg) Von: Benno Von Wiese. 2.Auflage./1983. S.234.**

# بەربەرییەتی نادیار و کاراکتەری فەناکراو

دیار عەزیز شەریف

مادام مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە کەواتە ژیانی لە ناو تۆرێکی ئاڵۆزی پێوەندییە کۆمەڵایەتییە جۆربەجۆرەکاندا بەسەردەبات، تەنانەت پێوەندییە سیاسی و ئابووری و رۆشنبیرییەکانیشی بە جۆرێک لە جۆرەکان رەهەندێکی کۆمەڵایەتییان هەیە. لەم بارەیەوە پشت دەبەستین بەو بۆچوونەی دۆرکهایم کە دنیا بینی مرۆڤ بۆ جیهان و دەوروبەر وەک دەرەنجامێک لە دەرەنجامەکانی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دادەنێت (١). کاتێک لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێو دنیای کوردی رادەمێنین، ئەوەمان بە خەیاڵدا دێت کە لەبەرچی لەم کۆمەڵگایە پێوەندییەکانی نێوان ئینسانەکان لە بنەڕەتەوە پێوەندییەکی تەندروست نین، بەڵکو تاکە کەسەکانی لەسەر بنەمای زاڵبوون و ملکەچبوون بەیەکترییەوە گرێداوە. لەبەر ئەوە پانتاییەکی کۆمەڵایەتی دێننە ئاراوە کە هەمیشە خاوەنی چەندین نەخۆشی کۆمەڵایەتی درێژخایەنە.

دەکرێ لە سایەی دیاردەکانی مێینە لە لایەک و جۆری بیرکردنەوەی کۆمەڵایەتی لە بەرامبەریان لە لایەکی تر راستی ئەو دۆخە کۆمەڵایەتی و دەروونییە درک پێبکەین کە رەگەزی مێینە لە کۆمەڵگای کوردی گیرۆدەی بووەو بەدەستییەوە دەناڵێنێ، ئەمەش ئەو روانینە کۆمەڵگەراییە ئاشکرا دەکات کە وشیاری ئەوەی نییە ئافرەت وەک مرۆڤێکی سەربەخۆو خاوەن ویست و تواناو خەون ببینێت، لەبەرئەوە لە رووی ناویشەوە ئافرەت رەش دەکاتەوەو بە منداڵ ناوی دەبات. زۆربەی پیاوان لایان شەرمە لەبەردەم پیاوی دیکە ناوی ژنەکەی خۆیان بێنن، بەڵکو لە جێیدا هەڵدەستن بە کردەی رەشکردنەوەی ئەو

ئینسـانە لە سـایەی زمـانەوە ئەویش دەڵێن( منداڵ) بەتایبەتی لە گەڕەکە میللییەکان ئەم خووە زۆر باوە، یان کـۆی ئەو شـوێنانەی کـە لە ڕووی بونیـادییـەوە بەها و عـەقڵـییـەتی خـێڵـەکی بەسەر خەیاڵ و بیـرکـردنەوەی ئینسـانەکـاندا زاڵە. ئەمـەش هەوڵێکی زۆر سـادەو سەرەتای عـەقڵـیـەتی پیاوسالارییە بۆ بچووککردنەوەی ئافرەت. بە پێچەوانەوە ئەو پیاوەی ڕێزی ژنەکەی خۆی بگرێت و لەکـاری ڕۆژانەدا پرس و ڕای پێـبکات و یارمـەتی بدات و دەست لە نەریتی فـشـارخـستـنە سەر ئافرەت هەڵبگرێت، واتە بەگشتی جۆرێک لە ئازادی پێ ڕەوا ببینێت ئەوا یەکسەر لەلایەن کۆمەڵگا بەگشتی و پیـاوان بەتایبـەتی ڕووبەڕووی چەندین تانەو تەشـەری نارێک دەبێـتـەوە، لەوانە (فـلان کـەس لە ژنی خـۆی دەترسێت!) یان (ئۆمـەرە) بەکـارهێنانی زاراوەی ئۆمـەر بەم دواییە لە ناو خەڵک زۆر دەبیسترێت و بەو پیاوانە دەگـوترێت کـە ڕێز لە ژنەکـانی خـۆیان دەگـرن و وەک «پیـاوی کـوردی» مـامـەڵە لەگـەڵ ژندا ناکـەن! دیارە دەستەواژەی پیـاوی کوردی هەڵگری ماناگەلێکی پیـاو سالارییـە کە لە ڕاسـتیـدا ڕەمـزێکی سۆسیـۆلۆژییـە بۆ ناسینەوەی بونیادی کۆمەڵگای کوردی، وەک یەکێک لە کۆمەڵگا پاتریارکەکانی ڕۆژهەڵات کە پیاوسالاری دەباتە ناو هەموو بوارەکانی ژیانی خۆیەوە. کەواتە بەکاربردنی زاراوەی ئۆمەر ئەو مانا کۆمەڵایەتییە دەگەیەنێت کە چۆن هەندێک پیاو بە گوێگرتن لە ڕاوو پێشنیازەکانی ژن لە بارەی ژیانی هاوسەرێتی خۆیان و یارمەتیدانیان بەکردار لە شان و شکۆو هەیبەتی پیاوێتی خۆیان کەم دەکەنەوەو ئافرەت دێننە پێشەوە. ئەم دیاردەیە لە کۆمەڵگای کوردی بەشـتـێکی نەشـیـاو و شـەرمـێکی گـەورە دادەنرێت. زهنیـەتی نەوەکانی نێـو دنیای کوردی پڕیەتی لە نموونەو هاوشێوەی ئەو پەندە کوردییەی کە پێی وایە ژنی شەرمن شـارێک دێنێ و پیـاوی شـەرمنیش شـانەیەک ناهێنێت. دیارە شەرم بە مانا کۆمەڵایـەتییـەکەی دەمانباتەوە سەر نەریتی بێـدەنگی کـە لە ناو ئێـمـەدا نەریتـێکە زیاتر پەیوەسـتە بە ڕەگەزی مێـینە، ئەو کولتـوورە وای کردووە کچێکی ئەکتیڤ لە منالێیەوە ناوی شورتە و جەردەی لێبنرێت.

لە کاتێکدا نەشیـاو لەم لایەنەوە ئەو ڕوانینە چەوتەیە کە پیاوی کوردی بەرامبەر ئافرەت هەیەتی کە زۆرجاران بە زمـانێکی توندو زبر مـامـەڵەی لە تەکدا دەکـات، ئەو ئافـرەتە وەک وەسـیلەیەک دەبینێت کـە خۆی چۆنی بوێت ئاوا بەکاری بێنێت، لە ساتێک وەک پانتاییەکی تاک و تەنهـای سـێکس تەمـاشـای بکات، دیارە لەم ڕووەوەش قسەگەلێکی زۆرباو لەنێو دنیای پیاوسالارەکاندا هەیە، تەفسیری سەیر سەیر لەسەر مارەکردنێکی تاقانەی نێوان ئافرەت و سێکس هەیە کە هەم سێکس ناشیرین دەکات، هەم ئافـرەتیش لە کـۆی توانا مـرۆڤایەتییـەکـانی خـۆی دادەمـاڵێت. لە ساتێکی تریش بۆ هەتا هەتایە بە دایک و بەخێوکەری منداڵی دەبینێت. هەروەها بەکاربردنی کچ لە بەرامبـەر خوێن لە سولحـی عـەشایەریدا- وەک ڕێگە چارەیەکی باوی کـۆمـەڵایەتی بۆ کـۆتایی پێـهـێنان بە دوژمنداری نێــوان دوو خــێــزان یان زیاتر- ئاشکرایە مێژووی کۆمەڵگای کوردی لەم لایەنەوە زۆر دەوڵەمەندە لە بە خەسارداني ژیان و چارەنووسی ئینسـانەکانی، بۆیە سنوورەکـانی بیـرکـردنەوەو جـووڵانەوەی ئافـرەت لەم جوگـرافـیـا بەشـەریەدا زۆر تەسک و بچووک بۆتەوە. لە ڕاستیـدا هۆکاری سەرەکی ئەو پێوەندییە ناتەندروستەی نێـوان پیـاوو ژن یان فـراوانتر لێی بدوێین نێـوان ڕەگەزی نێـرو مێ بۆ زاڵبـوونی بەهای خـێـڵـەکی بەسـەر بەهای مـەدەنی لەنێـو کـۆمـەڵگای کوردی دەگـەڕێتـەوە. ئەو دوو چەمکە سۆسیۆلۆژییەی کۆمەڵناسی عـیراقی دکتۆر عەلی وەردی کۆمەڵگا پێشکەوتوو و دواکەوتووەکانی پێ پۆلێن دەکـات. بەڕای وەردی کـۆمـەڵگای عـیـراقی بە درێژایی مێژووی خۆی لەنێوان هەردوو بەهادا لە جووڵەو ئەملاو ئەولادا بووە (٢)، واتە جـارێک کـۆمــەڵگا هەڵگری شوناسی خێڵەکی و بەدەوی بووە، لە زەمەن و قۆناغێکی تردا هەمـان کـۆمـەڵگا مـەدەنی خۆی نواندووە. بێگومـان بەر لە هاتنی ڕژێمی بەعس لە هەفتاکانی سەدەی بیستەم ئەم کـۆمـەڵگایە خـاوەنی چەندین دیاردەی مـۆدێرنی وەک چوونی پیـاو و ژن بەیەکـەوە بۆ هۆڵی شانۆو سینەمـاکـان بووە، کەچی لەگـەڵ بە بەعسیکردنی کۆمەڵگای عیـراقی دواجـار لەم وڵاتە مـرۆڤ تەنیـا خـاوەنی کـۆمـەڵگایەکی سەربازسالاری نییە، بەڵکو ئەوەی کە بۆ دەمێنێتەوەو بۆ ماوەیەکی درێژیش بە ناچاری لە ناویدا دەژیت بریتییە لە کولتـوورێکی شـێواو کـە بە دڵنیـاییـەوە مـرۆڤی شـێواوو نەوەی سەقەت و ناتەندروست بەرهەمدێنێت.. هاوڕێک لەگەڵ تێکدانی گوندەکان بەعس دێت پرۆسەی شێواندنی

کولتووری دەست پێدەکا، بەمەش زەمینەی کولتووری لەم کۆمەڵگایەدا بۆ سەرکەوتنی ئەو پرۆسەیە زۆر لە باروگونجاوە، چونکە کۆمەڵگا خۆی هەڵگری شوناسێکی نێرسالارییە. لە دوای تێکدانی گوندەکانی کوردستان بەعس توانی لادێیەکان لە ئۆردوگا زۆرەملێیەکان و شارەکاندا زیندانی بکات، لە هەمان کاتدا شارنشینەکانیشی لەناو کۆی بەها خێڵەکییەکانی گونددا زیندانی کرد... بەهەر حاڵ کاریگەری سیستمی بەعس لەسەر شێواندنی کولتووری باسێکی تری ئێمە دەبێت، بەڵام لە دەرفەتێکی تردا.

ئەو دیاردەو ڕەفتارە نامرۆڤانانەی لە مرۆدا ڕووبەڕووی ڕەگەزی مێینە دەبنەوە، بەتایبەتی لەشاردا:

– هۆیهاکردن لە کچ و ژنان لەناو بازاڕو شوێنە گشتییە قەرەباڵغەکاندا کە بۆ ماوەی چەند ساڵێکە چەندین جار لە شارێکی وەکو هەولێر ئەو ڕەفتارە مێگەلییە دڕندەئاسایە لەلایەن پیاو و نێرەکان بە گشتییەوە لە بەرامبەر کچ و ژناندا کراوە، بێئەوەی هەردوولا یەکتری بناسن یان خزم و کەسی یەکتر بن، ئەمەش گەورەترین مەترسیدارترین دەستدرێژیکردنێکە بۆ سەر خودی ئینسان، تراژیدیاکە لەو شوێنەشدا کۆتایی پێدێت کە کۆمەڵگاو دەسەڵات بەگشتی بێدەنگی لەو ڕووداوە مەرگبارێنە دەکەن.

واتە تاوانەکە بە دەستپێکردنی دەستدرێژییەکە دەست پێدەکات و بە بێدەنگبوون لێی تەواو دەبێت. لەبەر ئەوەی بنەبڕکردنی دیاردەیەکی وا قێزەون و نائەخلاقی ئەرکی یەکەمی حکومەت و ڕێکخراوە مەدەنییەکانە. لە مانگی ئابی ساڵی پاردا دوو حاڵەتی وا لە ناو بازاڕی شاری هەولێر ڕوویدا، بەڵام لە کۆتاییدا هیچ یەکێک لە بەشداربووەکانی ئەم ئاپۆرا نێرسالارییە تووشی لێپرسینەوەی یاسایی نەهاتن؟! باشە دەبێ چ هۆکارو پاڵنەرێکی کۆمەڵایەتی و دەروونی و سیاسی لە پشت دروستبوون و بەردەوامبوونی دیاردەی هۆیهاکردنی کچان دایە؟ ئەمەیان گەوهەری کێشەکەیە، دواتر کێن ئەو کەسانەی کە بە ئەجامدانی کارێکی وا دژە ئینسانی هەڵدەستن؟ بەشێوەیەکی گشتی کولتوورێکی مرۆیی خاوەنی دیاردەیەکی لەمجۆرە بێت لە ناوەوەڕا چ جۆرە وزەو هێزێکی لە خۆیدا هەڵگرتووە؟ ئایا بوونی دیاردەی هۆیهاکردن و تیزاب پێداکردن بەس نین بۆ ئەوەی ئەم کۆمەڵگایە بگەڕێننەوە قۆناغی بەربەرییەت، تەنانەت بەربەرییەتێکی مۆدێرن؟! لە مەوەش وێنەی فەزایەکی کۆمەڵایەتی نەخۆش بەدەردەکەوێت کە زەمینەیەکە بۆ سەرهەڵدانی دەیان دیاردەی وەحشیەتگرتووی لەم چەشنە کە هەوڵێکن بۆ بچووککردنەوەی مرۆڤ و داماڵینی لە ماهیەتە ئینسانییەکە، ئەوەی لەم دیاردانەش لەناو کۆمەڵگای ئێمەدا قوربانی پلە یەکە ڕەگەزی مێینەیە بەتایبەتی مێینە لە دوای قۆناغی باڵقبوونەوە کە بەلای کۆمەڵگا گەورەترین خەم و مەترسییە!

دەستلێدانی جەستەی ئافرەت، ئەم دیاردەیە لە مێژە لەناو کۆمەڵگای کوردیدا هەیە، کە کوڕ و پیاوان لە ناوەندی بازاڕو شوێنە گشتییە قەرەباڵغەکاندا دەست بۆ جەستەی ئافرەت دەبەن، وەک حەزێکی سێکسی و هەواڵێک بۆ ڕازیکردنی کچەکە یان ژنەکە تا پێوەندییەکی سێکسی لەگەڵ دروست بکات، ئەم ڕەفتارکردنەش دەرەنجامی چەپاندنی سێکسییە. د. عەلی وەردی ئەم دیاردە نەشیاوە بە دیاردەیەکی کۆنی ناو مێژووی ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای عێراقی دادەنێت (٣).

– تیرۆری ئافرەتان لەژێر ناوی کرینەوەی شەرەف و نامووس کە دیاردەیەکی زۆر بڵاوە لە دنیای کوردیدا و پشت ئەستوورە بە هەردوو پاساوی ئایینی و کۆمەڵایەتی، تا ئێستا چارەسەرێکی بنەڕەتی بۆ ئەو شێتگرییە عەقڵییە دانەنراوەو هیچ جۆرە سزایەکی یاسایی و دادپەروەرانەی نییە بۆ لێپێچینەوەو دادگاییکردنی بکەرانی ئەو کارەساتە ئینسانییە مەتبووە، پێمویە کارەساتی مەتبووی لەم چەشنە زۆر خەتەرناکترە لە کارەساتی دیکە. دیارە هۆکارێکی کولتووری لە پشت بەمەتبوونی ئەو کارەساتە دایە. کێشەی بنەڕەتی ئەو دیاردەیەو ئەوانی تریش کە لە قاڵبێکی مەرگدۆست و نێگەتیڤ لە بەرامبەر ئافرەت ئەنجامدەدرێت پەیوەستە بە سەرەتای ئەو دابەشکردنە کولتوورییەی کە لە دنیای کوردی پیاو بە «بکەر» و ژن بە «بەرکار» دادەنێت. ئەو دوو زاراوەیەش (بکەر- بەرکار) لە ڕووی زمانەوانییەوە یەکەمیان ئەو کەسە دەگرێتەوە کە بە ویستی خۆی لەکات و شوێنێکی دیاریکراودا کارێک ئەنجامدەدات و کاریگەری کارەکەش دەخاتە سەر کەسێک یان شتێک کە پێی دەوترێت «بەرکار» بەرکاریش ئەو کەسە یان شتەیە

کە لەلایەن ئەویتری بکەرەوە لە دەرەوەی ویستی خۆی لەکات و شوێنێکی دیاریکراودا کارێکی بەسەردا دەسەپێنرێت. کەواتە پێوەندییەکی جێگیر لەنێوان ئەو دوو بوونەوەرەدا هەیە کە یەکێکیان بۆ هەمیشە ئەویتر بۆ مەرامەکانی خۆی بەکاردەهێنێت، ئەمەش جگە لە داگیرکردنێکی خودی نەبێت هیچی تر نییە کە دەکرێ بە خاڵی دەسپێکی کارەساتە بچووک و مەزنەکانی ئینسانیەتی لە قەڵەم بدەین.

– خۆسووتاندنی ئافرەتان بڵاوترین و مەترسیدارترین دیاردەیە کە خەریکە لە ناوەوەڕا کۆمەڵگای کوردی وێران بکات، چونکە لە دوایی بە بەردبوونی کولتووری نێرسالاری لەناو ژیانی ئەم کۆمەڵگایە و قووڵبوونەوەی بۆناو کۆی پێوەندی و جووڵانەوەکانی ئینسانەکان، خۆسووتاندن دەبێتە تاکە ڕێگایەک بۆ دەرچوون لەم بەربەرییەتە کۆمەڵایەتییە کە ڕوخساری خۆی لەناو دەیان دەمامک و عەبای کولتووری شاردۆتەوە. لەبەر ئەوەی خۆسووتاندن جۆرێکە لە خۆکوشتن، بۆیە لێرەدا بۆ ناسینی خودی ئەم دیاردەیە هانا دەبەینە بەر تیێزەکەی کۆمەڵناسی فەرەنسی ئەمیل دۆرکهایم (١٨٥٧-١٩١٧) کە لە کتێبی (خۆکوشتن)دا دەستنیشانی چوار ڕووکار دەکات لەناو ژینگەی کۆمەڵایەتی کەوا مرۆڤ بەرەو خۆکوشتن پەلکێش دەکەن، ئەمانیش: خودپەرستی، ناپێوەری، ورووژانئامێز، قەدەریی (٤). بەڕای ئەو سۆسیۆلۆژیستە جۆری یەکەمیان بەهۆی پچڕانی تاکەکەس لە پەیوەستگیری کۆمەڵایەتی، کە بە تاکگەرایی زیادەڕۆیی ناوی دەبات. هەرچی خۆکوشتنی ورووژانئامێزە ئەوا بەهۆی ئەو عەقڵیەتە دەستە جەمعییەیە کە بە توندی ژیانی تاکەکەس بە بەرامبەرەکەی دەبەستێتەوە، لە زۆرترین حاڵەتیشدا پەیوەستگیری نێوان هاوسەرەکان یان پێوەندی خۆشەویستی و سۆزداری نێوان کچ و کوڕێک، جا کاتێک کە ژنێک هەواڵی مردنی مێردەکەی پێدەگات لەبەر بوونی ئەو پێوەندییە بەهێزەی نێوانیان کە بە شێوەیەک لە شێوەکان ڕۆحی هەردووکیانی کردۆتە یەک ئەوا ژنەکە خۆی دەکوژێت. ئەو ناتوانێ بەرگەی ژیانێک لە دەرەوەی هاوسەرەکەی بگرێت، ئەم دیاردەیە لە کۆمەڵگە نەریتخوازو داخراوەکاندا بە ڕادەی جیاواز دەبینرێت، هیندۆسەکان ئەم خۆکوشتنە بەکارێکی بەرز دەنرخێنن. سەبارەت بە کۆمەڵگای کوردیش هەرچەندە ئەو دیاردەیە تا ڕادەیەک کەم بووە یان لەو ساڵانەی دوایی بەتەواوی بەرەو نەمان دەچێت، بەڵام بە دیوێکی تر ئافرەت خۆی لە دەست دەدات، ئەوکاتەی ژنێک مێردەکەی دەمرێت ئەوا لەوە بە دواوە ژیانی ئەویش بەشێوەیەک لە شێوەکان دووچاری بەمەرگ بارگاوی دەبێت، چونکە ئیدی کۆمەڵگا چاوەڕوانی ئەوەی لێ دەکات کە لەم ساتە بەدواوە بۆ هەتا هەتایە بێ هاوسەر بمێنێتەوە، یانیش ئەوەی لێ دەخوازێت کە لەلایەنی دەروونی و جەستەیی تەواو خۆی لە قاڵب بدات و بە جۆرێک لە جۆرەکان خۆی ئازار بدات و لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوەش ژیانێکی گۆشەگیرانە هەڵبژێرێت. ئەگەر دۆخی ژن لە پێش ئەو لێکترازانە خێزانی و هاوسەرگیرییە باش نەبێت ئەوا دوای ئەو ڕووداوە چاوەڕوانکراوەی ژیان بێگومان باری کۆمەڵایەتی ئەو ئینسانە زۆر بەرەو خراپتر دەچێت، بەهۆی زیادبوونی گوشاری کۆمەڵایەتی و سانسۆری کۆمەڵایەتی لەسەری لەرێی ئەو پیاوانەی کە خزمی مێردەکەی جارانی بوونە، ئەوان خۆیان دەکەن بە حاکمی هەتا هەتایی ئەو ژنەو ژیانی تەواو کۆنترۆڵ دەکەن. ئەو ژنانەی کە ناوی بێوەژنیان بەسەردا دەبرێت لە زۆر لایەنەوە چاوی بەدگومانی خەڵکانی دەوروبەرو ناسیاوی خۆیان دەکەوێتە سەر، لەبەرئەوەی کۆمەڵگایەکی چەپێنراومان هەیە، بەتایبەتی لە ڕووی سێکسییەوە، بۆیە بوونی ئەو توێژە کۆمەڵایەتییە مێینەیە وەک سەرچاوەیەکی سەرەکی کاری سێکسی و بەدڕەوشتی و لەناوبردنی سەیر دەکرێت. ئەمەش کێشەو گرفتی دەروونی و کۆمەڵایەتی زۆر ئاڵۆز بۆ ئافرەت دروست دەکات، لە بنەڕەتدا داب و نەریتی کۆمەڵایەتی لە زۆر بەهای ئینسانی خۆیان دایاندەماڵێت. ژیانی بێوەژن لە گۆڕینی جلوبەرگییەوە لە ڕەنگی ڕەنگاوڕەنگەوە بۆ ڕەش تا شێوەی دوان و پێکەنین و چوونە دەرەوەو زۆر شتی دیکە گۆڕانی سەیر سەیریان بەسەردادێت. لە ڕاستیدا دیاردەی بێوەژنی کە لە ناو کۆمەڵگای کوردیدا زۆرە بەشێوەیەکی دوور لە لۆژیک و عەقڵ مامەڵەی لە تەک کراوە، بۆیە ئەم دیاردەیەش لە دواییدا دەبێتە یەکێک لە پاڵنەرو هۆکارە ناوەکییەکانی سەرهەڵدانی دیاردەی سووتاندن و خۆسووتاندنی ئافرەتان و ڕەشەکوژییان لەلایەن

پیاوانەوە.

لە کۆمەڵگای کوردی چەشنی قەدەریی زۆر بڵاوە بەتایبەتی لەنێو کچ و ژناندا، ئەو جۆرە خۆکوشتنە بەهۆی گوشاری کۆمەڵایەتی نێگەتیڤ و ناسۆزیی بەسەر خودی ئافرەتەوە کە لەلایەن پیاوانی نزیک لە ئافرەتەکە (باوک، برا، مێرد) بە درێژیی چەندین ساڵ ئەنجامدەدرێت، کە بریتییە لە ئازاردانێکی ڕەمزی و فیزیکی بەردەوامی ئافرەت تا بردنی بە لێواری بێزاری و مەرگ. ئەمەش ئاراستەیەکی تری کولتووری کوردییە بەسەر چارەنووسی ڕەگەزی مێینە لەم جوگرافیا مرۆییەدا. لێرە مێینە تەواو بەستراوەتەوە بە پێوەندییە کۆمەڵایەتییە تەقلیدییەکان، ئەو پێوەندییانەی لە دەرەوەی هەڵبژاردنی ئینسان خۆی وەک میراتێکی عورفی بۆی ماونەتەوە لە خێزان و بنەماڵە و سیستمی خزمایەتی. بەم شێوەیە لێرە کچ خاوەنی خودی خۆی نییە، بە درێژای تێپەڕبوونی تەمەن لە ژیانیدا خودی خۆی نادۆزێتەوە، بەڵکو لەهەر قۆناغ و تەمەنێکدا دەبێت ملکەچی کۆمەڵێک نۆرم و بەهای کۆمەڵایەتی کۆن بێت، ئەمانەش نەک خود پێ ناگەیەنن، بەڵکو خودو ئیرادە لە بەین دەبەن، لەبەر ئەوە تاکەکەس بەردەوام لەژێر فشارێکی کۆمەڵایەتی بەهێزدایە کە ناچاری دەکات بەهەڵسوکەوت و بیرکردنەوەیەکی کۆمەڵیانە لە دەرەوەی خواست و ئارەزووی خۆی، بۆیە تەنیا ڕەفتارێکی توند لەلایەن کەسێکی لە خۆی گەورەتر ڕەنگە بەس بێت بۆ ئەوەی گەنجێک لە چرکەیەکی چاوەڕوانەکراودا خۆی لەناوببات! ئەم جۆرەیان ئەو کەسانەن کە لە ژیانیاندا لە بەرامبەر کۆی ئەو زوڵمە کۆمەڵایەتییانەی دەرهەقیان کراوە، بێدەنگییان هەڵبژاردووە، بۆیە ئەو جۆرە مرۆڤە سڕبووانە هەمیشە مەترسی تەقینەوەیەکی لەناکاوییان لێدەکرێت کە بەداخەوە زۆرجاران بە مەرگی خۆیان تەواو دەبێت. واتە یەکەم دەنگ و دوایین دەنگییان ئەو هاوارە کتوپڕ و تێپەڕەی مەرگی ناوادەی خۆیان دەبێت لە بەرامبەر واقیعی کۆمەڵایەتی. زۆرجاران لە دوای خۆکوشتنی ئافرەتێک گوێبیستی ئەو قسەیە دەبین (لەسەر شەقازللەیەک یان قسەیەک خۆی سووتاند) ئەم تێگەیشتنە سادەیە لەو وشیارییە کۆمەڵایەتییە کەم و ئاست نزمەوە هاتووە کە نەیتوانیوە درک بەو سووکایەتی و دەستدرێژییە کۆمەڵایەتییە بکات- وەک خووێکی کۆمەڵایەتی نێو کۆمەڵگای کوردی- کە بە درێژیی سەردەمەکان دەکرێتە سەر ئینسانەکان. هەروەها بۆ پەردەپۆشکردنی کارەساتەکە کورتبینی بەرەو ئەوەیان دەبات کە دواجار بە ڕستەی (خوا ئەجەلی هێنا بوو) وازبێنن. مەبەستمان لە هێنانەوەی ئەو قسەیە پەیوەستە بە پەردەپۆشکردنی ڕاستی ڕووداوەکە لە سایەی خەیاڵکردنێکی ئایینییانە بۆ مەترسیدارترین کێشەی ئینسانی کە مرۆڤ بەدەستی خۆی دروستی دەکات و هەر مرۆڤیشە دەبێتە قوربانی. گرنگ ئەوەیە لە ڕووداوێک کە مرۆڤ بەیەکجاری و بەتەواوی کۆتایی پێدێت، کۆمەڵگا بێدەنگی هەڵدەبژێرێت و دەیخاتە کۆنەستی یادەوەرییەکانییەوە..... هەرچی جۆری ناپێوەرییە پەیوەستە بە لادانی کۆمەڵایەتی تاکەکەس، بە مانایەکی دی تاک ئینتیمای بۆ ژینگە کۆمەڵایەتییەکەی نامێنێت.


**سەرچاوەکان:**

**١- نظرية الثقافة، تأليف: مجموعة من الكتاب، ترجمة: د. علي سيد الصاوي ١٩٩٧.**

**٢- دراسة في طبيعة المجتمع العراقي، د. علي الوردي، ١٩٩٨.**

**٣- دراسة في طبيعة المجتمع العراقي، د. علي الوردي، ١٩٩٨.**

**٤- نظرية الثقافة، تأليف: مجموعة من الكتاب، ترجمة: د. علي سيد الصاوي ١٩٩٧.**



# ڕاڤەی ئادلەر بۆ سەرکەوتن و هەستی خۆ بەکەم زانین

«ئەلفرێد ئادلەر» نووشدارێکی نەخۆشییەکانی دەروونییە و، خەڵکی وڵاتی نەمسایە، خاوەن قوتابخانەی دەروونزانی تاکییە و بەم دواییانە کێبەرکێیەکی چاکی لەگەڵ قوتابخانەی دەروونشیکاری فرۆیدا دروست کرد، تا وای لێهات بەوە ناوزەدیان کرد کە دژی یەکترن، بەڵام ناساندنی قوتابخانەی دەروونزانی تاکی لەسەردەستی ئادلەر، ناوبانگێکی زۆر مەعریفی بەخشییە ئەو زاتە و ئێستاش ڕێنمایی و شێوە چارەسەرییەکانی لە زۆربەی دامودەزگا تایبەتییەکانی تایبەت بەو نەخۆشییانە پەیڕەو دەکرێت و برەوی باشیان هەیە، ئەوەی لێرەدا بە پێویستی دەزانین قسەی لەسەر بکەین بیروڕاکانی ئادلەرە لە مەڕ هەستی خۆ بەکەم زانین، دیارە ئەمەش لە ڕێگەی شیکردنەوەکانی ئەو قوتابخانەیەوە بووە کە ئادلەر بە دۆزەرەوەی دادەنرێت.

گرێی خۆ بەکەم زانین یان کەموکوڕی لە گرنگترین دۆزینەوەکانی دەروونزانی تاکییە، کە ئێستا لە دنیادا بڵاوە و بەشێوەیەکی بەرفراوان ئەو زانستە بەکاردێنن، تایبەتمەندانی دەروونزانی لە جیاوازییەکان و لە هەموو قوتابخانەکانیاندا ئەو زاراوەیەیان پێ باشە و لە کارەکانی ڕۆژانەیاندا بەکاری دەهێنن، بەڵام من دڵنیا نیم و ناشتوانم ئەم کارە بکەم کە ئەوان بە هۆشیارییەکی تەواو لەمە گەیشتبن و بەشێوەیەکی ڕاست و دروست ئەمە بەکاربهێنن، ئەگەرنا سوودێکیان پێنابەخشن، بۆ نموونە: کاتێ بە نەخۆشێک دەڵێین دەردەکەت گرێی خۆبەکەم زانینە، تا ئێرە هیچمان نەکردووە، تەنیا ئەوەمان بۆ جەخت کردووەتەوە کە ئەو بە دەردی گرێی خۆ بەکەم

**لە عەرەبییەوە: شوکر سلێمان**

زانین دەناڵێنێ، ئەمەش لە دەرەوەی توانست و تواناى ئەوە، بۆیە پێویستە بەسەر ئەمەدا سەرکەوێت و خۆی ڕزگار بکات، بەڵام لەسەر ئێمە پێویستە ئەو ڕێوشوێنانەی بۆ دیاری بکەین کە چۆن بتوانێ بەسەر ئەو کەموکورتیانەدا زاڵ بێت و لەو بەڵایە ڕزگاری بێت، هانی بدەین و پەنجە بخەینە سەر ئەو کەموکورتیانەی وای لێدەکات ئازایەتییەکەی لە دەست بدات و ئارەزووەکانی سەرکوت بکات.

هەموو کەسێکی نێرسیسی (العصاب) هەستی خۆ بەکەم زانینی هەیە، لێرەدا ناتوانین جیاوازییەک لەنێوان کەسانی نێرسیس و هەستی خۆ بەکەم زانین بکەین تەنیا ئەوە نەبێت کە ئەوانە پێکراون بە نێرسیسی، بەڵام دەکرێ لێرەدا ئەوە بە جیاواز بگرین کە ئەو هەڵوێستەی ئەو خۆی تێدا دەبینێتەوە کە تواناى ئەوەی نییە دەستنیشانی لایەنی سوود و قازانج لە ژیاندا بکات، لێرەدا دەکرێ ئەوە بە جیاواز بگرین کە ئەو هەمیشە لە چوارچێوە و کۆت و بەندی خودی خۆی دایە، لە خۆ دوورگرتن لەو چالاکی و جووڵانەی کارکردێکی کاران لە سوود گەیاندن بەو تووشبووانەی نێرسیس، بەڵام نابێ پێی بگوترێ کە تۆ «تووشبووی بە نەخۆشی خۆ بەکەم زانین» چونکە ئازایەتی پێنابەخشێت و لە هیچ چارەسەرێک نزیکی ناکاتەوە ئەو قسەیە زیاتر نییە لەو قسەیەی کە بە یەکێک بگوترێ کە تۆ سەریەشەت هەیە و پێی ڕادەگەیەنین و دەتوانین پێت ڕابگەیەنین کە تۆ سەریەشەت هەیە، ئەمەش هیچ لەو سەریەشەیە کەم ناکاتەوە کە تووشی ئەو کەسە بووە.

زۆر لە تووشبووانی نێرسیس وەڵامی ئەو پرسیارە نادەنەوە ئەگەر پرسیاریان لێ بکەیت کە هەست بە کەم تەرخەمی یان خۆ بەکەم زانین دەکەن، وەڵامی هەندێکیان بە پێچەوانەوەیە وەک ئەوەی یەکێک دەڵێ «من دڵنیام سەرکەوتووترم لە زۆر لەو کەسانەی لە دەوروبەرمن» ئەوەمان پێویست نییە، بەڵام دەپرسین «ئێمە پێویستیمان تەنیا بە چاودێری ڕەفتاری تاک هەیە لەو کاتانەدا ئەو ئاستەی فێڵانە دەبینین کە دەبێتە سەلماندنی ئاستی خودی خۆی لە چاوی خۆیەوە، ئەگەر سەیری هەڵسوکەوتی کەسێکی ناسراو بە نەزعەی توندوتیژی و شەڕانگێزی بکەین بۆ نموونە ئەگەر بتوانین لە هەستی نائاسایی ئەو هەڵسوکەوتانە کە وەک ئەوەی لە بڕیارەکانی خودی خۆی دەڵێ «خەڵکان بوونی من فەرامۆش دەکەن، بۆیە دەبێ پێیان نیشان بدەم کە من لێرەم» یان ئەگەر تێبینی بکەین کە قسە دەکات لەو کاتانەدا هەستی نائاسایی لە ناخییەوە بەم شێوەیە دەوروژێ «قسەکانی من هیچ سەنگێکیان نییە، ئەگەر جەختیان لێنەکەمەوە». لە دوای هەر یەکێک کەوا ڕەفتار دەکات کە لە سەرووی ئەوانەوەیە بە پێی تێڕوانین و پێوانەی ئێمە دەتوانین ئەوە هەڵبهێنجین کە ئەوە هەستی خۆ بە کەم زانین و کەم تەرخەمی هەیە، ئەم هەڵوێستە وەک ئەو کەسە وایە کەوا هەست بکات لاواز و کورتەباڵا و لەکاتی ڕۆیشتنی بەسەر پەنجەکانی خودی خۆی دەخەڵەتێنێ و بە خەڵکیش نیشان دەدات کە ئەو درێژە، ئەو ڕەفتارە کاتێ دەبینین کە دوو منداڵ لە تەک یەک ڕادەوەستن کە کامەیان درێژترن، هیچیان وا دەرناخەن کە کورتن، بەڵکو هەر یەکەیان هەناسە لە خۆی دەبڕن و وا نیشان دەدەن کە درێژن، لەو کاتە ئەگەر پرسیار لە یەکێک لە منداڵەکان بکەین ئایا تۆ وا هەست دەکەیت بچووکیت و کورتیت؟ زۆر زەحمەتە ئەو دان بەوەدا بنێت.

تەماشا دەکەین کە کەسێک هەست و سۆزی دەشارێتەوە لەوەی کە گرێی خۆ بە کەم زانینی بەهێزی هەیە، بەڵکو بە کەسێکی گەڕاوە لە تەمەن و ئارام و لەسەرخۆ و ئاسایی نیشان دەدات کە ئەو هەستی خۆ بەکەم زانینە بە جۆرەها شێوە دەردەکەوێت، هەندێ جار بە ڕوونی دەکەوێتەوە، لێرەدا نموونەیەک باس دەکەین: دایکێک لەگەڵ سێ لە منداڵەکانی بۆ یەکەمین جار دەچێتە باخچەی گیانەوەران، لە کاتی وەستانیان لە لای شوورەی یەکێک لە گیانەوەرەکان کە شێرێکی تێدایە، یەکێک لەو منداڵانە دەلەرزێ و دەگەڕێتەوە دواوە و بە دایکی دەڵێت: «من دەمەوێ بگەڕێمەوە ماڵەوە» منداڵی دووەم لەشوێنی خۆی دەوەستێت، بەڵام ڕەنگی تێکچووە و دەلەرزێ و دەڵێ: «من هەرگیز ناترسم» ئەوەی سێیەم بە توورەیی لە چاوی شێرەکە دەڕوانێ و بەدایکی دەڵێ: «دەتەوێ بەڕوویدا هەڵشاخێم؟» هەر یەکێک لەو سێ منداڵە لەناخی خۆیاندا هەست بە بچووکی خۆیان دەکەن لە بەرامبەر شێرەکە، بەڵام هەر یەک لەمانە بەشێوەیەک هەستی خۆیان دەردەبڕن. بەو شێوەیەی کە ئەوان لە ژیان فێربوونە کە ئەمەش دەربڕینە لە خودی خۆیان.

دیارە هەستی خۆ بە کەم زانین بە هەر شێوەیەک بێت گشتی و بڵاوە لە هەر یەکێک لە ئێمەی مرۆڤ، مادام هەستێک هەیە و وامان لێدەکات کە ئێمە هەمیشە بیر لە باشتر بوون بکەینەوە، ئەگەر دەستیش بگرین بە هەندێک شت کە ئازایەتیمان دەردەخات ئەوە خۆ ڕزگارکردنمانە لە هەستی خۆ بەکەم زانین، بەڵام تەنیا بە ئامرازی ڕاستەوخۆ و بۆیەری دەبێت، ئەمەش بە ڕێگەی

باشترکردنی هەڵوێستەکان کە خۆمانی تێدا دەبینینەوە، هیچ مرۆڤێک نییە خۆی بەندوبار بکات بە هەستی خۆ بە کەم زانین بۆ ماوەیەکی درێژ، چونکە لەم کاتانە خودی خۆی وا دەبینێت کە شڵەژاوە و بە هەڵوێستێک کۆتایی دێت، بەڵام هەندێک کەس هەنە توانای ئەوەیان تێدایە کە خۆیان لە گرێی خۆ بەکەم زانین بە ڕێگە و ئامرازی گونجاو ڕزگار بکەن، بەڵام ئایا ناکۆکییەکانی لەو قەدەرە تەواو دەبێت، دەبێت بەسەر کێشەکانی زاڵ بێت و هەر بەسەرکەوتوویی بمێنێتەوە، لە جیاتی ئەوەی کەوا خەمی ئەوەی بێت کە ئەو ناخۆشییانەی دێتە ڕێگەی چارەیەکی بۆ دابنێت، هەوڵدەدات خۆی هەڵخەڵەتێنێت یان پەنا دەباتە بەر خودی خۆی بە هەندێ شتی وەهمی، وەک ئەوەی ئەو هەستە لەلای خۆی دروست بکات کە ئەو سەرکەوتووە، ئەو لێکدانەوە وەهمییە خودییە ڕاست نییە و ئەو بێنە و بەردە وەهمییە هیچ لەو کەم تەرخەمی و خۆ بەکەم زانینە کەم ناکاتەوە، لەبەر ئەوەی بنەڕەتی کێشەکە ماوەتەوە و دەردەکەش لە شوێنی خۆی بۆگەنی کردووە، لەبەر ئەوەی کەم تەرخەم یان خۆ بەکەم زانین شتی دیکەی دێتە سەر ڕێ و ئەرکەکانیشی گرانتر دەبێت هۆکارەکەش ئەوەیە لەبەر ئەوەی هۆکارەکانی تووشبوونی هەر وەک خۆی ماوەتەوە و لانەبراوە و ناگۆڕێت. هەر هەنگاوێک کە دەیهاوێژێت بە هەڵخەڵەتاندنی خودی خۆیەتی، هەموو کێشەکان زیاتر و زیاتر پاڵەپەستۆی دەخەنە سەر. هەمیشە لەسەر ئەو بارە ڕاهاتووە وەک ئەوەی لە باری فریاکەوتنێکی بێ کۆتایی دابێت، هەموو ئەمانە شاراوەیە لە ناخی ئەم کەسەدا، ئەگەر سەرنجی هەڵسوکەوتی ئەو کەسەمان دا کە لێی تێناگەین، دەبینین هەڵسوکەوت لەخۆوە دەکات بەبێ ئەوەی ئامانجێکی هەبێت، ئەمانە هەندێ شتمان لا جێدێڵن بەوەی کە ئەو هەڵسوکەوتانە نەخشە بۆ کێشراو نییە، بە ئیرادەی خۆی ئەو هەنگاوانە دەهاوێت کە مەبەستەکەشی چاککردنی هەڵوێست و گەشەپێدانی بویەرەکەیەتی، ئەو هەروا دەمێنێتەوە و هەمیشە هەوڵدەدات لە بارودۆخێکی بێدەنگدا بمێنێتەوە، بەڵام دەکەوێتە بارودۆخێکی خراپتر هەموو ئەمانە لەبەر ئەوەی جوان ڕێنمایی نەکراوە یان خۆی داوەتە دەست ئەو وەهمە خودییانەی کە لەو بەهێزترن، ئەو وا خۆی دەبینێتەوە کە بەهێزە، لەگەڵ ئەوەشدا لە بویەری کارو پیشەدا لە دابەزینە، بۆ نموونە: بەڵام بەچی ئەوە قەرەبوو دەکاتەوە. بە گۆڕانی بۆ کەسێک کە زۆر لێکراو و توندوتیژە لەو بویەرەی کە کاری لێدەکات، بەو ڕێگەیەی کە گرتوویەتە بەر و ئاگاداری خۆیەتی، بەڵام هەستی خۆ بەکەم زانین لە قووڵایی دەروونی هەر ماوە و لەو شوێنەی کە سەری هەڵداوە و گەشەی کردووە، دەبینین ئەو کەسە هەر بەو شێوەیە ماوەتەوە لە ژیاندا. لە نموونەی ئەو حاڵەتەدا دەتوانین بە ڕاستی قسە لەسەر گرێی خۆ بەکەم زانین بکەین و لەو ڕووەوە بە وردی سەرنج بدەین.

ئێستا کاتی ئەوە هاتووە پێناسەیەک بۆ گرێی خۆ بەکەم زانین بکەین: دیارە کاتێ تاک ڕووبەڕووی کێشەیەکی دیاریکراو دەبێتەوە، بەو شێوەیە ئامادەیی تێدا نییە و ناتوانێ بیروڕاکانی خۆی دەرببڕێ و چارەسەری کێشەکانی خۆی بکات، دەبینین گرێی خۆ بەکەم زانین لێرەوە دەردەکەوێت.

لەو پێناسە سادەیەدا دەتوانین ئەوە بەرهەست بکەین کە تووڕەییش دەربڕینە لە گرێی خۆ بەکەم زانین، بە هەمان شێوە فرمێسک و داوای لێبوردنیش پێوەرێکە بە تەواوی دەربڕینە لەو گرێیە مادام هەستی خۆ بەکەم زانین هەمیشە لەناخی تاکدا ئامادەیی هەیە، ئەوا دەبێتە هۆی پەشێوی لێرەدا هەمیشە لە خودی تاک هەندێ هەڵسوکەوتی قەرەبوویی کە مەبەستەکەی ئاگادارکردنەوەی هەستی بەرامبەرە بۆ گەیشتن بە سەرکەوتن، بەڵام هەست و سۆز لە چارەسەرکردنی کێشەکەی درێژە ناکێشێت، بۆیە ئەو هەست و سۆزە چەند شتێکی ئاوات بۆ خوازراوە، بەڵام زوو بزر دەبێت. لەم کاتەدا تاک تەنیا گرنگی بەوە دەدات کە چالاکییەکانی چڕ بکاتەوە و زۆرتر هەراسانی ئەو شتانەیە کە دەبێتە هۆی شکانەوەی، لە بری ئەوەی کە هەوڵبدات پێش بکەوێت و سەرکەوتن بەدی بهێنێت، بۆیە بەو شتانەوە واپیشان دەدات کە ئەوەی سەرنجی ڕەفتارەکانی دەدات، شێوەیەک لە دوودڵی و وێنەیەک پیشان دەدات کە هەر لە شوێنی خۆی ماوەتەوە، بەڵام ئەو هەموو کاتێک هەوڵدەدات خۆی ڕزگار بکات لەکێشەکانی، بۆ نموونە لەو ئاراستانەدا دەتوانێت زۆر بە ئاسانی تێبینی ئەوە بکەین کە ئەو دەترسێ لە شوێنە کراوەکان، ئەو فۆبیایە هیچ پاساوێکی لە لایەنی لۆژیکییەوە نییە. ئەو نیشانە فۆبیانە نموونەی دەربڕینی باوەڕی بنج داکوتاوە لە ڕەهەندی دووری کەسایەتیەکەی، وەک ئەوەی خودی ئەو کەسە لە ناخەوە بدوێ و پێی بڵێت نابێت لەوە زیاتر دوور بکەومەوە کە ئێستا تێیدام دەبێت بمێنمەوە وەک ئەوەی ئێستا هەم، لەلایەنی ئەو بارودۆخەی کە عادەتم پێوەگرتووە، نابێ موجازەفە بکەم و لە چوارچێوەی ئەو بازنەیەدا دەربچم کە زیاتر پڕە لە شتی ترسناک پێویستە لەسەرم خۆم لابدەم لەو شتە

ترسناکانەی ڕووبەڕووم دەبێتەوە.
تاک لەم بارودۆخــانە خــۆی لە کــونجی ژوورێکدا دەشارێتەوە. یان هەر لە جێگەکەی خۆیدا دەمێنێتەوە. خـراپتـرین دیمەن کـە بیـری لێـدەکـاتەوە لە گـەڕان و چارەسەرکردنی کێشەکانی، بیرکردنەوەیە لەخۆ کوشتن، دیارە خۆکوشتن هەموو کاتێک توندوتیژترین بیرکردنەوەیە لەتوانج تێگرتن لە خودی خۆی و تۆڵەکردنەوەیە لێی، لە هەر ڕووداوێک لە ڕووداوەکانی خۆکوشتن دەتوانین ئەوە ببــینین کــە هەر کــەســێک ئەو ئیــشــە دەکــات، بەرپرسیـاریەتیەکە دەخاتە سەر شانی کەسانی دیکە، وەک ئەوەی بە کـەسـانی دیکە بڵـێت «من ناسکتـرین کـەس بووم، زۆر بە هەست بووم، بەڵام ئێـوە زۆر خـراپ هەڵسـوکـەوتتـان لەگـەڵ کردم، بەڵـکو بەشێـوەیەکی زۆر دڕندانە».

هەموو نێرسیسێک بەشێوەیەک لە شێوەکان لایەنی چالاکـیـیـەکـانی سنووردار دەکـات، لەگـەڵ ئەو هەمـوو هەڵوێستانەدا ڕێ ناکات کە تێیدایە لە زۆربەی جاردا دووره پەرێز دەبێت لە کـەسـانی دیکە، لە ڕووناکی و لە ژیانیـا، وەک ئەوەی دەرگـەی خۆی داخستـبێت لە باو و هەوا، بەڵام لەڕاستـیـدا دەرگـەی خـودی خـۆی لە هەمـوو شتێک لە ژیاندا داخستووە، ئەگەر شتێکی بۆ دابین کرا کە زاڵ بێت بەسەر ئەو کەسانەی لە دەوروبەریەتی وەکو ئەندامـەکـانی خێـزانەکەی یان هەندێک لە برادەرەکـانی، ئەوا شـێــوازێکی ڕەفـتــاری تایبــەتی هەیە کــە کــاری پێــدەکــات یان بە خــۆترســاندنی یان درۆکــردن یان هەڵخەڵەتاندن یان ئەو ڕێگەیەی لەسەری دەوەستێت کە خودی خۆی تێدا ڕاهێناوە و پرۆڤەی لەسەر کردووە و لە کــۆتاییــدا گــەیشــتــۆتە ئەوەی کــە ئەو ڕێگەیە بەســەرکـەوتووترین شـێـواز بۆ گـەیشتن بە نیـازەکـانی دەزانێت، مـەبەسـتـەکـەشی جـێـبـەجـێکردنی ئامـانجی سەرکـەوتنیـەتی، بەڵام بەبێ ئەوەی چالاکـیـەکی خـودی هەبێت لەلایەن ئەوەوە کە بتـوانێ هەوڵـبـدات شێـوازی هەڵسوکەوتی چاک بکات و گەشەی پێبدات بەرەو باشتر ئەو منداڵەی کـە بە گـریان و فـرمـێـسکەوە ڕاهاتووە، منداڵێکی گـرینۆکی لێـدەردەچێت، هەر ئەم منداڵە بە گریانەکەی دەتوانێ بەسـەر دایک و باوکـیدا زاڵ بێت و هەمــوو شــتـێکی خــۆی بەســەریاندا بســەپێنێت، ئەو هاوکـێــشــەیەی کــە ئەو منداڵە پەیڕەوی دەکــات لە منداڵێکی گرینۆکەوە دەبێتە کەسێکی گەورەی ڕەشبینی مـیـزاجی، بۆیە فرمـێسک و سکاڵا دوو ئامـرازن کە من ناوم لـێنـاون «وزەی ئاوی» دوو چەکی کـــاریـگـەرن و لەتوانایاندا هەیە هەمـوو هاوکـاریـیـەک تێک بشکێنن و هەمـوو ئاپارتمانێک بڕووخێنن، باری کەسانی دیکە بەرەو خنکان و لەناوچوون ببەن.

لەلای ئەو بەشە لە نێرسیسـیـەکان تێبینی ئەوە دەکەین کە شـەرم کـردنێکی بێ وێنە و پەشۆکـاوییـەکی بە هەراو هۆریاوە دەبینین. لەسەرووی هەمـوو ئەو شتانەوە گرێی خۆ بە کـەم زانین لەلای ئەوانەوە دەکـوژێتـەوە، ئەوان هەر زوو دان بە بـاری بێ هێـزییـاندا دەنێن و ناتـوانن کـارەکـانی خـۆیـان جێـبـەجێ بکەن و چاودێری خـودی خـۆیان بکەن پەککەوتوویی سیـمـایەکە لە سیـمـاکـانی ژیانیـان، بەڵام ئەوانە نایانتـرسـێنێ، چونکە ئەوەی دەیانـەوێ قسـەی لەســەر بکەن و لەبەر چاوی خـەڵکی بیـشــارنەوە ئەو ئامانجەیە کە دەیانگەیەنێتە سەرکەوتن، جێبەجێکردنی مـەرامەکـانیـان گـرنگتـرین شتە لەلایان، بەبێ ئەوەی گـوێ بدەنە ئەو ئامرازانەی دەیانگەیەنێتە مەبەست.

ئەوەی ناسراوە بە «گرێی ئۆدیب» شتێکی زیاتر نییە لەگەڵ نەخۆشێکی نێرسیس کە لە یەکێک لە نیشانەکاندا یەک دەگرنەوە، ئەگـەر بە گرانی ئەو دیاردەیە لە کەسێکدا دەرکـەوت با لـە دنیـای خـۆشـەویسـتی و پـاکـیـیــەوە سەرچاوەی گرتبێت، لەکۆتاییدا زۆر زەحمەتە بتوانێ لەو کـێشـەیە ڕزگـاری بێت، چونکە لە بڕیارەکانیـدا دوودڵ و ڕاڕادەبێت و نـاتوانێ لە بچـووکـتـرین خـۆکـۆنتـرۆڵ کـردن بەسـەر کـەسـانی دیکەدا کـە بەو ڕێگەیەی خـۆی دیاری کردووە زاڵ بێت. قـوربانیـانی گرێی ئۆدیب ئەو منداڵانەن کە دایکان بە بەنازی بەخێوکراون و وایان بە گوێچکەدا چرپاوە و لە دەروونیـانـدا جـێگـیـربووە کـە ئەو مـاف و ئیـمـتـیـازاتە هەر بۆ ئەوان دابین کراوە بەدرێژایی ژیانیـان کە گەورە دەبن، وا لە مێشکیاندا دەچەسپێندرێت کە لە چوارچێــوەی مــاڵدا کــەس نـاتوانێ لە لایەنی هەست و سـۆزی خۆشەویستـیـیـەوە شـان لە شـانیـان بدات، بەڵام کـاتێ گـەورە دەبن و دەگـەنە تەمـەنی گـەنجی و سـەرووتر نەک بە حسـابی پێـگەیشـتـنی دەروونی و کـۆمـەڵایەتی، ئەوان هەر لەکـۆشی دایکیـانـدا دەمـێـننەوە وەک ئەوەی منداڵی ســاوابن، کــاتێ دەشگـەنە تـەمــەنی ژن هێـنان بەدوای هاوەڵێکدا ناگـەڕێن کـە ژیانێک بێت یەکـســان لەگەڵ سۆزی مرۆڤایەتی، بەڵکو بەدوای خزمەتکارێکی دەست لەسـەر چۆک و کـۆیلەدا دەگـەڕێن ڕەنگە ئێـمـەی گەورە هۆکاری دروست بوونی گرێی ئۆدیب بین لەدەروونی منداڵدا ئەوەی پێویستە لەسەر ئێمە ئەوەیە کە ئەو جۆرە نازەی دایک بە منداڵەکەی دەبەخشێت کە دەبێتـە هۆی بەنازیی منداڵەکە، نەیهـێـڵـین هەروەها لەسـەر بـاوکـیش

پێویستە نەرێنی سەلبی نەبێت لەو بارەیەوە، هەروەها منداڵەکەش پشت گوێ نەخات لە رووی سۆز و خۆشەویستیی و لە هەڵسوکەوت لەگەڵ منداڵەکەیدا سارد نەبێت.

بێگومان بویەری کۆمەڵایەتی لەناخەوە پاڵ پێوەدەنێت بۆ دامەزراندنی پێوەندی لەگەڵ هاورێکانی، بەڵام ئەو بیرە نزمەی دەربارەی خودی خۆی هەیەتی ترسانە بەشێوەیەکی بەردەوام لەو ئابڕووچوونەی کە قۆڵبەستی کردووە ئەگەر خرایە بەردەم هەڵبژاردنەوە هەموو ئەمانە لەناکۆکی دایە لەگەڵ ئەو هەستە کۆمەڵایەتییانەی لە ململانێ دایە هەتاکو وەکو کەسانی دیکەی لێنەیەت، ئەو ناکۆکییانە دەیگەیەنێتە ئەوەی کە دوودڵ بێت لە قسەکردن و تووشی لاڵەپەتی دەکات زۆرترین ئەو کەسانەی تووشی ئەو بارە هاتوون ئەو جۆرە شتانەیان زۆرە، بۆ نموونە منداڵی دواکەوتوو لە خوێندن و ئەو گەنجانەی لە تەمەنی لاویەتیدان یان تۆزێک سەریان کردووە لە تەمەن، یان هەندێک لە ژنان و پیاوان پیشەیەک نادۆزنەوە کە پێوەی خەریکبن هەر ئەوانە لە دروستکردنی ژیانی خێزانیدا کێشەیان هەیە و دەرەنگ دەسنیشانی هاوسەرییان دەکەن. لەو دەستەیەدا دەتوانین دەستنیشانی شیزۆفرینیای ناچاری بکەین، ئەو دەستە لەو خەڵکانە هەمیشە لە دووبارە کردنەوەی کارەکانیاندان بەبێ ئەوەی هەنجەتێکیان هەبێت. ئەوان ئەوە دەزانن بەڵام ناتوانن لێی رزگاربن، لەو نەریتەی کە لەژێر کاریگەری دان، لەو جۆرە نموونانەدا کەسانی خەو زڕاویش هەن، ئەوانەی شەوان ناخەون و یان ئەو کەسانە بیر لەوە دەکەنەوە کە چییان کردووە بە درێژایی ئەو رۆژەی رابردووە ئەمانە ئەم گرێ خۆ بەکەم زانینەیان بەرە بەرە لێ بەدیار دەکەوێت هەرچەند بەناو ساڵدا بکەون، یان هەر کاتێک رووبەڕووی چارەسەرکردنی کێشەکانی ببێتەوە.

لە پێشەوە ئاماژەمان بەوە کرد کە هەستی خۆ بەکەم زانین شتێکە لە ناخی مرۆڤدا سەرەتاکانی خۆی چێ دەکات و بەرە بەرە بەلای ئەرێ و نەرێی کەسایەتی ئەو کەسەدا دەشکێتەوە. گەر سەیری شارستانیەتی ئەو دنیایەی خۆمان بکەین دەبینین ئێمەی مرۆڤ لەبەردەم کارە سروشتییەکان و ئەو رووداوانەی رۆژانە رووبەروومان دەبێتەوە، هەمیشە لە هەستێکی نائارام و گۆڕاودا ئێمە دەهێڵێتەوە و هەر ئەمەش وامان لێدەکات لە پێوەندییەکی بەردەوام دابین بۆ پێکهێنانی دەزگای بنیاتنەر بۆ دابینکردنی ئاسایش و ئارامی بۆ خودی خۆمان، هەر ئەمەش وامان لێدەکات لەبەر باران ژوورەکانمان سەربگرین و لە ترسی سەرما جلی ئەستوور و باش بپۆشین و بۆ هاتوچۆی رێکوپێک رێگەوبانەکان باش بکەین، هەموو ئەمانەش وا پیشان دەدەن هەستێک لەناخەوە پێمان دەڵێت ئێمە بچووک و بێ هێزین لەبەردەم ئەم شتانەدا، ئەمەش ئەوە دیار دەخات کە مرۆڤ بوونەوەرێکی زۆر بێ هێزی سەرزەوییە، ئێمەی مرۆڤ ئەو هێزەمان نییە کە شێرێک یان غۆریلایەک هەیەتی. زۆر لە گیانەوەران زۆر باشتر لەمرۆڤ رووبەرووی ئەو ناخۆشییانە دەبنەوە بەبێ ئەوەی یارمەتی لەکەسێک وەربگرن، بەڵام مرۆڤ پێویستی بە سەرجەم ئەو پێوەندییانە هەیە لەگەڵ مرۆڤی برای خۆی، بۆ ئەوەی پارێزگاری لە نەوەی خۆی بکات و بەردەوام بێت لەسەر رووی ئەو زەوییە مرۆڤ بە شێوەیەکی تایبەتی لەسەردەمی منداڵیدا بێ هێزە، ئەمەش وای لێدەکات کە پێویستی بە پاراستن و چاودێری بۆ ماوەیەکی درێژ لە تەمەنیدا هەبێت، بۆیە مرۆڤ کاتێ ئەوە بەرهەست دەکات دەزانێ بێ هێزترین بوونەوەرە. هەمیشە لەژێر کاریگەری رووداوەکانی ژینگە و بارودۆخدایە. کەواتە بۆ هەندێ جار مرۆڤ رەشبینە، لەبەر ئەوەی هەندێک شت وای لێدەکات ئەو جۆرە بۆچوونەی لا دروست بکات کە شەرو ماندووبوون باشترە لە چاکە و خۆشی، لێرەدا دەگەینە ئەوەی کە ئەو شتانەی وا لە مرۆڤ دەکات هەست بەخۆ بە کەم زانین بکات، هەر لێرەدا تێدەگەین ژیان هەر بەوەندە تەواو نابێت کە مرۆڤ لە یەکێک لە گۆشەکانی ژیان رووبەرووی کێشەیەک دەبێتەوە هیچ کەسێکیش نییە رزگاری بێت لەو کێشە و کۆسپ و تەگەرانەی لە ژیان رووبەرووی دەبێتەوە هیچ کەسێکیش نییە ئەوەی کە ئاواتی بۆ خواستووە و ئامانجی بووە هەمووی بۆ هاتبێتەدی و گەیشتبێت بە سەرجەم ئامانجەکانی، بەڵام ئەمانەش نابێت وامان لێبکات کە بەدوای چارەسەرکردنی کێشەکانمان نەکەوین، ناشبێت ئەوەی لە ژیاندا بەدەستمان هێناوە وامان لێبکات دەستە و ئەژنۆ دابنیشین و چیتر هەوڵ نەدەین لە گەیشتنمان بە ژیانێکی گەشەدارتر و پێشکەوتووتر، لەبەر ئەوەی هەمیشە دەبێ ئەو راستییە بزانین کە هەوڵ و کۆشش لەژیاندا کۆتایی نایەت، لەبەر ئەوەی سروشتی ژیان لە دینامیکیەتدایە.

هیچ مرۆڤێک نییە دوای هەوڵدانێکی زۆر خۆی دوودڵ بکات لەوەی کە ئیتر پێویست بە هەوڵدان ناکات و رەشبین بێت لە گەیشتنی بە باشترین شێوەی ژیان، یان وا هەست بکەین کە کەسانێک گەیشتوون بە پایەیەک،

بەڵام ئەو گەیشتنە بەبێ هەوڵدان و کۆشش بووە، چونکە ئەوە مەبەستی ئێمە نییە وا باوەڕ بهێنین کە ژیان لەم کات و بارودۆخانەدا شتێک نییە تەنیا سەرکەوتن نەبێت، ئەمەش ئەوەمان پێدەبەخشێت کە تەماشای هەموو شتێک بکەین بە حساب بۆکردنێکی چاوەڕوانکراو، گرنگیدان بە ژیان لە بنەڕەتدا لە کوێدا دەردەکەوێت، لێرەیە کە ئێمە چەندە بەدوای ڕاستییەکاندا دەگەڕێین، ئەگەر ئێمە لە هەموو شتەکان دڵنیابین و لەوێشەوە هەموو شتێکمان زانی، لێرەدا هیچ گفتوگۆیەکمان نەدۆزییەوە و هیچ شتێکمان ئاشکرا نەکرد لەوەش زیاتر بەڵکو زانست ئێستا کۆتایی پێدەهات، ئەوەش وا دەبوو کە ئەو گەردوونە لە شتێکی دووبارەبووەوە شتێکی زیاتر نەدەبوو، هەتا ئایین و هونەریش کە ئەوانە هەمیشە گیانی ئێمە بە زیندوویی دەهێڵنەوە و ئەندێشەمان پاراو دەکەن. ئەگەر ئێمە ئەوەشمان لە بارەی جیهانەوە بزانیبا، ئەوا ژیان لە ناوەڕۆک و واتادا بەتاڵ دەبووەوە، ئەگەر نهێنییەکانمان بزانیبا.

دەبێ ئێمە ئەوە بزانین کە ئەو زانست و ئەو تەکنەلۆژیایەی لەبەر دەستمانە هەروا بە ئاسانی نەهاتۆتە بوون، لەبەر ئەوە ئێمە هەموو کاتێک ئەوە وامان لێدەکات کە بەدوای ئەو شتە شاراوانەدا بگەڕێین و هەردەم هەوڵبدەین بۆ ژیانی داهاتوو، ئەوە وا لە مرۆڤ دەکات خۆی ئامادە بکات بۆ ئەوەی هەنگاو بەرەو پێشەوە بە ئازایەتی و خۆڕاگری بهاوێژێت و بەپێی توانا و ویستەکانی خۆی و بەپێی هەستە کۆمەڵایەتییەکان کێشەکانی چارەسەر بکات.

بەرزبوونەوە و سەرکەوتن پرسیارێکی کەسییەتی نایابە، لەلایەن هەموو کەسێکەوە بەدیهێنانی ئەو ئامانجە لەسەر ئەوە ڕادەوەستێت کە ئەو تاکە چەند لە ژیان تێگەیشتووە، ئەمەش واتایەکی ڕاگوزەر نییە، ئەو واتایەی کە لەلای خۆی دروستی دەکات، دەبێتە بەشێک لە بنیاتنان و دروستکردنی خودی خۆی شێوازێکی تایبەتییە لە ژیانی خۆیدا هاوڕێی ژیانی خۆی دەبێت دەربڕین لە شتە شاراوەکانی خۆی دەکات و وەک ئەوەی ناتوانین بە ئاسانی تێی بگەین، تەنی ئەوە نەبێت لە ئاماژە و جووڵەی کە مەبەستییەتی، چونکە تێگەیشتن لە ژیان و شێوازی ژیانی کەسێکی دیاریکراو بەوە دەچێت کە تۆ چەندە لە هۆنراوەیەک دەگەیت کە شاعیرێک هۆنیویەتیەوە، شاعیر وشە بەکار دەهێنێت بۆ ئەو واتایەی کە دەیەوێ مەبەستەکەی پێ بپێکێ، دیارە ئەوەش زۆر لەوە قووڵترە لەو وشانەی کە لەسەر پەڕەیەکی سپی نووسیویەتی، چونکە بەشە هەرە گەورەکە لەو واتایەدا بەدیاردەکەوێ کە چەندە ئیمە خەملاندنمان بۆ شتەکە دوورترە کە لە دوو تۆی ئەو دێڕانەدایە کە دەیخوێنینەوە هەروەها هەر تاکێکیش شێوازێکی تایبەتی هەیە لە تێگەیشتن و چۆنیەتی ڕوانینی بۆ ژیان و ڕازیبوون بەو بوبەرەی هەیە، هەر ئەمەش لەسەر دەورونزانان و تایبەتمەندان پێویستە کە بزانن چۆن لە دوو تۆی دێرەکاندا ئەو شتە بخوێننەوە و هونەری تێگەیشتنی واتای ژیان بزانن.

دیارە خود لە ماوەی چوار پێنج ساڵی یەکەمی تەمەندا پێدەگات و واتایەک بۆ ژیان دیاری دەکات، منداڵ لەو ناوەندەی کە تێیدا دەژێت و هەستەکانی تێدا گەشە دەکات و ڕێگەی خۆی دەدۆزێتەوە کە چەندە کاریگەری بەسەرەوە هەیە، ئا ئەوەیە ئەو چوارچێوەیەی پرسی سەرکەوتن دروست دەکات و هەوڵدەدات و جێبەجێی دەکات، بۆیە هەڵوێستەکان لە تاکێکەوە بۆ تاکێکی دیکە جیاوازە وەک ئەوەی کە جیاوازییەکان لەنێوان هەمووماندا هەیە، تاک هەندێ جار بوبەری ژیانی خۆی دەگۆڕێت بۆ گەیشتنی بە ئامانجێکی دیاریکراو، هەروەها بۆچوون و نیازەکانیشی دەگۆڕێت لەپێناو ئەو ئامانجە کە هەندێ جار گۆڕینی پیشە و میتۆدیش دەگرێتەوە، بۆیە دەبێ تەماشای شتە نادیارەکانی دیاردەکان بکەین.

ئەگەر تەماشای سێ گۆشەیەکی خوار و خێچ بکەین بۆ نموونە: هەروەها بەشێوەیەک ڕاگیرمان کرد، ئەوا بە هەر شێوەیەک لەو سێ گۆشەیە بڕوانین دەبینین لە شتێک دەچێت زۆر جیاوازە لە سێ گۆشەیەکی ڕاستییەوە، بەڵام ئەگەر تێڕوانینەکانمان ورد بکەینەوە دەبینین هەمان ئەو سێ گۆشەیەیە کە ئێمە لەبیری خۆماندا وێناندوومانە، ئەم نموونەیە پێمان دەڵێ: ناوەڕۆکی ئەو شتەی دەمانگەیەنێتە مەبەست لە یەک سەرچاوەی تێڕوانین و بۆچوون واتا نادات بەدەستەوە، ناتوانین بە یەک سەرنج واتای دیاریکراوی ئەو شتە بەدی بکەین، بەڵکو دەبێ ورد و درشتی خودی ئەو دەربڕینە بکەین و بەشێوەیەکی گشتگیر لە تواناماندا نییە بە کەسێک بڵێین «هەوڵدانت بۆ گەیشتنت بە سەرکەوتن بەسە بۆ ئەوەی ئەگەر ئاوا بکەیی و ئاوا نەکەیت» ئەمەش واتای ئەوەیە تێکۆشان بە ئاراستەی سەرکەوتن یەک ڕێگەی دیاریکراوی نییە، بەڵکو ئەوە دەوەستێتە سەر هەموو لایەنەکان بۆیە ئەگەر تاک تەندروستییەکی باشی هەبێت چاکتر دەتوانێ ئامانجەکانی خۆی بپێکێ، چونکە ئەو بە

حوکمی ئەوەی کە ئارام ونەرم و تەندروستە باشتر دەتوانێ دەروازەکان والآبکات بەرەو سەرکەوتن، تەنیا مرۆڤی نێرسی نەبێت کە هەست بە بەستراوی دەکات و زۆر بە زەحمەت دەتوانێ ئامانجە دیاریکراوەکانی بپێکێت کە لەناخەوە دەنگێک بانگی دەکات دەبێ پەی بەوە ببەم ئەگەر نا نابێت» ئا ئەوەیە نەگۆڕان.

ئەوەی دەمانەوێ بیزانین هۆکارێکی گشتی هەیە واتا مەبەستم لەوەیە کە هەموو تاکێک دەیەوێ شتێکی لەبابەت مۆڵکایەتی هەبێت یاخود خۆی وا دەربخات کە خاوەن مولکە دیارە جێبەجێکردنی ئامانجەکانیش ئاواتی هەموو کەسێکە، هەر مرۆڤێکیش خەم و سکالای خۆی هەیە، هەموو کەسێک وادەزانێت کەوا کێشەکانی لە دەوروبەریەوە سەری هەڵداوە نەک لەنێو نەخۆشیەکانی نێرسیس یان ئەو گرێیەی کە خۆی هەستی پێدەکات سەبارەت بەوە ناتوانم هیچ بڵێم تەنیا ئەوە بە نموونە دەهێنمەوە کە «نیچە» لەوکاتەی کە تووشی شێتی بووە «یان شێت بووە» نامەیەکی بۆ سترانبێرگ ناردووە و لەو نامەیەدا خۆی وا باس کردووە وەکو ئەوەی لە «خاچ» بدرێت، ئەوە بوو کە سەرکەوتنی بەوە دەرکەوت. زۆرجاریش خۆی بەناپلیۆن دەچواند یان وەک ئەوەی «ئیمپراتۆری چین بێت».

لەو نێوانەدا کە سەرکەوتن دێتەدی ئەو هەولانەی کە کردوویەتی بیری دەچێتەوە و جارێکی دیکە دووبارە نابنەوە لە شێوازی ژیانی ئەو کەسەدا، ئەمەش دەبێتە ئەلتەرناتیڤێک بۆ ئەوەی باری ژیانی خۆی ڕاست بکاتەوە. ئەو نەریت و نیشانانە بە ڕێیەکی دروست و بەهێزدا گوزەر دەکات، هەر منداڵێکی (مشکل) یان هەر تاکێکی نێرسیس یان مودمینێک یان هەر تاوانکارێک بە شێوەیەک دەڕوانێت کە خۆی ئەو بارودۆخە دەبینێت بۆ گەیشتن بە سەرکەوتن، بەلام بە ڕێگەی تایبەتی خۆی. هەڵسوکەوتی منداڵانە هەمیشە بۆ ئەوەی سەرکەوتنێک بەدی بێنێت کە پێچەوانەی ویستە، ئەمە نموونەیەکە: ئەو قوتابییەکی قوتابخانە و تەمبەڵترین قوتابی بوو لە پۆلەکەی مامۆستاکەی لێی پرسی «بۆچی ئەوەندە لە وانەکان و لە جێبەجێکردنی ئەرکی قوتابخانەدا کزی» قوتابییەکە وا وەڵامی مامۆستاکەی دایەوە: ئەگەر هەر بە تەمبەڵترین قوتابی مامەوە لەم پۆلەدا تۆ هەموو کاتێک هەر بەمنەوە خەریک دەبیت و هەمیشە چاودێری من دەکەی و لەم بارەدا تۆ سەرنج نادەیتە قوتابییە باشەکان و ئەوانەی کە کەشی پۆلەکە تێک نادەن. بێگومان ئەوانەن کە ئەرکی قوتابخانە بە ڕێکوپێکی جێبەجێدەکەن».

ئەو قوتابییە بۆ ئەوەی هەموو کاتێک سەرنجی مامۆستاکەی ڕابکێشێت و ببێتە جێگەی گرنگیدانی مامۆستاکەی و بۆ ئەوەی حوکم بەسەر مامۆستاکەیدا بکات، تەنیا ئەوەی بۆ ماوەتەوە کە عەبەس و تەمبەڵ بێت لە وانەکانیدا، ئەوە باشترین شێواز بوو کە قوتابییەکە بەکاری دەهێنا بۆ ئەوەی بگاتە مەبەستەکەی. ئەو تەمبەڵییەی کردبووە ئامانجێک بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانی بەلام بە ڕێگەی تایبەتی خۆی.

چارەسەر بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم جۆرە کەسانە تاکو ئێستا کە ئێمە تێڕوانینێکی دەرەکی و سەر زارمان هەیە لەسەر ئەو شێوازەی دەروونزانی تاک کە ئەوە ڕەتدەکاتەوە لە دوو لایەنەوە لە لایەنی پزیشکی دەروونی و فێرکردن و پەروەردەییەوە ئەگەر قوتابییەک دواکەوتوو بوو لە وانەی بیرکاری بۆ نموونە هەموو ڕاپۆرتەکان کە لەسەر ئەو دیاردەیە پێشکەش کراون شتێکی سوودبەخشیان نەخستۆتەوە لەسەر ئەم دوو لایەنە کە ببێتە مایەی باشکردنی بارودۆخی ئەو کەسە ڕەنگە دواکەوتنی لەوەوە سەرچاوە گرتبێ کە مامۆستاکەی بخاتە دڵەڕاوکێوە، ڕەنگە مەبەستی ئەوەبێ لە قوتابخانە ڕزگاری بێت، بۆیە پەنا دەباتە بەر ئەو شێوازە لە پێناوی ئەوەی لە قوتابخانە دەری بکەن، ئەگەر ئێمە لەگۆشەنیگایەکەوە لێمان کۆڵییەوە دەبینین ئەو قوتابییە هیچ شتێکی بەدەستەوە نییە کە لێیەوە ڕزگاری ببێت بۆ ئەوەی ئامانجەکانی بپێکێت، ئەوەش تەواوی ئەو حاڵەتەیە لەگەڵ کەسێک کە نێرسیسی مەزنی هەبێت، وا دادەنێت کە ئەو سەریەشەی نیوەی هەیە بۆ نموونە: ئەو سەریەشە تایبەتیە تەنیا بۆ ئەو، ڕەنگە زۆر بەکەڵک و بەسوود بێت بۆ ئەو مەبەستانەی ئەو هەیەتی ئەو سەریەشەیە کە لە هەر کاتێک بێت دێت، لەو کاتانەی کە ئەو زۆر پێویستی پێی بێت لە ڕێگەی ئەو سەریەشەیەوە دەتوانێ لە چارەسەرکردنی کێشەکانی ڕابکات، کە لە کۆمەڵگە ڕووبەڕووی دەبێتەوە.

هەندێک جار ئەو سەریەشەیە لەو کاتانەدا دێت کە ئەو نایەوێت هەندێک لەو کەسانە ببینێت کە تازە دەیانناسێت یان لەکاتی ئەوەی کە دەیەوێت بڕیارێکی دیاریکراو بدات، ئەو سەریەشەیە دەتوانێ لە بەرامبەر ئەو کەسانەی کە بەرپرسیارن لەو پرۆژانەی کە کاری تێدا دەکات قوتاری بکات، یان هەندێ جار بۆ خۆ فەرزکردن بەسەر خێزانەکەی یان ئەندامەکانی خێزانەکەی بەگشتی چاوەڕوانی چ لەو کەسە دەکرێت؟ هەمیشە واز لەو شتە

ناهێنێت کە دەبینێ سەرکەوتنی پێدەبەخشێت ئەو نازانەی کە لەو شتانەی دەیبەخشێتە خودی خۆی لە تێڕوانینی ئەو شتێکە بە خێر و چاکە بۆ ئەو دەگەڕێتەوە و نایەوێ ئەو دیاردەیە لە دەست خۆی بدات و هەمیشە بۆ ئەو دیاردەیە دەگەڕێتەوە.

ئەگەر ئێمە هەر ئاماژەیەک یان ڕوونکردنەوەیەکمان لە بارەی ئەو دیاردەیەی کە ئەو تووشی بووە پێشکەش کرد ئەو لەناخەوە هەست بە ترسان دەکات. ڕەنگە چارەسەری پزیشکیش تەگەرەکانی هەڵبمژێت و لە توندی ئازارەکانی کەم بکاتەوە، ڕەنگە ئەو چارەسەرییەی ببێتە هۆی دوورخستنەوەی ناخۆشییەکان بەکەمی، چارەسەرێکە کەوا دووری دەخاتەوە لەبەردەم بوونی نیشانەکانی و لە هەندێک لە ئازاری دەروونی بەڵام ئەو ئامانجەی کە ئەو خودی خۆی لە پێناویدا نەخۆش خستووە، ئەوە هەر دەمێنێتەوە و ناگۆڕێت، بابەتەکان بێگومان دێنە ناو یەکەوە و تێکەڵ بە یەک دەبن. ئەگەر لایەنێکی وەلانا ئەوا فێڵەکانی کەم نابێتەوە، بەڵکو نمایشێکی دیکە دەدۆزێتەوە کە لە پشتییەوە بوونی هەیە ئەگەر لە سەربەشەکەی چاک بۆوە ئەوا تووشی خەوزڕان دەبێت یان نمایشێکی تازە دادەهێنێت شتێکی باوە کە نێرسیسەکان لە مێشکی خۆیاندا هەندێ نیشانە هەیە سەرنجی دەوروبەریان پێڕادەکێشن، هەموو جارێ کە ئەو شتانە دەبینین لەو بارانەدا ئەوە مەبەستەکەیە کە نەخۆش پەنای بۆ دەبات و وای دەردەخات لەپێناو باش نیشاندانی ئەو نمایشە، ئەم شتانە بکات لێرەدا دەبێ چاودێری ئەو کەسە بکەین و لە مەبەستەکانی بکۆڵینەوە و بەو ئامانجانە بیبەستینەوە کە دەیگەیەنێتە سەرکەوتن.

لێرەدا نموونەیەک باس دەکەین، ئافرەتێک کە لە تەمەنی سی ساڵی دابوو لە عیادەکەم هاتە لام گرفتی دڵەڕاوکێ و بێتوانایی لە دروستکردنی هاوڕێیەتیدا هەبوو. نەیدەتوانی لە کارەکەیدا پێشبکەوێت. لە دەرئەنجامی ئەوەدا ببووە بارگرانییەک بەسەر خێزانەکەیەوە هەموو کاتێک لە پیشەیەکەوە بۆ پیشەیەکی دیکە دەیگوازتەوە و بەبێ ئەوەی لەسەر ئیشەکی دیاریکراو بمێنێتەوە. ئەو ئافرەتە باسی ئەوەشی کرد کە ماوەی هەشت ساڵە هەتوانی دەروونی وەردەگرێت، بەڵام ئەو چارەسەرە نەیتوانیوە بیکاتە کەسێکی کۆمەڵایەتی و بیگۆڕێت بۆ کەسێکی جێگیر لەپێناو مانەوەی لە پیشەیەکی دیاریکراودا.

کاتێ لە کلینیکەکەم چاوم پێکەوت لەسەرەتای منداڵییەوە تاکو ئێستا و ژیانی ڕابردووی پرسیارم لێی کرد، بۆ ئەوەی شێوازی ژیانی سەرەتایی بزانم، بە بیروڕای من هیچ کەسێک ناتوانێ لە کەسێکی گەورە بگات تاکو سەرەتای ژیانی منداڵی نەزانێت. ئەو ئافرەتە لە سەرەتای ژیانیدا منداڵێکی بەنازی دایکی و بچووکترین منداڵی نێو خێزانەکەی بووە و زۆر جوانیش بووە ئەو منداڵە بە بەنازی بەخێوکراوە و تووشی ئەم مەینەتیە هاتووە. دایکی خێزانەکەیان بەگشتی بەناوی «الامیرة» «شاژن» بانگیان کردووە کاتێ تێکەڵ بە دەوروبەر و ڕەگەزی دیکە بووە کە گەمانی لەگەڵدا کردوون، هەستیان کردووە ئەو جیاوازە، هەر لە دوورەوە دەیانگوت «ئەوە سیحربازەکە هات» ئەو وشەیە ترسێکی لەلای دروست کردووە و ترساندوویەتی هەر ئەمەش لەکیانی ئەودا ترسێکی ڕواندووە، ئافرەتەکە دەڵێ: پرسیارێکم لە ئافرەتێکی پیر کرد کە لەگەڵ ماڵەکەی ئێمەدا دەژیا، ئایا بە شێوەیەکی زانستی جادووگەری هەیە؟ ئافرەتە بەتەمەنەکە وەڵامی دامەوە بەڵێ جادووگەری هەیە، دزیش هەیە، هەموو ئەوانە بەدواتەوەن بۆ هەر شوێنێک بڕۆیت ئەو وشەیە لە ناخی مندا ترسی چاند. زۆر دەترسام کاتێ دەچوومە دەرەوە یان کاتێ بە تەنیا دەبووم. کە گەورەبووم تووشی بێنە و بەردە بووم لەگەڵ ڕەگەزی دیکە ترسم زیاتر بوو هەموو شتەکان لەلای من تێکەڵ و پێکەڵ بوون نەمدەتوانی باش و خراپ لە یەکتر جیابکەمەوە.

وام هەست دەکرد کە ئەو ئافرەتە لە هەموو شتێک دەترسێت و گومان لە هەموو شتێک دەکات جێگیر نابێت لەسەر هیچ شتێک، بۆتە کەسێکی هەڵاتوو و ترساو و هەڵچوو، هەڵاتوو لە هەموو شوێنێک و ناتوانێت هیچ بڕیارێک بدات هەمیشە ئەو ئافرەتە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە دەڕۆیشت، لەبەر ئەوە لە دەروونەوە هەستی بە جێگیربوون نەدەکرد، وای هەست دەکرد ئەگەر لە یەک شوێن بمێنێتەوە ئەوا زیان بە ئاسایش و دڵنەوایی دەگەیەنرێت لەسەر ئەو شێوەیە مایەوە تاکو خێزانەکەشی تەنگیان پێ هەڵچنی. ئەگەر ئارامگرتنی خێزانی و هەندێک لە خزمەکانی نەبوایە ڕەنگە ئەو ئافرەتە چارەنووسی شێت بوون بوایە لە بەخت باشی خۆی خێزانەکەی دەوڵەمەندبوون و هەموو شتێکیان بۆ دابین کردبوو کە هەر شتێک ئەو دڵی پێ خۆشبووایە.

لێرەدا نموونەیەکی دیکەتان بۆ باس دەکەم کە ئەو کەسە بە دوو دەردەوە دەیناڵاند، یەکێکیان گرێی خۆ بەکەم زانین و ئەوی دیکەیان سەرکەوتن لە بنەمای ئەو کەسە. کچێکی تەمەن هەژدە ساڵان هاتە لام ئەو کچە وا

ڕاهاتبوو کە هەر لە تەمەنی شەش ساڵییەوە دزی بکات. کە گەورە بووە ئەمە وای لێکردووە بە شەوان بچێتە دەرەوە بنەڕەتی کێشەی ئەو کچە ئەوە بووە کە پێش ئەوەی بێتە سەر دنیا ناکۆکی لەنێوان دایک و باوکییەوە هەبووە کاتێ لە دایک بووە دایکی تەمەنای ئەوەی کردووە کە لە دایک نەبوایە دوای دوو ساڵ لەدایکبوونی دایک و باوکی لێک جیا بوونەتەوە. خۆی و دایکی و لەگەڵ داپیرەی بەیەکەوە ژیاون، داپیرەی بەناز و چاودێرییەکی لە ئەندازە بە دەری کردووە، بەڵام کاتێ کە باسی دزی و چوونە دەرەوەی خۆی کرد، لێم پرسی ئەوانە بۆ؟ گوتی «ڕقم لە هەموو ئەو شتانە دەبووەوە، بەڵام دەمویست بۆ دایکم ئەوە بسەلمێنم کە ئەو بەسەرمندا زاڵ نییە» کە لێم پرسی بۆ ئەوە ئەوەت کرد تاکو تۆڵە لە دایک بکەیتەوە؟ لە وەڵامدا گوتی بەڵێ «ئەو کچە وای هەست دەکرد کە دایکی ڕقی لێ دەبێتەوە، لەمەشدا گرێی خۆ بەکەم زانین و کەمتەرخەمی تێدا ڕوابوو، تاکە ڕێگە بۆ ئەوەی کە ئەو وا هەست بکات کە سەرکەوتووە، ئەو یاخی بێت.

ئەمە ڕووداوێکی دیکەیە کە تایبەتە بە کچێکی پازدە ساڵییەوە، کە ماوەی هەشت شەو و هەشت ڕۆژ بزربووە. کاتێ دۆزیویانەتەوە ڕەوانەی دادگەی نەوجەوانییان کردووە. دادگە ڕەوانەی لای پزیشکی کردووە، بەڵام هەردوو دەستی لە ڕوومەتەکانی خۆی گیرکردەوە و چاوی خۆی گرتووە لە دوای ئەوەی ڕەوانەی لای من کرا پاش ئەوەی قسەی خۆشم لەگەڵ کرد و خۆم لەگەڵ گونجاند تا وای لێهات مانەوەی لەلای من بووە شتێکی سروشتی و لەگەڵم ڕاهات. داوام لێکرد خەونێکم بۆ بگێڕێتەوە کە لەم زووانە بینیویەتی، گوتی: لە یەکێک لەو شەوانەی کە هەڵاتبووم و لەو شوێنەی کە خۆم تیادا شاردبۆوە و هاتمە دەرەوە دایکم بینی. هەروەها زوو باوکیشم بینی بەرەو ڕوومان دەهات، هیچ شتێکم پێ نەما تەنیا ئەوە نەبێت داوا لە دایکم بکەم بمشارێتەوە، بۆ ئەوەی باوکم نەمبینێت.

لەو خەونەیدا وا دەردەکەوێت کەوا باوکی زۆر ترساندوویەتی و لێشی داوە. بەڵام درۆی دەکرد تاکو تۆڵە بستێنێتەوە و دەیویست سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، بەڵام بەڕێگەیەکی گونجاو سەرنجی خەڵکی بۆ خودی خۆی ڕابکێشێت، بەو شێوازە نارێکانە، دەیویست ئازاری باوکی بدات و تۆڵەی خۆی لەو باوکە بکاتەوە کە هەموو کاتێک بە لێدان و خەم و خەفەت ئازاری داوە.

لێرەدا دەبینین چۆن ئەو کەسانە بۆ سەرکەوتن خۆیان خستۆتە بارێکی نارێک و پێویستیشیان بە یارمەتی هەیە، بەڵام ئەگەر بەشێوەیەکی ورد لە مەبەستی مرۆڤ بکۆڵینەوە دەبینین یەکێک لە ئاواتەکانی مرۆڤ سەرکەوتنە لە ژیان خۆ ئەگەر ئێمە خۆمان بخەینە شوێنی ئەوان ئەوا لێرەدا لەگەڵ ئەوان یەک دەگرینەوە کە مەبەستمان سەرکەوتنە، چونکە هەوڵدانی مرۆڤ بەشێوەیەکی گشتی تێکۆشانە لەپێناو سەرکەوتن لە ژیاندا، بەڵام بە ڕێگەی گونجاو و یاسایی کە تەنیا ئەوەش خزمەتی مرۆڤایەتی و شارستانیەتی مرۆڤی کردووە. هەر ئەمەش وای لە مرۆڤ کردووە لە کەمەوە بۆ زۆر و لە کەمایەتییەوە بۆ تەواو و لەکەوتنەوە بۆ سەرکەوتن هەنگاو بنێت، ئەوانەی کە توانیویانە ئەو ڕێگەیە ببڕن تەنیا ئەو کەسانەن کە بە ڕاستی درکیان بەواتاکانی ژیان کردووە. ئەوکەسانە بە نەمری خۆیان ژیانی کەسانی دیکەیان دەوڵەمەند کردووە.

هیچ شتێک نییە تایبەت بێت بە کەسێک بە تەنیا، بەڵکو ئەوەی بووەتە ڕابەری هەموو خەڵکی، تەنیا مەبەستی هاوکاری و کۆمەککردن لە بەرژەوەندی تاک و کۆمەڵ بۆتە سەرمەشقی ئەو دیاردەیە تۆ مرۆڤێک نابینیتەوە کە تەواو لە ڕووی هەستی کۆمەڵایەتییەوە بەتاڵ بووبێت تاکو کەسانی نێرسیس و تاوانباری ئاسایی ئەو نهێنییە ئاشکرایە دەزانن، بەڵام کێشەی ئەوانە لە هەڵەی شێوازی ژیانیان بەدیار دەکەوێت لە قووڵایی هەر یەکێک لەمانە دەنگی گرێی خۆ بە کەم زانین دەبینرێت و لەناخەوە ئەوە دەڵێن: «سەرکەوتن لە هاوکاری دایە نەک لە پۆشاکدا» بۆ ئەوە تێکۆشاون کە لەخۆیان ڕابکەن لە کێشەکانی ژیانی ڕاستەقینە، تێکەڵ بوون بەشەڕی لاوەکی بۆ جەختکردنەوە لە خودی خۆیان و سەلماندنی بەهێزییان، بەڵام لە بوبەردا ئەوانە وەکو خۆیان ماونەتەوە و لە ڕاستی ژیان ڕابردوون و تێنەگەیشتوون.

لە هەر یەکێک لە ئێمەی مرۆڤ کۆمەڵێک ئاراستە و ڕووداوی دەروونی و سۆزی هەستەوەری واتایی هەیە، هەندێکیان نەخۆشین و هەشە تەندروستە لەهەر دەستەیەکدا بیرێک هەیە کە بیروڕاکانیان پێ بەتاڵ کردووە و کاتەکانیان پێ پڕ کردوونەتەوە و ژیانیان پێ بەسەر بردووە.

**سەرچاوە:**
**سيكولوجيتک في الحياة كيف تحياها، ت: الفريد ادلر**
**تعريب: عبد علي الجسماني**

# تیۆرەکانی کردەی کۆمەڵایەتی

ئیان کریب
لە عەرەبییەوە: ڕێبین ڕەسووڵ ئیسماعیل

(١ – ٢)

ئەم نووسینە بایەخ بە تیۆرەکانی کردەی کۆمەڵایەتی، یا کردەی تاکە کەس دەدات. زۆربەی ئەو شتانە دەخاتە بەرباس کە دەشێت ناو بنرێت ڕەوتی سەرەکی تیۆری کۆمەڵایەتی، ئەوەش بە کێشانی هێڵی گشتی و سەرەکی، بەبێ ئەوەی زۆر بچێتە نێو وردەکارییەکانەوە بۆیە باس لە تیۆری فەرمانگەرایی بونیاد دەکەین، وەکو ئەوەی لەسەر دەستی تالکۆت پارسۆنز سەری هەڵداوە، دواتریش باسی هەندێک لەو ڕەخنانە دەکەین کە ئاراستەی کارەکانی کراوە و پێشڤەچوونە دواییەکانی هزری پارسۆنزیش دەخەینە بەرباس. کارەکانی پارسۆنز بۆ چەندین دەیە کۆنترۆڵی تیۆری کۆمەڵایەتی کردبوو، بێگومان پارسۆنز لەنێو ئەو ڕەوتەدا لە هەموو تیۆریستەکانی تر پێشکەوتوو و گشتگیرتر بوو و تیۆرەکەشی بەگشتی نموونەی هەوڵ و کۆششێکی جوانە بۆ بونیادنانی تیۆرێکی گشتگیری کۆمەڵایەتی.

یەکێک لەتایبەتمەندییەکانی ئەو تیۆرە، ئەوەیە کە ئەو خاڵانەی ڕەخنەی لێدەگیرێت، دەشێت تێکەڵاوی خودی تیۆرەکە بکرێت، ئەوەی پێویستە تەنیا گۆڕینی خاڵی تەرکیز کردن و ڕێڕەوی ڕەخنەکەیە. ئەوەش پیشان دەدەم کە تیۆرەکەی پارسۆنز دابەش دەبێت، کاتێک هەوڵ دەدات سنووری جیاکەرەوەی نێوان کردە مرۆڤ و سیستەمی کۆمەڵایەتی ببەزێنێت. چوارچێوەی ئەو تیۆرانەی لێرەدا خراونەتە ڕوو، ڕووگەی پێشڤەچوونیان، بەتایبەتیش پێشڤەچوونی تیۆری فرمانگەرایی نوێ و تیۆری پێکهاتن، ئاماژەن بۆ بابەتێکی سەرەکی ئەو کتێبە، ئەویش ئەو زەحمەتییە گەورەیەیە لە پێشڤەبردنی تیۆرێک لە بارەی کۆمەڵگاو دەست پێوەگرتنی بەو مانا

کۆنەی لای دۆرکایم و مارکس هەیە.

### پارسۆنز: تیۆر وەکو سیستەمێک بۆ مەلەفی فەرمانگەرایی بونیادی

تالکۆت پارسۆنز لەگەڵ کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانەوە تا ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی بیست، کۆنترۆڵی تیۆری کۆمەڵایەتی نووسراو بەزمانی ئینگلیزی کردبوو. چوارچێوەیەکی تیۆری مەزنی بەرهەم هێنا، بانگەشەی ئەوە دەکات توانای هەیە هەموو لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی لەخۆیەوە بگرێت. بنچینەکانی ئەو تیۆرەی لەکاتی قەیرانە ئابوورییەکەی سییەکان دانا.

ئەلڤین گۆلدنەر لەنێو کتێبی «قەیرانی داهاتووی کۆمەڵناسی خۆرئاواییدا» کە لەساڵی ١٩٧٠ بڵاوکراوەتەوە، پێی وایە تیۆرەکەی پارسۆنز وەڵامدانەوەیەکی مارکسییەتە، ئەگەر مارکسیزم تیۆرێکی گشتی بێت لە بارەی کۆمەڵگا و سەرمایەداری تاوانبار بکات، ئەوە فرمانگەرایی بونیادی تیۆرێکی گشتییە لە بارەی کۆمەڵگا و پاساو بۆ سەرمایەداری ناهێنێتەوە، بەو ڕادەیەی ڕاڤەکردن و تێگەیشتنێک بۆ زەحمەتییەکانی سەرمایەداری دەخاتە ڕوو، بەبێ ئەوەی ئیدانە و تۆمەتباری بکات. ئەوەش لە سایەی تێڕوانین بۆ ئەو زەحمەتیانە هاتەدی، گوایە بەشێکە لە کردەی پێشڤەچوون و دەبێتە هۆی زیاتر جێگیری و تەواوکاری. ڕەنگە لە بەخت باشی پارسۆنزیش بێت کە سەرمایەداری دوای جەنگی دووەمی جیهانی بەشێوەیەکی گونجاو بەرسڤی بارودۆخەکەی دایەوە، ئەوکاتەی پارسۆنز کۆنترۆڵی کۆمەڵناسی کردبوو، ماوەی فراوانبوونی ئابووری و جێگیرییەکی ڕێژەیی بوو. لەگەڵ ئەوەشدا تیۆرەکەی پارسۆنز و سیستەمی سەمایەداریش بەیەکەوە لەکۆتایی دەیەی شەستەکاندا ڕووبەڕووی ئاستەنگ و زەحمەتی ڕاستەقینە هاتن و لەماوەی دە ساڵیدا تیۆرەکەی پارسۆنز بوو بەیەکێک لە تیۆرە کۆنەکان کە تەنیا مێژوو بایەخی پێدەدات. کەچی دوای مردنی لە ساڵی ١٩٧٩دا گرنگی و بایەخێکی جیددی بە زیندوو کردنەوەی تیۆرەکەی دەدرێت لەسەر دەستی هەندێک کۆمەڵناسی لاوی ئەمریکی و ئێستا قوتابخانەیەکی گەشەسەندوو هەیە بەناوی «فرمانگەرایی نوێ».

تیۆرەکەی پارسۆنز بەوە ناودارە کە زۆر زەحمەتە بۆ تێگەیشتن، ئەوەش وەکو ئەوەی پێم وایە لەبەر ئەوە نییە کە زۆر قووڵە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە زۆر ئاڵۆزە. خوێندنەوەی کارەکانی هەندێک جار ئەو فەرمانبەرەم بیردەخاتەوە کە بەرپرسی پاراستنی فایلی کار بووە لە یەکێک لە کۆمپانیاکان، ئەو فەرمانبەرە لەوە زیرەک و بەتواناتر بووە کارێکی وای پێ بسپێردرێت، بەڵام تا زیرەکی خۆی پیشان بدات، سیستەمێکی ئاڵۆز پێشڤەدەبات بۆ پاراستنی دۆسیەی کاری کۆمپانیاکە، بەجۆرێک هەر دۆسیەیەکی کۆمپانیاکە، شوێنێکی تایبەتی خۆی هەیە. کێشەکە لەوەدایە ئەو فەرمانبەرە تاکە کەسە دەتوانێت ئەو سیستەمەی پاراستن و هەڵگرتنی دۆسیەکان پێڕەو بکات، بەبێ بوونی ئەو، ناکرێت هیچ شتێک بزانرێت.

پارسۆنز لە کارە بەراییەکانیدا هەوڵی دا ڕەوتە جیاجیاکانی هزری کۆمەڵایەتی سەدەی نۆزدە و بیست بەیەکەوە لەنێو لێکدراوێکی گشتگیر کۆ بکاتەوە و بگونجێنێت. تا ئێستاش وتوویژ بەردەوامە لە بارەی ئەوەی ئەو ڕاڤەکردنانەی چەندە وردن، زۆرجاریش ڕەخنەگرانی باسی ئەوە دەکەن گوایە پارسۆنز زۆر کەم باسی مارکسی کردووە. ئەوەی لەلای ئێمە گرنگە، ئەوەیە گرنگترین لایەن لە لایەنەکانی ئەو لێکدراوەی دایهێناوە، بەیەکەوە کۆکردنەوەی تیۆرە «هەمەکی» و «تاکە»کانی کە پەیوەستن بە کردەی کۆمەڵایەتییەوە کە هەریەک لە دۆرکایم و ڤێبەر یەک لەدوای یەک باسیان لێوە کردووە. کۆمەڵناسی لای ڤێبەر بایەخ بە توێژینەوە بە کردەی تاکەکان بدات لە بەرانبەر یەکتریدا (واتا توێژینەوە لە کردەی کۆمەڵایەتی)، دەکرێت وا تەماشای ئەو کردارانە بکرێت کە کۆمەڵێک شێوازن بۆ بەدیهێنانی هەندێک مەبەست و ئامانجی دیاریکراو، جا ئەو مەبەستانە سوودێکی کردەییان هەبێت یا هەوڵدەن هەندێک بەهای باڵا بەدەست بێنن، یا مەبەستیانە هەردووک بەیەکەوە دەسگیر بکەن. ئەو کردارانە دەبێت لەو چوارچێوەیەدا تەماشا بکرێت کە تاکەکان پێیدەدەن. دۆرکایم بایەخی بەمانا دەدا، بەڵام پێی وابوو گرنگترین مانا، خاوەنی بوونێکە کە بوونی تاکەکانی دەبەزێنێت، چونکە دەبێتە (ویژدانی بەکۆمەڵ) کە تاکەکانی لە سایەیەوە پێ پەروەردە دەکرێت. بەو شێوەیە دەبینین هەردوو زانا بایەخ بەمانا دەدەن، بەڵام یەکێکیان لەتاکەوە دەست پێدەکات، کەچی ئەوی تریان لەکۆی کۆمەڵایەتییەوە. هەردوو تیۆریش پەیوەستن بە توێژینەوە

له هزر و کردەکان، واتا توێژینەوە لە کەسەکان.

ئالێرەدا دەتوانین بابەتە سەرەکییەکانی پارسۆنز بدۆزینەوە:

یەکەم، ئەو لەمیانەی هزر و بیری مرۆڤەکانەوە دەڕوانێتە ژیانی کۆمەلایەتی، بەتایبەتیش لەمیانەی پێوەر و بەهاکانیان. پێوەر ئەو بنەمایە قبوولکراوە کۆمەلایەتییانەن کە مرۆڤ بۆ بڕیاردان لەسەر کارەکانیان بەکاری دێنن، بەلام باشترین وەسف بۆ بەها، ئەوەیە کە مرۆڤ پێیان وایە دەبێت ژیانی لەسەر بێت و کاریگەریشی لەسەر دەستنیشانکردنی کارەکانی مرۆڤ هەیە. گرنگترین کردەی کۆمەلایەتی پارسۆنز، بریتییە لە کردەی گەیاندنی مانا، واتا گەیاندنی ڕەمز و زانیاری.

دووەم، پارسۆنز بەپێی سەمتی کارەکان زۆر بە ڕێکوپێکی بایەخ بە کردەی تاکەکان دەدات، واتا بە پراکتیک کردنی ڕەوتە تیۆرییە هەمەکی و تاکەکەسییەکان لە یەک کاتدا.

بیرۆکەی سیستەم بە خوازە بنچینەییانەی نێو تیۆری پارسۆنزمان پێدەدات، ئەویش بریتییە لەو هاوشێوەییەی لەنێوان سەمتی کۆمەلایەتی و بوونەوەری ئۆرگانیدا هەیە، پارسۆنز هەر بەوەندە ناوەستێت ئەو هاوشێوەییە وا بەکاربێنێت گوایە لێکچوونێکی سادەیە، چونکە هەر بەوەندە ناوەستێت بلێت ژیانی کۆمەلایەتی لە بوونەوەری زیندوو دەچێت، بەلکو دەلێت ژیانی کۆمەلایەتی بوونەوەرێکی زیندووە لە جۆرێکی تایبەت. دواتریش زەحمەتی ئەو مەسەلەیە دەردەکەوێت، بەلام دەبێت ئەوە بلێین کە بەردەوام مەترسییەک هەیە لە زێدەڕۆییکردن لە بەکارهێنانی لێکچووندا، چونکە جیاوازی زۆر هەیە لەنێوان ئەوەی بلێین «خۆشەویستەکەم وەکو گولێکی سوور وایە» لەگەل ئەوەی بلێین «خۆشەویستەکەم گولێکی سوورە».

ئەو بیرۆکەیەی دەلێت ژیانی کۆمەلایەتی بریتییە لە سیستەمی کۆمەلایەتی، واتا سیستەمێک کە لەکۆمەلێک بەش پێکدێت، لە گوزارشتی «فرمانگەرایی بونیادی»دا ڕاڤەی بەشی «بونیاد» دەکات کە بەردەوام بە کارەکانی پارسۆنزەوە نووساوە. کەچی هاوشێوەی لەگەل بوونەوەری ئۆرگانیدا ڕاڤەی لایەنی «فرمانی» دەکات. ئەگەر جەستەی مرۆڤمان وەکو سیستەمێک وەرگرت، ئەوە دەکرێت وا تێی بڕواندرێت گوایە ئەو جەستەیە پێویستی بە هەندێک پێداویستی دیاریکراو هەیە، بۆ نموونە، خۆراک لە کۆمەلێک بەشی بەیەکەوە گرێدراویش پێکدێت وەکو «ئامرازی هەرسکردن، گەدە، ڕیخۆلە» کە لەپێناو دابینکردنی ئەو پێداویستییانە کاردەکەن.

پارسۆنز وا دەڕوانێتە سیستەمی کۆمەلایەتی کردە، گوایە هەندێک پێداویستی هەیە دەبێت بۆی دابین بکرێت ئەگەر بمانەوێت بمێنێتەوە و بەردەوام بێت و لە کۆمەلێک بەش پێکدێت کە کار لە پێناو دابینکردنی ئەو پێداویستییانە دەکەن. ئەو پێی وایە هەموو سەمتە زیندووەکان هەول دەدەن لەحالەتی هاوسەنگیدابن، حالەتی جێگیری و پێوەندی و هاوسەنگ لەنێوان بەشە جیاجیاکاندا و ئەو سەمتانەش بۆ خۆیان پارێزگاری لە کیانی جیاواز دەکەن لە ئاست سەمتەکانی تردا (پاراستنی سنوور).

جەختکردنەوەی بەردەوامی پارسۆنز لەسەر حالەتی جێگیر و سیستەم، لەبەرئەوەیە، چونکە ئەو پێی وایە تیۆری کۆمەلایەتی هەولێکە بۆ وەلامدانەوەی ئەو پرسیارە، چۆن سیستەمی کۆمەلایەتی مومکین دەبێت؟ ئەوەش مەسەلەیەکە زۆرجار پەیوەستی ناوی تۆماس هۆبزی فەلسەفەکار بووە و ئەویش بە ڕوونترین شێوە خستوویەتییە ڕوو. هۆبز پێی وایە مرۆڤ بە خۆڕسک خۆپەرستە، ئەوەش دەبێتە هۆی نانەوەی شەڕی هەمووان لە دژی هەمووان، ئەوەش وا دەخوازێت ڕێکخستنێکی کۆمەلایەتی هەبێت تاوەکو ئەو خولیا سروشتییە کۆنترۆل بکات.

**تیۆری گەورە: بیرۆکەی پارسۆنز لە بارەی تیۆر**

پارسۆنز خۆی وا وەسف دەکات کە «نەخۆشی تیۆر داهێنانی گرتووە»، بەڕاستی شێوازەکەشی ئەوە پیشان دەدات کە حالەکەی خراپە و چاک نابێتەوە. ئەو ڕایەکی دیاریکراوی هەیە لە بارەی ئەوەی مەبەست لە تیۆر چییە، ئەوەش ڕاڤەی هەندێک زەحمەتی لای ئەو دەکات. ئەو واقیعەی لەبەردەمماندایە ئالۆزە و بۆ ئەوەی تێبگەین دەبێت هزری گشتی بۆ ڕێکخستنی بەکار بێنین. ئەگەر گریمانمان کرد واقیعی ڕاستەقینە سیستەمە، ئەوە هەنگاوی یەکەم بریتییە لە ڕێکخستنی هزرە سەرەکییەکانمان لەنێو بونیادێکی گونجاو و ڕێکخراو لە چەمکی ئەبستراکت، ناتوانین هەندێک بیرۆکە لە بارەی ئەو واقیعە بخەینە ڕوو، تەنیا پاش ئەنجامدانی ئەو کارە نەبێت. چەمکی ئەبستراکت بە گشتگیر کردنێکە جەخت

دەکاتە سەر لایەنێکی گرنگی واقیع، ژیانی ڕۆژانەمان پڕە لەو چەمکانە. بۆ نموونە، چەمکی سوور تەنیا ئەبستراکت کردنی هەموو شتە سوورەکانە، بەڵام تەرتیبی لۆژیکییانەی ئەو چەمکە ئەبستراکتانە وەکو قسەکردن نییە لەسەر واقیع، ئەگەر ڕەچاوی ئەوەش بکەین، ئەوە کارەکانی پارسۆنز بۆ خوێندنەوە ساناتر دەبن بەڕای پارسۆنز یەکەم تاقیکردنەوەی تیۆر بریتییە لە پتەوی لۆژیکی. ئەگەر مەسەلەکەش وابێت، وەکو ئەوەی خۆی گەرەکیەتی، واتا تیۆری کۆمەڵناسی لە ڕووی لۆژیکییەوە پتەو بێت، ئەوە دەبێت هەموو ئەو شتانە لەخۆی کۆبکاتەوە کە لە بارەی واقیعی کۆمەڵایەتی زانیمان. ئەوەی پارسۆنز لە زۆربەی کارەکانیدا کردی، ئەوە بوو تیۆرەکانی تر و ئەنجامی لێکۆڵینەوە جیاجیاکانی وەرگێڕاو لەسەر شێوازی خۆی دایڕشتەوە، تا نیشانی بدات کە گونجاوە بۆ تیۆرەکەی خۆی. ئەوەش گریمانێکە دواتر دیسان ڕووبەڕووی دەبینەوە: ئەویش ئەوەیە ژیانێکی کۆمەڵایەتی سەرەڕای هەموو ئەو دیاردانەی هەیە، بەڵام بەشێوەیەکی لۆژیکی و عەقڵانی ڕێکخراو، بۆیە هەر تیۆرێک لۆژیکی و عەقڵانی بێت، زیاتر پێدەچێت ڕاست بێت. ئەوەش دەکرێت بە دانانی هەندێک گریمانە کە شایستەی تاقیکردنەوەبن و لە تیۆر وەرگیرابن لێی دڵنیابین، بەڵام تا ئێستاش ئەو قۆناغە دوورە دەستە.

## یەکەی کردەی بچووک و سەمتی کردە گەڵاڵەبوونی دەزگا کۆمەڵایەتییەکان

پارسۆنز لە کتێبی «بونیادی کردەی کۆمەڵایەتی»دا کە لە ساڵی ١٩٣٧ بڵاوی کردۆتەوە، دەڵێت هەموو ئەو تیۆرانەی ئەو پشکنیویەتی، دەشێت وا تەماشا بکرێت کە ڕووەو ئەو شتە دەچن کە ناوی دەنێت «تیۆری خۆکردەیی»، چونکە وا تەماشای مرۆڤ دەکات کە ئەوان خۆیان شتەکان هەڵدەبژێرن، ئەو ئامانجانە لەنێو کۆمەڵێک ئامانج و شێوازی بەدیهێنانیان هەڵدەبژێرن.

دەشێت ئەو چەمکە دەسپێکێک بێت بۆ هەموو زانستە مرۆڤایەتییەکان، پێشنیاری ئەوەشی کردووە کە دەکرێت لەنێو ئەو تیۆرانەدا نموونەیەکی بنچینەیی بۆ کردەی مرۆڤ دەستنیشان و دیاری بکرێت کە هەموو پێکهاتەکانی بەشێوەیەکی ئەبستراکت دیاری بکات. ئەو نموونەیەش لەمانە پێکدێت: یەکەم، مرۆڤی کارا.

دووەم، چوارچێوەی ئامانجەکان کە دەبێت مرۆڤ هەڵیانبژێرێت، هەروەها سەرجەم ئەو شێوازانەی مومکین بۆ گەیشتن بەو ئامانجە، لێرەدا لەسەر مرۆڤ پێویستە شتەکان هەڵبژێرێت. لەگەڵ ئەوەشدا هەڵبژاردن لە بۆشاییدا نییە، بەڵکو لەنێو کەشوهەوایەکە لەکۆمەڵێک فاکتەری مادی و کۆمەڵایەتی پێکدێت کە دەستنیشانی ئەو خەیاراتانە دەکەن: بۆ نموونە، من ئەگەر چاوم لاواز بێت، ناتوانم ببمە فڕۆکەوان، لە بارودۆخی ئێستای ئابووریشدا ناتوانم ببمە ئەندازیار، چونکە دەرفەتی کار لەو بوارەدا نییە.

لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە، ژینگە پێوەر و بەهای تێدایە کە ڕەزامەندی گشتییان لەسەرە، هەروەها کار لەو بیرۆکانەی تریش دەکات کە کار لە هەڵبژاردنی ئێمە دەکەن بۆ ئامانج و شێوازەکانی بەدەست هێنانیان. ئەگەر من کاتۆلیکی بم و لە نەخۆشییەکانی ئافرەتان پسپۆڕبم، ئەوە هەرگیز نابم بە پسپۆڕ لەمنداڵ لەباربردن، ئەگەر ئەو ڕێگایەشم لەبەردەمدا کراوە بێت، چونکە کڵێسای کاتۆلیکی، منداڵ لەباربردن حەرام دەکات، هەروەها ناتوانم ئەو پێوەرانەش ببەزێنم کە حوکم لەپێوەندیم دەکەن لەگەڵ هاوڕێکانم (وەکو دەوامکردن لەزانکۆ) بەبێ ئەوەی دوچاری ڕەخنە و سەرزەنشتکردن نەبمەوە.

هەموو ئەو پێوەرانەی زۆر گشتی و ڕەسمین لەنێو سیستەمی یاسای کۆمەڵگادا جێگیر دەکرێن، نموونەی ئەوەش ئەوەیە من بەردەوام ئەگەر بمەوێت دەتوانم ئەو قوتابییانەم بکوژم کە دوا دەکەون لە پێشکەشکردنی لێکۆڵینەوەکانیان، بەڵام من هانا نابەمەبەر ئەو خەیارە، لەبەر ئەوە نا کە پێم وایە کوشتن حەرامە، بەڵکو لەبەر ئەوەی کارێکی لەو جۆرە دوچاری سزایەکی توندم دەکات.

کەواتە یەکەی کردەی بچووک لەو کەسە پێکدێت کە کارەکە ئەنجام دەدات، لە پاڵ شێواز و ئامانج و ژینگە کە شتی کۆمەڵایەتی و مادی لەخۆیەوە دەگرێت، جگە لە پێوەر و بەهاکان. ئەوەش وەسفێکی ئەبستراکتە بۆ هەموو کردەیەک و خاڵی دەسپێکی نموونە گەورەکەی پارسۆنزەو دەکرێت لەوەوە ئەو نموونەیە بە هەموو ئاڵۆزییە جیاجیاکانییەوە هەڵبوەشێنرێتەوە. کاری کۆمەڵناس ئەوەیە لەو شێوازانە تێبگات کە پێیانەوە شت لەنێو ئەو دەستنیشانکراوانە هەڵدەبژێردرێت کە تازە باسمانکرد، بەڵام پارسۆنز بە تەنیا بایەخ بە کردەی تاک نادات،

بەڵكو بايەخ بە سەمتی كارەكانيش دەدات. بيرۆكەكەی لە بارەی سەمت يا سيستەم لەگەڵ پێشڤەچوونی تيۆرەكەی پێشڤەچوو. لەو شتە كۆمەڵايەتييانەی لە ژينگەی كەسی بكەردا هەيە كەسانی تری بكەرن، سەمتی كردەش لای پارسۆنز لەپێوەندی بونيادنراوی نێوان بكەرەكان پێكدێت. ئەوەی تێبينی دەكرێت ئەوەيە جەختكردنەوەی پارسۆنز لە نەزعەی خۆكردەييەوە دەگۆڕێت بۆ تێڕامان لەو شێوازانەی كە تێيدا سەمتی كۆمەڵايەتی كۆت و پێوەند دەخاتە سەر خەياراتەكانی تاك، بگرە ڕێگاشی لێدەگرێت. ئەو خاڵە جێگای وتووێژ و ڕەخنەی زۆر بوو و دوايی دەگەڕێينەوە سەری.

ئەگەر بڕوانينە ئەو شێوازەی كە پارسۆنز لە سايەيەوە بيرۆكەی يەكەی كردەی بچووكی گۆڕی بۆ چەمكی سەمتی كۆمەڵايەتی، دەبينين ئەو سەمتە پشت بە پێوەر و بەها دەبەستێت و لەگەڵ كەسەكانی تردا بەشێك لە ژينگەی سەرجەم كەسەكان پێكدێنێت. پارسۆنز گريمانی ئەوە دەكات كە مەبەستی هەموو كەسێك بەدەستهێنانی ئەوپەڕی تێربوونە، ئەگەر كەسێك چووە نێو حاڵەتی كارلێكردن لەگەڵ كەسانی تردا و لە ئەنجامی ئەو كارەش تێر بوو، ئەوە دەبێتە هۆی دووبارەبوونەوەی حاڵەتی كارلێكردنەكە، ئەوەش وا لە كەسەكان دەكات دوای ماوەيەك پێشبينی بەرسڤی دياريكراو بكەن لە يەكتری، بەوەش بنەما و پێوەری كۆمەڵايەتی لەگەڵ ئەو بەهايانەی لەسەر كۆك و تەبان پێكدێت، ئەو بەهايانەش گرێنتی بەخشی بەردەوامبوونی ئەو بەرسڤانەن. نموونەيەكی ئاسان لەسەر ئەو حاڵەتە دێنينەوە، ئەويش پێوەندی خۆشەويستييە كە بە زەواج كۆتايی دێت. مادام هەردوو لايەن هەست دەكەن لايەنەكەی تر لێيان ڕازييە، ئەوە بۆيە هەريەكەيان وا پێشبينی ئەويتر دەكات بەشێوەيەك ڕەفتار بكات كە ڕەزامەندی لايەنەكەی تری لەسەر بێت، لەگەڵ زەواجدا بنەما ڕەسمی و ناڕەسمييەكانيش پێشڤە دەچن كە حوكم لە پێوەندی نێوان ئەو دوو هاوسەرە دەكەن، چونكە هەردووكيان پێشبينی ئەوە لە بەرانبەرەكەيان دەكەن چاو لە هەندێك كەموكووڕی يەكتری بپۆشن، يا بەشداری كاری ناوماڵ بكەن، لەكۆتاييدا ئەو پێشبينيانە بەرەو ئەوەيان دەبات بگەنە ئەو باوەڕەی كە ئەو پێشبينيانە مافن. ڕەنگە بگەنە ئەو باوەڕەش ئەوەی ئەوان بەيەكەوە دەبەستێتەوە، (پێوەندييەكی پيرۆزە)، ئەگەرچی بەر لە زەواجيش بەچاوێكی سووك و بێ بەها تەماشای زەواجيان دەكرد. دەگەڕێينەوە سەر زاراوەكانی پارسۆنز. سەمتێك لە شوێنگە گۆڕين پێشڤە دەچێت، واتا تۆڕێك لەو شوێنگانەی كە هەندێك پێشبينی ڕەفتاری دياريكراو پێيەوە پەيوەستە وەكو جۆرەكانی پاداشت و سزا، وەفاداری يا بێ وەفايی لە ئاست ئەو پێشبينيانە، ئەو كردەيە ناودەنرێت گەڵاڵە بوونی دەزگای كۆمەڵايەتی. بەمانای جێگيری و پتەوبوونی پێوەندی كۆمەڵايەتی دێت لە ميانەی زەمەنێكی دياريكراودا، بەشێوەيەك ئەو ڕەفتارەی پەيوەستە بە هەر ڕۆڵێك بەجێگيری دەمێنێتەوە، بەبێ گوێدانە ئەوەی كێ لەو شوێنگەيەدايە. دەكرێت كۆمەڵگا بەگشتی خۆی و هەموو دەزگا جياجياكانی بە تۆڕێك لە ڕۆڵ دابنرێت كە هەر يەكێك لەوانە كۆمەڵێك پێوەر و بەهای دياريكراو و جێگير حوكميان دەكات.

سەمتی كۆمەڵايەتی تاكە سەمت نييە كە بەشێوەيەكی جينينی يەكەی كردەی بچووك لەخۆيەوە بگرێت، لەبەر ئەوەی گەڵاڵەبوونی دەزگاكان و پێشڤەچوونی سەمتی كۆمەڵايەتی كە تازە باسم كرد، پێويستی بە سێ سەمتی ترە، پێويستی بە بكەرێك هەيە مەبەستی بێت تا ئەوپەڕ تێر بوون بە دەست بێنێت (سەمتی شەخسی)، لە بارەی كۆمەڵگاشەوە پێويستی بە سەمتێك بەهای فرە بڵاو هەيە بەشێوەيەك ئەو بەهايانە پتەوی بەو پێوەرە جياجيايانە دەبەخشن كە پەيوەستن بە سەرجەم ڕۆڵە جياجياكانی شوێنگە (سەمتی كولتووری)، لەكۆتاييدا پێويستی بە بوونی ژينگەيەكی مادی هەيە و پێويستە لەسەر كۆمەڵگا خۆی لەگەڵيدا بگونجێنێت (سەمتی ئۆرگانی).

## سەمتە بنچينەيی و لاوەكييەكان پێداويستييە فرمانگەراييەكان

تيۆرەكەی پارسۆنز، وەكو ئەوەی گای ڕۆچەر دەڵێت: «لە سندووقی چينی دەچێت، كاتێك سندووقێك دەكەيتەوە، دەبينيت سندووقێكی بچووكتری تێدايە، ئەو سندووقەش يەكێكی بچووكتری تێدايە و بەو شێوەيە». ئەوەش تێبينييەكە لە شوێنی خۆيدايە. پێش كەمێك گوتم چەمكەكانی پارسۆنز وەكو: يەكێتی كردە، ڕۆڵی شوێنگە، سەمتی كۆمەڵايەتی ...تاد، هەر هەمووی ئەبستراكتن و ئاستی جياوازی ئەبستراكتيشن. ئەگەر

بگەڕێینەوە سەر نموونەی ئەو ڕەنگە سوورەی باسمان کرد، دەبینین پلەیەکی باڵای ئەبستراکت بوون هەیە کە «ڕەنگ»ە سووریش یەکێک لە شێوەکانییەتی، پلەیەکی نزمتری ئەبستراکت بوونیش هەیە (سووری تۆخ، سووری کراوە، پەمەیی،...تاد) پلەی نزمتریش هەیە بۆ ئەبستراکت بوون کە تایبەتمەندی تر لەخۆیەوە دەگرێت (سووری تۆخی بازنەیی). دەکرێت ئەو کارە بەردەوام بێت تا شتێکی دیاریکراو وەسف دەکەین (تەنێکی مەتاتی خڕ کە بەرینییەکەی شەش ئینجە و لەبەردەمدایە لەسەر زەوی، ئەوەش تۆپە). ئەو نموونەیە زەحمەتییەکانی تیۆرەکەی پارسۆنزمان نیشان دەدات، چونکە بەشێکی زۆری ئەو تیۆرە بە شێوەیەک داڕێژراوە لە وەسفکردنی ئەو تۆپە دەچێت.

قسەمان لە بارەی پێشڤەچوونی ڕۆڵ و شوێنگە و سەمتی کۆمەڵایەتی گەیشتە شوێنێک لەسەرووی ئاستی مامناوەندی ئەبستراکت بووندایە، دەشێت لێرە لەو ئاستەشدا بەلایەنی کەم ئەو ئاستانەی خوارەوە بناسین.

١- ئاستی باڵا: بریتییە لە هەموو سەمتە زیندووەکان. پارسۆنز هەندێکجار وا قسە دەکات وەکو ئەوەی هەموو سەمتە زیندووەکان سەمتی لاوەکی هەموو سەمتەکان بێت، (واتا هەموو ئەوەی هەیە)، بەڵام ئەوە بۆ مەبەستی ئێستامان سوودمەند نییە.

٢- ئاستی باڵای دووەم: سەمتەکانی کردە، هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە کە لەنێو یەکەی کردەی بچووکدان.

٣- ئاستی باڵای سێیەم: سەمتە لاوەکییەکانی کردەیە و بریتییە لە سەمتی شەخسی و سەمتی کولتووری و ئۆرگانی و کۆمەڵایەتی.

٤- ئاستی باڵای چوارەم: سەمتە لاوەکییەکانی سەمتە لاوەکییەکانە. سەمتە لاوەکییەکانی سەمتی کۆمەڵایەتی بریتییە لە سەمتی سیاسی، سەمتی پێکگەیاندنی کۆمەڵایەتی، ئابووری سەمتی کۆمەڵگەرایی. پاش کەمێکی تر ئەوە ڕوون دەکەمەوە.

٥- ئاستی باڵای پێنجەم: سەمتە لاوەکییەکانی سەمتە لاوەکییە لاوەکییەکانە. دیارترین سەمتی لاوەکی کارا لەسەر ئەو ئاستەدا سەر بە سەمتی ئابوورییە و سەمتی لاوەکی ئیلتیزاماتی ئابووری و سەمتی لاوەکی سەرمایەداریکردن و سەمتی لاوەکی بەرهەم و سەمتی لاوەکی ڕێکخستن دەگرێتەوە. دەشێت ئەو کارەش بەردەوام بێت، واتا کردەی بەدوایەکدا هاتنی سەمت و سەمتە لاوەکییەکان بەشێوەیەک کۆتایی نایەت، بەڵام من تەنیا بایەخ بە هەردوو ئاستی سێیەم و چوارەم دەدەم، پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە، بۆچی لە هەموو قۆناغێکدا چوار سەمتی لاوەکی نوێ بەدی دەکەین؟ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەش ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە نموونە فرمانگەراییەکەی پارسۆنز چۆن کار دەکات. پارسۆنز دەڵێت هەر سەمتێک، لە هەر ئاستێکدا بێت، بۆ ئەوە بمێنێتەوە، دەبێت چوار پێداویستی دابین بکات، لە هەر حاڵەتێکیشدا دەبێت سەمتێکی لاوەکی تایبەتمەند سەرهەڵبدات، بۆ ئەوەی هەر یەکێک لەو پێداویستییانە بە تەنیا دابین بکات. ئەو چوار پێداویستییە، یا داخوازییە فرمانگەراییەش ئەوانەی خوارەوەن:

١- گونجان: هەموو سەمتێک دەبێت لەگەڵ ژینگەی خۆیدا بگونجێت.

٢- ئامانج بەدیهێنان: دەبێت هەموو سەمتێک کۆمەڵێک ئامرازی هەبێت لە سایەیەوە سەرچاوەکانی ببزوێنێت تا ئامانجەکانی بەدەست بێنێت و بگاتە پلەی تێر بوون.

٣- تەواوکاری: هەموو سەمتێک دەبێت پارێزگاری لە ئینسجامی نێوان پێکهاتەکانی خۆی بکات و شێوازی وادابنێت ڕێگا لەلادانی بگرێت، واتا دەبێت پارێزگاری لە یەکێتی و پتەوی بکات.

٤- پارێزگاریکردن لە جۆر: دەبێت هەموو سەمتێک بەپێی توانا پارێزگاری لە حاڵەتی هاوسەنگی خۆی بکات. ئەو نەخشەیەی خوارەوە سەمتە لاوەکییەکان و دابینکردنی پێداویستی فرمانگەرایی سەمتی کردەی گشتی و سەمتی کۆمەڵایەتی ڕووندەکاتەوە.

**سەمتە سەرەکییەکان:**

١- سەمتی گشتی کردە (پێشتر لە یەکەی بچووکدا ڕوون کراوەتەوە):

(أ) گونجان: بوونەوەری ئۆرگانی ئەوەی کە پێوەندی لەنێوان جیهانی سروشتی و ماناکان دروست دەکات (پێوەر، بەها،...تاد) کە جیهانی کردە پێکدێنن.

(ب) بەدیهێنانی ئامانج: سەمتی کەسایەتی کە لەمیانەی کردەی پێکگەیاندنی کۆمەڵایەتیدا پێکهاتووە کە تێیدا پڕ دەبێت لە بەهای گشتی کولتوور و پێوەرەکانی کۆمەڵگا، بەو جۆرە سەمتی کەسایەتی دەبێتە ئامرازێک لە سایەیەوە سەمتی گشتی ئامانجەکانی خۆی بەدەست

دێنێت.

(ج) تەواوکاری: سەمتی کۆمەڵایەتی بۆ ڕۆڵی شوێنگە کە مەحکوومە بەو پێوەرانەی دەستنیشانی ئەو کردانە دەکات کە ڕێگا پێدراون یا قەدەغە کراون.

(د) پاراستنی جۆر: سەمتی کولتووری لەو هزرانە پێکدێت کە زۆر باون، لەگەڵ ئەو بەهایانەی بەسەر سەمتی گشتین و زیاتر لە پێوەرەکانی سەمتی کۆمەڵایەتی بەرجەستە دەبێت کە لە سەمتی شەخسی وەرگیراون.

٢- سەمتی کۆمەڵایەتی:

(أ) گونجان: ئابووری کە پەیوەستکاری نێوان ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و جیهانی سروشتە.

(ب) بەدیهێنانی ئامانج: سەمتی سیاسی کە هەموو شێوە کردەکانی بڕیاردان و سازدانی سەرچاوە و داهاتەکان لەخۆیەوە دەگرێت.

(ج) تەواوکاری: پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کە بریتییە لە دەزگاکانی دیسپلینی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵێک شێوە دەگرێتەوە هەر لە دەزگای یاساییەکانەوە تا دەگاتە ئادابی گشتی.

(د) پاراستنی جۆر: کردەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی ئەو کردەیەیە کە لە سایەیەوە تاکەکان فێری بەهای کولتووری و پێوەرە کۆمەڵگەراییەکانی سەمت دەبن.

* * *

بە کورتی: یەکەی کردەی بچووک بەشێوەیەکی چنینی، چوار سەمتی لاوەکی لەخۆیەوە دەگرێت، دەشێت وا تەماشا بکرێن کە لە میانەی گەلاڵەبوونی دەزگاکاندا پێشڤەدەچن و هەر سەمتێکی لاوەکیش کۆمەڵێک سەمتی تری لاوەکی تایبەت بەخۆی هەیە. لەسەر هەموو ئاستەکانیشدا، سەمتە لاوەکییەکان پێشڤەدەچن تا چوار پێداویستی یا داخوازی فرمانگەرایی دابین بکەن، ئەوە ئەگەر سەمتەکان گەرەکیان بێت بمێننەوە، ئەوەی لێرەدا گرنگە تێگەیشتنە لە بیرۆکەی گشتی بەبێ چوونە نێو وردەکارییەکان.

### شێوازەکانی شیکردنەوەی کردە: گۆڕاوەکانی جۆر

بەر لە ڕوونکردنەوەی شێوازی کاری پێداویستییە فرمانگەراییەکان، دەمەوێت بە کورتی کۆمەڵێک گۆڕاوی تر شرۆڤە بکەم کە پارسۆنز ناویان دەنێت گۆڕاوەکانی جۆر. ئەوەش بە ڕوونی تاوان و هێزی پۆلینکردن لەنێو هزری پارسۆنز دەردەخات. بەپێی ئەو خەملاندنەی خۆم، ئێمە تا ئێرە لەنێو هزری پارسۆنزدا پێویستیمان بە ٥١٢ سەندووقە بۆ دۆسیەی تازە، هێشتاش نەگەیشتووینەتە نزمترین ئاستی ئەبستراکت بوون و هیچ زانیارییەکیشمان لە بارەی ئەو واقیعە بۆ بونیادی ئەو تیۆرە ئەبستراکتە وەرنەگرتووە: ئەوەی گرنگیشە ئەوەیە، ئەو گۆڕاوانە دوو هێڵی هزری جیاوازی تێدا بەیەک دەگەن کە لە هەموو کارەکانی پارسۆنزدا هەن: تیۆری خۆکردەیی کە بایەخ بە خەراباتی تاکەکەسەکان دەدات، لەگەڵ تیۆری سەمت. هەریەک لە کردەی تاکەکان و ڕێکخستنی سەمت، دەشێت وەکو ئەنجامێکی کردەی هەڵبژاردنی ئەلتەرناتیڤ تەماشا بکرێن. خراپ نییە ئەگەر ئەوەشمان بیر بکەوێتەوە کە ئێمە لەکاتی وتوویژکردن لە بارەی یەکەی کردەی بچووک باسی ئەوەمان کرد کردە لای پارسۆنز خەیاراتی تێدایە، ئێستا لێرەدا چوار جووتی سەرەکی ئەلتەرناتیڤ بوونیان هەیە بەم شێوەیە:

١- تایبەتی و گشتی: ڕەنگە لەگەڵ بابەتێکدا وا ڕەفتار بکەم وەکو ئەوەی بابەتێکی تایبەت و دەگمەنە، یا وا ڕەفتاری لەگەڵدا دەکەم کە جۆرێکی گشتییە، جیاوازی نێوانیشیان وەکو جیاوازی نێوان مامەڵەی خۆمە لەگەڵ منداڵەکانم و قوتابییەکانم.

٢- ویژدان و بێلایەنی ویژدان: دەکرێت ڕێگا بە هەستەکانم بدەم لە پێوەندیدا گوزارشت لەخۆیان بکەن، بۆ نموونە، پێوەندیم لەگەڵ منداڵەکانم. یا دەکرێت خۆم بگرم و نەهێڵم هەستەکان بێنە نێو ئەو پێوەندییەوە، بۆ نموونە، پێوەندیم لەگەڵ قوتابییەکانم.

٣- جۆرایەتی و ئینجاز: دەشێت شتێک بۆ خودی خۆی هەڵبسەنگێنم و بۆ نموونە، هەڵسەنگاندنی منداڵەکان. یا بەپێی کارەکەی خۆم هەڵی بسەنگێنم بۆنموونە، هەڵسەنگاندنی قوتابییەکانم بەپێی توانای خۆیان.

٤- بڵاوبوونەوە و سنووربەندی: ڕەنگە پێوەندیم لەگەڵ بابەتێک وا بونیاد بنێم بەشێوەیەکی زۆر ورد هەموو لایەنەکانی بگرێتەوە بۆ نموونە، پێوەندیم لەگەڵ منداڵەکانم، چونکە هەموو شتێکیان لە بارەیەوە دەزانم. یا ڕەنگە پێوەندییەکەم زۆر سنووردار بێت بۆ نموونە،

پێوەندیم لەگەڵ قوتابییەکانم، چونکە هەرگیز دەست لە شتی تایبەتییان وەرنادەم و تەنیا پەیوەستە بەلایەنی زانستییەوە.

لە نمایشکردنی سیستەمی دۆسییەکانی پارسۆنزدا لەوە زیاتر ناڕۆم، بەڵام گۆڕاوەکانی جۆر، جارێکی تر سەرهەڵنادەنەوە تاوەکو دەگەینە ئەو شوێنەی قسە لەسەر ئەو ڕەخنانە دەکەین کە دەشێت ئاراستەی ڕەوتی فرمانگەرایی بونیادی بکرێت.

بۆ ئەوەش خستوومەتە نێو ئەو کتێبە، لەبەر ئەوەی چەند لایەنێکی گرنگی تیۆی پارسۆنز ڕوون دەکاتەوە، بەڵام ئێستا حەزدەکەم جارێکی تر بگەڕێمەوە سەر سەمتەکان و پێوەندییان بە یەکترییەوە.

### تەرتیبی سبرنتیکی

پێشتر گوتوومە، تیۆری پارسۆنز لە بارەی کردە تیۆرێکیشە لە بارەی مانا، لە بارەی پێوەر و بەهاو ڕەمز و پێوەندی. سەمتە جیاجیاکان لای پارسۆنز لە سایەی ئاڵوویری زانیاری ڕەمزییەوە بەیەکەوە پەیوەست دەبن. لای پارسۆنز ڕەمز خۆی هیچ بەهایەکی نییە، بەڵکو ئەوکاتە بەهای هەیە کە بەکاری دێنین. بۆ نموونە، پارەی ئاسن، ئەو پارچە ئاسنە هیچ بەهایەکی نییە وەکو ئاسن، ئەوکاتە دەبێتە خاوەن بەها کە دەتوانین بۆ کڕینی شتومەک بەکاری بێنین. هەموو سەمتێکی لاوەکی سەمتی کۆمەڵایەتی کۆمەڵێک ڕەمزی هاوشان و تایبەتی هەیە، ئابووری مامەڵە لەگەڵ دراو دەکات، سەمتی سیاسی مامەڵە لەگەڵ هێز دەکات و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیش وەکو کاریگەری بەکاردێنێت، کەچی سەمتی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی فۆرمی ئیلتیزام وەردەگرێت. هەر سەمتێکیش لە میانەی کردەی ئاڵوویری ڕەمزیدا لە حاڵەتی هاوسەنگیدا دەبێت لەگەڵ سەمتەکانی تر، لە هەمان کاتیشدا ئەو سەمتە پارێزگاری لە ناسنامە و سنووری تایبەتی خۆی دەکات.

لەگەڵ ئەوەشدا، قسەکردن لە بارەی کردەی ئاڵوویری نێوان سەمتەکان، هێشتا تەواو نەبووە، لێرەدا جارێکی تریش دەگەڕێینەوە سەر هاوشێوەکردنی نێوان سەمتی کردە و سەمتە زیندووەکان، یا لەنێوان سەمتی کردە و سەرجەم سەمتەکانی تر، چونکە پارسۆنز لە شیکردنەوەکانیدا پشت بە سبرنتیکا دەبەستێت کە زانستی سەمتەکانە. ئەوەش مانای وایە هەموو سەمتێک لەلایەن ئەو سەمتە لاوەکییەوە ئاراستە دەکرێت و دەجووڵێنرێت کە لەلایەنی زانیارییەوە بەهێزترە، بەڵام لەلایەنی وزەوە لاوازترە. بەو پێیەش، ئێمە دەتوانین موتەراتب لە سەمتە لاوەکییەکان دروست بکەین، ئەو سەمتانەی نزمترن لەلایەنی وزەوە، بەڵام لەلایەنی زانیارییەوە بەهێزترن.

پارسۆنز تاوەکو ئەو مەسەلەیەمان بۆ ڕوون بکاتەوە، نموونەی جلشۆری کارەباییمان بۆ دێنێتەوە، جلشۆری کارەبایی ئامێری کۆنترۆڵکردنی کاتی تێدایە و پڕە لە زانیاری داڕێژراو، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ بەشەکانی تری جلشۆر، وزەیەکی کارەبایی زۆر کەم بەکاردێنێت.

بۆیە سەمتە لاوەکییە نزمەکان لە سایەی سەمتی گشتییەوە پاڵ بەو وزەوە دەنێن و سەمتە لاوەکییە باڵاکانیش جارێکی تر زانیاری بۆ خوارەوە دەنێرن. بەو جۆرە ئێمە دەتوانین سەمتە لاوەکییە جیاجیاکان بەشێوەیەک ڕێکبخەین تەواو جیاواز بێت لەو نەخشەیەی ڕابردوو بۆیە ئەو نەخشەیە دەکێشین:

| سەمتی گشتی کردە | | سەمتی کۆمەڵایەتی |
|---|---|---|
| سەمتی کولتووری | زانیاری زۆر | سەمتی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی |
| سەمتی کۆمەڵایەتی | زانیاری زۆر | سەمتی پێوەندی کۆمەڵگەرایی |
| سەمتی شەخسی | وزەی زۆر | سەمتی سیاسی |
| سەمتی ئۆرگانی | وزەی زۆر | سەمتی ئابووری |

### نەخشەی تەرتیبی سبرنتیکی

ئەو شێوە تەرتیبکردنەی سەمتەکان، جگە لەو گریمانەی دەڵێت سەمتەکان ڕووەو ئەوە دەچن لە حاڵەتی هاوسەنگی دابن، لە کۆتاییدا ڕێگامان پێدەدەن لەواقیع نزیک بکەوینەوە و بەشێوەیەکی کاریگەر ڕێکی بخەین. ئێستا دەتوانین ئەو سیستەمەی دۆسیەکان بەکاربێنین، دەتوانین قسە لە بارەی میکانیزمی هۆکارێتیش بکەین: یەکەم، لە بیرۆکەی خولی هاوسەنگی زیندەداریدا کە تێیدا گۆڕانکاری بەسەر هەر سەمتێکی لاوەکیدا بێت،

کـار لە سـەرجـەم سـەمـتـەکـانی تریش دەکـات، ئەوەش کاردانەوەی پێچەوانەی لێدەکەوێتەوە سەر ئەو سەمتە بریتـیـیە لە هەوڵدان بۆ سەرلەنوێ گەڕانەوە بۆ حاڵەتی ئەسڵی.

دووەم: لە مـیـکانیـزمی تەغـزیەی وەرگـرتنەوەی زانیـارییـەکـاندا، چونکە ئەو سـەمـتـە لاوەکـیـیـە دەوڵەمـەندانە لە ڕووی زانیـارییـەوە، ئەو زانیـارییـانە بەشێوەیەکی هەڵبژاردەیی بەکاردێنن تاوەکو کۆنترۆڵی سەمتە نزمەکان بکەن.

لەگەڵ ئەوەشدا، من سەمتەکانی پارسۆنزم بە هەمـوو ئاڵۆزییـەکـانیـانەوە نمایش نەکـردووە، ئەو سـەمـتـە لاوەکییانەی کە بە کورتی ئاماژەم بۆ کردن، زۆر وردترن لەنێـو کـارەکـانی ئەودا، جگە لەوەی لایەنی تری تیـۆر هەیە کە باسم لێ نەکردووە.

## ڕاڤەکاری فرمانگەراییە بونیادییەکان
## گۆڕان و مۆدێرن

لە نموونەکـانی داهاتوودا زاراوەی «ڕاڤـەکـردن» بەشـێـوەیەکی فـراوان بەکـاردێنم، دواتریش ئەوە دەردەکەوێت کە توانای پارسۆنز لەسەر ڕاڤەکردن، نەوەکو وەسف مەسەلەی سەرەکییەکە جێگای ڕەخنەیە. پارسۆنز تیۆرێک پێشکەش دەکات لە بارەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی، ئەوجارەیان بەهاوشێوەیی لەگەڵ بوونەوەری زیندوو دەست پێدەکات، لە شێوازی دابەشبوونی خانە و زۆر بوونی. پارسۆنز پێیـوایە دەشـێت بە هەمـان شێـوەش بڕوانرێتـە پێـشـڤـەچوونی کـۆمـەڵگای مـرۆڤـایەتی. دەشـێت وا تەماشای کۆمەڵگا سادەکان بکەین کە خانەی سەرەتایین و دەبنە چوار سـەمـتی لاوەکی سەمـتی گشـتی، هێـدی هێـدی دابەش دەبن و.. تاد. ئەو کـارە بە سێ قـۆناغـدا تێپەڕ دەبێت: جیاکاری، بەوەی سەمتی لاوەکی نوێ لە سـایەی دانانی تەرتیـبـێکی تازە بۆ خـۆی، لە سـەمـتـە ئەسڵـییـەکە جیـادەکاتەوە، دواتر ئەو تەرتیبە تازەیە بە قـۆناغی گـونجـاندندا دەڕوات و نوێیـەکـان لە خـۆیەوە دەگرێت. لەکۆتاییدا، سـەمـتـێک بۆ بەها کـە سـەمـتی لاوەکی نوێ لە باوەش دەگرێت.

لەو بارەیەوە پارسـۆنز نموونەیەک دێنێـتـەوە، ئەویش گـۆڕانی کـۆمـەڵگا کـشـتـوکاڵـیـیـەکـانە بۆ کـۆمـەڵگای پیشەسازی. ئەو کارە وا دەخوازێت سەمتی ئابووری لە سەمتی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی داببڕێت.

لە کاتێکدا خێزان لە کۆمـەڵگای بەر لە پیشـەسازیدا یەکەی بەرهەم بوو و خاوەندارێتی زەوی دەکرد و کاری بە کۆمەڵ و هاوبەشیان ئەنجام دەدا و تاڕادەیەکیش کاریان دابەشکردبوو، ئەوە کـردەی پیـشـەسـازی کـاری دابڕاند و بردییە نێـو کـارگە و نووسینگەکـان، کەچی خێـزان هەر لەنێو ماڵدا مایەوە. بۆ ئەوەی ئەو دابڕانەش سەرکەوتوو بێت، پارسـۆنز پێی وایە دەبێت ئەو کـارە خـاوەنی توانایەکی زیاتری خۆ گونجاندنی هەبێت، بۆیە کارکردن لە یەکە پیشەسازییەکان عەقڵانیتر و بەرهەمدارتر بوو، لەو لاشـەوە خـێـزان بەتوانایەکی زیاترەوە کـاری پێگەیاندنی کـۆمـەڵایەتی ئەنجـام دەدات، دوای ئەوەی فـرمـانە ئابوورییـەکانی لێوەرگـیرایەوە، بەڵام کردەی ئاوێتەبوون گریمانی جمکی نێـوان هەردوو سەمـتی لاوەکی دەکـات (وەکـو سـەمـتی ئەو یاسـایانەی ڕێگا نادات ئافـرەت و منداڵ هەندێک کاری دیاریکراو ئەنجام بدەن) پێویستی بە ئافـرێدەکـردنی سیـسـتـەمـێکی هەرەمی نوێ هەیە بۆ کـۆنتـرۆڵی ئابووری، چونکە باوک ئەو ڕۆڵە نابینێت کـە لەسـەردەمی کـۆمـەڵگای کشـتـوکاڵیدا دەیبینی. دەبێت هەردوو سـەمـتی لاوەکی لەگـەڵ سـەمـتی سـیـاسی و پێوەندییە کـۆمـەڵگەراییـەکـان یەکتری تەواو بکەن، لە کۆتاییشدا دەبێت سەمتی بەهاش پێشڤەبچێت تا ڕۆڵی تر بخاتە نێو خۆی کە پەیوەستن بە شوێنگەی نوێ، وەکو ئەو ڕۆڵـە تازەیەی باوک کـە هەندێک لە دەسـەڵاتەکـانی وەرگرتۆتەوە، یا ڕۆڵی بەڕێوەبەری کارگەکان و...تاد.

نموونەیەکی تر هەیە، پارسۆنز لە وتارێکیدا باسی لێوە دەکـا کـە لە بارەی لاوانی ئەمـریـکا و کـولتـوورە لاوەکـیـیـەکـانیـانەو لە سـاڵی ١٩٦٤دا نووسـیـویەتی. پارسۆنز پێیـوایە سەدەی بیست زەمەنی گـۆڕانکارییە مێژووییە دیارەکانە و کۆمەڵێک هۆکار هەیە وا لە لاوان دەکات بەتایبەتی دوچاری فشارێکی زۆر بێن بەهۆی ئەو گـۆڕانکارییـانەوە و وا تەمـاشـای ئەو گـۆڕانکارییـانەش دەکـات گـوایە گـوزارشـتـە لە حـاڵەتی ونبـوون، واتا حاڵەتێک تێیدا بە هاو پێوەرەکان شڵەژاو و بێمانان. سـەرەتا بە شـتـە کـولتـووریـیـەکـان دەست بە ڕاڤـەکـردن دەکـات. یەکـێک لە جیـاوازییـەکـانی سـەمـتی بەهای ئەمریکی ئەوەیە جەخت دەکاتە سەر بەهای سەرکەوتن و دەسکەوتی تاک، جیاوازییەکە لێرەدا ئەوەیە هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی ئەو بەهایە، دەبێتە هۆی پەلەکردن لە تەمایزی بونیـادی بە شێـوەیەک کۆمـەڵگا خێراتر دوچاری ئاڵۆزی

دێت و جۆری نزمی بەهاکان کۆن دەبن. لە هەمان کاتیشدا، زیاتر ئاڵۆزبوونی کۆمەڵگا مانای وایە دەبێت لە ڕێگای پسپۆری و هاریکارییەوە سنووری دەسکەوتەکانی تاک تەسکتر بکرێتەوە.

کۆمەڵێک ڕێگا هەیە ئەو کارە وا لە قۆناغی لاوێتی دەکات ببێتە قۆناغێکی پڕ لە ئیشکالییەت. ڕاهێنان و فێربوون کاتێکی زیاتریان گەرەکە، بۆیە لاوان بۆ ماوەیەکی زۆرتر پشت بە خێزان دەبەستن، ئەوە لەکاتێکدا دەبوایە ئەوان بچوونایەتە قۆناغی پیاوەتی.

زۆربوونی تایبەتمەندی خێزانی نەوەوی دابڕاندووە و وای لە منداڵە بچووکەکان کردووە زیاتر پشتی پێ ببەستن، ئەوەش ئەو کاتە کێشە دەنێتەوە کە گەرەکیانە خێزان جێبێڵن. جگە لەوەش پێوەندییەکانی تریش بەهۆی ئاڵۆزی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لاوازبوون، ئەوەش بووە هۆی گۆڕینی ڕەفتاری جنسی، بە شێوەیەک جیاوازی لەنێوان ڕەفتاری نوێ و ڕەفتاری کۆن بە ڕوونتر دەرکەوت.

ڕۆشنبیرییە لاوەکییەکانی لاوان لەو سیاقەدا بە یەکجار فرمانی پێشکەوتووخواز و تێکشکێنەری هەیە، لە لایەکەوە دەشێت ڕۆشنبیرییەکی هەڵگەڕاوە بێت و بەها تەقلیدییەکان و سەمتی ناوەندی بەهاکان ڕەت بکاتەوە، بەبێ ئەوەی ئەلتەرناتیڤێک بخاتە ڕوو، هەروەها دەشێت ئامرازی پێشڤەچوونی سەمتی تەقلیدی بەهاکان بێت و نوێیان بکاتەوە و بەهای نوێش دابمەزرێنێت، لەو کاتەشدا کە تاک لە خێزانەکەی دادەبڕێت، دەتوانێت یارمەتی کۆمەڵایەتییانەی پێشکەش بکات، بەبێ ئەوەی ناچار بێت خێزانێکی تایبەت بەخۆی دابمەزرێنێت. زۆرینەی ڕۆشنبیرییە لاوەکییەکانی لاوان ئەو دوو لایەنە لە خۆوە دەگرن کە لەناوەوەدا تۆی ململانێیان تێدایە. بەو شێوەیەش گۆڕان و ململانێ وا ڕاڤە دەکات، گوایە گونجاندنێکی پێشڤەچوونی بەردەوامی جۆرەها سەمتی لاوەکییە لەگەڵ یەکتریدا.

ئەو شیکردنەوەیە، ئەو شڵەژانەی ئێستای جیهانی نوێش لە خۆیەوە دەگرێت: ئەوە جیهانێکە مرۆڤ مەحکووم کراوە لەکۆمەڵگای گەورەتر و گەورەتردا بژیێت و بەردەوام بە کردەی خۆ جیاکردنەوەدا تێپەڕێت و بە شێوەیەکی عەقلانیش ڕەفتار بکات، هیچ شتێک ئاراستەی ناکات تەنیا بەها و پێوەرە گشتییەکان نەبێت.

### چەند درزێک لە تیۆرە گەورەکە

گوتم پارسۆنز شێوەی گشتگیرتر و وردتری بۆ تیۆری کردە پێشڤە برد و هەستێکی وا هەیە کە تیۆرەکانی تر تەنیا بەش بەشی سەمتی تیۆرەکەی ئەون. ئەوەی ئێستا دەمەوێت بەدوایدا بچم، ئەو درز و کەلێنە گەورانەیە کە سەرهەڵدەدەن، کاتێک ئەو دابەشبوونە دێتەدی. تاوەکو کاتی مردنی، سێ هێڵی سەرەکی هەبوو بۆ ڕەخنەگرتن لە تیۆرەکەی، زۆر لەڕەخنەگران کێشەی تیۆرەکەیان لە ڕووی داڕشتنی لۆژیکییەوە جیاکردەوە لەگەڵ ئەو کێشانەی تایبەت بوون بەناوەڕۆکی تیۆرەکەی.

کەچی من وای نابینم ئەو جیاکردنەوەیە بە سوود بێت، چونکە بوونی کێشەی لۆژیکی لە ڕاڤەکردنی تیۆریدا، مانای وایە هەڵەیەک هەیە لە تێگەیشتنی ئەو تیۆرە کاتێک ڕاڤە دەکرێت. هەندێک ڕەخنەی تریش هەن زۆر دووبارە دەکرێنەوە، گوایە تیۆرەکە ناتوانێت گریمانەی وا لە بارەی واقیعی کۆمەڵایەتی بەرهەم بێنێت توانای تاقیکردنەوەیان هەبێت، ئەوەش ڕەخنەیەکە دەشێت ڕاست بێت. لەگەڵ ئەوەشدا وەکو گوتم، یەک تاکە پێوەر نییە بۆ حوکمدان لەسەر هیچ تیۆرێک. لە حاڵەتی سۆسیۆلۆژستدا، ئاڵۆزی دیاردەی کۆمەڵایەتی و لە توانا نەبوونی تاقیکردنەوە لەسەری، وادەکات دانانی گریمانەیەک کە توانای ئەوەی هەبێت تاقی بکرێتەوە، مەسەلەیەکی دوور دەستە بێت. بۆیە لێرەدا جەخت دەکەمە سەر لایەنی داهێنان لە تیۆرەکە، ئەویش ئەو لایەنەیە کە پەیوەستە بە پێوانەیی لەگەڵ سەمتی ئۆرگانیدا، هەروەها بە گشتیکردنی لە کردەوە (کەسەکان) بۆ سەمت (کۆمەڵگا) ئەوە جگە لە هێزی ڕاڤەکردنی تیۆرەکە.

**سەرچاوە:**

**النظرية الاجتماعية من بارسونز الى هابرماس، ايان كريب، ترجمة: د. محمد حسين غلوم، الكويت، ١٩٩٩.**

# هۆزەکانی ناوەندی ئێران

عەباس سلێمان سمایل

**پێشەکی**

هەرگەلێکی چالاکی بوارەکانی کولتووری نەبێت، بەرەو توانەوە دەچێت، داگیرکەرانیش هەمیشە هەوڵی نەزۆکی چالاکی گەلانی ژێردەستە دەدەن لە ڕێگای گرنگیدان بە پرۆسەی ئایینی بۆ دابڕینیان لە هەستی نەتەوایەتی و گۆڕینی ناوی جوگرافی و قەدەغەکردنی خوێندن بەزمانی دایک، ئیتر ئەم پرۆسە نامرۆڤانە بەدرێژایی مێژوو بەردەوام کاری لە میللەت کرد، بۆ نموونە زۆر کەس لە هەولێر و سلێمانی و دهۆک بەهۆی درێژەپێدانی ئەم پرۆسە نا مرۆڤانەیە و کاریگەری ڕۆشنبیری عەرەبی، تاکو ئەمڕۆ خۆی بە عەرەب دەزانێ، یان بە چاوێکی بێ نرخ سەیری زمانی کوردی و کۆمەڵگای کوردی دەکات، ئازادی دیموکراتیش باشترین شتە بۆ زیندووکردنەوەی هەستی نەتەوایەتی و پەرەپێدان بە مافی ڕۆشنبیری، جا بەسەقامگیربوونی دیموکراسی لەسەرتاپای ئێران و بووژاندنەوەی کولتووری لوڕان، بەشێکی زۆری خاکی کوردستان و گەلی کورد دەگەڕێتەوە باوەشی نیشتمانی گەورە. جا کتێبی هۆزەکانی ناوەندی ئێران (عشائر مرکزی ایران) کە تایبەتە بە ئوستانێکی لوڕی ئێران لە دانانی (دکتۆر جەواد صفی نژاد) ەو لە تاران لە ساڵی (١٣٦٨)ی هەتاوی بە چاپ گەیشتووە. نووسەر زۆر بە درێژی لەسەر بواری کۆچەرایەتی و چەند بوارێکی کولتووری ئوستانی (بوێر ئەحمەد و کوگیلوەی لوڕنشین) دواوە و کەلێنێکی گەورە و پڕ بەسوودی لە کتێبخانەی

کوردی لوڕ پڕ کردۆتەوە.

نووسەر لە پێشەکیەکەی کە بریتییە لە (١٣٢) لاپەڕە بە کورتی لەسەر لوڕ و قەشقایی و ئێلات خەمسەی هاوسێی ئەم ئوستانەی نووسیوە و دواتر بەشی (١-٤)ە ئەم کتێبە لە لوڕستانی گەورە، لوڕستانی گچکە و هۆزەکانی فارس دواوە، لە بوارەکانی کۆچەری و مەڕداری لە گەرمیان و کوێستان، دەرەبەگی، زمانیان، جلوبەرگیان، پێوەندییان لەگەڵ یەکتری..تاد.

لە کۆتایی پێشەکیەکەیدا نووسەر، ئێرانی ڕەسەنی دابەشی شەش بەش کردووە و لوڕی بەیەک لەم بەشانە داناوە کە ئوستانی کرماشان، ئیلام، ئوستانی لوڕستان، بەختیاری، بوێر ئەحمەد و کوگیلوە و لوڕانی مەمسانی و خوزستان دەگرێتەوە.

## بەشەکانی کتێبەکە

### بەشی یەکەم

### جامعە عشایری ایران (کۆمەڵگای هۆزایەتی ئێران)

لەم بەشەدا نووسەر ئاگاییەک دەخاتە ڕوو و دەڵێ: هەرچەندە ئەگەر بە مێژووی جوگرافیای ئێراندا بچینەوە سەیر دەکەین زیاتر باس لە بوارەکانی دانیشتوانی شارەکان کراوە وەک: جۆری دانیشتوان، ئایین، مێژووی گەورە پیاوان و حوکمڕانان و... تاد، ئیتر زۆربەی کتێبەکان لە شارەکان دواون و بەدەگمەنیش لە گوندنشینان و کۆچەر و مەڕداران دواون، هەرچەندە گوندنشینان و هۆزانی کۆچەر و مەڕدار بوونەتە پەرژینی حوکمڕانان و پاراستنی فەرمانڕەواییەکەیان و زیادکردنی بەروبوومیان.

ئیتر نووسەر بەدرێژی لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵگای هۆزایەتی و گوندنشینانی ئەم ئوستانە دەدوێ، بۆ جیاکردنەوەی ئەم دوو چینەش چەند خشتەیەکی خستۆتەڕوو.

لەبارەی کۆچڕەوانەوە دەڵێت: ژمارەیەکی زۆر لە هۆزەکانی ئەم ئوستانە کۆچەرن و مەڕداری دەکەن، لە هەواری گەرمیان خانوویان دروست کردووە و لە هەواری زستانەش لەژێر ڕەشماڵان دەژیان، لە هەواری گەرمیانیان لەپاڵ ئاژەڵداری کشتوکاڵیشیان دەکرد و بەرەو مافوریشیان دەخستەدار.

لەسەرەتای وەرزی بەهار بەرەو کوێستانەکانیان دەڕۆن، کە ماوەی حەوت ڕۆژ دەخایەنێ و بەم ماوەیە دەڵێن (ئێل راه). هۆزایەتیش لەم ئوستانە لە ڕووی توانا و دەسەڵاتەوە دابەشی سێ پلەی یەک لەدوای یەک دەبێت: سەرەک ئێڵ، سەرداری تایفە و ڕیش سپی تیرە. (تیرە)ش بەم جۆرە بۆ بەشەکانی دیکە دابەش دەبێت! تیرە- تش یا (ئەولاد)- بنکو- بیلە- خانوار (خێزان). ئیتر بەشێوەیەکی گشتی هۆزەکانی ئەم ئوستانە بێجگە لەو کۆچەرانەی کە هەمیشە لە دەوروبەری شارە گەورەکان لەژێر چادر نیشتەجێن و بەکار و پیشەی دەستییەوە خەریکن، بریتین لە سێ جۆر:

١- هۆزانی نیشتەجێ لە کوێستان.

٢- هۆزانی نیشتەجێ لە گەرمیان.

٣- هۆزانی کۆچەر، لەم ساڵانەی دواییش هۆزانی کۆچەر زیاتر لە هەواری گەرمیانیان خانوو دروست دەکەن.

لەبارەی پەرگەندە بوونی هۆزانی ئێران و ڕیشەی هۆزانی لوڕ دەڵێت! پەرگەندەبوون پێوەندی بە ڕەوشی سیاسی و باری ئابوورییەوە هەبووە، بەشێکی زۆر لە هۆزانی لوڕیش لەناوچەی دیکەی ئێرانەوە هاتوونە و بە درێژایی مێژوو تێکەڵ یەکتری بووینە و لوڕی ئەمڕۆی لێ پێک هاتووە.

لە ئوستانی کوگیلوەش شەش هۆزی جیاجیا دەژین، هەریەک لەمانە ناوچەی تایبەتی خۆیان هەیە لەم ئوستانە. هەر هۆزێکیش لەناوچەکەیدا خاوەنی چەند شارۆچکەیەکە، کە بۆ تێکەو لێکەو ساغکردنەوەی بەرهەمی ڕۆژانەیان هاتوچۆی ئەم شارۆچکانە دەکەن، کەچی هەر هۆزێک، شارێک یا چەند شارێکی نزیک ناوچەکەی وەک بازاڕێکی ناوەندی کەل و پەل و مەڕوماڵاتی تێدا ساغ دەکاتەوە و شتی پێویستیشی تێدا دەکڕێت، دابینکردنی پێویستییەکانیان و تێکەولێکەکانیان لە شارە گەورەکان لەکاتی کۆچکردنیان لە هەوارێک بۆ هەوارەکەی دیکە، وەک فرۆشتنی پێستە، کاوڕ، چنراوو شتی دیکە. لەبارەی هۆزانی کوچەری لە هەموو ئێران دەڵێت هەرچەندە سەرژمێرییەکی دروستی نییە، بەڵام لە ساڵی (١٣٥٣)ی هەتاوی ژمارەی خێزانانی کۆچەری ئوستانی کوگیلوە گەیشتۆتە

(١١,٢٣٨) خێزان.

### بەشی دووەم
### عشایر فارس (هۆزانی ئوستانی فارس)

لەم بەشەدا نووسەر لە دوو هۆزی گەورەی (قەشقایی و ئێلات خەمسە)ی ئوستانی فارس کە ناوەندەکەی شاری (شیراز)ە دواوە. قەشقایی (٢٢) تایفەنە و ژمارەیان لە (٤/١) ملیۆنێک زیاترە و بەزمانی تورکی قسە دەکەن.

کـاتی خـۆی شـا عـەبباسـی سـەفـەوی لە (٩٩٨ک-١٠٣٨ز) لە قـەفـقـاسـەوە بۆ فـارس-ی گـواسـتوونەتەوە، یەک لە تایفـەکـانی ئەم هۆزە بەناوی (فارسمیدان) کە بەر لە هاتنی قەشقاییەکان لەم ناوچەیە نیشتەجێ بوون، هەندێک لە تیرەکانی بەناوی کەشکول نزیک بە زاراوەی لوڕی دەدوێن دەسـتـەی دووەمـیش لە هۆزانی فـارس ئێـلات خـەمـسـەنە، ئەم ناوەش ناوێکی نوێیە کە لە ئەنجامی یەکگرتنی پێنج هۆز لەناوەڕاستی چاخی سـێـزدەیەم بە پشـتـیـوانی حکومـەتی ناوەندی هاتەکایەوە و بەدەرکـەوتن، لە ڕاسـتـیـدا ئەم یەکگرتنە یەکـیـەتیـەکی سیـاسی بـوو حکومـەتی ناوەندی لەم پێنج هۆزەی پێکـهـێنا دژی دڕندایەتی ئەفـشـاریەکـان و ڕاستەوخۆ لەژێر فـەرمـانی دەسەڵاتی سـیـاسی شـیـرازدا بووە. هۆزەکانیش ئەمانەن:

١- ئێل عەرەب، بە زمانی عەرەبی قسە دەکەن.

٢- ئێل باصـری، بە زمـانی فـارسی دەدوێن و سێ ئێـڵـەکـەی دیکە (ئینانلو، بەهارلو، نەفـەر) بە زمـانی تورکی دەدوێن.

ئینانلو لەسـەردەمی مـەغـۆلان هاتوون و بەهارلو لەسـەردەمی سـەلجـوقـیـان هاتوونە و نەفـەریش دوای سـەلجـوقـیـەکـان هاتوونە. دواتر نووسـەر بە درێژی لە قەشقایی و ئیلات خەمسە دەدوێت.

### بەشی سێیەم
### ایل بختیاری (هۆزی بەختیاری)

لوڕسـتـان ناوچەیەکی فـراوانی لە ڕۆژئاوای ئێـران گرتۆتەوە کە لە کرماشانەوە تا شیراز درێژ دەبێتەوە، لە دەوروبەری چاخی شـەشـەمی کـۆچی لەم هەرێمـە حکومـەتیـان دروست کـردووە، کە لەمـێـژووی ئێـران بە (ئـەتا بـگان لـوڕ) ناسـراون و دەوروبـەری سێ چاخ فـەرمانیـان گێـڕاوە لە هەرێمی لوڕستـان حاکمـەکانیـان بەناوی والی لوڕستان ناویان هاتووە.

کەچی لە چاخی چوارەمی کۆچی لوڕستان دابەشی سەر دوو ناوچەی لوڕی گچکە و لوڕی گەورە کراوە کە لەلایەن دوو براوە بەڕێوەچووە.

لوڕی گـچکە: بەشی خـۆرئاوای لوڕنشـینی بە لوڕی گچکە ناوی دەرکردووە، کە ئەمڕۆ بە لوڕستان ناسراوە و دانیـشـتـوانەکـەشی بە لوڕی فـەیلی ناسـراون و هەردوو ئوستانی خوڕەم ئاباد و ئیلام دەگرێتەوە، زۆرجار ئوستانی کرماشان-یشی دەخەنە سەر. ئەم بەشە لە کرماشانەوە تا دیزفول درێژدەبێتەوە چیای کەبیـرە کوە کە لە باکووری ڕۆژئاوا بۆ باشووری ڕۆژهەڵاتی لوڕسـتـان درێژ دەبێـتـەوە لوڕسـتـان دەکـاتە دووبەشی پیـشکوە و پشـتکوە (پێش چیـاو پشت چیـا) باکـووری کـەبیـرە کـوە پیـشکوهی پێـدەڵێن و شـاری (خـوڕەم ئاباد) مـەڵبـەندەکـەیەتی، باشـووری کـە بیـرەکـوهیش پشـتکوهی پێـدەڵێن کـە مەڵبەندەکەی شاری ئیلامە.

لوڕی گـەورە: بەشی ڕۆژهەڵاتی لوڕنشـینی بە لوڕی گەورە ناوی هاتووە کە کاتی خۆی بەدر حاکم بووە لەم ناوچەیە و مەنسوری براکەشی حاکمی لوڕی گچکە بووە، لوڕی گەورەش ئەم ئوستان و ناوچانە دەگرێتەوە:

١- ئوستانی بەختیاری چوار مەحال.

٢- ئوستانی بوێر ئەحمەد و کوگیلوە.

٣- ئەلوار حەیات داودی.

٤- ئێـڵ مـەمـسـەنی کـە سـەر بە شـیـرازە و چەند ناوچەیەکی دیکەی دەوروبەری لوڕی گەورە لە خۆزستان و لە ئوستانی ئەسفەهان.

(ڕوددز)یش بووەتە سنووری نێوان لوڕی گچکە و لوڕی گەورە.

هۆزی بەخـتـیـاریش کـە بابەتی ئەم بەشـەیە نووسـەر دەڵێت: ناوی بەخـتـیـاری لەناوی هۆزی گـەورەی بەخـتـیـاروەند هاتووە، کـە هۆزێکی بە ژمـارە زۆری باڵادەسـتی ناوچەکـە بووە، دواتر بە هۆزانی دیکەی ناوچەکەش وتراوە بەختیاری سنووری ئوستانی بەختیاری لە ڕۆژئاوا ڕووباری دیزفـولە و لە ڕۆژ هەڵاتیش دەگـاتە نزیک شاری ئەسفەهان.

هۆزی بەختیاری بریتییە لە دوو بەش! هەفت لنگ و چارلنگ، هەفت لنگ حەوت تیرەنە و چارلنگیش چوار تیرەنە. ئوستانی بەختیاری. جاران سەر بە شیراز بووە و سەردەمێکیش سەر بەئوستانی ئەهواز بووە.

گەرمیانی هۆزانی کۆچەری بەختیاری خۆزستان، بە هەزاران ڕەشماڵ لەم هەوارەیان هەڵدەدەن کە زیاتریان هەواری گەرمیانیان بیابانی نێوان شوشتەر و دیزفولە.

ئەم کۆچەرانە لەم هەوارەیان کشتوکاڵی دەغڵ و دان و برنج و پەمۆ دەچێنن هەر هۆزێک لە هۆزەکانی ڕۆژئاوای ئێران بە بەخێوکردنی جۆرە ماڵاتێک ناوی دەرکردووە بۆ نموونە قەشقایی بە بەخێوکردنی مەڕ و بزن ناوی دەرکردووە و شاهسونی بە بەخێوکردنی حوشتر و بەختیاریش بە بەخێوکردنی گاو و گۆلک ناوی دەرکردووە.

هەر هۆزێکی ئوستانی بەختیاری بەم جۆرە دابەشی سەر بەشی بچووکتر دەبن وەک لەم خشتەیەی خوارەوەدا دیارە:

ئێل. (بوێر ئەحمەد)- ترایف- ئەولاد- خانوار.

هۆزی چارلنگی بەختیاری لەم تایفانە پێک هاتووە:

١- دوزکی.

٢- بهدار.

٣- بابادی.

٤- دیناران هەر تایفەیەکیش لەمانە هەواری گەرمیان و کوێستانی تایبەت بەخۆیان هەیە. بۆ نموونە تایفەی بابادی کوێستانیان چیای کوهرەنگ و زەردکوە و گەرمیانیشیان دەشتی لالی نزیک مەسجد سلێمانە و تا نزیک شاری ئەهواز بڵاودەبنەوە.

ئەم تایفە لە (١٥)ی مانگی ئادار تا سەرەتای مانگی نیسان لە دەوروبەری ئەهواز و کارون نیشتەجێن لە مانگی نیسان تا ناوەڕاستی مانگی مایس لە ڕێگادان بۆ هەواری کوێستانەیان لە چیای کوهرەنگ.

لە مانگی مایس-یش تا ناوەڕاستی مانگی تەمووز لەچیای کوهرەنگ بەسەر دەبەن و دواتر دەچنە چیای زەرد کوە و لەوێش تا مانگی گەڵاڕێزان دەمێننەوە.

## بەشی چوارەم

## ایلات کهگیلوه (هۆزانی کوگیلوه)

هۆزانی ئوستانی کوگیلوە کە ناوەڕۆک و ناوونیشانی کتێبەکەیە، خاکی ئەم ئوستانە زۆربەی کوێستانییە و کەوتۆتە باکووری ڕۆژئاوای ئوستانی فارس، لە ڕووی سیاسیشەوە دابەشی سەر دوو ناوچەی کوگیلوە و بوێر ئەحمەد کراوە و هەر بەشێکی دەوروبەری پەنجا هەزار خێزانی تێدا نیشتەجێیە گەرمەسێری بوێر ئەحمەد (٤,٢٠٠)کم چوار گۆشەی گرتۆتەوە کە بریتییە لە دەهدە شت، لوداب، سەر فاریاب، پوشت دوک، زیردوک و چەند ناوچەیەکی دیکە. دواتر نووسەر زۆر بە درێژی لەسەر ژیانی هۆزەکانی ئەم ئوستانە و ناوە جوگرافیەکان، ئاووهەوا، کشتوکاڵ رووەکە سرووشتییەکان، سەرچاوەکانی ئاو و گەرمیان و کوێستانەکانی دواوە.

## بەشی پێنجەم

## تاریخ و تقسیمات تاریخی (مێژوو و دابەشبوونی مێژوویی)

ئوستانی کوگیلوە دابەشی سەر دوو ناوچەی جوگرافی دەکرێت:

١- زیر کوە (ژێرچیا).

٢- پشت کوە (پشت چیا).

ناوچەی ژێر کوە بەشێکە لە گەرمە سێری ئەم ناوچە و بەرزاییی کەمە و زیاتر دەشتە، وەک دەشتی لێراوی دەشت، زیدون و دەشتی بەهبەهان.

ئەم ناوچەیە لە ڕۆژئاوا دەگاتە سەرکەنداو و لە ڕۆژهەڵاتیش دەگاتە ڕامهرمز و ئاغاجاری.

ب- پشتکوە: ناوچەی پشتکوە کەوتۆتە باکووری ژێرکوە، ئەم ناوچەیەش بریتییە لە سێ دەڤەری:

١- تەل خەسرۆ.

٢- ڕوت.

٣- بلاد شاپوور.

لە ڕووی دابەشبوونی هۆزایەتیش دابەشی سەر دوو دەستە دەبێ:

١- لێراوی أ- لێراوی دەشت. ب- لێراوی کوە.

ب- هۆزی چهاربنیچە کە بریتییە لەمانە:

أ- دشمن زیاری.

ب- چرامی.

ج- نوئی.
د- بوێر ئەحمەد.
(دوشــمن زیاری)یش کــە لە ناوی یەکـێک بەناوی دوشـــمن زار دەیلەمی هاتووە کـــە سێ کـــوڕی هەبووە بەناوی:
١- ئەلیـــاس، کــە نەوەی دوشـــمن زیاری ناوچەی کوگیلوەی لێ بە پاش کەوتووە.
ب- گــشــتــاسب، ئەمــەیان دوشـمن زیاری ناوچەی مەمسانی لێ بەپاش کەوتووە.
ج- گـرشـاسب! ئەمـەیان دوشـمن زیاری بەهبـەهان و ئابادانی لێ بە پاش کەوتووە.
٢- چرام ناوچەیەکە لەم ئوستانە و (١٣) تایفەی تێدا نیشتەجێیە، بەدەسەلاتەکانیان شێخ گل بەهار، سیدها، بایاری و بناری، کە هەموویان بە هۆزانی چرام دەناسرێن. ناوەندی چرام شارۆچکەی تەلگردە.
٣- نوئی: هۆزێکی گەورەیە لە ناوچەی بوێر ئەحمەدی خوارووی دوشمن زیاری نیشتەجێن، بە درێژایی مێژوو لەناو تیـرەکانی بوێر ئەحـمـەد تواونەتەوە، ئەوانەی کـە ماونەتەوە بریتین لە سێ تایفە: ئیل نوئی، زیلائی نوئی، زیلائی.
ئەم هەڵبـەسـتـە فـۆلکلۆرییـە هەمـیـشـە بەسـەر زارانیانەوەیە:

**عرب رفت لک آمد**
**میرزاو دکدک آمد**
**این خان سرچماقی**
**و دین رعیت آمد**

واتاکەی: لە چاڵێک هاتمە دەرەوە و ڕزگارم بوو کەوتمە چاڵێکی دیکە.

جـا لەم پارچە شـیـعـرە بە دیاردەکـەوێ کـە هۆزانی کـوگـیـلوە هەمـیـشـە کەوتوونەتە بەر پەلاماری هۆزانی دەوروبەریان بەتایبەتی هۆزانی عەرەب و هۆزی لەک.
دیارە ئەمانەشیان بە دەکوک پێناسە کردووە کە واتای یەکێکی گۆپاڵ بەدەست دەگەیەنێت کە هەمیشە دەستی دەلەرزێ.
دواتر نووسەر خشتەیەکی خستۆتە ڕوو کە لەسەردەسێر و گەرمەسێری هەموو تیرەکانی هۆزی نوئی تێدایە.

(زنگوا)ش کۆنترین شوێنی نیشتەجێبوونی (نوئی)یە.
هەروەها نووسـەر بە درێژی لەسەر هەواری گـەرمیـان و کوێستانیان دەدوێت.

## بەشی شەشەم

## سردسیر و گرمسیر (کوێستان و گەرمیان)

لەم بەشــەدا نووســەر بەدرێژی لە هەمــوو لایەنەکـانی ژیانی کۆچەرانی ئەم ئوستـانە دەدوێت، هەروەها باس لە هۆزانی ناوچەی مـەمـسـانی دەکـات کـاتێک کـە دێنە هەواری کوێستانەی ئوستانی کوگیلوە، ئینجا لە ژیانیان لەژێر ڕەشماڵ و پێکهاتەی ڕەشماڵیان دەدوێت.
دواتر لەسـەر ئەو ڕێگاوبانانە دەدوێت کـە کـۆچەران پێیدادەڕۆن لەنێوان هەواری گەرمیان و کوێستـان و باس لە هەر بنەماڵەیەکیش دەکات کە ڕەشماڵەکانیان لە نزیک یەکـتـرەوە هەڵدەدەن، بەم کـۆمـەڵە ڕەشـمـاڵەش دەڵێن (مال)، هەر ماڵێکیش لەمانە یەک هۆری ماڵاتیان هەیە کە پێی دەڵێن (یۆرت).
لەبارەی کـاتەکـانی (مـەڕزان)یش دەڵێت! مـەڕ لە سێ کاتدا دەزێن:
١- مەڕ کە لە پاییزدا دەزێت پێی دەڵێن پائیزە زا.
٢- چلە زا.
٣- بەهارە زا.
ئەگـەر مـەڕ دوای مـانگێک لە تێپـەڕبوونی لە وەرزی بەهار بەران بخوات ئەوا بە مـاوەی (٥) مانگ و (١٠) ڕۆژ دەزێت و پێی دەڵێن پائیـــزەزا، دەوروبەری (٥) مـانگیش دوای ئەوەی دەزێت نادۆشرێت بەشـێـوەیەکی گشتیش بزن بەر لە مەڕ دەدۆشرێت و درەنگتریش شیری تێدا دەمێنێت و هەمیشە شیریشی لەمەڕ زیاترە.
دواتر نووســەر ڕێژەی (مــەڕ زان)ی بەم جــۆرە لە وەرزەکـان لە ئوسـتـانی کـوگـیلوە خسـتـۆتە ڕوو! ٢٠٪ بەهارەزا، ٥٠٪ چلەزا، ٣٠٪ پائیزەزا.

## بەشی هەشتەم

## در أمدهای مستمر (داهاتی ساڵانەی بەردەوام)

نووســەر باس لە داهات و دەغڵ و بەرهەمی ســاڵانەی ئەم ئوستانە دەکات، کە بەشێوەیەکی گشتی داهاتی بەرزە بـەهۆی ئـەوەی بـێ بـارانی و نـەهـاتـی نـابـیـنـێ داهـاتـی

بەردەوامی ئەم ئوستانەش بریتی بوو لە سامانی ئاژەڵ داهاتێکی دیکەشی هەبوو کە پێیان دەوت داهاتی وەرزی کە بریتی بوو لە بەرهەمی ڕەزو دەغڵ و دان ئەمەش هەڵبەتە داهاتەکەی لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکی دیکە دەگۆڕا.

هەمیشە داهاتی خان یا ئاغا لە کشتوکاڵ و ئاژەڵ زیاتر بووە لە داهاتی هەموو تاکێکی هۆزەکەی.

لە داهاتی هۆزی بوێر ئەحمەد دەبوا هەر خێزانێک لە خێزانەکانی ئەم هۆزە هەندێک لە داهاتەکەی بداتە حکومەت و سەرەک هۆز و دەست و پێوەندەکەی بەم جۆرە: ٢٪ بۆ میرزا، ٥٪ بۆ کێخوا، ٢٪ بۆ مەئموری حکومەت، ١٨٪ بۆ خان یا سەرەک هۆز کۆی ئەم ڕێژانەش ٢٧٪ بوو، ئەم ڕێژەیەش لە هۆزێکەوە بۆ هۆزێکی دیکە جیابوو.

هەروەها لە باجەکانی دیکە و سەرانەکانیشی دەدوێت کە سەرەک هۆزەکان لە هۆزەکەیان وەردەگرت وەک: سەرانەی ژنهێنان، دیدەنی، خانوو دروستکردن، کاوڕانە،..

ئینجا نووسەر باس لە چۆنیەتی ئاگر وەدەستهێنان دەکات کە بەهۆی لێک خشاندنی دوو بەردەستێ بە دانانی تەپەدۆری جۆرە درەختێک لەنێوانیان دەست دەکەوێت، ئەم جۆرە تەپەدۆرەش لەسەرەتای پایز لەقەدی جۆرە درەختێک دەردەهات.

## بەشی نۆیەم

## در امد های غیر مستمر در دورەخان خانی

## (داهاتی پچر پچری)

لەم بەشەدا نووسەر باس لەو ماڵ و سامانە، یا دەستکەوتە دەکات کە لە پەلاماردان و دزی و تێکهەڵچوون بەدەستی هۆزانی کۆچەر دەکەوێت، بۆ نموونە ساڵانە هۆزانی کوگیلوە چەند هێرشێکیان دەکردە سەر شارەکانی بەهبەهان، فاراب و هۆزی قەشقائی و هۆزانی دیکە.

## بەشی دەیەم

## ساختهای گروهی سنتی (شێوەکانی داب و نەریتی کۆمەڵ)

هۆزانی ئوستانی کوگیلوە خاوەن داب و نەریتی تایبەتین، هەموو هۆزانی ئەم ئوستانەش پێوەندی پتەویان لەگەڵ یەکتری هەیە لە یاسای هۆزایەتیش جەنگ و ئاشتی بەدەستی (خان)ە واتە سەرەک هۆز، هەروەها خان بە ئارەزووی خۆیەتی ئەگەر پشتیوانی خۆی بۆ حکومەتی ناوەندی دەربڕێت یان نا، هەمیشە سەرەک تایفەکان (خان) هەڵدەبژێرن ئەم زاراوانەش بۆ خاوەن دەسەڵاتەکانی هۆزانی کۆچەری ئەم ئوستانە بەکاردێت:

خان: سەرەک هۆز.

کا: لە جیاتی وشەی کاکە بۆ هەموو کەسی بەکاردێت.

کەی: کێخوای تایفە.

ریش سفید: ڕیش سپی، کە سەرپەرشتی تیرە دەکات.

سەرمال: سەرۆکی ماڵ یا گیپ ماڵ، (ماڵ)یش ئەو بنەماڵەیە کە هەمیشە بەیەکەوە دەژین لە گەرمیان و کوێستان.

نوکەرباب: سەرۆکی دەست و پێوەندەکانی خان.

**دەست و پێوەندیش دابەشی ئەمانە دەبێت:**

١- **غورە**: غورە ئەو کەسانەن خزمەتی دیوەخان دەکەن لە شیولێنان و خزمەتی میوانان و فەرمانەکانی خان جێبەجێ دەکەن، چەک و هەسپ و جلوبەرگ لە خان وەردەگرن، هەروەها زەوی کشتوکاڵیشیان لەلایەن (خان)ەوە دەدرێتەوە.

٢- **عملە**: ئەوکەسانەن کە لەدەرەوە بۆ خان کاردەکەن وەک: شوان، گاوان، ئەوانەی ئەسپ بەخێودەکەن ئەوەی سەرپەرشتی عملە دەکات پێی دەڵێن ئەرجومەن، بەڵام ئەوکەسانەی کە خاوەن ماڵاتێکی زۆرن دەبێ ١٠٪ بەرخ و کارو گوڵک بدەنە خان و ٥٪یش بۆ کێخوا، تفەنگچیش هەر بەعملە حیساب دەکرێن، کۆمەڵێکن کاریان چەکدارییە زۆر شارەزان لە شەڕ و هەمیشە یاوەری (خان) و کاری کشتوکاڵیش ناکەن.

٤- **تویرەکێش (تورەگەکێش)**: کەسانێکن لە هۆزی جیاجیا یارمەتی خان دەدەن. لەکاتی جەنگ بە بردنی ئیمدادی وەک: ئاو و خۆراک.

## بەشی یازدەیەم

## وضع خۆراک (ڕەوشی خۆراک)

حکومەتی ئێران لە چەند ساڵێکی جیاجیای ساڵانی

نێـوان (١٣٤٦-١٣٥٣)ی هەتاوی بەهۆی قـوتابیـانی زانکۆ چەند لێکۆڵینەوەیەکی لەسـەر هەر سێ جـەمی خواردن و هێندی خواردنیان ئامادە کرد، جا نووسەر چەند خشتەیەکی لەم بارەیەوە خستۆتە ڕوو لە خشتەکە ڕوون دەبێتەوە بەشێوەیەکی گشتی بەیانیان نانی تیری زیاتر دەخورێت، نیوەڕۆیانیش بە زۆری چێشـتی لێـدەنێن و هەرسێ جەمیش چای دەخۆنەوە.

### ڕەوشی پۆشاک

کت و شلوار (کورتەک و شەڵوار): کورتەک و شەڵوار لەبەر دەکەن، (زیرشلوار)یش لەبەردەکەن کە لە دەشتی هەولێریش پێی دەڵێن (دەرپێی سپی)، بەڵام بەداخەوە نووسەر لە جلی ئافرەتانی ئوستانەکە نەدواوە.

### بەشی دوازدەیەم
### زندگی اجتماعی (ژیانی کۆمەڵایەتی)

نووسـەر لەم بەشـەدا باس لە چۆنیـەتی ژیان و داب و نەریتیان دەکات وەک میوانداری، پرسە و سەرەخۆشی، ژنهـێنان، ڕاو و دوژمنـکـاری و...تاد لـەبارەی خوێندەواریش نەوەی ئەم دواییـە چەند سـاڵێک دەچنە قوتابخانە و دواتر وازدێنن، بەڵام پیرەکانیان زۆر چیرۆک و سەرگورەشتـە دەزانن، بەتایبـەتی چیـرۆکەکانی هەفت لەشکر کە ئەوان شانامەی پێ دەڵێن.

نووسـەر لەبارەی جلوبەرگـیـان دەڵێت: هۆزانی ئەم ئوسـتـانە کـۆت و شـەڵوار (کـورتەک و شـەڵوار) لەبەردەکـەن، بەڵام لە کـاتی جـەنگ (چقـە) کـە وەک عەبایەکە لەسەر جلەکان لەبەردەکەن و پشدێنێک لەسەر چقـە دەبەسـتی کـە پێی دەڵێن زنار، هەروەها جـۆرە کەوشـێکی توندوتۆڵیـان لەپێ دەکرد کە پێـیان دەوت ملکی هەمیشە کلاوێکی لبادیش لەسەر دەکەن.

### بەشی سێزدەیەم
### أوزان و مقادیر (کێش و پێوانە)

لە ئوسـتانی کـوگیـلوە زۆر جۆرە پێـوانە بەکـاردێت هەر هۆزە و بە گوێرەی ئەو شارەی کە لێیەوە نزیکن کێش و پێوانە بەکاردێت.

کێش و پێوانەکانیش بریتیین لە:

١- پێوانەی کێشان.
٢- پێوانەی ڕوو.
٣- پێـوانەی قـەبارە- نموونەی چەند پێـوانەیەک: بار، کیس، قـەفەز، تەنەکە،.. بەم دواییـەش کیلۆگـرام کـاری پێکرا لەناو هۆزەکان.

### بەشی چواردەیەم
### تعاونیهای و همیاریهای عشایری
### (هەرەوەزی هاوکاری هۆزایەتی)

نووسـەر لەم بەشـەدا باسی هاوکـاری و هەروەزی نێـوان هۆزەکان دەکات لە کارو پیشـەکانیان و لە مەشکە ژەندن، مەڕ لە بێردان، خانوو دروستکردن و سواقدان گلەبەگلە: واتە مـەڕ تێکەڵ کـردن، کـاتێ هۆزەکـان لەگـەرمەسـێـرن مەڕەکانیـان تێکەڵ بەیەکتر دەکەن و هەر ڕۆژەی یەکێک مەڕی بنەماڵەیەک بۆ لەوەڕ دەبات، بەم هاوکارییە دەڵێن گلە بە گلە. لەکـاتی دروونەی جـۆ کـار لەگـەڵ دایکیـان تێکەڵ دەکـەن جـا بۆ ئەوەی دایکیـان نەمـژن، ئەوا پارچەدارێکی (٧)سم-ی بە باری پانی دەخـەنە ناو دەمـیـان و بە بەنێک لە پشـتـەوەی سـەری کـارەکـە دەبەسترێت.

گلە بەدون: واتە مـەڕ لەبێـردان، مـەڕ لە بێـردانیش هەمیشە لەمابەینی دوو دیوار یا دوو بەربەست دەبێت، بۆ ئەوەی ئەوانەی لەبێر دەدرێن لەوانی دیکە جیا بکەنەوە، ئەوانیش بەم شوێنە دەڵێن (سەردون) بە بەشی کۆتایش دەڵێن (تەدون).

مـەرداران لە کـۆچکردنیـان لە هەواری گـەرمیـان بۆ هەواری کوێستان یا بە پێچەوانەوە بە سێ هەنگاو تەواو دەبێت، هەر هەنگاوێک ئامادەکارییەکی تێدایە:

١- پێش بارکردن.
٢- لەکاتی بارکردن.
٣- گەیشتنی بە هەواری نوێ.

### بەشی پازدەیەم
### یک سند تاریخی (بەڵگەیەکی مێژوویی)

نووسەر کۆنترین نووسینی کە لە (قلعە دختر/ دشمن زیاری)ی بەدەست کـەوتووە، مـێـژووی نووسـینەکـەی دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژی یەکشەم (٢٣ ربیع الثاني، ١٠٦٨)

قـمـري، كه بريتييه له (٢٢) لاپەڕە و باس له مێژووی هۆزانی ئەم ئوستانه دەكات.

## بەشی شازدەیەم
## تاريخ معاصر ایل طیبی
## (مێژووی هاوچەرخی هۆزی طیبی)

هۆزی طیبی لەباشووری ئوستـانی کـوگـیلوه تا نزیک شاری بەهبەهان نیشـتـەجێن به تەمەنەکانیـان دەڵێن له باوک و باپیرمانەوه گوێمان لێبووه که طیب و بەهمەن و یووسف سێ برا بووینه و ئەمـڕۆ کـه سێ هۆزی گـەورەی بەناوی طیبی، بەهمەن و یوسفی لێ به پاش کەوتووه.

کـەچی له کـتـێبی فـارسنامـه به بەشـێک له هۆزانی لێـــراوی بەناوی لێـــراوی دەشت داناوه دواتر باس له هەڵوێستی ئەم هۆزانه دەکـات بەرامـبەر به کـەریم خـانی زەندو دواتر بەرامـبـەر به ئینگلیـز، بەهۆی چەند شەڕ و شـــۆڕێکی ناوچەکـــه هەندێکیـــان چوونەته ناو هۆزی قـەشـقـایی و هەندێکیـشـیـان چوونەته شـارۆچکەی رامهرمز.

هۆزی طیـــبی و دوو هۆزەکـــەی دیکه هەندێکیـــان لەگەرمیان نیشتەجێن و هەندێکیشیان له کوێستان.

**فەرهەنگۆک:**

* به پێـویسـتـم زانی چەند زاراوەیەکی ئەم ئوسـتـانـه بخەمه بەر دیدی خوێنەران.

مـــرکل: مـــرۆڤی ســـەرتاس، مـــرۆڤـــێکه ســـەری ڕووتابێتەوە.

زەن کێل: ئافرەتی بەهێز و باڵا بەرز.

زەمین چل: زەوی ئاوگرەوه

ئارو: کلکەی چیا

ئیشکەفت: ئەشکەوت

بونار: بنار، دامێنی چیا.

بەرد: بەرد

تاویه: قەدپاڵ چیا.

پاتاوه: گوندێکه له قەدپاڵ چیا دروست کرابێت

چات: تاشه بەردی چیا

چول: ئەو بەردانەی که له چیا ورد و خاش دەبن

چەم: چەم، مێرگ

چونگ: لووتکه و چیا

مازه: لووتکەی چیا

مازاد: مەزات، هەراج

پیلەوران: تێکەولێکه، سەودا و کڕین و فرۆشتن.

وەدین: دوابەدوا، لەدوای یەکتری

کەنگر: کەنگر

قارچک: کوارگ

کارده: کاردی

گنه بۆ: گیای برایم بۆگەن، بۆ غژانه

چیره: جەو.

کەشک: کەشک.

ماست: ماست

کەره: کەره

لتف: تەختەی ڕەشماڵ.

شله: تێر

دوک ئویا: جۆره تەشیەکه

ماشیر: ماشەر، بڕێک له بەنه، که لوول دراوه بۆ چنین ئامادەکراوه.

مال: هەوار.

* هۆزانی کـــورد له هەمـــوو نـاوچەیەک تێکەڵاون لەم ئوســـتـــانەش زەنگەنه تیـــرەیەکـــه له هۆزی نوئی و (جەلالی)یش هۆزێکی سەربەخۆیه لەم ئوستانه.

* ئوستانی کوگیلوه زۆربەی خاکەکەی شاخاوییه و زۆر له کـوردسـتـانی باشـوور دەچێت، دابونەریتی هۆزانی ئەم ئوسـتـانه بەهۆی بەردەوامـیـیـان لەسـەر کـۆچەرایەتی، ڕەسەنایەتییان پاراستووه.

# پەندی پێشینانمان قۆناغی هەرزەکاری شی دەکەنەوە

زەیتو شێخانی

قـۆناغی هەرزەکـاری کـۆمـەڵێک گـۆڕانکارییـە بەسـەر لایەنە جـیـاوازەکـانی کـەسـایەتی کـوڕ و کـچ دا دێت. ئەم گۆڕانکاریانەش لایەنی جەسـتـەیی و سێکسی و ئەقڵی و سۆزداری و کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە و کوڕ و کچ لە قۆناغی منداڵی بۆ قۆناغی پێگەیشتن دەگوێزێت.

هەرزەکـاری چەندین پێناسـەی جـیـاوازی هەیە، بەڵام ئێـمـە ئەم پێناسەی سـەرەوەمـان هەڵبـژارد، چونکە باسی هەموو ئەو گۆڕانکاریانە دەکات کە لە هەرزەکار ڕوودەدەن و پەندەکانیشمان ئاماژەیان بۆ دەکەن.

**گەشەکردنی جەستەیی**

قـۆناغـی هەرزەکـاری دووەمین قـۆناغـە دوای قـۆناغی کـۆرپەیی بە خـێـرایی گـەشـەکـردن دەناسـرێت. ئەم گـەشـەکـردنەش لەنێـوان هەردوو ڕەگـەزی نێـر و مێ دا جیاوازە. لووتکەی خێرایەکە لای کچان لە تەمەنی دوازدە سـاڵی دەست پێـدەکـات تاکـو شـازدە سـاڵی بەردەوام دەبێت، بەڵام لای کوڕان لووتکەی خێراییـەکە لە تەمەنی چواردە سـاڵی دەست پێـدەکـات و بەردەوام دەبێت تاکـو تەمەنی هەژدە ساڵی. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە کچان زووتر گـەورەبیـان پێـوە دیارە، گەشـەی جـەسـتـەیی لای هەردوو ڕەگەز زۆر زیاترە لە گەشەی ئەقلی.

پێشـینانیـشـمـان هەسـتیـان بەم دوو دەرئەنجامە کردووە بۆیە دەڵێن:

– کـوڕ ڕۆژانە بە قـەد دەنکە گـەنمێک گـەورە دەبێت،

بەڵام کچ بە قەد دەنکە جۆیەک.

- شەرت پێگەیشتن نییە

شەرت تێگەیشتنە.

بۆچوونی یەکەم ئەوە دەگەیەنێت کە کچان زووتر لە کوڕان گەشەدەکەن.

بەڵام بۆچوونی دووەم ئەوە دەگەیەنێت کە پێویستە لەسەر بناغەی گەشەکردنی جەستەیی مامەڵە لەگەڵ هەرزەکار نەکەین، ئەمەش هەڵسوکەوتێکی زۆر ڕاستە لە ڕووی دەروونییەوە، چونکە یارمەتی دەدات بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریانەی کە ڕوو دەدەن.

## گەشەکردنی سێکسی

پێگەیشتن بریتییە لە لایەنی بایۆلۆجی هەرزەکار کە خاسیەتە سێکسییە سەرەکی و لاوەکییەکان دەگرێتەوە. خاسیەتی سێکسی سەرەکی بریتییە لە پێگەیشتنی ئەندامەکانی سێکسی و هەڵسان بە وەزیفەی تایبەتی خۆی وەکو گەوران، بەڵام خاسیەتی سێکسی لاوەکی بریتییە لەو گۆڕانکاریانەی کە بەسەر جەستەی هەرزەکار دادێت، لای کوڕان دەنگ گڕبوون و دەرکەوتنی موو لە شوێنی دیاریکراوی جەستە، لای کچان بەرزبوونەوەی سنگ...تاد.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەم گۆڕانگاریانە شتێکی نوێیە و پاڵنەرێکی بەهێزیشە داوای تێرکردن دەکات. بۆیە لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا هەندێک جار کوڕان پەنا بۆ ڕێگای ناڕەوا دەبەن بۆ تێرکردن.

پێشینانیشمان دەڵێن (جاحێل دەچتە گژ کەرێش).

## گەشەکردنی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی

هەرزەکاری ئەو قۆناغەیە کە تاک لە منداڵی بۆ پێگەیشتن دەگۆڕێت. ئەم گۆڕانەش ڕۆڵ و شوێنی کۆمەڵایەتی دەگۆڕێت. شایانی باسە قۆناغەکانی گەشەکردنی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی لەنێوان کوڕ و کچدا جیاوازە، بۆیە ئێمەش لێرەدا بەجیا باسیان دەکەین.

أ- قۆناغەکانی گەشەکردنی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی لای کوڕان:

١- قۆناغی لاساییکردنەوە: ئەم قۆناغە بە زۆری لە تەمەنی دوازدە ساڵی دەست پێ دەکات و بەردەوام دەبێت تا تەمەنی پازدە ساڵی. هەرزەکار لەم قۆناغەدا زۆر خەڵکی بەهێز و ئازای خۆش دەوێت، هەروەها باوکیشی خۆش دەوێت و شانازی پێوە دەکات، لە پاشان ئەم خۆشەویستی و شانازییە دەگوازرێتەوە بۆ مامۆستا و سەرکردەکان. بۆیە لەم تەمەنەدا زۆر لاسایی باوکی دەکاتەوە. لەبەر ئەمەیە کە هەرزەکارێک کارێکی خراپ ئەنجام دەدات دەوروبەرەکەی پێی دەڵێن:

- ماڵ بە ماخۆی نەچێ حەرامە.

بەڵام ئەگەر کارێکی باش ئەنجام بدات پێی دەڵێن:

- کوڕی باوکی خۆیەتی.

واتە کورد بە حەتمی دایناوە کوڕ لەچاکە و خراپە لاسایی باوکی دەکاتەوە.

بۆ لاساییکردنەوەی پیاوە ناسراوەکان و سەرکردەکانیش باپیرانمان ئامۆژگاری هەرزەکاران دەکەن بۆ ئەوەی نەکەونە دەریای زیندەخەون و دەڵێن:

- بە قەدەر بەڕەکەی خۆت پێت ڕاکێشە.

- مریشک چاو لە قازی بکات قوونی دەدڕێ.

ئەم دوو پەندە تەنیا لایەنی ماددە و پارە و پوول ناگرێتەوە، بەڵکو بۆ توانای ئەقڵی و جەستەییش بەکاردێت.

٢- قۆناغی شانازی بەخۆکردن: ئەم خاسیەتە دوای تەمەنی پازدە ساڵی دەردەکەوێت، بۆیە هەرزەکاران گفتوگۆیەکی زۆر لەنێوان خۆیان دەکەن، هەروەها زۆرجاریش لەکاتی مامەڵەکردن هێز بەکاردەهێنن. هەندێک جار دەگاتە ئاستی شەڕانگێزی.

پێشینانیشمان لەسەر زمانی هەرزەکار دەڵێن:

- وا مەزانە منداڵم.

لە زگی خۆمدا سەد ساڵم.

٣- قۆناغی هەڵسەنگاندنی کۆمەڵایەتی:

ئەم خاسیەتە بە زۆری لە کۆتایی هەرزەکاریدا دەردەکەوێت. لەم قۆناغەدا هەڵچوونەکان کەم دەبنەوە. هەروەها هەرزکار لە هەندێک هەڵوێستە توندەکانی دێتە خوارەوە و بۆچوونەکانی بەرامبەریان دەگۆڕێت. کوردیش بۆ ئەم قۆناغە دەڵێت:

- پیاوی ناو پیاوانە

یان هەندێک جار بە گاڵتەو گەپ پێی دەڵێن:

- لاوە سمێل ئارمووش خاوە کەینێ بتکەینە زاوا.

## قۆناغەکانی گەشەکردنی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی لای کچان

کچ و کوڕ ئەگەر چی لە قۆناغەکانی گەشەکردنی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی لە هەندێک سیفەتدا لە یەک دەچن، بەڵام جیاوازیەکی ڕوون و ئاشکرا لەنێوانیاندا بەدی دەکرێت، ئەم جیاوازیەش لەم قۆناغانەدا دەردەکەوێت:

١- قۆناغی گوێڕایەڵی: ئەم قۆناغە لەتەمەنی نۆ ساڵ و نیوی دەست پێدەکات تاکو دە ساڵ و نیوی بەردەوام دەبێت. لەسەرەتای ئەم قۆناغەدا کچ گوێڕایەڵیەکی تەواوی بۆ پێوەر و حوکم و فەرمانەکانی دەوروبەر و ماڵ و قوتابخانە دەبێت، زۆر حەز دەکات بە کچێکی گوێڕایەڵ بناسرێت. زانایانی دەروونناسی ئەم ڕەفتارە بەوە شی دەکەنەوە کە کچ لەم قۆناغەدا زۆر پێویستی بە یارمەتی کەس و کار و گەوران هەیە بۆیە هەوڵ دەدات ڕەزامەندیان بەدەست بێنێت.

کوردیش بۆ ئەم قۆناغە دەڵێت:

- لەبەر مەکران ناچتە کەپران.

ئەم پەندە دەقاودەق لەگەڵ ئەم قۆناغەدا دەگونجێت، چونکە بە کچێک دەوترێت زۆر هەوڵ بدات خۆ لە خەڵک نزیک بکاتەوە و ڕەزامەندییان بەدەست بێنێت.

٢- قۆناغی شپرزەیی: خاسیەتەکانی ڕەفتاری شپرزەیی لە سەرەتای هەرزەکاری تاکو تەمەنی پازدە ساڵ دەردەکەوێت. ئەگەرچی کچ هەوڵ دەدات هێمن بێت لە وەڵامدانەوەکانیدا، بەڵام زۆرجار بەشێوەیەکی کتوپڕ و بەبێ بوونی هۆکارێکی دیار بە توندی هەڵدەچێت، لەپاشان هەست بەدڵ توندی و خەمۆکی دەکات.

کوردیش دەڵێت:

- بە مستە ئاوەکی بە مەلەوانی دەکەوی.
- مازی کەرێ کون لە پاشۆلێ.

پەندی یەکەم بۆ کەسێک بەکاردێت کە زوو هەڵبچێت و زووش ساردبێتەوە، بەڵام ئەم پەندە بەشێوەیەکی گشتی بۆ نێر و مێ بەکاردێت.

پەندی دووەم بۆ هەمان مەبەست بەکاردێت، بەڵام بەشێوەیەکی تایبەت بۆ مێ بەکاردێت.

٣- قۆناغی لاساییکردنەوەی کوڕان:

ئەم قۆناغە لە تەمەنی پازدە ساڵی دەست پێدەکات و بۆ ماوەی دوو ساڵ بەردەوام دەبێت. کچان لەم قۆناغەدا لە جلوبەرگ و هەندێک ڕەفتاری کۆمەڵایەتی وەک گفتوگۆکردن و شانازی بەڕای خۆ کردن و بەرگری لێکردنی، لاسایی کوڕان دەکەنەوە. زانایانی دەروونناسی ئەم دیاردەیە بەوە لێک دەدەنەوە کە ژیان بەرەو هێز دەڕوات. پیاویش یەکێکە لە دیاردەکانی هێز. کچان ناتوانن خۆیان لە یاساکانی ژیان جیابکەنەوە، بۆیە لاسایی کوڕان دەکەنەوە و خۆ لەهەندێک شت هەڵدەقوتێنن کە پەیوەستن بە پیاوان، ئەم دیاردەیەش لە هەموو شارستانیەکانی پێشوو بەردەوام بووە. بۆیە لەناو کوردەواری کە کچێک ڕەفتارێکی کوڕانە ئەنجام دەدات پێ دەڵێن (دەڵێی نێرە کوڕە).

٤- قۆناغی هاوسەنگی کۆمەڵایەتی:

ئەم قۆناغە پێش قۆناغی پێگەیشتن دەست پێدەکات و لەگەڵیشیدا تێکەڵ دەبێت. بۆیە دەبینین قۆناغی پێگەیشتن لای کچان زووتر لە کوڕان دەست پێدەکات. لە خاسیەتەکانی ئەم قۆناغە وەڵامدانەوەکانی کچان دروستکردنی پێوەندی کۆمەڵایەتییە هەروەها پڕە لە مێینەی ڕاستەقینە.

کوردیش لە وەسفی ئەم قۆناغەدا ستایشی ئافرەتی هاوسەنگ دەکات و دەڵێت:

- دەڵێی مەرهەمە لەسەر برینی دانێی چاک دەبێتەوە.

## خاسیەتەکانی هەڵچوونی هەرزەکار یان سۆزەکی

گرنگترین ئەو لایەنانەی کە کار دەکاتە سەر ژیانی هەرزەکار لە ڕووی بۆچوونی بەرامبەر بە خودی خۆی و پێوەندی بە کۆمەڵگە، ڕادەی کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونەکەیەتی.

گرنگترین خاسیەتەکانیش ئەمانەن:

١- لە سەرەتای هەرزەکاری تاک ناتوانێت کۆنترۆڵی هەڵچوونەکانی بکات، بۆیە هەندێک جار هاوار دەکات و کەل و پەل دەشکێنێت و جل بەرگی دەدڕێنێت. ئەم بارەش تەنیا لەکاتی ناخۆشی ڕوونادات، بەڵکو لەکاتی خۆشیش ڕوودەدات. بۆیە کە هەرزەکارێک ڕەفتارێکی نارێک دەکات پێی دەڵێن:

- شێتیش زۆر جۆری هەیە.

٢- توندی هەڵچوونەکان: هەرزەکار لەم ماوەیەدا بەهۆی هۆکاری پڕوپووچ هەڵدەچێت و ڕەفتاری منداڵانە ئەنجام دەدات.

کوردیش بۆ ئەم خاسیەتە دەڵێت:

- فام دەکاو ڕکیش دەگرێت.

ئەم پەندە بۆ کەسێک بەکاردێت کە ڕەفتاری منداڵانە ئەنجام بدات.

٣- دەرکەوتنی باری نائومێدی لای هەرزەکار: ئەمەش بە زۆری بەهۆی تووشبوونی ناخۆشی و مامەڵەی دڵ ڕەقانە و سەرنەکەوتن لەکارەکانی ڕوودەدات.

کوردیش بۆ ئەوەی هانی ڕۆڵەکانی بدات تاکو بەسەر ناخۆشیەکانی زاڵ بن، دەڵێت:

- سوار تا نەگلێ نابێ بە سوار.

واتە مرۆڤ بۆ ئەوەی بەهێز و توانا بێت چەندین جار تووشی سەرنەکەوتن دێت، بەڵام پێویستە لای ئاسایی بێت و بەهۆیەوە بەرەو سەرکەوتن بڕوات، چونکە ئەمە یاسای ژیانە.

لە کۆتاییدا دوای خستنەڕووی گۆڕانکاریەکانی قۆناغی هەرزەکاری و ئەو پەندە کوردییانەی کە باسی گۆڕانکارییەکان دەکەن و شی دەکەنەوە پێویستە ئەم خاڵانە ڕوون بکەینەوە:

١- گەشەکردنی ئەقڵی کردارێکی ئاڵۆزە، بەبیرهاتنەوە و خەیاڵ و ئاگالێبوون و هی تر دەگرێتەوە. ئێمەش لە بابەتەدا بە شێوەیەکی سەربەخۆ باسمان نەکردووە، بەڵام لەبڕگەی گەشەکردنی جەستەیی و ڕەفتاری کۆمەڵایەتی بەهۆی چەند پەندێک دوو بۆ چوونی گەشەی ئەقڵیمان ڕوون کردەوە کە یەکێکیان باسی ئەوە دەکات گەشەی جەستەیی خێراترە لە گەشەی ئەقڵی. ئەوەی تریان هانی هەرزەکار دەدات بۆ ئەوەی دووربێت لەزیندەخەون، هەردوو بۆچوونەکەش پێوەندی بەهێزیان بە گەشەی ئەقڵی هەیە.

٢- پێشینانمان ڕۆڵێکی بەرچاویان بینیوە لە شیکردنەوەی دەروون و ئاراستەکردنی ئامۆژگاری بەهۆی ئەزموونەکانیان لەگەڵ ژیاندا.

٣- قۆناغی هەرزەکاری جیهانێکی فرەوان و هەمەلایەنە، بۆیە نەمانتوانیوە تیشک بخەینە سەر هەموو لایەنەکان و هەموو پەندەکانیش بخەینە ڕوو.

**سەرچاوەکان:**

**١- مجموعة من الاختصاصيين، موسوعة العائلة، دار المناهل بيروت، (٢٠٠٠).**

**٢- لندال، دافيدف (ترجمة د. سيد الطواب، د. محمود عمر و آخرون) مدخل علم النفس، ط٤، دار مكجر و هيل للنشر، القاهرە (١٩٨٣).**

**٣- دەشتەکی. عومەر شێخەڵڵا، پەندی کوردی، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا، (١٩٨٥).**

# دەروازەکانی زمان

**دیڤید کریستال**
**لە ئینگلیزییەوە: ئازاد خدر**

زۆرجار زمانەوانی بەم شێوەیە پێناسە کراوە: توێژینەوەی زانستییە بۆ زمان، بەڵام ئەمە سەرلەخۆ شێواندنێکی ساکارانەیە و کردنی زمانەوانییە بە هەنگاوێکی بەرایی گرنگ بۆ پێشبینیکردنی جەوهەری ئەم بابەتە. ئەو کارێکتەرە زانستییانە چین کە بۆ زمان و لێکۆڵینەوە لە زمان دەبن بە بۆچوونی مۆدێرن؟ پێش چەند ساڵێک دەتوانرا وەڵامێکی ڕاست و گونجاو بۆ ئەو پرسیارەی سەرەوە لەلایەن هەر زمانەوانێکەوە بدرێتەوە، ئەوەش بە دووبارەکردنەوەی ئەو مەقولاتانەی (categories) کە دیسپلینی زانایان ڕێگەی پێدەدەن. ئێستا واتای لێکۆڵینەوەی زانستی لە هەندێ لایەنی سەرەکییەوە لە بۆچوونە ستانداردەکان جیاوازە بەتایبەتی لەنێو هەندێ قوتابخانەی زمانەوانیدا کە پشت بە تیۆری گێنەرێتیڤ ترانسفۆر مێشنال (النظرية التحويلية التوليدية). دەبەستن. ئەم تیۆرەش لەم ڕۆژانەدا کاریگەرییەکی زۆری لەسەر هزری زمانەوانیدا هەیە، لەبەر ئەوە پێویستە لە بیرۆکەکانی بکۆڵینەوە، بەڵام پێش ئەوەی سەیری کاردانەوەکان بکەین بۆ گۆشەنیگا بەراییەکان کە ئەم بۆچوونە بەرجەستەیان دەکات، پێویستە لە بارەی زمانەوە باس لە بۆچوونی کۆن بکرێ کە تا ئێستاش بە بڵاوی بەکاردێت، لەبەر ئەوە دەبێ پێش هەموو شتێک ئاماژە بۆ زانستی زمانەوانی بکەین کە ئێستا گرنگییەکی یەکجار زۆری هەیە و لە سەرەتاوەش لە هەڵوێستە چەسپاوەکانی زانایان و دیسپلینە فەلسەفییەکانی زانست وەرگیراوە. پاش ئەوەش سەبارەت بە زمانەوانی دەبێ دەستنیشانی جیاوازی نێوان ئەم زانستە و بیرۆکە هەرە نوێیە ئاوەزییەکان بکەین. هەندێ جاریش وەک دوو شتی

ڕەهای تیۆری گوزارشت لەم دوو ئەرکە دەکەین، بەڵام هەر وەک لە دواییدا بۆمان دیاردەکەوێ زۆریش پێکدەچن. واتە دەگەڕێمەوە سەر پرسیارەکە: بۆ تۆژینەوە لە زمان، کارێکتەرە زانستییەکانی بۆچوونی زمانەوانی چین؟ وەڵامی نێگەتیڤانەی سەرەتایی بۆ ئەم پرسیارە ئەوەیە: ئەم کارێکتەرانە بە ئاسانی داناشکێن بۆ جۆرێک لە ماشێنێکی ئەلیکترۆنی و بەکارهێنانی سیمبۆل و هاوکێشەی ئەبستراکت، هەرچەندە ئەم کارێکتەرانە لە ڕووی بەڵگەییەوە دەوڵەمەندن ئەگەر یەکێک بیەوێت دەست بە تۆژینەوەی هەندێ بەشی تایبەتی زمانەوانی بکات. لەم ڕۆژانەدا ئەگەر لاپەڕەکانی هەر کتێبێکی ڕێزمانی هەڵدەیتەوە دەبینی پڕە لە سیمبۆل، بە جۆرێک هەست دەکەیت کەوا تۆ سەیری کتێبێک دەکەیت کە لە بارەی زانستی جەبرەوەیە. ئیمڕۆ لە هەر زانکۆیەکی زمانەوانیدا بە هەر بەشێکی «فۆنەتیک» تێپەڕی، دەبینی وەک تاقیگەیەکی زانستە فیزیکییەکانە، بەڵام هەموو ئەوانە لایەنە هەرە ڕووکەشەکانی زانستی زمانەوانییە. سیمبۆل و ماشێنەکان چەند ئامرازێکن بۆ کۆتایی هێنان بە هەندێ شت نەک بۆ کۆتایی هێنان بە خودی کۆتاکان. ئێمە ئەگەر بە دەستەواژەکانی ئەم جۆرە ئامرازانە سەیری زانستی زمان و فیلۆلۆژیا بکەین، ئەوا خۆمان دەخەینە نێو چاڵێکی قووڵی بەدحاڵیبوون لە زمانەوانی.

ئەوەی زۆر گرنگترە لەم ئامرازە ئەبستراکتانە ئەو ڕێگە زمانەوانییەیە کە لە تۆژینەوەکەی خۆیدا پشت بە هەنگاوە زانستییەکان دەبەستێ یاخود چاکتر وایە بڵێین پشت بە میتۆدی زانستی دەبەستێ، بەڵام ئەمە چی دەگەیەنێ؟. بەگشتی وادیارە لە دەرەوەی بواری زمانەوانیدا (بێگومان بۆ زۆر لە زمانەوانانیش) چۆنایەتی هەر زانستێک لە شێوە ئاساییەکەیدا، بە کەمی سێ کارێکتەری سەرەکی هەیە ئەم کارێکتەرانەش نابنە بەڵگەی دروست بۆ یەکلاکردنەوەی ئەم پرسە: ئایا زمانەوانی پتر پەیوەستە بە زانستی زانستە سروشتی و فیزیکییەکان، یان بە زانستی زانستە کۆمەڵایەتییەکانەوە.

دەستەواژەناسی دیدێکی جیاوازی هەیە بۆ ئەم سێ کارێکتەرە، بەڵام من ناو لەم سێ کارێکتەرە دەنێم (ئێکسپلیستنێس) «ڕوون و ئاشکرای» ، سیستماتیکی و بابەتی دەبێ واتای ئەمانە چی بێ؟ بۆ زانینی ئەم واتایە، ئێمە وەک سەرەتایەک دەبێ لە کارێکتەری یەکەمەوە واتە «ڕوون و ئاشکرایی» ، دەست پێبکەین. ئەگەر هزری زمانەوانی نەبێ، ئەستەمە بتوانین ئاکامەکانی تۆژینەوە لە دوو کارێکتەرەکەی دیکە بە چاکی بپێکین. زۆر بەدواهاتەکانیش وەک شەپقەیەکی کۆنینە دەبن بۆ هەر کەسێک کە دەیەوێ شتێک لە بارەی شیکردنەوەی زانستیدا بۆ بوارەکانی دیکە ئەنجام بدات. کەچی ئەو ڕێگەیەی کە زمانەوانەکان بۆ ڕاڤەی ئەزموونی ئەم سێ کارێکتەرە پێی تێدەپەڕن، لەوانەیە لانی کەم ئەوەندە ئاسایی نەبێت بۆ قوتابیانی ئاست بەرز (بەتایبەتی ئەوانەی پاشخانێکی هونەرییان هەیە) ، ئەوانەی دەیانەوێ لەم بابەتە بکۆڵنەوە، پێشبینی و دیدی ئایندەیی شتێکی پێویستە. پێویستبوون بە ڕوون و ئاشکرایی لە تۆژینەوەی زماندا دەکرێ بۆ پێوەندییەک بە هەندێ بابەتی جیاواز وەرگێڕدرێ. زۆربەی ئەم بابەتانەش بەڕاڤە و تێگەیشتنی ئەو شتانە پەیوەستن کە ڕاستەوخۆ کاردەکەنە سەر هەر بۆچوونێکی خودیی بۆ زانست، وەک نموونە، ڕوونکردنەوەی تەواوی ئەو گریمانانەی کە هەر تۆژینەوەیەک لەسەریان دەوەستێ، یان سازدانی هەندێ قۆناغی میانگیری ڕوون و ئاشکرا بۆ هەر کێشەیەکی زمانەوانی، بەتایبەتی ئەگەر پێشنیار و بیرۆکەی دیکە لە ئارادا بوون، یانیش پێناسەکردنێکی ڕوونی دەستەواژەکانی پەیوەست بەو کێشەیەوە هەبێت. زمانەوانان شتی سەیر لە بارەی ئەم ڕوون و ئاشکراییەوە دەڵێن و تەنانەت هەندێک جار ئەم شتە سەیرانە ڕاستەوخۆ بەو ستانداردانەوە پەیوەست دەبن کە ئاماژەمان بۆ کردن، بۆ نموونە هەندێ جار بەهیچ جۆرێک بە ئاشکرا ناڵێن چۆن هۆی ئاڵۆز، یاخود تێنەگەیشراو لە تۆژینەوەی زماندا لەوانەیە خۆڕاگرتربن لە بەرپەرچدانەوەی ئەو ستانداردانە. بۆمان هەیە کێشە تێرمینۆلۆژییەکان وەک چەند ڕاڤەیەکی سەرەتایی سەبارەت بەو خاڵەی دوایی سەیریان بکەین. مەزنکردنی تێرمینۆلۆژیای زمانەوانی چەند ئاسانە- کە ئاماژەیەکی باوە بۆ پاش زمان و چۆن ئەم ئاماژەیە دەشێوێ. هەتا هەندێ دەستەواژەی بنەڕەتی وەک دەستەواژەی «پیتە بزوێنەکان» و دەستەواژەی «ناو» و دەستەواژەی «ڕستە» پێناسەی جیاوازیان هەیە و جێگەی مەترسیش دەبن ئەگەر تۆ بڕوا بەخۆت بکەیت کە گۆشەنیگا تایبەتیەکەی خۆت (بەبێ ڕاڤەی پێویست) بەلای خوێنەراندا ڕوون و ئاشکرایە. دەستەواژەی adverb (ظرف) بۆ پێویستبوون بە هەندێ پێناسەی ڕوون نموونەیەکی لەبارە ئەگەر بەکارهێنانی واتابەخش بێت. هەروەها دەستەواژەی «ڕستە» پتر لە (٢٠٠) پێناسەی هەیە. مەترسی سەرهەڵدانی ئاڵۆزی و نادیاری هەڕەشەدارتر دەبێ کاتێک دەستەواژەی بەکارهاتوو وادیار نابێ کە ئەرکێکی تەکنیکی هەبێت. وشەی وەک «هەلومەرج» و «سیما» ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە، ئەمە لەکاتێکدا کە شوێنێکی

یەکجار تایبەتی و شیاویان لەنێو تێکڕای سیستەمەکانی واتادا دەبێ، بۆ ئەوەی لەکاتی بەکارهێنانی ڕۆژانەیاندا لەنێو ئاخاوتنی ماڵیدا (domestie) بزر نەبن، دەبێ پێناسەیەکی ورد و ڕاشکاوانەیان لەناو ئاوەزماندا هەبێ. ئەم جۆرە پێناسەیە زۆر پێویستە لەبەر مێژووی دوور و درێژی بیرکردنەوە. لە ڕێزمان کە خۆی لەخۆیدا بۆ بیرۆکە ڕێزمانییەکان هەڵگری پێناسەی جیاوازە چ ئەوانەی لە ڕێزمانی ئاساییدان و چ ئەوانەی لەناو بیروبۆچوونە زمانەوانییەکاندان. واتە پێویستبوون بە پێوەرکاری خۆی کێشەیەکە- نیشانەی نەگەییوویی im-maturity زمانەوانییە و نەبوونی تێرمینۆلۆژیایەکی تۆکمەیە، بەڵام دەتوانرێ کاریگەری ئەم پێویستە کەمتر بکرێتەوە، ئەگەر زمانەوانان بە وردی دەستەواژەکان بەکاربێنن، چونکە ئەو کاتە هیچ نەبێ دەزانین لەکوێدا مامەڵە لەگەڵ بەشێکی تایبەتی لەکارەکەماندا دەکەین و دەتوانین بەراوردێکی تەواو لەنێوان بیرو بۆچوونەکاندا بکەین، ئەم وردەکارییە هەر چۆنێک بێت زمانەوانان دەتوانن سوودێکی زۆری لێوەرگرن، لانی کەم بۆ زانینی تەواوی بنەماکانی تێرمینۆلۆژیا و بەکارهێنانی دەستەواژەکان. بۆ سازدانی ئەم زانینەش، بۆ زمانەوان چاکترە کە لە هەڵبژاردنی هەڵوێستە ڕەخنەییەکەیدا بۆ سەرجەم دەستەواژەکان زۆر وریا بێت، هیچ نەبێ لەم ڕۆژانەدا. چۆن ئەمە ئەنجام دەدا؟. یەکێک لە ڕێگەکانی ئەنجامدانی ئەمە، ئاشکراکردنی پێوەرەکەی خۆیەتی بۆ پێناسەکردنی (یان بۆ ناولێنانی) سیمایەکی تایبەتی زمان. ئەو شتانە چین کە دەبێ بۆ ناولێنانی سیمایەکی تایبەتی بەناوی (×) هەبن؟ لەوانەیە ئێمە ڕاڤەی ئەم هەلومەرجە لەنێو ناونیشانی دەستەواژەی «ناو»دا بکەین، با تۆزێک لە زمانەوانێک بیربکەینەوە کە دەیەوێ ناوەکان لە زمانی ئینگلیزیدا بدۆزێتەوە. پێش هەموو شتێک ئەوە دەزانێ هەندێ وشە هەیە لەناو زماندا «ناوی» بابەتەکانە «Objects» هەروەها وشەی دیکەش هەیە بۆ ناولێنانی شتەکانی دیکەی ناو زمان بەکاردێت، بەڵام ئەو دەیەوێ بزانێ ئاخۆ ڕێگەی چاکتری دیکە بۆ پێناسەکردنی ئەم جۆرە وشانە هەیە کاتێک کە بەکاردێن، بۆ ئەوەی لە پاشخانە ئاڵۆزەکەی واتاکانیان چاکتربن و ئەم کارەی بە ڕوونترین شێوە ئەنجام بدات، ئەو بۆ پێناسەکردنی هەر وشەیەک کە پەیوەستە بە هۆیەی «ناو» دەست دەکا بە دارشتنی جۆرەها پێوەر، هەندێک لەم پێوەرانە لەوانەیە زۆر ڕوون و ڕاشکاو بن و هەندێکی دیکەشیان کەمتر.

بۆ نموونە بڵێ: من ناو لە هەر وشەیەک دەنێم «ناو» ئەگەر ڕۆڵی بکەر (subject) بگێڕێ لەناو ڕستەیەکدا (وەک پشیلەکان بۆن دەکەن)، من ناو لە هەر وشەیەک دەنێم «ناو» ئەگەر پێش بابەتێک بکەوێ وەک «پشیلەکە»، من ناو لە هەر وشەیەک دەنێم «ناو» ئەگەر بەشێوەی تاک و کۆ بەکاربێت (وەک پشیلەکان، پشیلە)، من ناو لە هەر وشەیەک دەنێم «ناو» ئەگەر گوزارشت لە دۆخێکی کۆتایی بکات (وەک پشیلەکان)، من ناو لە هەر وشەیەک دەنێم ناو ئەگەر پریپۆزیشنێک- پێشی بکەوێت وەک (لە پشت پشیلەکاندا). هەر لێرەشدا لەوانەیە بوەستێ و بیر لەوە بکاتەوە کە ئەم پێنج پێوەرە بۆ پێناسەکردنێکی ڕوون و ئاشکرای ئەم وشانە بەسە لە ڕستەکانی زماندا وەک «ناو» بەکاربێن. ئەمە سەرەتای دەست پێکردنی بیرکردنەوەیەتی لە زۆربەی وشەکانی زمان کە ئەو بەشێوەیەکی ئینچوێتیڤ (باطنی) هەست دەکات ئەو ناوانەن لەوانەیە هەموو ئەو شتانە بکەن کە ئەو پێوەرانە دەیڵێ. ئەم کارەشی هیچ نەبێ لە زاڵبوونی بەسەر هەلومەرجێکی دژوار و ئاستەنگێکی ناکاودا یارمەتی دەدا. بێگومان هەلومەرج و ئاستەنگی وا لە ئارادا هەیە، بۆ نموونە ئەو وشانەی کە لە زمانی ئینگلیزیدا پێیان دەگوترێ «ناو» لە زمانەکانی دیکەدا ناوێکی تریان هەیە. بۆ نموونە، هەندێ زمانەوانی سکۆلاری (مەدرەسی) پێیان وایە باشترە ئەگەر بە وشەی وەک «جۆن» و «لەندەن» بوترێ «ناوی تایبەتی» لەنێو ئاخاوتندا نەک لەنێو ڕێزماندا. پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئایا ئەم جۆرە وشانە ناوی ڕێزمانین یان نا؟ لە ڕاستیدا هەڵبژاردنی ناونیشانێک بۆ ئەم جۆرە وشانە گوزارشت لە دوو بیرۆکەی جیاواز دەکات. مەحاڵیشە بڕیار لەسەر ئەم پرسیارە بدرێ بەبێ هەبوونی بیرۆکەیەک لە بارەی پێوەری ئەو جۆرە شتەی کە ڕاڤەمان کرد. چۆن ئەم دوو جۆرە وشەیە پێک دەچن و ئایا لەناو ڕێزماندا بە هەمان جۆر کاردەکەن کە لەناو ئاخاوتندا دەیکەن؟ ئەگەر دەیکەن، ئەوا شتێکی ڕەوایە کە ناونیشانی- ناو، یان هەبێ، ئەگەرنا ناتوانین دەستەواژەی ناویان بەسەر پیادە بکەین، ئەمەش سەرمان لێدەشێوێنێ.

ئێستا ئەگەر بەو پێوەرەی کە لەسەرەوە باسمان کرد بەراوردی نێوان وشەی «جۆن» و «پشیلە» بکەین، جیاوازییەکە بە ئاشکرا دیاردەکەوێ. واتە ئەم جۆرە وشانە وەک یەک نین، بەڵام بە تەواویش جیاوازنین، بەڵکو کەمێک جیاوازی لەنێواندا هەیە. هەر بۆنموونە دەڵێین، ئایا ڕەنگی زەرد یان سوور لە ڕەنگی پرتەقاڵی نزیکترە؟ لە ڕاستیدا سوودی سازدانی ڕێزمان بە تەواوی لەنێو ئەم جۆرە کێشە و شیکردنەوانەدایە: ئایا بونیادی X پتر بە بونیادی Y یان بە بونیادی Z دەچێ؟ ئایا دەتوانرێ بونیادی X بە بونیادی V و بونیادی W

پەیوەست بکرێ؟

ئەگەر بمانەوێ پێویستبوون بە ڕوون و ئاشکرایی هەر دەستەواژەیەک بەرەو قۆناغێکی تر بەرین، ئەوا ئەم جۆرە پرسیارانە بەرەو ڕوومان دەبنەوە: لەسەر چ بنەمایەک پێوەری پێناسەکردن لە شوێنی یەکەمیدا هەڵدەبژێردرێ؟ لەبەرچی پێوەر هەڵدەبژێرین، ئایا دەرەنجامەکانی جیاواز دەبن؟. لێرەدا دەمەوێ بڵێم، هەر هەوڵێک بۆ پۆلینکردن یان نیمچە پۆلینکردنی نموونەکانی نێو زمانێک، بەتوندی بەرەو هەبوونی گوتارێک سەبارەت بە بوونی پێوەر ئاراستەمان دەکات. بابڵێین ڕستەکانی نێو زمانێک بەسەر (١٠) شێوەدا دابەش دەکرێن، ئەم ڕاستییە هیچ بەهایەکی نامێنێ ئەگەر نەزانین لەسەر چ بنەمایەک ئەم پۆلینکردنەی شێوەکان (تایپۆلۆژیا) ساز دراوە، ئەگەرنا چۆن دەتوانین تایپۆلۆژیایەکی دیکەی ئەلتەرنێتیڤ هەڵسەنگێنین کە ئەو ڕستانە بەسەر (٩) شێوەدا دابەش دەکا؟ بەڵام ئەمە وەک نموونەکەی سەرەوە، دۆخێکی ئاڵۆزی تایبەتییە. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە هەر هەموو دۆخەکان ئاوا ئاڵۆزن، ئەوەش ناگەیەنێ کە ئێمە دەبێ جەخت لە پێناسە و هەڵسەنگاندنی سەرجەم دەستەواژە تێگەیشتراوە گشتییەکانی نێو هەر زمانێک بکەین بۆ تۆژینەوەیان، ئەگەر وا نەکەین تۆژینەوەیەکی تاقیگەرایی (ئیمپریکی) دەستەبەر ناکەین: ئێمە لە پێناسەکردنی دەستەواژەکانی زمان بەردەوام دەبین و تاکێکی هەرە ژیرەکەمان تا دوا خاڵی ئەم پرۆسەیە ناوەستێ. لەوانەشە ئەو دەستەواژانە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆی تیۆری لەگەڵ هێڵە سەرەکییەکەی لێکۆڵینەوەیەکدا نەگونجێن، بێگومان ئەگەر ستانداردەکانیان سوودێکیان لەنێو ئەدەبدا بۆ زمانەوانی هەبێت، ڕەچاو دەکرێن یان هیچ نەبێ ئەگەر کێشەیەک لە بارەی واتاکانیان کارنەکاتە سەر ئەو خاڵەی کە ناکۆکی لەسەرە. بۆ نموونە زانینی ژمارەکانی ناو زمانی ئینگلیزی پێویستی بە وەسفکردنی ئەوە هەیە کە چۆن ناوەکان فرەیی خۆیان ساز دەدەن. لێرەدا یەکێک لەو خاڵانەی دەبێ بیزانین ئەوەیە کە (S) (ئێس)ی کۆتایی لەم زمانەدا بێژکردن (تلفظ)ی جیاوازی هەیە و لەسەر سروشتی ئەو دەنگە دەوەستێ کە بە کۆتایی ناوەکە دەلکێ. بۆ ئەوەی ئەم جیاوازییە ڕاڤە بکەین، دەبێ ئەوە ڕوون بکەینەوە کە لە وشەی وەک پشیلەکاندا Cats پیتی S پیتێکی بێدەنگە کەچی لە وشەی سەگەکاندا Dogs دەنگدارە- کەواتە دەستەواژەی دەنگدار و بێدەنگ پێناسەی ستانداردیان هەیە لە ناو بواری فۆنەتیکدا بەپێی ئەو ڕێگەیەی کە لەنێویدا ژێی دەنگەکان لە کاتی گوتنی دەنگەکاندا دەجووڵێنەوە، بەڵام ئەمە زۆر کار ناکاتە سەر ڕێساکانی فۆنەتیک لە زمانداو کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر بیرۆکە گشتییەکەی سروشتی ژمارەکان لەنێو ناوەکاندا نییە. لەلایەکی دیکەوە، ئەگەر بمانەوێ لەو ڕێگەیە بکۆڵینەوە کە لەناویدا «ژێی دەنگەکان» کاردەکەن، ئەوا دەبێ بەتەواوی ئەوە ڕوون بکەینەوە: ئێمە دەمانەوێ بزانین دەستەواژەی دەنگدار و دەستەواژەی بێدەنگ چی دەگەیەنێ؟ چونکە نموونەی زۆر هەیە لەناو زماندا، جیاوازی نێوان ئەو دوو دەستەواژەیە بەتەواوی دیار نییە. ئەو جیاوازییە زانینی گرنگە بەتایبەتی بۆ داڕشتنی بۆچوونێکی ڕەخنەیی بۆ تێرمینۆلۆژیا. لەوانەشە کێشەی تێرمینۆلۆژیا و پێویستبوون بە پێوەر کاریگەرییان لەسەر زمانەوانەکاندا لە هەموو شتێکی دیکە بۆ زمانەوان زێدەتر بێت. لە هەمان کاتدا زمان کۆتایی ئامانج و ئامرازی لێکۆڵینەوەکەیەتی: ئەو لە شیکردنەوەکەیدا بۆ زمان، هەر زمان بەکار دێنێ. شتێکی دیکە لە زمانەوانیدا هەیە کە وا دەکات پێویستبوون بە ڕوون و ئاشکرایی پێناسەی دەستەواژەکان فاکتەری هەرە گرنگ بێت. یەکێک لەم شتانە پەیوەندی بە بەکارهێنانی نووسینەوەی سیمبۆلی هەیە، چونکە پێش ئەوەی زمانی ئاخاوتن شی بکەینەوە، دەبێ بینووسینەوە و ئەگەر بڕوامان بە سیستەمە ئامادەییەکانی ئۆرسۆگرافیا نەبێ ئەوا دەبێ پەنا بۆ بەکارهێنانی هەندێ سیستەمی نووسینەوەی فۆنۆتیکی بەین، بەڵام هەر سیستەمێکی نووسینەوە یەکجار تایبەتی و دەگمەنە: بەکارهێنانی سیما تایبەتییەکانی دەنگەکان، بیرۆکەی سیمبۆلی دەبەخشێ و شتێکی دیکە فەرامۆش دەکا. بۆ نموونە سیمبۆلی P لە سەرەتای وشەی «Pit»دا بەپێی ئەو سیستەمە نووسینەوە سیمبۆلییەیە کە بە «ئەلفوبێی فۆنۆتیکی جیهانی» ناسراوە، ئاماژە بۆ ئەو دەنگە دەکات کە بەهۆی کرانەوەی لە ناکاوی لێوە داخراوەکانەوە دروست دەبێ، واتە ژێیەکانی دەنگ لەوکاتەدا نالەرێنەوە. لێرەدا ئێمە سێ جۆرە سیمای ئەو ڕێگەیەمان هەیە کە ئەم دەنگەی تێدا دەگوترێ، بەڵام لەم پێودانگەدا «سیمای دیکەی پیتی P» لە ئارادایە کە ئەم پێناسەیە نایگرێتەوە، دەمەوێ بڵێم، ماسوولکەی لێوەکان لە کاتی گوتنی دەنگی P دا توند دەبن بەتایبەتی ئەگەر لەگەڵ پیتی b بەراورد بکرێ.

هەرچەندە لەوانەیە ئەم نموونەیە بێ واتا بێت، بەڵام هیچ نەبێ ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە چۆن کێشەکە ئاڵۆز دەبێ ئەگەر ڕەچاوی نووسینەوەی سیمبۆلی نەکرێ. هەڵبژاردنی سیمبۆلێکی تایبەتی (یان کۆمەڵە سیمبۆلێک) لەوانەیە گرێی تیۆری ئاڵۆزی لێبکەوێتەوە،

ئەم گرێی تیۆرییانەش لەوانەیە بەهۆی کارەکانی زمانەوانێک ڕوونتر ببنەوە کاتێک زانیارییە نووسینەوەییەکانی خۆی بۆ شیکردنەوەی ئەو گرێیانە ئامادە دەکات. بابەت و ئامانجی سەرەکی لێرەدا، سازدانی پرەنسیپە تیۆرییە گشتییەکانە کە ڕاڤەی بونیادی زمانێکی تایبەتی و ڕەها دەکەن، بۆ ئەوەی ئەم ئامانجەش بپێکین، دەبێ ئێمە لەناو سروشتی شتەکاندا دەست بە تۆژینەوەی زمانە تایبەتە تاکەکانی کۆمەڵ بکەین. ئێمە یەکەم جار لە ئاخاوتنی تاکێک دەست پێدەکەین ئینجا دێینە سەر ئاخاوتنی سێ کەس. هەندێ جار هەندێ جیاوازی زۆر خێرا لەنێوان نموونەکانی ئاخاوتنی کەسێک و ئاخاوتنی کەسانی دیکە سەرهەڵدەدەن. تیۆری زمانەوانیش ئەگەر بیەوێ ڕاڤەی هەموو شتێک لە بارەی زمانەوە بکات (واتە ڕاڤەی جیاوازییە خۆرسکییەکان و نموونە گشتییەکانی ئاخاوتن بکات ئەوا دەبێ هەوڵ بدات ئەو پرەنسیپانە سازبدات کە ڕاستەوخۆ بەو جیاوازییانەوە پەیوەستن. زۆربەی لێکۆڵینەوە سۆسیۆ زمانەوانییەکان و سایکۆ زمانەوانییەکان:

لە بارەی ئەو جیاوازییانەوەیە، بۆ نموونە ئەگەر لە کۆمەڵە کەسێک بپرسن چۆن وشەی «Controversy» بێژ دەکەن، ئەوا بەلایەنی کەمەوە دوو جۆرە فاکتەر لە زەینماندا دروست دەبێ، یەکەمیان ئەوەیە، ئێمە دەبێ بەرێگەیەکدا بەرێوە ببەین کە وەڵامی ئامادەکراوی پێشوەختی پێنەبێ، دووەمیان ئەو فاکتەرەیە کە بە هەڵبژاردنەکەی ئێمە بەجۆری ئەو کەسانە پەیوەستە کە لێیان دەپرسین چۆن وشەی ناوبراو لە دەمیان دێتە دەرەوە. کەواتە، ڕوون و ئاشکرایی ڕاڤەی دیسپلینە زمانەوانییەکان دەربڕێکی ژیرە بۆ سەرکەوتوویی زمانەوان. بەتایبەتی پاش سەرهەڵدانی تیۆری ڕێزمانی خوڵقێنەر. ئەگەر زمانەوان توانی بیر لەوە بکاتەوە و کە لەوانەیە سەرجەم کارە میتالانگولیجەکانی هەڵەبن، ئەوا ئەو کاتە لەوانەیە بتوانێت خۆی لە زۆربەی ئەو تەڵە پراکتیکی و تێرمینۆلۆژییانە بپارێزێ وەک ئەو تەڵانەی کە لەنێو ڕێزمانە باوەکاندا هەن.

هەندێ خاڵی لاواز لە بیروبۆچوونە باوەکانی ڕێزمانەوانیدا بەدی دەکرێ، وەک پێوەری شیکردنەوە و کۆکردنەوەی زانیاری کە زۆر ئاڵۆزە. بێگومان ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە ئەم جۆرە ڕێزمانانە سەبارەت بەزمان بەدحاڵیبوونە، بەڵکو ئەوە دەگەیەنێ کە هەندێ بیرۆکەیان بە تەواوی ڕوون نین یان بە ڕوونی ڕاڤە نەکراون. بۆ نموونە ئێمە لەم ڕێزمانەدا زۆرجار ناتوانین بزانین بۆچی ڕستەیەک بەو ڕێگە ئاساییەشی ئیعراب دەکرێ، یان بۆچی وشەیەک پێی دەوترێ ئاوەڵکار ئەوی دیکە «ناو» کەچی ئەم جۆرە پرسیارانە زۆر ڕەوا و ژیرانەن. کارێکتەری سەرەکی دووەمی تۆژینەوەی زانستی بۆ زمان پێی دەوترێ کارێکتەری سیستەماتیکی، من مەبەستم ئەوە نییە کە ئەم کارێکتەرە جیاوازییەکی تەواوی لەگەڵ کارێکتەری ڕوون و ئاشکراییدا هەیە، بەڵام هەندێ جار ئەم جیاوازییە پێی لەسەر دادەگیرێ.

یەکێک لە تەوەرە گرنگ و تیۆرییەکانی ئەم کارێکتەرە بەسیما و ئاکارەکانی زمان، پەیوەستە، بۆ نموونە پێوەندییە گرنگەکانی نێوان ئەو سیما و ئاکارانە. ئەم تەوەرەش دەمانگەڕێنێتەوە بۆ تەوەری دووەمی کارێکتەری سیستەماتیکی زمانەوانی. دەتوانین بڵێین، پێویستیمان بە تۆژینەوە لە دیاردەیەک هەیە لە ڕێگەی هەندێ هەنگاوی میتۆدی و ستاندارد، شتێکی ڕوونە، بەڵام ئەمە تەنیا جۆرە پێشبینییەکە، لەوانەیە تەنیا یەک شت بڕیار لەسەر ئەوە بدا، ئایا پێش ئەوەی لە چەمکی کار بکۆڵینەوە، دەبێ لە بونیادی چەمکی ناو بکۆڵینەوە؟ ئەوەش بێگومان پێویستی بە زانینێکی پێشینەیی هەیە کە دەبێ زمانەوان پێش ئەوەی دەست بە تۆژینەوەکانی بکات هەیبێ، هەر ئەوەش بۆ پێگە سیستەماتیکییەکانی زمانەوانی دەربڕینێکی تەواوە: خاڵی گرنگ لێرە کە دەبێ پێی لەسەر دابگیرێ ئەوەیە، دەبێ زمانەوان تێگەیشتنی خۆی بۆ دیاردەیەک پراکتیزە بکات، لە کاتێکدا کارە وەسفییەکانی جێگیر و گونجاوانە لە هەر قۆناغێکی تۆژینەوەیەکدا بەکاردێنێ، ئەم گونجاندنە گرنگترین شتە لێرەدا نەک هەر بۆ بیرکردنەوە بەگشتی، بەڵکو لەبەر ئەو زەختەش کە دەخرێتە سەر زمانەوان بەهۆی پێویستی بۆ سازدانی بەراوردێک لەنێوان نموونە و کۆدەکانی زمان.

زمانەوان بوونەوەرێکی بەراوردکارە. مەبەستم ئەوەیە کە کارە تەواوەکەی، بریتییە لە بەراوردکردنی دوو بەشی زۆر بچووکی زمان، بۆ ئەوەی بزانێ ئایا هەردووکیان هەمان پرەنسیپە بونیادییەکان نمایش دەکەن یان نا؟ بۆ ئەوەی بڕیار بدات لەسەر ئەوە، ئایا شیکردنەوەکەی بۆ بەشی بچووکی A لەسەر بەشی بچووکی B دا پیادە دەکرێ؟. کەواتە بۆمان هەیە بڵێین گونجاندن وەچەی ڕوونبوونەوەیە.

**سەرچاوە:**
**بەشێکی کتێبی:** 1971, England, Penguin Books. (Linguistics)**ی دێڤید کریستال**

# سەرووی واتا: بلانشۆ

**بابەک ئەحمەدی**
**لە فارسییەوە: سیروان زەندی**

چەند لاپەڕە زیاتری نەخوێندەوە، هەروەک چۆن کەسێک بە ئارامی لەوێدا شتێکی لێ پرسێ: «کێ دەدوێت؟» دووبارە: «ئاخو کێ دەدوێت؟» پێی وابوو کە ئەمە هەڵەیەکە و ناکرێ بەدوایدا بڕۆی. ئەم ڕستە نادیارانە لە (چاوەڕوانی فەرامۆشی)ی مۆریس بلانشۆدا پرسیاری سەرەکی دریدا پێشبینی دەکەن: «کێ لەناو دەقدا دەدوێت؟» پرسیارەکانی پاشتریش بەدوای ئەمەدا دێن. بلانشۆ شوێنی تەواوی ڕاز و نهێنییەکان دەبینێت لە زماندا: پرسەنامەی مرۆڤ لە زماندا جێبەجێ دەکرێت: واتامان ون کردووە. پرسیارە سەرەکییەکەی بلانشۆ بێ وەڵام دەمێنێتەوە. گێڕانەوە هێندە گشتی و دووبارەیە لە ژیانی ڕۆژانەدا کە ڕەنگە پرسیاری «چیرۆک چییە؟» بەبێ واتا پیشان بدات. چیرۆک بە «گێڕانەوەی ئەزموونی ژیانی ڕۆژانە»وە بەندە. بلانشۆ دەیوت سروشتی چیرۆک لەوێدا ئاشکرا دەبێت کە بمانەوێ ڕووداوێکی نائاسایی (کە بە هەر شێوەیەک بەسەرماندا هاتووە) بگێڕینەوە. ئەو کات دەزانین کە چیرۆک پێوەندی نێوان ئەو ڕووداوە و ڕووداوە پێش هاتووەکان نییە و پاشان شتێکی دی دەدۆزینەوە: چیرۆک ڕووداوە نائاساییەکەیە. پاشان شتێکی گرنگتر دەدۆزینەوە: هەرگیز ئەو ڕووداوە نائاسایی نەبوو. گێڕانەوەی ئەو ڕووداوە (لە شوێنی ڕاستەقینەی ڕوودانی) شتێکە کە لە هەموو ڕووداوەکانی دیکەی جیادەکاتەوە. لایەنی نائاسایی هەموو شتێک لە گێڕانەوەیدا حەشارماوە: «ئەمەیە یاسای شاراوەی چیرۆک، هەموو چیرۆکێک ڕۆیشتنە بەرەو خاڵێک.. لەم خاڵەدایە کە چیرۆک تەواوی ڕاکێشەرەکانی خۆی بەدەست دێنێت» و ئەم خاڵە

هەموو شتێک دەگۆڕێت. ئێستا ئیدی پرسیاری سەرەکی ئەوە نییە کە «چیرۆک چییە؟» بەڵکو خاڵی ناوەندی ئەوەیە کە: «چیرۆک چۆنە؟».

بلانشۆ لە وتاری «کافکاو ئەدەبیات»دا نووسیویەتی کە ڕوانگەیەکی سادەخواز هەروەکو «وێنەیەکی ڕاستەقینە» ئەدەبیات و (زمان) دەناسێنێت، بەڵام ئەم ڕوانگەیە دەگمەنە و ناپاکی لە دەربڕین و بابەتی دەربڕاو واتە لە واقیعیەتی زمانی و واقیعەتی دەرەکی دەق دەکات. وشەکان حوکمی ئەو لەزگانەیان نییە کە سەربەخۆ لە شتەکان تەنیا بۆ چەسپاندن بە ڕووی ئەواندا بەکاربێن. کاتێک کە شتێک دەخوێنینەوە گرنگی خوێندنەوەی هەموو ئەزموونێکی دی لادەبات. من تەنیا نووسراوێک دەخوێنمەوە کە وەدیهاتن یاخود ئەگەری هەبوونی نووسراوەکە حوکمی لێکترازانی پێوەندی ئەوی هەبێت لەگەڵ بابەتەکەدا، بەڵام ئەم بابەتە نامرێت ئەگینا هیچ نووسراوێک بوونی نەدەبوو. نووسراو پەیوەست بوونە بە بابەتەوە و لێکترازانیشە لێی و ئەدەبیات لەو جێیەوە دێتە بوون کە کەسێک ئەم کارە مەحاڵە دەست پێ بکات. بە بۆچوونی بلانشۆ، یان ئەوەی کە دەینووسین ئامادەیە، کە لەم حاڵەتەدا چ شوێنێک بۆ نووسین دەمێنێتەوە؟ یان بابەت نادیارە و لەم حاڵەتەدا دەبێت لە بارەی چی بنووسین؟ کەواتە دەبێت مەبەستێکی نزیکتر بۆ نووسین دیاری بکەین. لە سەرەتادا دەپرسین: «بەڕاستی بۆچی دەنووسین؟» و ئەم پرسیارە ڕێگەی دریدا و هەڵوەشاندنەوەی دیاری کردووە. ڕەنگە دەنووسین تا ئەو بێنینەوە یاد کە نەک تەنیا بابەت، بەڵکو واتا و ڕاستیش نادیارن. بلانشۆ دەیوت کە داڕشتن هەمووکات لەگەڵ ماوەدا یەکسانە بە مەرگ و ئامادەنەبوون. مەرگ لەناو دڵی هەموو نووسراوێکدا حەشارماوە. مەرگ ناوەڕۆکی سەرەکی یەکێک لە گرنگترین وتارەکانی بلانشۆیە: «بەرهەمی ئەدەبی و فەزای مەرگ»، بە تایبەتی لە بەشی سێیەمی ئەم وتارەدا «ڕیلکە و چاوەڕوانی مەرگ» لۆژیکی کۆتایی و ناوەکی بەرهەمی ئەدەبی بریتییە لە مەرگ: «وەدیهاتنی ئەدەبی دۆزینەوەی مەرگێکی تایبەت بە من–ە». لە گێڕانەوەیەکدا کە بۆرخیس نووسیویەتی نووسەرێک مەحکوم دەکرێت بە مەرگ و ساڵێک مۆڵەت لە خوا داوا دەکات تا وەکو کتێبەکەی تەواو بکات: «خواش لەبەر ئەوە پەرجوویەکی ڕێکخستبوو. گوللەی ئەڵمانی لە کاتژمێری حەتمیدا ئەوی دەکوشت، بەڵام لە هۆشی ئەودا یەک ساڵ ماوە و بۆشایی دەکەوتە نێوان فەرمانی دەستڕێژ و جێبەجێ کردنەکەی». نووسین کاری ئەو یەک ساڵەیە. کاتێک کە نین و هەین. مردن بڕوایە بە مەرگ، ئەگینا مەرگ ئامادە نابێت. شەهرەزاد بڕوای بە مەرگ هەبوو و غایبی کرد، یاخود بە واتایەکی تر لە سێبەریدا چەندین حیکایەتی گێڕایەوە، بەڵام قبووڵی نەکرد، دریدا بەدوای بلانشۆدا دەڵێت: «هەر فۆرمێکی نووسین لە جەوهەری خۆیدا وەسیەتنامەیەکە».

ڕستەکانی بلانشۆش وەکو ڕستەکانی دریدا لە تێڕوانینی یەکەمدا بە ئاسان دێنە بەرچاو، بەڵام بە کەمێک وردبوونەوە داپۆشراویەکی سەرسوڕهێنەر و ڕاکێشانێکی بێ کۆتایی و هەڵهاتن لە ئەنجامی حەتمییان تێیدا ئاشکرا دەبێت. پول دمان نووسیویەتی: «خوێندنەوەی نووسینەکانی بلانشۆ جیاوازە لە هەموو ئەزموونی خوێندنەوەکانی تر... کاتێک کە نووسینەکانی ئەو دەخوێنینەوە سەبارەت بە شاعیرێک یاخود نووسەرێک، ئەوا هەموو شتێک کە تا ئێستا سەبارەت بەو نووسەرە یاخود ئەو شاعیرە دەیزانین، لە یادی دەکەین...» هەموو هەوڵەکان بۆ تەئویلکردنی بەرهەمەکانی بلانشۆ هیچ ڕێگەیەکیان نەدۆزیەوە بێجگە لەوەی کە سوود لە شێواز و زمانی خودی ئەو وەربگرن. ژمارەی تایبەتی بڵاوکراوەی (Critique) کە تایبەت کرابوو بە بەرهەمەکانی بلانشۆ نیشانی دەدات کە تەنانەت ئەو ڕەخنەگرە دیارانەشی کە شێوازی دەربڕینی تایبەتی خۆیان هەیە، هیچ ڕێگەیەکیان نەدۆزیوەتەوە جگە لەپەیڕەوکردنی دەربڕینی بلانشۆ. فۆکۆ و دمان و پولە لە ڕیزی ئەو نووسەرانە بوون. فوکو وەکو «غیابی هەرگیز تێکنەشکاو» باسی لە بەرهەمەکانی بلانشۆ دەکرد و لادان لە یاسای دایە پاڵ شێوازەکەی و وەکو «فەزایەکی بەتاڵ کە بریتییە لە شوێن» و «یاسایەک کە یاسا نییە بۆ جیهان» و «حزورێکی ڕاستەقینە کە بە جۆرێکی ڕەها غایبە» و «درەوشاوە، بەڵام نەبینراو» باسی هزری ئەوی دەکرد. ئیمانۆئێل لویناس نووسیویەتی کە لە هزری بلانشۆدا هەموو شتێک وەکو ئەگەر، وەکو ڕەنگە–کان دێنە پێش چاو. تۆدۆرۆف لە (ڕەخنەی ڕەخنەگر)دا نووسیویەتی کە لە تەواوی بەرهەمەکانی بلانشۆدا ئەم ڕستەیەی مالارمێ حەشار ماوە: «ئاخاوتن دوو شوێنی هەیە، شوێنێک کە خاو و خێرایە و شوێنێکی تر کە بنەڕەتی هەموو شتێکە». خودی بلانشۆش نووسیویەتی:

«ئاخاوتن لەلایەکەوە بە سوودە و ئامێرییە. لۆژیک و زانست زمانی کار و کردارە، زمانێک کە بە جۆرێکی خێرا ڕۆشنگەرە و وەکو هەموو شتێکی بە سوودی تر لە بەکارهێناندا ون دەبێت. لەلایەکی ترەوە ئاخاوتن شیعر و ئەدەبیاتە. ئیدی لێرەدا زمان ئامێرێکی کاتی نییە، شتێکی کارایە، بەڵام لاوەکی نییە، بەڵکو کامڵ بوونی خۆی لە ئەزموونێکی تایبەت بەخۆیدا دەدۆزێتەوە.»

بلانشۆ ئەم زمانە ئەدەبییە بە «وتەی بنچینەیی» ناو دەبات کە تێیدا وشەکان دەنگی هیچ کەسێک نین و خۆیان مەبەستی خۆیانن. بلانشۆ دەنووسێت کە لەسەدەکانی دواییدا هونەر لە بابەتی جیهان و باسە بینراوەکانی کۆڵیوەتەوە. لە ئاکامدا توانای هەڵگرتنی ڕەهای لەدەست داوە واتە توانای فەرمانڕەوایی، بەڵام ئێستا بە ئارامی لە جەوهەری خۆی نزیک دەبێتەوە. جەوهەر و ڕێزگرتنی هونەر هونەرە. ئەم وتەیەی ڕۆمانتیکەکان لەبەرهەمەکانی بلانشۆدا دووبارە بووەتەوە کە «ئەمڕۆکە هونەر تەنیا بەدوای هونەرەوەیە». ئەدەبیات هیچ پەیمانێکی لەگەڵ شتێک یاخود کەسێک یان هزرێکدا نییە. کە شتێک بە ناوێکەوە بانگ دەکەین، ئەو شتە لە خۆی جیادەکەینەوە. هیچ دەربازبوونێکمان نییە لە زمان و زمانیش جگە لەناونانی شتەکان (واتە کاری جیاکردنەوە) شتێکی تر نییە. ڕێزگرتنی زمان جیابوونەوەیە. زمان ئامێری پێوەندی نییە و ئەدەبیاتیش نەک ڕێدەربردنێک بەرەو جەوهەری شتەکان، بەڵکو حوکمی جیابوونەوە لەوانی هەیە. لەم ڕووەوە مەبەستی ئەدەبیات خودی ئەدەبیاتە. تۆدۆرۆف باسەکەی بلانشۆ لەم بارەیەوە بەهاوکاری بەڵگەهێنانەوەی سیاسی کۆن و ناسراو هەڵدەسەنگێنێ: «لەپاش نازیزم گولاگ ئەم وتانە...» بەڵام بلانشۆ پێشەکی وەڵامی ئەم بەڵگە هێنانەوانەی داوەتەوە و وتوویەتی کە لە ساڵی (١٧٩٣)دا واتە لە ڕۆژانی تیرۆری شۆڕشیدا پیاوێک لە بەندیخانەدا ئارام و خۆڕاگرانە دەینووسی و هیچ کەسێک نووسینەکانی نەدەخوێندەوە و ئومێدی لە چاپدانیشیان نەبوو. بەرهەمەکانی مارکی دوساد حوکمی نەفیکردنی تەواویان هەبوو، نەک ئەو هەموو ڕاگەیاندراوە ڕەنگاوڕەنگەی ئەو ساڵە.

**سەرچاوە:**

**بابک احمدی – ساختار و تأویل متن.**

# نیگارکێشان بە ڕەنگی مۆمی

وەهبی ڕەسووڵ
(سلێمانی)

**پاستیلی ئینکاوستیکی**

نیگارکێشانی مۆمی جۆرێکی گەلێک کۆنە لە نیگارکێشان، ڕەگوڕیشەی بەکارهێنانی سەرەتایی دەگەڕێتەوە بۆ میسرییە کۆنەکان، پێدەچێت یەکەمین کەسێک کە ئاماژەی دابێت بە بەکارهێنانی ئەم جۆرە نیگارکێشانە لە دیواربەندی میسری کۆندا (ئی، ماکای E.Mackay) بووبێت کە لە هەشت گۆڕستانی سەردەمی خێزانی هەژدەیەمدا لە سەردەمی ئەمنحوتبی یەکەمەوە بۆ سەردەمی ئەمنحوتبی دووەمدا دۆزیویەتەوە و ئاماژەی پێداوە کە مۆم لەو کارە هونەرییە دیواربەندانەدا بەکارهاتووە.

لەم جۆرە نیگارکێشانەدا مۆم وەک نێوەندێک بەکاردێت، ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە مێوی هەنگوین تاکە ماددەیە کە لە میسری کۆندا بۆ ئەم مەبەستە بەکار هاتبێت. لە ڕێگەی گەرمی و گەرمکردنەوە وەک جێگیرکەرێکیش سوودی لێ وەرگیراوە، وێڕای سوود لێ وەرگرتنی بۆ نیگار دروستکردن و بەدیهێنانی ڕووی ڕەنگین.

لە هەندێ حاڵەتدا دەبینین تێکەڵکردن و یەکگرتنێکی تەواوی بۆ کراوە لەگەڵ ڕەنگەکەدا وەک ئەوەی ڕۆڵی ماددەیەکی پەیوەست ببینێت... هەر چۆن لە هەندێ حاڵەتی تردا وەک ڕووپۆشێک دانراوە لەسەر ڕەنگەکان، پارێزەر و جێگیرکەر دوای تەواوبوونی کارەکە، گەلێک نموونە بۆ بەکارهێنانی وەک ئەم چینە پارێزەرە دۆزراوەتەوە کە پاڵپشتی ئەم ڕاستییە دەکەن، بەڵام ئەوەی تەواو دەرنەکەوتووە ئەوەیە کە ئایا ئەم مۆمە یاخود مێوە وەک نێوەندێک بۆ ڕەنگەکان بەکارهاتووە یاخود لە

دواتردا خراوەتە سەر ڕەنگەکان.

گەر لە میسرییە کۆنەکان بترازێین ئەوا بەپێی بیروڕایەکی تر ڕۆمانەکان لەو میللەت و شارستانیەتانە بوون کە سەرەتاکانی بەکارهێنانی مێویان بۆ دەگەڕێتەوە وەک نێوەندێک لەنیگارکێشاندا، لەپێش دوو هەزار ساڵی (پ.ز)ەوە لەسەر دەستی ئەو هونەرمەندە گریکییە ڕۆمانیانەی، لەسەردەمی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی کە لە میسردا ژیاون، ناولێنانی ئەم شێوازەش بە ئینکاوستیکی دەگەڕێتەوە بۆ «پلینی Pliny» کە پێی وتووە «نیگارکێشان بە ڕێگەی بەکارهێنانی مۆمی گەرمی تێکەڵ بەڕەنگ» encaustic painting. کە خودی وشەی ئینکاوستیک (encaustic) لە بنەڕەتدا لە وشەی ئینکاوستیکۆس (encaustikos)ی یۆنانییەوە هاتووە کە بەمانای بە سووتاندن یاخود بە گەرمکردن (to burn in) دێت، ئەویش ئاماژەیە بۆ توانەوە و گەرمکردنی مۆم لە پرۆسەی نیگارکێشانەکەدا.

لە ئاسەوارە ڕۆمانەکانی ڕۆژهەڵاتدا گەلێ نموونەی ئەم جۆرە کارکردنە دۆزراوەتەوە کە زیاترینیان لەسەر تەختە و هەندێکی کەمیشی لەسەر کەتان و گوێنی دروست کراون.

ژمارەی ئەم ئاسەوارە ڕۆمانیانە نزیکەی سەد دانە دەبێت کە هەمووی وێنەی کەسیەتین. ئەوانەی لەسەر ڕووی قوماشەکان (واتە کەتان و گوێنی) دروست کراون، ئامادەکراون بۆ دانان لەسەر دەموچاوی مۆمیا کراوەکان، بەم جۆرە نیگارکێشانەش وتراوە (دەستەسڕی وێنەکراو). بە مەبەستی گێڕانی ڕۆڵێکی ئەفسانەیی ئەم کارانە بەکارهێنراون، سەرباری ئەم ئاسەوارانەی ئەم سەردەمە هەندێکی تر دۆزراونەتەوە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا لەناوچەی فەیومی دەرەوەی قاهیرە مێژوویان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی یۆنانی ڕۆمانی. نموونەی زۆر باشی ئەم کارانە ئەمڕۆکە دەتوانرێت لە مۆزەی میترۆپۆلیتیان (Metropolitan Museum)ی هونەر و مۆزەی برۆکلین (Brooklyn Museum)ی هونەردا ببینرێت. ئەوانەی دەربارەی جۆری کارکردنی ئەو سەردەمەیان نووسیوە، تیایاندا هەیە بیروڕای وایە کە ڕەنگەکان تێکەڵ بەمێو یاخود مۆمەکە کراوە ئینجا بە پەڕەمووچ خراوەتە سەر ڕووەکە.

لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ئاماژەیەکی ئەوتۆ بەرچاو ناکەوێت بۆ بەکارهێنانی ئەم جۆرە نیگارکێشانە، هەربۆیە زیاتر سەرچاوەکان باس لە سەدەی شازدەیەم دەکەن کە تیایا ئەم هونەرە میللی بوونێکی تایبەتی بەخۆوە دیوە بەڕادەیەک ئەم باس لێوەکردنە گەرمە، کە کارپێکردنی لەم سەردەمەماندا دەچوێنرێت بە زیندووکردنەوەی یاخود هەوڵدان بۆ زیندووکردنەوەی ئەو بڵاوی و میللی بوون و خواست لەسەر بوونەی لەسەدەی شازدەیەمدا خاوەنی بووە و بەخۆوەی بینیوە.

پێدەچێت لە ماوەیەکی باش دوای سەدەی شازدە تا کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە کارهایەکی وەهای پێ نەکرابێت و لەگەڵ پەیدابوونی شۆڕشی پیشەسازی دیسان جارێکی تر ئەم جۆرە کارکردنە گوڕێکی تری بەخۆوە دیبێ، چون چیتر هونەرمەند بەهۆکاری هاتن و پەیدابوونی وزەی کارەبا پێداویستی بە دانانی ئاگرێکی بەردەوام نەبووە لەژێر پاڵێتی کارکردنیدا بۆ ئەم جۆرە نیگارکێشانە، یاخود هەردەم بەوەوە سەرقاڵ بێت کە دەمی چەقۆی کارکردنەکانی گەرم بکات. بەڵکو چەقۆ و پاڵێتی کارەبایی کە گەرمی پێیە و ئۆتوماتیکی ڕاگرتنی گەرمی لەسەرە، وەک ئامرازگەلێکی نوێ بۆ ئەم جۆرە کارکردنە بەکاردەهێنرێت، نەک هەر هێندە بەڵکو لەم سەردەمە نوێیەماندا ئامێری زۆر تایبەت بەم کارکردنە دروست کراوە و کە بۆیەکە و ڕاددەی گەرمییەکەی لەخۆ دەگرێ لە هەمان کاتیشدا ڕۆڵی جێگیرکەریشی بۆدەبینێت وەک جۆرێک لە ئۆتووکردنی کارەکە لە پرۆسەی کۆتایی کارەکەدا و ئەمێستا گەلێ کاری مۆدێرن و هاوچەرخی پێ ئەنجام دەدرێت.

لێرەدا دەکرێت ئاماژە بەوە بدەین کە ڕاگرتنی پلەی گەرمی پاڵێت یاخود چەقۆی کارکردنەکان بۆیە گرنگ و پێویست بووە، چونکە مۆم یاخود مێو لە پلەی شەست و پێنجی سەدیدا (٦٥) شل دەبێتەوە و لە ڕەنگەکەی نێوی جیا دەبێتەوە، لەبەر ئەوە پلەی گەرمی کەمی پێویستە بۆ کارکردن، هەر لەبەر ئەم هۆکارەشە وەها بڵاوبووە کە ئەم شێوازە کارکردنە تەنیا لەو وڵاتانەدا بەکارهاتووە کە پلەی گەرمییان نزمە.

هۆکاری سەرنج ڕاکێشانی مرۆڤیش بۆ ماددەی مێو دەگەڕێتەوە بۆ تێک نەچوون و تیانەچوونی مێو، ساتێ لەنێو دەفری نێو گۆڕە کۆنە میسرییەکاندا دۆزیویانەتەوە کە هەروەکو خۆی ماوەتەوە بەبێ هیچ گۆڕانکارییەک لە سیفاتیدا، لەبەر ئەوەی نائۆکسێد و ناسووتێت وەک ڕۆنەکان و ڕەنگی ناگۆڕێت و درز نابات و لە ئاودا

ناتوێتەوە و هەڵنائاوسێت، لەبەر ئەم هۆکارانە نەک هەر بۆ مانەوەی خۆی بەڵکو بۆ مانەوەی زۆر ماددەی تر بەکارهێنراوە وەک تەختە یاخود نیگاری دیوار بەند.

ئەم جۆرە کارکردنە لەکاتی خۆیدا وەک جۆرێک لە پیشەی تایبەتی لێ هاتووە، لەبەر قورسی و گرانی کارتیاکردن و ئامادەکردن و بەکارهێنانی هونەرمەند لەباوک و باپیرانیەوە شارەزایی و زانیاری و توانای کردنی لەم بوارەدا بۆ ماوەتەوە، واتە هەموو کەسێک نەیتوانیوە و نەیزانیوە لەم بوارەدا کاربکات. هەر لەبەر ئەم هۆکارە گەلێک لە هونەرمەندان وازیان لێ هێناوە و شارەزایی تیایدا زۆر ئاشکراو ڕوون نەبووە تەنیا وەک شێوازە گشتییەکەی نەبێت کە ئەویش وەک وتمان لەباوکەوە بۆ کوڕی ماوەتەوە.

لەبەر ئاسانکاری بۆ هونەرمەند شێوازێکی تر گیراوەتە بەر بۆ ئامادەکردنی ئەم جۆرە ڕەنگە خستنیە نێو تیوبەوە وەک کەرەسەیەکی ئامادە و بەردەست بەکارهێنراوە. ئەمەش لە ڕێگەی دروستکردنیەوە بە تواندنەوەی مێوەکە لە لەتەربەنتین کە وەک جۆرە کرێمێکی لێ دێت و دەتوانرێت بکرێتە تیوبەوە، ئەم شێوازەش جێی ئەو شێوازە قورسەمان بۆ دەگرێتەوە کە لە ڕێی گەرمکردنی پالێت و چەقۆ یاخود گەرمکردنی خودی ئەو ڕووەی کارەکەی لەسەر دەکەین، جا دیوار بێت یاخود هەر جۆرە ڕوویەکی تر، ئەمەش دواتر لە باسکردنی چۆنیەتی ئامادەکردنی ڕەنگی ئینکاوستیکیدا باسی دەکەین.

## ئامادەکردن و دروستکردنی ڕەنگی مۆمی

بۆ دروستکردن و ئامادەکردنی ڕەنگی مۆمی، جا هەر جۆرێکی جیاوازی بێت، لە جۆری شل یاخود هەڵگیراو لەناو نایلۆن و قوتوو و تیوبی تایبەت، یاخود جۆری وشکی کە وەک پەنجەی پاستیلییە و پێی دەوترێت قەڵەمی مۆمی. پێویستمان بەماددەی مێوی پاک دەبێت، گەر ماددەی مێوەکە پاک بێت ئەوا ڕاستەوخۆ دەست بە ئامادەکردنەکەی دەکەین، گەر پیسیش بوو ئەوا دەبێت پاک بکرێتەوە بەم شێوازەی خوارەوە:

پارچە مێوەکان دێنین و دەیکەینە نێو قاپێکی پڕ لە ئاوەوە و دەیخەینە سەر ئاگرێکی هێواش تا مۆمەکە دەتوێتەوە و لە پیسییەکەی جیا دەبێتەوە، ئینجا دایدەگرین تا سارد دەبێتەوە و ئاوەکە بە پیسییەکەوە دەڕژێین و ئەم کارە چەند جارێک دووبارە دەکەینەوە، تا دواجار ئاوێکی پاکمان دەست دەکەوێت، ئەوەش نیشانەی پاکبوونەوەی مۆمەکەیە.

## چۆنیەتی دروستکردنی ڕەنگی مۆمی

پارچە مۆمە پاکەکان دەخەینە ناو قاپێکەوە و ئەم قاپەش دەخەینە نێو دەفرێکی گەورەتر لە خۆی کە ئاوی گەرمی تیا بێت، بێ ئەوەی بیهێڵین هیچ لە ئاوەکە بکەوێتە نێو مۆمەکەمانەوە و دواتر ئاگرێکی هێواش دەخەینە ژێر دەفرە پڕ لە ئاوەکە و بە گەرمبوونی ئاوەکە، مێوی نێو قاپەکە وردە وردە دەتوێتەوە و گەرم دەبێت. دوابەدوای ئامادەبوونی مۆمە گەرمە تواوەکە، تۆزە ڕەنگیەکە دەهێنین و دوای ئەوەی تۆزێ گەرمی دەکەین لە قاپێکدا بەجیا تا شێی نەمێنێت، (ئەگەر شێی گرتبێت)، وردە وردە تۆزە ڕەنگیەکە دەکەینە نێو مۆمە شل و گەرمەکەوە و بەردەوام لەسەر ئاگرەکە تێکی دەدەین تا بەکڵۆ نەوەستێ و باش تێکەڵ ببێت بە یەکتر. لە پاش یەکگرتنی تەواوەتی بە چەند ڕێگەیەک دەتوانین کاری پێ بکەین و بەکاری بهێنین، بۆ نموونە: دەکرێت هەر بە گەرمی بکرێتە سەر پالێتی گەرم «کە لەکانزایە و ئاگرێکی کەم بەردەوام لە ژێریدایە یاخود بەکارەبا گەرم دەکرێت و لە کۆمپانیا تایبەتەکانەوە بۆ ئەم مەبەستە دروست کراوە» دواتر بەچەقۆی نیگارکێشان یاخود پەڕەمووچی تیژ کاری پێ دەکرێت بۆ سەر ڕووی کارکردنەکەمان.

جۆرێکی تر لە بەکارهێنانی بە ڕێگەی هەڵگرتنیەتی لە نایلۆن یاخود لە قوتووی تایبەت بۆ ئەو مەبەستەدا، ئەویش دوای تێکەڵبوونی تەواوی ڕەنگ و مۆمەکە دادەگیرێت و وازی لێ دەهێنرێت تا سارد دەبێتەوە، دواتر بەشێوەی پارچە پارچە دەبڕرێت و هەر ڕەنگە بەجیاو دەکرێتە نایلۆن یاخود قوتووەکەوە و لە شوێنێکی ساردا هەڵدەگیرێت، هەر کاتێک ویستمان، دەری دەهێنین و بە چەقۆی گەرم کراوە و لەسەر پالێتە گەرمەکە بەکاری دەهێنین.

جۆری سێیەم: بەکارهێنانیەتی بەڕێگەیەکی وشک یاخود سارد، کە ئەویش ساتی گەرمبوون و تێکەڵبوونی ڕەنگ و مۆمەکە بە دوو ڕێژەی هاویەک و دواتر داڕشتنی لە قاڵبدا (کە بۆ ئەو مەبەستە ئامادەیە) دایدەڕێژین، گەر قاڵبی تایبەتیمان نەبوو دایدەنێین تا نیمچە ساردبوونەوە و نەرمبوونەوەی وەک هەویرێک، لەشێوە مارمارۆکەدا

دروستی دەکەین و دەیبڕین و کاغەزی تێوە دەپێچین وەک پاستیلی ئاسایی و کاری پێ دەکەین لەسەر ئەو ڕووەی بمانەوێت بەبێ گەرمکردنی ڕووەکە.

کارپێکردنی ئاسانە و ئامادەیە و لەسەر زۆر ڕووی زبر کاری پێ دەکرێت و لەبەر هەرزانی و ئاسانی بەکارهێنانی زۆر بڵاوە لەنێو منداڵانی قوتابخانە سەرەتاییەکاندا. کۆمپانیا و کارگە تایبەتییەکان بەم مەبەستە هونەرێکی زۆریان تیا نواندووە و گۆڕانکاری و پێشکەوتنی زۆریان خستۆتەسەر تا بەو شێوە ئاسانەی لێ بێت.

وێڕای ئەو سێ ڕێگە و شێوازەی ئاماژەمان پێدا، ئەمڕۆ بۆ ئامادەکردنی ڕەنگی ئینکاوستیکی کە بەشێوەیەکی ئاسان و سادە بەکاربهێنرێت و لەسەر هەموو ڕوویەک (گەر زبریش نەبێت و ئاسایی بێت) کاری پێ بکرێت، شێوازی ئامادەکردنی تر پەیڕەو دەکرێت و ئامادەکراوەکەشی دەکرێتە نێو تیوبەوە وەک بۆیەی زەیتی یاخود هەر بۆیەیەکی تری ناو تیوب تا بە فڵچە یاخود چەقۆی کارکردن کاری پێ بکرێت لەسەر هەر ڕوویەکی وەک دیوار، بەرد، تەختە، کانزا، شووشە و قوماش و کارتۆن...تاد.

هونەری مۆدێرن بەتایبەت لەنیگارکێشاندا هەوڵی ئەوەی داوە کە سوود لە توانا جیاوازەکانی جوانی ئەم جۆرە نیگارکێشانە وەربگرێت بۆ بەدەستهێنانی ئەو بەرهەمە تەکنیکی و ئیستاتیکییانەی لە شێوازە کارکردنە جیاوازەکانیدا مەبەستیەتی، لەبەر ئەم هۆیە وەک وتمان ئاسانکاریەکی وەهای تیا کردووە کە کارپێکردنی عەمەلی بێت بۆ هونەرمەند و پێویستی بە گەرمکردنی پالێت و چەقۆ و تەنانەت ڕووی کارکردنەکەشی نەکات یاخود بە مەرج بوونی زبری ڕووی کارکردنەکە ببێتە بەربەستێ بۆکارکردن تیایدا.

شێوازی نوێ بۆ ئامادەکردنی ڕەنگی ئینکاوستیکی بریتییە لە بەکارهێنانی تەربەنتین و کەتیرەی کۆباڵ یاخود ڕزنی دامەر (dammar resin) کە (کەتیرەی سنەوبەر) دەگرێتەوە لەگەڵ مۆمە پاک و پاوەدری ڕەنگەکەدا. بەکارهێنان و خستنەسەری مادەی کەتیرەیی لەپێناوی ئەوە دایە کە بە ئاسانی بۆیەکە لە دیوار یاخود هەر ڕوویەکی تری ئاسایی نەبێتەوە بە سادەترین پەنجە لێدان یاخود پاڵەپەستۆ خستنەسەر، بۆیە بەکارهێنانی مادده کەتیرەییەکە دەبێتە هۆکاری ڕەق هەڵاتن و پیانووسانی ڕەنگە مۆمییەکە بەڕووەکەوە و لێ نەبوونەوەی.

بۆ ئامادەکردنەکەی پێویستمان بە پێوانەیەک لە مۆمی پاک دەبێت، لەگەڵ سێ پێوانە لە تەربەنتین. هەردووکیان دەخەینە نێو قاپێکەوە و ئەویش دەخەینە ناو قاپێکی گەورەتر لەخۆی کە ئاوی گەرمی تیا بێت (وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا) لەسەر ئاگر دانرابێت تا بە گەرمی ئاوەکە مۆم و تەربەنتینەکە وەک تێکەڵەیەکی هاویەکیان لێ دێت دەبێتە شێوە کرێمێک، ئینجا تۆزە ڕەنگیەکەی تێ دەکرێت لەگەڵ تێکەڵکردن و تێکدانی بەردەوامدا تا هەویرێکی شلی ڕەنگینمان دەست دەکەوێت و ئامادە دەبێت تا بیکەینە نێو تیوبی بەتاڵەوە، بەڵام بەشێوەیەکی خێرا لەبەر ترسی بە هەڵمبوونی تەربەنتینەکە و دواتر داخستنی توندوتۆڵی تیوبەکە. (بێ گومان دەبێت پێشتر ناو تیوبەکەمان بە بەنزین پاک و وشک کردبێتەوە).

دەتوانین لە ساتەوەختی بەکارهێنانی ئەم بۆیەیەدا تێکەڵی تەربەنتین و کۆباڵ یاخود دامەر بەکاربهێنین بۆ ڕوونکردنەوەی.

تێبینی ئەوە دەکەین لەدوا بەکارهێنانی مادده تەربەنتینەکە دەبێتە هەڵم و ڕەنگەکە بە پتەوی لەسەر ڕووەکە دەمێنێتەوە و نیگارەکەمان کامڵ دەبێت و دوا وشکبوونەوەی تەنها پێویستمان بە پارچە قوماشێک دەبێت کە بەهێواشی بێ پاڵەپەستۆ خستنە سەر ڕووی کارەکەمان بسڕین، چیتر گەشی و بریقەی کارەکەمان دەردەکەوێت. چون بەرەنجامی بوون بە هەڵمی تەربەنتینەکە سیمای ڕەنگەکان مۆرکێکی مردووی دەبێت و بەم سڕینە گەشی ڕەنگەکان دەردەکەوێتەوە.

**تێبینی:** هەندێ ڕەنگ وەک ئۆکەر بۆ نموونە گەرمی زۆر کاری لێ دەکات و سروشتی ڕەنگەکە و پلەکەی دەگۆڕێت، ئەمە جگە لە ڕەنگی زەرد کە بەرەو سوور دەگۆڕێت لەبەر ئەم هۆکارە ساتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم ڕەنگانەدا، ئەبێت چاودێریەکی باشی گەرمی بکرێت و نەهێڵرێت پلەکەی بەرز ببێتەوە.

### کارکردنی ئینکاوستیکی لەسەر ڕووە جیاوازەکان

هەروەک ئاماژەمان پێدا کارکردنی ئینکاوستیکی لەسەر زۆر ڕووی جیاواز ئەنجام دراوە بۆ هەر ڕوویەک چەند ئامادەکاریەک کراوە لەکاتی خۆیدا، بەڵام وەک

ئاماژەمان پێدا بۆ کارکردنی ئەمڕۆ و لەم سەردەمەماندا دەکرێت بەرەنجامی ئەو جۆرە ئامادەکردنەی بۆیە کە لەسەر هەمـــوو جـــۆرە ڕوویـەک کـــاری پێ بـکـەیـن بـەبێ ئامادەکردنێکی ئەوتۆ.

**ئامادەکاریی ڕووەکان**

١- لە بەکارهێنانی زەمینەیەکی جیسۆ یاخود بەرددا، ڕووەکە بە ڕەنگێکی مۆمی وەک یەک چەور دەکرێت و دواتر کاری لەسەر دەکرێت بە ڕەنگە جیاوازەکانی.

٢- لە بەکارهێنانی زەمینەیەکی قوماشیدا، دەکرێت قوماشەکە بنووسێنرێت بەڕوویەکی ڕەقەوە بەهێلم یاخود جیسۆ دواتر کاری لەسەر بکرێت یاخود ڕووەکەی جیسۆ یاخود راتنجی لێ بدرێت ئینجا کاری لەسەر بکرێت. (راتنج جۆرێکە لە کەتیرە).

٣- بۆ کارکردن لەسەر زەمینەیەکی تەختەیی یاخود هەر ماددەیەکی بەهێزی هاوشێوەی ئەو وەک کارتۆن یا هاردبۆرد (hardboard) دەکرێت ماددەی جیسۆ و راتنج لە ڕووەکەی بدرێت، گەر هەر تەختەش بوو دەکرێت ڕاستەوخۆ کاری لەسەر بکرێت.

٤- بۆ نیگارکێشان لەسەر زەمینەیەکی کانزایی دەکرێت ڕاستەوخۆ کاری لەسەر بکرێت.

**تێبینی:** دوای تەواوکردنی نیگارەکە و دانانی دوا دەست تێوەردانەکانی جا بە چەقۆ بێت یاخود فڵچە، تابلۆکە دەخرێتە بەر سەرچاوەیەکی گەرمی سادە وەک زۆپای کارەبایی (یاخود هەندێ پەرەمێز بەکاردەهێنرێت یا جۆرێک لە پەرەمێز کە هەڵگرتن و بەکارهێنانی ئاسانە پێی دەوترێت دەمانچەی گەرمی «heat gun» ئەمەش بۆ یەکگرتنی نێوان هێڵەکان و گونجاندنی ڕەنگەکان وەک دوا دیمەنیان. لەگەڵ ئاگاداربوون لە زۆر نزیک نەخستنەوەی سەرچاوە گەرمییەکە لە کارە هونەرییەکە تا ڕەنگەکان بەسەریەکدا نەتوێنەوە و هیچ جۆرە ئاسەوارێکیان نەمێنێت... هەندێ لە هونەرمەندان سوود لەم خاسیەتەی ئەم جۆرە کارکردنە وەردەگرن ئەویش بە تواندنەوەی ڕەنگە مۆمییەکان بەشێوەیەک بۆ بەدیهێنانی جۆرێک و شێوازێک لە نیگارکێشانی مۆدێرن کە ناسراوە بە ڕێبازی خۆبەخۆیی -auto matism. ئەمەش بەدانانی هەندێ ڕەنگ لەسەر تابلۆکە و خستنەسەری سەرچاوەیەکی گەرمی تا دەتوێتەوە و بەشێوەیەکی خۆبەخۆیی دەچێت بەناو یەکداو شێوە و پێکهاتەی جیاواز دروست دەکات.

**پەسەندێتی و کەموکورتیەکانی نیگارکێشانی مۆمی**
**پەسەندێتی و تایبەتمەندێتییەکانی**

بێ گومان نیگارکێشانی مۆمی تایبەتمەندێتی وەهای هەیە کە هەندێ لە هونەرمەندان بەباشی دەزانن و بەتایبەتی لەناوچە ساردەکاندا کە کارەکانیان بەر کاریگەریی گەرما ناکەوێت و پێکهاتە و سیمای ڕەنگەکانیان تێک نادات. گرنگترین ئەو تایبەتمەندیانە ئەمانەن:

أ- مۆم گەردی ڕەنگەکان دادەپۆشێ و لە کەشی دەرەوەی دادەبڕێت و دەیپارێزێت لە زەرد هەڵگەڕان یاخود تاریک بوون بەپێی بەسەرچوونی کات.

ب- نیگارەکە پارێزگاری لەشێوە و پێکهاتەی دەکات لە کەشێکی شێداردا و ئاو کاریگەری لێ ناکات.

ج- بەناویەکداچوونی مۆمەکان گونجاندن و دەوڵەمەندیەکی تایبەت دەبەخشێت بەڕەنگەکان... و ئەو بریقەدانەوە هێمنەی ڕووی کارکردنەکە هەیەتی وا دەکات ئاسوودەیی بدات بە چاوی بینەر.

د- دەکرێت هەموو ڕەنگێک لەگەڵ مۆمدا بەکاربهێنرێت بەبێ ترس لە ئۆکسیدکردنی یاخود کاریگەری کەش و کاریگەری کیمیاویی لەسەری، چون مۆم وەک پارێزگارێک لەو حاڵەتەدا ڕۆڵی خۆی دەبینێت.

**خەوش و کەموکوورتییەکانی**

أ- کاریگەری گەرمی لەسەری بە پلەی بەرز لەبەر ئەمەیە کە دەبێت لەناوچە گەرمەکاندا کاری نیگاری مۆمی لە ژووری تایبەتی فێنک کراوەدا دابنرێت و هەڵبگیرێت.

ب- وردەکاریی و قورسی لە جێبەجێ کردنی کارەکەدا و پێداویستی گەرمکردنی بەردەوام بۆ ڕەنگەکان و ئامراز و ئەو ڕووانەش کە کاری لەسەر دەکرێت.

ج- بە زوویی و سانایی تەپ و تۆز دەنیشێتە سەر ڕووی کارەکە، ئەمەش وادەکات (بەتایبەت لە ناوچە گەرمەکاندا) هونەرمەند کارەکەی لەنێو چوارچێوە و شووشەیەکدا دانێت کە شووشەکە نەدات لە ڕووی کارەکە واتە شووشەکە نابێت بەڕووی کارەکەوە بنووسێ چون کارەکە و ڕەنگەکانی تێک دەدات.

# خودادا عەلی

## ١٩١٨ - ١٨/١/١٩٨٧



هونەرمەندی ڕەسەنی کورد خودادا عەلی وەک لە سەرچاوەکانی خۆم وەرم گرتووە، لە کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی لە ساڵی ١٩١٨ (١) لە کەنار ڕووباری ئەڵوەن لە شاری خانەقین لە دایک بووە.

هونەرمەند لە خێزانێکی هەژار ٠٠٠ دەست کورت و بێ بەش لە هەموو پێداویستییەکانی ژیانێکی سادەی شارۆچکەیەکی بێ ئیشوکار و بێ خاوەن ژیانی بەسەربردووە.

لەبەر ئەوەی قوتابخانە لە ناوچەکەیاندا نەبووە، ناردوویانەتە بەر خوێندن حوجرە، چونکە لەو سەردەمیدا، زیاتر خوێندنی لای مەلا لە مزگەوتان و فەقێیاتی باوی هەبووە، ئەگەرچی زۆر تەنگ و چەڵەمە و ناخۆشی هاتۆتە ڕێ، بەڵام توانی خوێندنە ئایینییەکەی وەکو پێویست تەواو بکات و بە پلەی باش دەربچێ و کراوە بە مامۆستای منداڵان لەو حوجرانە و بۆ ماوەی پێنج ساڵ ئەوە پیشەی بووە، ئامانجی باوکیشی هەر ئەوە بووە کە کوڕەکەی ببێ بە پیاوێکی ئایینی تا لە ژیانیدا سەرکەوتوو بێت و تووشی ناخۆشی نەیەت.

هەر لە تەمەنی منداڵیدا، خودادا عەلی چاوێکی کول دەبێ، بەڵام لە ئەنجامی نەبوونی نەخۆشخانەو پزیشکی تایبەت بەچاو، پشت بە دەرمانی میللی دەبەستێ، تا وای لێدێ وردە وردە چاوەکەی کز دەبێت و لە کۆتاییدا بە داخەوە چاوەکانی لە دەست دەدات. ئەمەش وای کرد نەتوانێ لەسەر پیشەکەی وەک مامۆستا بەردەوام بێ، لە ئەنجامدا ئەو مووچەیەشی لەدەست دەچێت کە وەری دەگرت و بژێوی خۆی پێ مەیسەر دەکرد.

لەبەر ئەوەی خودادا بەهرەی دەنگخۆشی پێوە دیاربوو، هەروەها خۆیشی هەستی دەکرد کەوا قوڕگی بۆ مەقام خوڵقاوە و توانای مەقام وتنی هەیە و ناوچەکەشی بەگشتی لانەی زۆر جۆرە مەقامی تایبەتی بووە، بۆیە ڕووی کردە شارۆچکەو دێهاتەکانی دەورو پشتی خانەقین، لەگەڵ دەنگخۆشان و شارەزایانی مەقام میانەو هاوڕێیەتی پەیدا کرد. بەم هەنگاوانە خۆی بۆ مەقام چڕین ئامادە کرد، بۆ دابینکردنی بژێوی ڕۆژانەی خۆی و ماڵەوەیان، ڕووی لە زۆر کارو پیشە کردووە و بۆ ئەو مەبەستە زۆربەی گوندو دێهاتەکانی ناوچەکە گەڕاوەو

---

**باکووری**

گەشتی تێدا کردووە، مەقامبێژانی ناسیوەو سوودی لێیان وەرگرتووەو لێیانەوە فێر بووە.

لەبارەی گۆرانی بێوەژنەوە، موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانی لە نووسینێکیدا دەڵێ: «کاتێک لاو بووە و بە گوندەکاندا تێدەپەڕێ، هەندێ بێوەژن و ئافرەتان کە تووشیان دەبوو بە تووشیەوە، سەریان دەنایە سەری! ئەویش بە گۆرانی (بێوەژن) دەیگوت: ئەی بێوەژن، بێ شوو بکە بەمن سەر لەتۆ.. سەرین لە من! ئینجا ئەوان پێدەکەنین و نان و کەرەیان دەدایێ..»

ڕەنگە ئەم گۆرانییەی زیاتر بۆ ڕابواردن و گاڵتەو پێکەنین بووبێ، بەڵام هونەرمەند زۆر بەرهەمی نایاب و ڕەسەنی هەیە کە ئاوازەکانیان لە فۆلکلۆری ناوچەکەوە هەڵێنجراون، لە گۆرانییەکیدا، وا هەست دەکەی هونەرمەند گفتوگۆ لەگەڵ ئادەمیزادێک، ڕۆح لەبەرێک دەکات، هەروەک دەڵێ:

**«.... ئەڵوەن هاتییەن وەبەرزی داران.... مەدا لە چەکمەی شۆڕە سواران**

**ئەڵوەن هاتییەن نادا بوارم... سەرێ بدەمۆ لە قەوم و کارم...»**

ئەو وەسفە جوانە قووڵە پڕ لە بیری فەلسەفییانەی کە بۆ ئەڵوەن نووسیوە، بەتوانایی ئەم مەقامبێژە دەردەخات، خۆ ئەگەر هونەرمەند ئەو مەقامەی لە ئیزگەی ڕادیۆی کوردی لە ساڵانی پەنجاکان تۆمار نەکردبایە و بەردەوام پەخش نەکرابووایە، ئەوا ڕەنگە کەسمان نەمانزانیبووایە کە «ئەڵوەن» چییەو لە کوێیە!؟

ئەگەرچی خەڵکێکی زۆر ئاوازی مەقامەکانی ئەم هونەرمەندەی لەسەر زارە، بەڵام بەداخەوە کەم کەس دەزانێ خاوەنەکەی کێیەو ناوی چییە! نەک هەر ئەو، بەڵکو زۆر لە مەقامبێژەکانی ئەم ناوچە دەوڵەمەندە لە ئاوازی فۆلکلۆری و ڕەسەنی مەقامی کوردی نە ناسراون و خەڵکی پێیانەوە ئاشنا نین. خدر بارامی چاوەش، یەکێکە لەو مەقامبێژانەی گەرمیان کە لەساڵی ١٨٧٥ ز لە ئاوایی «خدربەگ»ی سەربە ناحیەی «قەرەحەسەن»ی گەرمیان هاتووەتە دنیاوە. دەنگخۆش بووە، ئامێری (تەمموورە)ی ژەنیوە، لەگەڵ باپیری سەلاح داودە مەقامبێژ بووە و مامۆستای مەقامبێژی ڕەسەن «عەلی مەردان» بووە.

لەساڵی ١٩٢٩ کۆچی دوایی کردووە.

هەروەها «کامیل محەمەدی تەپەلوی» و محەمەد خەلیل ئاغا و... خالۆ عەلی قەڵایی کەرکووکی... دەیان مەقامبێژی دیکەی ڕەسەنی کوردی کە بە ناوبانگ و دەنگخۆشی سەردەمی خۆیان بوونە و گۆرانی و مەقامی ڕەسەنی کوردییان چڕیوە، لەوانە ئەڵڵا وەیسی، خورشیدی، ئای ئای، خاوکەرو قەتارو.... تاد.

خودادا عەلی لە مەقامبێژیدا شێوازو تایبەتمەندی خۆی هەبوو، هەوڵی دەدا تام و چێژی دەڤەری خانەقین بخاتە نێو ئاوازی مەقامەکانی خۆی، ئەمەش وای کردبوو مەقامەکانی لەناو مەقام و گۆرانی دی بناسرێنەوە.

هونەرمەند بۆ یەکەمین جار لەساڵی ١٩٥٨ دەنگی خۆی گەیاندە ئیزگەی رادیۆی کوردی لە بەغدا، ئاشنایەتی و برادەرایەتی لەگەڵ زۆر لە هونەرمەندانی گۆرانیبێژ پەیدا کرد لەوانە «عەلی مەردان، تایەر تۆفیق، ڕەسوول گەردی... تاد» بە گوێرەی قسەی هونەرمەند خۆی «لە ١٠٠ مەقام و گۆرانی پتری لە ئیزگەی ڕادیۆی بەغدا تۆمار کردووە!» بەڵام کوا؟ هیچیانمان گوێ لێ نابێت!!

ئا بەم جۆرە دوای تەمەنێکی پڕ لە داخ و حەسرەت و کەساسی و دەستکورتی لە ١٩٨٧/١/١٨ بە نەخۆشی کۆچی دوایی دەکات و تەنیا چەند کەسێک کە بە مردنەکەیان زانیوە، بەشداری لە ناشتنی تەرمەکەی دەکەن لە نزیک «ئەڵوەن» لە گۆڕستانی شار، هەزار سڵاو لە گیانی پاکی بێت.

لێرەدا حەز دەکەم کۆپلەیەک لە مەقامی ئەڵوەن، وەکو دیاری پێشکەش بە ڕۆحی هونەرمەند و ئێوەی بەڕێز بکەم:

**«ئەڵوەن ئای ئەڵوەن... ئەڵوەنە شێتەی چاو بە عەسرەوە...**

**لە ڕێژاو مەیۆ بەم لای قەسرەوە، ئەڵوەن هاتییەن وەبەرزی داران، مەدا لە چەکمەی شۆڕەسواران، ئەڵوەن هاتییەن نادا بوارم...**

**سەرێ بدەمۆ لە قەوم و کارم... »(٢)**

هەروەها هونەرمەند بەستەیەکیشی لەسەر ئەڵوەن هەیە کە بە ئاوازێکی سووک و خۆش تۆماری کردووە، ئەگەرچی بە باشیش لێی حاڵی نەبووم بەڵام هەر حەز دەکەم ئەوەندەی لێی حاڵی بووم بیخەمە بەر چاوی خوێنەران، ئاوا دەست پێدەکا:

**«لە چیمەندا سبەینەری بەبێ تۆ**
**ئەڵوەن... هەی ئەڵوەن...**
**گوڵی زارم (یان دڵی زارم) خەیلی غەمگینە بێ تۆ..**
**ئەڵوەن هەی ئەڵوەن**
**ئەڵوەن دەستم بەدامان... دەی وەرە بە داوان... »**

**پەراوێز:**

**١- حەمید خودادا عەلی، کوڕی هونەرمەند لە نامەیەکیدا کە بەدەستخەتی خۆی بۆی نووسیوم، دەڵێ مێژووی لە دایکبوونی باوکم واتە (خودادا عەلی) بۆ ساڵی ١٩١٢ دەگەڕێتەوە. «منیش پێم وایە قسەی کوڕەکەی ڕاستترە- باکووری-»**

**٢- من لەسەر دوو کاسێت ئەو مەقامەم هەیە، بەڵام وشەکانی لام ڕوون نین و باش تێیان ناگەم، بۆیە تەنیا ئەم چەند دێڕەم لە هەفتەنامەی برایەتی ئەدەب و هونەر ژمارە ٧٦، ١٩٩٨/٥/١٥ وەرگرتووە کە کاک موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانی لەوێ بڵاوی کردووەتەوە.**

# بینینی هاوبەش له گواستنەوەی شانۆییدا

موحسین محەمەد

(٢ – ٢)

مـێـژووی شـانۆی کـوردی له هەرێمی کـوردسـتـاندا، خـەسـڵـەت و جـیـاوازی زۆری هەیه لەگـەڵ مـێـژووی پارچەکانی دیکەی کوردستان. شانۆ بەگشتی له هەموو پارچەکانی کوردستان؛ ڕاستەوخۆ کەوتۆته ژێر کاریگەری سیـاسەتی حوکمی تاکڕەوی و دەسـەڵاتی مـیللەتی باڵا دەستی ئەو وڵاتانەی که کوردستانی بەسەر دابەش کراوه، لەبەر ئەم هۆیه، شانۆ لەم هەرێمەی ئێمەدا؛ نه له دوور نه له نزیک پەیوەندی به مێژووی پارچەکانی دیکەوه نییه، ئەمه ڕاستییەکی تاڵه، ناچارین دانی پێدابنێین.

«حـەقی شـبلی» پێـشـەنگ و دامـەزرێنەری شـانۆی عـیراقی؛ کـاریگەری زۆری هەبووه بەسەر بزاڤی شانۆیی له هەموو شارەکانی عیراقدا. ئەو پیاوه گەورەیه، لەگەڵ سـەرهەڵدان و گـەشـەکـردنی شـانۆی عـیـراقی درکی به بینینی هاوبەش و گواستنەوەی شانۆیی کردووه، هەر لەو پێناوەشدا گـەشتی بۆ کـوردسـتـان و باشـووری عـیـراق کردووه.

«حەقی شبلی» له دیمانەیەکیدا بۆ نووسەر و ڕەخنەگری شانۆیی «محەمەد تەیمور» وتوویەتی «له هاوینی ١٩٢٩ هاتۆته هەولێـر و سلێـمـانی، سێ شـانۆگـەریی نمایش کـردووه؛ «سـەلاحەدینی ئەیوبی» «فــي سـبـيـل الـتـاج» «سـولتـان عـەبدولحـەمـیـد» هەروەها له سـاڵی ١٩٣٢ بۆ جـاری دووەم دێتــەوه هەولێــر و سلێــمــانی هەشت شانۆگەریی نمایش دەکەن لەوانه: «یۆبوس بیزەر، هاملت، بازرگـانی ڤـینیـسـیـا، هارونه ڕەشـیـد» «حـەقـی شـبلی» کوردی خوشویستووه حەزی کردووه شانۆی کوردی هەبێت و ئاستی هونەری بەرز بێت، به گۆتەی «سەفوەت جەراح» هەر لەو پێناوەشـدا کـاری کـردووه، دواتر سـیـاسـەتی

شـۆڤـێنی عـەرەبی ئەو ئامـانجـانەی قـەدەغـە کـرد، گواستنەوەی شانۆیی لە شارەکانی عیراق سنووردار کراو لە کوردسـتـان قەدەغـە کرا. حوکمی تاکڕەوی لە عـیـراق هەوڵیـدەدا، شانۆی عەرەبی عـیراقی، وەکو شانۆیەکی عـیـراقی پێناسـە بکات؛ چەمک و واتای گشـتی بەسەر شـانۆدا بسـەپێنی، بەڵام شـانۆی کـوردی لە کـوردسـتـان، تارادەیەکی زۆر نەکـەوتە ژێر کـاریگـەریی ئەو سـیـاسـەتە شۆڤێنییە. بە بەرنامـە توانیـویانە کار لە سـەرهەڵدان و نەشـونماکـردنی شـانۆی کـوردی بکەن، رێگربن لەبەردەم گەشەسەندنیدا.

لە بارەی سـەرهەڵدانی شـانۆی نـوێی کـوردی لە شـارەکـانی کـوردسـتـان، بیـروڕای جیـاواز هەیە، ئەمـەش شـتـێکی زۆر ئاسـاییـە. «محـەمـەد تەیمور» رەخنەگر و مـێـژوو نووسی شـانۆی کـوردی، ڕای وایە، لە سـاڵی «١٩٠٥» بۆ یەکـەم جـار شـانۆگـەریی «مـیـری دیل» لە هەولێـر نمایش کراوە؛ لە مـێـژووی شـانۆی عـیـراقیـدا هاتووە، ئەم شـانۆگـەرییـە لە سـاڵی ١٨٩٥ «نەعـوم فەتحوڵا سەحار» لە فەرەنسییەوە وەریگێڕاوە و لە موسڵ نمایش کـراوە. ئەو شـانۆگـەرییـەی کـە زۆر باسی کـراوە، لەلایەن «محـەمـەد تەیمور» دۆزراوەتەوە شـانۆگـەریی «سەلاحەدینی ئەییـوبییـە» کە لە سـاڵی ١٩٢١ لەلایەن لیـژنەی فـەن و تەمـسـیل لە قـوتابخـانەی ئەربیل ئولای هەولێر نمایش کراوە. «حەمـە کەریم هەورامی» لە ساڵی ١٩٧١ وای بۆچووە؛ شانۆگەریی «قـەراڵیـچە» لە ساڵی ١٩٢٢ لە سلێـمـانی نمایش کـراوە، ئەو مـێـژووەشی بەسەرەتای سەرهەڵدانی شانۆ کردووە و داناوە «حەسەن تەنیـا» ئەو بۆچوونەی هەورامی ڕەت دەکاتەوە، ئەو پێی وایە لە ساڵی ١٩٢٦ بۆ یەکەمین جار شانۆگەریی «عیلم و جەهل» لە سلێمانی نمایش کراوە.

گـومـانی تێـدا نیـیـە، لە هەردوو شـاری دهۆک و کـەرکـووک، شـانۆی کـوردی زۆر درەنگـتـرو سـسـتـتـر سەریهەڵداوە.

ئەم کـورتە پێـشـەکـیـیـە مـێـژووییـە بۆ بابەتی لێکۆڵینەوەکـەی ئێـمـە زۆر پێـویسـتـە. کـە بە وردی تەمـاشـای مـێـژووی شـانۆی کـوردی دەکـەین، دەبینین، لەسەرهەڵدانی ئەم شانۆیەوە واتە ١٩٢١ هەولێر، تاوەکو ساڵی ١٩٧٠ کە ماوەیەکی یەکجار زۆرە، شانۆ هەر لە قـاوغی شـارەکـان مـاوەتەوە و نەچۆتە دەرەوە. هونەرمەندانی سلێمانی وەکو دەستپێشخەرییەک، تاک و تەرا چەند شانۆگەرییەکیان لەو ماوە درێژەدا گواستۆتەوە بۆ هەولێـر وەکـو؛ شـانۆگـەریی «لە ڕێـی نیـشـتـمـان دا» «ڕەفیق چالاک» لە ساڵی ١٩٤٦ هێناویەتە هەولێر، لە سـاڵی ١٩٦٩ هەر لەو شـارەوە، شـانۆگـەری «سـەرینی یاداری» هاتۆتە هەولێر، هەرچەندە ئەوە سەرەتایەک بوو، بەڵام نابێتـە یەکێک لە بنەماکانی گواستنەوەی شانۆیی بەنێو شارەکانی کوردستاندا. پێچەوانەی ئەوە، «حەقی شـبلی» وەکـو بنەمـایەک دادەنرێت بۆ گـواسـتـنەوە و گەشەپێدانی هونەری شانۆ لە شارەکانی عیراقدا.

شـانۆی کـوردی لە سـاڵی ١٩٧٠ سەردەمێکی زێڕینی بەخـۆیەوە بینی، لـە پازدەی ئاداری ئەو سـاڵەدا، ڕێککەوتنامەی مێژوویی لەنێوان سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلولی بزاڤی ڕزگـاریخـوازی کـورد و حکومـەتی بەغـدا ئیمزا کرا. لە ماوەی چوار ساڵی ڕێککەوتنەکەدا، ئاشتی و ئازادی کـوردسـتـانی گرتەوە، هونەری شـانۆ لە هەمـوو شـار و شـارۆچکەکـانی کـوردسـتـان سـەرهەڵدان و بووژانەوەی بینی. شانۆ لە هەردوو ڕووی، چەندایەتی و چۆنایەتی گەشەی کرد. گواستنەوەی شانۆگەرییەکان لەنێو شارەکـانی کـوردسـتـان پەیدابوو، لەپێناوی بەدیهـێنانی بینینی هاوبەش لەناو خەڵکی کوردستان، بێگومان ئەو شانۆگەریانە دەگوازرانەوە کە هونەرمەندەکانی؛ پیشەگەرو خاوەن ئەزموون بوون لە بەرهەمهێنانی شانۆییدا.

«ئەحمەد سالار» لەساڵی ١٩٧٠، شانۆگەریی «کاوەی ئاسنگەر» لە سلێـمـانی نمایش دەکـات و پاشـان شانۆگەریەکە دەگوازێتەوە بەغدای پایتەختی عیـراق، کـاوەی ئاسنگەر وەکـو نەریتـێکی شـانۆیی تایبـەت بە جەژنی نەورۆز ناسـراوە، سـاڵانە گـەر کـەش و هەوای سیاسی لەبار بوایە، شانۆگەریەک بەم ناونیشـانە یان بە ناونیشـانێکی دیکە، بەڵام بە هەمان بابەت و ناوەرۆک، لە شارو شارۆچکەکانی کوردستان نمایش کراوە. کاوەی ئاسنگەر داستانێکی قارەمانەتیە، باس لە خەباتی کورد دەکـات کـە چۆن توانیـویەتی لە دەسـەڵاتی پاشـایەکی زۆردار ڕزگار ببێت.

لە هەمـوویان بەشی زۆری ئەو شـانۆگـەریانە کـاوەی ئاسنگەر وەکـو قـارەمـانێکی کـورد پێناسـە کـراوە؛ لە پێناوی پەرەپێدانی هۆشیـاری نەتەوایەتی، بە ئامـانجی ئازادی و ڕزگاری لە کوردستان.

١- سەباح عەبدوڕەحمان» لە ساڵی ١٩٧١ شانۆگەری «فـاڵچی» نووسـینی «حەمە کەریم هەورامی» لە هەولێر نمایش دەکات و پاشـان شـانۆگـەرییـەکە دەگـوازێتـەوە بۆ موسڵ. فاڵچی چیرۆکی بەدکارییە بە مەبەستی لە خشتە بردنی ئافـرەتان لە کـێشـە کـۆمـەڵایەتیـیـەکـاندا؛ کـەسی فـاڵچی لەپێناوی پارە کـۆمـەڵێ شـتی سـەیرو سـەمـەرە

هەڵدەبەستێ و تێکەڵی یەکیان دەکات لە ئەنجامیشدا گرفتی کۆمەڵایەتی لێ دەکەوێتەوە. بابەتە کۆمەڵایەتییەکان بۆ ئەوسا زۆر گرنگ بوون، هەرچەندە ئەو ساڵانە بە سەردەمی ئازادی و جۆشدانی نەتەوایەتی ناسرابوو، بەڵام ئەم لایەنەش فەرامۆش نەکرابوو. ئەم شانۆگەرییە کە لە تەلەفزیۆن تۆمارکرا ناو و دەنگی پەیدا کرد، ئەکتەرەکان لەناو خەڵکدا ناسران کاریگەریی زۆری هەبوو بەسەر بینەری ئەوسای شارەکان.

«ئەحمەد سالار» ساڵی ١٩٧١ جارێکی دیکە ڕووی لە بینەرانی شانۆی کوردی لە بەغدا دەکاتەوە، شانۆگەریی «جەنابی موفەتیش» لە نووسینی «گۆگۆڵ» و وەرگێڕانی «ڕەوف حەسەن» بەرهەمی هەردوو تیپی نواندن و کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی سلێمانی، نمایش دەکات لە ساڵی ١٩٧٢ «ئەحمەد سالار» بە شانۆگەریی «چاڵی جەرگی پیرەژن» نووسینی چیرۆکنووس «حوسێن عارف» گەشتێکی شانۆیی، لە سلێمانییەوە بۆ بەغدا و هەولێر دەکات، هەر ئەوساڵە جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە هەولێر؛ شانۆگەریی «پیسکەی تەڕپیر» نووسینی «مۆلێر» و ئامادەکردنی «ڕەفیق چالاک» نمایش دەکات. «ئەحمەد سالار» لەو شانۆگەریانەدا، وەکو ئەکتەر و دەرهێنەر بەشداری لەبەرهەمەکان کردووە، بە توانای هونەری خۆی بینەری شانۆیی لەو شارانە سەرسام کردووە.

«تەلعەت سامان» ساڵی ١٩٧٢ بۆ یەکەمین جار شانۆگەریەکی خۆی بەناوی «خاڵۆی ڕێبوار» لە چیرۆکی «بێ وڵات»ی «محەمەد مەولود مەم» لە هەولێرەوە دەباتە سلێمانی. خاڵۆی ڕێبوار شانۆگەریەکی کۆمەڵایەتی سیاسی بوو، گرفتی سنوور و بەزاندنی سنووری دەستکردی نێوان پارچەکانی کوردستان دەورووژاند. دوای دابەشکردنی کوردستان، سنووری دروستکراو لەنێوان ئەو پارچانەدا، بەربەستێکی گەورە بوو، گرفت و کێشەی مرۆیی و کۆمەڵایەتی لێ کەوتەوە. ئەو گرفتەش لەبەرهەمەکانی «تەلعەت سامان» ڕەنگی داوەتەوە، وەکو شانۆگەریی «پیلان» لە ساڵی ١٩٧٧.

بابەتی سنوور بەزاندن، خەباتی گەلی کورد و داگیرکردنی کوردستان: وەکو بابەت لە سێبەری ئەو ڕێککەوتنامە، لە نمایشکردن و گواستنەوەی نمایشەکان ئازاد بوو.

بەشی ڕۆشنبیری و هۆشیاری جوتیاران لە بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی هەولێر، ساڵی ١٩٧٣ «تیپی شانۆی لادێ»ی دامەزراند. ئەم تیپە بۆ مەبەستی



هۆشیاری جوتیاران دامەزرا هەر لەو پێناوەشدا گەشتی بەلادێکانی کوردستان دەکرد و شانۆگەریی نمایش دەکرد. ژمارەیەک لە شانۆکارانی هەولێر توانییان دەست بەسەر ئەو تیپە دابگرن، وەکو تیپێکی شانۆیی بەرهەمەکانی لە گوندەکان و شارەکان نمایش دەکرد. بێگومان ئەم جۆرە شانۆیانە دەچنە خانەی بینینی هاوبەش لە گواستنەوەی شانۆییدا چەشنی شانۆی گەڕۆک کە لە کوردستان نەبووە و، شانۆی شۆڕشگێڕی... یەکەم بەرهەمی ئەو تیپە شانۆگەریی «داسەکەی شاسوار» بوو، لە نووسینی «ئەمین میرزا کەریم» و دەرهێنانی «فەتاح خەتاب» دوا شانۆگەریش لە دەرهێنانی «فەتاح خەتاب» بوو.. «سەعدون یونس، زوهێر عەبدولمەسیح» وەکو دەرهێنەر و هەندێ لەو ئەکتەرە ناسراوانەی ئەمڕۆی شانۆی کوردی ئەوسا لە تیپی شانۆی لادێ کاریان دەکرد ڕۆڵ و کاریگەرییان دیار بوو وەکو «ئەنوەر شێخانی، ئیبراهیم حەکیم، موئەیەد فەقێ، ڕەسمی جەلال، فەوزی جەلال» ساڵی ١٩٧٤ ماوەی ڕێککەوتنامەکە کۆتایی هات، شەڕ لە کوردستان هەڵگیرسایەوە، بە تەواوی دوای یەک ساڵ، شۆڕش بە پیلانی ڕێککەوتنامەی شووم لە جەزایر ١٩٧٥؛ دوچاری نسکۆ هات، ئەم ڕووداوە کاریگەرییەکی زۆری بەسەر بزاڤی ڕۆشنبیری کوردییەوە هەبوو. شانۆ لە شاری «کەرکووک» بە تەواوی قەدەغەکرا، لە شاری «دهۆک» زۆر سست بوو، لە هەردوو شاری هەولێر و سلێمانی هونەری شێواز و تەکنیکی گۆڕا، لایەنە هونەرییەکەی زۆر دەوڵەمەندتر بوو، هونەرمەندان لە جاران بوێرتر بوون.

«تەلعەت سامان» بە هەمان هەناسەی «خاڵۆی ڕێبوار» لە پێناو بەدیهێنانی بینینی هاوبەش، سنووری شاری هەولێر دەبەزێنێ، شانۆگەریی «پیلان» نووسینی محەمەد مەولوود مەم لە ساڵی ١٩٧٧ دەباتە شارۆچکەی

«کۆیە»، ئەم شانۆگەرییە چەشنی «خاڵۆی ڕێبوار» گرفتەکەی بەزاندنی سنوور و پلانی دەوڵەتە دراوسێکانە، دژی بەزاندنی ئەو سنوورە دەستکردانە. «تەلعەت سامان» زۆر مکوڕ بووە لەسەر فراوانکردنی بینەرەکەی لەو بابەتە سیاسییەدا، بێگومان، ئەگەر ئەم بابەتە لە ١٩٧٢ جۆرێک بێت لە دروشم و پڕوپاگەندەی سیاسی ئەوە لە ساڵی ١٩٧٥ جۆرێکە لە بوێری و شۆڕشگێڕی ئەو هونەرمەندە، دوژمنانی ئازادی مرۆڤ زۆر لە شانۆ دەترسێن ئەوجا شانۆکارێک بێت ئەو بابەتە سیاسییانە هەڵبژێرێت کە هەستی نەتەوایەتی دەورووژێنێ و جۆشی نیشتمانپەروەری دەدات؛ دەبێ لەلایەن ئەو دوژمنانەوە، ئەو شانۆیە و ئەو شانۆکارانە چۆن هەڵسەنگێنرابن؟ گواستنەوەی ئەو شانۆگەرییە بۆ «کۆیە» بۆ ئەوساکە، کارێکی ئاسان نەبوو، چیرۆکی خۆی هەیە و ڕەنگە لە ئایندە بتوانین بێینە سەر ئەو بابەتە، ئەوەی کە ئاشکرایە، ئەوەیە: لەکاتی نمایشی شانۆگەرییەکە جۆرێک لە پشێوی لەنێوان بینەران و شانۆکاران دروست دەبێت، تەلعەت سامان دەڵێت «بەڕای ئێمە ئەمنی کۆیە خەڵکیان ترساندووە کە نە یەن بۆ بینینی شانۆگەریەکە». ڕەنگە هەر ئەو ترساندنەش بووبێت وای لەو دەرهێنەرە کرد جارێکی دیکە بیر لەوە نەکاتەوە شانۆگەریەکانی لە هەولێر بگوازێتەوە بۆ شار و شارۆچکەکانی کوردستان، تەنانەت ئەو جۆش و خرۆشەشی نەبووە بەشداری بکات لەو میهرەجانانەی کە لە هەشتایەکان لە شاری سلێمانی سازدەکرا.

«ئەحمەد سالار» لە ساڵی ١٩٧٨ شانۆگەریی «خەج و سیامەند» نووسینی «فوئاد مەجید میسری» بەرهەمی هەردوو تیپی «زانکۆی سلێمانی» و «تیپی پێشڕەوی شانۆی کوردی» دوای ئەوەی لە سلێمانی نمایشی دەکات، بەرهەمەکە دەگوازێتەوە شاری موسڵ و لەوێ نمایشی دەکات، لە شاری موسڵ کوردێکی زۆر هەیە، «زانکۆی موسڵ»یش ساڵانە ژمارەیەک لەو قوتابیانە وەردەگرێ کە لە شارەکانی کوردستانەوە ڕووی تێدەکەن، هەر لەبەر ئەوەیە، جار جارە شانۆکاران ڕوو لەو شارە دەکەن و شانۆگەریەکان نمایش دەکەن. ساڵی ١٩٧٩ هیچ جۆرە بزاڤێکی گواستنەوەی شانۆیی لەم مێژووە بەدی ناکرێت، جگە لە شانۆگەریی «جۆماڵ» نەبێت کە بەرهەمی تیپی «شانۆی لادێ»ی هەولێر بوو، لە نووسینی «حەمە کەریم هەورامی» و دەرهێنانی «سەعدون یونس» بوو. ئەم شانۆگەریە گەشتی بەلادێکان کردووە، توانیویەتی جۆرێک لە بینینی هاوبەش لەنێوان جوتیاران دروست بکات، بێگومان هەموو ئەو شانۆگەریانەی تیپی لادێ دەقاودەق، وەکو چۆن بەرهەم هێنراوە؛ ئاواش لە گوندەکان نمایش کراوە.

لە ساڵی ١٩٨٠ جەنگی نێوان عیراق- ئێران ڕوویدا، ئەو جەنگە لە هەموو ڕوویەکەوە کاریگەری زۆر خراپی بەسەر کوردستان هەبوو.

زۆربەی شانۆکاران بوون بەسەربازی ڕاکردوو لە جەنگ، ژمارەیەکیان بوون بە پێشمەرگە. ساڵی ١٩٨١ بەشی هەرە زۆری سەربازی کورد سوپای عیراقیان جێهێشت، ئەوە بووە هۆی ئەوەی حکومەت ناچار بێت لێبووردنی گشتی دەربکات و سەربازەکان بگەڕێنێتەوە شارەکانی خۆیان، ئەم بڕیارە بەشی زۆری سەربازەکانی گەڕاندەوە. شانۆ دووچاری سستی هاتبوو بە گەڕانەوەی ژمارەیەک لە شانۆکاران گەرم و گوڕی کەوتەوە ناو شانۆ، بینەران ڕوویان لە شانۆکرد، شانۆگەریی «لاس و خەزاڵ» ماوەی نۆ ڕۆژ نمایش کراو هەموو ڕۆژەکانیش هۆڵی گەل پڕ دەبوو لە بینەران.

تیپی شانۆی لادێ ماوەی پێنج ڕۆژ شانۆگەریی «مام حەسەن دەگەڕێتەوە» لەنووسینی «جەوهەر کرمانج» و «دەرهێنانی فەتاح خەتاب» لە ئایاری ١٩٨٠ نمایش دەکات، پاشان شانۆگەریەکە دەبەنە گوندەکان، دوای سێ مانگ جەنگەکە هەڵدەگیرسێ. لە پرۆگرامی تیپەکەدا هاتووە «مەبەست لە دامەزراندنی تیپی شانۆی لادێیی بۆ پەرەپێدان و هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵکی لادێیە، شانۆگەری «مام حەسەن دەگەڕێتەوە» بۆ ئێوەی خۆشەویست ڕوون دەکاتەوە دەڵێ: دواکەوتنیان لە سالآنی ڕابردوودا هەموو هۆی نەخوێندەواری و یەک نەگرتنتانە، وەبیرتان دەخەینەوە چۆن دەرەبەگەکان ئێوەیان دەچەوساندنەوە پێویستە هەموومان بخوێنین تا تێ بگەین هیوامان خۆشیتانە – تیپی شانۆی لادێ»

لە ڕاستیدا، شانۆگەریەکە بابەتێکی سیاسی بوو، ئاماژە کردنی تێدابوو؛ کوردستان بۆمبابارانی دەکرێ، گوێمان لە دەنگی فڕۆکەی جەنگی بوو، لەوکاتەی دادەبەزێ بۆ ئەوەی بۆمبەکانی بهاوێژێت. ئەم شانۆگەریە دوا بەرهەمەمی ئەو تیپە بوو کە ئامانجی بینینی هاوبەشی هەبوو لە گواستنەوەی شانۆییدا. کە جەنگی نێوان عیراق و ئێران هەڵگیرسا زۆربەی ئەو هێزە سەربازیانەی سوپای عیراق لە کوردستانەوە گوازرانەوە بۆ داگیرکردنی شار و شارۆچکە ئێرانییەکانی نزیک بەسنووری عیراق. شۆڕشی ڕزگاریخوازی کورد دوای ماوەیەکی کورت بەسەر نسکۆی ١٩٧٥ هەڵگیرسایەوە،



ناوچە ئازاد کراوەکان لەوماوەیەدا سنووری زۆر تەسک بوو، بەڵام کە هێزەکانی عیراق بەشی زۆریان ڕوویان لە جەنگەکە کرد، ناوچەی ئازاد کراو فراوان بوو. وتمان ژمارەیەک لە شانۆکاران ڕوویان لە شاخ کرد و بوونە پێشمەرگە، ئەوەبوو ئەو شانۆکارانە توانیان تیپی شانۆی شۆڕشگێڕی بچووک- بچووک دروست بکەن، ئەوانیش چەشنی تیپی شانۆی لادێی هەولێر؛ بەڵام بە ئازادی توانیان چەندان شانۆگەری لە گوندە ئازاد کراوەکان نمایش بکەن، بینینی هاوبەش لە گواستنەوەی شانۆگەریەکاندا بۆ بینەران؛ ئەوانەی کە ژیانیان زۆر سەخت بوو، مسۆگەر بکەن. ئەو گوندانە جگە لەوەی ڕۆژانە فڕۆکە جەنگییەکانی عیراق بۆمبارانی دەکردن، ئابلۆقەی ئابوورییەکی زۆر توندیشیان لەسەر بوو، ئەوان ژیانیان تاڵ بوو، بەڵام مەردانە بوون، سەریان بۆ داگیرکەر شۆڕنەکرد. ئەو تیپە بچووکانە لەگەڵ گەڕانەوەی هەندێ لە شانۆکاران کزبوو تاوەکو لەگەڵ ڕاپەڕینی سەرتاسەری کوردستان کۆتایی هات. شانۆی شۆڕش، بۆ خۆی بابەتێکی سەربەخۆیە پێویستی بە لیکۆڵینەوە هەیە. ئەو شانۆیە لەناوچە ئازادکراوەکان بە گەڕۆکی نمایشەکانی کردووە. لە شانۆی شۆڕشدا، بینینی هاوبەش لەنێوان بینەراندا دروست دەبێت لە گواستنەوەی شانۆگەریەکان بەنێو گوندەکانی کوردستان. شانۆگەریی «فایلی ٦٧» و شانۆگەریی «مەرگەساتی دۆشاو فرۆشێکی هەژار» وەکو دوو نموونە لەو جۆرە شانۆیە لە گوندەکانی کوردستان نمایش کراون «ئازاد جەلال، مۆئەیەد فەقێ، غازی غەفور» ئەوەیان بۆمن گێڕاوەتەوە.

«جەلیل زەنگەنە» شانۆکارێکی بەتوانای شاری کەرکووکە، لە نیوەی دووەمی حەفتایەکان بە ناچاری دەچێتە سلێمانی و لەوێ درێژە بەژیانی هونەری خۆی دەدات. لە ساڵی ١٩٨١ شانۆگەرییەک بەناوی «هاوارێکی تاساو» لە چیرۆکێکی دستۆفسکی ئامادەکات و هەرخۆشی بۆ شانۆ دەریدەهێنێ، هەرچەندە کەش و هەوای شانۆگەریەکە، سەردەمی ڕووسیای قەیسەری نمایش دەکرد، بەڵام لە ناوەوەڕا ئاماژە بوو بۆ بەدیارخستنی ڕوخساری ڕژێمی دیکتاتۆری بەغدا، «ئەمیلیان بەتۆمەتی تەقەکردن لە قەیسەر زیندانی کرابوو، هەر لە زیندان پیاوانی قەیسەر دەرزی بێهۆشکەریان لێدەدا، کە ئازادیشیان کرد، ئامۆژگاریان کرد ڤۆدگا بخواتەوە، وەکو کەسێکی تووشبوو بە ماددە گولییەکان، سوودی لە خواردنەوەی ڤۆدگا وەردەگرت، وەستا ئەستافی خەیاتیش هەوڵی دەدا یارمەتی بدات و لەو دۆخەی ڕزگاری بکات» ئەم شانۆگەرییە کە لە هەولێر نمایش کرا، تیپەکە بەختی نەبوو، ئەو جەماوەرە وەکو پێویست؛ لەبەر هۆکاری جەنگ شانۆگەریەکەی نەبینی، بەڵام ئەوانەی ئەم شانۆگەرییەیان بینیوە، وەکو بەرهەمێکی هونەری زیندوو لە زاکیرەیاندا ماوە، بەتامەوە باسی دەکەن. شانۆگەریەکە سیاسی بوو، «جەلیل زەنگەنە» لەو گواستنەوە شانۆیییەدا دەیویست بینەران هۆشیار بکاتەوە لەتاکتیکەکانی پیاوانی ڕژێم. دوای دوو ساڵ بە هەمان پەیام شانۆگەری «مانگ ئاوابوو» لە سلێمانییەوە دەگوازێتەوە هەولێر...

«ئەحمەد سالار» لە ساڵی ١٩٨٢ شانۆگەریی «تەنەکە» نووسینی «بەشار کەمال» ئامادەکردنی «فوئاد مەجید میسری» لە سلێمانییەوە دەهێنێتە هەولێر «نەک ساڵی ١٩٨٧ وەکو لە بیبلۆگرافیای کارە هونەریەکانی سالاردا هاتووە» شانۆگەریەکە بابەتەکەی سیاسی بوو، بابەتی گەندەڵی و ڕۆڵی ئاغا و دەرەبەگی دەبینی لەدەستێوەردانی ئیدارات. ئەو شانۆگەریە هزری سووربوون لەسەر ڕاستی و کاری ڕاستی وشەی ڕاستی، دەخستە ڕوو، کە بۆ ئەوکات بابەتێکی گرنگ و ترسناک بوو، سالار و تیپەکە مەبەستێکی زۆر گرنگیان هەبوو لەو گواستنەوە شانۆییەدا، ئەوان دەیانویست بینەری شانۆی شارەکان چاوکراوەبن لە دژی کەسانی خاوەن بەرژەوەندی تایبەت، وەکو ئاغا و دەرەبەگەکان. لەم شانۆگەریەدا؛ ئەو قائمقامەی کە خەڵک دەیویست، دەسەڵات؛ بە پلانی ئاغا و دەرەبەگ لەسەرکار لایاندا،

که شارەکەی بەجێ هێشت، بە کرێگیراوان تەنەکەی بۆ لێدەدەن وەکو سووکایەتی پێکردنێک بە دەسەڵاتی یەکسانی و دادپەروەری. سالار و تیپەکەی بە هۆشیاری تەواوەوە دەیانویست، بینینی هاوبەش لە گواستنەوەی شانۆگەرییەکەیان لە هەردوو شاری هەولێر و سلێمانی دروست بکەن.

«جەلیل زەنگەنە» ساڵی ١٩٨٣ جارێکی دیکە ڕوو لە هەولێر دەکات، بەڵام ئەمجارەیان بەدەردی «تەلعەت سامان» لە ١٩٧٧؛ دووچاری فشار دەبێت، ئەو فشارەش وای لێدەکات ئیتر بیر لەوە نەکاتەوە شانۆگەرییەکانی لە شاری سلێمانی بهێنێتە شاری هەولێر.

شانۆگەریی «مانگی ئاوا بوو» نووسینی «جۆن شتاینبگ» وەرگێڕان و دەرهێنانی «جەلیل زەنگەنە» بەرهەمی «تیپی نواندنی سلێمانی» بوو، دوای ئەوەی ماوەی یەک مانگ لە سلێمانی نمایش دەکرێت، دەرهێنەر شانۆگەرییەکەی دەگوازێتەوە بۆ هەولێر، دوو ئێوارە نمایش کرا لە ئێوارەی سێیەم، بە کاریگەریی ڕاپۆرتنووسەکانی ڕژێم شانۆگەرییەکە ڕادەگیرێ و بۆ ڕۆژی دوایی تیپەکە دەگەڕێتەوە سلێمانی. ئەو ئێوارەیە زۆربەمان لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە بینەران لەبەردەم هۆڵەکە وەستابووین، چاوەڕێی ئەوەمان دەکرد، شانۆگەریەکە نمایش بکرێت، بەڵام ئەو چاوەڕوانیە بێسوود بوو، لەبەر ئەوەی «دائرەی ئەمن» بڕیاری خوی دابوو کە نابێت ئەو شانۆگەریە بەردەوام بێت. ئەوانەش بابەتێکن پێویستیان بە لێکۆڵینەوەی تایبەت هەیە، ئەوی کە زۆر گرنگ بوو لای من ئەوەبوو، ژمارەیەک لە بینەران بۆ جاری دووەم هاتبوون، دەیانویست شانۆگەریەکە ببینەوە، ئەوەش ئاماژەیەکی زۆر باشە بۆ ئاستی کارە هونەریەکە، بەداخەوە لە دوای ئەو فشارە بڕای «جەلیل زەنگەنە» بەرهەمەکانی خۆی نەهێنایەوە بۆ هەولێر.

ماوەی دوو ساڵ، ١٩٨٤- ١٩٨٥ بینینی هاوبەش لە گواستنەوەی شانۆگەرییەکاندا بە تەواوی وەستا. لە نیوەی دووەمی هەشتایەکان، شانۆگەرییەکانی شاری سلێمانی وەکو مۆدێلێک ڕوو لە شاری هەولێر دەکەن. شانۆکارانی سلێمانی عەشقی بینەرانی شانۆیی شاری هەولێر ببوون. بۆیە لە ساڵی ١٩٨٦ بەولاوە، شانۆگەریە بەتواناکان بینەری هەولێر بێبەش ناکەن وەکو ڕاستییەک تەوژمی «ئەزموونگەری» کە لە سلێمانی سەریهەڵدا، کاریگەری زۆری هەبوو بەسەر گواستنەوەی شانۆیی و دروستکردنی بینینی هاوبەش لەنێوان شارەکانی کوردستان. شانۆگەریی «غۆریلا» نووسینی «یوجین ئۆنیل» وەرگێڕانی «شێرزاد حەسەن» دەرهێنانی «شەماڵ عومەر» بەرهەمی «تیپی شانۆی ئەزموونگەری کوردی» هەنگاوی یەکەمی ئەو تەوژمە بوو لە شاری هەولێر، بەرهەمەکە وەکو کارێکی ئەزموونگەری سەرەتا پڕوپاگاندەی بۆ کرا بەڵام دواتر «شەماڵ عومەر» لەکۆڕێکی ڕۆشنبیری لە هەولێر وتی «غۆریلا» ئەزموونگەریی نەبوو. کەچی لە پڕۆگرامی شانۆگەرییەکەدا هاتووە «کارێکی ئەزموونگەرییە» دوای ئەو کۆڕە شەماڵ نەگەڕایەوە هەولێر.

مۆنۆدرامای «سروودی خۆشەویستی» وەکو بەرهەمێکی دیکەی ئەزموونگەریی نووسینی «جان کۆکتۆ» ئامادەکردن و دەرهێنان و نواندن «گەزیزە» لە ساڵی ١٩٨٧ دوای بەشداریکردن لە یەکەمین میهرەجانی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی دەگوازرێتەوە بۆ شاری هەولێر. ئەم شانۆگەریە و ئەوەی پێشوو لە ڕووی هونەرییەوە جۆش و خرۆشی خستە ناو شانۆکاران و بینەرانی شانۆ، شێوازی هونەری ئەو دوو بەرهەمە تاڕادەیەک بۆ شانۆکاران و بینەران نوێ بوو. هەر لەو ساڵەدا، تیپی پێشڕەوی شانۆی کوردی شانۆگەریی «دڕندەی تۆڕۆس» نووسینی «عەزیز نەسین» وەرگێڕانی «ئازاد حەمە بچکۆڵ» دەرهێنانی «عوسمان بێوار» لە سلێمانیەوە دەگوازرێتەوە بۆ هەولێر؛ شانۆگەرییەکی ڕیالیزمی کۆمێدی بوو، ئەم بەرهەمەش چەشنی دوو بەرهەمەکەی پێشوو بینەری خۆی هەبوو. «عوسمان بێوار» ئیدی نەگەڕایەوە هەولێر، بەڵام گەزیزە بەردەوام بوو، چاوی دەبڕیە بینەری هەولێر، بەدوای دەرفەت دەگەڕا. لە ساڵی ١٩٨٨ «شەفیق محەمەد» شانۆگەریی «گەلەگورگ» لە ڕۆمانی «حوسێن عارف» دەهێنێتە هەولێر، شەفیق پاش ئەو شانۆگەرییە ئیتر نەگەڕایەوە هەولێر.

«کامەران ڕەوف» وەکو ئەستێرەیەکی شانۆی کوردی لە نیوەی دووەمی هەشتایەکان بەرەو قووڵایی ئاسمانی داهێنانی شانۆیی هەڵدەکشێ. ئەو بە «گۆرانی چیایکای»ی «تیشیخۆف» بینەران سەرسام دەکات. لە شانۆگەری «گەشتەکەی حەسەن» کامەران وەکو ئەکتەرو دەرهێنەر، بۆمبێکی هونەری لە هەردوو شاری سلێمانی و هەولێر دەتەقێنێتەوە. گەشتەکەی حەسەن شانۆگەریەکی ڕیالیزمی سیاسی بوو، لە شێوەی هونەری نوێ هەڵچنرابوو، ئازارەکانی تاکی بەرجەستە دەکرد

لەسەردەمی جەنگ و تۆقاندنی خەڵکدا، ئەمە زۆر بە نەرمی حەشار درابوو، دیاربوو خۆی لەنێوان پەنجەکانی سانسۆر ڕزگار کردبوو، بەرهەمەکە لەبەر ئەوەی ئاستی هونەری ئەوەندە بەرز بوو، بەتایبەتی «فرمێسک مستەفا» و «کامەران ڕەوف» لە نواندندا. ڕێگەی لە ڕاپۆرتنووسەکان گرت شانۆگەرییەکە بوەستێنن. سەربازێکی ڕاکردوو دیمەنێک بوو بەشێوەیەکی هونەری بنیاتنرابوو، ئۆتۆمبیلی گاز ئەوانەی بەدوای سەربازی ڕاکردوو دەگەڕان لە سلایدێکدا نمایش دەکرا، لەسەر شانۆش کامەران ڕوو لە بینەران ڕایدەکرد.

سێ ڕۆژان هۆڵی گەل لە هەولێر پڕ دەبوو لەو بینەرانەی کە عەشقی شانۆن و ڕێز لە هونەرمەند دەگرن، یەکەم جاربوو لە هەولێر، دوای کۆتایی هاتنی شانۆگەرییەکە ماوەیەکی یەکجار زۆر دەوەستان و چەپڵەیان بۆ ئەکتەرەکان لێدەدا. کامەران پاش ئەو سێ ڕۆژە عەشقی بینەری هەولێر دەبێت. بەردەوام شانۆگەریەکانی ئەوانەی کە زۆر بەهێزبوون دەهێنایە هەولێر، تاوەکو چووە دەرەوەی وڵات.

«ئەحمەد سالار» وەکو پێشەنگی گواستنەوەی شانۆیی؛ دروستکردنی بینینی هاوبەش، ئەستێرەی بەختی لە شانۆگەریی «نالی و خەونێکی ئەرخەوانی» بەرەو ئاسمانی شانۆی کوردی هەڵدەکشێ، ئەم شانۆگەرییە زۆری لەسەر نووسرا، سالار توانی بگەڕێتەوە باوەشی کولتووری کوردی و بە ئاستێکی هونەری نوێی زۆر بەرز، لەوێوە سالار وەکو سەرقافڵەی شانۆی ئاهەنگسازی ناسرا، سێ ساڵ، لەسەر یەکتر سالار شانۆگەریەکانی دەگوازێتەوە بەغدا، لەبەر ئەوەی بینەری کورد لە بەغدا زۆر بە گەرمی ئارەزووی بینینی ئەو شانۆگەریانەیان دەکرد. ١٩٨٧ نالی... دەگوازرێتەوە بەغدا لە ساڵی ١٩٨٨ شانۆگەریی «کاتێ هەڵۆ بەرز ئەفڕێ» لە ساڵی ١٩٨٩ شانۆگەریی «جزیری وانەی ئەڤین دائەدات» لە سلێمانی و بەغدا نمایش کران. ئەوجا لێرەدا، نازانرێ هۆی چی بوو سالار بینەرانی هەولێری بێبەش کرد لە بینینی ئەو شانۆگەریانە، کە خۆی هەمیشە ئەو نیازەی هەبووە.

لە ساڵی ١٩٩٠ عێراق کوێت داگیر دەکا ڕاگەیاندنەکان زەنگی ڕوودانی جەنگێکی گەورە لێدەدەن، لەم سەروبەندەدا، «کامەران ڕەوف» شانۆگەریی «شالیر» نووسینی «ولیەم شکسپیر» وەرگێڕانی «شێرزاد حەسەن» نواندن و دەرهێنانی خۆی، دوای ئەوەی لە سلێمانی نمایشی دەکات دەیگوازێتەوە بۆ هەولێر. شالیر بازدانێکی دیکەی نواندن و دەرهێنانی شانۆیی بوو، ئاستێکی هونەری جوان و بەرزی هەبوو. ڕاستە ئەگەر بڵێین، نە ئەوسا و نە ئێستاش کارەکانی شکسپیر بەم شێوە هونەرییە نمایش نەکراوە. نواندن و دەرهێنانی زۆر نوێ بوو، ئەو لەسەر میتۆدی ستانسلافسکی کاری کردبوو.

«شالیر لە کۆتایی نمایشەکە کە دەهۆڵەکەی دەکوتی و بە ناخ و ئازارەکانی دادەچووە خوارەوە، هەستێکی مرۆیی زۆر قووڵی پڕ لە ماندوویی نمایش دەکرد، ئەو لە یەک کاتدا، بێئاگایی و ئاگایی خۆی دەردەبڕی، کاتێک دێتە پێشەوەی شانۆ لە خوارەوە. وڕو کاس دیارە لیکی دێتە خوارەوە، بەڵام کە دەهۆڵەکەی لێدەدا؛ هونەرمەندێک بوو، بە ئاگاییەوە، زەنگی جەنگی لێدەدا، هەرواش کەوتەوە، شانۆگەریەکە لە ١٩٩٠/١١/٨ لە هەولێر نمایش کرا، لە زستانی ١٩٩١ سوپای عیراق تەفروتونا کرا، لە کوێت بە هاوپەیمانیەتی جیهانی دەرکرا. لە شوباتی ئەوساڵ ڕاپەرین لە دژی ڕژێمی دیکتاتۆری عیراق، لە باشوورەوە بەرەو ناوەڕاستی عیراق هەڵگیرسا، لە ئادار ڕاپەڕین کوردستانی گرتەوە، خەڵکی کوردستان لە شارەکانی هەولێر، سلێمانی، دهۆک ئازاد بوون، سەردەمێکی زۆر نوێ هاتە ئاراوە، باری ئابووری کوردستان زۆر ئاڵۆز بوو بەهۆی، ئابلۆقەی ئابووری جیهانی لەلایەک، ئابلۆقەی ڕژێمی بەغدا لەلایەکی دیکەوە. لەساڵی ١٩٩٢ پەرلەمان و حکومەتی کوردستان دامەزرا، دەستکرا بەدانانی دەزگاکانی حکومەت بەشێوەیەکی نوێ. بۆ هونەری شانۆ زۆر سەخت بوو لە شارێکەوە بچێتە شارێکی دیکە، لەگەڵ ئەوەشدا، لە میهرەجانەکان گواستنەوەی شانۆیی هەبوو بەتایبەتی بەرهەمەکانی سلێمانی ئەمەش بابەتی لێکۆڵینەوەکەی ئێمە نییە. هونەرمەندانی دهۆک لە میهرەجانەکانی شاری هەولێر بەشدارییان هەبووە، شانۆگەرییەکانیان گواستۆتەوە هەولێر.

لەو ماوەیەدا، «دانا عەلی سەعید» شانۆگەریی «دادگا» نووسینی «فوئاد مەجید میسری» دەهێنێتە هەولێر. وەکو بەرهەمێکی هونەری بەرز کاریگەری خۆی دەبێت بەسەر شانۆکاران و بینەرانی شاری هەولێر «کامەران ڕەوف» بە دوو شانۆگەریی لە سلێمانیەوە دێتە هەولێر. شانۆگەری «وێرانە» وەکو ئەکتەر و دەرهێنەر، لەژێر کاریگەریی بارودۆخی نوێی کوردستان نووسرابووەوە، بەرهەمێک بوو زادەی سەردەمی خۆی بوو. پاشان بە شانۆگەریی «چیرۆکی خۆشەویستی» دەرهێنانی

«حوسێن میسری» وەکو ئەکتەری سەرەکی دێتەوە هەولێر.

«چیرۆکی خۆشەویستی» شانۆگەریەکی واقیعی بوو، باسی پیاوێک دەکات «کامەران کە لە کوردستان وەڕس بووەو دەیەوێ بچێتە هەندەران، بەڵام ژنەکەی «کەژاڵ» کە زۆری خۆشدەوێ نایەوێ مێردەکەی بڕوات، ماڵ و وڵاتەکەی بەجێبهێڵێت. لوتکەی دەرهێنان لەو شانۆگەریەدا، ئەو چرکە ساتانەی کۆتایی بوو، کە کامەران وەڕس دەبێ، دەیەوێ سەرخەوێ بکات بەرلەوەی بڕوات، لە پێشەوەی شانۆ خەوی لێدەکەوێ، ڕووناکی دەکوژێتەوە، توند لە دەرگا دەدرێ، بۆ ئەوەی، بەرەو هەندەران بەڕێکەون، بەڵام ژنەکەی بەچرپە بە بینەران دەڵێت: لەسەرخۆبن نەبادا کامەران بە ئاگا بێت، شانۆگەریەکە کۆتایی دێت. هەر لەژێر کاریگەری ئەم شانۆگەریە و بارودۆخی کوردستان «کامەران ڕەوف» دەچێتە دەرەوەی وڵات ژیانی پەناهەندەیی دەباتە سەر.

باری ناوخۆی کوردستان بەهۆی خولەکانی شەڕ بەرەو سەخت و نالەباری دەچوو و شانۆ بە تەواوی کزببوو، گواستنەوەی شانۆیی، بینینی هاوبەش نەما. ساڵی ١٩٩٧ ڕێککەوتنامەی واشنتۆن لەناو وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ئیمزا کرا، هێدی هێدی ئاشتی و ئارامی جارێکی دیکە کوردستانی گرتەوە، شانۆ لە شارەکان برەوی بە جووڵانەوەی ئاسایی خۆی دا، گواستنەوەی شانۆیی سست بوو، تەنیا ئەوەی هەبوو لە شاری دهۆک بۆ بەشداریکردن لە میهرەجانە شانۆییەکانی هەولێر، شانۆکاران بەرهەمەکانیان دەهێنایە هەولێر، لەنێوان سلێمانی و هەولێر ماوەیەک وەستا، گەزیزە عاشقێکی شانۆی کوردییە، وەکو ئەکتەر و دەرهێنەر، ئارەزووی بەردەوامی هەیە بۆ نمایشی هاوبەش و گواستنەوەی شانۆیی لە سلێمانیەوە بۆ هەولێر لە ساڵ ٢٠٠٠ بە شانۆگەریی «گوڵەکانی مەنفا» ڕوو لە هەولێر دەکات. لەو ساڵانەدا گوزەرانی خەڵک زۆر خراپ بوو، ئایندەی سیاسی هەرێمی کوردستان دیار نەبوو؛ پیاوان بەتایبەتی ڕوویان لە هەندەران کرد، لەم گەشتە پڕ لە نائومێدیانەدا، چەندان کارەساتی دڵتەزێن لەناو دەریا ڕوویدا، ژمارەیەکی زۆر لەو پەناهەندانە بەکاری ساختەی قاچاغچییە نێودەوڵەتیەکان، نوقمی ژێردەریا بوون. گەزیزە لە شانۆگەریی «گوڵەکانی مەنفا» دەیویست بینەری کوردستان هۆشیار بکاتەوە بە ئازارەکانی ئافرەت لەم وڵاتە، پەیامی ئەو، پەیامی نیشتمانی و مرۆڤایەتی بوو، گەزیزە گوزارشتی لەو ئازارانە دەکرد، بەڵام بێئومێد نەبوو، هەوڵیدەدا، شانۆ لەناو ئەو مەرگەساتانەدا، جوان بکات، هەست و سۆز و بیرکردنەوەی بینەران بجووڵێنی، گەزیزە لەسەر زاری کارەکتەرەکانی پێمان دەڵێت: «تۆ ئەی ئەوکەسەی ناتوانێ لەو عەشقەی تۆ هەڵبێت، لەم هەموو دڵە زامدارانە بڕوانە، تەماشای برینی ئەم هەموو باڵندە باڵکراوانە بکەو کەمێک سوکناییمان پێ ببەخشە». چ سەردەمێکە؟ هاوڕێکانی سەفەرو غەم لە هەناسەکانی یەکتر بێزارن، ڕێک ناکەوین تەنانەت لەسەر ناونانی شتەکانیش ڕێک ناکەوین»، سەردەمێکی تاعونییە یاسای وەرزەکانیش گۆڕاوە».

گەزیزە دەزانێ بینەرانی هەولێر پێویستیان بە ئەوە بۆیە کە زەمینەی لەبار بووبێت، شانۆکەی گواستۆتەوە، بینینی هاوبەشی لەنێوان سلێمانی و هەولێر دروست کردوە. «گوڵەکانی مەنفا» دەرهێنانەکەی هاوبەش بوو، لەنێوان «گەزیزە و بەدیعە دارتاش» دەقەکە بیرۆکەی گەزیزە و داڕشتنەوەی «دڵشاد مستەفا» بوو. گەزیزە لە قووڵاییدا هەست بە ئازارە کۆن و نوێیەکانی ئافرەتی کورد دەکات، وا دیارە هەر لەم پێناوەشدا، دەیەوێ درێژە بە بەرهەمهێنانی شانۆیی و گواستنەوەی شانۆیی بدات، دوای ئەو بەرهەمە ماوەیەک لە هەولێر دادەبڕێت ٢٠٠٤ و ٢٠٠٥ بە دوو شانۆگەریی بە هەمان پەیامی هونەری مرۆیی دێتەوە شاری هەولێر لە ساڵی ٢٠٠٤ «جەنگی ژوورەکان» و لە ساڵی ٢٠٠٥ «میوانی ئەم ئێوارەیە» دەهێنێتە هەولێر، هەر لەو ماوەیەشدا گەشتێکی شانۆیی بۆ ئەوروپا دەکات. گەزیزە باڵندەیەکی شانۆییە، دەیەوێ گەشت بە هەموو شوێنێکی کوردستان و جیهان بکات، گەر زەمینە بواری بدات و بەربەستەکان وەلاوە بچن، ئەو لە خەمی ئافرەت، بەهای هونەری، پەیامی مرۆیی، شەونخوونی دەکات، هەمیشە خەون بەفڕینی شانۆییەوە دەبینێ.

«ئەحمەد سالار» لە ساڵی ١٩٩٢ تاوەکو ساڵی ١٩٩٧ بەکاری پەرلەمان خەریک دەبێت لە گواستنەوەی شانۆیی دوور دەکەوێتەوە بەڵام لە نووسینی شانۆیی؛ لەسەر میتۆدە تایبەتیەکەی خۆی دانابڕێ، بە نووسین و نواندن، بەشداری گواستنەوەی شانۆیی دەکات. «ئەرسەلان دەروێش» وەکو دەرهێنەرێکی گەنج لە نەوەی هەشتاکان، پێشتر بەشداری هەبووە لە گواستنەوەی شانۆیی بەهۆی میهرەجانەکان، لە ساڵی ٢٠٠١ و ٢٠٠٣ ئەویش دێتە سەر ئەو ئامانجە هونەریە و دوو شانۆگەریی لە هەولێر دەگوازێتەوە شاری سلێمانی. شانۆگەریی «کۆتەڵەکەی «ئەحمەد موختار بەگی جاف» و

شـانۆگـەریی «ئەوانەی توونی باباچوون» لە نووسین و نواندنی «ئەحمەد سالار» دوای ئەوەی لە هەولێر نمایش دەکرێن، پاشان هەردوو شانۆگەریەکە دەگوازرێتەوە بۆ شاری سلێمانی.

«ئەحمەد سالار» لە سالّی ٢٠٠٥ بە شانۆگەریی «گرەوی بەخش کورە دارکەنەکە» نووسین و دەرهێنانی خۆی، گەشتێکی شانۆیی بۆ هەرسێ شاری هەولێر و سلێمانی و دهۆک دەکات. سالار لەدوا شانۆگەرییدا گۆڕانکاریەک لە شێوازی نووسینەکەی دەکات. لە ڕوخسارە ئاهەنگسازیەکەی دوور دەکەوێتەوە، زۆر تر بەلای گێڕانەوەی حەکایەت دەشکێتەوە، وەک چۆن پێشتر، ئەو گێڕانەوەیە، لە بۆتەی ئاهەنگسازیەکەیدا هەبوو. «سدیق حوسێن» دەرهێنەرێکی گەنجە، دەرچووی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی هەولێرە، شێوازی تایبەتی خۆی هەیە لە کارکردندا، ئەو چەند تابلۆیەک، بەشێوەی هونەری نوێ، لە کورتە شانۆگەریەکدا، تارادەیەک ئەو تابلۆیانە پەیوەندییان بە یەکەوە نییە، نمایش دەکات. لەماوەی ٢٠٠٠- ٢٠٠٥ سێ شانۆگەریی لە هەولێر و کۆیە و سلێمانی نمایش دەکات.

دوو شانۆگەریی «چۆلەکەیەک لە تاو ئازارەکانی سەما دەکا». «فرمێسکەکانی مۆم» دەقی ئامادە کراو بوون، «ئەنتیگونا»ش دەقی جیا نەبوو. «سدیق حوسێن» شانۆگەرییەکانی بۆ بینەری شانۆیی نمایش ناکات ئەو پتر بۆ بینەری دەستبژێر ئیش دەکات، ڕەنگە لەمەودوا سدیق نیازی ئەوە بێت وەکو هونەرمەندێکی نوێخواز، پێناسەی هونەری خۆی لەناو نێوەندە ڕۆشنبیری و هونەریەکە بەدەست بێنێ.

«د. قوتبەدین سادقی» نووسەرو دەرهێنەری گەورەی شانۆی کوردی لە کوردستانی ڕۆژهەلات، بۆ یەکەمین جار شانۆگەرییەک لە ئێرانەوە دەگوازێتەوە شارەکانی کوردستان شاکاری «سەردەمی بێتاوانی» بەیادی شەهیدانی هەڵەبجەوە نمایش کرا، هونەری ڕیالیزمی بوو، ئەوەی بینرا کارێکی هونەری زۆر مەزن بوو، لەنواندن، بەتایبەتی هەردوو خوشکی داهێنەر «کۆ برا مەلکی» و «شیرین مەعازی» ماوەی دوو سەعات ئاستێکی هونەری وایان نیشاندابن، پێشتر لە شانۆی کوردیدا نەبینراوە. دەق و دەرهێنانەکە بنیاتە ڕیالیزمەکەی ئەوەندە بەهێز بوو ماوەی ئەو دوو سەعاتە بینەر کپ و بێدەنگ لە هۆلّەکە، تەماشای شانۆگەرییەکەی دەکرد، ئەو ماوە درێژە بۆ بینەری هەولێر زۆر بوو، شانۆکاران بینەریان وا ڕاهێناوە، ماوەی نمایش، ئەوانەی کە درێژن، لە سەعات و نیوێک تا سەعاتێک و چل و پێنج خولەک تێپەڕ ناکات، ئەمەش پەیوەندی بە هەناسەی هونەری شانۆکارانەوە هەیە، ئەوەی من دەیلێم، بە گشتی شانۆی کوردی لە هەر چوار شارەکەی ئەم هەرێمەی کوردستان وایە، بێگومان چەند شانۆگەرییەک ئەو ماوەی تێپەڕاندووە بەتایبەتی دەقە جیهانییەکان.

### ئەنجام

دوای ئەوەی، سێ قۆناغمان لە بینینی هاوبەش و گواستنەوەی شانۆیی، لەنێو شارەکانی کوردستاندا، نمایش کرد دەگەینە ئەم ئەنجامانە.

١- شانۆی کوردی لە سالّی ١٩٢١وە تاوەکو سالّی ١٩٧٠ واتە ماوەی پەنجا سالّ، بە دەگمەن نەبێ، لەچوارچێوەی شارەکان دەرنەچووە، بینینی هاوبەش لەنێوان شارەکانی کوردستان نەبووە.

٢- گواستننەوەی دوو- سێ شانۆگەریی، «لەڕێی نیشتماندا» ١٩٤٦، «سەرینی باداری» لە ١٩٦٩ لە سلێمانیەوە بۆ هەولێر، نابێتە بنەمایەکی مێژوویی لە بینینی هاوبەش و گواستنەوەی شانۆییدا.

٣- شانۆی عیراقی لەسەر دەستی هونەرمەندی گەورە «حەقی شبلی» لە سالّی ١٩٢٩وە گەشتی بەناو شارەکانی کوردستان کردووە، بینەری ئاشنا بە هونەری شانۆ کردووە.

٤- شانۆی بیانی، لە دروستبوونی دەولّەتی عیراقیەوە، گوازراوەتەوە بۆ ناو شارە عەرەبییەکانی عیراق، ئەو شانۆیە لە هەموو سەردەمە سیاسییەکانی عیراقدا، بۆ ناو شارەکانی کوردستان قەدەغە بووە.

٥- گواستنەوەی شانۆیی وەکو نەریتێک لەناو کوردستان، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی زێڕینی یەکەمی شانۆی کوردی، لە سالّی ١٩٧٠دا، ئەوسالّەی کە ڕێککەوتنامەی ئاشتی بۆ ماوەی چوار سالّ لەنێوان سەرکردایەتی شۆڕشی ڕزگاریخوازی کورد و حکومەتی ئەوسای عیراق ئیمزا کرا.

٦- ئارەزووی گواستنەوەی شانۆیی لەنێو شانۆکارانی کوردستان هەبووە، بە جیاوازی لەنێوان شارێک و شارێکی دیکەدا.

٧- شانۆی کوردی لە شاری کەرکووک، لەبەر بارودۆخە نالەبارە سیاسیەکەی زۆر سست بووە، لە نیوەی دووەمی حەفتایەکان بە تەواوی قەدەغەکراوە، شانۆ لەو شارە نەگوازراوەتەوە شارەکانی دیکەی کوردستان.

٨- شانۆ لە شاری دهۆک هەر لە سەرەتاوە

جوولانەوەکەی زۆر سست بووە، لە سالآنی هەشتایەکان دەستی بە بووژانەوە کردووە، شانۆ بە دەگمەن گوازراوەتەوە بۆ شارەکانی دیکەی کوردستان، بەلآم لە فیستیڤاڵەکاندا بەشداری هەبووە.

٩- ئارەزووی بینینی هاوبەش و گواستنەوەی شانۆی لە شاری هەولێر دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای حەفتایەکان، لەسەر دەستی هونەرمەندان «تەلعەت سامان»، «سەباح عەبدولڕەحمان» لە هەشتایەکان تاوەکو ئێستا ئەم ئارەزووە وەستاوە، بەلآم لە فیستیڤاڵەکاندا، شانۆی شاری هەولێر بەشداری هەیە.

١٠- گواستنەوەی شانۆیی لە شاری سلێمانی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٤٦ وەکو سەرەتا، بەلآم لە ساڵی ١٩٦٩ وە بە بەردەوامی و تاوەکو ئێستا ئەو نەریتە شانۆییە هەیە. «ئەحمەد سالار» وەکو پێشەنگی ئەو شارە لە ساڵی ١٩٧٢وە تاوەکو ئێستا بەردەوامە لەسەر گواستنەوەی شانۆیی لەنێو شارەکانی کوردستاندا. «کامەران ڕەوف» لەنیوەی دووەمی هەشتاکاندا تاوەکو ساڵی ١٩٩٤ بەردەوام بوو لەسەر گواستنەوەی شانۆگەریەکانی لە سلێمانییەوە بۆ هەولێر پاشان چووە دەرەوەی ولآت، ئێستا پەناهەندەیە «گەزیزە عومەر عەلی ئەمین» هەر لەنیوەی دووەمی هەشتایەکان و بەر لە «کامەران ڕەوف» تاوەکو ئێستا بەردەوامە لەسەر گواستنەوەی شانۆیی لە سلێمانییەوە بۆ هەولێر و ئێستا دەرگای ئەورووپاشی لێ کرایەوە.

«گواستنەوەی شانۆیی لە کوردستاندا، بەر لە ڕاپەڕین لەلایەن ڕژێمە سیاسییەکانی عیراق کۆنترۆڵ کرابوو، کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر شانۆکاران هەبوو، وەکو: «تەلعەت سامان» لە شانۆگەریی «پیلان» لە ساڵی ١٩٧٧، «جەلیل زەنگەنە» لە شانۆگەریی «مانگی ئاوابوو» لە ساڵی ١٩٨٣. لەدوای ڕاپەڕین، بەهۆی شەڕی ناوخۆ و دابەشبوونی هەرێمی ئازاد بەسەر دوو ئیدارە، گواستنەوەی شانۆیی سست بوو، یان نەما، لەدوای ڕێککەوتنامەی واشنتۆن، گواستنەوەی شانۆیی جوولانەوەی تێکەوت، واپێدەچێت بەکاریگەریی ئازاد کردنی عیراق، گواستنەوەی شانۆیی بووژانەوەیەکی دیکە بەخۆیەوە ببینێ.

١٢- شانۆ کە دەگوازرێتەوە لە شوێنێک بۆ شوێنێکی دیکە، دەقاو دەق وەکو خۆی نمایش دەکرێتەوە، تاوەکو ئێستا هیچ جۆرە ئەزموونێک یان شێوازێک نەبووە، لەکاتی گواستنەوەدا، گۆڕانکاری بنەڕەتی بەسەر شێوەی نمایشەکەدا هاتبێت.

١٣- شانۆی گەڕۆک لە کوردستان نەبووە، تەنیا تیپی شانۆی لادێ لە هەولێر هەبووە، کە شانۆگەریەکانی دوای ئەوەی لە هەولێر بەرهەم هێنراون پاشان لە گوندەکان نمایش کراون. ئەمەش ئامانج و شێوازی تایبەتی شانۆیی بووە. ئەو دەرهێنەرانەی کە کاریان کردووە «فەتاح خەتاب، سەعدون یونس، زوهێر عەبدولمەسیح».

١٤- شۆڕشی کوردستان دوای نسکۆی ١٩٧٥ کە بوژاوەتەوە، جوولانەوەی شانۆی شۆڕشگێڕی تێکەوتووە بەتایبەت لە ساڵەکانی ١٩٨٠ بەرەو سەرەوە، لەو جوولانەوە شانۆییەدا لە گوندەکان شانۆگەری نمایش کراوە و گوازراوەتەوە بۆ ئەو گوندانەی کە ئازاد کراون، ئەم جۆرە شانۆیە چەشنی شانۆی لادێ خاسیەتی خۆی هەبووە، هەرچەندە دەچێتە خانەی بینینی هاوبەش لە گواستنەوەی شانۆییدا.

١٥- لە شارەکان فیستیڤاڵی شانۆیی سازکراوە، شانۆگەرییەکان گوازراونەتەوە ئەو شارەی کە فیستیڤاڵەکەی لێ سازکراوە، ئامانجیش لەو فیستیڤاڵانە، پێشبڕکێی هونەری بووە، بەلآم بینەران هاوبەش نەبوونە لە گواستنەوەی ئەو شانۆگەرییانە، ئەو فیستیڤاڵانە خاسیەتی تایبەتی خۆیان هەبووە.


**سەرچاوە و پەراوێز:**

**١- محەمەد تەیمور، دەربارەی دراما و ڕەخنە گۆڤاری کاروان ٤١/ ١٩٨٦.**

**٢-احمد فیاض المفرجي، الحیاة المسرحیة في العراق طبعة ١٩٨٨.**

**٣- حەمە کەریم هەورامی، شانۆگەری فالچی چاپی ١٩٧١.**

**٤- حەسەن تەنیا شانۆ و شانۆی کوردەواری چاپی ١٩٨٥.**

**٥- سەفوەت جەراح، دیمانە موحسین محەمەد گۆڤاری ڕامان ژمارە ٨٤-٨٥/ ٢٠٠٤.**

**٦- ئەحمەد سالار بیبلۆگرافیای کارە هونەرییەکانی، شانۆی سالار چاپی ١٩٩٩.**

**٧- پرۆگرامی شانۆگەری «مام حەسەن دەگەڕێتەوە» ساڵی ١٩٨٠.**

**٨- دەقی شانۆگەری «خالۆی ڕێبوار» ئەرشیف ١٩٧٢.**

**٩- مێژووی شانۆی کوردی نووسەری ئەم لێکۆڵینەوەیە. «١٩٢١- ١٩٢٩، ١٩٤٠-١٩٤٩، ١٩٦٠، ١٩٦٩، ١٩٧٠-١٩٧٩، ١٩٨٠-١٩٨٩» گۆڤاری ڕامان ژمارەکانی «٩، ١٥، ٤٦، ٥٨، ٦٧، ٦٨، ٦٩».**

**١٠- بینین و پڕۆگرامی شانۆگەرییەکان لەساڵی ١٩٨٠ بەرەو سەرەوە.**

**١١- پرسیار لەم هونەرمەندانە کراوە «تەلعەت سامان، موئەیەد فەقێ، غازی غەفور، ئازاد جەلال».**

**١٢- حەمە سەعید حەمە کەریم، گۆڤاری بەیان ژمارەی «١٩٨١» سەبارەت بە نمایشی «سەرینی باداری».**

# سینەمای ئێران، ئەزموونێکی دەوڵەمەند، پێشکەوتنێکی بەردەوام

عیرفان ئەحمەد محەمەد
(هەڵەبجەی شەهید)

**پێشەکییەکی زۆر کورت لە بارەی سینەماوە**

چاو یەکێکە لە سەرچاوە سەرەکییەکانی مرۆڤ کە لەڕێیەوە زانیاری و هەواڵ و شارەزایی دەست دەخات، تەنانەت ئەگەر لەگەڵ سەرچاوەکانی دیکەی مرۆڤ بەراورد بکرێت، زۆرترین زانیاری لێوە دەست دەخرێت، سینەما زمانی چاوە، ئەمەش لەلایەنێکیدا دەستپێکردنی سینەمای بێ دەنگ و کاریگەریە مەزنەکەی دەردەخات، واق وڕمان و کارتێکردنمان لە هەندێک فیلمدا (بێ ئەوەی لێی تێبگەین) بێ هۆ نییە.

لە دێر زەمانەوە مرۆڤ یەکێک لە ئارەزووەکانی بە جووڵە هاتنی وێنەکان بووە و لەمەشدا بە هەر هۆکارێک بۆی لوابێت دەستەوسان نەبووە، تەنانەت ئەگەر بە خەیاڵ کردنیش بووبێت. «بەجووڵە دەرهاتنی وێنەکان لە ڕاستیدا خەونی چەندین هەزاران ساڵەی مرۆڤ بووە، ئەو وێنانەی کە لە (٢٥) هەزار ساڵ پێش ئێستا لەسەر دیوارەکانی ئەشکەوتی (ئالتامیرای) ئیسپانیا بۆ یادگاری ماوەتەوە، نیشانەی ئەم ئارەزووەی مرۆڤ بووە... لەم ئەشکەوتەدا باس لە وێنەی بەرازێک دەکرێ کە دوو جووت دەست و دوو جووت پێی هەیە.. دەتوانرێ ئەم وێنانە بە باوکی ئەنیمەیشن (کارتۆنی) دابنرێ» (١).

«لە سەدەی (١٥-١٦)دا هونەرمەندی ئیتالی (لیوناردۆ داڤنشی) ئامێری (ژووری تاریک)ی داهێنا و بریتی بوو لە سندووقێک و لە ناوەوە بە ڕەنگی ڕەش ڕووپۆش کراوە و لە یەکێک لە لایەنەکانیدا کونێکی بچووکی تێدا بووە و بەهۆی عەدەسەیەکەوە وێنەی نیشان

دەدات(٢) «لەسەر ڕووی دیواری ئەم ژوورەدا پەنجەرەیەکی، یا کونێکی تێدا دروست کرد و ئەو پارچەیەی وێنەکەی تێدا دەکێشا، لە بەرامبەر کونەکە دادەنا. ئەگەر ئەم هۆکارە لە بەرامبەر دیمەنێک دابنرێت لەبەر ئەوەی ژوورەکە هیچ کلاوڕۆژنە و درزێکی تێدانەبوو، وێنەیەکی پێچەوانە لە دوور نمای بەرامبەری ئەوە لەسەر ڕووی پارچەکە دەردەکەوێت و وێنەکێش دەتوانێت بەخێرایی وێنەکە بکێشێت» (٣)

ئەم ژوورە تاریکەی داڤنشی وردە وردە و قۆناغ بە قۆناغ بەرەو پێشکەوتن چوو و کاری لەسەر کرا تاوەکو پاش هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆر و لەلایەن کەسانێکی جیاوازەوە و لە شوێنانێکی جیاواز لە «ڕۆژی (٢٨)ی کانوونی یەکەمی ساڵی (١٨٩٥) برایانی لومبیر بە ئامێری (سینەما توغراف) لە هۆڵی (بولیڤار) دەوترێت «ژێر زەمینی کافتریایەکی گەورەی پاریسیان بەکرێ گرتووە» (٤). پاریس یەکەم کاری پیشاندانی سینەمایان بۆ جەماوەر ئەنجام دا و بلیتی چوونە ژوورەوە بۆ هەر کەسێ نرخی یەک فرانک بوو، یەکەم ڕۆژ (٣٥) کەس ئامادەبوون و (١٠) فلیمی کورت نیشان درا و هەریەکەی ماوەکەی یەک بۆ دوو خولەک بوو، فیلمەکان، ئەم دیمەنە سەرەتاییانەیان لەخۆگرتبوو: دەرچوونی کرێکاران لە کارخانەی میر، حەبلی کراوە، ڕاوکردنی ماسییە سوورەکان، خۆراکدان بە منداڵ، دەریا، هاتنی شەمەندەفەر بۆ وێستگەی هێڵی ئاسن، باخەوانی تەڕ بوو.. تاد بۆیە ڕۆژی (٢٨)ی کانوونی یەکەمی (١٨٩٠) ڕۆژی لەدایکبوونی هونەری سینەمایە لە جیهاندا» (٥).

سینەما بە هونەری حەوتەم دادەنرێت کە پاش تەلارسازی، پەیکەرسازی، شانۆ، نیگارکێشان، مۆسیقا، سەما پەیدا بووە.

«یەکەمین بەرهەمی سینەمایی دەنگدار، چەند فیلمێکی کورتی کۆنسێرتی مۆسیقابوون. لە ساڵی (١٩٢٧)دا لە دەرهێنانی فیلمی (گۆرانیبێژی جاز) لە نواندنی ئال جالسون یەکەمین فیلمی سینەمایی دەنگدار هێنرایە سەر پەردەی سینەما» (٦). لە سینەمادا لەیەک چرکە بیست و چوار وێنە نمایش دەکرێت.

پاش پەیدابوونی ئامێرە تەکنۆلۆژییەکان و هاتنەئارای کۆمپیوتەر، ئێستا کۆمپیوتەر ڕۆڵێکی ئێجگار گەورە دەبینێت لە هەندێک فیلمدا بەتایبەتی لە فیلمەکانی خەیاڵی زانستیدا، فیلمی (تایتانیک)ی بەناوبانگ، زۆربەی دیمەنەکانی ڕووداوی ناو کەشتییەکەی بەکۆمپیوتەر دروست کراوە تەنانەت هەندێک دەڵێن فیلمی ناوبراو لەسەدا نەوەدی بەکۆمپیوتەر دروست کراوە.

لە فیلمێکی دیکەدا «لە یەکێک لە دیمەنەکان کە پێشکەشکردنی حەوت چرکەی خایاند ئامادەکردنی ئەو دیمەنە (حەوت چرکەییە) (چل) سەعاتی خایاند کە شەش کەسی پسپۆڕ و (بیست) یاریدەدەر و (هەشت) شێوەکار و (بیست) بەرپرسی عەقڵی ئەلکترۆنی لە بەرهەم هێنانیدا بەشداربوون» (٧)

ئەمانە بێجگە لە فیلمە کارتۆنییەکان کە بە هۆی کۆمپیوتەرەوە بەرهەم دەهێنرێن.

## کورتە مێژوویەک سەبارەت بە سینەمای ئێران

لەو گەشتەی کە (موزەفەرەدین شاە) لە ساڵی (١٩٠٠) بۆ پاریس ئەنجامی دا، ناوبراو کامێرایەکی وێنەگرتنی کڕی و دایە (میرزا ئیبراهیم خانی عەکاس باش)ی وێنەگر بۆ ئەوەی ڕێوڕەسمی (ئاهەنگی گوڵەکان)ی پێ وێنە بگرێت. دەشوترێت «کە یەک مانگ دوای ئەوە لە بەلجیکا میرزا ئیبراهیم فیلمێکی لەو مەراسیمەدا ئامادەکرد» (٨) کەواتە یەکەمین فیلمی بەڵگە نامەیی ئێرانی لە (١٩٠٠)دا نمایش کراوە. «ئەڵبەتە ئەم وێنەگرتنانە مەبەستێکی دیاریکراویان نەگەیاندووە و زیاتر لایەنێکی تایبەتیان هەبووە(٩).

لەو مێژووە بەدواوە، چەند فیلمێکی بەڵگەنامەیی وێنەگیراوە، دواتر لە ساڵی (١٩٢٠)دا (خان بابا موعتەزەدی) کە لەفەرەنسا دەیخوێند لە کاتی گەڕانەوەیدا بۆ ئێران کامێرایەکی لەگەڵ خۆیدا هێناو توانی چەند دیمەنێک وێنە بگرێت. (١٠)

ساڵی (١٩٢٤) لەلایەن چەند کەسێکی بیانییەوە چەند فیلمێکی بەڵگەنامەیی دروست کرا بەناوبانگترینیان فیلمی (کۆچ) بوو کە لەلایەن (مریان سی کوپر)ی دەرهێنەر و (ئەرتست بی. شودزاک)ی وێنەگر و (مارگرین هرمیسون)ی ئەمریکایی بوون» (١١) «لە ساڵی (١٩٢٥)دا (خان بابا موعتەزەدی) لە ئەنجومەنی دامەزرێنەراندا وردتر بڵێین لە (١٩٢٦)دا لە ڕێوەڕەسمی تاج لەسەر کردنی شادا یەکەمین فیلمە هەواڵدەرییەکانی دروست کرد.» (١٢)

عەلی وەکیلی یەکێکی دیکە بوو لەوانەی هەوڵی نمایشکردنی فیلمی دا، لە (١٩٢٤) لە بەغداد چوو بۆ چەند سینەمایەک و دواتر بڕیاری دا هۆڵێکی سینەما لە ئێراندا دروست بکات. پاش گەڕانەوەی هۆڵی (گراند

هوتیل)ی بەکرێ گرت بۆ نمایشکردنی فیلم.. لەو ڕۆژگارەدا چوونی ژنان بۆ سینەما عادەت نەبوو. وەکیلی هۆڵەکانی سینەمای فراوان کرد و هۆڵی خوێندنگەی زەردەشتیانی کچانی بەکرێ گرت بۆ پیشاندانی فیلم بۆ ژنان. پاشان سینەما لە ئێراندا کەوتە گەڕ و سینەماکاران دەستیان بەکار کرد، لە (١٩٢٥) بەدواوە سینەما ڕەونەقی پەیداکرد و لەتاران «٧» هۆڵی سینەما دروست کرا.

لە فیلمی بەڵگەنامەییدا کەسانێکی ناسراو لەکاردابوون لەوانە:

١- ئیبراهیم گلستان بە دامەزراندنی ستۆدیۆی وێنەگرتنی فیلم لە (١٩٥٦)دا دەستپێشخەری فیلمی کورتی بەڵگەنامەیی کرد لەوانە: لەتنۆکەوە تا دەریا، ئاگرێک، ئاو و گەرما، تەپۆڵکەکانی مارلینک، ئێمە مرۆڤین، ڕەش و سپی... تاد.

٢- کامەران شیردل: پاش تەواوکردنی خوێندن لە بەشی سینەما گەڕایەوە و دەستی بە سازکردنی فیلم کرد لەوانە: ئەو شەوەی باران باری، تاران پایتەختی ئێرانە، قەڵا، باشووری شار، ڕۆژی سیمین، پەیکان، گاز، ئاگر.. تاد.

٣- مەنوچەری تەیباب: پاش چوونی بۆ ئوتریش (نەمسا)، بڕوانامەی سینەمای وەرگرت و لە (١٩٦٣)دا گەڕایەوە نموونەی فیلمەکانی: شەوانی تاران، مزگەوتی شا، پارێزگای قودس دەزەوی، ئابادان..

٤- عەباسی کیارۆستەمی: بەشی شێوەکاری لەکۆلێژی هونەرە جوانەکانی تاران تەواو کردووە و لە ساڵی (١٩٦٣)دا بە دروستکردنی فیلمی بەڵگەنامەیی و پروپاگەندە دەستی پێکرد لەوانە: زەنگی پشوو، ئەزموون، دوو ڕێگە بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەیەک، جلی بووکێنی، منم دەتوانم، ڕەنگەکان، بەتەرتیب یان بێ تەرتیب... تاد(١٣)

لەکۆتایی دەیەی ساڵی (١٩٣٠)دا سینەما لە ئێران وەک هونەرێک قبووڵ کرابوو، واتە سەرەڕای هۆڵی سینەما و بینەر، ڕەخنەگران و کاربەدەستانی چاودێریش لەسەر فیلم جێگەی خۆیان کردبۆوە. لە هەمان ساڵدا دەوڵەت یاسای (نمایشەکان و سینەماکان)ی دەرکرد. بەپێی ئەم یاسایە دەبوو خاوەن سینەماکان مۆڵەتی نووسراو وەربگرن، دەبێ لێپرسراوان پێش نمایشکردن، فیلمەکە ببینن، فیلمی بەدڕەوشتی قەدەغە کرابوو. سەرەڕای جگەرەکێشان و هێلکە شکاندن لە هۆڵی سینەما، دانانی کورسی زیادە و وەستانی بینەران لە هۆڵدا قەدەغە بوو. هەر لە هەمان ساڵدا (ئەوانیس ئۆکیانیانس- ئاوانلک ئوهانیان) خوێندنگەی ئارتێستی (وشەیەکی فەرەنسییە بە مانای هونەرمەند، یا کەسێک لە بەشێکی هونەردا پسپۆڕبێ) سینەمای دامەزراند. ناوبراو پەنابەرێکی ئەرمەنی- ڕووس بوو. لە قۆناغی یەکەمدا زیاتر (٣٠٠) کەسی نووسی، بۆ ئەوکاتە ژمارەیەکی سەرنجڕاکێش بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەی کە خوێندنگەکە وانەی تایبەتی بۆ کچانیش تێدابوو، هیچ کەسێک یا ژنێک ناوی نەنووسی، لەوانەکانی ئەم خوێندنگەیە (وێنەگرتن، شمشێر بازی، بالیە، تەکنیکی سینەما، وەرزشی سوێدی) تێدابوو.

یەکەم فیلمی بێ دەنگی ئێرانی بەناوی (ئابی و ڕابی) بوو لە «١٢/١٢/١٩٣٠»(١٤) بەپێی بۆچوونێکی دیکە فیلمی ناوبراو لە ساڵی (١٩٢٩)دا نمایش کراوە و بە هاوکاری (باباخان موعتەزەدی) هاتۆتە بەرهەم و بە یەکەمین فیلمی درێژی داستانی ئێرانی دێتە ئەژمار.(١٥)

کەواتە پێدەچێت فیلمی (ئابی و ڕابی) لەنێوان (١٩٢٩-١٩٣١)دا نمایش کرابێت. فیلمی ناوبراو لەسەر کارەکانی هەردوو ئەکتەری کۆمیدی دانیمارکی (پات و پاتاشون) دانرابوو، بەیەکەوە گاڵتەیان دەکرد بۆ نموونە: ئابی بەپەلە بڕێکی زۆر ئاو دەخواتەوە، بەڵام سکی ڕابی بەرزدەبێتەوە، ئابی لەتاو بێخەوی ئەوەندە سەری لەسەر سەرینەکە دێنێ و دەبا هەتا سەرینەکە پارچە پارچە دەبێت و پەڕەکانی دەچێتە ئاسمان، لەم کاتەدا ڕابی دێتە ژوورەوە و بەخەیاڵی ئەوەی بەفر دەبارێ چەترەکەی دەکاتەوە و لەسەر سەری ڕادەگری.

فیلمی (کچی لوڕ) یەکەمین فیلمی دەنگداری ئێرانییە لە ساڵی (١٩٣٣)دا ئەردەشیری ئێرانی بەهاوکاری (عەبدول حسێن سپنتا) دروستی کرد(١٦) سپنتا لە ساڵی (١٩٢٩)دا ڕۆژنامەی (دوورنمای ئێران- بەڵگەنامەیی ئێران) لە بۆمباری بڵاوکردەوە.

پاش حەوت مانگی کارکردن، فیلمەکە تەواو بوو لە هەردوو سینەمای (مایاک) و (سویا) دوو ساڵ نمایش کراو هەتا لەلایەن ڕەخنەگرانەوە پێشوازی لێکرا. هەندێک سەرەتای فیلمی بەڵگەنامەیی و قۆناغی دواتر بە قۆناغی یەکەم و دووەم دادەنێن (ئەمیر ئیسماعیلی لە ١٩٢٩- ١٩٧٨) بە قۆناغی لەدایکبوون تا پێگەشتن دادەنێن، لە (١٩٧٨-٢٠٠١) بە قۆناغی پێگەشتن تا گەشەکردن و بەرەو پێشەوە چوون دادەنێت)(١٧).

بەپێی بۆچوونی یەکەم قۆناغی سێیەم لە ساڵی

(١٩٦٣)ەوە دەستی پێکرد. ئەم سینەمایە سینەمایەکی بازرگانی بوو کە ئامانجی پارە پەیداکردن بوو، ڕاکێشانی کۆمەڵانی خەڵک و دابینکردنی خواستەکانی حکومەتی کاتی بوو... لە قۆناغی سێیەمدا خاوەن سەرمایەکان سەرنجی قازانجکردنی ئەم پیشەیەیان دا و سەرمایەیەکی زۆریان لەم ڕێگەیەدا سەرف کرد.

ئەم قۆناغە بە فیلمی (گەنجی قاروون) لە ساڵی (١٩٦٦)دا دەستی پێکرد و تا (١٩٧٨) بەردەوام بوو. لە ساڵێکدا فیلمسازان (٦٩) فیلمی ناوەندییان بەرهەم دەهێنا. لە (١٩٦٧-١٩٧٨)«٧٦٨» فیلم بەرهەم هاتووە.

فیلمەکانی قۆناغی سێیەم و بەگشتی پێش شۆڕشی ئیسلامی گەلانی ئێران دەکرێت بە چەند خاسیەتێکەوە بناسرێتەوە لەوانە:

١- لەسەر یاسا و دانانی چیرۆکی گشتی و ئەفسانەکانی داڕێژرا بوو. بنەمای چیرۆکی ئەم سینەمایە هەمان ئەفسانەی شازادەیەک بوو کە دێتە ماڵی کچی هەژار و داخوازی دەکات، یان چیرۆکی پیاوێکی هەژار کە لە پڕێکدا دەگاتە سامان و دەسەڵات، لە زۆربەی فیلمەکانی ئەو قۆناغەدا پاڵەوانی هەژار لەگەڵ کەسانی بەدەسەڵات و خۆشگوزەران کە خزمایەتییان هەبوو خۆی بێئاگا بوو. کوڕێکی هەژار ڕۆڵی، ئەکتەر دەبینێت و کچێکی دەوڵەمەند، ڕۆڵی ئامادەکاری فیلم، یان خاوەن سینەما، یان بەرهەمهێنەری فیلم دەبینێت و کوڕەکە لەم ڕێگەیەوە دەگاتە نانی خۆی، ئەگەر لەسەر کەسێتی و ناوبانگی خۆشی بووبێت، خۆ ئەگەر خێزاندار بێت، خێزانی هەژاری باجدەری یەکەمی ئەم گەیشتن بە نانەی هاوسەرەکەیەتی.

فیلمی (گەنجی قاروون) لە ساڵی (١٩٦٦)دا بەرهەمی (سیامک یاسمی)یە، قاروون پیاوێکی زۆر دەوڵەمەندە بڕیاری خۆ کوشتن دەدات و پیاوێکی هەژار ئەو ڕزگار دەکات. لەدوای ململانێ و چەند ڕووداوێکی زۆر دەردەکەوێت قاروون باوکی پیاوێکی هەژارە و لە کۆتاییدا پاڵەوانەکە دەستی دەگاتە سەروەت و سامان و لەو ژیانە سەختە ڕزگاری دەبێ.

(گەنجی قاروون) یەکەم جار (٣٤٥) ڕۆژ نمایش کرا دانیشتوانی ئەو کاتەی تاران سەرووی ملیۆنێک بووە، زیاتر لە (٧٨٠٠٠٠) کەس فیلمی ناوبراویان بینیوە.

٢- لای جەماوەر و بینەر هێندە گرنگی بە کەسێتییەکان و ئەکتەرەکان دراوە هێندە گرنگی بە ناوەرۆک و ڕووداوەکان و لایەنە هونەرییەکان نەدراوە، ئەمەش ناڕاستەوخۆ کاریگەری هەبووە لەسەر دووبارەیی چیرۆکەکان و لاساییکردنەوەی فیلمە بیانییەکان و لاوازی ناوەرۆک. سیرویس تەسلیمی دەڵێت: «بە بەراورد لەگەڵ پێش شۆڕش، دەستمایەی ئەکتەر کەمترە: (لە ڕابردوودا زۆربەی خەڵک لەبەر خاتری ناوی ئەکتەر بۆ سینەما دەچوون، بەپشت بەستن بەوە (٣/١)ی بودجەی فیلم وەک دەستمایە بە ئەکتەر دراوە، بەهرۆزی و سوتی و فەردین هێندە خۆشەویست بوون لە هەر فیلمێکدا ڕۆڵیان بینیایە خەڵک دەچوو بۆ بینینی فیلمەکە، بەڵام پاش شۆڕش خەڵکی گرنگی بەناوەرۆک و داستان زیاتر دەدەن و کەمتر ئەکتەر گرەنتی فیلم فرۆشتن دەدات» (١٨).

٣- زۆرێک لە فیلمەکان داستانەکانیان لە فیلمە بیانییەکانەوە ڕاستەوخۆ وەرگیراون، یان بە ئێرانی کراون و تەفریس کراون، ئەمەش کاریگەری هەبووە لەسەر فیلمەکان، تەنانەت جار هەبووە تەنیا ناوی فیلمەکە لە بیانییەوە گۆڕاوە بۆ فارسی و هەندێک گاڵتە و گەپی بۆ زیاد کراوە.

فیلمی (سوڵتانی دڵەکان ١٩٦٩) دانانی (محەمەد عەلی فەردین) چیرۆکی ئەم فیلمە لەسەر فیلمی (ئاشنا)ی هیندی دانراوە، فیلمی (سەنگی ئارامگرتن-١٩٦٩) دەرهێنانی عەباسی کەسانی لە فیلمی هندی (سوێند)ەوە وەرگیراوە، فیلمی (هاروون و قاروون) لە (١٩٦٧)دا دانانی (نیزامی ماف) لەسەر بنەمای چیرۆکێکی ئیتالی بوو. نەبوونی فیلمنووسی چاک و سەرکەوتوو و فیلمنانە لەمەدا ڕێگر بوو.

٤- فیلمەکان هێندە گرنگیان بە لایەنی بازرگای داوە و ڕەزامەندی بینەریان مەبەست بووە، هێندە گرنگیان بە ناوەرۆک و لایەنە هونەرییەکان نەداوە، جۆری بینەران گەورەترین هۆکاری شکستی سینەمای بازرگانی بوو، بەتایبەت لە قۆناغی سێیەمدا، واتە هەمان ئەو هۆکارەی کە بووە هۆی دروستبوونی ئەم سینەمایە لە کۆتاییدا لایەنی خراپیشی بەدواوە بوو، لە (١٩٧٢) بەدواوە گەنجەکانی شار حەز و ئارەزوویان جیاواز بوو لەو خەڵکە گوندنشینەی کە لە (١٩٦٢)دا هاتبوونە شار.

کۆمەڵەی ئاماری ئەنجومەنی باڵای وەزارەتی فەرهەنگ و هونەر ئەوە پیشان دەدات کە لە ساڵی (١٩٧٧)دا ساڵانە (٤٨) ملیۆن کەس دەچنە سینەما، لەو ژمارەیە «٣٦» ملیۆن «٤٨٠» کەسی گەنج بووە، ئەو لاوانە ئیتر حەزیان بە (گەنجی قاروون) و (سوڵتانی دڵەکان) و (هاروون و قاروون) نەدەکرد، بەڵکو حەزیان بە سینەمای

واقیعگەرایی دەکرد کە باسی کێشەکانی ئەوان بکات. خەون و بیرکردنەوە و گەشەکردن و بارودۆخ و کات و شوێنی ئەمان لەگەڵ ئەوانی دی جیاواز بوو، هەر بۆیە سەیر نییە ئەگەر حەز بە فیلمە ئەفسانەیی و گشتییەکان نەکەن.

٥- نەبەزاندنی هێڵەکانی سیستەمی پاشایەتی و خزمەتکردنی شاو شازادەکان و دەست و پێوەندەکانیان و بازاڕ گەرم کەرەکانیان خاڵێکی دیکە بوو، تەنانەت یەکەم فیلمی بەڵگەنامەیی ئێران کە (میرزا ئیبراهیم خانی عەکاس باش) لە جەژنی گوڵەکاندا وێنەی گرت ڕێوڕەسمی شا بوو لە گەشتەکەیدا و دواتر لە تاران بۆ فەرمانڕەوایان نمایش کرا و دواتریش جەماوەر فیلمەکەیان بینی.

لەوە دەچێت ئەمەش ناڕاستەوخۆ هۆکارێک بوبێت بۆ زاڵبوونی سینەمای بازرگانی و خەریککردنی جەماوەر پێیەوە.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا فیلمە ئێرانییەکانی پێش شۆڕش لە خەڵات و ئامادەبوون لە فێستیڤاڵە سینەماییەکاندا بێبەش نەبوون- فیلمی (مارە ڕەشەکە)ی فەروغی فەرخزاد لە ساڵی (١٩٦٤) لە فێستیڤاڵی (ئۆبەر هاوزن) خەڵاتی باشترین فیلمی بردەوە، لە هەمان ساڵدا فیلمی (گوڵاڵە سوورەی سووتاو)ی هۆشەنگ شفتی خەڵاتی ورچی زیوینی فێستیڤاڵی بەرلینی بردەوە، لە (١٩٦٥)دا فیلمی بەڵگەنامەیی (تەپۆڵکەکانی مارلینک) لە دەرهێنانی ئیبراهیم گلستان لە فێستیڤاڵی ڤینیسیا خەڵاتی وەرگرت لە (١٩٦٥)دا فیلمی (دەرکەوتنی ڕاستی بەرهەمی ئەحمەد فاروقی (لە فێستیڤاڵی (کان) خەڵاتی وەرگرت.

ئەم فیلمە چیرۆکێکی ناسک و سادەی خۆشەویستی هاوڕێیەتی دوو منداڵە لە ئەسفەهان، کاری ئەکتەری فیلمەکە منداڵ بوون و پیشەکاری سینەما نەبوون، بەم بەرهەمە سینەمای ئێران لە جیهاندا ناسرا و لەلایەکی ترەوە گروپێکی فیلمساز خۆیان ڕاگەیاند کە دوای سازکردنی فیلمەکانی باوی ڕۆژ نەبوون، بەڵکو مەبەستیان بوو سینەما وەک هۆکارێکی دەربڕینی هونەری سوودی لێوەربگرن.

قۆناغی چوارەمیش جیاوازییەکی بەرچاوی لەگەڵ قۆناغەکانی دیکەدا نەبوو، فیلمی هەمەجۆر و نا بازرگانی باوبوو، بەڵام نەیتوانی خۆی بگرێت و بەردەوام بێت.

هەندێک لە فیلمەکان لە زیاد لە فێستیڤاڵێک و خەڵاتێک بۆتە بەشیان، فیلمی (سیاوەش لەسەر تەختی جەمشید) لە (١٩٦٨) لە سازکردنی فەرەیدوون ڕەهنما بوو لە فێستیڤاڵەکانی (تری سیت) و (لۆکارنۆ) بە باشی هەڵسەنگێنرا و خەڵاتی (ژان ئیپستاین)ی بردەوە.

فیلمی (گا)ی داریوشی میهرجوویی لە (١٩٧٠)دا خەڵاتی تایبەتی ڕەخنەگرانی بردەوە و لە دوو فێستیڤاڵی دیکەشدا سەرکەوتنی بەدەسهێنا و (عیزەتوڵڵای ئینتیزامی) کە ڕۆڵی یەکەمی بینی خەڵاتی (هۆگۆ)ی بردەوە.

فیلمی (نامۆ و تەم) لە ساڵی (١٩٧٦) دەرهێنانی بەهرامی بەیزاوی لە زۆربەی فێستیڤاڵەکاندا پیشان درا و جێگەی پەسەندی ڕەخنەگران بووە.

پاش ڕوودانی شۆڕشی کۆماری ئیسلامی ئێران و وردە وردە جێگیربوونی شۆڕش، سەرکردەکانی کۆماری ئیسلامی ئەم بوارە گرنگەیان پشتگوێ نەخست، بەڵکو بەپێچەوانەوە قۆناغی دوای شۆڕش قۆناغێکی سەرکەوتوو و ناسراوە لە زۆربەی وڵاتەکاندا، (ئەمیر ئیسماعیلی) ساڵی (١٩٧٨-٢٠٠١) بەقۆناغی گەشەکردن دادەنێت، وەنەبێت تەنیا ئەمە بۆچوونی نووسەرێکی ئێرانی بێت و بەس، بەڵکو نووسەرە بیانییەکانی دەرەوەی ئێران ناتوانن لەم ڕاستییە چاوبپۆشن.

## سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران

ساڵی (١٩٨٨) بۆ دەست پێکردنی کار (بونیادی فارابی) دروست کرا دەوڵەت توانی چەند خاڵێک بۆ سینەمای ئێران دابنێت و بۆ ڕێکخستنی باری ئەو کاتەی سینەمای ئێران و هاوکاری فیلمسازە لاوەکان بکرێت و بۆ چاکبوونی ئەو سینەمایە هەنگاو هەڵبگیرێت. هەندێک ساڵانی (١٩٨٣-١٩٩٤) بە قۆناغی ئاڵتوونی سینەمای ئێران دادەنێن، محەمەد دادگۆ لە بارەی سەرەتای دەستبەکاربوون و بۆچوونی خەڵک لەو کاتەدا دەڵێت «لەکاتی گەرما و گەرمی سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامیدا یەکێک لەو هۆکارانەی مایەی هێرشکردنی خەڵک بوو بۆ سەر سینەما، ئەگەر لەوکاتەدا هێرشیان بکردایە سەر بانقەکان وەک شوێنێکی ئابووری، جێگەی بایەخ بوو، سینەماش بوارێکی فەرهەنگی بوو، بەم هۆیەوە سینەما ببووە جێگەی هێرشکردنە سەر (هەوادارانی شۆڕش)، لەبیرەوەری گشتی خەڵکدا سینەما شوێنێکی (پایەیەکی)گونجاوی نەبوو لە

فەرهەنگی ئێران و ئیسلامیدا،.. ئۆرگانەکان و بەشە جیاوازەکان کاری ڕێگە سازکردنی سینەما کارێکی زۆر گرفتاری بوو،... چونکە نە پیشەسازییەک و نە کارێک و نە سینەمایەک وەک سینەمای میللی نە فیلمە بیانییەکان لەگەڵ فەرهەنگی نوێی شۆڕشدا ساز و گونجاو نەبوون». لەبارەی ڕۆڵی (بونیادی فارابی)یەوە ناوبراو دەڵێت (فارابی وەک ماتۆڕی بزوێنەر بۆ خستنەگەڕی پیشەسازی فیلمسازی ئێران خرایە ڕوو، بەهیوای ئەو ڕۆژەی سینەمای ئێران پێویستی پێی نەبێت» (١٩)

گومان لەوەدا نییە لەم قۆناغەدا سینەمای ئێران، لەناسراویدا لە ئاستێکدایە مایەی دڵخۆشی بەرپرسان و جەماوەری سینەما دۆست و عاشقی ئێران بێت، لەگەڵ ئەمەشدا بەرپرسان ڕۆڵی گەورەتر لە سینەمای ئێران چاوەڕێ دەکەن دکتۆر سەیید محەمەدی خاتەمی لە دیدارێکدا لە کردنەوەی مۆزەخانەی سینەمای ئێراندا دەڵێت «کاتی ئەوە هاتووە سینەما گەران جۆرێک لە سینەمای ئاشتی بونیاد بنێن و پیشانی خەڵکی بدەن، جیهانێک کە پێویستی بە مەنتیق (ژێر بێژی) و ئاشتییە لەسەر بناغەی دادپەروەری و گفتوگۆ کردن» (٢٠).

سینەمای دوای شۆڕش و کۆماری ئیسلامی تارادەیەکی بەرچاو توانیویەتی لە توند و تیژی دووربکەوێتەوە و کار لەسەر دژەکەی بکات، بە دڵنیاییەوە دەڵێین ئەمە خاڵێکی هەرە گرنگی سینەمای ئێرانە و (لەمڕۆدا سینەمای ئێران لە جیهاندا ناسراوە و لە فیستیڤاڵە جیهانییەکانی سینەمادا جێگەیەکی بۆ خۆی کردۆتەوە، فیلمە ئێرانییەکان بە دوورکەوتنەوە لە توند و تیژی و خەریکبوون بە بابەتە مرۆڤایەتییەکان توانیویەتی لە دەرەوەی ئێرانیش بینەر بۆ خۆیان دروست بکەن) (٢١) بۆ بوونی بینەری بیانی تەنیا بۆ نموونە (لە فیستیڤاڵی (تسالونیکی) یۆناندا هەرسێ فیلمی (نێرگس، سەرپۆشی ئاوی، لەژێر پێستی شار)ی ڕەخشانی بەنی ئیعتیماد لە پڕ فرۆشترین فیلمەکانی فیستیڤاڵ بوون.. خەڵکی یۆنان پێشوازییەکی گەورەیان لە فیلمەکانی ناوبراو کرد بەتایبەتی فیلمی (لەژێر پێستی شاردا) پێشوازییەکی گەورەتری لێکرا) (٢٢).

بەشداری فیلمە ئێرانییەکان لە فیستیڤاڵە سینەماییەکانی جیهان و خەڵاتەکانیان کە دواتر ئاماژەیەکی کورتیان پێدەکەین، گەواهیدەرێکی زیندووی سەرکەوتوویی سینەمای ئێرانە.

بۆ زانینی بڕی فیلمی بەرهەمهێنراو لەپاش شۆڕشی ئیسلامی گەلانی ئێران، سەیری نەخشەی ژمارە «١» بکە:

| ژ | ساڵ | ژمارەی فیلمی درێژ |
|---|---|---|
| ١ | ١٩٨٠ | ٢٨ |
| ٢ | ١٩٨١ | ٢٨ |
| ٣ | ١٩٨٢ | ٣١ |
| ٤ | ١٩٨٣ | ١٥ |
| ٥ | ١٩٨٤ | ٢٤ |
| ٦ | ١٩٨٥ | ٣٠ |
| ٧ | ١٩٨٦ | ٣١ |
| ٨ | ١٩٨٧ | ٤٣ |
| ٩ | ١٩٨٨ | ٥٢ |
| ١٠ | ١٩٨٩ | ٤٢ |
| ١١ | ١٩٩٠ | ٤٨ |
| ١٢ | ١٩٩١ | ٥٦ |
| ١٣ | ١٩٩٢ | ٤٥ |
| ١٤ | ١٩٩٣ | ٥٢ |
| ١٥ | ١٩٩٤ | ٥٦ |
| ١٦ | ١٩٩٥ | ٤٥ |
| ١٧ | ١٩٩٦ | ٦٢ |
| ١٨ | ١٩٩٧ | ٦٣ |
| ١٩ | ١٩٩٨ | ٥٤ |
| ٢٠ | ١٩٩٩ | ٥٤ |
| ٢١ | ٢٠٠٠ | ٦٠ |
| ٢٢ | ٢٠٠١ | ٨٧ |
| ٢٣ | ٢٠٠٢ | ٧٦ |

خشتەی «٢» سەرکەوتووترین فیلمی ئێرانی لە فیستیڤاڵە سینەماییەکانی ساڵی (٢٠٠١) لەجیهاندا:

| ژ | ناوی فیلم | دەرهێنەر | بەشداری فیستیڤاڵی جیهانی |
|---|---|---|---|
| ١ | کچانی خۆر | مریەمی شەهریار | ٣٤ |
| ٢ | بازنە | جەعفەری پەناهی | ٢٨ |
| ٣ | ئەو ڕۆژەی بوومە ژن | مەرزیەی مشکینی | ٢٥ |
| ٤ | لەژێر پێستی شاردا | ڕەخشانی بەنی ئیعتیماد | ٢٠ |
| ٥ | گەشتی قەندەهار | موحسینی مەخمەلباف | ١٩ |
| ٦ | کچێک لە پێڵاوە کەتانییەکانیەوە | بەهمەنی فرمان ئارا | ١٨ |
| ٧ | پارچەی ناتەواو | ڕەسوول سەدر عاملی | ١٧ |
| ٨ | پارچەی ناتەواو | مازیار هیری | ١٦ |
| ٩ | هەینی | حەسەن یەکتاپناه | ١٦ |
| ١٠ | منداڵ و سەرباز | ڕەزا میر کەریمی | ١٤ |

خشتەی «٣» سەرکەوتووترین فیلمە ئێرانییە خاوەن خەڵاتەکانی فیستیڤاڵە جیهانییەکان لە ساڵی (٢٠٠١)

| ژ | ناوی فیلم | دەرهێنەر | ژمارەی خەڵاتەکان |
|---|---|---|---|
| ١ | باران | مەجیدی مەجیدی | ٧ |
| ٢ | بازنە | جەعفەری پەناهی | ٥ |
| ٣ | لەژێر ڕووناکی مانگدا | ڕەزا میر کەریمی | ٥ |
| ٤ | کچانی خۆر | مریەمی شەهریار | ٤ |
| ٥ | گەشتی قەندەهار | موحسینی مەخمەلباف | ٤ |
| ٦ | ماراڵ | مەهدی سەباغ زادە | ٣ |
| ٧ | شەنگۆل و مەنگۆل | فەرخوندە تورابی- مرتەزا ئەحمەدی | ٣ |
| ٨ | نیوەی شاراوە | تەهمینەی میلانی | ٣ |

خشتەی «٤» سەرکەوتووترین فیلمسازە ئێرانییەکان لە فیستیڤاڵە سینەماییەکانی ساڵی (٢٠٠١)

| ژ | دەرهێنەر | ژمارەی ئامادەبوون | ژمارەی خەڵاتەکان |
|---|---|---|---|
| ١ | موحسینی مەخمەلباف | ١٠٩ | ٤ |
| ٢ | ڕەخشانی بەنی ئیعتیماد | ٤٤ | ٢ |
| ٣ | جەعفەری پەناهی | ٣٨ | ٥ |
| ٤ | مەجیدی مەجیدی | ٣٥ | ١٠ |
| ٥ | داریوشی میهرجویی | ٣٥ | — |
| ٦ | مریەمی شەهریار | ٣٤ | ٤ |
| ٧ | عەباسی کیارۆستەمی | ٣٤ | — |
| ٨ | ڕەزا میر کەریمی | ٢٧ | ٩ |
| ٩ | مەرزیە مشکینی | ٢٥ | ٢ |
| ١٠ | بابەکی پەیامی | ٢٣ | ٢ |

فیلمی (سڵاو سینەما)ی دەرهێنەری بەناوبانگی ئێران موحسینی مەخمەلباف کە لەیادی سەد ساڵەی سینەمادا دروستی کرد لەلایەن (٤٠) فیستیڤاڵی سینەماییەوە بانگهێشت کرا بۆ بەشداریکردن لە وڵاتە جیاوازەکان، بەڵام تەنیا بۆ هەندێک فیستیڤاڵیان نێردرا لە وانە: ١- کان، فەرەنسا، ٢-شیکاگۆ، ئەمەریکا، ٣- سائوپولو، بەرازیل، ٤- تسالونیکی، یۆنان، ٥- مونترال، کەنەدا، ٦- تۆرنتۆ، کەنەدا، ٧- لاروشل، فەرەنسا، ٨- تۆکیۆ، ژاپۆن، ٩- تائورینا، ئیتالیا، ١٠- لوزاس، فەرەنسا، ١١- ونکوور، کەنەدا، ١٢- ونیاس، ئوتریش، (نەمسا)، ١٣- لەندەن، بریتانیا، ١٤- ستۆکهۆڵم، سوێد، ١٥- سێ قارەی نانت، فەرەنسا، ١٦- مەڵبەندی شانۆ، بەیرووت، لوبنان، ١٧- هند، هندستان، ١٨- ڕۆتردام، هۆڵەندا، ١٩- هۆنگ کۆنگ، هۆنگ کۆنگی، ٢٠- ئیسلامبول، تورکیا، ٢١- سنغافورە، سنغافورە، ٢٢- لۆکارنۆ، سوئیس، (سویسرا).

فیلمی ناوبراو نزیکەی (٦٠) ڕۆژنامە و گۆڤاری نێودەوڵەتی لەسەریان نووسیوە. (٢٤)

فیلمی (گۆرانییەکانی نیشتمانی دایکم)ی بەهمەنی قوبادی تائێستا حەوت خەڵاتی نێودەوڵەتی وەرگرتووە.

تازەترین هەواڵی دەرهێنەرە ئێرانییەکان سەحیەی مەخمەلباف لە فیستیڤاڵی کان لە فەرەنسا خەڵاتی لیژنەی داوەرانی فیستیڤاڵی پێ بەخشرا.

بێگومان ئەوە تەنیا نموونەیە بۆ ڕێژەی سەرکەوتوویی فیلمە ئێرانییەکان لە فیستیڤاڵە سینەماییەکانی جیهاندا، ساڵانی پێشتر فیلمساز و فیلمە ئێرانییەکان لە بەشداریکردن و خەڵات وەرگرتن بێبەش نەبوون، بەڵام مشتێک نموونەی خەروارێکە.

ئێستا خوێنەر ئەم پرسیارە دەکات: بۆچی فیلمە ئێرانییەکان لە فیستیڤاڵە سینەماییەکانی جیهاندا سەرکەوتوون و خەڵاتی شایستەش بە دەست دەهێنن؟

بە دڵنیاییەوە هۆکاری سەرکەوتنی فیلمە ئێرانییەکان لە ناوخۆ و دەرەوەی ئێراندا، کۆمەڵێک هۆکارە کە ڕەنگە ئێمە نەتوانین بە درێژی و وردی لەسەریان بدوێین، بەڵام ئەوەی پەی بەهەمووی نەبرێت و بواری تەواو نەبێت بۆ پەی پێبردنی هەمووشی وازی لێ ناهێنرێت.

هۆکارەکانی سەرکەوتنی فیلم و فیلمسازە ئێرانییەکان زۆرن گرنگترینیان:

١- بوونە پێناسی وڵاتی ئێران، بە مانایەکی دیکە شوناسی ئێرانی بوون بۆتە هۆکارێکی سەرکەوتوو، خستنەڕووی کەلەپووری دەوڵەمەندی ئێران بە گشتی لەلایەن فیلمسازەکانەوە کاری لەسەر کراوە و کراوەتە فیلم بۆ نموونە ئەو فیلمانەی سەبارەت بە بلووجەکان بەرهەم هێنراون، تەنیا بۆ نموونە فیلمی (بلوج)ی مەسعودی کیمیایی، فیلمی (دادشاه) فیلمی (جەنگەڵ- شۆڕشی جەنگەڵ)، فیلمی (باشو)ی بەهرامی بەیزاوی منداڵێکی عەرەب پاش وێرانبوونی شوێنی نیشتەجێبوونی و لەناوچوونی دایک و باوک ڕێی دەکەوێتە گوندێک... فیلمی (تەختە ڕەش)ی سەمیرە مەخمەلباف، فیلمی (ساتێک بۆ مەستی ئەسپەکان) و فیلمی (گۆرانییەکانی نیشتمانی دایکم)ی بەهمەنی قوبادی، ئەمە بێجگە لە خستنەڕووی فەرهەنگی و خوونەرێتی بەندەریەکانە، تەنانەت لە دەرەوەی ئێران بوونە پێناسی ئێران و فەرهەنگی جیاوازی ئێران قسە و

باسی لە بارەوە دەکرێت، لەم بارەوە بەهمەنی قوبادی دەڵێت (... ساڵی ٢٠٠٢ لە فیستیڤاڵی کان بووم، ڕەخنەگرەکان ئەوەیان وت: جگە لە سینەمای عەباسی کیارۆستەمی، سینەمایەکی تر بەناوی سینەمای قوبادی بەپێ کەوتووە) ئەگەر لە ڕووە فارسییەکەوە کیارۆستەمی نوێنەربێت، ئەوە بەهمەنی قوبادی نوێنەری فیلمی کوردییە لە دەرەوەی ئێران، فیلمەکانی قوبادی هەنگاونانێکی سەرکەوتوون بۆ بوونە شوناسی کورد لە دەرەوەی ئێران وەک خۆیشی دەڵێت «هەمیشە دەڵێم ئەویش ئەوەیە کە بۆنی لەدایکبوونی سینەمای کوردی دەکەم... کە فیلمم لێرە بڵاوکردەوە و بینەر چێژی لێبینی، ئەوکات سینەمامان هەیە، چونکە سینەما، واتە چێژوەرگرتن... بەهەرحاڵ ئەم فیلمە لە سینەمای کوردی نزیکە)(٢٥).

٢- گرنگیدان بە مەسەلە مرۆڤایەتییەکان و دوورکەوتنەوە لە توند و تیژی و خستنە ڕووی کێشەکانی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران و کێشە کۆمەڵایەتییەکان بۆ نموونە فلیمی (عەینەکی دودی)ی محەمەد حسێن لەتیفی لێکترتێنەگەیشتن و هەرکەس لە دەروازەی خۆوە بۆ مەسەلەکان ڕوانین، یەکێکە لە کێشەکانی هاوسەران، فیلمی ناوبراو یەکێکە لەپڕ فرۆشترین فیلمەکانی ساڵی (٢٠٠٠)ی ئێران، فیلمی (خوشکانی نامۆ)ی کیومەرسی پوور ئەحمەد کە دوو منداڵی ژیکەڵە و ئەفسانە بایگان و خەسرەو شەکیبایی ڕۆڵ دەبینن یەکێکە لەپڕ فرۆشترین فیلمەکانی ساڵی (١٩٩٤)ی ئێران. فیلمی )عیشق ١+١) دوو عەشقی ڕاستەقینە لە دڵ و عەقڵێکی کامڵدا جێگەی نابێتەوە مەگەر لەسەر حسابی عەشقەکەی دی، یەکسانی و خۆشویستن و عاشقی دوو مەعشووقیش، کارێکی ئێجگار ئەستەمە. فیلمی (خرۆشانی عەشق) بیرکردنەوەی بەشێکی دیاریکراو لە خەڵکی ئێران بوونە سەبارەت بە هاوسەرگرتنی کوڕ و کچەکانیان، قەدەغە کراوەکان لە دەزگیراندارێدا چین؟ ئەگەر کوڕ و کچێک لە شوێنێکی گشتیدا پێکەوە بوون، لای خەڵک چۆن دەگوزەرێت..؟ فیلمی (هەزاران ژنی وەک من) کە ئەکتەری بەناوبانگی ئێران نیکی کەریمی ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت، پاش جیابوونەوەی ژن و مێرد لە یەکتر ئەگەر منداڵیان بوو، بۆچی دەبێت منداڵ لای باوک بێت، ئەگەر منداڵ نەخۆش بوو، باوک لەو ئاستەدا نەبوو بۆی ناکرێت منداڵ لای دایکی بێت؟.. چەندین فیلمی دیکە.

٣- کارکردن و ڕۆڵبینینی هەردوو ڕەگەز لەفیلمدا بێ بەریەککەوتن (لمس و ملامسة) نەخستنە ڕووی ڕووە تایبەتەکەی سێکس، ئاساییە هەموو مرۆڤێک حەز بە سێکس بکات و هەوڵی تێرکردنی بدات لە ڕووە یاسایی و ڕەواکەیەوە؟ پێچەوانەکەی نیشانەی پرسیاری لەسەرە، بەڵام گەیشتن بەیەکی ژن و پیاو و سەرجێی کردن تایبەتە بە ژیانی ژن و مێردەوە، بۆچوونی ئێمە ئەمەیە ڕووە تایبەتەکەی کە بۆ خەڵکانی دی خستنەڕووی جێگەی پرسیار لەسەردانان و قسە لەسەرکردنە!؟ کەم فیلمی ئێرانی هەیە (دەگمەنە) هەردوو ڕەگەز تێیدا بەشداربن و زۆربەی بوارەکانی عەشق تێیاندا خراوەتەڕوو (عەشقی: کوڕ بۆ کچ و بە پێچەوانە، پیاو بۆ ژن و ژن بۆ پیاو، دەسەڵات، ناوبانگی، پارە و مارە، نیشتمان، ئایدیۆلۆژیا، بیروباوەڕ... تاد) ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکەوە بەجەستە نەزانینی عەشق و بایەخدان بە بواری بیرکردنەوەی مەعریفەی ڕەگەزی بەرامبەر، بەواتایەکی دیکە تەنیا حساب نەکردن بۆ شێوەی دەرەوەی ژن و کچ و نەکردنیان بەکاڵا و تەنیاپۆرنۆگرافیا پیشان نەدان. کەم نین ئەو فیلمە بیانی ومیسرییانەی کە بە: ١- ماچکردن (چەند جارێک ماچکردن)، ٢- سەما، ٣- جل و بەرگی ورووژێنەر، ٤- بەر یەککەوتن و سەرجێی کردن بازاڕیان گەرم دەکرێت و بینەریان پێ پەیدا دەکرێت و هەندێک جار ژن و کچیان تێدا بەکاڵا دەکرێت.

تەنانەت لە فیلمە ئێرانییەکاندا بەجۆرێک کار لەسەر بەریەک نەکەوتنی دەکەن کە زیادەڕەوی تێدا دەکرێت و بۆتە بارێک. دەرهێنەری بەناوبانگی ئێران عەباسی کیارۆستەمی دەڵێت: «... ئەگەر لە دیمەنی فیلمێکدا ژنێک لەناو شەقامدا بەربێتەوە سەر عەرز، تەنیا ژنێکی دیکە دەتوانێ یارمەتی بدات و لەسەر زەوی بڵندی بکاتەوە، چونکە دەبێ دەستی بگرێت، کەوابوو بەلاتانەوە سەیر نەبێ ئەگەر لە فیلمێکدا بینیتان ژنێک کە خەریکە بەردەبێتەوە، یان تەنانەت خەریکە دەخنکێت، بەڵام پیاوێک لەو نزیکانە ڕاوەستاوە، لە جیاتی ئەوەی کە یارمەتی بدات دەست لەسەر دەست دادەنێت و نابزوێ) کاروان، ژ«١٤١» ساڵی (٢٠٠٢)، ل٧١».

هەرچەندە لە واقیعدا هەندێک جار بەو جۆرە نییە و هاوکاری کردنی کچان و ژنان دەکرێت لەسەرێکییەوە بەو

هەڵسـاندنەوە بێت، بەڵام گرنگی ئەوەیە وەک کوردەواری دەڵێت: دڵ حسێبە، بە دڵنیاییەوە دڵ و عەقڵ حسێبە، هەرچەندە ئەمە ئاوی زۆری دەوێت و دەکرێت لە شوێن و بابەتی دیکەدا لێی بدوێین و قـسـەی جـددی لەسـەر بکرێت.

٤- بوونی ژنان و ڕۆڵی بەرچاویان: خـستنەڕووی وزە و توانای کـچـان و ژنانی ئێـران، لە دەرهێنەرە ژنە بەناوبانگەکـانی ئێـران (تەهمـینە مـیلانی، مـونیـرە، حیکمەت، ڕەخشـانی بەنی ئیعـتیـماد) لە ئەکـتـەرە بەناوبانگەکـانی سینەمـای ئێران (نیکی کەریمی، لەیلا حـاتەمی، هەدیە تارانی، مـیـتـرا حـەجـار، شـەقـایقی فـەراهانی، ئەفسـانە بایگان، پگاە ئاهنگرانی، نازەنین فەراهانی..)(٢٦).

٥- بوونی فیستیڤاڵی ساڵانەی سینەمایی: ئەم خاڵە هاندەر و ڕێخۆشکەرێکی چاکە بۆ کێبەرکێی فیلمەکان و فیلمسـازەکان و بۆ گەشەپێدان و بەرەو پێشەوە بردنی سینەمـای ئێـران. ئەمـەش هەندێک لە فـیـسـتـیـڤـاڵە سینەماییەکانی ئێران:

١- فیستیڤاڵی سینەمایی فەجر لە ساڵیادی شۆڕشی گەلانی ئێراندا.

٢- فیستیڤاڵی سینەمایی کۆمەڵایەتی ئابادان.

٣- فیستیڤاڵی بەڵگەنامەیی کیش لە کیش.

٤- فیستیڤاڵی فیلمی منداڵ لە ئەسفەهان.

٥- فـیـسـتـیـڤـاڵی سـینەمـایی بەڵگەنامـەیی ئێـران کامران.

٦- فیستیڤاڵی سینەمایی جەژنی دەزگای سینەما/ بەڵگەنامەیی و ئەنیمەیشن (کارتۆنی).

٧- فیستیڤاڵی سینەمایی فیلمی کورتی سینەمایی لاوان.

٨- فیستیڤاڵی سینەمایی نێودەوڵەتی منداڵ.

٩- فیستیڤاڵی سینەمایی فیلمی لاوان و منداڵان لە ئەسفەهان.

١٠- فیستیڤاڵی سینەمایی نێودەوڵەتی منداڵان و لاوان بەشی/ منداڵانی دوێنێ.

٦- ڕۆڵی بەرجـەسـتـە و بەرچاوی منداڵ: لە چەند ڕوویەکەوە سینەما و فـیلمی منداڵ کـاری لەسەر کـراوە لەوانە:

١- بوونی فـیـسـتـیـڤـاڵی ساڵانەی فـیلمی منداڵ (لە پێشەوە ئاماژە بۆ هەندێکیان کراوە).

٢- بوونی فـیـلمـێکی زۆر بەناوی منداڵانەوە تەنیـا بۆ نموونە (منداڵانی ئاسـمـان)ی بەهرامی بەیزاوی (منداڵە خراپەکان)ی عەلی ڕەزا داوود نەژاد (منداڵانی نەوت)ی ئیبراهیم فروزش... تاد.

٣- ڕۆڵـبـینینی منداڵ لە فـیلمـەکـاندا بەشـێـوەیەکی سەرەکی(٢٧).

دکتۆر (جەمشـید ئەکرەمی) کە بە هەوڵی ئەو، چەند فـیلمـێکی ئێـرانی «١٧» فـیلم لە سـاڵی (٢٠٠١) لە ئەمـریکا نمایش کـرا لەبارەی ڕۆڵی منداڵ لە سـینەمـای ئێراندا دەڵێت (لە ئەمریکادا فیلمە ئێرانییەکان لە دوو دەسـتـەدا دەبینن: یەکـەم: فـیلمـەکـانی منداڵان. دووەم: فیلمەکانی کیارۆستەمی)(٢٨).

٧- بوونی جـەمـاوەر و بینەرێکی زۆری سـینەمـا: «بەپێی سەرژمێری ساڵی (١٩٩٧) ساڵانە «٤٨» ملیۆن کەس دەچنە سینەما، لەو ژمارەیە «٣٦» ملیۆن «٤٨٠» کەسی گەنج بوون»(٢٩)

فیلمی (کچی لوڕ) یەکەمین فیلمی دەنگداری ئێران بۆ مـاوەی سێ سـاڵ نمایش کـراوە لەو شـارانەی سـینەمـای تێدابووە نمایش کراوە و یەکەمین فیلمی پڕ فرۆش بووە. فیلمی (شەرمهـێنەر- خەجاڵەتکەر) دەرهێنانی دکـتۆر لوشان لە یەکەمین نمایشیدا لەتاران (٢٠٠,٠٠٠) تومان دەرامەتی بووە، بۆ زانین بلیتی بە (١٢) ڕیاڵ فرۆشراوە لە سـاڵی (١٩٦٠) نمایش کـراوە نزیکەی (٢٠٪)ی دانیـشـتـوانی ئەوکـاتەی تاران بینیـویانە. فـیلمی (دالاهو)ی سیامک یاسمی ساڵی (١٩٦٧) یەک ملیۆن و پێنج سـەد هەزار تومـان دەرامـەتی بووە. فـیلمی (پیـاوێک لە باشووری شاردا)ی سابیر ڕەهبەر ساڵی (١٩٧٠)، (١,٦٠٠,٠٠٠) تومـان دەرامـەتی بووە. فـیلمی (سەفـەری سـەنگ)ی مـەسعـودی کـیمـیـایی (١٩٧٨)، (٢,٧٠٠,٠٠٠) تومـان دەرامـەت، پاش تەواوبوونی فیلمەکە زۆرێک لە بینەران دەستیان کردووە بە وتاردان و دروشم لێدان. فیلمی (دادشـاە)ی حەبیب کـاوش (١٩٨٤)، (٥,٥٣٩,٩٢٣) تومـان دەرامـەت ڕێژەی بینەرانی تاران (١١٪) فیلمی (هونەر پیشـە)ی مـوحـسـینی مـەخـمـەلبـاف سـاڵی (١٩٩٣)، (٥١,٣٧٥,٠٠٥) تومان دەرامەت. فیلمی (خوشکانی نامۆ- خوشکەنامۆکان)ی کیومەرسی پوور ئەحمەد ساڵی (١٩٩٦)، (٢٤١,٤٩٠,٠٨٠) تومان دەرامەت. فیلمی (دووژن)ی تەهمـینە مـیـلانی، سـاڵی (١٩٩٩)،

(٣١٢,٥١٧,٠٥٠) تومان دەرامەت(٣٠). گرنگە ئەمەش تۆمار بکەین بلیت لە (١) تومانەوە بۆ (٢٠٠٠) تومان و زیاتریش بووە، دیناری عیراقی چاپی سویسری لە (١٩٨٥) بەدواوە دینارێک بەرامبەر (٣٠) تومان بووە، ساڵی (١٩٨٧-١٩٨٨) دینارێک (٥٠-٦٥) تومان بووە، بەڵام لە ساڵی (١٩٩٣-١٩٩٦) جار بووە یەکجار دابەزیوە بۆ (٢-٣) تومان یەک دیناری کردووە. هەرچەندە پاش ڕزگاربوونی گەلانی عێراق لە دیکتاتۆریەت نرخی تومان زۆر دابەزیوە، ئەو دەرامەتەی بە دەست دەرهێنەری دەزگای بەرهەم هێنەر کەوتووە بەڵگەیەکی بەرجەستەیە لەسەر بینەری فیلم لە ئێران.

لە ڕوویەکی دیکەوە خەڵکی ئێرانی زۆر بەیان ئارەزوو و تاسووقێکی گەورەیان تێدایە بۆ سینەما و بوونە ئەکتەر بە جۆرێک موحسینی مەخمەلباف دەڵێت: هەمووان دەیانەوێت ببنە ئەکتەری سینما.

ناوبراو لە یادی (١٠٠) ساڵەی سینەمادا ئاگادارییەکی بڵاوکردەوە بۆ ئەوەی فیلمی داهاتووی ئەکتەری ناپیشەیی ڕۆڵی تێدا ببینن، ئارەزوومەندان دەتوانن بۆ ڕۆڵبینین خۆیان ناونووس بکەن، لە (١٣٧٣/٦/٨)دا ناونووس کراوان لە شوێنی تاقیکردنەوە لە باڵەخانەی باغی فیردەوس کۆبوونەوە، بەپێی سەرژمێریکردنی «دەزگای فیلمی سەوز»ەوە دوو هەزار کەس لە بانگهێشت کراوان فۆرمیان پڕ کردەوە، هەزار و پێنج سەد کەسیان لە ماوەی «٨» ڕۆژدا لە تاقیکردنەوەدا بەشدارییان کرد، هەشت سەد کەسیان دۆسیەی ئەکتەرییان بۆ پڕ کرایەوە تاوەکو بخرێنە بەردەم ئەو دەرهێنەرانەی حەز دەکەن لەگەڵ ئەکتەرە ناپیشەییەکاندا فیلم ساز بکەن(٣١).

٨- ڕۆڵبینینی ئەکتەری ناپیشەیی لە فیلمەکاندا: ناکرێت تەنیا بەکارێکی سانا دابنرێت، کار گەیشتۆتە ڕادەیەک هەندێک لەم حاڵەتە نارازین و گلەیی لە دەرهێنەرە ئێرانییەکان دەکەن.

تەنیا بۆ نموونە ئاماژە بە چەند فیلمێک دەکەین:

ساتێک بۆ مەستی ئەسپەکان، بەهمەنی قوبادی (ئەیوب)، سلاوسینەما، موحسینی مەخمەلباف (سەرجەم ئەکتەرەکان ناپیشەیین)، باران، مەجیدی مەجیدی (کچێکی ئاوارەی ئەفغانی ڕۆڵی پاڵەوانی فیلمەکە دەبینێت) فیلمی (من تەرانەی دوازدە ساڵەم هەیە) تەرانەی عەلیدۆستی ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەبینێت کە بووە خاوەن خەڵاتی فیستیڤاڵی فەجری سینەمایی ئێران، لە فیستیڤاڵی کانیش لە فەرەنسا خەڵاتی وەرگرت، فیلمی (گۆرانییەکانی نیشتمانی دایکم) ئەکتەری ناپیشەیی سەرەکی تێدا دەبینن.

٩- بوونی حیواری سەرکەوتوو، لە زۆربەی فیلمە سەرکەوتووەکاندا، حیوار و مانا و ناوەرۆکی حیوارەکان ڕۆڵی کاریگەر دەبینن.

تایبەتمەندی حیوارەکان چین؟ ئایا نووسەر وشەکانی بەشێوەی تایبەتی خۆی بەکاربردووە؟ ئایا ئەو ڕستانەی مانایەکی تایبەتیان هەیە لە بارەی کەسێتییەکانەوە چەند جارێک دووبارەی کردوونەتەوە؟ بەچ مەبەستێک دووبارەی کردوونەتەوە؟ لە چەند شوێندا؟ ئایا سوودی لە مەنەلۆج وەرگرتووە؟ ئایا وتن هاوڕایە لەگەڵ تەنزدا؟ یان بە پێچەوانەوە؟ ئایا حیوار پڕە لە شیعریەت و نهێنی؟ یان حیوارەکان سادە و ڕەوانن؟ توانای نووسەر لە شیعریەتدا لە چ ئاستێکدایە؟ ئایا حیوارەکان گرێ دروست دەکەن؟ ئایا بەدڵنیاییەوە گرێ دروست دەکەن، یان بە گرێکراون؟ تا چەند حیوارەکان بینەر دەخەنە ژێر پرسیارەوە؟ تا چەند کاریگەریان لەلا جێدەهێڵن؟ تا چەند بینەر دەخەنە ڕامانەوە؟ ئایا وەڵامی تەواو دەدەنە بینەر؟ یان سەرەداوێکی دەدەنێ و ناچاری دەکەن خۆی بەدوای وەڵامدا بگەڕێت؟ لەمانەش تێپەڕین، ئایا تا چەند بنەماکانی حیوار لە فیلمە ئێرانییەکاندا ڕەچاوکراوە؟ تا چەند بەرامبەر دەخاتە حیوار لەگەڵ یەکتردا کردن؟ ئایا حیوار بۆ حیوار؟ ئەمانە و چەندین پرسیاری دیکەش کە ئێستا لە مێشکی تۆی خوێنەردایە، وەڵام ئەرێیە لە زۆرێک لە فیلمە ئێرانییەکاندا بەتایبەت ئەو فیلمانەی دەرهێنەرە سەرکەوتوو و خاوەن ئەزموونەکان دەرهێنەریانن، لە هەندێک فیلمدا ئەگەر دەرهێنەر لە حیوار نووسیندا سەرکەوتوو نەبێت، یان نەبووبێت ئەوە داوا لە کەسێکی شارەزا دەکات و ئەو ئەرکە لە ئەستۆ دەگرێت. ماوەتەوە بڵێین بەهیوایین بتوانیت بە تایبەت لە بوارێک لە بوارەکاندا بە درێژتر و بابەتیانەتر لە سینەمای ئێران بدوێین وەک (منداڵ و سینەمای ئێران) و (ژن و سینەمای ئێران) و (هەڵوێستی دەرهێنەرە بیانییەکان و سینەمای ئێران) و...تاد.

**پەراوێز و سەرچاوەکان:**

١- مێژووی سینەما، ن: گیتاگرکانی و: ستار کەریم، پێداچوونەوەی ئازادە سەوز، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ژ(١٨٢) چاپی یەکەم (٢٠٠٢)، سلێمانی لاپەڕە(٤).

٢- مێژووی سینەما لەنیو سەدەدا (١٨٩٥- ١٩٥٠) ئامادەکردن و وەرگێڕانی کاروان محەمەد، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ڕاگەیاندنی زانکۆی سلێمانی، ژ(١)ی (٢٠٠٠) بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم لاپەڕە(٧).

٣- مێژووی سینەما، ل(٥).

٤- مێژووی سینەما لەنیو سەدەدا، ل(١٣).

٥- مێژووی سینەما، ل(٧).

٦- مێژووی سینەما، ل(٨-٩).

٧- گ/ ڕامان ژ(٥٦)ی شوباتی (٢٠٠١) یۆتۆپیای خەیاڵی زانستی و پەیوەندی نێوان زانست و هونەر، عیرفان ئەحمەد محەمەد، ل(٢٦٤).

٨- مێژووی سینەما، ل(١٣٤).

٩- گ/ فرهنگ و سینما/ ژ(١١٩) زستانی (١٣٨٠) بەرامبەر (٢٠٠١ز)، (عاقبت جشن گلهاری مظفر الدين شاه) حسینی محبی، ل(٧).

١٠- تاريخ سينماى ايران از تولد تابلوغ/ ئەمیری ئیسماعیلی، چاپی یەکەم (٢٠٠١) دەزگای بڵاوکردنەوەی (گسترده) لە تاران، لاپەڕە(٢١).

١١- فرهنگ و سينما، ژ(١١٩)، ل(٧).

١٢- هەمان سەرچاوە، ل(٨- ٩).

١٣- هەمان سەرچاوە، ل(٨- ٩).

١٤- مێژووی سینەما، ل(١٣٩).

١٥- تاريخ سينماى ايران، مەسعوی میهرابی، چاپی شەشەم، (١٩٩١)، دەزگای بڵاوکردنەوەی فیلم، تاران لاپەڕە، (٢٢-٢٣).

١٦- تاريخ سينماى ايران، ل(٢١-٢٢).

١٧- هەمان سەرچاوە/ ئەمیری ئیسماعیلی بەم شێوەیە ناوی کتێبەکەی داناوە (سینەمای ئێران لە قۆناغی لە دایکبوونەوە ساڵی (١٩٢٩-١٩٧٨) تا پێگەیشتن لە (١٩٧٨-٢٠٠١) بەقۆناغی پێگەیشتن تا گەشەکردن و بەرەو پێشەوە چوون).

١٨- فیلم و سینەما، ژ(٨١)ی، ١٣٨١، (٢٠٠٢ز) ساڵی یازدەیەم، ستارگان سینمای ایران چقدر دستمزد میگیرند، ل(٩).

١٩- فرهنگ و سینما، ژ(١٢٨)، (١٣٨١)، (٢٠٠٢ز) دیدارێک لەگەڵ ناوبراودا، لاپەڕە(٢٤).

٢٠- فیلم و سینما، ژ(٨٤)ی (١٥)ی میهری (١٣٨١)، (٢٠٠٢ز) ڕاپۆرتێک لەبارەی کردنەوەی مۆزەخانەی سینەمای ئێرانەوە لاپەڕە(١٢).

٢١- مێژووی سینەما، ل«١٦٣».

٢٢-ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ، ژ(٣٣١)ی (١٧/٤/٢٠٠٣). دیدارێک لەگەڵ ڕەخشانی بەنی ئیعتیماد، وەرگێڕدراوە لەلایەن عیرفان ئەحمەد محەمەدەوە.

٢٣- گ/ دنیای تصویر، ژ(١٠٣)ی تیری (١٣٨١) (٢٠٠٢ز) لاپەڕە(١٣).

٢٤- سلام سینما بەسەرپەرشتی، ئەمیری خەسرەوی، فیلمنامە چەند گفتوگۆیەک لەگەڵ فیلمی (سلاو سینما) لاپەڕە(٩-١١). چاپی دووەم (١٩٩٧) تاران، چاپ و پەخشی نشرنی.

٢٥- ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ، ژ(٣٣٦)ی (٢٢/٥/٢٠٠٣) دیدارێک لەگەڵ قوبادیدا.

٢٦- بەنیازی لێکۆڵینەوەیەکین لەو بارەوە.

٢٧- منداڵ لە سینەمای ئێراندا ڕۆڵێکی گرنگی هەیە وەک (ئەکتەر، دەرهێنەر، بابەت). لێکۆڵینەوەی بابەتیانەی دەوێت.

٢٨- گ/ سینمای نو/ ژ(١٥)ی (١٨)ی ئەسفەندی (١٣٨٠)، (٢٠٠١ز) لاپەڕە(٥). دیدارێک لەگەڵ ناوبراودا.

٢٩- مێژووی سینەما، ل(١٥١).

٣٠- فیلم و سینما، ژ(٩٧) یەکەمی خردادی (١٣٨٢)، (٢٠٠٣ز) سەد فیلمی پڕ فرۆشی مێژووی سینەمای ئێران، ل(٢٤-٣٨).

٣١- سلام سینما، بەسەرپەرشتی ئەمیر خوسرەوی، ل(٩).

**تێبینی:** ئەم لێکۆڵینەوەیە لە (٢٩/٥/٢٠٠٣) لە هۆڵی لقی هەڵەبجەی کۆمەڵەی نووسەران پێشکەش کراوە.


# داستانی سەفەر

**لێدوانی: زانا خەلیل**
**(ئەڵمانیا)**

«خوێندنەوەیەک بۆ ترسەکانی سەفەری موسافیرێکی ڕەش» «داستانی سەفەر» نۆڤلێتێکی برای نووسەر «باهۆز عەبدوڵڵا»یە لە ساڵی ٢٠٠٥ لەلایەن دەزگای «نما» چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

«داستانی سەفەر» فیلمێکی دۆکیۆمێنتییە بە وشە. وێنەو حەقیقەتی ڕێگاییێکی پێچاوپێچی ترسناکمان پێ نیشان دەدا کە پڕ و بارگاوییە بە ترسی ڕەش و هەناسەی ڕەش و دەربازبوونی ڕەش. یەکێکە لەو چیرۆکانەی کە لە ڕاستییەوە هەڵقوڵاون و لەنێو هەزاران چیرۆکی لەوچووی زارەکی کراوەتە کتێب.

نووسەر بە پێچەوانەی هەموو ئەو ڕاکردووە ڕەشانەی کە لەنێوانی ساڵەکانی ١٩٩٠-٢٠٠٠ بە ڕێگای قاچاغ و نایاسایی سەفەریان کردووە، کامێرای یادەوەری داگیرساندووە و هەمیشە بەهەڵکراوەیی لێیگەڕاوە تا شوێنکاتی مەبەست و ئینجا دەستی کردووە بە نووسینەوەی وێنە ڕەنگاوڕەنگەکانی ئەرژەنگی و ڕاستیی ناو یادگەی.



چیرۆکەکە بەو شێوەیەیە: قوتابییەکی زانکۆ دەرئەنجامی ئەو هەموو کێشمە کێشم و نالەباری و بەلەنگازی و ناکۆکییانەی کە شوێنزایان قۆرخ کردووە و، دەرئەنجامی هێڤی نەکردنی هیچ ئایندەیەکی سپی و دەرئەنجامی دەرککردن بە داهاتوویەکی ڕەشتر لە ئێستا دوای دڕدۆنگی و شیکارکردنی هاوکێشەکان، بڕیاری جێهێشتنی وڵات دەدا.

ڕۆشنە کە سەفەر بریتییە لە «جێهێڵانی خاڵێک» لە پێناو گەیشتن بە «خاڵێکی دی» بۆ بەدەستهێنان و پێکانی مەبەستێک یان چەند مەبەستێک. لە زەمەنی ئێستاو لە دنیای ئێستاماندا دووجۆر لە پرۆسەی سەفەرکردن هەن، یەکەمیان: لە بۆتە و چوارچێوەیەکی یاساییدا خۆی دەنوێنێ. دووەمیشیان: سەفەری ڕەشە، یان سەفەری نایاسایی.

هەر یەکێک لە ئێمە دەزانێ کە هەردوو جۆر لە سەفەر تژین لە ترس. ئەگەر باس لە ترسی هاوبەشی نێوان

هەردوو جۆر لە ڕاکردن (سەفەر) بکەین ئەوا یەکڕاست کارەساتی هۆیەکانی گواستنەوەمان دێتەوە یاد. لەسەفەری سپیدا و لەسەفەری نایاساییشدا ترس هەیە، ترس لە وەرگەڕانی ئۆتۆمبێل و کەوتنە خوارەوەی فڕۆکە و نغرۆبوونی کەشتی و لادانی شەمەندەفەر لەسەر سککە و ڕووخانی پرد و... تاد.

بەڵام ترس و پرس و گومان لە نۆڤلێتی «داستانی سەفەر» کە سەفەرێکی ڕەشی نایاساییە، ترسێکی زۆر جیاترە لە ترسی سەفەری سپی و هەندێ جار لەسەفەرە ڕەش و نایاساییەکانیش.

دوای خوێندنەوەی ئەو کتێبە دەگەیتە ڕاستییەک کە بنیاد و پێکهاتەی هەیکەل و دروستبوونی ئەو سەفەرە، ترسە. بیرۆکەی خولقانی سەفەرەکە لە ترسەوە سەر هەڵدەدا. دوای زنجیرەیەک لە ئاشووب و دەرئەنجامی ترس دڵەڕاوکێ لە ئایندەو نالەباریی باری ئابووری و ناسەقامگیریی دۆخی سیاسی و ڕەتکردنەوەو یاخی بوون لە ترادیسیۆن و هەموو کولتوور و عورفەکان، بیرۆکەی ڕاکردن لای نەوەیەک دروست دەکا کە کەسی یەکەمی دەقەکەش دەگرێتەوە.

لە لاپەڕە ٤ی نۆڤلێتەکەدا نووسەر دەنووسێ: «بەڵام کوا ئایندەی ژیان لەم وڵاتە؟» هەروەکو لە لاپەڕە ٦٤دا دەڵێ: «وەڵڵا گەورەم سەد جاری دیکە ڕەوانەی زاخۆمان بکەنەوە، هەر دەگەڕێینەوە، چونکە عێراق جێگای ژیانی تێدا نەماوە، هەموو بەها پیرۆزەکان لەژێر پێڵاون.... تاد.»

بێگومان ئەو پرسیارانە یاخود ئەو ویست و پرسانە ئاکامی کردەوە و ڕووداوەکانە لە ڕوانگە و تێڕامان و جیهانبینی و خوێندنەوەی واقیع لەلایەن نووسەر خۆی و ئەو زەمەن و جێگایەی کە تێیدا ژیاوە. ئێمە لەسەرمان پێویست دەبێ کە بپرسین: بۆچی بەپێچەوانەی ئایندەیەکی گەش، ئایندەیەکی ڕەش چاوەڕێمانە؟ «بەدەم ڕێوە لە ئەتمۆسفێری کۆلێژ و ئەکادیمیا و خوێندن لە هەولێر دەدواین، ئای کە پیس و نارێکە، کەسێ نییە خەمخۆری چاکسازییەکانی بەهادارترین چینی کۆمەڵگا بێ. ل٤».

لە هەموو دنیادا کەسانێک سەرقاڵی هیلاکی و ماندووبوونی خوێندنن تا لە ئایندەدا شوێنێکی ئارام بە دەست بێنن و لەناو کارێکی باشدا دابینی ئایندەو گوزەران و بژێویێکی سەرووی خەراپ بکەن، کەچی لە کوردستانی ئەو کاتدا، دوای تەواوکردنی خوێندن دەبوایە بە دوای کاسبیەکی نوێدا بگەڕێیت.

ترس لە کولتووورە عەشائیریەکان و دوژمنداری یان نەبوونی ئازادییەکانی تاک، نووسەر وەکو هەر هاووڵاتییەکی تری هەولێر بە ڕێکەوت، لە سەرتاشخانە دێتە دەرێ «بەر لە پەڕینەوەمان بۆ لای نەخۆشخانەی خانزاد، بوو بە تەقە و دەستڕێژ، چی گوللەی دنیا هەیە لەژێر قاچماندا هەڵدەقۆزیەوە. ل٥».

ترس لەوەی بێ هیچ گوناهێک ببیتە قوربانی کولتووری دەمارگیری و کۆن. تا ئێرە چەند هۆکارێکی خێران کە ترسی مانەوە لە وڵاتێک دروست دەکەن، ئایندەی ڕەشی تێدا چاوەڕوانکراو بێ، بۆیە لە پێناو سڕینەوەی ئەو ترسە دەبێ زنجیرەیەک ترس و سامناکیی و موجازەفە بگریتە بەر.. هەموو ترسەکانی وڵات دەبێ بە ترسی مان و نەمان بسڕیتەوە، لە پێناو گەیشتن بە ئامانجێکی نادیار.

کە بڕیاری کۆتایی دەداو ناو پێخەفە گەرمەکەی جێدەهێڵێ، ئیدی سەفەری ترسەکان و سەفەری ڕەش دەست پێدەکا. ترس لە کێ و ترس لە چی؟ بێگومان هەر زوو هەست دەکەی کەسی یەکەمی تێکستەکە، ترسێکی گەورەی هەیە لە چارەنووس، چارەنووسێکی نادیار، خۆشی نازانێ ڕوو لە کوێ دەکا و ئەو سەفەرەی بەرەو کوێ؟

بۆیە لە دوایین «لۆفەی پیرمام» بۆ دوایین جار سەیرێکی هەولێر دەکات و دەڵێ: « زۆر پەست بووم، سەرم بادا، لە دڵی خۆمدا دەمگوت: ئەوە بۆ کوێ؟ خۆم خۆم ئەنفال دەکەم. ل٩» بە درێژایی ئەو نۆڤلێتە دۆکیومێنتییە هەمیشە پرسی ترس لە چارەنووسی نادیار دووبارە دەبێتەوە، بێگومان ئەو پرسیارە لای هەر کەسێکی ئاساییش وەکو برووسکە لە چەند چرکەیەکدا دێت و تێپەڕ دەبێ بەڵام لای منی دەقنووس پرسێکە جێگای قووڵ بوونەوە و دووبارەکردنەوەیە، بۆیە لە شوێنێکی تری تێکستەکەدا دەپرسێ: «ئێمە ئێستا بەرەو کام شار دەڕۆین؟ دەمانەوێ بچینە کوێ؟ ل٢٤»

جاری وا هەیە ڕێبەرەکەشیان (قاچاغچی) تووشی سەراسیمەیی و سەرلێشێوان دێ و خۆی دەداتە دەستی چارەنووسێکی نادیار، خۆی دەداتە دەستی قەدەرێکی تەماوی، نازانن ڕوو لە کوێ و بەرەو کامە شوێن ڕاپێچ دەکرێن «قاچاخچییەک گوتی: جەماعەت گەر بەرەو دەستەچەپ ڕۆیشتن ئەوە بەرەو یۆنانە، گەر بەرەو دەستە ڕاستیش ڕۆیشتن، بەداخەوە بەرەو ئەستەمبووڵە، بەڵام سەیارەکان

بەهیچ لایەک لایان نەدا ڕاست ڕۆیشتن کەس نەیدەزانی بۆ کوێ دەمانبەن ل ٦٤» لەگەڵ ئەو ترسی پرسە لە چارەنووسێکی تەماوی و نادیار کە هەتا کۆتایی نۆڤلێتەکە دەڕوا، ترسێکی تری ئاواش بە بەردەوامی دەڕوا، کە ئەویش لەگەڵ بڕیاردان لەسەر سەفەرکردن دەست پێدەکا و هەمیشەش تا گەیشتن بەشوێنی مەبەست بە تەریبی لەگەڵ ترس لە چارەنووس دەڕوا..

ئەو ترسەش، ترس و گومانە لە قاچاغچی هەر کەسێک کە دەیەوێ بەشێوەیەکی نایاسایی سەفەر بکا چارەنووسی خۆی دەداتە دەستی یەکێکی تر کە پێی دەڵێن: قاچاغچی.

هێشتا هەر لە «سۆران»ن، تووشی ئەو ترس و گومانە دێن..
«ئیسلامی: لێرە پارەکانتان بگۆڕنەوە، بە تومەن و لیرە» چووین پارەکانمان گۆڕییەوە کە هاتینەوە ئیسلامی دیار نەبوو، چاو بگێڕە بەهەموو لایەک نە ئیسلامی، نە لاندگرۆز.

– ڕەفعەت: کوڕە خۆ ئەو هەتیوە نەهاتەوە؟

– مام ڕەفعەت: خەم مەخۆ دێتەوە، خۆ ئەگەر نەیەتەوەش ئەوەتە هەولێر، باش نییە لە ئێران و تورکیا جێی نەهێشتووین.

– ڕەفعەت: کوڕە چ دێتەوە، خۆ ئێمەی کوشت، دوو هەزاری برد، بەخوای چاومان پێی ناکەوێتەوە. ل١١».

ناچارین بپرسین بۆچی هەموو موسافیرێکی ڕەش، لە گومان و ترسدا دەگوزەرێنێ و هەمیشە باوەڕ بە قاچاغچی ناکا، یان لێی بە گومانە؟

خۆی لە بنەڕەتدا قاچاغچی وەکو هەر یەکێکی دی مرۆڤە، بەڵام مرۆڤێکی ناشەرعی بە پێی هەموو دەستوور و یاساکان.. دیارە ناشەرعی بوونی مرۆڤ کاتێک دروست دەبێ، کە ئەو مرۆڤە زۆر لە عادات و تەقالید و باوەڕە بنچینەییەکانی کۆمەڵ و یاسا لە دەست دەدا.. مرۆڤێکی موجازف و ئازا و بوێرە، زۆرجار لە پێناوی «پارە» کۆمەڵێ کردەی نامۆ ئەنجام دەدا.. با تەماشاکەین و بزانین یەکێ لە قاچاغچییەکان کە دەرچووی کۆلێژی زانیارییە لەو پەرەگرافەدا چۆن سەبارەت بە قاچاغچییەتی دەدوێ:

«ئەو کارەش بە هەموو کەسێ ناکرێ، چونکە دەبێ ئەو کەسە دڵی نەبێ یان زۆر دڵڕەق بێ، ئەگینا سەرکەوتوو نابێ ل ٩١»

مەبەست لە سەرکەوتنی قاچاغچی چییە؟ ڕۆشنە گەیاندنی وەجبە و بەدەست هێنانی زۆرترین «پارەیە» لە کورتترین کاتدا.. چۆن ئەو پرۆسەیە ئەنجام دەدرێ؟ بێگومان دەبێ وەکو خۆی دەڵێ: دڵی نەبێ یان دڵڕەق بێ.. چونکە ڕۆژانە بەرەوڕووی دەیان کەس دەبێتەوە کە لەبەر بێدەرەتانی و خەراپی باری ئابووریدا، داوای لێدەکەن بە پارەیەکی کەم یاخود بەخۆڕایی دەربازیان کا.. کەوابێ ئەگەر قاچاغچی هێندە سۆزاوی و دڵنەرم و بەلەنگاز دۆست بێ، دەبێ «ڕێکخراوێکی خێرخوازی» دامەزرێنێ و لانەواز و بێدەرەتانەکان دەربازکا.. هەندێ جار خۆپەرستی و پارە پەرستی هەندێ لە قاچاغچییەکان دەگاتە ئەوەی کە دڵی نەمێنێ، بۆ نموونە: کەسێک بە زیندوویەتی لەنێو بەفر و لە چۆڵەوانیدا بەجێ دەهێڵێ.. ئەوەتا «جەنگۆ»ی قاچاغچی دەڵێ: «من هەر لە کۆلێژەوە دڵم مرد ل ٩١» کەوابێ تۆ ئەی موسافیری سەفەرە ڕەشەکانی ترس، دەبێ بە بەردەوامی ترست هەبێ لە کەسێکی دڵڕەق، یاخود دڵ مردوو».

ئەگەر بەسەر پردی خوێندنەوەیەکی ورد لە ترس و گومان لە قاچاغچی بپەڕینەوە بۆ ترسێکی دی، ئەوا دەبێ باس لە ترسی سروشت بکەین.. ترس لە سروشت لە «حاجی ئۆمەران»وە دەست پێدەکا، چونکە مێژووی ئەو سەفەرە ڕەشە بۆ مانگی نیسانی ساڵی ١٩٩٦ دەگەڕێتەوە، سنوورەکانی هەر چوارپارچەی کوردستان هەمیشە لەو ماوانەدا سەخت و بەفراوین.. بەتایبەتیش لەنێو چیا عاسێکاندا کە تووڵەڕێی قاچاغ و ڕێگای سەفەرە ڕەشەکانە..

«هەردوو قاچم تا نێو قەدم کەوتە نێو بەفر و بەشی سەرەوەی لەشم ڕۆیشت، وامزانی بۆتە دوو پارچە، بەهەردوو دەست خۆم لە بەفری پێشەوە چیرکردەوە سوودی نەبوو.... هتد ل١٤».

بە درێژایی کاتەکان زۆر نموونە و بەڵگەی ڕاستەقینەشمان لەبەر دەستە کە لە سەفەری ڕەشدا کەسانێک بوونەتە خۆراک و قوربانیی سروشت، یەکێک ئاو دەیبا، هەندێک بەفر سڕیان دەکاو لەژێر بەفردا جێ دەمێنن، هەندێکی دی لە بیاباندا دەبنە لم، هەندێ لە بێ ئاویدا دەخنکێن، کەسانێک دەبنە جەمی ئاژەڵی درندەو گەلەگورگ و.... هتد.

خۆ کە شانست دەبێ و لەو هەموو کاتە ستڕۆفە سروشتیانە دەربازت دەبێ و سروشت ناشێ لە ناوت ببا، ئینجا نۆرەی ترسێک دێ کە سەرچاوەکەی مرۆڤە..

ئەو ترسە مرۆڤ خۆی ئافراندوویەتی، بازگە و کۆنترۆڵ و سەرباز و هێزی سنوور پارێز، لەنێوانی زۆربەی سنوورەکانی ولآتانی دنیادا درندەترین کەس و نامرۆڤانەترین یاسا دارێژراون و دانراون.. ئەوان کە لە ترسی سروشت دەربازیان دەبێ ترسی پاسدار دێ «بنکەی پاسداران زۆر نزیک بوو، بلاجکتۆریش دەوری بنکەکەی رۆشن دەکردەوە. ل ١٥»

«کاتژمێر ٣-٤ و نیو لە پەنای بەردەکە وەستاین نەدەوێراین لە پەنای بەردەکە بێینە دەرێ، دەیانگوت ئەگەر بتان بینن خومپارە داوێن. ل ١٤».

«بەلام دەبێ دیسان راکەین تا ئەو پاسدارانەی سەر چیا نەگەنە سەر رێگامان. ل٣١»

«ئەو گوندە زۆر ترسناک بوو، هێزێکی سنوور پاریزی زۆری لێبوو. ل٣٤»

«لەپڕ سێ سەرباز گەیشتنە سەرمان، بێدەنگی و ترس باڵی کێشا بەسەرمانا، خوایە ئاخۆ چیمان بەسەر بێت. ل٥٤»

«لەبەر نەشارەزایی قاچاغچییەکان لەم رێگایە کەوتینە کەمینی کۆماندۆی یۆنانی، بەلام چ رێگایەک؟ لەگەڵ هەر جووڵەیەک، رێژنەیەک گولله دەباری، ل٥٩».

سنووری دەستکردی بەناو عێراق- ئێران، ئێران- تورکیا، یان تورکیا- یۆنان، یۆنان- ئیتاليا، هەمان سنوور و هەمان ترس و هەمیشە ترس.. بۆ یەکێک کە راکردوویەکی رەشە.

کە هەمدیس لەو ترسەش دەربازی دەبێ، ئەو جارەیان لەناو شارەکان کۆمەڵێ ترسی نوێ دێ، ترس لە پۆلیس و بازگە و کۆنترۆڵەکانیان، ترس لە ئاسایش و موخابەرات..

«ناو بازارەکە پڕبوو لە پۆلیس تا گەیشتینە بەداله بە سەد دوعا.. ل ٢١»

«کەچی ناو- خانە- و دەرەوە پڕ بوو لە سەرباز و پۆلیس» لەکاتی خوێندنەوەی ئەو نۆڤلێتە ترسێکی تر دەکەوێتە بەرچاو کە ئەویش ترسە لە خەڵک، خەڵکی چایخانە، شوفێری تاکسی و عەرەبانچی و ئەو ماڵ و خاوەن ماڵانەش کە پەیوەندییان بە قاچاغچییەکانەوە هەیە.

«دەچینە ئەو چایخانە بەس کەس قسە نەکا، با نەزانن ئێمە عێراقین- ل٢٥»

بێگومان تا دەرۆن ترسی نوێتر دێتە پێشەوە لەو سەفەرە ئەرژەنگ و سامناکە، ئەو جارەیان لە شوێنێکدا هەست بە ترسی بوونی «مین» دەکەن.

«چوار کەس بە مین گیانیان لە دەست دا. ل٦٦»

ترس لە تونێل و لەوکاتەی بەپێ دەرۆن و شەمەندەفەر دێ، ترس لە هۆکارە کۆن و رەشەکانی گواستنەوە، لەو بەلەم و یاختە کۆنەی دەریا دەبڕێ.. ترس لە سنووڕداش و قسەی خەڵک، واتە ترس لە عەقڵی جێماو، لە دواکەوتوویی ترادتسیۆن.

«بێ ئومێد بووین و کارەساتی گەڕانەوەمان هاتە بەرچاو ل ٤٧»

«دەستێکم بە سمێڵم داهێنا هیچ نەمابوو، خوایە ئەوە لەسەر قاچاغچی سمێڵیشمان تاشی، کەچی گەڕانەوەمان هەر مسۆگەرە، مەسەلەکە سمێڵ نەبوو.. هتد ل٤٧»

ترس لە رێگر و ترس لە ململانێی نێوانی قاچاغچی و راکردوو، لەنێوانی موسافیری رەش و موسافیرێکی تری رەش، ترس لە خنکان لە بێ هەواییدا لەنێو شاحینە و لە نغرۆبوونی کەشتی و زیندان و رووت کردنەوە و شەرەف شکاندن و لێدان و بەهەڵە سواربوونی کەشتی «وەکو ئەو چوار کوردەی بەهەڵە بۆ میسر رۆیشتبوون. ل١٠٨».. ترس و ترس و ترس.. ترس بۆ هەمیشەیی و لە هەموو شتەکان..

لەو نۆڤلێتە مانای ترسەکانی سەفەری موسافیری رەشمان بە ئاسانی و زۆر بە جوانی بۆ رۆشن دەبێتەوە، دیارە پێویست ناکا لەو زەمەنی تێلی کۆمیکاتسیۆن و گلۆبالیزم و هەموو پێشکەوتنە تەکنۆلۆژیەکاندا، مرۆڤ بەو هەموو گەمە ترسانەدا رەتبێ و بەهای مرۆڤانە و جەستەی خۆی بخاتە نێو تاقیگەی هەندێ ئازمایشی سەیر بە ناتۆری ناوەوەی رۆح و لە پێناوی دارشتنی شتێکی دەستکرد کە پێی دەڵێن «یاسا».

بەهەرحاڵ من پێم وایە دەرچوون لەو تاقیکردنەوە سەخت و دژوار و کارەساتاوییە، نەک هەر بە تەنیا ئاسان نییە، بەڵکو دەبێ هێز و ئیرادە و باوەڕێکی بەتین لە ناوەوەی ئەو کەسانەدا هەبێ کە لەو سەفەری ترس و سەفەری رەشەدا دەربازیان دەبێ.

بۆیە من دەستخۆشییەکی گەرم و برادەرانە لە برای نووسەر باهۆز عەبدوڵلا دەکەم کە بەو زاکیرە پاراو و جوانەی، ئەو فیلمە دۆکیومێنتییە مێژووییەی بە وشە و کتێب خستۆتە نێو کتێبخانەی کوردی.

# چاوگێڕانێکی تر بە مێژووی کورددا

## گەڕانێکی خێرا بە کتێبەکەی «ئارشاک سافراستیان»ی ئەرمەنیدا

لێدوانی: جەبار سابیر
(سلێمانی)

لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیستدا، کە خەلافەتی عوسمانی و لەشکرە خوێنرێژەکەی ڕۆژ بەڕۆژ قەڵەمڕەوی دەسەڵاتیان تەنگەبەر دەبۆوە و ئیمپراتۆرەکەیان لەتلەت دەبوو، سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم هات لە کۆمەڵێک کوردی خۆفرۆش وەک جاشەکانی دواچارەکی سەدەی بیست لەشکرێکی دڕندەی دروست کرد و بەریدانە گیانی کوردە شۆڕشگێڕەکان و نەتەوەکانی سەر بەقەڵەمڕەوی عوسمانی کە یەکێک لەو نەتەوانە ئەرمەنیەکانن کە بە درێژایی هەزاران ساڵ لەگەڵ کورددا دراوسێ بوون و ئامانجی



هاوبەشیش لێکتری نزیک کردوونەتەوە. هەردوو ئیمپراتۆریەتی ناوچەکە هەم فارسە سەفەوییە شیعە مەزهەبەکان و هەم تورکە عوسمانییە سوننە مەزهەبەکان ئەرمەن و کوردیان وەک سپەر و سووتەمەنی شەڕە ناڕەواکانی خۆیان بەکارهێناوە، ئەمە جگە لەوەی هەر زانیبێتیان کورد و ئەرمەن سەریان بەرزکردۆتەوە ئیتر وازیان لە شەڕ و گێچەڵی خۆیان هێناوە و بە هەردوو لایان بێبەزەییانە بەربوونەتە گیانی هەردوو نەتەوەی هاوسێ و برا، ناوبەناویش بۆ جووڵاندنی هەستی ئایینی کورد و ئەرمەن هاتوون وایان لە کوردەکان گەیاندووە کە ئەرمەن کافرن و عیساین و ئیتر ناکرێ دۆستایەتییان بکرێت، دوا هەوڵی عوسمانییەکان لەو بارەیەوە دروستکردنی سوارەی حەمیدی بوو لە کوردە بەکرێگیراوەکانی سەر بە خەلافەتی عوسمانی.

عەبدولحەمید دەیویست بەتفەنگێ دوو نیشانە بشکێنێ و بەنیازیش بوو بۆ هەتا هەتایە پەردە بەسەر دڕندەیی خۆیدا بدات و کۆمەڵکوژی ئەرمەن بخاتە ئەستۆی کورد، چونکە ئیمپراتۆریەتە شەکەتەکەی عەبدولحەمید لە بەرامبەر ئەوروپییەکاندا کەنەفت ببوو چۆکی

دادابوو، دەیویست لەگەڵ هاتنی ئەوروپییەکان ئەمیش ڕووی خۆی بە سپیێتی پێشانی ئەوان بدات، چونکە دەیزانی ئەوان گەر لەسەر کورد و ئازەر و چەرکەس نەیەنە قسە، ئەوا بێگومان لەسەر ئەمەرنەکان دێنە دەنگ و لێناگەڕێن ئەو نەتەوە مەسیحییەی ناوچەکە بەدەستی عوسمانییە ئیسلامییەکان لەبەین چێت، بۆیە هات و بەناوی کوردەوە کۆمەڵکوژی ئەرمەنی کرد بۆ ئەوەی کۆمەڵکوژیی سەدەکانی پێشووتریش بخاتە ئەستۆی کورد و پێشانی دنیای بدات کە گوایا ئەوە کوردە چەندین سەدەیە لێناگەڕێ نەتەوەکانی ناوچەکە سەر بەرز کەنەوە.

کۆمەڵکوژی ئەرمەنەکان بەدەستی چەتەکانی سوارەی حەمیدی لە ساڵەکانی ١٨٨٩ بەدواوە دەستی پێکرد و سەرەنجام ئەو کۆمەڵکوژییانەی ئەرمەن لە ساڵی ١٩١٥دا و لەسەروبەندی جەنگی یەکەمی جیهاندا کە عوسمانییەکان پێیان وابوو جیهان بێ ئاگایە لێیان گەیشتە لووتکە و زیاتر لە یەک ملیۆن و هەشت سەد هەزار ئینسانی ئەرمەنی لەلایەن لەشکری سوارەی حەمیدییەوە لەناوچوون و شار و گوندەکانیشیان لەگەڵ زەویدا تەخت کران، زۆربەی ئەوانەی لەو کۆمەڵکوژییەشدا تیاچوون ژن و منداڵ و پیرەکان بوون و هەندێکیشیان کە پەنایان بۆ کەنیسە و شوێنە پیرۆزەکان بردبوو هەر لەوێدا ئاگریان تێبەردراو ئەو شوێنانەشیان پێوە سووتاندن.

شەڕی شەش ساڵەی یەکەمی جیهان بڕایەوە و کۆمەڵکوژی ئەرمەنیش خرایە ئەستۆی ئێمەی کورد، تا ئەو وەختەی لە ساڵی ١٩١٩دا کۆنگرەی ئاشتیی پاریس لە پایتەختی فەڕەنسا گرێ درا بۆ سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و میراتی ئەو شەڕە بەسەر سەرکەوتواندا، ئیمپراتۆریەتی عوسمانی تەنیا لەسەر خاکی تورکیا مایەوە و لە هەموو دەسەڵاتەکانی لەناوچەکانی تری ئەورووپا و ئاسیا داماڵرا... لەو کۆنگرەیەدا «شەریف پاشای سەعید خەندان» کە ئەوکات باڵیۆزی عوسمانییەکان بوو لە سوید بەناوی کوردەوە و وەک نوێنەری کورد بەشداری کۆنگرەکەی کرد و دەنگی کزۆڵە و سەرکوتکراوی کوردی گەیاندە دنیا و باسی ئەو زوڵمە زۆرەی کرد کە تورکە عوسمانییەکان لە کورد و نەتەوەکانی تری ناوچەکەیان کردووە. هەر لەو کۆنگرەیەدا (بوغوس نوبار پاشا) پاشای ئەرمەنییەکان بەشدار بوو بۆ بەدرۆخستنەوەی تورکە عوسمانییەکان لەمەڕ کۆمەڵکوژی نەتەوەکەی، لەگەڵ شەریف پاشادا پەیامێکی ئاشتی کورد و ئەرمەنییان دا بە نوێنەرانی بەشداربووی کۆنگرەکە و بۆ جیهانیان سەلماند کە کورد و ئەرمەن هیچ کێشەیەکیان نییە و ئەوە تورکەکانن ئاژاوە و دووبەرەکی دەخەنە نێوانیانەوە.

ئێستا لەناوەندی شاری ئەریڤانی پایتەختی ئەرمەنستاندا پەیکەری ژنێک لە بەرزییەک جێگیرکراوە و شمشێرێکی درێژی بەدەستەوەیە و ڕووی شمشێرەکە بەرەو تورکیایە، پەیکەرەکە ناوی «دایکی ئەرمەن»ە و ئەرمەنییەکان پێیان وایە کۆمەڵکوژی ئەوان تورک کردوویەتی و دەبێت تۆڵەی بکرێتەوە، ئەمەش جارێکی تر ئەوە دەردەخات کە ئەوەی ئەرمەنی کۆمەڵکوژ کرد تورک بوو نەک کورد. لەم ساڵانەی دواییشدا فەڕەنسا و چەند وڵاتێکی تر بە ڕەسمی تورکیایان وەک تاوانبار ناسی لە کۆمەڵکوژی ئەرمەنەکاندا، بەردەوامیش ئەرمەنەکان لە هەوڵی ئەوەدان وەک جینۆساید کێشەکەیان بەجیهان بناسێنن و تورکیا بەرنە بەردەم لێپرسینەوە و دادی نێودەوڵەتی.

هەموو ئەم قسانەی ئێمە لێرەدا بۆ ئەوەیە لە کتێبێکی مێژوویی وردبینەوە کە نووسەرەکەی ئەرمەنە و باسی مێژووی کورد و کوردستان دەکات. «ئارشاک سافراستیان» دکتۆرێکی مێژووناسی ئەرمەنییە و ئاگاداری ورد و درشتی ڕووداوەکانی مێژووی دێرین و هاوچەرخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە بەتایبەت مێژووی پێکەوە ژیان و هاوسێی کورد و ئەرمەن و لێرەشەوە ئەم هەوڵەی بۆ زیاتر بەدرۆخستنەوەی تورکیا و ئەو وڵاتانەیە کە کۆمەڵکوژی ئەرمەن دەخەنە ئەستۆی کورد، چونکە لەم کتێبەدا مێژووی دوور و نزیکی کورد ڕاستگۆیانە خراوەتە ڕوو، بێ هیچ لایەنگیریی و مەبەستێک ئەوەی زانیویەتی و ئاگادارە لەمەڕ کورد خستوویەتە ڕوو، تەنیا مەبەستیشی نییەت پاکی ئەرمەنە لەهەمبەر کورددا. کتێبەکەی سافراستیان لە شەش

فەسڵی سەرەکی پێکهاتووە جگە لە چەند وتارێکی کورت کە لە شێوەی پێشەکیدا بۆ زیاتر ناساندنی کورد نووسراوە.

فەسڵی یەکەمی کتێبەکەشی هەوڵێکە بۆ بەدرۆخستنەوەی ئەو بۆچوونە چەوتانەی لەکۆندا لەلایەن ئەو مێژوونووسانەوە نووسراون کە سەر بە داگیرکەرانی کوردستان بوون. ئەو لەوێدا باسی ئەوە دەکات کە کوردان هەمیشە لەبەرامبەر هێرشی داگیرکاری و دڕندەیی تەواوی لەشکرەکاندا نەبەردانە خۆیان گرتووە و هەرگیز حەزیان بەملکەچی و سەرشۆڕی نەکردووە جا چ بۆ داگیرکەرێکی دەرەکی بێت یاخود بۆ میرێکی خۆماڵی.

کە دێتە سەر باسی ئەرمەن و کورد سافراستیان زۆر بە ئەمانەتەوە قۆناغە مێژووییەکان باس دەکات و وەک خەمخۆرێکی کورد بابەتەکان تۆمار دەکات (ئەدەبی کلاسیکی ئەرمەنستانی کۆن کە لەسەدەی چوارەمی پاش زایینەوە دەست پێدەکات، پڕە لە کەرەستەی دەوڵەمەند دەربارەی ئەو سروشت پاکی و دراوسێ چاکییەی کە ئەرمەنییەکان لەگەڵ سەرجەمی خێڵە کوردەکاندا بەکاریان هێناوە.ل.٤٣.)، ئەو پێی وایە کە کورد و ئەرمەن و دەسەڵاتەکانیان لەو وەختەدا زۆر دۆست بوون و تەنانەت بۆ عەرەب و نەتەوەکانی تریش هەروەک برا لێیان ڕوانیون و هەرگیز پاشایەکی کورد یا ئەرمەن حەزی بە داگیرکاری و چەوساندنەوەی نەتەوەکانی تر نەکردووە گەر دوژمن هانی نەدابێتن. هەر لەم بەشەدا بەوردی باسی سەردەمەکانی بابل و ئاشوور و دواتر دەرکەوتنی فارسەکانی کردووە و دەڵێ (کە خێڵە تورکەکان هێرشیان دەکردە سەر فارسەکان بۆ خۆپاراستن لەم مەترسییە، چ بە زۆر بێت چ بەخوایشت کوردێکی زۆریان دەبردە ئەو مەرز و بوومە تا بەر لە هێرشەکانیان بگرن. ڕاستییەکەی بێزەنتییەکانیش هەمان سیاسەتیان بەکاردەهێنا تا ئەو شکستەی فارسەکان لەبەردەم فەتحی عەرەبە ئیسلامییەکاندا تووشیان بوو لە ساڵی ٦٣٢ تا ٦٤٠ قۆناغێکی تری هێنایە گۆڕێ. باسی ئەو خێڵە کوردانەشی کردووە کە هەریەکەیان بە نۆبەی خۆی و لە قۆناغێکی دیاریکراوی مێژوودا ڕۆڵی لە حوکمڕانی کردنی ناوچەکەدا هەبووە.

لە فەسڵی دووەمی لێکۆڵینەوە پوختەکەیدا باسی هاتنی عەرەب و پەیامی ئیسلام بۆ ناوچەکە و بە ئیسلامکردنی نەتەوەکانی ناوچەکە دەکات لەلایەن عەرەبەکانەوە، کە دیسان کورد باجی هەرە گەورەی بوون بە ئیسلامی داوە، بە پێچەوانەی بۆچوونی مێژوونووسانی ترەوە ئەم پێی وایە کورد بەزەبری هێز و شمشێر بوونەتە ئیسلام و لەپێناوی مانەوەی خۆشیاندا خوێنێکی زۆریان ڕشتووە، بەڵام لەبەر نابەرامبەری لەگەڵ لەشکری تازەی ئیسلام و عەرەب کورد تێکشکاوە. تائێستاش مێژوونووسانی خۆماڵی و بێگانەش لە هەوڵی ئەوەدان ساغیکەنەوە کە ئایا کورد بەخوایشت ئیسلامی قبووڵ کردووە یاخود بەزەبری شمشێر و چەوساندنەوە، ئیسلام لەگەڵ هەڵکشانی فەتحدا وەک تەواوی ناوچەکانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەشێکی ئەفریقا و ئەورووپاش گەیشتە کوردستان و ئیتر دوای بەرگری و خوێن ڕشتنێکی زۆر کورد ملی دا و بووە ئیسلام. سافراستیان لێرەدا باسی ئەو بەرگرییە قارەمانانەی کورد دەکات لە بەرامبەر عەرەبە ئیسلامەکاندا، عەرەبەکان بەلای گەلە دێرینەکانی دەوروبەری باکووری هەردوو ڕووباری دیجلە و فوراتەوە نەناس نەبوون. لە چەندین سەدە لەوەبەرەوە ئەوان پێوەندی هەمەجۆری بازرگانی، ڕۆشنبیری و سیاسییان پێکەوە هەبوو، لەگەڵ یەکدا ناسیاری و شارەزاییەکی تەواویان بنیات نابوو، بەڵام کاتێک عەرەبەکان لەشکرشکێنانە بە پڕتاوی ئایینی تازەوە هاتن، کوردەکان، ئاشوورییەکان و هەموو گەلەکانی دەوروبەریان پاڵیان دایە دەوڵەتی فارسەوە و لەژێر ئاڵای شاهی شاهاندا بۆ بەرەنگاربوونەوەی لافاوی هێرشی عەرەبەکان کەوتنە خۆ. یا دەڵێ ئەو مێژوونووسانەش کە بە چاوی خۆیان ڕووداوەکانیان بینیوە چ ئەرمەن و چ عەرەب چ سووریایی، چ بێزەنتی باسی گەلێ جەنگی پاڵەوانانەی کوردەکانیان دژ بە هێرشبەرەکان کردووە.. ل٤٥) کە دیارە هێرشبەر هەر عەرەبە ئیسلامەکان بوون.

دواتریش هەر لەو فەسڵەدا باسی هاتنی سەلجووقییە تورکەکان دەکات بۆ ناوچەکە و دەڵێ (سەلجووقییەکان کە لە بنەڕەتدا بیابان نشین و

بەچکەی دەشتە لماوییەکانی ئاسیای ناوەند بوون، زاتی ئەوەیان نەدەکرد بۆ ناو هەزار بەهەزاری ئەم چیـــا سەرکەشانە مل بنێن، بۆیە پۆلە کوللە ئاسا بەرەو ئاسیای ناوەند خۆیان کوتا...ل..٤٧)

کە دێتە سەر باسی سەلاحەدینی ئەیووبی ئەویش وەک زۆرێک لە ئێمەی کورد ڕەخنەی ئەوە لە سەلاحەدین دەگرێت کە گوایا دەیتوانی ئیمپراتۆریەتێکی بەهێزی کوردی ئیسلامی لەو سەردەمەدا دامەزرێنێ، بەڵام بۆ نەیکرد؟ ئەویش نازانێ. (گەر بهاتایە و لەو کاتەدا کە لە هەرەتی دەسەڵات و توانای دابوو دەستی بکردایە بە سازدانی ڕێوشوێنی پێویست بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی کوردان لەسەر زەمینی زاگرۆس و ئەوێی بکردایە بە بنکەی سەرەکی بۆ خۆی و هەمان کاری لە ئازەربایجان و ئەرمەنستان و تۆرۆسی-شدا بکردایە ئەوا چاکەیەکی ئەوتۆی بەردەوام و نەکوژاوەی دەکرد کە نەک هەر گەلەکەی خۆی بەڵکو هەموو ناوچەکەش لەژێر سێبەریدا هەتا هەتایە دەحەسایەوە چونکە ئەو سەردەمە ئێران پەرێشان بوو، ڕۆمی و بێزەنتە وەکو هەمیشە بێ هێز و هەڵوەشاوە بوو...ل..٥١)

فەسڵی سێهەمی لێکۆڵینەوەکەی تایبەتە بە داهاتنی سەردەمێکی تازە لە ناوچەکەدا کە خۆی لە دروستبوون و قاڵبگرتنی هەردوو زلهێزی تازەی ناوچەکە عوسمانییەکان و سەفەوییەکان دەبینێتەوە، دامەزرێنەری ئیمپراتۆریەتی سەفەوی پیاوێک بوو بەناوی ئیسماعیلی کوڕی جونێدی سەفەوی و توانی دوای نۆ سەدە سەرگەردانی و پەرش و بڵاوی ئێرانییەکان بیانخاتەوە سەر پێ و وەک زلهێزێک لەناوچەکەدا دەرکەون. کاتێکیش کە هۆزە تورکەکان بە سەرۆکایەتی محەمەد فاتیح تەواوی تورکیاو قەڵەمڕەوی بێزەنتەیان لە ناوچەکەدا ڕووخاند ئیمپراتۆریەتی عوسمانییان دامەزراند و لە سەرەتای سەدەی شازدەدا بەربوونە گیانی یەکتر و دۆزەخێکیان لەجاران سووتێنەرتر بۆ نەتەوەکانی ناوچەکە گڕدا. سەفەوییەکان ئایینزایان شیعە بوو عوسمانییەکانیش سوننە، ئیتر ئەم ناوچانە بووە مەیدانی تەراتێن و لەشکرکێشی ئەو دوو زلهێزە و دریغییان لە کوشت و کوشتار نەکرد.

بەپێی بۆچوونی سافراستیان و زۆر شارەزای تر لە بواری مێژووی دێریندا یەکەم دابەشکردنی سیاسی جوگرافیای کوردستان کە تا ئێستاش وەک خۆی ماوەتەوە لەسەر دەستی سەفەوییەکان و عوسمانییەکان، لە شەڕی چاڵدێران لە دۆڵی ئۆزاڵپ لە ساڵی ١٥١٤دا ڕووی داوە، لەم شەڕەدا هەردوو زلهێز خوێنێکی زۆریان لە خۆشیان و نەتەوەکانی تری ناوچەکەش ڕشت و ئەنجام عوسمانییەکان سەرکەوتن. لەو دەمەوە کوردەکان بوونە پێپەستی لەشکرەکانی عوسمانی و سەفەوی و بەوپێیەش کە کورد زۆرینەی زیاتر ئایینزای سوننەیان هەڵبژاردووە زیاتر لەلایەن سەفەوییەکانەوە چەوساونەتەوە و عوسمانییەکانیش تەنیا بۆ مەبەستی خۆیان بەکاریان هێناون و دواجار کورد تەنیا زەرەر و زیانی بەرکەوتووە. هەر لەم فەسڵەدا باسی تەواوی شەڕەکانی هەردوو ئیمپراتۆر کراوە تا ساڵی ١٨٣٠ و ئێستێکی لەسەر سەرهەڵدانەکانی کورد کردووە و کەریم خانی زەندی وەک نموونەی جوامێری کورد پێشان داوە و لە باسی قەڵای دمدمدا بەدرێژی لەسەر ئەو قارەمانییەی کوردان دەوەستێ و باسی ئەو دڕندەییەی سەفەوییەکان دەکات بەرامبەر ژن و منداڵی کورد و ئەو زوڵمەی لە خەڵکی سقیلی ناو قەڵاکەی دەکەن.

فەسڵی چوارەم تەرخان کراوە بۆ سەرهەڵدانەکانی کوردان لە چوارچێوەی هەردوو دەسەڵاتی عوسمانییەکان و سەفەوییەکاندا، هەر لە پاشا کۆرەی ڕەواندزەوە تا شۆڕشەکەی میر بەدرخانی جەزیرەی ئیبنولعومەر و دواتر شۆڕشەکەی شێخ عوبەیدوڵڵای شەمزینی کە تەواوی کوردانی لە دەوری خۆی کۆکردەوە و ویستی کوردستانێکی سەربەخۆی دوور لە دەسەڵاتی ئەو دوو ئیمپراتۆرە دامەزرێنێ. نووسەر لێرەدا زۆر وشیارانە ڕووداوەکانی تاوتوێ کردووە و کات و شوێنی وەک خۆی داوەتە بەر سەرنج و تەنیا خەمی ئەوەیە کە کوردان دوای ئەو هەموو چەرمەسەری و ماڵوێرانی و خوێن ڕشتنە هەر ژێر دەستەن و نەیانتوانیوە ببنە خاوەنی خۆیان و وڵاتیان.

ئەوەی جێگەی سەرنج و وردبوونەوەیە ئارشاک سافراستیانی ئەرمەنی لە باسی دروستکردنی سوارەی حەمیدی بەدەستی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم بە ویژدانەوە

قسەی لەسەر ڕەفتاری ئەو لەشکرە خۆفرۆشە کوردە کردووە وەک تەواوی کورد لێی نەڕوانیون و کۆمەڵکوژی ئەرمەنەکانی نەخستۆتە ئەستۆی کورد و تێدەگات کە ئەوە ویستی کورد نەبووە ئەو کۆمەڵکوژییەی ئەنجام داوە بەڵکو ئەوە درندەیی تورک و سوڵتانەکانی عوسمانی بوو ئەو نەتەوەیەی جینۆسایدکرد. لە درێژایی لێکۆڵینەوەکەیدا هەرگیز پەنجەی تاوان ئاراستەی کورد ناکات و وەک دۆستێکی کورد خۆی نیشان دەدات.


فەسڵی پێنجەم تەرخانە بۆ قسەکردن لەسەر کۆتاییەکانی خەلافەتی عوسمانی کە ناویان نابوو «پیاوە نەخۆشەکە» و دواتر دروستبوونی تورکە لاوەکان، ئەو گەنجە تورکانەی دەیانویست تورکیا وەک ئەوروپا عەلمانی بێت و دەسەڵاتی خەلیفە کەم کەنەوە، ئەم دەستە تازە و ڕەفتار ئەوروپییەی تورک خۆیان بە دۆست و پشتیوانی نەتەوەکانی ناو خەلافەت دەزانی و زۆریش کاریان کرد بۆ نزیک خستنەوەی نەتەوەکانی وەک کورد و ئەرمەن تا خەلافەت برووخێنن و وەک برا لەو نیشتمانەدا بژین، بەڵام دواتر دەرکەوت کە تورکە لاوەکان و ڕەوتە عەلمانییەکەشیان لە خەلیفە درندەتر و ئەوانیش لە بەرامبەر کورددا هەمان هەڵوێستی خەلیفەیان هەبوو، تەنیا ئەوەبوو ئەمان ئەفەندی بوون و خەلیفە عەمامەی بەشانەوە بوو. هەر لەم فەسڵەدا باسی جەنگی یەکەمی جیهان و سەفەربەرلک دەکات کە کوردەکان لە دۆخێکی چەند دژواردا ژیاون و ئەو شەڕە چۆن لە دنیای دابڕیون.

لە فەسڵی شەشەمدا بە کورتی باسێکی زانستییانەی لەسەر شۆڕش و سەرهەڵدانە تازەکانی سەدەی بیست کردووە و شۆڕشەکانی شێخ سەعیدی پیران و ئیحسان نوری پاشا و سەید ڕەزای دەرسیمی داوەتە بەر سەرنج و ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە داهاتنی تەکنەلۆژیا دۆخی کوردی دژوارتر کردووە و تانک و تۆپ و فڕۆکەکانی تورک خاکی کوردیان گڕ داوە. هەر لەم بەشەدا شەن و کەوێکی حاڵی کورد لە تەواوی ئەو شوێنانەی لێی دەژی باس کراوە و ئەوەی لێرەدا و لەم لێکۆڵینەوە بەنرخەی سافراستیان-دا دەیخوێنیتەوە خەم و کەسەری دۆستێکی گەورەی کوردە کە ئەرمەنییە و دوو سەدەیە تورکەکان ئێمە و ئەوانیان بەدوژمنی یەکتر داوەتە قەڵەم و کۆمەڵکوژی ئەرمەنیان لە ساڵی ١٩١٥ و پێشتریش بەدەستی کورد دەزانی، بەڵام دوای خوێندنەوەی ئەم لێکۆڵینەوەیە بۆت دەردەکەوێ کورد و ئەرمەن بەدرێژایی هەزاران ساڵە دراوسێن و زۆرترین خاڵی هاوبەش هەیە بۆ دۆستایەتییان گەر تورک لێگەڕێ. بۆیە ئەم کتێبە گرنگییەکەی لەوەدایە دکتۆرێکی ئەرمەنی نووسیویەتی و ئێستاش کە لەو ڕۆژانە (٩٠) ساڵ تێدەپەڕێت بەسەر کۆمەڵکوژی ئەرمەنییەکاندا گرنگی ئەم کتێبە و خوێندنەوەی زیاتر پێویستە بۆ ئێمەش و بۆ ئەوانیش.

# فەلسەفەی کیشوەری یان ئەوروپی لە سەدەی بیستەمدا

و/ لێدوان: جەمال پیرە

ئەم کتێبە (فەلسەفەی کیشوەری «کۆنتینێنتاڵ» لەسەدەی بیستەمدا) پازدە توێژەر و مامۆستای زانکۆ بەیەکەوە بەسەرپەشتی پرۆفیسۆر ریچارد کێرنی نووسیویانە، هەریەکێ لە توێژەرەکان قسەی لەسەر فەیلەسووفێکی گەورەی سەدەی بیستەم کردووە، پرۆفیسۆر کێرنی کە مامۆستای فەلسەفەیە لە کۆلێژی بۆستن و زانکۆی دبلن، ئەرکی سەرپەشتی کتێبەکەو پێشەکی گشتی کتێبەکەی گرتۆتە ئەستۆ، دواتر پرۆفیسۆر ریچارد کۆباسیفتەری مامۆستا لە کۆلێژی بۆستن توێژینەوەیەکی لە ژێر سەردێڕی (سەرەتاکانی فەلسەفەی دیاردەگەرایی یا فینۆمینۆلۆژیای هۆسەرڵ و شوێنکەوتووەکانی) کردووە، هەروەها پرۆفیسۆر ژاک تامینیۆی مامۆستای فەلسەفە لە زانکۆی لۆڤانی بەلجیکا توێژینەوەیەکی بەناونیشانی «فەلسەفەی بوون: هایدگەر» نووسیوەو بەهەمان شێوە، پرۆفیسۆر تۆماس ئار- فیلن توێژینەوەکەی لەم کتێبەدا بەناونیشانی (فەلسەفەی بوون: سارتر)ە. توێژەری ناوبراو مامۆستای فەلسەفەیە لە زانکۆی ئایۆری ئینگلتەرادا، هەروەها چەند بەشێکیش لەم کتێبەدا لە بارەی فەیلەسووفانی بوونگەراییەوە هەن وەک مۆریس میرلۆ پۆنتی و گابریل مارسیل و کارل یاسپێرز، لە بارەی فەیلەسووفە مارکسیەکانیشەوە بەهەمان شێوە، لینین، لۆکاش، گرامشی و ئاڵتۆسێر و چەند فەیلەسووفێکی تر. بەشێکی گەورەی کتێبەکە لە بارەی فەیلەسووفانی قوتابخانەی فرانکفۆرتە وەک هۆرکهایمەر، ئادۆرنۆ و هابرماس، ئاشکرایە کە هابرماس لەکاتی ئێستادا بەسەر فەلسەفەی ئەڵمانیدا زاڵە ئەگەر نەڵێین بەسەر فەلسەفەی خۆرئاوادا، کە لە زۆر لە بۆچوونە سەرەتاکانی ئەم قوتابخانە ناوادارەدا هاتۆتە دەرەوە، بەشێکی گرنگی ناو ئەم کتێبە لە بارەی فەیلەسووفانی بونیادگەراییەوەیە وەک سۆسێر، لیڤی شتراوس، بارت، لاکان و فوکو، خوێنەر لە کۆتایی ئەم کتێبەدا چاوی بە بەشێکی ورد دەکەوێت لە بارەی ژاک دریدا و میتۆدیەتی هەڵوەشاندنەوە گەرایی لە فەلسەفەدا، ئاشکراشە کە فەلسەفەکەی ژاک دریدا لە زانکۆکانی ئەمریکادا زۆر بڵاوەو هەندێکیان پێیانوایە دریدا کەسێکی هەرە گرنگ، هەندێکیشیان وەک جادووگەر و پاڵەوانێک دەیبینن کە یاری بە وشەو زاراوەکان دەکات. لە بیریشمان نەچێ کە بەشێکی دیکەی ئەو کتێبە لە بارەی جان فرانسۆ



لیوتاری خاوەنی فەلسەفەی (پۆست مۆدێرنیزم) و ژاک بۆدیار و ئەوانی ترە.

ئەمە هێڵکاری گشتی کتێبەکەیە کە لەچەند وشەیەکی دیاریکراودا کورتمان کردەوە تاوەکو خوێنەر لێیەوە بیرۆکەیەک لەسەر ناوەڕۆک و خواستەکانیەوە وەربگرێ، کتێبەکە ناوی فەلسەفەی کیشوەری لەخۆوە گرتووە، چونکە قسە لەسەر فەلسەفەی دوورگە گەورە ناکات کە بەریتانیایە. فەلسەفە لە ئەوروپادا بۆ دووبەش دابەش دەبێت: بەشی فەلسەفەی کیشوەری (یاخود فەلسەفەی سەرزەمینی وشک) و بەشی فەلسەفەی ئینگلیزی، ئەم کتێبە بە واتای بەشی یەکەم بارگاوی کراوە، وێڕای ئەوەی کە زۆرینەی توێژەرەکانی ناوی ئینگلیز بوون، لە ڕاستیدا زۆرینەی لایەنەکانی فەلسەفەی سەدەی بیستەم لەخۆوە دەگرێ کە سەدەیەکە بە فەلسەفە و فەیلەسووفی گەورە دەوڵەمەندە. ئەوەی لەم کتێبەدا تایبەتە بە هۆسرەل و فەلسەفەی دیاردەگەرایی ئەوەیە کە دەڵێ: ئەم فەیلەسووفە ساڵی ١٨٥٩ لە مۆراڤیا لە دایک بووە و ساڵی ١٩٣٨ لە ئەڵمانیا کۆچی دوایی کردووە، هۆسرەل خۆی دامەزرێنەری ئەم فەلسەفەیە بوو، مامۆستای هایدگەریش بوو، هۆسرەل هەر لەسەرەتاکانی ژیانییەوە لە یەک کاتدا شارەزایی لە ماتماتیک و فەلسەفەدا پەیدا کرد، لەساڵی ١٩٠٧ گۆڕانێکی گەورە لە ژیانی فیکری هۆسرەلدا ڕووی دا، کاتێ کە پێنج موحازەرەی گەورەی پێشکەش بە قوتابیانی کرد لە زانکۆی گۆتەنجینی ئەڵمانیادا، ئەم موحازەرانەی لە دوای مردنی ئەو، لە کتێبەکەیدا (چەمکی فەلسەفەی دیاردەگەرایی یان فینۆمینۆلۆژیا)دا بڵاوبوونەوە، لەوساوە هۆسرەل فەلسەفەکەی دیکارتی وەک نموونەیەک وەرگرت، بەو مانایەی کە دەڵێ: بۆ ئەوەی فەلسەفەیەک لەسەر زەمینەیەکی پتەودا بێنینە ئاراوە و نەلەرزێ، لە ڕێگەی گومانەوە دەکرێ سەرجەم ئەو شێوە مەعریفانەی تر ڕەت بکەینەوە، تەنیا شتێک کە لە هۆشی هەمووماندا دەردەکەوێت، بیرۆکە یان دیاردەن کە لە ڕۆحماندا بەدەردەکەون، کەواتە تایبەتمەندییە بنچینەییەکانی فەلسەفەی دیاردەگەرایی هۆسرەل چین؟ دەکرێ بڵێین کە هۆسرەل یەکەمین کەسێک نییە ئەم زاراوەیەی بەکارهێنا بێت، بەڵکو پێش ئەو فەیلەسووفەی گەورە هیگڵ لە کتێبە ناودارەکەیدا «فینۆمینۆلۆژیای ڕۆح» (١٨٠٧) بەکاری هێناوە، بەڵام وا دیارە کە هیچ شێوە پێوەندییەک لەنێوان ئەم دوو فەیلەسووفەدا نییە. فەلسەفەی دیاردەگەرایی بەم شێوەیە پێناسە کراوە کە واتای دیراسەکردنی بونیادی دیاردە هەستیارەکانە، ئەوانەی کە لەبەرچاومانن، هۆسرەل پێی وابوو کە پرۆژە فەلسەفییەکەی خۆی پرۆژەیەکی دەگمەنە و پێشتر شێوەی نەبووە، بەهەمان شێوە فەلسەفەکەی سنوورێک بۆ هەڵەو کەموکوڕیەکانی فەلسەفەی خۆرئاوایی دادەنێت، بەڵام وا دیارە کە هۆسرەل زێدەڕۆیی دەکات کاتێ باس لە بایەخی پرۆژە فەلسەفییەکەی ڕەسەنایەتی داهێنەرانە دەکات، لە ڕاستیدا وێڕای بلیمەتی خۆی ئەو لە نێو هێڵی گشتی فەلسەفەی کانتیزم و پاشان فەلسەفەی دیکارتیزمدا دەخولایەوە. دیکارت یەکەمین فەیلەسووفە بنچینەی هەموو زانستێک لەنێو ئەزموونی هۆشیاری خودیدا دەبینێتەوە، بەو پێیەی کە فیکرێکی بێگەردە، ئەو لێرەوە وتە ناودارەکەی خۆی دووبارە دەکاتەوە «من بیر دەکەمەوە کەواتە من هەم» هۆسرەل لای خۆیەوە پێی وابوو کە ئەو یەکەمین کەسێکە بتوانێ فەلسەفە بۆ زانستێکی ورد بگۆڕێ و فەلسەفە لای ئەو بووە بە دایکی زانستەکان بەو پێیەی کە تیۆرێکی زانستییە بۆ عەقڵ، لەساڵی ١٩٣٥دا واتا بەر لە مردنی بە سێ ساڵ، هۆسرەل لە موحازەرەیەکدا بە ناونیشانی: قەیرانی مرۆگەری ئەورووپی و فەلسەفە پێشکەش دەکات و دەڵێ: مرۆگەری ئەورووپی گرفتێکە لە خێزانێکی گەورەدا کە تێیدا کۆمەڵێک نەتەوەی جیاجیا لەخۆ دەگرێ وەک نەتەوەی فەرەنسی و ئینگلیزی و ئەڵمانی و تاد.. ئەمانە لەنێو خۆیاندا لە ڕێگەی پرۆژەیەکی هزرییەوە بە یەکترەوە پەیوەستن، ئەم نەتەوە جیاوازانە، بگرە ململانێکەرانە لە نێو خۆیاندا نیشتمانی ڕۆح یان تەنیا مەفتەنێک لە ڕووی ڕۆحی و هزرییەوە پێکدێن، دواتر هۆسرەل بەردەوام دەبێ و دەڵێ: بەم مانایە بێ ئەورووپا لە سەرووی سەرجەم کولتوورەکانی تری وەک کولتووری هیندی، چینی و ئەوانی ترەوەیە، لەبەرچی ئەورووپا لەسەرووی کولتوورەکانی جیهانەوەیە؟ لەبەر ئەوەی سێ شتی گەورەیان ئەفراندووە ئەوانیش:

عەقڵ، زانست، فەلسەفەیە، بەڵام ئەم ئەفراندنە گەورانە لەکاتی ئێستادا ڕووبەڕووی مەترسی بوونەتەوە، دەبێ ئەم مەترسییە چی بێ؟ کە تەنیا لە وشەیەکدا کورت دەکرێتەوە، ئەویش فەلسەفەی ماتریالی بێگەردە کە دان بە ڕۆح یاخود هزر دانانێت، دواتریش سەرجەمی شارستانییەتی ئەوروپی لەژێر هەڕەشەی ئەم شێرپەنجە نوێیەدایە کە دان بە هیچ بەهاو نرخێکدا نانێت لە جیهاندا جگە لە نرخی ماتریالی یا بەکاربردنی ماتریالی کە فەلسەفەی پۆزەتیڤیزمە، بەڵام هایدگەر کە ڕاستەوخۆ لە دوای هۆسرەلەوە هات و قوتابیەکی ئەویش بوو لە زانکۆدا و لەسەر دەستی مامۆستاکەیدا لە فەلسەفەی دیاردەگەراییدا دەرچووە فەلسەفەی بوونگەرایی داهێنا، یان وەک دەڵێن هایدگەر داهێنەری ئەم فەلسەفەیە نەبوو، بەڵکو بە شێوازێکی نوێ گەشەی پێدا، چونکە مێژوونووسان دەڵێن گوایە کە داهێنەری فەلسەفەی بوونگەرایی «کیرکگارد»بوو. هایدگەر لە ساڵی ١٨٨٩ لە ئەڵمانیا لە دایک بووە و لە ساڵی ١٩٧٦دا لە تەمەنێکی درێژی هەشتاوحەوت ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە، شتێکی نامۆ لەسەر هایدگەر هەیە کە زۆرینەمان نایزانین ئەوەیە کە ئەو لە سەرەتاکانی تەمەنیدا باوەڕدارێکی کریستیان بوو، وتارەکانی خۆی لە گۆڤارە ئایینییەکاندا دژ بەبێ باوەڕی و ماتریالیزمی نوێ و تیۆرەکانی نیتشێ بڵاو دەکردەوە، ئەو لەو کاتەدا مەبەستی بوو ببێ بە کاهینێک دوای تەواوکردنی خوێندنی لاهووتی، بەڵام لە دواییدا لە مەسیحییەت دوورکەوتەوە و گوتی فەلسەفە گەڕانێکی ئازادانەیە لە سەرجەم ڕێڕەوە ئایینییەکاندا بەم شێوەیە هایدگەر لە دوای ئەوەی کۆمەڵێک ئەزموونی خۆی تێپەڕاند، لە دژەوە بۆ دژ گۆڕا و چەندین تیۆری فەلسەفی بەسەر کردەوە، لە ساڵی ١٩٢٧دا هایدگەر کتێبە ناودارەکەی خۆی (بوون و کات) بەچاپ گەیاند، کە کتێبێکە وەک مانیفێستێکی فەلسەفەی نوێ دادەنرێت، یاخود فەلسەفەی بوونگەرایی، تێیدا دەڵێ: فەیلەسووفەکانی دوای ئەرستۆ بیرۆکەی (بوون) یان لەیادکردووە لەگەڵ بیرۆکە لە ئاراکاندا بەسەریان بردووە، ئەم لەیادچوونە ئەنتۆلۆژییە دوو هەزار و پێنج سەد ساڵە تا ئەمڕۆکە بنچینەی سەرجەم فەلسەفەی خۆرئاوا گەراییە، لێرەوە ئێستا کاتی ئەوەیە کە بۆ لای ئەرستۆ بگەڕێینەوە و خۆمان بە چەمکی (بوون)ەوە سەرقاڵ بکەین نەک بە چەمکی کائین و بوونە بچووکەکان، ئەم بوونانە تێپەڕ بوون، یەکەی بوونیش بەردەوامە: زیندوو و تا ئەبەد دەمێنێتەوە، بەڵام بەکاتەوە پەیوەستە، لێرەدا گرفتی کاتیش کەم بایەخ نییە.

ئێستا دێینە لای سارتر و کتێبە ناودارەکەی «بوون و نەبوون» کە کتێبەکەی هایدگەرمان بیردێنێتەوە، ڕاستییەکەشی سارتر سوودی لە فەلسەفەی ئەڵمانی بینیوە و بێ ئاگاشە، ئەو بەرهەمانەی هۆسرەل و هایدگەری زۆرتر خوێندۆتەوە، بەڵام زانیویەتی چۆن ئەم فەلسەفەیە لە ئاسمانی هزرە ئەبستراکتەکانەوە بەرەو شەقام بهێنێتە خوارەوە! سارتر نموونەکانی دەرهاویشتەی ژیانی ڕۆژانەی واقعییانە بوو، بۆیە خەڵکی کتێبەکەیانی خۆش دەویست کە لەساڵی ١٩٤٥دا ڕاستەوخۆ لە دوای شەڕی دووەمی جهانیدا بەچاپی گەیاند، ئەو توانی خەڵک لەوە تێبگەیەنێ کە فەلسەفەی بوونگەرایی فەلسەفەی شەقامە: یاخود فەلسەفەیەکە قسە لە ژیان دەکات به هەموو خۆشی و ناخۆشیەکی، بەهەموو ڕاڕایی و ئازارێکیەوە.. تاد، دواتر سارتر بە پێچەوانەی هایدگەرەوە تێکەڵ بە خەباتی شۆڕشگێڕانە و سیاسی هەستیار بوو، بوو بە تێکۆشەرێک لە پێناو کێشەی ئازادی و بەرگری لە چەوساوە و زوڵملێکراوان لە هەموو شوێنێکی دنیادا. لە هزری مارکسی نزیک کەوتەوە و هەوڵی دا شێوازێک لەنێوان فەلسەفەی بوونگەرایی و مارکسیزمدا بدۆزێتەوە، پارتی کۆمۆنیستی ئەوکات وەک هاوڕێیەکی ناو ماڵ حسابی بۆ دەکرد، سارتر لە شەڕێکی گەورەدا بوو دژ بە ئێمپریالیەتی ئەمریکی و شەڕی ڤێتنام هەروەک وا ناسرابوو، بەڵام ئەوەی تایبەت بێ بە ژاک دریدا یاخود میتۆدی هەڵوەشاندنەوە، دەکرێ ڕێک بەپێی زانیاری و لێکدانەوەکانی ناو کتێبەکە بەم شێوەیە بڵێین: کە ئەم فەیلەسووفە لەساڵی ١٩٣٠ لە جەزائیر لە دایک بووە لە دواییدا چووە بۆ فەرەنسا، وەک دەزانین کە جەزائیر لەوکاتەدا دەوڵەتێکی بەکۆڵۆنیکراوی فەرەنسی بوو، لەوێ قوتابخانەی باڵای مامۆستایانی لەساڵی ١٩٥٢ تەواوکردووە و

لەساڵی ١٩٦٤ گەڕاوەتەوە بۆ ئەوەی لەتەک ئالتۆسێردا دەست بەوانە وتنەوە بکات، پاشان بووە بە بەڕێوەبەری یەکێ لە بەشەکانی قوتابخانەی دیراساتی باڵای زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە دواییشدا دریدا بە هەڵوەشاندنەوەی میتافیزیکی خۆرئاوا گەرا، یاخود عەقلانییەتی خۆرئاوا گەرا یا سەرجەمی شارستانییەتی ئەوروپی، ناوی دەرکرد کە پێی وابوو ڕەگەز پەرستییەتی سێنترالی گلۆبووەوەیە بە دەوری خۆیدا و بە چاوێکی سووکەوە لە کولتوورەکانی تر دەڕوانێ. بۆیە دەکرێ بڵێین کە میتۆدی هەڵوەشاندنەوە، مۆرکێکی شۆڕشگێڕانە و ئینقلابیانەی لەخۆوە گرتووە، ئەمەش کۆنزەرڤاتیڤەکانی هزری ئەوروپی هەراسان کرد و وایان دەبینی کە جۆرێکە لە دوژمنایەتی بەسەر ئەو شارستانیەتەی کە شانازی پێوە دەکەن، ڕاستیەکەش ئەوەیە کە دریدا تێکەڵ بە خەباتێکی کردارەکیانەی دژ بە ڕەگەز پەرستیەتی بووە، ئەمەش لەگەڵ بیرۆکەی ئامانجدا هاوشانە کە هەڵوەشاندنەوەی ئایدیۆلۆژیای ڕەگەز پەرستی خۆرئاواگەرایە لەسەر ئاستی فەلسەفیدا. لەساڵی ١٩٩٣دا دریدا کتێبێک بەناونیشانی «تارماییەکانی مارکس» دەردەکات و تێیدا هێرش دەکاتە سەر تیۆرەکەی فرانسیس فۆکۆیاما لە «کۆتایی مێژوو»دا و گوتوویەتی کە دیموکراسیەتی لیبرال لە سەرجەم وڵاتانی دنیادا سەرنەکەوتووە تا بتوانین بڵێین مێژوو بەکۆتا هاتووە، بەتایبەت کە نەیتوانیوە چارەسەری گرفتی هەژاری و نەداری کۆمەڵایەتی بکات، تەنانەت لەنێو خودی وڵاتانی خۆرئاواشدا، کەوایە چۆن دەتوانین بڵێین ئەمە دوا شێوازی مێژووە، لەگەڵ ئەوەی گومان لەلایەنە چاکەکانی ئەم لیبرالیەتە نییە، بەڵام کەموکوڕی خۆیشی هەیە.

دریدا داوای گەڕانەوە بۆ لای مارکس دەکا لە پێناو ڕیسواکردنی سەرمایەداری خۆرئاوایی هاوچەرخ، لە کۆتاییدا دەتوانین بێژین کە فەلسەفە لەسەدەی بیستەمدا بە ئاراستە و تەیارو کەسایەتییەکانەوە دەوڵەمەندە و ناکرێت لە تەنیا وتارێکدا ئاماژەی پێ بدرێت هەرچەند هەوڵیش بدەین، کۆمەڵێک گرفت هەن کە زیاتر لە ئەوانی تردا خۆیان بە دەردەخەن بۆ نموونە ئەو گرفتەی ململانێی نێوان عەقلانییەت و ناعەقلانییەت بە بیردێنینەوە کە فەیلەسووفانی ئەوروپا گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی گومان لە خودی عەقڵ بکەن و بپرسن: ئایا عەقڵ لەسەر زەمینەیەکی پتەودا تەرکیز دەکات یان نا؟

ئایا بنەمای چەسپاو هەن تا عەقڵ پەنای بۆ ببات یاخود لەسەری بڕوات؟ بەچییەوە گومان گەیشتە خودی عەقڵ؟ لەبەر ئەوەی عەقلانییەت وەک ئەوەی کە لە ئەورووپادا گەشایەوە، لە هیچ شوێنێکی تری دنیادا نەگەشایەوە، لەگەڵ ئەوەشدا نەیتوانی ئەوروپا لە دەست فاشیزم و نازیزم و ڕووخانی خودیانەی خودی خۆیدا بپارێزێ کە لە ڕێگەی تێکەڵبوونییەوە لەگەڵ شەڕی جەهەنەمییانەی وەک شەڕی یەکەم و دووەمی جیهانیدا، لەبەر ئەم هۆیەبوو گومان گەیشتە عەقڵی ئەورووپی خۆیەوە و نەبوو بە مەعسوومیەتێک وەک ڕۆژانی کانت و هیگڵ، لێرەوە تێبینی ئەوە دەکەین کە فەیلەسووفانی ئەوروپا دابەش بوونەتە سەر دووبەش: بەشی عەقلانی و ناعەقلانی: یەکەمیان دەچێتەوە سەر کانت و هیگڵ و دووەمیشیان بۆ لای نیتشێ، بێگومان شەڕێکی گەرم لە نێوان ئەم دوولایەنەدا هاتە ئاراوە، هەوادارانی لایەنی دووەم پێیان وانییە کە خۆیان ناعەقلانین، چونکە ئەم ناونانە نێگەتیڤانەیە، بەڵام دەڵێن کە عەقڵ بەرەو ئامرازێکی سەرکوتکەر و ترسناک دەچێت، ئەگەر بێتوو لێی بێ ئاگابین، لێرەشەوە دەکرێ، بەڵکو مافی خۆشمانە کە ڕەخنە لە عەقڵی خۆرئاواگەری و کردەوەکانی بگرین و بگرە لە تاوانەکانیشی کە لە ماوەی کۆلۆنیالیکردنەکانی خۆیدا دەرهەق بە گەلانی تری ئەنجام داوە، ئەمەش واتای ئەوە ناگەیەنێ کە دەستبەرداری عەقڵ بین و لەنێوی بەرین، بەڵکو تێپەڕاندنی شێوازێکی داریکراو و گەیشتنە بە شێوازێکی تری زۆرتر کراوە و مرۆیی و تەنانەت عەقلانیش.

**سەرچاوە:**

**CONTINENTAL PHI-LOSOPHY IN THE 20 TH CENTURY RICHARD KEARNEY ROUTLEDGE- LONDON, NEWYORK 2003**

**http:// www. albayan. co. ae**

# ئەلفبێیەکی مووزیک

**لێدوانی: زۆزک قەرەداغی**
**(سلێمانی)**




(ئەلفبێیەکی مووزیک) یەکێکە لە بەرهەمە تازەکانی هونەرمەند «ع. ج. سەگرمە» کە ئینستوتی کەلەپووری کورد ساڵی ٢٠٠٥ لە چاپی داوە.

ئەم بەرهەمەی سەگرمە یەکێکە لە بابەتە ناوازە و گرنگەکانی بواری تیۆری مووزیک کە گشت خوێندکار و مووزیسیانێکی کورد لێی سوودمەند دەبێت. بەگشتی کتێبەکە لە قەبارەیەکی گەورەی ٣٣٩ لاپەڕەییدا لە چاپ دراوە، ئەم کتێبە پێکهاتووە لە سێزدە بەش، لە شێوازێکی سەرەتاییەوە دەست بە وانەکانی تیۆری مووزیک دەکات و لە پەنجاو شەش وانەی گرنگ و پێویستدا خۆی دەبینێتەوە، ئەم وەرگێڕانەی هونەرمەند سەگرمە لەکاری دانانەکەی زۆر قورسترە و گرنگترین خەسڵەتێکی وەرگێڕانەکە بریتییە لە جێگیرکردنی زاراوە مووزیکییە جیهانییەکان بە زمانی شیرینی کوردی کە ئەمە گەورەترین کێشەی گشت مووزیسینەکانی کوردە لە بابەتەکانیاندا، دەتوانم بڵێم دوابەدوای ئەم کتێبە کێشەی توێژینەوە و وەرگێڕانمان کۆتایی پێدێت ئەگەر سەرجەم نووسەرانی بواری مووزیک کۆک بن لەسەر بەکارهێنانی ئەم زاراوانە کە هەندێکی لە جیهاندا بەشێوازێک بەکاردێت، کە دواتر گەلی کوردیش دەبێتە خاوەنی زاراوەی مووزیکی زانستی و جیهانی، ئەوکات تێگەیشتنمان لەگەڵ دنیای دەوروبەرماندا باشتر دەبێت.

من بەپێویستی نازانم قسە لەسەر بابەتەکانی ناو ئەم کتێبە بکەم، چونکە تەنها کڕین و سوود لێوەرگرتنی ئەم کتێبە بەسە بۆ ئەوەی قسە لەسەر وانەکانی نەکرێت، چونکە خۆم ئاگادارم کە بەڕێز ع. ج. سەگرمە نزیکەی چوارساڵە خەریکی وەرگێڕانی ئەم کتێبەیە و بۆ ساغکردنەوەی وەرگێڕان و زاراوە کوردییەکان ماندووبوون و شەونخوونییەکی زۆری چەشتووە، بۆیە دەتوانرێت بەیەکێک لە وەرگێڕانە هەرە جوانەکانی بواری مووزیک و بەتایبەتیش تیۆری مووزیکی دابنێین لە سەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. یەکێک لە خاڵە هەرە بەسوودەکانی ئەم کتێبە بۆ مووزیککاری پیشەیی و هونەرمەند لەوەدایە کە دەتوانن بەرهەمە مووزیکەکانیان لە شێوازی فۆرمی جیهانیدا دروست بکەن وەکو «سیمفۆنی، سویت، سۆناتا، کۆنسێرتۆ،...» کە زۆر بەڕوونی باسی شێوەی بنیاتنانی ئەم فۆرمانەی تێدا کراوە، دانەرێکی کورد دەتوانێت میلۆدییەکی فۆلکلۆری کوردی بێنێت و لەسەر یەکێک لەو شێوازانە پەرەی پێبدات و بیداتە ئۆرکێسترایەکی سیمفۆنی نمایشی بکەن.

دواجار دەستخۆشی لە هونەرمەند ع. ج. سەگرمە دەکەم بۆ ئەم بەرهەمە جوانەی، هیوادارم پێنووسەکەی هەمیشە لە خزمەتی زانستی مووزیکی کوردی نەوەستێت و هەمیشە بە بەرهەم و شاکارە نایابەکانی بەرچاوی هونەرمەندان و فێرخوازانی نوێ ڕۆشن بکاتەوە و چاپخانەکانیش هەمیشە لە خزمەتکردنی بەرهەمی لەم جۆرە کەمتەرخەم نەبن و یارمەتیی بابەتەکانی نووسین و وەرگێڕان و توێژینەوەی هونەری بکەن و بەشێوازێکی ڕێکوپێک و سەرنج ڕاکێش لە چاپی بدەن بۆ ئەوەی لە داهاتوودا کتێبخانەی هونەری کوردیمان بگاتە ئاستی بابەتی ئەدەبییە کوردییەکانی تر و بە هەژاری نەمێنێتەوە.



# له چلەی کۆچی هونەرمەند (ئازاد شەوقی)دا

ئەحمەد دڵزار

له ئەنجامی خۆپیشاندانەکانی نوێکردنەوەی ڕاپەڕینه مەزنەکەی کانوونی دووەمی ١٩٤٨ له سەرەتاکانی شوباتی ١٩٤٩دا، له بەندیخانەی ناوەندی بەغدا بووم، که ڕۆژێک چەند گیراوێکیان هێنایه لامان و یەکێکیان کاک ئازاد شەوقی بوو.

کاک ئازاد ئەوسا لاوێکی باڵا ناوەنجی داڵ گۆشتی باریکی زرنگ و زیت بوو، تەمەنی بیست ساڵان بوو هەمیشه هەر خەریکی نیگارکێشان بوو، بەتایبەتی زۆر حەزی له وێنەکێشانی دیمەنی کەژ و باغ و دارستان دەکرد، گەلێ جار پۆرترێتی هاوڕێیانی دەکێشا. سەرەتای دۆستایەتیم لەگەڵ کاک ئازاد شەوقی بۆ ئەو ڕۆژانەی بەندیخانه دەگەڕێتەوه که پەنجاو سێ ساڵ بەر له ئەمساڵ بوو.

جا دوای ئەوه بۆ جاری سێیەم درامەوه دادگای عورفی و زنجیریان له پێ کردم و دواییش ناردرامه بەندیخانەی کووت. دوای سێ ساڵ و ده مانگیش ئازادکرام، هەمیسان کەوتمەوه دەربەدەری و تێکۆشانی نهێنی و پێشمەرگایەتی و جارێکی تریش گیرام و نەفی کرام بۆ نوگره سەلمان، دوای شۆڕشی تەمووز ماوەیەک به ئازادی ژیام و پاشان ڕووم کرده تاراوگەی ناچاری له سوریه و بولگاریا و سوێد، ئەو ماوەیەی که له کاک ئازاد شەوقی و برادەرانی بەغدا دابڕام، به ماوەی شۆڕشی تەمووز و ساڵانی دوای دەرچوونی ڕێکەوتننامەی (١١)ی ئاداری (١٩٧٠)وه (٤٥) ساڵی خایاند و له ساڵی ١٩٩٥دا بوو له هەولێر چاوم به دیداری ئازاد شەوقی ڕوون کردەوه.

ئیدی هەر جارێک که دەهاته هەولێر، سەردانی دەکردم، وەفادارێکی دڵسۆز بوو.

ئازاد شەوقی هونەرمەندێکی گەورەی دەستڕەنگین بوو له هونەرمەنده پێشەنگەکان بوو به هەموو مانای وشه

ئینسان بوو، هەڵگری هەست و خەیاڵێکی داهێنەرانەی چەسپاو بوو، سروشتی کوردستانە جوانە بەهەشت ئاسایەکەمان لە زۆر لە تابلۆیەکانیدا ڕەنگیان داوەتەوە، کە سەیریان دەکەم هەستێکی وەک سروەی بەیانیانی کوردستان پاک و فێنک و شادی بەخش هەموو هەست و نەستم دادەگرێ.

هاوڕێی نەمر ئازاد شەوقی هونەرمەند بەر لە کۆچی بێ گەڕانەوەی بە (٣٥) ڕۆژ نامەیەکی زۆر بەسۆزی بۆ ناردم و وەڵامیم دایەوە، وا لێرەدا هەردوو نامەکە بڵاودەکەمەوە و لە کۆتاییشدا ئەم پارچە شیعرە پێشکەش بەگیانی پاکی (ئازاد شەوقی) هونەرمەند:

**ئەگەر دەپرسن لە مێژووی چوونی**
**لە ڕۆژی ڕەشی، لەپڕ، ون بوونی**

**دەی ئابی ساڵی دوو هەزار و دوو**
**ئەستێرەی ئازاد شەوقی ئاوابوو**

**بەڵام تابلۆیە هونەریەکانی**
**ڕەوشتی بەرز و ناوونیشانی**

**دەمێنن لە ناو دڵی هەمووانن**
**تا کورد بمێنێ هەر جاویدانن**

**نامەی دڵزار بۆ ئازاد شەوقی**

برا وهاوڕێی دیار و بەهادارم هونەرمەندی گەورەی گەلەکەمان کاک ئازاد شەوقی خۆشەویست

لە کانی دڵمەوە لە باری تەندروستیتان دەپرسم و بەهیوای چاک بوونەوەتانم.

نامە پڕ لە هەست و سۆزەکەت گەیشت و بێ ئەندازە غەمناک و خامۆشی کردم، هیوادارم بێ وەی بیت.

تا دوێنێ دڵنیابووم لە رزگاربوونتان لەم بەڵا گەورەیە و کەچی لە بەختی کەچی هەموومان، ئێستا فرە غەمناکتر بووم، هیوادارم ئەمجارەش هەواڵی زاڵبوونت بەسەر ئەم دوژمنە کوشندەیەدا ببیستمەوە.

هەر چۆنێک بێ دەبێ خۆ ڕاگر بیت و لەم ڕۆژە ڕەشانەدا رەش بین و هیوا بڕ نەبن.

ئێوە هونەرمەندی پێشەنگ و مەزنی کوردن و لە هەموو چاخ و سەردەمێکدا هەر هەن و هەر هەن، لەناو ویژدانی گەلەکەماندا دەژین.

کەریم شارەزای برام و فریشتەی خوشکم و ئازادی کوڕم و هاوڕێ جەلال دەباغ.... هیوای چاکبوونەوەو تەندروستیت بۆ دەخوازن، کاک فەرهاد عەونی و دایکی و کاک مەجید ئاسنگەر بەهیوای تەندروستی و رزگاربوونتانن لەم بەڵا ناگەهانیە گەورەیەدا.

برای نیهاد پاک و وەفادارم کاک ئازاد، باری تەندروستیم هەر کەمێ لەبارێ سەردانتان دەکەم و چاوم بە دیدارتان روون دەکەمەوە.

ئیدی هەر بژین بۆ گەل و بۆ هاوڕێی دڵسۆزتان

**هەولێر: ٢٠٠٢/٧/٧**

**دڵزار**

**نامەی ئازاد شەوقی بۆ دڵزار/ سولەیمانی**

کاڵە هاوڕێی ژیانم ئەی دۆستی دێرینی بەندەی بچووکتان ئازاد شەوقی.

خاڵە شاعیری نەتەوەو گەلی کوردمان کاک ئەحمەد دڵزاری ئازیز.

سڵاوی بێ سنوور.

پێش هەموو شتێک تەندروستی جەنابتان و بنەماڵەکەتان ئاواتمە و کامەرانی یەکە یەکەتانم مەبەستە.

ئەگەر هەواڵی بەندە دەپرسیت، بچووکتان گیرۆدەی سەرجێگام تەنها بەزۆر قەڵەم بەکار دەهێنم بەڵام لە هەست و هۆش و فیکر کەمێ ئاگادارم. بە مانای ڕاستی ئازاری شێرپەنجە پەلەم زۆر لێ دەکات. ئیدی بزانین کاممان قەناعەت بەیەکتری دەکەین"

مامۆستای پایە بڵند، هەر چەند مامۆستا (مفید الجزائری) دێتە لام و سەردانم دەکات یەکەم گفتوگۆمان هەواڵی برای ئازیزی خۆشەویست جەنابت و برای ئێجگار هەست پاک و ئازیزم مامۆستا (مەجید ئاسنگەر)ە، هەروەها هەواڵی برام دەوڵەمەند بە ناسکی کاکە (فەرهاد عەونی) لەو برایە دەزانم.

گیانی برا بەهەلم زانی هاتنی دکتۆر (مارف خەزنەدار) بۆ سولەیمانی کە دەرفەت بێت بۆ ناردنی ئەم نامەیە هیوادارم نەمرم هەمیشە نامەت ئاراستە بکەم و خۆم بە بەختیار دەزانم کە ئەو پارچە هۆنراوەیەی کە هەستی سۆزی (ئازادی ئەحمەد دڵزار)م پێ گەیشت لە دهۆکەوە. منی بووژاندەوەو زۆر پێ دڵخۆش بووم، چاوی ماچ دەکەم نەمرم بەرگە دیوانەکەی بیێت بە شەرەفێک نازی پێوە بکەم.. خوا لێمان نەسێنێت، سڵاوی بێ سنوورم بۆ کاک (فەرهاد عەونی) و بنەماڵەکەی، دەستی دایکی ماچ دەکەم، هەواڵی ماڵی جەنابی کاک (جەوهەر نامق) دەپرسم، حورمەت و ڕێزم بۆ شاعیرمان شاعیری مرۆڤایەتی جەنابی خوشکت و دەستی ماچ دەکەم ئیتر هەتا نامەیەکی دی سەرفراز و کامەران بن..

**موخلیستان**

**بچووکتان/ ئازاد شەوقی**

**٢٠٠٢/٧/٥**

**(*) ئەم نامەیە لە ئێوارەی ١٩/ ٩/ ٢٠٠٢ دا لە باغچەی بارەگای حزبی شیوعی عیراق لە شەقڵاوە خوێندرایەوە.**




# ئەدەب و فرەمانایی

نەجات حەمید ئەحمەد



دیاردەی فـرە مـانـایی یان ئەو دەقـەی بە ناوی فـرە ڕەهەندییـەوە ناو دەبرێ جـۆرێک لە ناتێـگەیشـتن و پرسـیـار دێنێـتـە ئاراوە کـە ناوەڕۆکی هەمـوو پرسـیـارەکـان لەوەدا یەک دەگـرنەوە، دیاردەیەکی ئەدەبیی نوێ باڵی بەسـەر دەقی کـوردیدا گـرتووە، ئەو هەژمـوونگەراییـەی فـرە مـانـایی وای کـردووە نووسین و خـوێندنەوە بخـاتە یەک ئاسـتی بیـرکردنەوەو هەردوو لاش دەخـاتە سـەر یەک ئاوازی خـوێندنەوە، بەمـەش چێـژی ئەدەبی وەکـو هاوژیانی و هاوسۆزیی دەق هیچ بایەخێکی نامێنێ.

فرەمـانایی وەکو فـێڵـێکی ئەدەبیی نابنیـاتنەر دەکـەوێتەوە، نووسـەر ئەو شێوازەی نووسینی وەکو هۆیەک بەکارهێنا بۆ نەزۆکی و لاوازیی بیرکردنەوە کـاتێک نووسـەر بە ڕاشکاوی پێمـان دەڵێ ئەو چیـتر توانای بیـرکـردنەوەی ناچێتە سنوورە گەورەکانی بیرکردنەوەوە.

هەموو نووسـینێکی ئەدەبی لەژێر بیـرکـردنەوەیەکی پێشـوەختـەی نووسـیندا لە دایک دەبێ کە بە خوێندنەوەی یەکەم ناومان بردووە، خوێندنەوەی یەکەم خوێندنەوەیەکە لە نێوان مانا و بیـرکردنەوە کە نە مێژوو و نە شوێنی و نە هێمای هەیە، بەڵکو بریتییە لەو وێستگە قورس و دوورەی بیـرکردنەوە کە تەنهـا نووسـەر لەگـەڵ خۆیدا گـفـتوگـۆ دەکاو هەمـوو بوونەکـانی دیکە دەبنە وێنەی ماناو لە کۆتایی ئەو کێشە دووردوودرێژەدا گەوهەری مانا دروست دەبێ کە گـەوهەرێکی بێ بنیـات و بێ زمـانە، فـرە مـانـایی شـوێنی لەم گـەردوونە داهێنەرەدا نییـە ئەگـەر بەشـێک نەبن لە گـەوهەر، ئەگـەر بەشـێک نەبن لە بوونی کـاریگەری بیـرکـردنەوەی نووسـەر، چونکە نووسـەری داهێنەر داوای هاوبەشیی ئێمە دەکات لەو بوونەی خۆیدا، نووسینی یەکەم خۆ ئامادەکردنە بۆ بەرجەستەکردنی گەوهەری نووسین و ئێمە لێی بێبەشین، نووسینی دووەم بانگەشـەیەکە بۆ هاوبەشی بوون و کـارتێکردن، بانگەوازێکە بۆ درکـاندن، زۆر دەگـمـەنیـشـە نووسـەرێک ئەو بانگەوازە نەخـاتە دووتوێی گـەوهەرێکی ماناوە کە بەلایەوە گرنگەو تا کۆتایی داکۆکیی لێ دەکات.

لە ڕاستیـدا فرە مـانایی ئەو کاریگەرە ناتەندروستەی ئەدەبە کە وا دەکات دەق لە خوێندنەوەی بنیـاتنەر بێبەری بکات، لە تێگەیشـتنێکی کـاریگەرانە بێ ژیانی کـات، نە خـوێندنەوەو نەدەقـیش ناتوانن لەیەک شـوێندا پێکەوە بن، لەوکـاتەی هەر فـرە مـانـایی خـۆی دەرهاوێشـتـەی گـەوهەرێکی شاراوەی نووسینە کە نووسەر بەهەموو هێزە بێ سنوورەکانی هێمـاکاری و فرتوفـێڵـە بنیـاتنەرەکـانی زمـان و تێکدانی مـاناوە ناتوانێ لە دەسـتی ڕەخنەو خوێندنەوەی بنیاتنەرانە دەربازی بێت، چونکە هەر بوونێک کە بووە مێژوو، ئیتر دەبێتە ڕووداو، هەموو ڕووداوێکیش هۆکارە پێشینەکانی خۆی هەیە کە لە بێـژنگی خـوێندنەوە دەربازی نابێت، وابزانم سـەنتـەریەتی مـانا وەکـو ڕایەڵێکی نووسـینەوەی داهێنەرو پەردە لادان لەسـەر فـرتوفـێـڵـە نابنیاتنەرەکانی دەق پێداویستییـەکی ڕەخنەیی گرنگە کە نووسەرو خوێنەر دەخاتە گفتوگۆیەکی مانا دارەوە لەو سەردەمەی گفتوگۆی مانادار زۆر کەم بووە.